# شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی

# شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی

(لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە)

هێمن عومەر خۆشناو

٢٠١٠

ناوی کتێب: شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی–لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە
نووسەر: هێمن عومەر خۆشناو
چاپ: یەکەم ٢٠٠٩
جۆری کتێب: کتێبی ئەکادیمی
زنجیرەی کتێب:
ژمارەی سپاردن:
هونەرکاری بەرگ:
هونەرکاری ناوەوە:هێمن عومەر
سەرپەرشتی چاپ:
چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.
تیراژ:٥٠٠دانە
نرخ:

# پێشکەش

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشە بە:

-شیعرییەتی هەستی باوکم، بۆ ئەو رۆژانەی کە لە بن دەستی ئەودا شیعرییەتی ئەلف و بـێم لە سیپارەوە رسکا.

-شیعرییەتی هەناسەکانی دایکم، خۆڕاگرییان پێ بەخشیم.

- خوشک و براکانم

# فەرهەنگۆکی زاراوەکان

| ئینگلیزی | العربية | کوردی |
|---|---|---|
| Comparison | التشبيه | لێکچواندن |
| Connotation | الإيحاء | ئیحا |
| Meta linguistic | ميتالغوي | میتازمانی |
| Literality | الأدبية | ئەدەبییەت |
| Voice | المجهور | گڕ |
| Vowels | الصوائت | بزوێن |
| Parallelism | التوازي | هاوتەریبی |
| Paradox | التناقض | پارادۆکس |
| Assonance | السجع | هاوسەروا |
| Prose | النثر | پەخشان |
| Equivalence | التماثل | هاوشێوەبوون |
| Metaphor | الاستعارة | خوازە |
| Synonymy | الترادف | هاواتا |
| Expressivity | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Tautology | الحشو | دووپاتکردنەوە (حەشو) |
| Antonym | التضاد | دژواتا |
| Verse | النظم | هۆنراوە |
| Rhetoric | البلاغة | رەوانبێژی |
| Symbol | الرمز | هێما |
| Rhyme | الإيقاع | ڕیتم |
| Chiasm | رد الصدر على العجز | هێنانەوە |
| Rime, Rhyme | القافية | سەروا |
| Context | السياق | سیاق (دەورووبەر) |
| Poetry | الشعر | شیعر |
| Poetics | الشعرية | شیعرییەت |
| Style | الأسلوب | شێواز |
| Formalism | الشكلانية | شێوەخوازی(فۆرمالیزم) |
| Meter | الوزن | کێش |
| Ellipsis | الحذف | لابردن |
| Deviation | الانزياح | لادان |

# کورتەی هێماکان

| واتاکەی | هێما |
|---|---|
| طبع | ط |
| جزء | ج |
| عدد | ع |
| میلادی | م |
| چاپ | چ |
| ژمارە | ژ |
| گۆڤار | گ |
| رۆژنامە | ر |
| زایینی | ز |
| وەرگێڕانی | و |
| نەبوونی ساڵی چاپ | (؟) |

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١٣ |
| **دەروازە** | ٢١ |
| چەمکی شیعرییەت | ٢١ |
| پەیوەندی شیعرییەت لەگەڵ چەمکەکانی تر | ٢٤ |
| ١–شیعرییەت‌و ئیستاتیکا | ٢٤ |
| ٢–شیعرییەت‌و زمانەوانی | ٢٧ |
| ٣–شیعرییەت‌و ڕەوانبێژی | ٣٣ |
| ٤–شیعرییەت‌و شێوازگەری | ٣٧ |
| ٥–شیعرییەت‌و سیمیۆلۆژیا | ٤٠ |
| شیعرو پەخشان | ٤٥ |
| پەیوەندی شیعر بە چیرۆکەوە | ٥٢ |
| شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی | ٦٠ |
| ١– سەرەتاکانی شیعرییەت لەنیو دەقی چیرۆکی کوردیدا | ٦٠ |
| ٢– بە دیاردەنەبوونی شیعرییەتی چیرۆك لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا | ٦٢ |
| ٣– پێوەری دەستنیشانکردنی شیعریەتی چیرۆکی کوردی | ٦٤ |
| **بەشی یەکەم شیعرییەتی ریتمی ناوەوە** | ٦٩– ١٨٦ |
| چەمکی ڕیتم | ٧١ |
| دووبارەبوونەوە | ٨٣ |
| شیعرییەتی هاوشێوە بوون Equivalence: | ٩٠ |
| یەکەم: هاوشێوەبوونی دەنگی: | ٩١ |
| پەیوەندی شیعرییەت و دووبارەبوونەوەی دەنگ: | ٩١ |
| ١– دووبارەبوونەوەی دەنگ: | ٩٤ |
| چەند شێوەیەکی دیکەی دووبارەبوونەوەی دەنگ: | ١٠٠ |
| دووبارەبوونەوەی دەنگ لەچوارچێوەی هاوشێوەبوونی برگەدا: | ١٠٣ |

| | |
|---|---|
| بەریەککەوتنی دەنگەکان | ١٠٨ |
| یەکەم: بەریەککەوتنی دوو دەنگی هاوشێوە(هاودەنگ). | ١٠٩ |
| دووەم: بەریەککەوتنی دوو دەنگی نزیك لەیەك: | ١١٠ |
| ٢- دووبارەبوونەوەی وشە | ١١١ |
| شێوەکانی دووبارەبوونەوەی وشە | ١١٥ |
| دووبارەبوونەوەی وشە لە چوارچێوەی بەشەکانی ئاخاوتن | ١١٧ |
| یەك: دووبارەبوونەوەی ڕاناو | ١١٧ |
| دوو: دووبارەبوونەوەی وشە | ١١٨ |
| سێ: دووبارەبوونەوەی ئامراز: | ١٢٠ |
| چوار: دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکار | ١٢١ |
| پێنج: دووبارەبوونەوەی ژمارە | ١٢١ |
| شەش: دووبارەبوونەوەی کار | ١٢٣ |
| ٣- دووبارەبوونەوەی فرێزی فراوانکراو: | ١٢٣ |
| دووبارەبوونەوەی جێگۆرکێ | ١٢٧ |
| ٤- دووبارەبوونەوەی ڕستە | ١٢٥ |
| شێوەکانی دووبارەبوونەوەی ڕستە: | ١٢٩ |
| ٥- دووبارەبوونەوەی ڕستەیەك زیاتر | ١٣٣ |
| ٦- دووبارەبوونەوەی واتا | ١٣٥ |
| ٧- دووبارەبوونەوەی سەرەتاو کۆتایی چیرۆك | ١٣٨ |
| ٨- دووبارەبوونەوەی داڕشتنەوە | ١٤١ |
| شیعرییەتی ڕەگەزدۆزی | ١٤٢ |
| چەند شێوەیەکی دیکەی جۆری دەنگ لەنێو پێکهاتەی دەقدا. | ١٤٩ |
| چەند شێوەیەکی دیکەی ڕەگەزدۆزی. | ١٥١ |
| شیعرییەتی هاوسەروا( سەجع) | ١٥٢ |
| شێوەکانی هاوسەروا لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا: | ١٥٦ |
| جۆرەکانی هاوسەروا | ١٥٩ |
| سەرچاوەکانی دروستبوونی هاوسەروا لە ( نامەکانی ژاکۆن)دا. | ١٦١ |

| | |
|---|---|
| جۆرەکانی هاوسەروا بە گوێرەی ژمارەی بڕگەکان. | ١٦٣ |
| شیعرییەتی هاوتەریبی parallilisme | ١٦٤ |
| یەکەم: شیعرییەتی هاوتەریبی لە ئاستی فەرهەنگی دا: | ١٦٩ |
| ١- دژیەك: | ١٦٩ |
| أ- دژیەکی ئیجاب: | ١٧٠ |
| دووەم: شیعریەتی هاوتەریبی لە ڕووی پەیوەندی بە بەشەکانی ئاخاوتنەوە. | ١٧٢ |
| ب- دژیەکی سەلب: | ١٧٣ |
| شیعرییەتی بەرامبەری | ١٧٦ |
| هاوتەریبی پێکهاتەیی | ١٧٨ |
| هاوسەنگی | ١٨٢ |
| **بەشی دووەم: شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی** | ١٨٧-٢٧٠ |
| تەوەرەی یەکەم: شیعرییەتی ناونیشان | ١٨٨ |
| چەمکی ناونیشان: | ١٨٨ |
| ستراتیژیی ناونیشان: | ١٩٠ |
| ناونیشان لە (نامەکانی ژاکۆن) دا | ١٩٢ |
| شێوەکانی ناونیشان لە (نامەکانی ژاکۆن)دا: | ١٩٣ |
| تەوەرەی دووەم: | ٢٠٦ |
| باسی یەکەم: شیعرییەتی زمان | ٢٠٦ |
| ١-شیعرییەتی دەربڕین: | ٢٠٦ |
| ٢- دەقی شیعری لەنێو دەقی چیرۆك: | ٢١١ |
| ٣- فەرهەنگی شیعری دەقی چیرۆك: | ٢١٩ |
| ٤- شیعرییەتی بەشە سەرەکییەکانی زمان: | ٢٢٣ |
| شیعرییەتی ئاوەڵناو | ٢٣٠ |
| شیعرییەتی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو(مقلوب) | ٢٣٧ |
| شیعرییەتی دیارخەرو دیارخراو | ٢٤١ |
| باسی دووەم: شیعرییەتی لادان | ٢٤٣ |
| شیعرییەتی لادان لە دەقی چیرۆکدا | ٢٥١ |

| | |
|---|---|
| شیعرییەتی پاش‌و پێشخستن Hyperbaton | ٢٥٤ |
| شیعرییەتی کورتبڕی و لابردن: | ٢٦١ |
| ١- کورتبڕی: | ٢٦١ |
| ٢-لابردن Ellepsis: | ٢٦٥ |
| **بەشی سێیەم شیعرییەتی ئاستی دەلالی** | ٢٧١-٣٤٤ |
| تەوەرەی یەکەم: وێنەی ڕەوانبێژیی کۆن | ٢٧٥ |
| ١- وێنەی لێکچواندن | ٢٨١ |
| جۆرەکانی وێنەی لێکچواندن لە شێوەدا | ٢٨٦ |
| ٢- وێنەی خواستن | ٢٨٨ |
| ئەرکەکانی وێنەی خواستن لەکۆ چیرۆکی نامەکانی ژاکۆن دا | ٢٩٥ |
| ٣- وێنەی درکە | ٢٩٨ |
| تەوەرەی دووەم: وێنەی ڕەوانبێژیی نوێ | ٣٠٥ |
| - وێنەی رەمزی | ٣٠٥ |
| - وێنەی رەمزی خودی (داهێنراو) | ٣٠٩ |
| ١- وێنەی رەمزی ئایینی | ٣١٥ |
| ٢- وێنەی رەمزی مێژوویی | ٣١٧ |
| ٢- وێنەی رەمزی فۆلکلۆری | ٣٢٣ |
| - شیعرییەتی سیمیۆلۆژیای وێنەی رەوانبێژی | ٣٢٨ |
| - بنەما دەلالییەکانی شیعرییەتی وێنە هەستییەکان | ٣٣٤ |
| - شیعرییەتی وێنە لەنێوان پەرجوو و سیحریبوونی دەقدا | ٣٣٨ |
| **ئە نجام** | ٣٤٤ |
| **بیبلیۆگرافیا** | ٣٤٨ |
| **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی ( ملخص البحث )** | ٣٦٨ |
| **کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی ( Abstract )** | ٣٧٠ |

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

# پێشەکی

**ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

**((شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی)) ناوونیشانی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە هەوڵدەدا لە چەند رەهەندی جیا جیاوە شێوازی شیعرییەتی دەق نیشان بدات، شیعرییەتیش بە تێگەیشتنە کۆن و نوێیەکەی تایبەتمەندیو زیندوێتی دەقو رادەی داهێنان نیشان دەدات. دەقی چیرۆکیش وەك رەگەزێکی ئەدەبی، لەم سیماو توخمانە خاڵی نییە، لەو سۆنگەیەوە نموونەی چیرۆك لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) ی (جەبار جەمال غەریب) * وەرگیراوەو هەوڵدراوە رەگەزەکانی شیعرییەتی تێدا بدۆزرێتەوە.**

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

**بێگومان لەپشت هەڵبژاردنی هەر ناوونیشانێك بۆ لێکۆڵینەوە، کۆمەڵێك هۆکار هەن، دەستنیشانکردنی رەهەندی شیعرییەت لەنێو دەقی چیرۆکدا، لەئەنجامی چەند هۆکارێکەوە بووە، کە گرنگترینیان:**

---

* جەبار جەمال غەریب لەساڵی (١٩٦١- ) لە قەڵادزێ لەدایك بووە، خوێندنی ئامادەیی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە، جگە لەچەند ساڵێك بەهۆی نالەباری شارەکەوە ناچاربووە لەنێو شاری سلێمانی درێژە بەخوێندن بدات، لەساڵی (١٩٨٤) بەشی ئینگلیزی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە، هەر لەوێش تێکەڵی ئەدەبی عەرەبیو ئینگلیزی بووە. جگە لەو چیرۆکانەی کەوتوونەتە نێو کتێبی (نامەکانی ژاکۆن)، سێ نۆڤلێتی نووسیون کە لە گۆڤارەکاندا بلاّوکراونەتەوە(یاقووتی ئەڵوەن، ژنانی ئاو، نامووسی تۆزو با)، تا ئێستا چوار رۆمانی بلاّوکردوونەتەوە، ئەوانیش:

١- شێخی داملووس (١٩٩٨هەولێر)

٢- چناری شیر (١٩٩٩سلێمانی)

٣-دنیا لەکتێبێکدا (٢٠٠٢ هەولێر)

٤- لەسەر باران دەنووسم (٢٠٠٤ سلێمانی)، هەروەها بابەتە رەخنەییەکانی لە کتێبێکدا کۆکردۆتەوە بەناوی (خوێندنەوەی کتێب)و لەبابەتی ئەدەبی منداڵانیشدا دووکتێبی بۆ منداڵان وەرگێڕاوەو لەگەڵ بەرهەمێکی چاپکراوی تر، کە بریتییە لە چیرۆکی منداڵان. [223]

– تیشك خستنە سەر شیعرییەتی دەق لە لێكۆڵینەوەی رەخنەییدا دیاردەیەكی نوێیەو لێكۆڵینەوەی لەنێو كورددا هێشتا نەبۆتە دیاردەیەك، كە كاری لەسەر بكرێ،* بەتایبەتی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی كە ئەدەبی كوردی بە گشتی، لە ئاستێكی پلەی باڵای شیعرییەتدا رێ دەكا، بێ ئەوەی تیشكی رەخنەی بخرێتە سەر.

– هەڵبژاردنی چیرۆك وەك كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە، ئەو چەپەرانە تێك دەشكێنێ، كە تا ئێستا لەبەردەم دەقی چیرۆك‌و كاریگەرییە شیعرییەكانی دابوون، هەروەك دیواری نێوان شیعرو چیرۆك كاڵ دەكاتەوەو چیرۆكیش دەخاتە بارێك، كە دەشێ وەك رەگەزێكی ئەدەبی سیمای شیعرییەتی تێدا بسەنگرێتەوە، بۆیە لەنێو لێكۆڵینەوەی كوردیدا ئەگەر تاك‌و تەرا لە چوارچێوەی شێوازەوە بە ئاقاری شیعرییەتی شیعر تێپەڕی بن، ئەوا لە لێكۆڵینەوەی شێوازی چیرۆكی كوردیدا بەلای شیعرییەتەوە نەچوونە.

– شارەزابوون لە چەمكی شیعرییەت‌و لێكۆڵینەوە لە شیعرییەتی چیرۆك یارمەتیدەرە بۆ زیاتر شارەزابوون لە بونیادی هونەری چیرۆك‌و شێوازی شیعری بوون‌و ناسینی لایەنی فۆڕم‌و بنەما دەلالی‌و پێكهاتەییەكانی دەقەكە، كە دواجار سەردەكێشێ بۆ پرسی چێژ وەرگرتن‌و پەیوەندی نێوان دەق‌و وەرگرو پراكتیزەكردنی تیۆری وەرگرتنە لەنێو ئەدەب بەگشتی‌و چیرۆكی كوردی بەتایبەتی.

– یەكێك لەو رەهەندە سەرەكییانەی لێكۆڵینەوەی شیعرییەتی دەقی چیرۆك، نیشاندانی زیندوێتی دەقە، ئەمەش دەبێتە پێوەرێك بۆ دەستنیشانكردنی هێزی دەربڕین‌و بە نەمر مانەوەی دەق، وێڕای ئەوەی پێویستییەكی هونەرییە بۆ جیاكردنەوەی بەرهەمی نووسەرێك لە نووسەرێكی ترو دەرخستنی لایەنە نوێخوازی‌و داهێنانەكانیانە لەبوارە جیا جیاكانی پێكهاتەی دەق.

* لە سەروبەندی نووسینی ئەم نامەیەدا، لێكۆڵینەوەیەكی ماستەر بەناوی (شیعرییەتا رۆمانێن سدقی هرووری) لەزانكۆی دهۆك گفتۆگۆكرا، ئەمە رچەشكێنییەكەو تا ئێستا بەیەكەم لێكۆڵینەوەی بواری شیعرییەتی رۆمان لە ئەدەبی كوردی دادەنرێ.

– بەهەر پێوەرێك حسێبی بۆ بكرێ، لێكۆڵینەوەی شیعرییەتی چیرۆك، وەك لایەنەكانی تری لێكۆڵینەوەی چیرۆكی كوردی، پڕكردنەوەی كەلێنێكەو هەوڵێكی ترە بۆ دەوڵەمەندكردنی تیۆری شیعرییەت لەنێو رەخنەی چیرۆكی كوردیدا.

هەڵبژاردنی (نامەكانی ژاكۆن) وەك كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە چیرۆكەكانی نێو كۆمەڵەكە، لەماوەی زیاتر لە (١٥) ساڵ نووسراون، واتە پەرەسەندنی كات بەرجەستە بووە، لەم ڕووەوە دەبێتە هۆی هاتنە كایەی شێوازو رەنگی جیاوازی چیرۆكەكان، وێڕای دوو سەردەمی جیاواز، كە ناوەڕاستی هەشتایەكانو دەیەی نۆهەت بە تەواوی دەگرێتەوە، ئەمەش لە شێوازی نووسینی چیرۆكی كوردیدا بە شێوەیەكی گشتی، گۆڕانكاری بووە بەسەر دەقو پێكهاتە هونەرییەكەی. لێكۆڵینەوەی شیعرییەتیش ئەوەندەی لەگەڵ بەرهەمی تاكە نووسەرێك دەگونجێ لە پێكهاتەو رەهەندە جیاوازەكانی دەدوێ، ئەوەندە بواری قووڵبوونەوەی نییە لە چوارچێوەی قۆناغێكدا، كە دەقی كۆمەڵێك چیرۆكنووس بخاتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە، چونكە وەرگرتنی كۆمەڵێك دەقی جیا لە قۆناغێكی دیاریكراوو وردبوونو زەقبوونەوەی زانستیانەی شیعرییەتی تێدا تەواو بەرجەستە نابێ.

هەروەها نووسەری چیرۆكەكان (جەبار جەمال غەریب) ناوێكی دیاری نێو رەوتی چیرۆكی كوردییەو بە زمانو شێوازە تایبەتییەكەی، بواری پەرەسەندنی شیعرییەتی لەنێو دەقدا بەجۆشتر كردووە.

## ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:

لەبەر ئەوەی شیعرییەت وەك چەمكێكی گشتی لەنێو ئەدەبدا، پەیوەندی بە هەریەكە لە چەمكەكانی (ئیستاتیكا، زمانەوانی، رەوانبێژی، سیمیۆلۆژیا، شێوازگەری) هەیە، چاكترین ڕێگاش بۆ بەرجەستەكردنو پاراستنی هەریەك لەو چەمكانە، ڕێبازی شێوازگەرییە بە لقو پۆپە جیاوازەكانییەوە، لەرێگای شێوازەوە شیعرییەتی دەقو، لە ڕێگای شیعرییەتەوە شێوازی دەق دەستنیشان دەكرێ.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گیروگرفتی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە، نەبوونی سەرچاوەی سەرەکیو تایبەتییە، بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی تریش لێکۆڵینەوەکانی (ماستەرو دکتۆرا)یە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین تا ئێستا بەم شێوازە، بە شێوەی پراکتیکی لە شیعرییەتی هیچ دەقێکی چیرۆکی کوردی نەکۆڵدراوەتەوە، ئەمەش گرفتی بەردەم کارەکە بوو. بۆیە وامان بە پێویست زانی لەژێر تێڕوانینی تیۆرەکانی شیعرییەتی شیعرو ژانرەکانی تر، لە دەقی چیرۆك رامێنین.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:**

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە چوارچێوەی شیعرییەتی چیرۆکەوە دەخولێتەوە، لە کۆمەڵێك رەهەندی جیا جیاوە سەیری دەکرێ، یەکێك لەو رەهەندە گشتییانەی، کە زۆرترین بواری بۆ تیشك خستنە سەر دەق هەیە، لایەنی شێوازگەرییە، لەو سۆنگەیەوە لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر دەروازەیەكو سێ بەشی سەرەکیو ئەنجام، دابەش کردووە.

**دەروازە:** ئەمە بۆ دەرگاکردنەوە بەسەر رووکاری باسەکەیەو تێیدا بەشێوەیەکی تیۆری، چەمکی شیعرییەتو مێژووو پەرەسەندنی زاراوەکەو پەیوەندیو بەندیواربوونی لەگەڵ هەریەکە لە چەمکەکانی (ئیستاتیکاو زمانەوانیو رەوانبێژیو شێوازگەریو سیمیۆلۆژی) خراوەتە ڕوو، دواتر هەوڵدراوە لەژێر ئەو تێڕوانینەی کە شیعرییەت زیاتر لە دەقی شیعریدا دەڕسکێ، پەیوەندی هەریەکە لە شیعرو پەخشان باسکراوە، لەو روانگەیەی کە چیرۆکیش زیاتر رەگەزەکانی پەخشان لەخۆیدا هەڵدەگرێو هەوڵدراوە لێك نزیکییەك لەنێوان هەردوو ژانردا ئاشکرا بکرێ، پاشان پەیوەندییە گشتییەکانی چیرۆك لەگەڵ شیعردا نیشاندراون، بەو پێیەی نزیك بوونەوەیان لەیەکتری، هێڵەکانی بەرەو شیعرییەتبوون تۆختر دەکەنەوە. هەر لە دەروازەدا بۆ زیاتر رێڕوونییەك باس لە شیعرییەتی چیرۆکی کوردی کراوەو هەوڵدراوە ئاماژە بە سەرەتاکانی شیعرییەت لەنێو دەقی چیرۆکی کوردی بکرێو

هۆكارەكانی بە دیاردەنەبوونی لەنێو لێكۆڵینەوەی رەخنەییدا پێش چاو بخرێن‌و بۆ لێكۆڵینەوە زانستییەكانیش پێوەری دەستنیشانكردنی شیعرییەتی چیرۆكی كوردی روون بكرێتەوە.

**بەشی یەكـەم:** ئەم بەشە تایبەتكراوە بە شیعرییەتی ریتمی ناوەوەی دەق، تێیدا هەوڵێكە بۆ باسكردنی چەمكی ریتم‌و رۆڵی لەبەرهەمهێنانی شیعرییەت‌و بنەماو هێڵە گشتییەكانی ریتم لەنێو دەقەكاندا تیشكی خراوەتە سەر، لەو روانگەیەوەش زیاتر بەرەو بەهەند هەڵگرتنی دەقە، بۆ سازاندنی شیعرییەتی شێوازی ریتم، نەك بە پێچەوانەوە. واتە هەندێك جار شێوە جیا جیاكانی دەق بنەمایەكی تیۆریی نوێ بۆ ریتمی دەقەكە دروست دەكات، لەنێو ریتمی ناوەوەشدا هەریەكە لە دووبارەبوونەوە بەهەموو جۆرەكانییەوەو ئەو دیاردە ریتمییانەی، كە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە دروست بوون، لێیان كۆڵدراوەتەوە، چ لە رەهەندە رەوانبێژییەكەی، یان رێزمانی، یان واتاییەكەوە. لەو چوارچێوەیە هەریەكە لە شیعرییەتی رەگەزدۆزی‌و هاوسەرواو هاوتەریبی‌و هەروەها شیعرییەتی بەرامبەری‌و هاوسەنگی باسكراون.

**بەشی دووەم:** بریتییە لە شیعرییەتی بونیادی ئاستی پێكهاتەیی دەقی چیرۆكەكان‌و شییان دەكاتەوە، ئەم بەشە لە دوو تەوەری سەرەكی پێكهاتووە:

تەوەری یەكەم لە شیعرییەتی ناوونیشان دەدوێ، تێیدا چەمكی ناوونیشان‌و ستراتیژییەكەی‌و ناوونیشان لە (نامەكانی ژاكۆن)و شێوە جیاجیاكانیان دەخاتە رووو ئاستی شیعرییەتی هەریەك لە ناوونیشانەكان نیشان دەدات.

تەوەرەی دووەم: لە دووباس پێكهاتووە:

باسی یەكەم تەرخانكراوە بۆ شیعرییەتی زمان، تێیدا زمان وەك كۆڵەگەیەكی سەرەكی بونیادی دەق‌و رۆڵی لە سازاندنی شیعرییەت نرخێندراوە، دواتر چوارچێوەی شیعرییەتی زمان لە هەریەكە لە شیعرییەتی دەربڕین‌و دەقی شیعری لەنێو دەقی چیرۆك چڕبۆتەوە، وێڕای باسكردنی شیعرییەتی بەشە سەرەكییەكانی زمان، كە لەنێویدا بە درێژی شیعرییەتی ئاوەڵناوو ئاوەڵناوی وەرگەڕاوو دیارخەرو

دیارخراو روونکراوەتەوەو، بەپێی پێویست بەهۆی شێوازی ئاماری ڕێژەو پلەو ئاستەکانی شیعرییەتی چیرۆکەکان روونتر نیشاندراون.

باسی دووەم لە شیعرییەتی لادان بە گشتیو لەنێو دەقی چیرۆك بەتایبەتی دەدوێو دواتر لە ئاستی پێکهاتەیی دیوی فۆڕمدا، کە هەریەکە لە شیعرییەتی پاشو پێخستنو کورتبڕیو لابردن دەگرێتەوە، لەنێو چیرۆکەکان خراونەتە روووو شێوازە جیاجیاکانیان نیشان دراون.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە بۆ شیعرییەتی ئاستی دەلالی تەرخانکراوەو هەوڵدراوە باشترین بوار لەم ئاستەدا بۆ هێڵەکانی شیعرییەت دەستنیشان بکرێ، ئەمەش مەیلی داهێنانو هونەرکارییە لە چوارچێوەی وێنەی هونەریدا. بۆ وردتر بوون لە بونیادی شیعرییەتی دەلالی دەق، وێنە بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش کراوە:

تەوەرەی یەکەم: وێنەی رەوانبێژیی کۆن، تێیدا لە شێوازی سازاندنی وێنەو رۆڵی لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت، بەپێی ڕێبازی کۆنی رەوانبێژی دەدوێ، کە هەریەکە لە وێنەی لێکچواندنو جۆرەکانیو، وێنەی خواستنو وێنەی درکە دەگرێتەوە، ڕێژەی هەریەکەیان بە نزیکەیی لە دەقەکان دۆزراونەتەوە.

تەوەرەی دووەم: بۆ وێنەی رەوانبێژیی نوێ تەرخانکراوە، جۆرو شێوازی شیعرییەت بە ڕێگا نوێیەکەی رەوانبێژیی نوێ، دەخاتە بەر باسو تێیدا وێنەی رەمزی، وەك وێنەیەکی کارای ئەم ئاستە دەستنیشان دەکاتو جۆرەکانی شیدەکاتەوە، پاشان شیعرییەتی سیمیۆلۆژیای وێنەی رەوانبێژیو بنەما دەلییەکانی شیعرییەتی وێنە هەستییەکانو شیعرییەتی وێنەی رەوانبێژیی لەنێوان پەرجووو سیحریبوونی دەق دەخاتە روو.

**ئەنجام:** لەکۆتایی ئەم سێ بەشو دەروازەیەدا، کورتەی ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین دەستنیشانکراون.

# چەند تێبینییەك

١-لەچەند شوێنێكی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا، بۆ روونكردنەوەی زیاتر ئاماژە بە دەقی (بەیت، هەقایەت، چیرۆك، رۆمان، شیعر) دراوەو هەندێكیان بەنموونە لێوەرگیراوە، ئەمەش بۆ دەگمەنی دیاردەكە بووە لەنێو دەقی چیرۆكەكان و دووبارەبوونەوەی دیاردەكە لەژانری دیكە، یان لای نووسەری دیكە، بوونی دیاردەكە، یان شێوازەكە لە دەقی ئەدەبی بەگشتی دەسەلمێنێ، یان جۆرە كاریگەرییەكی دەقەكان و پەیوەندییان بەیەكتر بەرجەستە دەكات، بۆیە زیاتر لە (١٠) سەرچاوەی كوردیمان بۆ وەرگرتنی ئەم دیاردەیە سوود لێ بینیوە. ئەمەش تەنیا بۆ نیشاندانی دیاردەكەیە، نەك پشت پێ بەستنی.

٢-ئەو رێژانەی كە بە شێوازی ئاماری نیشانمان داون، دەشێ پۆینتێك، یان ژمارەیەكیان كەمو زیاد بێ، بۆیە هەموو رێژەكانمان بەشێوازی نزیكەیی نیشانداون.

٣-نووسەری كۆمەڵە چیرۆكی (نامەكانی ژاكۆن) جگە لەو كۆمەڵە چیرۆكە، لە بلاۆكراوەو گۆڤارەكاندا چیرۆكی تری بلاۆكردۆتەوە، بەلاّم ئێمە لەبەر رێكبوونی سەرچاوەی كەرەستەكە، كە لە دوو توێی كتێبێك چاپكراوە، هیچ چیرۆكی ترمان نەخستە نێو سنووری لێكۆڵینەوەكەو هەر (١٦) چیرۆكەكەی نێو (نامەكانی ژاكۆن) تەنیا بۆ لێكۆڵینەوەكە وەرگیراون.

٤-لەم لێكۆڵینەوەیەدا سیستەمی داكردن (كۆد) مان بەكارهێناوەو سەرچاوەكانیشمان بەپێی زمان و شێوازی هیجائیی ریزكردوون.

٥-دەقی (نامەكانی ژاكۆن) كە كەرەستەی لێكۆڵینەوەكەیە، لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەیان لەنێو باسەكەدا، سیستەمی كۆد نەیگرتۆتەوە، بۆیە بەشێوەیەكی ئاسایی لەدوای وەرگرتنی دەقی چیرۆكەكە، تەنیا لاپەڕەی كتێبەكە نووسراوە.

# دەروازە

## چەمکی شیعرییەت:

شیعرییەت (Poetics) لەیەك کاتدا زاراوەیەکی دێرینو نوێیە، سەرەتای دەرکەوتنی بۆ (ئەرستۆ)* دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکو چەمك لەوساوە تا ئەم سەردەمە لە ئەرکدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، وەك (شیعرییەت) ی ئەڕستۆ کە لە یاسەکانی داهێنان دەدوا، یان چەمکی هاوشێوەبوون لە شیعرییەتی (جاکۆبسۆن)** و تیۆری لادان لە نێو شیعرییەتی (جان کۆهین***) و ...... هتد [11:160] . ڕامان لە سەردەمی گریکەکان، وەك سەرەتایەك بۆ یاساو بنچینەکانی ئەدەبو هونەر، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی، کە(هونەری شیعر– شیعرییەت)ی ئەرستۆ ((بە یەکەم کتێب لەم بوارە دادەنرێو تا سەدەی ڕێنیسانس گرنگی مێژووی شیعرییەتی لە خۆ گرتووە)) [19:152]، ئەم هەوڵەی ئەو لە پێناو ڕێکخستنو جوانترکردنی دەقی ئەدەبی، سەرەتای لێدوانە لە شیعرییەتو بناغەیەکی پتەویشە بۆ کارەکانی دواتر.

لەنێو هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چەمکی شیعرییەت داهاتوون، لە نێو تیۆری ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو چەمك بەکار هاتووە، یەکەمیان (ئەرستۆ) بە واتای (تیۆری داهێنان) خستیە ڕوو، کە مەبەست لێی دۆزینەوەی کاریگەری تایبەتییە بۆ هەر شێوازێکی شیعریو لێکۆڵینەوەی ئەو ڕەگەزانەی، کە

---

* ئەرستۆ، ئەرستۆتالیسAristote (٣٨٤–٣٢٢پ. ز) فەیلەسوفێکی گریکییە، مامۆستای ئەسکەندەر بووە، لە گەورە بیرمەندانی مرۆڤایەتی دادەنرێ، لە دانراوەکانی (گوتەکان، جەدەل، گوتارناسی، هونەری شیعر، میتافیزیکا، سیاسەت، دەروون...) [34:199] .

** ڕۆمان جاکۆبسون(١٨٩٦– ١٩٨٢) زمانەوانو ئەدیبێکی رووسیاییە. گەلێك تیۆری گرنگی لە بوارەکانی رەخنەو تیۆری ئەدەبی هەیە. لەساڵی ١٩١٥ (بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ)ی دامەزراندووە، لەهەمان کاتدا رۆڵی گرنگی لە بزووتنەوەی فۆرمالیستەکانی رووس بینیوە. لەکۆتاییەکانی دەیەی١٩٢٠ لەگەڵ هەندێ لە هاوکارانی (قوتابخانەی زمانەوانی پراگ) یان دامەزراند. گرنگترین کاری لەبواری تیۆری ئەدەبی، بەرهەمێکە دەربارەی زمانو شیعر. [65:211]

*** (جان کۆهین): رەخنەگرێکی فەرەنساییە، لەبواری زمان کاری کردووە. ناودارترین بەرهەمی (بونیادی زمانی شیعری) یە.

واتا بە دەردێخن و بنچینەی هەر کارێکی شیعریش دیاردەکات بەو پێیەی لاساییکردنەوەیە، یان ڕەوانی دەربڕینە.

چەمکی دووەم (جاکوبسۆن) خستییە ڕوو، کە مەبەست لێی، ئەوەی پەیامێکی زمانی دەکاتە کارێکی هونەریو هونەری زمان، لە هونەری تر جیا دەکاتەوە، یان لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە بۆ ئەرکی شیعری لە چوارچێوەی ئاخاوتن و گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی ڕستەسازیو پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێو برگەکان، یاخود ئەوەی پەیوەستە بە داهێنان و ئەفراندنی کارێك کە تێیدا لە یەك کاتدا زمان کرۆك (جەوهەر)و وەسیلەیەتی [196: 163-164] و [226:175]. ئەگەر لە دیوی ناوەوەی ئەم دوو تێگەیشتنە بڕوانین، ئەوا لە یەکەمیاندا دەتوانین شیعرییەت بە ڕێساکانی گوتاری ئەدەبی دابنێین کە داهێنانیان لێوە لە دایك دەبێ، لە دووەمیشیاندا ئەوەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نا ئەدەبیو، دەقێکی شیعری لە دەقێکی نا شیعری جیادەکاتەوە، چونکە شیعرییەتی ئەرستۆ وەك (تۆدۆرۆڤ)* دەڵێ ((چەند تیۆرێکە، بە تایبەتمەندییەکانی هەندێ جۆری گوتاری ئەدەبی پەیوەستە)) [24:160] ، گوتارە ئەدەبییەکانیش وەك کۆمیدیا و تراژیدیاو...هتد، لە دوو تویێی بەرهەمی (شیعرییەت)دا، خۆیان نواندوە، بۆیە لە گەڵ چەمکی دووەم جیاوازییان هەیە.

دوای سەردەمی گریکەکان ڕەخنەگرە عەرەبەکانیش باسی شیعرییەتیان کردووە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی تێڕوانینەکانی ئەرستۆ، شێوەیەکی فراوانتری وەرنەگرت، بۆیە وەك گەشەسەندنی زاراوەکە بە واتا فراوانیەکەی ((بۆ بنچینەیەکی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە، وەك هەر زاراوەیەکی دیکەی لە چەشنی سیمبولیو سوریالیو بونیادگەری..)) [10:118] ، دواتر زۆر تیۆرو تێڕوانینی تر بۆ دەقی ئەدەبی لە

---

* تۆدۆرۆڤTzvetan Todorov: لەساڵی ١٩٣٩ لە بولگاریا لەدایك بووەو ئەدەبی بولگاری خوێندووە، پاشان چوەتە فەرەنسا. لەساڵی ١٩٦٣ ڕەگەزنامەی ئەوێی وەرگرتووە، تێزی ئەڵقەی سێیەمی بەسەرپەرشتی (ڕۆلان بارت) ئامادەکردو پاشان بەناوی (ئەدەبو سیمانتیك) بلاوی کردەوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی (تیۆری ئەدەب) و بەهاوکاری (دیکرۆ) ش (فەرهەنگی زانستی زمان)ی نووسیوە. هەروەها لەگەڵ (ژیرارد ژینێت) گۆڤاری(شیعرییەت)ی بەرێوە بردووە. [244:78]

**چەمکی شیعرییەت نزیک دەبوونەوە، بەڵام وەکو ئەو تێگەیشتنەی ئێستا نەبوون.((زاراوەی شیعرییەتیش کە (la poetique)ی فەڕەنسیەو بەلاغەتی عەرەبی دەیقۆزێتەوەو دەبێتە زاراوەیەکی کوردیش خێرا لە زیهنی خوێنەر دەلالەتێك دروست دەکات کە پێوەندی بە شیعرەوە هەبێت، کە لە هەقیقەتدا کێشەی شیعرییەت گەلێ فراوانترە، بۆ یەکەم جار لە کۆلیژی دوفرانس، ڤالیری* ئەم وشەیە لە واتایەکی نوێ بەکاردەهێنێ و دەبێتە بناغەیەکیش بۆ تیۆری ئەدەب)) [17:49]، ئەم چەمکە لە هۆشی خوێنەر یان وەرگر بە جۆرێك چەسپیوە، کە پەیوەندییەکی بەتینی بە شیعرەوە هەبێ، هەبوونی ئەم پەیوەندییەش لەنێو چەمکەکەدا، خۆی لە ژانری دیکەی ئەدەبی دەبینێتەوە، کە تام و بۆنی شیعر بدات، چونکە دەشێ نەك تەنیا لە دەقێکی ئەدەبی (جا شیعر بێ، یان چیرۆك، یان ڕۆمان...) بەڵکو لە قسەیەکی ئاسایی ڕۆژانەشدا شیعرییەت بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە کاتێك ئاخێوەرێك رستەکانی، خاوەن ئیحاو خوازەو دەربڕینی جوانن، وەرگر هەست بە تام و چێژێکی تایبەتی دەکات، بۆیە دەشێ شیعرییەتی تێدا بدۆزینەوە.**

**کە لە ڕۆمانێك دەگوترێ، ئەم بەشە بەشێکی شیعرییە، یان کەشێکی شیعری کراوەیە، یان بە کەسێکی تر دەڵێن چیە ئەو شاعیرییەتە؟ هەموو ئەم دەربڕینانە لە ئاستێکی خوازەیی زمانەو لە جوڵەو بزاوتێکی دیاریکراون و دەربڕینەکان لە زمانی شیعرو یاساو دەستورەکانی شیعر نزیك دەبنەوە [149:162-163]. ئەگەر سادەتر بڕوانین شیعرییەت دەچێتە نێو زمانی منداڵیش کە سۆزو خۆشەویستی دەسازێنێ و هەست دەبزوێنێ بەبێ ئەمانە دەق بە دەقێکی بێ دەنگ و مردوو دادەنرێ [12:118].**

**شیعرییەت (poetics)، وەکو چەمك، ئەم زاراوەیە بە گەلێك واتا وەرگێڕدراوە. لای عەرەبەکان بە(شیعرییەت– الشعریة، داڕشتنەوە– الانشائیة، شاعیرییەت– الشاعریة، ئەدەبناسی– علم الادب، هونەری داهێنان– فن الابداع، هونەری هەڵبەست– فن النظم،**

---

* ڤالیری (poul Valery): ئەدیبێکی فەڕەنساییە( ١٨٧١–١٩٤٦ز) هەر زوو خولیای زمان و ڕەخنە بوو، ساڵی ١٩٣٧ لە کۆلیژی فەرەنسا بە مامۆستا دامەزرا، ناوبراو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی فەلسەفەو زمان و ئەدەب دەژمێردرێت. [250:78]

هونەری شیعر– فن الشعر، تیۆری شیعر– نظریة الشعر، بویتیقا، بوتیك) [18:160] و لای فارسەکانیش بە (بوتیقا، شاعیری، هونەری شیعر، هونەری شاعیری...) بەکارهاتوون.[79:211] هەندێك لەم چەمکانە پەیوەندیان بە ڕەوانبێژی هەیە وەك (داڕشتنەوە) و هەندێکی تر بە شێوازی ئەدەبی وەك (شاعیری، شاعیرییەت) و ئەوانی تریش بە تیۆری ئەدەبەوە پەیوەستن. لە ناو کوردیشدا شیعرییەت بە ڕێژەیەکی زۆرو پاشان شیعرایەتی *–ش بەکارهاتووە. پێناسەکردنی شیعرییەت تەنیا لە چوارچێوەی ئەم دوو چەمکەوە ڕوون ناکرێتەوە، بەڵکو دەبێ سەرەداوەکانی پەیوەندی ئەم زانستە لەگەڵ هەریەك لە زانستەکانی (زمانەوانی، ئیستاتیکا، ڕەوانبێژی، شێوازگەری) بدۆزرێتەوە، چونکە لەهەر لایەکەوە لێی بکۆڵدرێتەوە بەم زانستە کاریگەرەو ناشێ خۆیان لێ ببوێرین.

## پەیوەندی شیعرییەت لەگەڵ چەمکەکانی تر:

### ١- شیعرییەتو ئیستاتیکا:

زانستی جوانی (ئیستاتیکا) بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی لەگەڵ ئەدەب هەیەو کەم تا زۆر خۆی دەخزێنێتە ناوی، لەبەر خولیابوونی بۆ ئاوێتەبوونی لەگەڵ شتەکاندا، چونکە (ڕەهەندی جوانی تەنیا لە نێو دەقی ئەدەبیدا خۆی نانوێنێ، بەڵکو لە ناو هەموو هونەرەکان بیرۆکەی خۆی داڕشتووەو بە پێی جۆرو شێوازیانەوە) [76:50] ، بە هەمان شێوە شیعرییەتیش لە سۆنگەی ئەوەی تیۆری داهێنانە، ڕەسەنایەتی هونەرو دەقەکان دەست نیشان دەکات.

کاتێکیش ئیستاتیکا خزایە نێو دەقێکی ئەدەبی لە ڕووی ئەرکەوە لە شیعرییەت نزیك دەبێتەوەو لەگەڵ یەك کارلێك دەکەنو پێکەوە لە هەوڵی ئەوەدان، گوتارێك بکەنە گوتارێکی ئەدەبی. لایەنی جوانکاریو ئیستاتیکا بە خاڵێکی سەرەکی ئەو

* شیعرایەتی لای د.محمد بکر [39:8] و لای د.إبراهیم قادر [213:67] بەکارهاتووەو لە نووسینەکانی تریش لێرەو لەوێ شیعرییەت بەکارهاتووە..

**گۆڕانە دادەنرێ، چونکە خودی ئیستاتیکا بۆ نێو هەر دەقێکی ئەدەبی ((نیشانەی شاعیرییەتە)) [32:170]. ئەمە ڕێژەیەکەو دەشێ بڵێین ئیستاتیکا لە نێو ئەدەبیاتدا پلەی شیعرییەت زیاتر نیشان دەدات، دەنا (شیعرییەت لەهەر هونەرێکی زمانی، کە وەزیفەی ئیستاتیکا باڵی بەسەردا کێشابێ بوونی هەیە) [12:118] ، بۆیە کەم تا زۆر ئیستاتیکاو شیعرییەت پەیوەندییان بەیەکەوەهەیە، ئەوەندە هەیە دەوروبەری دەق لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی یان هەر هونەرێکی دیکە بێ، بە هاوسێیەتی لە گەڵ ئیستاتیکادا، کار دەکاتە سەر بەرزی‌و نزمی پلەی شیعرییەت.**

**ئەگەر لە ڕوانگەی چەمکی نوێی (شیعرییەت)ـەوە سەرنج بدەین، زاراوەی شیعرییەت لە خودی زاراوەی (ئیستاتیکا)وە پەرەی سەندووە، کە لەلایەن (جاکوبسۆن)و قوتابخانەی پراگ بەکارهاتووە، لەبەر دەبەریەك ڕاچوونی شیعرو بونیادی زمان، لە کاتێکدا ئیستاتیکاش سروشتێکی میتازمانی هەیە، (جاکۆبسۆن) زاراوەی (شیعرییەت)ی بەکارهێنا، تا هەر لە چوارچێوەی شیعردا پەرژین نەکرێ‌و هونەری تریش بگرێتەوە، ئەگەرچی لە شیعریش زیاتر بەکاربێ.[16:205]**

**ئیستاتیکا لەگەڵ زانستەکانی تر تێکەڵی دەقێکی ئەدەبی دەبن‌و شیعرییەت دێننەکایەوەو دەبنە پێوانەیەك بۆ جیاکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نا ئەدەبی‌و پلەی بەهێزی‌و لاوازی نیشان دەدەن. بۆیە ئەوە شیعرییەت‌و ئیستاتیکایە، دەقێك نەمر دەکات‌و پایەی شیعرێك لە شیعرێکی دیکە جیا دەکاتەوەو جیاوازی پلەی داهێنانی شیعرێکی (نالی) و (قانیع) دەکات، وەك نموونە.**

**ئەگەر جیا لە شیعر، ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین، بوونی ئیستاتیکا لە نێویدا تایبەتمەندی پێ دەبەخشێ. بۆیە لە پێناو سەر لە نوێ تێگەیشتن بە شیوازێکی تازە لە ئەدەبیات‌و پێداچوونەوە بە چۆنیەتی ئەفراندنی ئەدەب، بەشێك لە ڕەخنەگران، جیا لەوەی تەنیا شیعر کەرەستەی ئەو پێداچوونەوەیە بێ، ئەدەبیاتیان**

به گشتی هەڵبژاردووەو ناویان لێناوە ئەدەبییەت* [20:117] بۆیە هەست کردنی بە ئاوێتە بوونی ئیستاتیکا لەگەڵ ئەدەبو بە شیعرییەت بوونی خودی ئەدەبەکە، دەتوانین بڵێین ((سیما تایبەتیەکانی ئەدەب دەشێ بە دەربڕینی واژەی شیعرییەت، شاعیرییەت، ئیستاتیکا، ئینشائییەت، ئەدەبییەت، سەردییەت دەربڕێ. بەشێك لە ڕەخنەگران هەریەك لەم دەربڕینانە بۆ ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو دادەنێنو بەشێکی دیکەشیان بۆ هەردەقێکی ئەدەبی جاشیعر بێ، یان پەخشان دەیگشتێنن)) [20:117]لەبەرئەوە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان لە نێو چوارچێوەی ئەدەبدا، بەهەر ناوو چەمکێك لەمانەی سەرەوە دەربڕێن، گرنگ ئەو میکانیزمەیە کە بەهای دەقێك جیادەکاتەوەو نرخی ئەم بەرزییەش بە هۆی ئەدەبییەت دەردەکەوێ، ئیستاتیکاش لە نێو دەقی ئەدەبیدا ڕەهەندە جوانکارییەکانی وشەیی و واتایی دەگرێتەوە، لەو سۆنگەیەی بەبێ زۆر لێکردنو کارتێکردنی دەوروبەر، دەق خۆی بونیادی جوانیناسانەی خۆی نۆژەن دەکاتەوە. ئەم ئاڕاستە کارکردنە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، بووە کرۆکی بۆچوونی بونیادگەرییەکان، کە ئیستاتیکای ڕەگەزە هونەرییەکانی دەقو (ئەو ڕەگەزانەی کە بەرهەمێکی ئاسایی دەگێڕن بە ئەدەبو بە ڕادەیەك توانای ئەداکردنی ئەرکی ئیستاتیکییان هەیە) [63:163]و دەتوانن لە نێو دەق بەرجەستە بن، ناویان نا ئەدەبییەتی ئەدەب.

لە ڕووی تایبەتمەندییەوە دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی دیکە جیا دەکاتەوە. ئەگەر وشەو دەربڕینی وێڕای بونیادە زمانیەکەیان، بە بەرگێکی ئیستاتیکی داپۆشرابنو ڕێگا خۆش دەکەن شیعرییەت لە خۆیانەوە بۆ تەواوی دەق بگوازنەوە، چونکە جوان

---

* ئەدەبییەت: چەمکێکە ڕەخنەگری ڕووسیایی (ڕۆمان جاکۆبسۆن) بۆ ئاماژەکردن بە هەموو ئەوئەدگارو تایبەتمەندییانەی کارێکی دیاریکراو دەکەنە کارێکی ئەدەبی، بەکارهێناو یان ((ئەوەی دەقێکی ئەدەبی لە ڕووی تایبەتمەندییەوە لە دەقێکی دیکە جیادەکاتەوە)) [16:176] و [29:96] لە ئەدەبییەتدا زمانی دەق واتای خۆی دەدات و ئەو مەدلولە کۆنە نامێنێ، کە شوێنی وشەکان بگرێتەوە، ئەم چەمکە بووە بابەتی گرنگی فۆرمالیستە ڕووس و ئەڵمانەکان و ڕەوتی ڕەخنەی نوێی ئەمریکیCriticism New و هەروەها بونیادگەرەکانی فەڕەنسای شەستەکانی سەدەی بیست. [119:196] و [175:281-282]

بوونو بە شیعرییەت بوونی دەق لە بچوکترین یەکەی دەربڕین دەست پێدەکات ((دەربڕینخوازی (التعبیرية)ش، کە پەیوەندییەکی بەتینی بە چەمکەکانی جوانیناسی هەیە)) [31:159]، دەبێتە هۆکارێك بۆ پەیوەندی بنچینەی زمانی دەربڕین لەگەڵ ئیستاتیکا لەلایەكو بە هەمووشیان لەگەڵ شیعرییەت لە لایەکی ترەوە. بەم جۆرە ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی، ئەدەبییەتی دەق زیاد دەکاتو ئیستاتیکای دەقی شیعری، شیعرییەت لە نێو دەق، پەرە پێ دەداتو ئاستی بەرز دەکاتەوە. لەو ڕوانگەش، کە شیعرییەت هەر تەنیا دەقی شیعری ناگرێتەوەو بوارەکەی بۆ هەموو دەقێکی ئەدەبی فراوان بووە، بۆیە بە هۆی ئیستاتیکاو زانستەکانی تر، چەمکی ئەدەبییەت لە بۆتەی خۆی نامێنێو شیعرییەت دایاندەپۆشێ.

شیعرییەت تەنیا خۆی بۆ گوتاری شیعری پاوان ناکات، بەڵکو گوتاری ئەدەبیش بەگشتی دەگرێتەوەو ئامانجی هەڵبژاردنی ئەو پرسیارەیە، کە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بە جیاوازی ڕێبازەوە دەیخاتە ڕوو ئەویش: چی وادەکا گوتارێکی ئەدەبی لە پاڵ ئەرکێکی ئیستاتیکی کاریگەری هەبێ؟ [188]

## ٢-شیعرییەتو زمانەوانی:

ئەگەر زمان تاکە ڕێگا بێ، بۆ دەربڕینی ئەدەب بە گشتی، ئەوا لەگەڵ پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زمان، پێکهاتەی دەق-یش کەوتۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بنەمای پەرەسەندنی شیعرییەت وەك چەمکێکی نوێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی سەدەی بیستو دارشتنەکانی فۆرمالیستە ڕووسەکان (١٩١٥-١٩٣٠) و چالاکییەکانی قوتابخانەی مۆرفۆلۆژیی ئەڵمانیا(١٩٢٥-١٩٥٥) و ڕەخنەی نوێی ئەنجلۆ-سەکسۆنی لە ئەمەریکاو ئینگلتەرا، دواتریش لە شیکردنەوەی بونیادگەرەکانی فەرەنسا لە سەرەتای شەستەکان هاتە ئاراوەو وەك سیستەمێکی نوێ گەشەی کرد [19:152]. ئەمە بووە هۆی ئەوەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمانی بدرێ، تا لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە نێو شیعرییەتدا ڕۆڵێکی گەورە ببینێ، چونکە بەر لەوەی شیعرییەت وەك ڕێساکانی داهێنان بێتە کایەوە، زمان لە نێو هەڵبەست

(نەزم) ڕۆڵی ئاسایی خۆی بینیوە، بەڵام بۆ زیاتر کارکردن لە بونیادی دەقدا، قورساییەکە پتر بەر زمان دەکەوێ‌و دەتوانێ قەڵەمڕەوی هەموو ئەو ئەرکانە بێ‌و تەواوی کارەکان لە ئەستۆ بگرێ. لە هەمان ڕووشدا شیعرییەت بۆ خۆجێگیرکردن‌و لەسەر پێ ڕاوەستانی خۆی پشت بە زمان دەبەستێ‌و جیا لەو زمانە ئاساییەی کە تەنیا هەڵوەستەی لەسەر کێش‌و سەروا بوو، چونکە ((چەمکی شیعرییەت تەنیا بە واتای دەرخستنی مۆسیقاو کێش و سەروا نییە)) [301:147] ئەوەندەی بە شێوازی دیکە، دەستەواژەو دەربڕین جوانتر دەکات.

جوانکردن‌و دەرخستنی وشەو دەستەواژەو پاشان ڕستەو تەواوی دەقەکە، لە ئەنجامی ئامادەبوونی زمانەوەیە، شیعرییەت وەك دەمارێك بە نێویاندا تێدەپەڕێ‌و دەق لە جوانییەکی سروشتی‌و ئاسایی خۆییەوە، بۆ دەقێکی داهێنراوی دەستی نووسەر دەچێ، کە شوێن پەنجەو نەخشی لە نێو کایە زمانیەکەدا ئاشکراو ڕوونە. لێرەدا پەیوەندی شیعرییەت‌و زمان لە ئاستێکدایە، بە شێوەیەك ئەرکەکانیان لە یەك نزیك دەبنەوە، بە گوتەی (جان کۆهین): ((ئەگەر سۆسێر* پڕەنسیپی ڕاڤەکردنی زمان بە زمانی خستبوەکار ئەوا پێویستە شیعرییەتیش هەمان پڕەنسیپ بەکاربێنێ، وەك بواری زمانەوانی کە تەنیا بایەخ بە زمان دەدات، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە شیعرییەت، زمان بە گشتی ناکاتە بابەتی خۆی، بەڵکو لە شێوەیەکی تایبەت کورتی دەکاتەوە. شاعیر بە ئاخاوتنی خۆی نەك بە هزرو هەستی، بە وشە... نەك بیر، لەبەر ئەوە بلیمەتی ئەو لە داهێنانی زمانیدایە. [40:90]

چۆنیەتی ڕەفتارکردنی نووسەر لەگەڵ زمان‌و جۆری ئاوێتە بوونی، ڕەهەندەکانی شیعرییەت‌و ئیستاتیکای دەق دێنێتە گۆڕین. بە واتایەکی دیکە ئاڕاستەی شیعرییەتی بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ، کاتێك نوسەر بە شێوازێکی هونەری بەرز،

* سۆسێرFerdinand De Saussure (١٨٥٧–١٩١٣): زمانەوانێکی سویسراییە، بابەتی تێزەکەی (موزاف لە زمانی سانسکریتی) یە، لە جنێڤ خوێندویەتی، پاشان لە پاریس گیرسایەوە، لە ساڵانی ١٨٨٠–١٨٩١ لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا (سینتاکسی بەراوردکاری) خوێندووە، پاشان گەرایەوە بۆ جنێڤ. لەدوای خۆی لەساڵی ١٩١٦قوتابییەکانی وانەکانی ئەویان بە ناوی (زانستی گشتی زمان) بڵاوکردەوە. [248:78]

یاری به کەرەستەی زمان دەکات، چونکە ئەوە زمانە، شیعرییەت دەسازێنێ نەك ئایدۆلۆژیاو ناوەڕۆكو هەستی نووسەر. بۆیە ئەگەر هەموویان لە چوارچێوەی یەك ناوەڕۆكو مەبەست دەرنەچن، هێشتا نهێنییەك هەیە، کە چێژی دەقێك لە دەقێکی تر زیاترو ئیستاتیکای دەربڕینی بە هێزتر دەکات، ئەو نهێنییەش خۆی لە بەرگی زماندا شاردۆتەوە. شیعرییەت پەیوەندی بەو پەرەسەندن (المستجدات)انە هەیە، کە زانستە مرۆڤایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی بە خۆیەوەی بینیوەو گرنگترینیشیان زمانناسیو جوانیناسییە. لەبەر ئەم پەیوەندییە لێك دانەبڕاوە دەتوانین بڵێین شیعرییەت دەکەوێتە نێوان زمانەوانیو ئیستاتیکا، وەك ئەم هێڵکارییەی خوارەوە: [35:133]

ئیستاتیکا ⟵ شیعرییەت ⟶ زمانەوانی

ئەگەر دەقی شیعری کلاسیکی بە نموونە وەربگرین، کۆمەڵێك شاعیر، شیعریان بۆ(گوێ درێژ) نووسیوە*، هەموویان باسی یەك شت دەکەن، بەڵام کامیان وەکو شیعرەکەی (نالی) شیعرییەتی بەسەردا زاڵە؟ یاخود زۆربەیان شیعرییان بۆ (بەهار) گوتووە، بەڵام بۆچی (گوتم بە بەختی خەواڵو)ی (حاجی) خۆی لەوانی تر دادەبڕێ؟ بێگومان لایەنی جوانکاری زمانو دەست ڕەنگینیو شاعیرییەتی شاعیر ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی پلەی شیعرییەت هەیە.

هەموو ئەو داهێنانە لای نووسەری دەق، لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هونەری هەڵبژاردنی دەستەواژەو ڕستەکانو ئیش کردن لەنێو پێکهاتەی دەقەکەدا، دەبێتە کاری ئەو، کەواتە گرنگیدان بە ئاستەکانی زمانو پێکهاتەکەی، گرنگیدانە بە دەرخستنی شیعرییەت. ئەمەش لە نێو زمان نا، بەڵکو بە هۆی زمانەوە، چونکە ئەدەبییەتی دەق بە هاوڕێکی تەبایی دیار دەکرێ، کە ((دوو پرۆسەی بە دواییەکداهاتوو بن لە کاتو هاویەك بن لە ئەرکدا، ئەم دوانەش بریتین لە هەڵبژاردنی

* وەك (نالی، قانع...)

ئامرازەکانی دەربڕین و پاشان ئاوێتە کردنیان لەگەڵ هەندێك لە یاساکانی ڕستەسازی)) [19:94] ئەمەیان لە رووە سیمانتیکیەکە وەك لایەنێکی زمانی بۆ دەق، دەشێ بایەخ دانیش بە ڕووی پێکهاتەی وشەوە هەروەك (نعوم چومسکی)* بونیادی ژێرەوەو بونیادی سەرەوەی دەستنیشان کرد، کە ئەمە بۆ خۆی تا ڕادەیەکی باش بەهای وشەی دەرخست، بەوەی وشەکە لایەنە سیمانتیکیەکەی وەك بەرگێك بەسەر داهات، کە بەهای شیعرییەتی دەق لە چوارچێوەی وشەدا نیشان دەدات.

لەنێو کایەی ئەدەبیدا زمان وەك هێڵێکی ڕاست وایە هەردوو جەمسەرەکەی بریتین لە ئیستاتیکاو شیعرییەت و، کاردەکاتە سەر شێوازی کارکردنیان و دەبێتە ڕێڕەوێك و بە نێویدا بۆ نێو پێکهاتەی دەقی ئەدەبی تێدەپەڕن، کاتێکیش لەو ئەنجامەدا شیعرییەت لە نێو دەقێکدا خۆی سەپاند، وەك ئاماژەمان پێدا، نەخش و جێ دەستی ئەندازەیی نووسەر ئاشکرایە، وێڕای لێزانی لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکان، چونکە وەك (عەزیز گەردی) دەڵێ ((جوانی وشە کاریگەری وشە، سیحرو ئەفسوونی وشە، لەو هەست و سۆزەدایە، لەو وێنەو تاقیکردنەوانەدایە کە ئەیبزوێنێ و بەرپای ئەکات، هەروەها لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زیندووی گیاندار ئەو هەموو مانایەی تیایا کۆبوەتەوە، دەری ببڕێ و پیشان بدا جا لەمە بەدەر هیچ مەرجێکی تر نییە، هەر ووشەیەکی بیگری ئەتوانی گیانی پێ ببەخشی و بیکەی بە ووشەیەکی (شیعری) )) [62:1]، ئەم گیان بەخشینە بە وشەو بەرگکردنی بە شیعرییەت، دەشێ لەو پەیوەندییانەی نێو دەق دروست بێ، کە وشە لەگەڵ دەوروبەری خۆی و چۆنیەتی لەباری بارودۆخەکەی و نهێنی دانانی و جیاکردنەوەی لە وشەیەکی دیکە، هەیەتی. هەموو ئەمانە ڕێگا خۆشکەرن بۆ سەربەخۆ بوونی وشە لە ڕووی واتاو لە هەمان کاتدا پەیوەست بوونیشی بە ڕایەڵێکی گونجاوی نێو دەق، کەپێکەوە بەهای

---

* ئیفرام نعوم چومسکی، لە ساڵی ١٩٢٨ لە ویلایەتی (فیلادلفیا)ی ئەمریکا لەدایك بووە، قۆناغی یەکەمی لە زانکۆی (پەنسلڤانیا) خوێندووەو پاشان بڕوانامەی ماستەری لە هەمان زانکۆ لەساڵی ١٩٥١ بەدەستهێناوەو لەساڵی ١٩٥٥ دکتۆراکەی لە ژێر ناوی (بونیادی لۆژیکی تیۆری زمان) بوو، خاوەنی تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە، تا ئێستاش بەرهەمەکانی کاریگەرییان بەسەر زمان و سیاسەتدا هەیە. [109:179]

شیعرییەت زیاد دەکەن. (ئەدۆنیس)* پێی وایە ((شیعرییەت بەماناوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە واژە دایە، لێرەدا بەهای شیعرییەت وەك كورتكردنەوەیەك لە زمانەوە هەڵدەقوڵێ)) [9:27]، هەڵبژاردنی وشە لە چوارچێوەی كاركردن لە بونیادی زمانەكەی، كەرەستەیەكی گرنگە بۆ شیعرییەت بەخشین بە دەق، چونكە كرۆكی گۆڕانكاریو ئاراستە گۆڕین لە بونیادی دەنگو وشەو ڕستەكانی دەق دەست پێدەكات، ئەگەر هەموو پیشەیەك كەرەستەی خۆی هەبێ، ئەوا ((لە بەرامبەر هونەرمەندی ئەدیب تەنیا یەك كەرەستە هەیە، ئەویش واژەیە)) [36:145]، ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەك گرنگی پێدەدرێ، كە بیرو هەستو مەبەستی نوسەر فەرامۆش دەكات، بەجۆرێك شاعیرێكی وەك (مالارمێ**) دەڵێ:((ئێمە بە وشە دێرە شیعر دادەهێنین نەك بە بیر)) [41:90].

هەرچی (عەزیز گەردی)یە، پێی وایە شیعرییەت تەنیا لە وشەكەدا نییەو وشەكە خۆی لە وشەكانی تر جیا ناكاتەوە، بەوەی كە ئەو شیعرییەتی تێدایەو ئەوانی تر نا، بەڵكو ((پەسەندی و جوانی و شیعریەتی ووشە لەو مانا قووڵ و هەستە خەستە شاراوەدایە كە تیایەتی)) [61:1] و بە واتایەكی تر وشەكە خۆی هێزو كاریگەری نییە ئەگەر دەوروبەرەكەی لە نێو سیاقی دەقدا لەبار نەبێ ((جا ئەو وشەیە هەرچی وشەیەك بێت؟ و هەر چۆن بێت؟ واتە شوێنی بەكارهێنانی ووشەكەو چۆنیەتی

---

* شاعیرو ڕەخنەگرێكی سورياييە، ناوی عەلی ئەحمەد سەعیدە، لەساڵی ١٩٣٠ لە گوندی (قەصابین)ی هەڵكەوتوو لە نێوان (لازقییەو تەرتووس)ی سوریا لەدایك بووە، لەبەر هەژاری تا تەمەنی چواردە ساڵی نەنێردراوەتە قوتابخانە. كۆمەڵێك بەرهەمی شیعریو لێكۆڵینەوەی چاپكراوی هەیە، لەوانە (پێشەكییەك بۆ شیعری عەرەبی– مقدمة للشعر العربي (١٩٧١)، سەرەتایەك بۆ كۆتاییەكانی سەدە– فاتحة لنهايات القرن(١٩٨٠)، زەمەنی شیعر– زمن الشعر(١٩٨٢)، شیعرییەتی عەرەبی– الشعرية العربية(١٩٨٥)، سیاسەتی شیعر– سياسة الشعر(١٩٨٥)، قسەی سەرەتاكان– كلام البدايات (١٩٨٩)، سۆفیزمو سوریالیزم– الصوفية والسوريالية(١٩٩٣)، ئەتۆ ئەی كات– ها انت ايها الوقت(١٩٩٣)، دەقی قورئانو ئاسۆكانی نووسین– النص القرءاني وافاق الكتابة(١٩٩٣)....هتد [188,10:70]

** ستیڤان مالارمێ Stephane Mallarmé (١٨٤٢–١٨٩٨ز)، شاعیرێكی فەرەنساییە. لە دیارترین بەرهەمەكانی: پاش نیوەڕۆی خواوەندی كێڵگەكان( ١٨٧٦). [1165:218]

دامەزراندنی نرخی ووشەکە دیار ئەکاتو ئەی کا بە ووشەیەکی شیعری، نەك ئەو شیعرییەتە خاسەویژێکی سەربەخۆ بێتو لە خودی وشەکەوە بێت)) [62:1].

لە نێوان ئەم دوو ڕایەدا، پێمان وایە ئەگەر پشکی گەورە بەر ئەو ڕایە بکەویٚ، کە واژەی لە شیعرییەتدا بە هەند داناوە، ئەوا دەبیٚ لە ناساندنی واژە (لفظ)یشدا تەنیا بە نیشاندانی ڕووخسار نەوەستین، ئەوەندەی ئاشکرایە، کە واژە یان دەربڕینەکە، دان پێدابنێن یان نا، پەیوەستیەکی بە واتاوە هەیە. چونکە هەبوونی و گرنگیدان پێیو هێزو کاریگەرییەکەی، هاوشان لەگەڵ ڕووخساریدا، واتایەکەی، خۆی پێوە بەند دەکات. ئەگەرچی لەو بۆچوونانەدا، خۆمان لە مەبەستو ناوەڕۆك نادەین، بەو پێیەی سیاقی گشتی واتای دەقن، بەڵام خودی واتا، یان دیوی ناوەوەی وشەکە هەر تەنیا بە ڕووکاری وشەکە پەیوەستە. لەبەرئەوە واتا، هاوشان لەگەڵ لایەنی هەڵبژاردنو جوانی دەربڕین، لە چوارچێوەی دەقدا پێکەوە بەهای شیعرییەت بەرز دەکەنەوە. کەواتە دەربڕینی دەستەواژە کاتێك ئەم گرنگییەی پێدەدریٚ، لە دەرەنجامی بارگاوی بوونیەتی بەواتاو دیوی ناوەوەو هێزو کاریگەری وشەکە خۆی، تا ڕادەیەك دەربڕینەکەی وا ساناو ڕەنگین کردووە، پلەی ئیستاتیکای بەرز بۆتەوەو لە هەمان کاتیشدا دەشیٚ ناوەڕۆك بەگشتی بە هەمان نەخشو جوانکاری دەربڕین، ئاراستەی خۆی بگۆڕیٚ.

## ٣- شیعرییەت و ڕەوانبێژی:

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی مێژووی شیعرییەت بگەڕێینەوە، دەبینین (ئەرستۆ) لە شیعرییەتی خۆیدا نەیتوانیوە، خۆی لە هەندێك زاراوەی ڕەوانبێژی، وەك بەشێکی گرنگ لە بنچینەی دەقی شیعری و ئیستاتیکا و شێوازگەری ببوێرێ، وەك (خواستن و خوازە)، بەڵام لەگەڵ ئەوانیش بایەخی بە ڕێساکانی گوتاری ئەدەبی و هونەری داوە. لەبەرئەوە ڕەوانبێژی وەك زانستێکی جوانکردنی دەربڕین لەگەڵ شیعرییەت سنووری کارکردنیان جیاوازە. ((ئەرستۆ ڕەوانبێژی لە شیعرییەت جیاکردەوەو بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەوانبێژی کرد، کە هونەری توانا بوونە لەسەر ڕازی کردن و سەلماندن (فن القدرة علی الاقناع) و وەك هونەری لاساییکردنەوەو نواندن، ڕەفتاری لەگەڵ شیعرییەت کرد [85:169]، بەڵام ئەوەندە هەیە هەردووکیان لە هەندێك ئەرکدا لێك نزیك دەبنەوە، ئەگەر ڕەوانبێژی بە بنچینەو یاساکانی دەربڕین دابنێ و لە چوارچێوەیەکی ئیستاتیکیدا بخولێتەوەو دەربڕین لە ئاخاوتنی ئاسایی جودا بکاتەوە. ئەوا شیعرییەت، ڕێسا بۆ تەواوی دەق دادەنێ و زمانەوانی و ئیستاتیکاو ڕەوانبێژی لە خۆیدا هەڵدەگرێ و (سنووری لە ڕەوانبێژی فراوانترە، چونکە ڕەوانبێژی، لێکۆڵەرەوان پابەندیان کردووە بە چەند یاساو ڕێسایەك، هەرچی شیعرییەتە لە دەرەوەی ئەو یاسایانەو بە تێڕوانینێکی گشتی لە چەمکی شیعرو پرەنسیپەکانی دەکۆڵێتەوە) [62:85]، لە دەقێکی ئەدەبی کە ڕەوانبێژی بە ڕێژەیەکی زۆر کاری لە نێو دەقەکە کردبێ، دەربڕینەکان کەرەستەی سەرەکی ڕەهەندی ئەو جوانکارییانەن و بە هەر یەکێك لە ئیستاتیکا، یان ڕەوانبێژی بارگاوی بووەو شێوازێکی شیعری نیشان دەدات و لەو هەولانە نزیك دەبێتەوە بۆ دۆزینەوەی شیعرییەت. لەسۆنگەی ئەوەش جوانکاری بەشێکە لە ڕەوانبێژی و ڕەوانبێژیش کار بۆ جوانکردنی وشەو واتا دەکات، لەبەر ئەوە ((ڕەهەندە وێنەیی و خەیاڵی و ئیستاتیکا و جوانکارییەکانی نێو دەق پێکهاتەیەکی یەکلاکەرەوەن بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی شیعرییەت)) [15:71] .

**بەهێزکردنی وشەو دەربڕینەکان لە ئامانجەکانی ڕەوانبێژییەو ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخیش دەربڕینخوازی بۆ خۆی خواستووەو تێیدا لە پلەکانی یەکەمو لەنێو ئامانجەکانی زمانی دەقدا، ئیستاتیکاو جوانکاری داناوە. وەك (د.صلاح فضل)یش پێی وایە دەربڕینخوازی (تعبيرييەت) پتر هونەریترەو پەیوەندییەکی بەهێزیشی بە تیۆری شیعرییەت هەیەو شێوازی شیعرییەتیش، کە بە دەربڕینخوازی ناونراوە، بەرهەمی شێوەیەکی زمانی ئەدەبییە، کە ئەمەش لە چالاککردنی میکانیزمەکانی هاوتەریبیو خواستنو ڕەمز [71:30-31]، وەك بەشێکی گرنگی نێو زانستی ڕەوانبێژی دێتە کایەوە.**

**کەواتە مادام شیعرییەت شێوەیەکی زمانی ئەدەبیو دەربڕینخوازیش سیماو خاسیەتی بەرهەمی شیعرییەتەو لە نێو خۆیدا لە گەڵ بونیادی زمان ئاوێتە بووە. ڕەوانبێژیش لە ڕوانگە زمانیەکەدا کار لە سەر ڕەوانکردنو بەهێزکردنی بەهای دەربڕین دەکات، بۆیە لە نێوان ڕەوانبێژیو شیعرییەتدا، هاوئەرکییەك دەبینریو هەموو ئەو تێڕوانینو بۆچوونانە بوونە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵەی (مو[*]) کار لەسەر ئەوە بکات کە چەمکی (شیعرییەت) بۆ (ڕەوانبێژی) بگۆڕنو ئەرکی ڕەوانبێژی جێگای ئەرکی شیعرییەتی گرتەوە، کە (جاکۆبسۆن) بە (ئەرکی شیعرییەتی) ناو نابوو. ئامانجیش لەوە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی زمان بوو بۆ نێو دەق [152:20]، بەڵام تەنیا ڕەوانبێژی بەس نییە، کە جێگای شیعرییەت بگرێتەوە، چونکە شیعرییەت هەر تەنیا پەیوەست نییە، بەو ئەرکانەی کە ڕەوانبێژی هەیەتی، بەڵکو هەمەلایەنتر لەگەڵ دەق کارلێك دەکاتو بە گوتەی (تۆدۆرۆڤ): ((ئامانجی شیعرییەت بە گشتی، دۆزینەوەی بونیادی شاراوەیە لە گوتاری ئەدەبیدا، واتە ڕاڤەی کرۆکی ئەدەبیەتە زیاتر، لەوەی ڕاڤەی مەغزای کارە ئەدەبیەکان بێ)). [116:53] ئەم بونیادە**

---

[*] **کۆمەڵەی (مو): (Groupe(Mu: پێکهاتبوو لە هەریەك لە ج.دیبوا (Jacques Dubois)و ف.ئایدلین(F.Edeline)و کلینکانبارغ (J.M.Klinkonberg)و مینقای (P.Minguet)و پیر (F.Pire) و ترینۆن (H.Trinon) کە لە دانانی ڕەوانبێژی گشتیدا بەشدارییان کرد. [78:254]**

شاردراوەیە تەواوی گوتارەکە ناگرێتەوە، چونکە دەق بەهەموو پێکهاتەکانی ناویەوە، نابێتە بابەتی شیعرییەت، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییە گشتیو بەرزانەیە، کە پاڵیان بە دەقێکەوە داوە لە شێوەی دەربڕینو کرۆکی ژانرە ئەدەبییەکان گیرساونەتەوە. [5:157]

ڕەوانبێژی وەك زانستێك لە پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق دەکۆڵێتەوەو لەو میانەدا لەگەڵ زمان پەیوەندی دەبەستێ، جا دەقەکە دەقی شیعری بێ، یان پەخشان. گرنگ کارلێك کردنیەتی لەگەڵ زمان و پێکهاتەکەی، چونکە ڕەوانبێژی ((بەکایەی گشتی زمان پەیوەستەو ئەویش لە هەموو ژانرەکان هاوبەشە وەك چۆن لە دێرە شیعردا هەیە، لە پەخشانیش هەیە)) [34:96]

بەشێك لە ڕەوانبێژی دەچێتە بواری (لادان)، جا لادانەکە زمانی بێ، یان دەلالی. چونکە ئەم لادانە لە شێوازو ئاخاوتنی ئاسایی، ڕەوانبێژی دەسازێنێو بەهای دەق بەرز دەکاتەوەو شیعرییەت دادەهێنێ، بۆیە ئەگەر ڕەوانبێژیی کۆن تەنیا ئەرکی ئیستاتیکای دەربڕین بوو لە چوارچێوەی هەندێ ڕێسای داندراو، ئەوا (لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست جارێکی تر گیان بەبەر ڕەوانبێژیدا کراوە، بەو پێیەی لێکۆڵینەوەی بونیادی گوتارە)) [85:169] و ئەوەی (جان کۆهین)یش هەوڵی بۆدا نوێکردنەوەی ڕەوانبێژی بوو، نەك بە شێوە کۆنەکەی، بەڵکو بەبەرگێکی تازە، چونکە پێی وابوو، ڕەوانبێژیی کۆن ناتوانێ هەموو وێنە جیاوازەکان لە بونیادێکی هاوبەش کۆبکاتەوە. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە شیعرییەتە لە نێوان سەرواو خواستنو پاشخستنو پێشخستن، کە ڕەگەزی ڕەوانبێژین، پێویستە بونیادێکی هاوبەش هەبێ، کە کاریگەرییەکی جوانکاریو ئیستاتیکی ببەخشێو لە هەمانکاتدا یاساکانی زمان ببەزێنن. لەبەرئەوە ڕەوانبێژیی کۆن، ڕەوانبێژییەکی شێوەیی بوو، هەرچی شیعرییەتی بونیادگەرییە لە شێوەی شێوەکان دەکۆڵێتەوەو لەیەك بونیادی دەقدا سەروا هۆکارێکی دەنگییە لە بەرامبەردا، خواستن هۆکارێکی دەلالی دەبێ. [188]

پەیوەندیی شیعرییەتو زمانەوانی بە جۆرێك بە ناویەکدا چووە، دەشێ زمانەوانی بەو پێیەی سەروکاری لە گەڵ هەریەك لە (ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا) هەیە، پێکەوە لە

هەندێك ڕەهەندەوە ڕەفتار لەگەڵ شیعرییەت بکەن، چونکە زمان هەندێ جار، بەرگی هەریەك لە ئیستاتیکاو ڕەوانبێژی، دەپۆشێ و دەربڕین بە ڕەگەزی هونەری و جوانکاری بارگاوی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە (جاکۆبسۆن) دەڵێ:((بابەتی شیعرییەت بەر لە هەرشتێ پرسیاری: چی وادەکا پەیامێکی واژەیی(لفظ) هونەری بێت؟ وەڵام دەداتەوە)) [24:148] ئەو پەیامە واژەییەش بەر لەوەی خۆی بخاتە نێو چوارچێوەیەکی هونەری، لە نێو چوارچێوەیەکی زمانی دایەو زانستی زمانەوانی لە ئاستەکانی دەنگ و وشەو ڕستە دەکۆڵێتەوە، کەواتە لێرەدا شیعرییەت لەگەڵ ئاستە هونەرییەکەدا هاویەك دەبێ، بەم شێوەیە ((شیعرییەت گرنگی بە پرسەکانی بونیادی زمانی دەدات، وەك چۆن وێنە گرنگی بە بونیادی وێنە دەدات، زمانەوانیش زانستێکی هەمەلایەنی بونیادی زمانە، بۆیە دەشێ شیعرییەت بە بەشێکی جیانەکراوەی زمان دابنێین)) [24:148] بە شێوەیەك نهێنی دەق، لە ڕێی شیکارەکانی زمانەوانی بدۆزینەوەو بەهۆیەوە هونەرکاری و جوانکاریی زمان و شێوازی تایبەتی نووسەر ئاشکرا بکەین.

ڕێبازەکانی ڕەخنەی نوێ لە زۆر ڕێگای جیاوازەوە، هەوڵیان داوە ئیستاتیکای گوتاری ئەدەبی بدۆزنەوە، بەوەی سیستەمێکە لە کۆمەڵێك یەکەی گوتاری پێك دێ و بە تایبەتمەندییە زمانییەکان دەناسرێتەوە. کە لە دەوروبەرێکی هەواڵدانییەوە بۆ ئەرکە جوانکاری و کاریگەرییەکەی دەچێ.

لێکۆڵەری ئەدەبی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بدۆزێتەوە بەرەو ڕووکارە زمانییەکە دەچێ، واتە بۆ بونیادی دەنگی و ڕستەسازی و دەلالی دەچێ، چونکە لە بەرامبەر گوتارێکی ئەدەبی وایە، کە زمانی ئاسایی بەکار نەهاتووە، بەلای (جان کۆهین)یش خوێندنەوەی گوتاری ئەدەبی پەیامێکە بەرەو خودی خۆی دەچێ. ئەگەر زانستی زمان لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان بکۆڵێتەوە، ئەوا ئەو زانستەی کە لە ئاستەکانی شیکردنەوەی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، پێی دەگوترێ (شیعرییەت). [188]

## ٤- شیعرییەت و شێوازگەری:

لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی شێواز وەك زانستێكی سەربەخۆ، شیعرییەتیش پەرەسەندنی بەخووە بینی، چونكە هەردووكیان هەڵسوكەوت لەگەڵ بونیادی دەقدا دەكەن و بە ناویەكدا دەچن. وەك چۆن ((شێوازگەری لە تایبەتمەندییەكانی زمانی دەكۆڵێتەوە، كاتێك گوتارێك لە باری هەواڵدانەوە بۆ ئەركێكی كاریگەرو ئیستاتیكی دەگۆڕێت)) [36:78]، بەهەمان شێوەش شیعرییەت لەو چوارچێوەیە دەكۆڵێتەوە، كە شێوازگەری لەسەر بنیاتنراوە، چونكە بەهای ئیستاتیكاو ڕەوانبێژیو ئەدەبییەتی دەق بە پێوەری شێواز لە یەكتری جودا دەبنەوە، هەموو ئەمانەش كار لەسەر دەربڕین و چۆنیەتی دەربڕین دەكەن، تا دەگاتە لای وەرگر. بەم جۆرە ((شیعرایەتی نویێ (شیعریەت) بە جەختكردن لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی گوتن نەك چی گوتن، زمانی شیعر بە ئامرازێكی گرنگی جێبەجێكردنی ئەو ئەركە دادەنێت)) [39:8] چۆنیەتی گوتنیش ناسنامەی دەربڕینخوازییە لە نێو دەقدا، جا دەقەكە پەیوەندی بەهەر ژانرێكەوە هەبێ.

زمان وەك چۆن هێڵێكی نەپچڕاوە بە نێو كایەكانی دەقدا، شیعرییەتیش هاوشانی ئەو، لە نێو دەقدا خۆی دەدۆزێتەوە. مادامیش ((شیعرییەت لقێكە لە لقەكانی زمانناسی)) [10:176]، كەواتە كارە زمانیەكانیش پەیوەندییان بە شیكردنەوەو لێدوان لەسەر بونیادو ئاستەكانی دەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازییەوە هەیە، بونیادی هەردەقێكی ئەدەبیش لەم ئاستانە خاڵی نیە، لێك جیاكردنەوەی بونیادی هەركامێك لەمانەو لێكۆڵینەوەیان دەچێتە نێو شێوازگەرییەوە. چونكە هەر شێوازی شیعرییەتە ((ڕۆڵی نیشاندانی ئیستاتیكای كاری ئەدەبی هەیەو پلەو ئاستی ئەدەبییەتی دەقەكە، بەجیاوازی لەگەڵ دەقەكانی تر دەردەخات)) [10:176] لە نێو زانستی شێوازگەریشدا ئەگەر وردتر بڕوانین، شێوازێك هەیە پێی دەگوترێ شێوازگەریی وەسفی، لە پەیوەندی ئاخاوتنێك بە هوردەیە، كە تایبەتە بە خودی زمان و لە نێو خەڵكی ئاساییدا بڵاوە، لەمیانی ئەم پەیوەندییەو پشت بەستن بەم شێوازە لەسەر كۆڵەگەی لادانی زمانیدا، كە زمان لە ڕێڕەوی ئاسایی

خۆی دەردەچێ. ئەمە بنچینەیەکە بۆ دۆزینەوەی شیعرییەتی ئەدەب، کە سیمایەکی جیاکەرەوەیە بۆ داهێنەران و ئاستی داهێنەران لە کەسانی دیکە جیادەکاتەوە [11:176]، بۆیە ئەگەر لادانی زمانی لەسەرێکەوە پەیوەندی بە زمان هەبێ، لەلایەکی دیکە شێوازگەری، شێوازی لادانەکە دیار دەکات و وەك کەرەستەیەك لێکۆڵینەوەی لەسەردەکات، تایبەتمەندیی شیعریی دەقەکە لە چوارچێوەی نائاسایی بوونی زمان دیار دەکات، هەموو ئەم هەنگاوانەش دەچنە خانەی شیعرییەتەوە و ((شیعرییەت دەبێتە زانستی شێوازی شیعری)) [15:90].

لێرەدا شێوازگەری، پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو زانستانە ئاساییە کە کار لە بونیادی دەق دەکەن، چونکە کاری شێوازگەری، خستنە ڕووی پلەی شێوازی کاریگەری ئەو توخمانەیە لە نێو دەق و شیکردنەوەی تایبەتمەندێتی گۆڕانکاریی ئاستەکانی پێکهاتەی دەقە. شیعرییەتیش لەو شوێنەوە پەیوەندی لەگەڵ شێوازگەری دەبەستێ، کە خودی خۆی لەبەرەنجامی لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکانەوە بەرهەم هاتووە. لەبەرئەوە هەموو سیما شێوازگەرییەکانی دەق دەڕژێنە نێو شیعرییەتەوە. [15:201] لە لایەکی دیکەوە شیعرییەت و شێوازگەری لەنێو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و زمانییەکانیش هاوبەشی دەکەن بە جۆرێك ئەوەی بەیەکەوەیان گرێ دەدات، زمانە، وەك کەرەستەیەك بۆ دەرخستنی ڕەهەندە جوانیناسیەکان. لەم ڕووەوە شێوازگەریی زمانی، پشت بە زمانەوانی و شیعرییەت دەبەستێ.

پەیوەندی لە نێوان ڕەوانبێژی و شێوازگەری لەلایەك و شیعرییەت لەلایەکی تر هەیە، شیعرییەتی ڕەوانبێژی لە پێکهاتە (مقومات) ڕەوانبێژییەکان ورد دەبێتەوە، لە کاتێکدا کە شیعرییەتی شێواز چارەسەری ئەدەبییەتی دەق دەکات، کە ئەو دەقە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانیکی پڕ ئیستاتیکا و جوانکاری تێدایە.[19:87]

شیعرییەت و شێواز هەردووکیان لە شوێنێك بەیەك دەگەن، کە تیۆری داهێنانی پێکهاتەکانی دەق لە ئاستێکی بەرزدا بێ، چونکە لە ئاخاوتنی ئاسایی و دەقێکی دوور لە سیما ئیستاتیکی و ڕەوانبێژییەکان، شێواز بەلاوازی دەردەکەوێ. بە شێوەیەك پەیوەندی ئاسایی نێوان دال و مەدلول و لێك نزیکبونەوەیان، گۆڕانکارییەك

لە شێوە ئاساییەکەی دروست نابێ. لەبەرئەوە تا پەیوەندیو سنووری نێوانیان لێك دوور بێ، شیعرییەت فراوانتر دەبێ.

زمان لە شێوازە سروشتییەکەی خۆی تووش زەلاندن دەبێ. شێوازیش ((بۆ پێکهاتنو ڕێك بوونی پشت بە پێوەری لادان لە واژەو ڕێسا گشتیەکان دەبەستێو هەر جیاوازیەك لێی دەبێتە هۆی جیاوازی لە شێوان)) [107:124] لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی شێواز جۆرە لادانێکە لە پێکهاتەی دەق، ئەم لادانەش پەیوەندییەکی بەناویەکدا چووی بە زمانێکی تازەو بەکارهێنانی ڕەوانبێژییەکی تازە هەیە، بەتایبەتی تا یاساکانی زمانەکە ببەزێنرێن، شێواز دەگاتە پلەیەکی بەرزتر، بەبێ جیاوازی دەق لە ڕووی ژانرەوە. بۆیە ئەگەر هەر دەقێکی ئەدەبی وەربگرین کە شیعرییەتی تێدا لە پلەیەکی بالا بێ، یا شیعرێك، کە سیماکانی ئاستی دەنگیو دەلالی تێدا دەرکەوتبێ وەك بنەمایەکی شیعرییەت ((دەشێ لەو بارەدا شیعر وا پێناسە بکەین، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی زمان، شیعرییەتیش شێوازی ئەو زمانەیەو پێشنیاری زمانێکی شیعری دەکاتو لە نێویشیدا لە بنەمای پێکهاتەکەی دەکۆڵێتەوە)). [16:90]

گەلێك جار پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقێکی زیندوو لە بەکارهێنانی سیستەمی ڕەوانبێژیی زماندایە، لێکۆڵینەوە لە بونیادی گشتی دەقەکە، لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی تایبەتی خودی دەق، کە تێیدا سیماو ئەدگارە ناباوە تایبەتیەکان دەستنیشان دەکات، کۆی ئەم پرۆسەیە بەشێکە لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت.

ئەگەر دەقی چیرۆکێك، یان هەر ژانرێکی ئەدەبی، بە پێی زانستی شێوازگەری، لێی کۆڵدرایەوەو لەم ڕووەوە دیاردەی شێوازی شیعریو ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیو لادانەکان، کەرەستەی لێکۆڵینەکەنو بونیادی ئەم شێوە کارکردنەش لەنێو پێکهاتەی دەق، شیعرییەت دەسازێنێ. کەواتە شیعرییەتو شێوازگەری تەواوکەری یەکترنو هەر لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی، لە ئاڕاستەیەك لە ئاڕاستەکان، پەیوەندی بە شیعرییەتەوە هەیە. بە دیوێکی تریش ڕوونترین ڕێگا بۆ

دۆزینـــەوەی شـــیعرییەتی دەق، پـــەیڕەوکردنی ڕێبـــازی شـــێوازگەرییەو بـــە هۆیـــەوە وردترین خاڵی شیعرییەت دەدۆزرێتەوە.

### ٥- شیعرییەتو سیمیۆلۆژیا:

دوای ئەوەی پەیوەندی شیعرییەتمان لەگەڵ چەمکەکانی تر خستە ڕوو، زانستی سـیمیۆلۆژیاش کـە لـە پارچـە بـچوکەکانی دەق دەڕوانـێ، لـەو دووڕیانـەدا لەگـەڵ شیعرییەت بەیەك دەگەن، کە هەردووکیان وشەو دەربڕین بە دەقێکی تەواو دادەنێن، لەو ڕوانگەوە سیمیۆلۆژیا ڕەفتار لەگەڵ ناساندنی نیشانە دەکاتو بنەماکانی تیۆری داهێنـان لـە وشـەدا نیـشان دەدات. لەلایـەکی تـر بـە ئـەرکی خـۆی دەزانـێ، کـە لـە پەیوەنـدی نائاسـایی کەرەسـتەکان بکۆڵێتـەوە، بەتایبـەتی لـە لێـك ترازانـی دالو مەدلولـدا. لێـرەدا هەریەکـە لـە شـێوازگەریو ڕەوانبێـژیش وەك کەرەسـتەیەك یارمەتیدەرن بۆ هاتنە کایەی ئەرکە سیمیۆلۆژییەکە.

سیمیۆلۆژیا دەبێتە هـۆی ناساندنی زیاتری چەمکی شیعرییەت، چونکە ئەگەر ئەدەبییـەت بـە واتـا گـشتیو فراوانەکـەی جێگـای شـیعرییەت بگرێتـەوە، ئـەوا ((پێناسەی ئەدەبییەت بەگوێرەی تیۆری سیمیۆلۆژیای ئەدەب، جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبییە لە دەقی نائەدەبی..)) [36:160]، بەم پێیە هەردوو چەمکی شیعرییەتو ئەدەبییـەت پێـوەرێکی سـیمیۆلۆژی دەیانناسـێنێو لـەو تێڕوانینـەوە سـنوورو ئەرکەکانی دەستنیشان دەکرێ.

پرسی زمانو لادان لەپێکهاتەو ئاستە دەلالییەکەی، وەك چۆن بنەمای پێکهاتنی شـیعرییەتن، لەهـەمان کاتـدا بزوێنـەری زانـستی سیمیۆلۆژیاشـنو لـەو ڕوانگەیـەی هـەموو کەرەسـتەکان ئامـادەیی لادانیـان تێـدا هەیـەو دەتـوانن شـێوازێکی هونـەری وەربگرن، چونکە ((دەشێ هەموو دەقێك بۆ چەند یەکەیەکی هونەری شیتاڵ بکرێ)) [58:111]، ئەم یەکە هونەرییانە لە بونیاد دا سیمیۆلۆژیا ڕێکیان دەخاو دواجار لە ئاستی شیعرییەتدا خۆیان دەبیننەوە، هەروەها لێك ترازانی کەرەستەکانی دەربڕین، بەتایبەتی ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان دالو مەدلول، لە ڕەهەندە سیمیۆلۆژیاکە وەك بونیـادێکی هونـەری تەماشـای دەکـرێو بـە ئـەرکی خـۆی دەزانـێ نەگونجانەکـە

**قوولْ بكاتەوە، بەلاّم لە چوارچێوەی پەیوەندییەكی دیاریكراوو مەبەستداردا، پاشان لەنێو چوارچێوەی شیعرییەتدا بەها كاریگەرییەكەی دەردەكەوێ، كە لای وەرگر دەقێكی جیاوازتر لە دەقە ئاساییەكە دەخولقێنێ، وەك بەهای وێنە لەنێو شیعرییەتدا لە كاریگەری و داهێنانە تازەكەیدا دەسەنگرێتەوە، كە لە ئەنجامی ئەركە سیمیۆلۆژیاكە بەرهەم هاتووە، ئەمە سەردەكێشێ بۆ فرەواتایی و فرە دەنگی بونیادی دەق، كە دواجار لەنێو ئەو راڤە جیاوازانەدا هێرمۆنتیكا (تأویل) دێتەكایەوە، كە بنەمایەكی سەرەكییە بۆ مانەوەی دەق بەشێوەیەكی زیندووو بەستنی پەیوەندییەكی كاریگەرە لەگەلْ وەرگر، كە وادەكات ((دەق بۆخۆی قسە بكات)) [20:111]. ئەم قسەكردنە سەربەخۆیی واتای دەق دەپارێزێ و راڤەو لێكدانەوەی جۆراوجۆر هەلْدەگرێ، ئەم لێكدانەوە جیاوازەش پلەكانی سیمیۆلۆژیا بەرزدەكاتەوە، كە لەو پەیوەندییەدا لەگەلْ هەندێك بنەمای بونیادگەری یەكدەگرێتەوە، بەتایبەتی لە بونیادە زمانییەكەیدا، كە بەشێكی شیعرییەت پێك دێنێ. كەواتە سیمیۆلۆژیا لە ئاستەكانی زمان و بنەما دەلالییەكانی هونەری دەق لەگەلْ شیعرییەت بەندیوار دەبێ و لە رەهەندە جوانكاریی و داهێنانكارییەكاندا، بە تەواوكەری یەكتری دادەنرێن.**

* * *

**هەموو ئەو پەیوەندییانەی باسكران، پەیوەندی شیعرییەت بوو لەگەلْ چەمكەكانی تر، لە چوارچێوەی بونیادی ناوەوە، وەك شێواز و كەرەستەكانی پێكهێنەری دەق. ئەوەی پێویستە فەرامۆش نەكرێ پەیوەندی شیعرییەتە لەگەلْ ئاستی دەرەوەی دەق، چونكە هەر تەنیا زمان و پێكهاتەكەی نابێتە بابەت بۆ شیعرییەت، بەلْكو گوتاری ئەدەبی بە هەموو پێكهاتەكانییەوەو بە كاریگەری پەیوەندییەكانی ناوەوەو دەرەوەش، بابەتی شیعرییەتە. بە شێوەیەكی گشتیش پەیامی شیعرییەت نائاسایی بوونی واتاو گواستنەوەی كاریگەرییە بۆ خەیالْو گوێچكەی وەرگرو ئەم كاریگەرییەش ڕەهەندێكی جودا لە دەقەكانی تر ببەخشێ و تەنیا لە ڕووی ئاوازو ڕیتم كاریگەر نەبێ، چونكە ((ئەوەی كە شیعرو شیعرییەت لە پێناسەكردن جیا دەكاتەوە، ئەو پێوەندییە ڕەهاییەیە كە شیعرییەت لە گەلْ وەرگردا**

**هەیەتی)) [198:53]، پێوەری زیندوێتی دەق و داهێنەریی نووسەر لە ئاسایی بوونی پەیوەندی نێوان وەرگرو دەق دایە، بە واتایەکی تر هەستکردن بە دۆزینەوەی شیعرییەت لای وەرگر(خوێنەر) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام دەشێ بەو جۆرە بیناسێنین کە شیعرییەت تایبەتە بە چەمکی داڕشتنی جوان، کە توانای کەمەندکێش کردنی وەرگری بۆ خۆی هەبێ [111:125]، چەمکی خوێنەرو وەرگر چەمکی نوێن، لە سەردەمی (ئێدگار ئالان پۆ) * هاتەکایەوە، بۆئەوەی گرنگی بە (خوێنەر) بدرێ، ئەم دیاردەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گرنگی زیاتری پێدرا، (ئیڤانکوس) ناوی ناوە (شیعرییەتی وەرگر) ئەم جۆرە شیعرییەتە ڕکابەری لەگەڵ (شیعرییەتی دەق)دا دەکات، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست باوبوو، دواتریش (شیعرییەتی نێرەر) پەیدا بوو. [166-165:96]**

**ئەم کەمەندکێش کردنی وەرگرە، دەشێ لە زۆر باردا گشتی بێ، بەڵام چۆنیەتی دۆزینەوەی شیعرییەت و هەستکردن بە بنەما جوانکارییەکان و نهێنی ناوەوەی دەق، وەرگرەکان لێك هاوێر بکا. بۆ وێنە دەقێکی نووسراوی (نالی)، شیعرییەتەکەی لای خودی شاعیر چەسپاوە، بەڵام لە گواستنەوەی بۆ وەرگردا، جیاوازی دەخاتەوە، بۆیە لای وەرگری شارەزا، زووتر هەست بە شیعرییەتی دەقەکە دەکرێ و ڕێژەی شیعرییەتی وەرگرو کەمەندکێش بوونی لە هەمبەر وەرگرێکی تری کەم ئەزموونتر، زیاترە. چونکە خوێنەری شارەزاو نمونەیی دەتوانێ دەق بجوڵێنێ و بهەژێنێ، ڕیتم و مۆسیقا تاکە هۆکاری یەکلاکەرەوە نین، بۆ ئەوەی چییەتی شیعرییەتی دەقێك دیار بکەن، بەڵکو پێویستە گوتاری شیعری ئافرێنراو لە گەڵ شیعرییەتدا پێك بهێنرێ، کە جیاوازی لەگەڵ گوتاری ئاسایی و گوتاری پەخشانیش هەیە، چونکە گوتاری شیعری پەیامێکە بۆ تەقاندنەوەی ئەرکی شیعری، بە قسەی (جاکۆبسۆن) تا دەقەکە بە دەقێکی شیعری پوخت بگێڕێ.[288:120]**

---

*** ئێدگار ئالان پۆ (١٨٠٩–١٨٤٩):شاعیرێکی ئەمریکاییە، لە (بوستن) لەدایك بووە. لەبەرهەمەکانی (چیرۆکە نامۆکان). [147:199]**

نهێنی شیعرییەت لەوەدایە، کە شاعیر، یان نووسەری دەق، بە ئاگاییەوە وشەکان بەکاردێنێ، خۆی هەست بەوە دەکات، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، شیعرییەت لە هەڵبەزین‌و دابەزین دایە. ئەمە بۆ وەرگر یان ڕەخنەگریش لەو چوارچێوەیە خۆی دەبینێتەوە، کە بە ئاگایی هەڵسوکەوت لە گەڵ دەقەکەدا بکات‌و بتوانێ ڕەگەزەکانی شیعرییەتی تێدا بدۆزێتەوە. پێویستە ئەوەش بزانین، وێڕای ئەمە بەو هۆیەوە دەروازەکانی دەق دەکرێتەوەو ئەم کرانەوەیە، دەق لە چەقبەستوویی‌و خۆخواردنەوە ڕزگار دەکات‌و کاریگەری دەوروبەرو هەروەها خوێنەریش، بنەماکانی شیعرییەتی بۆ دەسازێنن. لەبەرئەوە هەموو تیۆرەکانی دەق تیۆری خوێندنەوەشن، واتە ئەو شیعرییەتەی لای نێرەر (نوسەری دەق) هەیە، دەشێ بە هەمان ڕێژەوە لای وەرگرو چەمکی خوێندنەوەش هەبێ، (ئەمبیرتۆ ئیکۆ)* ش پێی وایە، هەموو تیۆرێکی خوێندنەوە، تیۆری دەقە. بە هۆی خوێندنەوە، دەق لێکدانەوەو ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێ و شیاوی کرانەوەیەکی تەواوە. [166:96] شیعرییەت لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر لە گۆڕاندایەو ((ناکرێ چامەیەك لە سەداسەد شیعرییەتی تێدا بێ)) [32:89]، هەروەك دەقی واش هەیە لە شیعرییەت بە تاڵە، وەك (دی بوس) دەڵێ ((چامەی جوان هەیە، دێڕێك شیعری تێدانییە، هەروەك دێرە شیعری جوانیش هەیە، شیعرییەتی تێدا نییە)) [101:185]، ئەمە بەرەو ئەو ڕاستیەمان دەبات، کە شیعرییەت هەر تەنیا کێش‌و سەرواو یاسا باوو ڕووکەشەکانی شیعر نییە، ئەوەندەی پەیوەندییەکانی نێو دەق‌و ڕایەڵەکانی وشەو ڕستە دەگرێتەوە.

بێگومان شیعر لەگەڵ کۆمەڵێك بنچینە بەندیوارە، لەوانە مۆسیقاو کێش، بەڵام ڕیتمی ڕستەو پەیوەندییە ئاوازەکان بە واتاو، هێزی کاریگەری وشەکان‌و ئیحابەخشین‌و وێنەو خەیاڵ‌و ڕەمزو ڕەگەزە جوانکاری‌و واتاناسی‌و

---

* ئەمبیرتۆ ئیکۆ: لەساڵی ١٩٣٢ لە (ئەلیساندریا)ی ئیتاڵیا لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٥٤ دکتۆرای لە فەلسەفە لە زانکۆی (تۆرینۆ)، لەبارەی ئیستاتیکا لای (تۆما ئاکوینی) بەدەست هێناوە. کۆمەڵێك بەرهەمی لەبارەی زانستی سیمیۆلۆژیا نووسیوە، ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی (پۆلۆنیا)و سەرپەرشتی خولە جیهانییەکانی پسپۆریی سیمیۆلۆژیا دەکات‌و جگە لەم بوارە، ڕۆماننوسیشەو خاوەنی پێنج ڕۆمانی چاپکراوە. [9:110]

ڕەوانبێژییەکان، هەموو ئەمانە شیعر دەکەنە شیعر [101:185]. لەبەرئەوە جیاوازی هەڵبەست (نظم)و شیعر، لێرەدا بەدیار دەکەوێ، کە یەکەمیان تەنیا بە کێش و سەروا بەستراوەتەوەو پێکهاتەکانی تری نێو دەقی تێدا فەرامۆش کراوە، ئەمە سەبارەت بە خودی دەقەکە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش ئەوەی پەیوەندی بە نووسەرەوە هەیە بیری ئەندازەیی لە هەست و سۆزە قوڵییەکەیە، کە پلەی شاعیرییەتی پێ دەبەخشێ. وەك (نازك الملائکه) پێی وایە ((شاعیرییەت هەستێکی زمانی بەرزو قوڵبوونەوەیەکی چڕو پڕە... شاعیر ناتوانێ داهێنان لە زمانێکدا بکات تا بە تەواوی هەستی پێ نەکات، ئەو هەستەش دەرخستنی واتا شاردراوەکانی نێو وشەو پیتەکانە، زمانیش کانییەکە لەبن دەستی شاعیر شەپۆل دەداو هەڵدەقوڵێ و چۆنی بەکاربێنێ، لەوێوە هەست بە نهێنیەکانی دەکات... کە سەرچاوەی بەهرەو شاعیرییەتە)) [81:323-324]

لە کۆی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، شیعرییەت وەکو چەمکێك، هەر لە زووەوە دەرکەوتووە، بەڵام بە شێوەیەکی سادە لە نێو دەقی ئەدەبیدا خۆی بەرجەستە کردووەو دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو لە گەڵ چەمکەکانی دیکەی پەیوەست بە دەق، پەیوەندی بەستووە. بە شێوەیەکی گشتی کار لە بە شیعربوونی دەقێکی ئەدەبی دەکات و ڕۆڵی کارا لە جوانکردنی دەق بە گشتی و دەربڕینەکان بە تایبەتی دەبینێ و هەمووشیان لە ئەنجامی کارکردن لە نێو پێکهاتەی دەق و وردتر لە نێوکایەی زمانیدا، زیندوێتی بە دەق دەبەخشن لە ئەنجامی یاریکردن لە کێڵگە واتاییەکان و لادانی زمان بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی ئاڕاستە ئاساییەکەی خۆی، ئەمەش بە هەستێکی قووڵ و هونەرمەندانەو ئەندازەیەکی بە هێزی نووسەری دەق دێتە ئاراوە.

## شیعرو پەخشان

ئاشکرایە شیعر بەر لە پەخشان دۆزراوەتەوە، بۆیە پێناسەکردنی پەخشان دوای پێناسەکردنی شیعر دەکەوێ، مەبەستمان لەم نووسینە قووڵ بوونەوە نییە، بە جیاوازییە دیارو ئاشکراکانی ئەم دوانە، ئەوەندەی دۆزینەوەی تایبەتمەندیو ئەو هێڵە گشتیانەیە کە هەردوو ژانر لێك نزیك دەکەنەوە، مەبەستیشمان لە پەخشان ئەو تەرزە نووسینەیە، کە ژانرەکانی تری ئەدەب وەك چیرۆكو ڕۆمانو شانۆ... دەگرێتەخۆ، بۆیە باسکردنی هەر پەیوەندییەکی نێوان شیعرو پەخشان، نزیك بوونەوەیە لە پەیوەندی چیرۆكو شیعر لەگەڵ یەکتریو دواجاریش ڕوانینە لە شیعرییەتیان.

ئەگەر لای گریکەکان شیعر دەربڕینێکی (کێش)دار بووبێ، ئەوا دوای ئەوانیش لای عەرەبەکان بە گوتەی (قدامة بن جعفر)* بە ((ئاخاوتنێکی خاوەن کێشو سەروا، کە واتایەکی هەبێ)) [15:174] پێناسەکراو پەخشانیش لەو ڕوانگەوە ((شێوازی دەربڕینێکی بێ (کێش) بێ)) [849:198]، ئەوا بە تێڕوانینمان بۆ هەردوو پێناسەکە جۆرە ناهونەری بوونێك دەردەکەوێ، چونکە ئەم پێناسەیەی (قدامە) تەنیا بۆجۆرە شیعرێکی (نەزم) دروستە، کە تەنیا کێشو سەروای هەبێو پەیوەندییە تۆخەکانی لەگەڵ ڕەوانبێژیو زمانیدا لاواز ببێو پێناسەکەی پەخشانیش لەوەدا ناهونەری بووە، کە تەنیا پێچەوانەی شیعری نووسیوە. بە پێی ئەم پێناسەیە هەموو ئاخاوتنێکی بێ (کێش) دەچێتە نێو پەخشانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی دەیانکاتە هونەریو لە پلەیەکی بەرزیان دادەنێ، شیعرییەتە. لێرەدا (قودامە) شیعری تەنیا بەستۆتەوە بە لایەنی فۆڕمەوە، وێڕای واتا گەیاندنی، دەبێ کێشو سەروای هەبێ،

---

* قدامە بن جعفر(؟-٩٤٨ز): نووسەرو رەوانبێژیزانێکی بەغدایییە، سەرەتا مەسیحی بوو، دواتر موسڵمان بووە، لە پێشەنگەکانی شارەزایانی ژیربیژی (منطق) دادەنرێ، لە بەغدا مردووە. لە بەرهەمەکانی (الخراج، نقد الشعر، نقد النثر). [546:199]

ڕەنگە کاریگەربوونی بە (خەلیلی فەراهیدی)* بیٚ، بۆ(کێش) و، (سەروا)ش لایەنە جوانکارییەکەی دەق دەگرێتەوە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیە ناتوانین جیاکاریو پۆلین، لە لایەنی ڕەگەزەکانی ئەدەب، لە نێوان دەقێکی شیعریو دەقێکی ناشیعری بکەین، ((بۆیە دەبێ لە ڕەهەندێکی جیا لە ڕەهەندی فۆڕمەوە، بۆ دەقەکە بچین، وەك وێنەو خەیاڵو جوانیو قەشەنگی دەستەواژەو دەربڕین)) [49:77]. بێگومان لابردنی کێشو سەروا هەموو دەقێك ناکاتە پەخشانێکی هونەری، هەروەك ئەگەر شیعرێکیش تەنیا کێشو سەروای هەبێو ڕەگەزەکانی دیکەی تێدا بەشدار نەبێ، ئەوا بە شیعرێکی هونەری دانانڕێ، بەڵکو سنووری ئەرکەکەی کورت دەبێتەوە، تەنیا لە شیعرێکی فێرکردن (تەعلیمی) یان ئاخاوتنێکی مۆسیقی نزیك دەبێتەوە.

دەشێ پەیوەندی نێوان شیعرو پەخشان لەلایەكو جیاوازەکانیان لەلایەکی تر، بە پێی بیروڕای پسپۆڕانی ئەم بوارە دەستنیشان بکەین، کەپێیان وایە گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان شیعرو پەخشان لە سێ شتدا دەخرێنە ڕوو (١) مۆسیقا. (٢) ناوەڕۆك (٣) زمان [105:141]. ئەم سێ خاڵە بەو واتایە نییە، کە تەنیا ئەمانە لە شیعردا هەبنو لە پەخشانیش دا نەبن، بەڵکو هەڵوەستەکردن لەسەریان، لە شێوازو چۆنیەتی بەرجەستەبوونیان لە هەردوو ژانردا دەبیٚ، کە لە هەریەکێکیاندا بە جۆرێکی جیاواز دەبینرێ. لە هەمانکاتیشدا زۆر جار لە نێوان دەقێکی شیعریو دەقێکی پەخشانی هونەریدا، ئەم سێ خاڵە، تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ئەرکەوە لەیەك نزیك دەبنەوەو دەگاتە ئەوەی هەمان ئەرك ببینن، ((شیعرو پەخشان لە ڕووی بونیادو شێوەسازییەوە یەك شتن، بەلاّم بۆیە لێك جیادەکرێنەوە، چونکە ئامانجی هەردووکیان یەك شت نییە)) [374:215]، بۆیە ئەگەر لەو ڕەهەندەش بۆی بچین، کە ((وێنە خەیاڵو جوانیو قەشەنگی دەستەواژەو دەربڕینە، ئەوا لەم بارەشدا ناتوانین

* ناوی خەلیل کوری ئەحمەد کوڕی عەمری کوری تەمیمی فەراهیدییە.(٧١٨-٧٨٧ز) لە پێشەوایانی زمانو ئەدەبەو بنیاتنەری زانستی عەرووزە. مامۆستای (سیبەوەی) بووە. لە بەسرە لەدایك بووەو لەوێش مردووە. بە هەژاریو ئارامگری ژیا. بەرهەمەکانی (العین)، ((معاني الحروف)، (جملة الات العرب)، (تفسیر حروف اللغة)، (کتاب العروض)، (النقط والشکل)، (النغم)ن. [314:195]

جیاوازییەکی یەکلاکەرەوە (بڕای بڕ) لە نێوان هەردوو ڕەگەزی شیعرو پەخشان بکەین، هەروەك لێکۆڵەرێکی ڕۆژئاوایی پێی وایە سنورێکی دابڕ لە نێوان شیعرو پەخشان نییە، چونکەی وێنەو خەیاڵو شۆخی دەربڕین لە پەخشانیش بوونیان هەیە)). [49:77]

وێڕای ئەم ڕەگەزانەی سەرەوەش دەتوانین بڵێین، جگە لە کێشو سەروا، ڕەوانبێژیو سۆزو شێوازی بەهێزو کاریگەرو زرنگانەوەی دەنگو وشەو بەرزبوونەوەی ئاستی ڕیتمی وشەو دەستەواژەو ڕستەکانو هەروەها پەیوەندییە تەندروستو گونجاوو نەگونجاوەکانی وشەکان لەگەڵ یەکتری...هتد، هەموو ئەمانە لە نێوان دەقێکی شیعری، کە شیعرییەتی تێدا لە پلەیەکی بەرزبێ و لە نێو پەخشانێکی ئەدەبیش دا هاوبەشن، جا پەخشانەکە چ نامەو وتارو چیرۆك و شانۆو ڕۆمان و... بێ.

ئەو ناوەڕۆکەی لە هەردووکیاندا هەیە، بە (هەست) بارگاوی کراون، بەڵام ئاستی بارگاوی کردنەکەیان جیاوازە ((لە شیعردا وروژاندنی هەست پێش وروژاندنی بیرە، بە پێچەوانەوە لە پەخشاندا وەك چیرۆكو شانۆنامە، وروژاندنی بیر پێش وروژاندنی هەستە)) [106:141]، بەڵام ئێستا پەخشانی هونەری بەشێوەیەکی گشتی لەو ئاستەدا نییە، تەنیا وروژاندنی بیر بێو لە جوانکاریو هەستە قووڵەکانی نووسەر دووربکەوێتەوە، کە زمانو گەمەکردن لەنێو زماندا لایەنی ڕووخسارو تەکنیکەکانی دەق دەگرێتەوە، هەمووشیان لە بن بەرگی هەست خۆیان ئاشکرا دەکەن. ئەوا لە سەرێکەوە شیعرییەت بە دەقەکە دەبەخشنو لە سەرێکی دیکەشەوە، پەیامی ڕوونی نووسەر دەردەخسترێ. کەواتە ((پەیوەستی نێوان شیعرو بیر وەکو پەیوەستی نێوان شیعرو دنیا بینی شاعیرە پەیوەستێکی بنیاتنەرانەیە، کە لە ئازادیی شیعرییەتو زمانو گۆشەی کورتو چڕی بیرکردنەوەدا لەدایك دەبێ، ئەو ئازادییە کرۆکی داهێنەرانەی زمانی شیعرییە لە ڕێگەی چۆنیەتی داڕشتنو دەربڕیندا لە دایك دەبێ)) [55:44].

سەبارەت بە لایەنی مۆسیقاش ئەگەر کێش و سەروا بنەڕەتی گەورەی مۆسیقای شیعر بن، ئەوا جۆری بونیادی مۆسیقا لە شیعرو پەخشاندا لە ڕووی شێوازی چۆنیەتی چوونە نێو دەقەوە جیاوازە. چونکە ((جیاوازی شیعرو پەخشان ئەوە نییە، شیعر پابەندە بە مۆسیقاو پەخشانیش نا، بەڵکو جیاوازییەکە لە جۆری مۆسیقاکەیە)) [51:142]، کەواتە مۆسیقای هەردووکیان جیاوازن، بەڵام مۆسیقای شیعر هەڵوەستە دەکاو گرژ دەبێ و هەرچی مۆسیقای پەخشانە بەری بەرهەڵداکراوە [51:142] و بێ پابەندبوون بە هیچ یاساو ڕێسایەك ڕێ دەکات. ئەمە وایکردووە پێناسەیەك بۆ شیعری نوێ بەو شێوەیە بێتە کایەوە، کە هەر هونەرێکی زمانی، سیمای ئەندێشە (خەیاڵ) و ڕێککەوتنی ئاوازی بەسەردا زاڵبێ ببێتە شیعر. [163:196]

کەواتە هەبوونی مۆسیقا بە تایبەتمەندییەکی دیکە، کە خۆی لە ڕیتم دەبینێتەوە، لە نێو پەخشانیشدا بەهایەکی جوانکاریو ئیستاتیکی بە دەقەکە دەبەخشێ. ئەوەی پەیوەندی بە دەربڕین، وەك هێڵێکی گرنگی نێو دەق هەیە، ئەوا شیعرو پەخشان هەردووکیان بە شێوازێکی تایبەت هەڵسوکەوت لەگەڵ دەربڕین دەکەن، کە هەردووکیشیان واتاو پەیوەندی لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێو دەق لەبەر چاو دەگرن، بۆیە پەخشان وردتر لە شیعر، واتا دەردەخاو شی دەکاتەوە، شیعریش توانای بۆ وەسف و وێنەگرتن زیاترە.

ڕابەرانی ڕێبازی ڕەمزی لە چەرخی نوێدا، پێیان وایە کە زیادڕەوی لە دەربڕینی واتایی، لەباتی دەرخستنی وێنەیەك لە وێنەکان، شیعر دەخاتە باری پەخشان [119:164]، ئەمە لە ڕووی پەیوەندی دەربڕین بە واتاوە، لە لایەکی دیکەوە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، ئەویش مەسەلەی زمانە، کە بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان پەخشان و شیعر دادەنرێ، ئەگەر پێکهاتەی زمانی هەردووکیان لێك دوور بوون، هەروەها دەبێتە هۆکارێکیش بۆ لێك نزیك بوونەوەی بونیادی شیعرو پەخشان، ئەگەر شێوازو پێکهاتەی زمانی هەردووکیان لە یەکتر نزیك بوونەوە. بەو جۆرەی کە ((زمانی شیعر زمانی سۆزو زمانی پەخشان زمانی عەقڵە)) [52:171]، هەرچەند ئەم دوو

تـەرزەی زمـان زۆر لێـك دوورن، بـەڵام ئەگـەر نووسـەری دەق وەسـتاكارانە بتوانـێ ئاوێتەیان بكاو بە گوێرەی زاڵبوونی یەكێك بەسەر ئەویتریاندا شێوازێكی نوێی دەق دروست دەبێ، بۆ نموونە چیرۆكێكی هونەری، كە زمانێك لە ناوەڕۆكدا عەقڵ و لە ڕووخساردا سۆز، فەرمانڕەوایی دەكات، وەك دوو هێڵی تەریب لە تەنیشت یەكتر دەڕۆن.

زمانی شیعر وێڕای ئەوەی هۆكارێكە بۆ دەربڕین، ئامرازێكیشە بۆ گەیشتن بە سازدانی وێنەی هونەری لە نێو وشەو ڕستەی وا، كە جیا لە زرنگانەوەو لایەنی ڕیتمی واتایەكی شیعریشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، بە جۆرێك لەگەڵ واتاو سۆز دەگونجێ و لە هۆشی خوێنەردا بیرو هەست تێكەڵ دەكات، كە خوێنەر ئەو جۆرە دەقە دەخوێنێتەوە، تەنیا شیكردنەوەی ژیری بۆ ناكات، بەڵكو دڵ و خەیاڵیش بەشدار دەبێ. چونكە دەنگدانەوەی لەوێش هەیە [186:173]، بۆیە بە تەنیاو بە شێوەیەكی ڕەهاو دوور لە هەست و سۆز لە زمانی شیعر بڕوانین، ئەو كاتە شێوەیەكی چڕی زانستی دەبینرێ، كە تایبەتمەندییەكی سەربەخۆی هەیە، چونكە زمانی شیعری خۆی سەركێشییەكەو لۆژیكێكی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ و شۆڕشێكی بەردەوامە لەسەر زمان [74:115].

ئەم شۆڕشە بەردەوامە لە سەر زمان، جۆرە لادان و خزینێك بە سەر زمان دێنێ، كە لە ڕێڕەوی ئاسایی لابدات. بۆیە ((شیكردنەوەی زمانی شیعری لەسەر دوو ئاست تەواودەبێ، ئاستی دەنگی و دەلالی، دەنگییەكە تایبەتمەندی كێش و سەرواو زرنگانەوەیە، بەڵام دەلالییەكە واتای واژە شیعریەكان دەگرێتەوە، دێرینەكان لێكۆڵینەوەكانیان لەسەر ئەم دوو ئاستە لە ژێر ناوی (لەفزو مەعنا) بووە)) [47:151]، لەبەرئەوە هەر زوو واتا لەبن ڕێ ڕۆیشتنی زمانەكە بە گرنگ زانراوە، چونكە ((هەمیشە زمانی شیعر، بە بارگاوی كردنی وشە بە واتا، دادەگیرسێ)) [38:99]، بەڵام دۆزینەوەو دەرخستنی واتا لە نێو واژەی پڕ تەم و مژاویی ئیجا بەخشدا، ڕستەو زمانی شیعری بە هێز دەكات، جا ئەو وشەو ڕستانە لە دەقێكی پەخشان، یان شیعردا بن.

هەرچەندە بۆ جیاوازی کردنی زمانی شیعرو زمانی پەخشان (جان کۆهین) وای دەبینێ کە هەردووکیان خاوەنی سروشتێکی زمانین‌و جیاوازییەکەیان لە کرۆکی دەنگ‌و بیرەکەدا نییە، بەڵکو لە شێوازی پەیوەندییەکانی دەقە لەنێوان دال‌و مەدلوولدا [51:95]، ئەوەی وا دەکات جیاوازییەکە ئاشکراو زەق بێ، پێداگرتن‌و زیاتر ڕۆڵ نواندنی زمانە لە نێو بونیادی دەقدا، هونەریترو جوانتر داڕشتن‌و لێك نزیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەش، بە پلەی یەکەم بۆ دەست ڕەنگینی‌و توانا داری نووسەری دەق دەگەڕێتەوە، کە بتوانێ بەهای زمان بەرز بکاتەوەو زمان بکاتە هێڵێکی سەرتاسەری بۆ دەرکەوتنی شیعرییەت لە نێو دەقەکەدا. چونکە وشەی شیعری یان زمانی شیعری لەنێو دەقێکدا وەك (پۆل کلۆدیل) پێی وایە هەمان ئەو وشانەن کە دەگوترێن، بەڵام ڕەوانبێژی‌و شێوازی گوتن‌و مۆسیقای وشەو پێکهاتەی شیعرییان بەسەردا زاڵە، لەگەڵ ئەوەی بە هەمان واتاشن. لەو سۆنگەیەی ((شیعرییەت پەیوەندی بە واتا هەیە)) [140:153]، بۆیە نووسەری دەق‌و شێوازە تایبەتییەکەی وای لێدەکات، بە زمانێکی دیکەو جیهانبینێکی دیکە، دەق نیشان بدات‌و بەلام بە هەمان بیرو هەمان واتای زمانی ئاسایی، گرنگ ئەوەیە لە نێو دەوروبەر (سیاق)ێك بەکاریان بێنێ کە بە شیعرییەت بارگاویان بکاو زمانێکی نوێی لا دروست بکات. هەڵبەت لە شیعری باشدا، هەم شێوەی شیعرو هەمیش واتاکەی، مەرجەو جوانییەکە لە ئاوێتە بوونی هاوسەنگی شێوەو واتا دایە. [210:190-191]

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هێڵەکانی شیعرو پەخشان زۆر جاران ئاوێتەی یەکتر دەبن، وێڕای ئەو سنوورەی کە تیۆردانەرو ڕەخنەگران بۆیان داناون، چونکە ئەگەر ((شیعر گیانێك بێ خۆی لە ڕیتم‌و هێزی خەیاڵ‌و وێناکردن‌و ئیحا و خوازەدا بنوێنێ)) [108:141] و لە بەرامبەریشدا پەخشان دەربڕینی جوان، بە ڕەهایی‌و بە وردی بخاتە ڕوو، ئەو کاتە هەردووکیان سروشتێك‌و بەهایەکی هونەرییان هەیە، ئەگەر شاعیر گوزارشت لە هەست‌و سۆزی خۆی بکات، پەخشان نوسیش بەهەمان شێوە. چونکە پەخشانیش وەك شیعر گرنگی بە وێنەو ڕیتم دەدات، کە هەردوکیان لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شیعرین. [19:201] هەرچی ڕەخنەی نوێیە، جیاوازی

نێوان شیعرو پەخشانی، بە بوونی لادان لە خودی دەقدا بەستۆتەوە. بە واتایەکی دی ((ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە بە زیادبوونی لادانەکان لێك جیادەبنەوەو جیاوازیان لە نێواندا تەنیا لە ڕووی چەندێتیە نەك جۆری)) [23:90]، چونکە تێگەیشتنی ئێستا بۆ شیعر لە چاو تێگەیشتنی کۆن، گۆڕانی بەسەر داهاتووەو ژانرەکانی دیکەی سەر بە پەخشانیش گۆڕاون. بەو پێیە دەقێکی شیعر تا لادانەکانی تێدا زیاتر ڕەنگ بداتەوە، شیعرییەتیش دەگاتە پلەیەکی بەرز، بە پێچەوانەی دەقێکی پەخشان کە لادانی کەمترەو لە زمانی ئاخاوتنو ئاساییەوە نزیکە. بەڵام بە دیوێکی دیکەوە ئەگەر هاوکێشەکان پێچەوانە بکەینەوە، ئەگەر لە دەقێکی پەخشان لادانی تێدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەکار هاتووە ئەو کاتە بۆ شێوازی تایبەتی نوسەرەکە، خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە بە زۆری ((شێواز بە لادانێکی تاك دادەنرێ)) [15:90]، کە تایبەتمەندی تاکە ڕێگایەکی تایبەتییە بۆ نوسین لای نوسەرەکەو شێوازی شیعرییەتی بەسەردەقدا دەبینرێ، ئەمەش بەرزێتی دەقەکە دەردەخات.

هەر دەقێکی ئەدەبی بە هەموو ژانرەکانییەوە سوودی لە ڕەگەزو بنەماکانی شیعر وەرگرتو شێوازەکەی بۆ خۆی خواستو (وێنە، خەیاڵ، ڕەوانبێژی، ڕەمز)ی بوونە کەرەستەی دەربڕینو وێڕای ئەمانە، ملکەچی هیچ ڕێسایەك نابێ، بەڵکو یاسا باوو ئاساییەکانیش تێك دەشکێنێ.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەماندا گرنگی بەم لایەنە دەدەین لە نێو پەخشاندا بەگشتیو (ژانری چیرۆك) بەتایبەتی، کە سوود لە زمانو تەکنیكو بنەماکانی شیعر وەربگرێو لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی شیعرییەتەوە لە هەوڵی ئەوە دەبین، ئەدگارەکانی شیعرییەت لەنێو دەقدا بدۆزینەوە.

## پەیوەندی شیعر بە چیرۆکەوە

ئەگەرچی ماوەی نێوان مێژووی سەرهەڵدانی ئەم دوو ژانرە زۆر لە یەك دوورە، بەڵام وەکو دوو ژانر، جیا لە ژانرەکانی دیکە، پەیوەندییەکی پتەو بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەم پەیوەندییەش خۆی لە نزیکی زمان و دەربڕین دەبینێتەوە.

سەردەمی گریکەکان، تەنیا شیعری داستانی و شیعری شانۆیی هەبوون، ژانرێك بە ناوی چیرۆك لە ئارادا نەبووە، پاش چەندین سەدەو دوای ئەوەی داستان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، چیرۆك و ڕۆمان لە منداڵدانی داستان لە دایك بوون. لەبەرئەوە چیرۆك لە بەرامبەر شیعردا لە چوارچێوەی پەخشاندا خۆی بینییەوە. ئاشکرایە شێوازی ئەم دووانەش لەیەکتر جیان، هەر لە کۆنەوە ((شێوازی چیرۆك بە سادەیی و وردی و ڕوونی جیادەکرێتەوە)) [139:141]، ئەم سێ خەسڵەتە، تایبەتمەندیی چیرۆکی ئاسایین، بەڵام ئەگەر چیرۆکێك لە ڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە سەخت و گران و ئاڵۆز خۆی نیشان بدات، ئەوا لە شێوازی شیعر نزیك دەبێتەوەو لە ڕێڕەوە ئاساییەکەی خۆی لایداوە، چونکە ((شیعر چڕو پڕو تەم و مژاویی و ئاڵۆزە))[103:134]

سەبارەت بە پەیوەندی دەقی شیعری بە وەرگریش، وەك چۆن شیعر کاریگەری بەسەر وەرگر هەیە، کاتێك خوێنەر یان گوێگرێکی دەقی شیعری بە گوێگرتن یان خوێندنەوە، چێژ وەردەگرێ. لە هەمانکاتدا بۆ دەقێکی چیرۆکیش خورپەو چێژو هەستی لا دروست دەبێ، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین لە ڕووی ئەدای گەیاندنەوە، هەردوو ژانرەکە جۆرە لێك نزیك بوونەوەیەك بە خۆیانەوە دەبینن، کە دەشێ ڕایەڵەی پەیوەندی هەردووکیان لە ڕیتم و مۆسقاو وێنەی هونەری بدۆزینەوە، چونکە ((ئەرستۆ شیعرو مۆسیقاو ڕەسم بۆ بنجێکی هاوبەش دەگێڕێتەوە، کە هەریەك لەوان، لاسایی سروشت دەکاتەوە)) [13:131]، کەواتە هەر لە زووەوە ڕیتم و مۆسیقا خاڵی هاوبەشی هەر ژانرێکی ئەدەبی بوونە.

زۆر لە وێنە بە دواییەکدا هاتووەکان، کە کاریگەرییەکی بە هێزیان لە ئاوازو واتای چیرۆك هەیەو چیرۆك لە واقیعەوە بۆ چامەیەکی درامی دەبەن، بەرز ڕاگرتنی

ڕۆڵی زمان بە وردیو وەك ئەوەی وابزانرێ، کە چیرۆك، شیعرێکە بۆ خۆیو بە دووبارەکردنەوەی وێنەکانو ڕەواج دان بە ڕەمزو کارکردن بە پوختیو چڕی لە نێو ڕەمزدا.. هەموو ئەمانە چیرۆك تا ڕادەیەکی زۆر، یان تەواو لە شیعر نزیك دەخەنەوە. [307:102] ئەم ڕاو بۆچوونە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی، کە چیرۆك بۆ زیاتر لە سەر پێ وەستانو جوانتر نیشاندانی لایەنی ئیستاتیکیو سەرنج ڕاکێشانی لای وەرگر، سوود لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب وەردەگرێو شێوەیەکی بزۆکی لە هەڵمژینی پێکهاتەی ژانرەکانی دیکە هەیە، بۆیە بە ڕای (نعیم الیافي) ((هونەری چیرۆك لە دووڕیانی هەردوو هونەری سەرەکی (شیعرو شانۆ) دەوەستێ، ڕووخسارو سیماکانیان وەردەگرێ، یان لە چەند ڕەگەزێکی ئەواندا هاوبەشی دەکات)). [186]

خەیاڵ (imagination ) وەکو چەمکێكو ڕەگەزێکی گرنگ لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبیدا، بیرو ڕوانینی نووسەری دەق بە ئاراستەیەکی دیکە دەباتو وشەکان لە بارێکی نا ئاساییدا دەخولقێنێ. لەم نێوەندەدا هێزی خەیاڵکردن لە نێو خودی چیرۆکدا بە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوانی چیرۆکی ئاساییو چیرۆکی هونەری دادەنرێ. چونکە هەر خەیاڵە، ڕێگا بۆ سازاندنی وێنەو دیمەنە جۆر بە جۆرو چڕو پڕەکانی نێو دەق خۆش دەکاتو ئاستی بیرکردنەوە لای وەرگر سیحری وشەو دەربڕینەکان بەهێز دەکات. ئەگەر ئەم پێودانە* بۆ چیرۆکێکی هونەری بەم شێوەیە لەبار بێ، ئەوا بۆ جۆرەکانی دیکەی چیرۆك (کورتە چیرۆك، کورتیلە چیرۆك)یش لەبار دەبێ، چونکە مەودایەکەی بچوکتر دەبێتەوەو چڕتر لە دەمو بیری نووسەر دێتە سەر کاغەز.

کورتە چیرۆك لەبەر پشت بەستن بە وێنا کردن، نزیکترین هونەرە لە شیعر، لە نێو کاروباری ئەو وێناکردنەشدا، پێداگرتنە لە بونیادی دەقو چڕکردنەوەیە لە سیمانتیك، کە هەردووکیان دوو سیمای جەوهەری پرۆسەی نووسینی شیعرین،

---

* لە نووسینی کوردیدا بە هەڵە لەباتی پێودان، (پێودانگ) بەکاردەهێنرێ، دەنگی (گ) زیادەیەو ئەم وشەیە لە (پیێو دان) ی (ئاش)ەوە هاتووە. بۆیە بەلای ئێمەوە (پێودان) ڕاستترە.

لەبەر ئەمەشە لێرەدا چاوەڕوانی ئەوە لە نووسەری کورتە چیرۆك ناکەین، کە کارەکتەرێکمان بە ڕەهەندە ناسراوەکانی هونەری دراممییەوە پێشکەش بکات، بەڵکو هەمیشە ئەوەی لێ چاوەڕێ دەکەین کارەکتەرێکمان پێشکەش بکات، کارێك لە گەڵ کاتو شوێن بکاتو ئافرێنەری ڕووداوێك بێ، کە هەڵگری سروشتێکی سیمانتیکی شیعریی بێ. [103:15-16].

لێرەدا ئێمە پتر لە پەیوەندییە ئاسایییەکانی هەردوو ژانر دەدوێین، نەك لەو پەیوەندییەی کە خۆی لە تێکەڵکردنی هەردوو ژانر دەبینێتەوەو سەرەنجام هەردووکیان بۆ دروستبوونی ژانرێکی نوێ خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، چونکە تێکەڵکردنی دوو ژانری ئەدەبی، یان زیاتر کاردەکاتە سەر بونیادی پێکهاتەی دەقەکەو بە جۆرێك لە ڕێڕەوو بارە ئاسایییەکەی خۆیان دەردەچنو لە تێکەڵ بوونو ئاوێتە بوونەکەدا، شێوازێکی جودا دێتە کایەوە، کە بەشێك لە پێکهاتەکانیان لە نێو دەچنو هەندێ پێکهاتەی تازە دروست دەبنەوە.

تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبییەکان، یان کاریگەری ژانرێك بەسەر ژانرێکی دیکەوە، شێوەیەکی هەڵتەکاندنی دەقە، کە بونیادی ئاسایی دەق تێك دەشکێنێو زمانێك دادەهێنی، کە لە هەموو لایەکەوە بتەقێتەوە [79:161]، بەو واتایەی لە بنچینەدا پێکهاتەکان بە سروشتی خۆیان ڕێیان کردووەو دواجار لە پرۆسەی ئاوێتە بووندا شێوازێکی تازە سازاوە، زمانیش لە هەموو ڕەهەندەکان تووشی زەلاندن دەبێو ڕایەڵەکانی دەتەقنەوە، لە دەرەنجامی ئەم کردەیەدا دەق جوانتر دەبێو ئیستاتیکا بە پێکهاتەی دەبەخشێ. لەبەرئەوە ژانرەکانی (پەخشانە شیعرو چیرۆکە شیعر"الشعر القصصی" و شیعری چیرۆکئامێز...) لەم ئاوێتە بوونە بەرهەم هاتوون.

چیرۆکە شیعر وەکو ژانرێکی سەربەخۆ تەماشای دەکرێ، چونکە دەقەکە خۆی لە بنچینەدا شیعرەو سوود لە پێکهاتەو ڕەهەندی تەکنیكو گێڕانەوەکانی چیرۆك وەردەگرێو هەوڵ دەدا بەشێك لە دەقەکە، خۆی بۆ چیرۆك بتوێنێتەوەو بە یەکەوە تێکەڵییەك لە نێوانیان دێتەکایەوە، بەڵام بە ڕەسەنایەتی شیعرەکەوە. لەبەرئەوە کاتێك ((چیرۆك لە نێو شیعردا دەبینین، واتای ئەوە نییە، ناسنامەی شیعری دەقەکە،

ون دەبیٚ و بۆ دەقێکی ڕەهای چیرۆك دەگۆڕێت! هەروەك نابیٚ ئەو وتەیەش بە هەند هەڵبگرین، کە پێی وایە چیرۆك تەنیا خستنە ڕووی گێڕانەوەیە لە شیعردا، هەردوو ڕوانین لە میانی بە گەورە کردن و بچوککردنی دەقەو کەمکردنەوەی کرۆکی شیعرییەتە لە بنچینەی دەقدا.)) [282:158] بە دیوێکی دیکەش، کەچیرۆکێك دەبینین، ڕەگەزو سیماکانی شیعری تێدا بە دەردەکەویٚ، واتای ئەوە ناگەیەنیٚ، چیرۆکەکە بۆتە شیعر، بەڵکو بەشێك لە چیرۆکەکە خۆی بۆ شیعرەکە تواندۆتەوەو پێکهاتەی شیعری بۆ خۆی خواستووە، لێرەدا بنچی ڕەسەنی دەقەکە، خودی چیرۆکەکەیە، بەڵام بە هەڵمژین و کارتێکردنی ڕەگەزەکانی شیعری.

هەریەکە لە شیعرو چیرۆك، دوو ژانری سەربەخۆن و ئەو پەیوەندییە موتربەکردنی یەکتر ناگەیەنیٚ، ئەوەندەی زمان گۆڕینەوەو مژینی بەشێك لە وزەکانی یەکترییە، بە تایبەتی لەو ڕەهەندانەی کە شیعری بوون نیشان دەدەن. چونکە ((چیرۆك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم زمانەش پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەی زمانی ئاسایی بەرزترە. ئەدەبیات بە هۆی زمانەوە دروست دەبیٚ، بەڵام لەوە دەردەچیٚ و کیانێکی تایبەتی بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، گەلێك نیشانەو بنچینە دەخولقێنیٚ. تا پەیامی تایبەتی خۆی ساناتر دەربڕیٚ، ئەم پەیامەش لە هیچ ڕێگای ترەوە (لە ڕێگای زمانی ئاسایی) نایەتە ئاراوە)) [128:211]. بۆیە ئەم زمانە تایبەتە، کە لە زمانی ئاسایی دوورە، تەنیا هاوسێیەتی لەگەڵ زمانی شیعر هەیە، کە زمانێکە قووڵترو فراوانتر لە نێو نائاسایی و لاداندا دەخولێتەوەو بەم پێکهاتەوە، خۆی بخزێنێتە نێو هەر ژانرێکی دیکەی (لە نموونەی چیرۆك) کاریگەری بە سەردا جێدەهێڵیٚ و تەواوی ئاراستەی بونیادی دەق بە دەربڕینەوە دەگۆڕیٚ، چونکە ئەگەر دەقێك بە تەوژمی شیعرییەت بارگاوی بوو، ئەم شیعرییەتەش لە ئەنجامی تێپەڕ بوون بە نێو چەمکەکانی زمان و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکا... هتد، هاتەکایەوە، ژانرێکی وەك چیرۆك ئەو کاتە ئەو تەوژمە شیعرییەتە بۆ خۆی هەڵدەمژیٚ، تا تێکڕای پانتایی دەق بە ڕەنگێکی جوانترو بە شێوازێکی شیعریی خۆی نیشان بدات.

هەر لەبەرئەمەشە ((چیرۆك تەواو لە بەردەم شیعردا لە سازشدایەو زۆرجار چیرۆك لای ئێمە لەسەر ئاستی تەكنیكی هەندێك بنەما لە شیعر دەخوازێت، وەك ئاستی زمان، ڕەوانبێژی، خواستنەكانو پێكهاتەی شیعری ڕستە، ئەم كارە وا دەكات واتە چیڕۆك ترسی تەواوی لە شیعردا هەیە....)) [60:55] ئەم ئاوێتە بوونە پڕ ترسەی چیرۆك، ڕەخنەگرانو تیۆر دانەرانی بە جۆرێك بە لای خۆی كەمەندكێش كردووە، كە جیاوازییەكی ئاشكرا لە نێوان هەردوو ژانر نەبینرێ، بە تایبەتی لە كورتە چیرۆكداو بەشێكیان كورتە چیرۆك لە چامەیەكی شیعری نزیك دەكەنەوە، لە ڕوانگەی ڕەهەندی ((سروشتی كورتە چیرۆك، كە لە چامەی شیعری نزیك دەبێتەوەوشێوازەكانی ڕەمز ئاسانتر وەردەگرێ (استیعاب) لە چاو شێوەكانی دیكەی پەخشان)). [31:129]

بۆچوونی دیكە، كورتە چیرۆك* ڕاستەوخۆ بە چامەیەكی شیعری دادەنێو ئەو پێویستییانەی كە بۆ چامەیەك پێویستن، بۆ كورتە چیرۆكیش پێویست دەبن. (ابراهیم ناجی) لە وەڵامی پرسیاری كورتە چیرۆك چییە؟ پێی وایە كورتە چیرۆك كورتە چامەیەكی شیعرییەو ئەوەی تێیدا گرنگە، هەواڵ گەیاندن بە شێوازێكی نایابو بە ڕێگایەكی ڕازاوەو ڕەونەقدار بگێڕدرێتەوەو پێویستییەكانی واتاو هەڵبژاردنی وشەو هەڵوەستەكردنو وردیو، وەك چۆن بۆ چامە پێویستن، ئەمیش پێویستییەتی. هەروەها بە خێرایيو كورتيو بەهێزی كەسایەتییەكان لە چەشنی ئاماژەدان، وێنابكرێن.

ئەمە لە مێژووی كورتە چیرۆكی جیهانییش پراكتیك بووە. بە جۆرێك هەموو ڕۆمانسییەكانی كورتە چیرۆك كار لە زمانو واژەو وشەو وێنەو خواستنو

---

* كورتە چیڕۆك بە مانای ئێستای، لە سەدەی نۆزدە دەركەوتووەو یەكەمین كەس كە بە ڕابەری ئەم ژانرە دانرابێ، (ئێدگار ئالان پۆ)یە، ئەو چەند بنەمایەكی بۆ كورتە چیرۆك داناوە، یەكێك لەوانە، پێویستە لە دانیشتنێكدا و لە نێوان نیو تا دوو كاتژمێر بخوێنرێتەوە [208:180-181]، لەم لێكۆڵینەوەماندا خۆمان بەوە خەریك ناكەین، ئایا چیرۆكەكانی (نامەكانی ژاكۆن)، كورتە چیرۆكن یان چیڕۆكن؟ گرنگ دۆزینەوەی شیعرییەتی دەقەكانە، بەڵام هەموو دەقەكانی (نامەكانی ژاكۆن) لە گەڵ ئەم بنەمایەی (پۆ) دێنەوە كە بۆ كورتە چیڕۆكی داناوە، كەواتە دەشێ بە كورتە چیرۆكیان بناسێنین.

لێکـچواندنو درکـەکان دەکـەن و جگـە لەمانـە، بنـەماو ڕێـسا باوەکـانی هونـەریی فەرامۆش دەکەن. [95-94:69] (نـادین گـوردمیر* ) دەڵـێ: ((کورتـە چیرۆك شێوەیەکی زۆر تایبـەتی و هونەرییـە، لـە شـیعر نـزیکترە)) [27:80]، ئـەم شـێوە تایبەتییـە لای هەندێکی تر پەیوەندی لەگەڵ شیعری لیریکی دەبەستێ، بەتایبەتی لەو ئاڕاستەیەی کە ((لە زۆر بەکارهێنانی دەنگ و ئیحاکاندا، چیرۆکی کورت لە شیعری لیریکی نزیك دەکەوێتەوە.)) [68:57] بە هۆی ئەوەی کە شیعری لیریکی جیا لە جۆرەکانی دیکەی شیعر شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیەو بە جۆگاوێکی دیکە بۆ گوێگر دەچێو کاری تێدەکات، بۆیە لەڕووی ئەرك‌و کارتێکردنەوە((چیرۆکی هونـەری وەك شیعری لیریکی ڕەفتار دەکات)). [26:80]

ئەوانـەی لـەباتی (چیرۆکی هونـەری ) نـاو لـە جـۆرە چیرۆکێك دەنـێن، چیرۆکی لیریکـی، ئـەم بۆچوونەیان لـەوە سەرچاوەی گرتـووە، کـە ئـەو تایبەتمەندییانـەی لـە چامەیەك، یـان شـیعرێکی لیریکـی هەیـە، لـە چیرۆکیش بەرجەسـتەبووە. بەتایبـەتی کورتە چیرۆك لە ڕووی دەربڕینی چڕو پڕیو پوختیو لایەنی وێنەو ڕیتمو مۆسیقاوە لێیـان نزیـك دەبێتـەوە.((لـە بنەڕەتـدا چیرۆکی لیریکـی لـە شـێوازی شـیعری یـان لـە پەخـشانێکی نەخـشاوو ڕازاوە جیاناکرێتـەوە.)) ** [30:80] ئەگـەر ئەمـە لـە ڕووی سیما گشتییەکەوە بێ، بەڵام لە ڕووی بابەتو ناوەڕۆك‌و ئیستاتیکا، وەکو لایـەنێکی شــیعرییەت کــار لـــە دەقـــی چـــیرۆکیش دەکـــاتو بـــەرەو شـــیعرییەتبوونی دەبـات.((ئیـستاتیکای دەقـی چـیرۆك لـە بنـچینەدا لەسـەر دەرهێنانـە هونەرییەکـەی وەستاوە، کـە پـشت بـە گوتـاری گێڕانـەوە دەبەسـتێ. شـیعرییەتی ئـەو دەقـە بویـەرو ڕووداوەکـان دیـار ناکـات.. بـەڵکو بـەر لـە هـەر شـتێ ڕێگـای گێڕانـەوەو شـێوازی دەرخـستنو نیـشاندان دیاردەکـاتو خـۆی لـە سەرکێـشی گوتـار(مغـامرة الخطـاب) دەنوێنێ، نەك لە گوتاری سەرکێش(خطاب المغامرة))) [107:184] و [163:137] واتە

---

* نادین گوردمیرNadine Gordimer: ڕۆماننوسێکی ئەفریقای باشوورە، لەساڵی ١٩٢٣ لە (ئەمپرینگۆ) ی هەڵکەوتوو لە (ترانسوال) لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٩١ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیات وەرگرتووە. [1036:218]

** ڕالف فریدمانRalph Freedman کتێبێکی بەناوی (ڕۆمانی لیریکی) هەیە. بڕوانە [30:80]

وردەكاریو شیعرییەتو سەركێشی نێو گوتاری دەقەكە دەبێتە كاری شیعرییەت، نەوەك وەكو بابەتێكی سەربەخۆ، بابەتی گوتاری سەركێش بوون نیشان بدات.

وەكو ئاماژەمان پێدا، شیعرییەت بە گوێرەی گونجانو ئەو پێكهاتانەی لە خودی خۆیدا بەرجەستە دەبن. مەرج نییە تەنیا لە دەقێكی شیعری بن، دەنا لە دەقی ژانرەكانی دیكەی ئەدەب ناسڵەمنەوە ((دەشێ شیعرییەت لە دەقێكی چیرۆك، یان شانۆدا هەبێ، ئەگەر كەلێنی نێوان بوونیادی سەرەوەو بونیادی ژێرەوە بواری ڕوودانی گرژبوونی دا.)) [56:138] كەواتە گرژبوونی ئەو هێڵانەی كە شیعرییەتیان لە نێوخۆدا ئاخنیوە، یارمەتی دەرخستنی شیعرییەت لە هەر دەقێكی ئەدەبی دەدەن ((دیارە بە تەنیا شیعر سوودی لە توخمە هونەرییەكانی ڕۆمانو چیرۆكو شانۆنامەو سینەماو شێوەكاری وەرنەگرتووە.. ئەوانیش بە تایبەتی ڕۆمانو چیرۆكو شانۆنامە سوودیان لە هەندێ توخمی شیعریی وەرگرتووەو زمانێكی شیعرییانەیان تێكەڵ بە زمانە پەخشانییەكەیان كردووەو بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكان (نەك بۆ وەسفەكان)))[24:28]

شاعیر توانای وێنەگرتنی هەیە، ئەو هەستی هەیە، ئێمەش بەهەمان شێوە، بەلاَم ئێمە ئەو توانایەمان نییە، وەكو ئەو، وێنەی ئەدەبی بسازێنین. هەر لەبەر ئەمەشە ئەستەمە وەرگێڕانی شیعر لە زمانێك بۆ زمانێكی دیكە، چونكە وەرگێران بەهاو نرخی شێوازو ئیستاتیكیایەكە لە نێو دەباتو وێڕای ئەمە شیعر بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەستو سۆز دەدوێنێ. چەند پێوەرێكی گشتی بۆ شیعر هەن، هەرچەندە زانستو هونەر پێش بكەوێ، ناتوانرێ لەو تایبەتمەندییانە دەربچێ، كە لە نێویدا هەژاندنی ویژدانو بزواندنی هەستو كەمەندكێش كردنی دڵو دەروونو داڕشتنی جوانو هەڵبژاردنی وشەو هێزی خەیاڵو لێكچواندنی نایابو خواستنی كاریگەر هەیە. [139:125-126]

هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی كە بۆ شیعر باسكران، لەنێو پەخشانی ئەدەبی بە گشتیو لە هەندێك دەقی چیرۆك بە تایبەتی دەبینرێ. بۆیە تێكەڵ بوونی هەردوو ژانری شیعریو چیرۆك، بەهۆی دزەكردنی ئەو تایبەتییانە لە شیعرەوە بۆ چیرۆك،

دەمانخاتە نێو جوغزی ئەو ڕامانەی کە هەریەك لەو تایبەتمەندییانە ئەگەر لە شیعردا بە کێش و سەروا پەرژین کرابن، ئەوا لە دەقی چیرۆکدا بەری بەرهەڵدا کراوە و بەسەربەستی دەتوانن لەگەڵ شێوازی چیرۆکدا ئاوێتە بن و شێوازێکی نوێ بهێننە ئاراوە، کە تام و بۆنی شیعرو (شیعرییەت) لە نێو دەقدا بە وەرگر ببەخشن.

تەواوی ئەو دەقە شیعرانەی کە دەبنە کەرەستە بۆ لاواندنەوە، یان گۆرانی، یان ئاوازێك هەڵدەگرن، دەشێ لە پەخشانێکی هونەری، یان بەشێکی لە چیرۆکێکدا بەرجەستە بێ، بەو مەرجەی کە ڕەگەزەکانی شیعرو هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە ڕادەیەکی زۆر ئاوێتەی دەقی چیرۆکەکە کرابێ، وەك هاوسەروا (سەجع)، دووبارەبوونەوە، ڕەگەزدۆزی، دژیەك، هاوتەریبی و هاوسەنگی وشەیی و ڕستەیی و کورتبڕی و ...هتد. لە نێو هەموو ئەم هونەرانەدا وەك لە لاپەڕەکانی پێشوودا ڕوونمان کردەوە، پەیوەندییان لەگەڵ شیعرییەت و ڕۆڵیان لە نیشاندانی شێوازی شیعری نێو دەق هەیە.

## شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی

### ١- سەرەتاکانی شیعرییەت لەنیو دەقی چیرۆکی کوردیدا.

ئەگەر نامیلکەی (عادات و رسوماتنامەئی ئەکرادیە)، (١٨٥٨) و (چل چیرۆکی کوردی ١٨٦٠) ی مەلامەحموودی بایەزیدی ( ١٧٩٩-١٨٦٧) و مەولوودنامەکەی (شێخ حوسێنی قازی ١٧٩٠-١٨٦٨ ) * سەرەتاکانی بەرهەمی دیاری پەخشانی هونەریی کوردی بن، ئەوا لە نێویشدا لە سۆنگەی ئاخنرانی کۆمەڵێك هەقایەت و

* بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم بەرهەمانە بڕوانە [9:49-51]

هەروەها دارِشتنی بە شێوەیەکی سادە، لەو بۆچوونە نزیکمان دەکاتەوە، کە تا ئەوسا شیعر لە نێو کورددا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر پەخشان هەبووەو نەیهێشتووە، کاریگەری ئەوی لەسەر نەبێ. بۆیە ئەگەرچی هەقایەتەکانی نێو مەولوودنامەکە لە رووی هونەرییەوە سادەن، بەلاّم ((کاری خۆی هەبووە لە ناساندنی کۆڕی ئەدەبیاتی کوردی، بەجۆرێکی تازە لە ئەدەبی نووسراو، ئەویش پەخشانی هونەری یە، دوای ئەوەی تا ماوەیەکی درێژ تەنها بریتی بوو لە شیعر.)) [21:61] ئەم بەرهەمە کاریگەری دەسەڵاتی شیعری بەسەردا زاڵەو بەرگی شیعرو هونەرەکانی ڕەوانبێژی، هاوسەرواو هاوسەنگیو کێشو هاوتەریبی پۆشیوە و لە جوگرافیای دەقەکە بە روونی دەبینرێن، لەبەرئەوە ئەگەر شیعرییەتی پەخشان، زاڵ بوون بێ بەسەر دەربڕینو پێکهاتە زمانییە خاوەن ڕیتمو مۆسیقاو وێنەییانەی، کە بە پلەیەکی بەرزی هەستو سۆز لە هەر دەقێکدا بارگاوی بوون [164:196]، ئەوا بە ڕوانینمان لەم بەرهەمە، لە تێڕوانینی پەخشانەوە، بەشێك لە شیعرییەتی پەخشانی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەلاّم بە واتای تیۆری نوێی شیعرییەت نا، بەڵکو لە هەڵمژینی چەند ڕەگەزێکی شیعرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش لای کورد سەرەتای جیابوونەوەی پەخشانە لە نێو شیعردا.

ئەگەر سەرەتاکانی نووسینی چیرۆکی هونەری لە باشووری کوردستان، بۆ چیرۆکە سادەکانی نێو ڕۆژنامەی پێشکەوتن [45:61] ، یان هەردوو چیرۆکی(لە خەوما)ی (جەمیل صائیب )* و (مەسەلەی ویژدان) ی (ئەحمەد موختار جاف) بگەڕێنینەوە، ئەوا بە تەواوی لە شیعرو بنەماکانی دوور دەکەونەوە، بە پێودانێکی تر سادەیی تەکنیکی چیرۆك و مەسەلەی زمانو دەربڕین، لە خۆ دوورگرتن بووە لە شیعرو ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان** .

---

* بەڕای د.جەمشید حەیدەری، بەیەکەم چیرۆکی هونەری کوردی دادەنرێ.بروانە [86:177]

** زۆر جار لە قسەی ئاسایی نێو خەڵکدا، ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکان بەکاردێن، ئەگەر تاك و تەرا ئەم شێوەیە بەکاربێ، لە شیعرییەتی چیرۆك نزیك نابێتەوەو بە ئاسایی دادەنرێ، وەك هەندێ دەربڕینی خوازەیی. بۆ وێنە ((دەستم کرد بە ئەهالی ڕووتاندنەوە)) [36:39]

دوای ئـەم قۆناغـە چـیرۆکی کـوردی ئەوەنـدەی خـۆی بـە پابەنـدبوونی تـەکنیك و ڕێساکان و گەیاندنی مەبەست بەستۆتەوە، ئەوەندە لە خولیای جوانکردنی دەربڕین و گەشەپێدانی زمان و مەزراندنی ڕەگەزەکانی شیعری نەبووەو لـە کارتێکردنی شیعری خـۆی پاراسـتووە. ئـەم جـۆرەی نوسـین تـا دەیـەی شەسـت و حـەفتاکانی سـەدەی بیـستەمی خایانـد، لـەم دوو دەیـەدا لەبـەر هـەژموونی دەسـتەلاّتی سیاسـی و کۆمەلاّیـەتی... و کاریگـەربوون بـە تیۆرەکـانی شـیعرییەت لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیست، کە خۆی بەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕییانە لکاندبوو، کە داوای ماف سیاسیی و کۆمەلاّیـەتی و یەکـسانیی و دادگـەرییان دەکـرد. [10:201] دیـارترین نموونـەش بزووتنـەوەی فۆرمالیستی ڕووس بـوو، کـە گۆڕانکارییـان بەسـەر تێڕوانین و شێوازی نووسین داهێنا. چیرۆکنووسـانی کـوردیش پـەنایان بـۆ شـێوازێکی دیکـەی نووسـین برد و لایەنی ناوەڕۆك و ڕووخسار گۆڕانی بەسەر داهات و بۆ شاردنەوەی ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچوونەکانیان، پەنایان بۆ (ڕەمز) دەبرد، کە یەکێك لە ڕەهەندەکانی لادان خۆی لـە ڕەمـزی شـیعری دەبینێتـەوە. وەك بنەمایـەك بـۆ شـیعرییەتی نـوێ و بـە لێـك نزیـك بوونەوەیەکی نێوان شیعرو پەخشان دادەنرێت. [54:112]

هەڵبەت ڕەمز، زمان خەست و چڕ دەکاتەوەو بەرەو تەمومژیی دەبات و لە زمانی ئاسایی جیای دەکاتـەوە، هـەروەك پرسـی زمـانی شـیعری و بـەکارهێنانی ڕەگـەزەکانی ڕەوانبێژی و تێکشکاندنی زمان برەوی پێدراوە. لە سۆنگەی ئـەوەی چیرۆکنووسـانی ئەوسا زۆربەی هەرە زۆریان شاعیر بوون، ئەم شاعیربوونەی ئـەوان کاریگـەری بەسـەر تەواوی دەقەکانییان دیارەو بەرەو هەنگاونانی شیعرییەت چوونە و شێوازێکی نوێیان لە نوسینی چیرۆکی کوردی داهێناوە.

**٢- بە دیاردەنەبوونی شیعرییەتی چیرۆك لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا:**

لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی دەق، لە گۆڕەپانی ڕەخنەی کوردیدا، هێشتا لـە بـەردەم لێکۆڵـەران نەبۆتـە دیاردەیـەك. شیعرییەتی شیعرو لێدوان لـە حالـەتی ئیستاتیکایی شـیعر بـە تێڕوانینـی تـازەوە هێـشتا هـەر لـە سـەرەتادایەو، بـۆ چـیرۆکیش زۆربـەی

لێکۆڵینەوەکان لە چوارچێوەی ڕێسا کۆن و باوەکانی (ڕووخسارو ناوەڕۆك) نەپەڕیوەتەوە بۆ لێدوان لە شیعرییەتی چیرۆك و بونیادە ئیستاتیکییەکەی. ئەگەر لە میتۆدێکی شێوازگەریشەوە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام درابێ، یان شێوازی هونەری دەقەکە خرابێتە ڕوو، شیعرییەتی شێوازو شێوازی شیعری و زمانە شیعر ئامێزییەکەی گرنگی پێنەدراوەو نەبۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە. لەبەرئەوە کە باس لە شێوازی چیرۆکی کوردی* لە هەر قۆناغێکدا بکرێ، پێویستە لەژێر تێڕوانینی ئەو تیۆرە نوێیانەی کە دەق شیدەکەنەوە، بونیادی شیعریش گرنگی پێ بدرێ، چونکە شیعرییەت و شێوازگەری لە گەلێك ڕەهەندەوە تەواوکەری یەکترین.

درەنگ گەیشتن و دووربوونی ڕەخنەی کوردی لە تیۆرە نوێیەکان، هەر تەنیا فەرامۆشکردنی یەکێك لە دیاردەکانی شێوازگەریی دەق نەبووە، بەڵکو هەندێك جار لەژێر سێبەری پابەندبوون و پەیوەست بوون بە تیۆرە سواوو کۆن و باوەکان، ڕاڤەی هەڵە بۆ دەق کراوەو لە بەهاو پایەی دەق کەم کراوەتەوە، بەجۆرێك کاریگەربوونی دەقێکی چیرۆك بە هەندێ کەرەسەی ڕەوانبێژی و شیعریی، بە شێوازی جوانکردنی دەربڕین و هونەرەکاریی دەق دانەنراوە، بەڵکو بۆ خەوش و ناتەواوی دەق و هەڵەی چیرۆکنووس گەڕێندراوەتەوەو بەم جۆرە بۆتە بنەماو پێوەری باشی و خراپی و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی چیرۆکنووس. بۆ وێنە بەکارهێنانی ڕەگەزی دووبارەبوونەوە لە چەند چیرۆکێکی (محەمەد مەولوود مەم) لای لێکۆڵەر، بۆتە خەوشێك و چیرۆکەکەی بێ هێز کردووە، (تالیب محەمەد) دەڵێ: ((هەرچەندە لای ڕەخنەگرو خوێنەر ئەم چەند بارەکردنەوەیە بە غەوش دەژمێردرێ)) [50:66]، یان ((ئەم چەند بارەکردنەوەیە تەنانەت لە هەندێ شوێن دا دەگاتە ڕادەی چوار جار، کە ئەمە دەبێتە غەوش بۆ چیرۆکی هونەری و ئەم غەوشەش لە چیرۆکەکانی دواتردا

* (سەلیم ڕەشید صالح) لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناوی (شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا) بە شێوازە کۆن و باوەکە، لە تەکنیکەکانی چیرۆکی ئەو دەیەیە دواوەو باسی شیعرییەتی چیرۆکەکانی نەکردووە، کە بێگومان بە شێوازێکی تایبەت دادەنرێ و لە قۆناغەکانی تر جیا دەکرێتەوە، وێڕای ئەوەی شیعرییەت دیاردەیەکە لەنێو پرۆسەی (شێوان) بەرهەم دێ. بڕوانە [31]

هەستی پێ ناکرێ. کە ئەمە دەگەیەنێ چیرۆکنووس توانیویەتی هەنگاوێك بەرەو خەملاندن و پێگەیشتن بچێت)). [65:66] بۆیە خەملاندن و پێگەیشتنی چیرۆك، لە دووبارەنەکردنەوەی کەرەستەکان دا نییە، ئەوەندەی لە قوڵبوونەوەی زمان و پێکهاتەو دەلالەتی دەق و هونەرکارانەیەتی، کە هونەرمەندێتی نووسەر لە سازاندنی وێنەو خەیاڵ و یاریکردن بە وشەو دەستەواژەو واتا دەسەلمێنێ و وێڕای بەخشینی ڕیتم و مۆسیقا و چێژ بۆ وەرگر.

به دیاردەنەبوونی * شیعرییەتی چیرۆك لە نێو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا، دەتوانین بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوەی بگەڕێنینەوە. کە گرنگترینیان:

أ-تازەیی شیعرییەت وەك چەمك و درەنگ ئاشنابوونی بەنێو ئەدەبی کوردی بەگشتی و، نەبوونی بەرهەمی وەرگێڕدراوی تیۆری بە زمانی کوردی، کە هێڵە گشتییەکانی ئەم دیاردەیەی لەخۆگرتبێ.

ب-گرنگی نەدان بە زانستی شێواز (شێوازگەری)، کە پەیوەندییەکی بەنێویەکداچووی لەگەڵ شیعرییەتدا هەیەو ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە ڕێگای

* کە دەڵێین (بەدیاردەنەبوون) مەبەستمان ئەوەیە وەك چۆن لێکۆڵینەوە، لە بونیادو ڕووخسارو ناوەڕۆکی چیرۆك دەکرێ، بەم شێوەیەش لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی چیرۆك ببێتە بابەتی سەربەخۆی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی گشتی، دەنا (ئیبراهیم قادر محەمەد) لە نامەی دکتۆراکەیدا لەبەر گشتیبوونی بواری لێکۆڵینەوەکەی و نەبوونی بواری باسکردن تەنیا لە چەند شوێنێك بە ئامارە شیعرییەتی زمان و ئەو تەکنیکانەی کە شیعرییەت بەرهەم دێنن، ئامارەکردووە، لەوانە لە شیعرییەتبوونی ناوونیشانی چیرۆکەکانی ئەو دەیەیەی کۆڵیوەتەوە. ئەوەی ئێمە بیزانین تا ئێستا یەکەم لێکۆڵینەوەی بواری چیرۆکە، کە ناو بە ناو بۆ ئەم دیاردەیە چووەو، بە پێی پێویست فەرامۆشی نەکردووە. ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە و لە هەموو ڕووەکانی چیرۆکی ئەو دەیەیەی کۆڵیوەتەوە، بەڵام کارێکی چاکی کردووە، کە خۆی لە شیعرییەتی چیرۆك نەبواردووە، ئەگەرچی بە کورتی و ئامارەش بێ.بڕوانە [213:67] هەروەها لە نێو ئەم ئامارانەش (سابیر رەشید) لە چەند شوێنێك لە کاتی لێکۆڵینەوەی چیرۆك بە خێرایی بەسەر ئەم بابەتە تێدەپەڕێ و هەر بە ئامارە، شیعرییەت دەخاتە پاڵ شێوازی چیرۆکەکان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە [45:6-28] و [52:18-41].

ئاشنابوون بە بنج و بنەوانی شێوازگەری و بەکارهێنانی وەك میتۆدی لێکۆڵینەوەی دەق، شیعرییەتی دەق ئاسانتر دەدۆزرێتەوە.

ج–شیکردنەوەی دەق بە پێودانی یاسا دێرینەکان، بەگشتی و جوینەوەی هەمیشەیی لێکۆڵینەوەی ڕووخسارو ناوەڕۆکی دەق، ڕێگای لە شیعرییەت گرتووە، وەك دیاردەیەکی تازە دەربکەوێ.

د– لێك دوورخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمانەوانی و بایەخ نەدان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە.

## ٣- پێوەری دەستنیشانکردنی شیعریەتی چیرۆکی کوردی:

دوای ئەوەی چەمکی شیعرییەتمان ڕوونکردەوەو پەیوەندیی لەگەڵ چەمکەکانی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکاو زمانەوانی و شێوازگەریمان خستەڕوو. دەرکەوت، کە شیعرییەت وەکو چەمکێك بریتییە لەوەی چۆن دەقێك تایبەتمەندییەکی ئەدەبی لەخۆ بگرێ. نەك بەو واتایەی ئەو دەقە ئەدەبییە ژانری خۆی جێبهێڵێ و لە ڕوانگە فۆرمییەکەوە ببێتە شیعر وەکو ژانر، بەڵکو ئەگەر سەد لە سەد وەکو دەقێکی شیعری نەبێ، دەبێ بەشێکی لە ڕەگەزەکانی شیعرییەتی شیعر هەڵمژیبێ. بۆیە ئەگەر لە ڕەهەندێکی دیاریکراویش خۆی لە شیعردا نەنوێنێ و لە هەمبەری لاواز بێ، ئەوا دەبێ لە ڕەهەندی ترەوە وەك شیعر خۆی نیشان بدات و پێویستییەکانی لە خۆیدا هەڵبگرێ و کاریگەری و ئیستاتیکایەکەی لە شیعر نزیك بێت.

بۆ دۆزینەوەی شیعرییەت لەنێو دەقێکی ئەدەبیداو لەو ڕوانگەیەی کە شیعرییەت تەنیا تایبەت نییە بە شیعر، بەڵکو لە هەر دەقێکی ئەدەبی، کە کەرەستەکانی شیعرییەتی تێدا بەرجەستە بوو، ئەمیش جێیدەبێتەوە. (جان کۆهین) چەند پێوەرێکی بۆ بەشیعرییەتبوونی دەقی ئەدەبی داناوە، کە دەشێ لە چوارچێوەی زماندا خۆیان گرمۆڵە بکەن و لەبەر پەیوەندی ئاسایی نێوان زمانەوانی و شیعرییەت و چەمکەکانی تر، گرنگترین ئەو پێوەرانە، کە ئەدگاری شیعرییەتی دەق ئاشکرا دەکەن، بریتین لە هەردوو ئاستی (دەنگسازی و دەلالی). بۆیە لە هەر دەقێکدا ئەگەر

ئـەم دوو ئاسـتە لـە لایـەن نووسـەرەوە گرنگییـان پێـدراو بـە شـێوازێکی هونـەری هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا، دەق لە شێوازی ئاسایی دەردەچیٚ‌و دەبێتە هۆی لەدایك بـوونی شـیعرییەت. بەهـەمان شـێوە لای وەرگـریش کاتێـك شـیعرییەتی خوێندنـەوە فەراهەم دەبیٚ، ئەگەر بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە دەقەکە شیبکرێتەوەو لەئەنجامی کارکردن لە نێو شێوازەکانی ئەم دوو ئاستە، شیعرییەت دەدۆزرێتەوە.

(کـۆهین) ژانرەکـانی دیکـە بـە هـۆی ئـەم دوو ئاسـتەوە، ئـەدگارو سـیمای شـیعرییەتبوونیان دەردەخـاتو پێـی وایـە، ئـەوەی بـە (پەخـشانە شـعر) ناسـراوە، سیمای شیعرییەتی تـەنیا لـە ئاسـتی (دەلالی) دایـەو ئاسـتی دەنگسازیی فـەرامۆش کراوە. هەروەها (پەخشانی مەنزووم) یش شعرییەت لە ئاستە دەنگسازیەکەی دایـەو ئاسـتی دەلالی بەتاڵـە. هەرچـی (شـیعری تـەواو) ە، ئـەوا شـیعرییەت لـە هـەردوو ئاستەکەیەو، گەیشتۆتە پلەی بالاٚ. بە پێـچەوانەوە لـە پەخشانێکی تـەواو (نثـر کامل) شیعرییەت لە هیچ کام لەم دوو ئاستانەدا نابینرێتەوە. وەك لـەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی کردۆتەوە: [12:90]

| ڕەگەز | ئاستی دەنگسازی | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|
| پەخشانە شیعر | – | + |
| پەخـشانی مـەنزووم(نثـر منظوم) | + | – |
| شیعری تەواو | + | + |
| پەخشانی تەواو | – | – |

ئەم بۆچوونەی کۆهین بۆ ئەو تێڕوانینانەمان دەبات، کە بڵێین مادام پەخشانی تەواو لە هەردوو ئاستەکە لە شیعرییەت بەتاڵە، کەواتە شیعرییەت لە چیرۆکیش نییە، وەك ژانرێکی سەر بە پەخشان. لەبەرئەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی (کۆهین)، هەموو ئەو هەنگاوانەی کە بۆ شیعرییەتی شیعر هاوێژراون، بەهەمان هەنگاوەوە بۆ چیرۆکیش تاقییان دەکەینەوە.

ئەگەر چیرۆکێکی کوردی وەك ژانرێکی سەر بە پەخشانی ئەدەبی بە نموونە وەربگرین، لە ئاستی دەنگسازییدا، تووشی جۆرە لادانێك بووبێ‌و نووسەرەکەی هونەرمەندانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕەهەندەکانی دەنگ‌و بونیادی دەنگی زمانەکەدا کردبێ‌و لە بەرامبەریشدا وەك دەقێکی شیعری تەواو گرنگی بە ئاستە دەلالییەکەی درابێ‌و لە ڕووی سیمانتیکی و پراگماتیکیدا خۆی نواندبێ‌و بە پرۆسەی لادانی پێکهاتەو بونیاددا ڕۆیشتبێ‌و لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی دور کەوتبێتەوە... ئەو کاتە بە چاوپۆشی لە ڕێسا سواوەکانی (کێش و سەروا) ی شیعرو لە ڕوانگەی ئەوەی هەر دەربڕینێك ڕەگەزی شیعری * لە خۆیدا هەڵگرتبێ، شیعرە. دەتوانین بڵێین هەردوو ئاستەکە لە چیرۆکەکەدا شیعرییەتیان تێدایە، بە جیاوازی لە ڕێژەی ڕووبەریان.

دەتوانین شیعرییەتی چیرۆك بەرامبەر شیعرییەتی شیعر، بەم شێوەیە لە خشتەکەدا دەستنیشان بکەین.

| ڕەگەز | ئاستی دەنگسازی | ئاستی دەلالی |
|---|---|---|
| شیعری تەواو | + | + |
| چیرۆك | + | + |

* مەبەستمان لە ڕەگەزی شیعری لێرەدا ، وێنە، خەیاڵ، ڕەمز، لادان....هتد ە، نەك كێش و سەروا.

لەم لێكۆڵینەوەماندا، بە پێی ئەم میكانیزمەو لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەكانی (جان كۆهین)و ڕەخنەگرەكانی تری بواری شیعرییەتو چەمكە ڕەوانبێژیو ئیستاتیكییەكان، هەوڵ دەدەین لە كۆمەڵە چیرۆكی (نامەكانی ژاكۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)، شیعرییەتی ئەم ئاستانەو ڕەهەندەكانی دیكەی ناوەوەی پێكهاتەی دەق بدۆزینەوە.

# بەشی یەکەم

# شیعرییەتی ریتمی ناوەوە

# بەشی یەکەم
## شیعرییەتی ریتمی ناوەوە

### چەمکی ڕیتم:

ریتم* لە نێو بونیادی دەقدا وەك ئاستێکی سەرەکی لە پاڵ ئاستەکانی تر تەماشا کراوە، چونکە لە شوێنی خۆیدا ڕۆڵ لە تایبەتمەندیی خودی دەقەکەو بەخشینی بەهایەکی هونەری دەبینیٚ. لە هەر دەقێکی ئەدەبی و هونەریشدا ریتم بە پێی ڕێککەوتن و گونجانی دەقەکە کاری خۆی دەکات.

وشەی ریتم rhythm لە بنچینەدا لە وشەی rhythmos ی گریکی وەرگیراوە [71:34]. بە واتای زان و ڕیٚ کردن و ڕۆیشتنی جۆگەو ڕووبارو هەڵقوڵین دیٚ. مەبەستیش لێی بە شێوەیەکی گشتی، ئەو گرژییە بەدواییەکداهاتووەی نێوان هەردوو باری دەنگداری و بێدەنگی و ڕووناکی و تاریکی و جوڵەو وەستان و هێزو بێهێزی و کورتی و درێژی و خێرایی و هێواشی و گرژی و خاوییە، کە پەیوەندی بەشێکە بە بەشێکی دیکەوە لە چوارچێوەی جوڵەیەکی ڕێکخراو و بە شێوازێکی ئەدەبی، یان شێوەیەکی هونەری لە نێو دەقدا خۆی بەرجەستە دەکات. [481:197] ئەم بەرجەستە بوونەش وەك کۆمەڵێك رایەڵەن لە نێو چوارچێوەیەکدا، کە پەیوەندییەکی بە هێزو بە تینیان دروستکردووە، هەر ئەم پەیوەندییەیە بۆتە

* لەنێو ڕەخنەی کوردیدا لەجیاتی ریتم وشەی دیکە بەکارهاتوون، وەك: (ڕەزم) لای (ئەنوەر قەرەداغی)، بە بیانووی ئەوەی لە (بەزم و ڕەزم) سەرچاوەی گرتووە. بڕوانە [8:51] لای (ڕەوف حەسەن) یش بەهەمان شێوە. بڕوانە [120:3] هەروەها (ترپە) لای (گۆران) بەکارهاتووە. لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانیشدا بە پلەی یەکەم ریتم و پاشان ئیقاعیش بەکارهاتووە.

پێوەرێك بۆ پێوانی پلەی ریتم لە نێو دەقی ئەدەبی بە گشتیو شیعر بەتایبەتی، بۆیە واگوتراوە ((ریتم خوێنەو شیعریش مرۆڤە)) [13:95] و یەكێكیان بێ ئەوەی دیكە هەڵناكات.

لەنێو رەخنەی ئەدەبیو تیۆری ئەدەبیدا بە بایەخێكی زۆرەوە سەیری ریتم كراوە، لەم ڕووەوە ئەم گرنگیدانە زیاتر بەر شیعر كەوتووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، كە ڕیتم لە نێو ژانری دیكەی ئەدەبی بوونی نەبێ، یان فەرامۆش كرابێ، چونكە وەك ئاماژەمان پێدا لە هەموو دەقێكی ئەدەبیی یان هونەری، ریتم بوونی هەیە، بەڵام بە پێی جۆرو شێوەی دەقەكە، بەو پێیەی ریتم دەبێتە شێوازو، شێوازی دەقو نووسەر دەردەخات.

ئەگەر لە شیعری كلاسیكیدا كێشو سەروا بنچینەی سەرەكی دەقەكە بووبن، ئەوا هاوتەریب لەگەڵیان ریتم رۆڵی بینیوە، چونكە ئەگەرچی وەكو چەمك بەرامبەر كێشو سەروا ناوەستێ، بەڵام وەكو بونیادی هەریەكە لە كپیو گڕییو هێزو ئاوازەی دەنگیی لە دەقی شیعریدا دەبینرێ [213:147],لەبەرئەوە چەمكی ریتم چوارچێوەو قەبارەكەی لە كێش، یان سەروادا كورت ناكرێتەوەو ((واتای كێشی خەلیل ناگەیەنێ، بەڵكو كێشی خەلیل بەشێكە لە ڕیتم)) [308:147] بۆیە كێشو تایبەتمەندییەكانی لەگەڵیشیدا سەروای دەقەكە لە شیعری كلاسیكیدا هۆكارێكی گرنگ بوون بۆ بەهێزبوونی ریتمو كاریگەربوونی لە مێشكو گوێی وەرگردا. وێڕای ئەمەش مۆسیقای شیعری كۆن مۆسیقایەكی دەرەكییەو پشتی بە زرنگانەوەو لەرینەوەی پێ (تفعیلە) یەكان دەبەستێ، كە هاوسەنگی لە نێوان دێری یەكەمو دووەمو ئەوانی دیكەدا بكات.

بەڵام شیعری نوێ پشتبەستنی سەرەكیی بە مۆسیقای ناوەوەی پێكهاتەی شیعرییەو بە ئاوازی سەرتاپای پەیوەندییەكانی ناوەوەی نێو دەقەكەوەیە. [143-142:149] وردبوونەوەش لەو دیاردەیە لە شیعری نوێدا، بە واتای ئەوەی هەموو ڕێسا سەپێنراوەكانی سەر دەقی شیعری، وەك كێشو سەروا تێك دەشكێنرێن، بەمەش سنووری نێوان پەخشانو شیعری نوێ لە هەمبەر ریتم لەیەك نزیك دەكاتەوە.

سەرەڕای لەیەك نزیك كردنەوەیان لە چوارچێوەیەكی گشتیو هاوبەش بوون لەگەڵ ریتمدا، بەڵام لە ڕووی جۆری ریتمەكەشەوە جیاوازی لە نێوان ریتمی شیعرو پەخشان هەیە، لە یەكەمیاندا جێگیرو ڕێكخراوەو سەرتاپای شیعرەكە دەگرێتەوە، بەڵام لە دووەمیاندا پچڕ پچڕ و ناجێگیرە، لە پارچەیەك دەردەكەوێو لە پارچەیەكی دیكەدا ون دەبێ، بۆیە زۆر لە پەیڤی هەڵبەست (مەنزوم) ناچێتە نێو قالبی شیعر، بە پێچەوانەوە زۆر پەخشانیش دەچێتە قالبی شیعر. لەبەرئەوە یەكێك لە ئەدیبەكانی فەڕەنسا دەڵێ: گەورەترین شاعیرانی فەڕەنسا پەخشان نووسەكانن، لەوانە (رابلیە*، باسكال، سان سیمۆن، بەلزاك**....)[106:141]

ئەگەر پەخشان بە هەموو جۆرەكانییەوە لە ریتمی دەرەكی (كێشو سەروا)وە خۆی دوور بگرێ، ئەوا هەموو ئەو پیتو وشەو دەستەواژانەی كە بە دواییەكدا دێنو جوڵەو بزاوتنیان تێبینی دەكەین، بە جۆرێك ئەوە جوڵەو بزاوتنی ناوەوەی دەقە، بەرزیی و نزمی شەپۆلی گوتن دەسازێنێ، كە ئەمە بۆ خۆی سەرەتایەكە بۆ دروستبوونی ریتمو نزیكبوونەوەی دەقێكی پەخشان لە دەقێكی شیعری.

ریتمی شیعری ئەوەندەی یەكێتی ریتمیی هەیە، ئەوەندە بەری بەرهەڵدا نەكراوە، بەڵام لە پەخشاندا بە شێوەیەك نییە، كە ئاوازەكە هەموو دەقەكە بگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی، كە یەكێتیی بابەت لە دەقێكی (پەخشان) زۆر جاران پارێزراوەو تەنیا لە چەند شوێنێكی دەقەكە مۆسیقاو ریتم بە دەقەكە بەخشراوە. لێرەدا وەكو شیعر نییە، كە سەرتاپای بە پێی بەحرێك لە بەحرەكانی عەرووزی، یان یەكسانی برگەكانی، یەكێتییەكی ریتمی بێنێتە كایەوە، [99:164] كە خۆی ریتمێكی دووبارەبووی ڕێكخراوە بۆ تەواوی دەق، بەڵام هەرچی پەخشانە، فرە ئاوازیو فرە ریتمی شێوەیەك

---

* فرنسۆ رابلییێ Rabelais (١٤٩٤- ١٥٥٣ز) ئەدیبێكی فەرەنساییە، لە چەرخی رێنیسانسدا بە زیندووكەرەوەی فەلسەفەو ئەدەبی كۆن ناسرابوو. دیارترین بەرهەمی (ژیانی گارگانتوا) و( كارەكانی پانتارۆبل)ە. [301:199]

** بەلزاك Balzac (١٧٩٩- ١٨٥٠)، نووسەرو چیرۆكنووسێكی فەرەنساییە، لە بەرهەمەكانی(كۆمیدیای مرۆڤایەتی)و(ئۆگینی گراندێ) یە[140:199]

**لە جۆراوجۆری‌و تام‌و چێژو هەڵچوون‌و نزم بوونی ئاستی دەروونی‌و ئیستاتیکا بە وەرگر دەبەخشێ.**

**لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبی، یان هونەریدا ئەگەر جەخت لەسەر چێژی دەقەکە لای وەرگر بکرێ، ئەوا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرین، کە ((ریتم گرنگترین ئامرازەکانی چێژی ئەدەبییە)) [16:200]. ئەم چێژەش لە چێژی تر جیایەو مۆرکێکی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەرئەوە کاریگەری پڕ چێژی ریتم بە لای رەخنەگری ئینگلیزی (وۆردز وۆرس)* ـەوە سێ شتە (عەقڵیەت‌و ئیستاتیکاو دەروونی)، ڕووی عەقڵیەتەکە پێداگرتنێکی بەردەوامە لەسەر ئەوەی، کە ڕێسایەك، یان وردییەکی ئامانجدار لە کارکردندا هەیە. لە بەرامبەردا ئیستاتیکایەکەش کەشێکی پڕ لە بیرکردنەوەی خەیاڵی لەسەر بابەتەکە دەسازێنێ، کە رەهەندێکی ئیستاتیکی لە مێشکی وەرگر بە خودی دەقەکە دەبەخشێ. سەبارەت بە ڕووە دەروونییەکەش، ئاشکرایە ژیانی مرۆڤ بە گشتی ژیانێکی ریتمییە، هەر لە رۆیشتن‌و نووستن‌و لێدانی دڵ‌و.. [363:73]، کە هەرسێکیان لە نێوخۆیاندا جیا لە کاریگەری دیکە، کاریگەرییەکەیان پڕ چێژتر دەبێ. لێرەدا دەشێ باری دەروونی بە پێوەرێکی ڕاست‌و دروست دابندرێ، بۆ زانینی ریتم‌و پلەو ئاستەکەی لە نێو دەقدا. چونکە لە هەڵوێستی وادا کاتێك لێدانی دڵ خێرا دەبێ، دەق لە نێو پرۆسەی نووسیندا چوارچێوەی ریتمەکەی گۆڕانی بەسەر دا دێ‌و ریتمی دەنگ‌و وشەو رستەکان خێرا دەبێ. ((ریتمی لێدانی شیعر وادەبێ بە خێراییەکی کەمتر لە ریتمی لێدانی دڵ لێبدرێ، بۆیە ئەمە راست دەردەچێ، کە شیعر زمانی دڵە)) [364:73] بە تایبەتیش لە کاتی خەیاڵکردن بۆ رابردوو، یان هەست بە نامۆیی کردن‌و نیشاندانی بارێکی کەسەکە، کە بیرکردنەوەوخەیاڵ دروست بکات، ئەمە ریتمێك لە نێو جوگرافیای دەقەکەدا دادەهێنێ‌و بێ ئەوەی بە ئاشکرایی، وەك کێش‌و سەروا خۆی نیشان بدات، بەڵکو خۆی دەخاتە نێو خێرایی باری دەروونی‌و**

---

**[*] ولیام وۆردز وۆرس ( ١٧٧٠–١٨٥٠) William words worth: شاعیرێکی بەریتانییە، لە (کامبرلند) لەدایك بووە، لەساڵی ١٨٤٣ نازناوی میری شاعیرانی بەریتانیای پێ بەخشراوە. لە دیارترین بەرهەمەکانی: شیعرەکان(١٨٠٧) و پێشەکی (١٨٠٥) ز. [1308:218]**

هەڵچوون و لێدانی دڵ و، هەروەتر لە نێو دەقدا لەگەڵ چێژ بەدەردەکەوێ، بەو پێیەی ((لە بنچینەدا ریتم بۆشاییەکی کاتییە، بۆ بیرکردنەوە لە ڕابردوو لەگەڵ واقیعەکەدا هاوسەنگ دەبێ.)) [136:181]

ریتم بۆ وەرگر یارمەتی زووتر هەرسکردنی کەرەستەکانی دەق دەدات و لە هەمان کاتدا خولیایەکی خێراتری بۆ دروست دەبێ، تا هەرچی زووە، ئاسانتر واتایەکە بۆ مێشکی بگوازرێتەوە، چونکە ریتم یارمەتی واتا دەدات، بۆ تێپەڕین بە دیوی ئاستی هۆش و بیرکردنەوەو هەستەوەرەکان و هەروەك یارمەتی نقووم بوونی واتا دەدات، بۆ چینە سەرەتاییەکانی رەهەندی دەروونی و وروژاندنی باری دەروونی و پاڵنەرێکە بۆ خەون و بیرکردنەوەو ڕامان، بۆیە دەنگی ریتمی ئاوازدار، هۆیەکە بۆ ئیحاو ئامرازێکی کارو ڕوودانیشە، لەبەرئەوە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی وشەو جوڵەو بزاوتنەکان و هێزو قورسی و سووکی و درێژی و کورتی و گڕی و کپی ... هتد. لەسەر بنچینەیەکی ئیحای مۆسیقایی و جیاوازی دەنگی ڕووداوەکان، هەموو ئەمانە گونجاندنێك دروست دەکەن و گوێچکەی مرۆڤ و چێژو ئارەزووەکانی بۆ وشەو تەواوی دەقەکە کەمەندکێش دەکەن. [28:150]

بایەخدان بە لایەنی جوانکاریی وشەیی و لەگەڵیشدا بایەخ بە ڕیتم دان و لە هەمان کاتدا کارکردن لە نێو واتادا، جۆرێك لە وێنەی شیعری و ڕەمزی شعری دێننە کایەوە، چونکە مۆسیقاو ریتم پێکەوە لەگەڵ ڕەمزو وێنەی شیعری بۆ ئیحاو هەڵچوونەکان هاوبەشی دەکات، لەبەر ئەوە دەبینین لای سیمبولیستەکان شیعر (وێنەو ریتم)ە، مەبەستیش لە شیعر لای ئەوان سازاندنی بارێکی دەروونییە، پێش ئەوەی واتا بگوازێتەوە. بۆیە گرنگییان بە ڕەگەزی ریتم دەدا تا بە ئامانجەکانی شیعرییەت بگەن.[80:141] بەرهەمی سیمبولیستەکان، لەبەر داپۆشرانییان بە ریتم و مۆسیقا ئاسان نییە بۆ زمانانی دیکە وەربگێڕدرێن. بۆیەش پەیامی ئەوان پەیامێکی کۆمەڵایەتی، یان رەوشتی نەبوو، وەك ئەوەی پەیامێك بوو بۆ نێو دەروونی مرۆڤ، چونکە ریتم و رەمزو وێنە، وەك زەنگێك بۆ نێو دەروون وان، بە واتایەکی تر دەشێ بڵێین، پەیوەندیی دەق و دەروون زیاتر بە هۆی ریتم و جوانکاریی دەق پتەوو توندو

تۆڵ دەبێ، کاتێك لە نێو دەقێکدا هەموو پەیوەندییەکانی ناوەوەی یەکانگیر دەبن‌و وێڕای بەهای هونەری‌و ئیستاتیکییان، ئەمەش هاوڕا لەگەڵ هەست‌و سۆزو چالاکی نووسەر دەبێ، چونکە ((ریتم تەنیا دەنگی وشەکان نییە، بەڵکو واتاو هەستیش لەخۆ دەگرێ.)) [23:95] بۆیە کارزانی‌و لێزانی سەبارەت بە پەرش‌و بڵاوکردنەوەی ریتم لە نێو دەقدا رۆڵی خۆی دەبینێ.

هەر نووووسەری دەقە دەتوانێ ریتم بەسەر تەواوی دەقەکە دابپۆشێ. ئەویش بەتاکە رێگایەك، کەخۆی لە (زمان) دەبینێتەوە، چونکە ((ڕیتم بەگرینگترین بنچینەکانی زمانی شیعری دەژمێردرێ)) [32:152] ئەمەش کەرەستەیەکە لەبەردەستی نوسەرەکە دایەو دەتوانێ بە یەکگرتنی ئاستەکانی زمان‌و بەهەردوو لایەنی فۆڕم‌و واتا بەهای دەقەکە بۆ دەقێکی پڕ لەڕیتم ببات.

ڕۆڵ بینینی ڕیتم لەنێو دەقدا بەشێوەیەك گرنگی هەیە، کە بەهای شیعرییەتی دەقەکەش بەرزدەکاتەوە، چونکە ئەگەر دەقێکی شیعری کێش‌و سەروایەکەشی لێ دابماڵین، بەڵام بە مەرجێك بە شیعرییەت بارگاوی کرابێ‌و ڕەگەزەکانی تری شیعری تێدا بەرجەستە بووبێ، بە داماڵینی کێش‌و سەروایەکەی بەهای شیعرییەت ون نابێ، بەڵام ئەوەی دەبێتە داینەمۆی شیعرییەت لە دەقەکەدا، خودی ریتمەکەیە، بۆیە ریتم لە شیعر بێ، یان لە پەخشان، یان هەر هونەرێکی دیکە، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێ‌و لە شوێنی خۆیداو ئەو پێکهاتەیەی، کە دەقەکەی گرتۆتەوە، ڕیتم پڕژێنی بکات‌و لە ڕەهەندەکانی دیکەی دەقدا وەك (کات، شوێن، رووداو، دەروونی، رەنگ..) خۆی بە ئاشکرا دەربخات. وێڕای ئەمانەش ڕەوانبێژی وەك کەرەستەو بنچینەیەك بۆ شیعر لە هەندێك جۆریدا پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕیتم هەیەو ئاوێتەی یەکتری دەبن.

ریتمی شیعری لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقادا، لە گونجان‌و هارمۆنییەت بە یەك دەگەن، ئەو هارمۆنییەتەش دەگونجێ لە تێڕوانینی ڕەوانبێژییانەی دەقدا، ڕەگەکانی بۆ چەمکەکانی یەکسانی‌و دژیەك‌و هاوسەنگی‌و دووبارەبوونەوەو بەرامبەری...دا بگەڕێتەوە. [100:203] لە هەموو ئەمانەدا دەبێت ریتم‌و هارمۆنییەتی دەق لەگەڵ وێنەی هونەری دەقدا ڕێك بکەون، بە جۆرێك وەك چۆن ڕیتم‌و مۆسیقا لەگەڵ هەموو

ژانرو هونەرێك دەتوانی هەڵبکات، بەڵام هەریەکەیان بە پێی گونجان، چونکە هەریەك لە بیستن و بینین، کە مۆسیقاو وێنە تێیدا بەشدارە، دەبێ لەگەڵ دەقەکەدا بێنەوە. وەك چۆن ناشێ‌و، هەستی مرۆڤ هەست بە ناکۆکی‌و ناسازی ڕیتم دەکات، کاتێك ڕیتم‌و مۆسیقایەکی خێرا بۆ دیمەنێکی خەمناکی فیلمێك یان شانۆنامەیەك دێتە پێشەوە. بەو شێوەیەش لە نێو دەقی چیرۆکێکدا، لە هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان، بە گوێرەی سازاندنی جۆری وێنە هونەرییەکە، دەبێ ڕیتمەکە بەو ڕێڕەوە کار بکات‌و هاوشان بێ.

دەشێ لێرەدا ریتم ناوێکی دیکە بگرێتە خۆی، کاتێك خەیاڵ ڕۆڵی سازاندنی وێنەکان دەبینێ‌و جوڵەی وێنەکان‌و گواستنەوەیان بۆ مێشك، ریتمی هۆشی (زەینی) دێنێتە کایەوە، کە بونیادێکی دەنگیی بارگاویکراو بە سیمانتیکیانەی وشە دەگرێتە خۆ، لە میانی ئەو پەیوەندییە ڕیتمییەی لەگەڵ وێنەی هونەری هەیەتی، کە هەریەك لە ڕستەکانی وەسف و لێکچواندن‌و خوازەو خواستن‌و ڕستەی ئیخباری‌و ئینشائی.... ڕۆڵی تێدا دەبینن. بەتایبەتیش خواستن، کە ڕۆڵێکی گەورە لە گرێدانی وێنەیەك بە وێنەیەکی دیکە دەگێڕێ. هەموو ئەم پەیوەندییانە لەگەڵ ریتم جۆرە هاوڕێکی‌و گونجان بە دەقەکە دەبەخشێ‌و دەق سیمایەکی جوڵاوو بزواوی دەبێ‌و کۆی ئەمانە دەبنە چەند ڕستەیەکی هۆشی‌و لە نێو بەشێك لە بەشەکانی مێشك هەڵدەگیرێن، کە سەرەتایەکەی بە هۆی بینین‌و پاشان خەیاڵ کردن گواستراوەتەوە. [73:203]

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییە، کە وەرگرتنی دەقەکەو بیستنی دیاردەکانی: دووبارە بوونەوە، ڕێککەوتنی واتایی‌و هاوتەریبی‌و هاوسەنگی‌و زرنگانەوەو لەرینەوەی دەنگ‌و وشەو دەستەواژەو ڕستەکان‌و گونجانی دەلالییانەو... هاوکات لەگەڵ ئەرکی بینین، کە وێنەکە دروستی دەکات‌و پاشان ڕوودانی پرۆسەی خەیاڵکردن‌و مانەوەی لە مێشکدا، بە واتایەکی دیکە ریتمی دەنگی لە پانتایی ژانرێکی وەك چیرۆك، کە گوێچکەو هێزی بیستن لە لایەك‌و وێنە هونەرییەکانی دەق، کە چاو لە لایەکی دیکەوە فەرمانڕەوایەتی، بەیەکەوە ڕۆڵیان لە دەرکەوتنی

ئیستاتیکای دەق و بەتایبەتیش دەقی چیرۆکەکە هەیەو لە بنەماکانی شیعرو شیعرییەت نزیکی دەکاتەوە.

دۆزینەوەی ئەم دیاردەیەش پەیوەستە بە شێوازو، شیعرییەتی نێو چیرۆکەکە بە ڕوونی لای خوێنەری شارەزا دەبینرێ، چونکە ((شێوەو ڕیتم، دوو ڕەگەزی گرنگی پەخشانن، بەڵام کەم گوێگر هەن، کە چاوو گوێی ڕاهاتبێ، تا کاریگەریی ئەم دوو ڕەگەزە بناسن)). [35:143]

ئەگەر لە ڕێگای ئاستی دەنگیو دەلالییەوە، هەست بە بەهای دەقێك بكرێ، ئەوا گوتاری شیعری کاتێك لە ئاستی دەربڕین دەردەبڕدرێ، کە جۆرێکە لە دەرخستنی یەکە دەنگییە هاوشێوەکان، دەشێ لە کۆمەڵە وشەیەکی هاوتەریبو سیمانتیکیی دەنگی پێکهاتبن، بە هەمووشیان دەبنە بنچینە بۆ لەدایکبوونی گوتارێکی دەنگی ڕێکخراو، لەگەڵ سیستەمێکی دەلالی. ئەمەش ڕێدەدات، گەلێك ئاماژەی مۆسیقایی شیعریو ریتمێکی هارمۆنی لە نێو دەقەکەدا بێننەکایەوە. [22021:71]

هەر ئەم هارمۆنیەتو گونجانەشە، کە دەربڕین جوان دەکاتو لەوێدا شێوازی تایبەتی نووسەرەکە لە نێو دەقدا خۆی ئاشکرا دەکات. ئەم دەربڕینانەش زۆرجار خۆیان دووبارە دەکەنەوە بەجۆرێك دەبنە رەهەندێکی ئیستاتیکای دەقەکە لەلایەكو لەلایەکی دیکەش، دەبنە بناغەی دروستبوونی ڕیتم، چونکە ((ڕیتم دیاردەیەکە، لەسەر دووبارەبوونەوەیەکی ڕێکخراو وەستاوەو کاتیش ڕۆڵی گرنگی تێدا دەبینێ)) [112-108:172] ئەم پێناسەیە واتای ئەوە نیشان دەدات، کە ڕیتم لەسەر دوو کۆڵەگەی سەرەکی بنیاتنراوە ئەوانیش (چەمکی دووبارەبوونەوەو چەمکی کات)ن، هەرچی دووبارەبوونەوەکەیە وەك ڕەخنەگری ناسراو (ئای. ئەی. ریچاردز i.A.Richardis) پێی وایە واتای لێکچوون ناگەیەنێ [12:135]، چونکە ئەو وشە دووبارەبووانە کۆمەڵێك جووڵەی جیاوازنو بەنێو دەقدا دێنو دەچن. ئەگەر ئەمە بۆ دەقێکی شیعری ڕاستو ڕەوان بێ، ئەوا بۆ دەقێکی پەخشان بە گشتیو بۆ چیرۆك بە تایبەتی زیاتر هەماهەنگ دەبێو لە گەڵیدا بەرجەستەدەبێ، بە شێوەیەك هەم

دووبارەبوونەوەکەو هەمیش کات ئاشکراتر دەردەکەون و ئاوێتەی ڕووداوە ئاشکراکان دەبن .

ئەگەر یەکێك لە ڕەگەزەکانی چیرۆك، گرێچن (الحبکة) بێ، ئەوا دوو ڕەگەزی گرنگ بە گرێچن پەیوەستن، ئەوانیش (کات و ڕیتم)ن، کات دانانەوە (التوقیت) جولان و بزاوتنە لە ناوەوەی چیرۆك لە ڕووی هێواش و خێرایی ڕووداوەکان. ئەم جوولانەش لەگەڵ گۆڕانی هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە دەگۆڕێ، وەك شەپۆل، بەرزو نزم دەبێ، ئەم بەرزبوون و نزم بوونەش، بریتییە لە ریتم [183:140]، بەم پێیە گەڕان بە دوای شێوازی چیرۆك، دەمانخاتە نێو ڕەوانبێژی و لایەنی هونەری، شێوازی دەربڕینخوازیش لە واتا جیا نابێتەوە، کە (واتا و هەست و ڕیتم و مەبەست) دەربڕین جوانتر دەکەن، ئەو کاتە بوونی ئەمانە شێواز دەگەیەننە لوتکەو، لێرەوە دەکرێ وەك (بوفون)* ، بڵێین (شێواز نووسەرەکە خۆیەتی) [186:140]، کەواتە ڕیتم ڕۆڵی لە بە شێواز بوونی دەقەکەش بینی، وێڕای ئەمەش هەریەکە لە (واتا، هەست، ڕیتم، مەبەست) شتێکی تر لە نێو چیرۆك دێننە کایەوە، کە (چێژ) بگاتە پلەیەك خوێنەر هەست بە چێژی ئیستاتیکای دەق بکات، بۆیە ڕیتم هەتا ئەو ڕادەیە گرنگەو دەبێ لە شوێنی خۆی و پڕ بە پێستی دەقەکە بسازێ، تا کاریگەرییەکەی لە ئاستی خۆی کەم نەکاتەوە، ئەمە وایکردووە، تا خوێندنەوەکە زیاتربێ، دەقەکە باشتر دەچێژرێ و کاریگەرییەکە زووتر دەردەکەوێ، بۆ نموونە ڕۆماننوسێکی وەك (گابریێل گارسیا مارکیز)** بەم جۆرە گرنگی بە ڕیتم دەداو پێی وایە ((کاری ئەدەبی وەکو مۆسیقا

---

* بوفۆن (جۆرج لویس لیکلیر) Buffon (١٧٠٧– ١٧٨٨) زانایەکی بواری سروشتناسی و لەهەمان کاتدا ئەدیب بوو. هەر لە زووەوە گرنگی بە بەهای زمان داوە، پێی وابووە زمان جگە لەوەی هەڵگری بیرو بەرهەمە گشتییەکانە، خاوەنەکەشی پێ دەناسرێتەوە و نەمر بوونی کەسایەتی لە رێی بەکارهێنانی زمانەکەیە. لە دیارترین بەرهەمەکانی. (چەند وتارێك لەبارەی شێواز. ١٧٥٣)، [244:78] و [151:199]

** گاپرێل گارسیا مارکیز(١٩٢٨ز–.؟) ڕۆماننوسێکی کۆڵۆمبیاییەو لە (ئاراکاتا) لەدایك بووە. لە ساڵی(١٩٨٢ز) خەڵاتی (نۆبڵ)ی لە ئەدەب وەرگرتووە، ناودارترین بەرهەمی ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) یە لە ساڵی (١٩٦٧)، [991:218]

ئیحابەخشە، لەبەرئەوە هەر هەڵەیەك لە ڕیتم، ڕەنگە سیحری کارتێکردن ون بکات، بۆیە زۆر گرنگی بەمە دەدەم، بە ڕادەیەك وام لێدەکات نەتوانم کارەکەم ڕادەستی چاپخانە بکەم تا بەدەنگێکی بەرز نەیخوێنمەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕەوانیی کارەکەم دڵنیابم)). [138:130]

لەو سۆنگەیەوە کاتێك لە ڕیتم دەکۆڵدرێتەوە، هەر تەنیا دۆزینەوەی چەمکێکی ئەبستراکت نیە، ئەوەندەی نهێنییەکانی دەقی پێ دەدۆزرێتەوە، لە نێویشیاندا شیعرییەت، کە وەك ڕایەڵێکی تێکچرژاو بە هەموو چەمکەکان پەیوەستە، بۆیە ((ڕەخنەگرە کۆنەکان نەهاتوون لە دەست بەتاڵی خۆیانەوە لە ڕیتم بکۆڵنەوە، بەڵکو ئەمەیان لە هەست پێکردنێکی قووڵ بۆ ئەفراندنی شیعرییەت لە ڕێگای لادان لە شێوازگەرییەوە، سەرچاوەی گرتووە)) [117:162]، کە لە شێوازی ئاسایی و قسەی ڕۆژانە جیادەبێتەوە، بەم جۆرە ((ڕیتم یەکێك لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی شیعرییەتە)) [333:147]. کەوابوو ڕیتم لە شوێنی خۆیدا، جا لە نێو دەقی شیعر دابێ، یان پەخشان، جۆرە لادانێك دێنێتەکایەوە ((واتایەك دوور لە واتای فەرهەنگی دادەهێنێ، بونیادی ڕیتمی بونیادێکە دەسەڵاتی بەسەر دەروازەکانی گوتاری شیعریدا هەیە، دوای خەیاڵکردن (ئەندێشە) ڕەگەزی دووەمە، کە شیعر دەکاتە شیعر، یان ئاخاوتن دەکاتە شیعر، لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستەکانی ڕووس و هی تریش لەم ڕووەوە پێداگرییان کردۆتەوە)). [117:162]

لێرەدا بە شێوەیەکی فراوانتر دەتوانین هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە پەیوەست بوون بە ڕیتم لەوەدا کۆیان بکەینەوە، کە ڕیتم لە گرنگترین خەسڵەتەکانی هونەری شیعرە و شیعریش پەیوەستیەکی تەواوی بە ڕیتم و مۆسیقا هەیە، لەبەرئەوە ڕیتم تەنیا شتێك نییە بۆ خستنەڕوو، یان جوانیی لایەنی دەرەکی، بەڵکو تایبەتمەندییەکی جەوهەرییە و بەهێزترین هۆکاری ئیحابەخشین و هێزێکی سەرەکی و بنچینەییە لە شیعردا [13:200] ، ئەگەر لە شیعردا چەند یاسایەکی دەرەکی ڕۆڵیان لە سازدانی ڕیتم هەبێ، ئەوا چیرۆك بە تایبەتی و بە شێوەیەکی گشتی ژانری ((پەخشان بە پێچەوانەی شیعرەوە تەواو ڕقی لە قالبی ئامادەو ئیقاعی سەپێنراو بە سەریداو لە

دەرەوەی خۆیەوە)) یە [10:13]، چونکە پێکهاتەی چیرۆك ناتوانێ ڕیتمێکی دەرەکی، چوارچێوەیەکی ئامادەی بەسەردا بسەپێنێ، بەڵکو ڕیتمێك، کە پڕاو پڕ بە پێستی خۆی بێو لە پێکهاتەی ناوەوەی خۆیدا هەڵبقوڵێو بە گوێرەی بنچینەکەیەوە دروست دەبێ. بۆیە ناشێ ڕیتمی ژانرێك بە هەمان پێوەری ژانرێکی دیکە بپێورێ، مەگەر دەقەکە خۆی جیاوازی لە جۆرو چۆنییەتیەوە کەم کردبێتەوە. لەبەرئەوە ((نهێنی ڕیتمی کاریگەر بریتییە لە جۆراوجۆرییەکەی، هەر ئەمەشە جیاوازی کرۆکی (جەوهەری) لە نێوان کورتیلە چیڕۆكو چیرۆك دەکات. کورتیلە چیرۆك لەسەر یەك شەپۆلی ڕیتم وەستاوە، بەڵام چیرۆك پشت بە زنجیرەیەك شەپۆلی ڕیتمی دەبەستێ.)) [132:72-73] ئەم زنجیرە شەپۆلانە هەمەڕەنگن‌و دەق دەخەنە بارێکی ڕەنگاو ڕەنگو بەرزبوون‌و نزم بوون‌و گرژی‌و خاویی ڕیتمەکان‌و جیاوازییەك دێننەکایەوە. لە دەقێکی چیرۆکیدا بونیادی پێکهاتەی ڕستەکان‌و دەلالەتی واتایی، ڕۆڵیان لە خێرایی‌و هێواشی ڕیتمی ڕستەکان هەیە. بۆ نموونە لە چیڕۆکی (نامەکانی ژاکۆن) لە سەر زاری پاڵەوانی چیرۆکەکە دەنووسێ:

" ***ئەو کورسییەی هەموو خۆشی‌و گەرمی لەشمی مژی‌و هیچی نەدامێ***...٤٦".

دەبینین وشە بە دوای وشە، لای خوێنەر خێراتر دەبێو نامێنێتەوەو بە ڕیتمێکی خێرا دەجووڵێ، کەچی لە شوێنێکی تردا ڕیتم لە گەڵ ئاوازو دەلالەتی واتایی ڕستەکە هێند هێواش دەبێ، خوێنەر هەست بە ماتەم دەکاتو نیگەرانییەکی زۆر دایدەگرێ، وەك لە چیڕۆکی (هەنسکی ڕەش)دا دەڵێ

: "***بزانە مامۆستای دانا، سەرما چۆنی بۆڕداوی، بەربینگی گرتووی، دەبا ئەژنۆت نەلەرزن، با قامکت شین هەڵنەگەڕێن، بامۆرخەی پشتت تەقەی نەیە، دەی مۆشت وەکارخە، زانینت بێنەگۆڕێ***.. ١٠٣"

خوێنەر لە گەڵ هەڵوێستی ناخۆش نیگەران دەبێو بە ڕیتمێکی هێواش لەگەڵ دەقەکەدا دەسەنگرێتەوە. هەموو جۆرە لاواندنەوەو پێداهەڵگوتنێك، کە بە شێوەیەکی لە سەرخۆو خەمگین بێ، جۆرە ڕیتمێکی هێمن بە دەقەکە دەداتو خوێنەر لە نێو جیهانی ئاڵۆزو تەمو مژاوی دەقدا دەروونی هێواش دەبێتەوەو دەچێتە بارو

کەشێکی خەمناکو لە هەمان کاتدا لایەنی دەروونی تەواو بەسەر دەقەکەدا باڵ دەکێشیٚو جۆرە گونجانو بەیەکەوە هەڵکردنێك لە نێوان دەقو خوێنەر دێتە کایەوە.
وەك لە چیرۆکی (بەردی مرازان)دا، دەڵیٚ:-
***"ماڵئاوا عەرەبانە شەنگۆڵەکەم، ماڵئاوا حەوت تولفی بیٚ پەڕ، ماڵئاوا دنیایی نامۆ...*/١٢٨"**
***"دە هەستە کچۆڵەکەی خاتوونیٚ، دە هەستە، دەبەر گریانێت مرم، با گویٚم لە دەنگی داکت بیٚ، با سۆزێکی غەریبو نامۆی دایکانە بخزێتە نێو تاریکی شەو، با ئەو دەنگە لە هەوا بپژیٚ...*/١٣٨"**
لێرەدا خوێنەر تووشی ڕیتمێکی هێواش دەبێتەوە، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم چەند دەربرینە کەشێکی خەمناك بەسەر دەروونیدا دیٚو لە ڕیتمێکی خێراییەوە بۆ ڕیتمێکی هێواش دەچیٚ، بەشی زۆری هۆکارەکەشی بۆ ناوەڕۆکی دەق دەگەڕێتەوە، مەبەستی نووسەر ریتم خێراو هێواش دەکات.
لە بەرامبەردا، زۆر جار ریتم بەرز دەبێتەوە، کەشێکی توندو تیژی بەسەردا دیٚو لەکەشە هێواشەکە دوور دەکەوێتەوە. وەك:
*" بڕۆن هەی زۆڵینە.. وا دەورەتان لە کیٚ داوە. ئەو ئافرەتە دایکتانە شەرەفی بەو کوردە داوە، بەڵام ئێوە گەورەکانیشتان پێخواسن. نە ناموستان نە دایکی خۆتان دەناسن./٨٩"*
دەبینین، لە ئەنجامی تووڕەییدا، ریتمی دەقیش گرژ دەبیٚو ئەو تەرزە خاوییەی نامێنیٚو خوێنەر لەگەڵی هەڵوێست وەردەگریٚ.

## دووبارەبوونەوە

ئەگەر ڕیتمی دەرەکی لە نێو دەقی شیعریدا تایبەت بێ بەکێش‌و سەروا، ئەوا ڕیتمی ناوەکی پەیوەندی بە بونیادی دەق‌و ڕەهەندە نێوخۆییەکانی نێو دەق هەیە، لەو ڕوانگەوەش یەکێك لەو ڕەهەندانە بریتییە لە دووبارە بوونەوە، ئەم دیاردەیە وەك پەیڕەوێکی ڕیتمی ناوەکی، هەر تەنیا بە بونیادی دەقی شیعری پەیوەست نیە، بەڵکو لە ژانرەکانی پەخشانیش بەرچاودەکەوێت‌و ڕۆڵ‌و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. کەواتە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەردوو ژانرەکان، بوونی هەبووەو لە شیعری کۆنیش وەك چەمکێکی دیارو زانراوو بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کۆن‌و نوێ هەژمار دەکرێ، چونکە ((کێشی شیعرو ئاوازەکەی لەسەر دووبارەبوونەوەی پێ(تەفعیلە)کان وەستاوەو بەحرو زیحاف و عیللەکانیش بەشێکیان لەسەر دووبارەبوونەوە وەستاون)) [150:184] بەلام جۆر و شێوازی دووبارەبوونەوە وەکو چەمکێکی ڕیتمی‌و ئاوازی، لەگەڵ چەمکی دووبارەبوونەوەی بە (کێش) جیاوازی هەیە، هەرچی پێ(تەفعیلە)کانن، لە نێو دەقێکی شیعریدا بە پێی یاسا بەڕێوە دەچن، ئەم یاسایەش لە دەرەوەی دەق‌و دوور لە دەسەلاتی ناوەکی دەق دەردەچێ، کە خۆی لە ڕیتمی دەرەکی دەبینێتەوەو پێویستە شاعیر پێیەوە پابەند بێ.

ئەم دووبارەبوونەوەیە یەك ئاواز دەبەخشێ، چونکە لە هەر دێڕێکدا چ کێش‌و، تەفعیلەیەکی سەر بە چ بەحرێك بەکارهاتبێ، لە دێری دواتر دەبێ هەمان شت دووبارەبێتەوە. بەلام دووبارەبوونەوەی ئاسایی، دوور لە سەپاندنی هەر یاساو ڕێسایەکەو خۆی بە ئارەزووی نووسەر گونجانی دەوروبەرو ڕێککەوتنی لەگەڵ واتاو بەهێزبوونی کاریگەرییەکەی دەبێ. بەم شێوەیە خۆڕسکانە لە نێو دەق دەبینرێ‌و کاریگەرییەکەشی بە ڕوونی هەست پێدەکرێ، بێ ئەوەی کار لە بێ هێزبوونی واتا بکات، بەڵکو چڕوپڕترو بەتین‌و بەهێزتری دەکات، چونکە زۆرجار لە دەقی شیعری کۆندا لەبەر پابەندبوون بە کێش‌و تەفعیلە، وشە، یان کێشی دووبارەبووەوە واتاکەی سواوەو سوك بووەو بۆتە قوربانی جێگیربوون‌و لەسەر پێ وەستانی پێیەکە. هەروەك چۆن دووبارەبوونەوە لە شیعردا گرنگە ((بەهەر شێوەو جۆرێك بێت ڕەگەزێکی گرنگی

دەقی پەخشانییەو دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین، کەدووبارە بوونەوە شتێکی تەواو جیاوازە لە سیستەمی تەفعیلەی شیعری)). [88:143]

کەواتە لە نێو هەرژانرێك بێ سیمایەکی تایبەتی بە دەقەکە دەدات، ئەم سیما تایبەتییەش وای لە لێکۆڵینەوە شێوازگەرییەکان کردووە، کە گرنگییەکی زۆر بەم دیاردەیە بدەن و بە دیاردەیەکی گەشە سەندووی زانستی شێوازگەری دابنێن، چونکە کار دەکاتە سەر ئاستی دەنگی و سیمانتیکی و هەروەها پەیوەندییەکی بە تینی بەزمانی شیعری هەیەو بۆتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆی، هەروەك بە هووشەکاری (حشو)ش داناندرێ، لەبەرئەوەی شاعیر بە مەبەست و لە پێناو واتاو لابردنی بێزاری و وەڕەزبوونی وەرگر بەکاری دێنێ [38:201]. بۆیە قورسایی بەکارهێنانەکە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی ئاخنینی لە نێو دەقدا، نەك چەندێتی، لەم ڕووەوەش دەست ڕەنگینی و لێزانی نووسەر دەردەکەوێ، کە تا چەند ڕەونەقی بە دەقەکە بەخشیوەو لەگەڵ واتا یەکانگیر بووەو پڕ کاریگەرترین دیاردەی بۆ خوێنەر گواستۆتەوە، لێرەوە چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ نووسەرەکە دروست دەبێ، لەو ڕوانگەوە دەشێ بگوترێ ((دووبارەبوونەوە لە بنچینەکانی شێوازگەرییەو کار دەکات بۆ پچڕکردنی لێکچوونەکان لە دەقی شیعریدا)) [122:152] ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێك دێنێتە ئاراوە، ئایا ئەو دووبارەبوونەوانەی کە لە ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەدا هەیە، هەمان ڕێچکەی شێوازگەری گرتۆتە بەر؟ بەو پێیەی دووبارەبونەوە ((لە شیعرو لە زمانی ئاخاوتنیش بوونی هەیە)) [229:81].

لە وەڵامدا دەڵێین ڕاستە لە هەردووکیان هەیە، بەڵام ئەو شێوازەی شاعیر، یان نووسەری دەق بەکاری دێنێ، خەڵك لە قسەی ڕۆژانە بەو شێوازە بەکاری ناهێنێ. واتە لە جۆرو چۆنیەتی جیاوازن، چونکە نووسەر بە مەبەست و بۆ جوانکردنی دەقەکە بەکاری دێنێ، یاخود لەو شوێنەی نووسەر ئەم دیاردەیە دووبارە دەکاتەوە، لە زمانی ئاخاوتن پێویستی پێ ناکات. بەڵام لێرەدا ئیستاتیکا ڕۆڵی لێك هەڵاوێردن و کردنەوەی ئەو گرێیە دەبینێ و بۆیەشە دووبارەبوونەوە پەیوەندییەکی بەتین و بەناویەکداچووی بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەنگ و وشەو دەستەواژەو

ڕستەکان هەیە. ئەم شێوە دەربڕینە، کار لە هەستو سۆزو لایەنی دەروونی دەکاتو پێگەی زمانیش لەم نێوەندەدا بەرز ڕادەگریٚو دەبێتە هۆکارێك تا لە زمانە سادەکە دووردەکەوێتەوەو توانای نووسەر بۆ دیاریکردن بە وشەو دەستەواژە لە زماندا بەدەردێخیٚ. لە ڕویەکی دیکەش هەموو واتا شاردراوەکانی ئەو دووبارەبووانە بە دیویٚکی تر لای وەرگر نیشان دەدات، وێڕای تەقاندنەوەی ڕەهەندی ڕیتمو جۆشو خرۆش دان بە وەرگر. لەبەرئەوە ((ئەگەر دووبارەبوونەوەی وشە یان دەستەواژە، بۆ دڵنیابوونو چەسپاندنی واتا بیٚ، ئەوا لە ڕەهەندێکی دیکەدا زرنگانەوەی مۆسیقا بەهێز دەکاتو لەرینەوەی ئاوازەکە لە زەین دوپات دەکاتەوەو بە ئاسانی بۆ گوێچکە دەچیٚ)) [65:151] لەوانەشە لای نووسەری دەقیش بە مەبەستی مۆسیقای دەقەکە بیٚ، کە ئاوازێك دووبارە دەبێتەوەو ڕەهەندێکی مۆسیقی کاریگەر ببەخشیٚ، یان وەڵامدانەوەیەکی دەروونی بیٚ بۆ پێداگرتنو مکوڕبوون لە واتایەك، کە نووسەر وایدادەنیٚ بە دووبارەبوونەوە بە ڕاستییەکان دەگات. [123:167]

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر هەموو دیاردە دووبارەبووەکانی دەوروبەری خۆمان بکەین، کە هەموویان بە دووبارەبوونەوە دەژمێردرێن، بەڵام کامیان ئیستاتیکا باڵی بەسەر داکێشاوەو بێزارکەر نییەو جوانی دەبەخشیٚ؟ کە بێگومان لە جوانیناسی هونەردا، لە پرسە گرنگەکان دەژمێردریٚ، تریسکانەوەی ئەستێرەکانو باڵ لێدانو باڵگرتنی باڵندەکان بە هۆی دووبارەبوونەوەو بەردەوامی جوانی دەبەخشیٚ، دەنگە نامۆسیقاییو ناڕێکەکان کە بەردەوامی دووبارەبوونەوەی تێدا نییە، دەبێتە هۆی ئازاری دەروون، کەچی دەنگی دڵۆپەکانی باران کە بەردەوام بەدواییەکدا دوپات دەبێتەوە چەندە ئارام بەخشە! [63:217]، لێرەوە دەردەکەوێت، ئیستاتیکا لەنێو بەردەوامی دووبارەبوودا، خۆی شاردۆتەوەو دەشیٚ ئەو کاتە ڕەونەقو پرشنگی بە دەق بدات، کە واتایەکی بەرزیشی لەخۆیدا هەڵگرتبیٚ، چونکە وەك (نازك الملائکة) پێی وایە بنچینەی یەکەمی دووبارەبوونەوەکە، ئەوەیە کە واژەی دووبارەبوو بەندیواری لەگەڵ واتای گشتیدا هەبیٚ، نابیٚ نووسەر واژەیەکی لاواز لە پەیوەندی بە دەوروبەری خۆی بەکاربێنیٚو

لایــەنی جــوانیو مەبەســتەکە تێــك بــشکێنێ [229:81]، چــونکە بــە زۆری واژەی دوبــارەبوو هێــزی واتاییەکــەی لــە واژەکــانی تــر زیــاترە، جگــە لەمــەش وەك (جولیــا کریــستیڤا) دەڵــێ:((یەکــە دووبارەبووەکــە واتایــەکی دیکــە دەخاتــە ســەر گوتــە شــیعرییەکە)) [80:127] و خوێنــەر لــە نێــو ئــەو شــەپۆڵە دووبــارەبووەدا لــە هــەوڵی ئەوەدایــە، نهێنــی ئــەو دووبارەبوونەوەیــە بزانــێو بیری بــۆ واتــای دیکــە بچێ، کــە لــە خۆیدا هــەڵیگرتووە، لەبەرئــەوە چۆنی لــە نێو کایــە واتاییەکــەدا بــەکارهێناوە، واتــای دیکە لە خۆی باردەکات.

چۆنیەتی بەکارهێنانو شوێنی بـەکارهێنانو پەیوەندییـە بەهێزەکەی لەگـەڵ واتـا قورســـایی دووبارەبووەکـــە زیـــاد دەکـــات، چـــونکە ((دووبارەبوونـــەوەی پارچـــەیەك دووبارەبوونەوەیـەکی درێـژی ئـاوازو ڕیـتم و واتایـە)) [167:150]، بۆیـە ئەگـەر وەك (یوگین ڕاسکین) دەڵێ: ڕیتم بە پلەی یەکەم، واتە دووبارەبوونەوە [12:135]، ئەوا لەو ڕوانگەوە دوو ڕەگەزی گرنگمان لە نێو ئەم دیاردەیە بۆ دەمێنێتەوە، ئەوانیش (ڕیـتمو واتـا)ن ئـەم دوانـە دەبـێ لـە نێـو تەنـە دووبارەبووەکـەدا یەکسانو یـەکانگیرو هـاوڕاو تەبابنو هیچ کامیان بە قوربانی ئەوەی تر نەکرێ.

(جان کۆهین) پێی وایە دووبارەبوونەوە جەخت لە سەر گەشەسەندنی چڕ و پڕی دەکـاتو وشـەی دووبـارەبوو لـە تاکـە وشـەیەك بـە هێزتـرە [232:153] و چڕی بـەرز دەکاتەوە، چڕی (الکثافة) یش دیاردەیەکی فینۆمینۆلۆژییە، کە بە واتای کاریگـەرەوە پەیوەسـتە، ئـەم کاریگەرییـەی واتـا خـۆی لـە نێـو دووبارەبووەکـەدا هێـشتۆتەوە، بـە واتایـەکی دیکـە چـەمکی دووبـارەبوو وێـڕای جوانکارییەکـەی، ئاوسـە بـە کۆمـەلێك ڕەهەندی دەروونیو لە چوارچێوەی واتایەکی پڕو دوای گواستنەوەی لە نووسـەرەوە بۆ خوێنەر، لای خوێنەر ئاشکرا دەبنو بەهایەکی گەورەیان دەبێو ئاستی چێژی لـە لابەرز دەکەنەوە.

نووسەر کاتێك یەکەیـەکی فەرهـەنگی بەهـەمان واژە دووبـارە دەکاتـەوە، مەبەسـتی جــەختکردنو ســووربوونیەتی لەســەر ڕەگــەزێکی دەلالیو بەبــەرداکردنی هەســتو سـۆزەوە، ئامـادەیی لـە دەروونـی نووسـەردا هەیـە، ئـەم ئامـادەیی بوونـەش بـۆ وەرگـر

دەگوازرێتەوە، تا ئێرە وەك سروشتێكی تایبەتە بە خۆی، هەرچی تایبەتە بە ڕووی ئەركەوە، ئەوا ئەركێكی جوانكاری هەیە، كە لە ئاستەكانی دەنگ‌و پێكهاتەی دەقدا دەستنیشان دەكرێن [133:187-188]، دووبارەبوونەوەش لەم نێوەندەدا وەك بنچینەیەك بۆ دروست بوونی ڕیتم ئەم ئەركە دەبینێ‌و لە هەوڵی ئەوە دایە كەشێكی پڕ چێژو ئیستاتیكا بسازێنێ، ئەمەش پەیوەندیی بەتینی لەگەڵ هەست‌و سۆز دەردەخات، چونكە لە دەقێكی ئەبستراكتی دوور لە هەست‌و سۆز، دووبارەكردنەوە، پێگەیەكی سەرنج ڕاكێش‌و پڕ لە ئیستاتیكای نییە، جگە لە خەوشداركردنی خودی دەقەكە، بۆیە دەبێ سیحری كارتێكردن‌و ئیحابەخشین لە نێو دیاردەی دووبارەبوونەوەكەدا بە پلەو ئاستی بەرزبوونی هەست‌و سۆز بەرامبەر بكرێن، لە سۆنگەی ئەوەی ((دووبارەبوونەوە بە گەیشتنی باری سۆز بۆ لوتكە، بە لوتكە دەگات)) [200:104] و هەر تەنیا هاوشێوەبوون‌و زیادكردنی چەمك نییە، ئەوەندەی كەشێكی كاریگەر دەسازێنی. بۆیە لە نێو دەقێكی شیعریدا ((دووبارەبوونەوە لە زۆر پارچەكاندا دەلالەتێكی ڕیتمییەو هەروەك زیادكردنیش نییە، بەڵكو پلەیەكی جوڵاو بە چامەكە دەبەخشێ)) [104:152]، واتە لە نێو ئەو هەموو ئەركانەی، كە جێبەجێی دەكات، وا دەبێ بە پێی جۆری دەق‌و گونجانی لەگەڵ دەوروبەرەكەدا بە لایەنی كەم، یەكێك لەو ئەركانە ببینێ. وەك (محمود زامدار) دەڵێ: ((بۆ ئەوەی جۆرە ئاوازو ئیقاعێكی سیحراوی، لە شوێنێ، لە ساتێ، لە پارچەیەكی نێو قەسیدەكە دروست بكاو ببێ بە مزراحێك‌و خەون‌و تەجرەبەكانی شاعیری لە سەردا بخولێتەوە...یا بۆ هەڵخستنی لایەنێ لە لایەنەكانی بیرو تاسەو هەڵوێستی شاعیرەكە بەرامبەر بە ووشەو بەجۆری جوڵانەوەی كات‌و شوێنی ئەو ووشەیە... هەندێ جاریش هەر بۆ (ئارایشت دان)ی ووشەیەك..پیتێك، یا كۆپلێتە شیعرێ ئەم دیاردەیە خۆی دووبارە ئەكاتەوە، بێ ئەوەی هیچ چەشنە تەئسیرێك بكاتە سەر ڕۆح‌و جەستەی قەسیدەكە..)) [36:55-56]، كەواتە ئەگەر هیچ كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆشی لە نێو بونیادی دەق نەبێ، ڕەهەندێكی ئارایشت‌و جوانكردن بە دەقەكە دەدات.

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، هەموو دووبارەبوونەوەکان لە یەك ئاستو پلەی هێزدا نینو هەر تەنیا بەس نین بۆ زیادکردنی ڕیتمێکی ڕووت (مجرد)، بەڵکو هاوئاهەنگو هاوڕابوونیان لەگەڵ واتاو بونیادی دەقەکە، سەنگی دووبارەبوونەوەکە زیاد دەکەن. لەو سۆنگەیەوە ئەگەر پڕ بە پێستی دەقو دەوروبەرە زمانییەکە نەبێ، ڕەنگە هیچ بەهایەکی ئیستاتیکی نەبێو بگرە ڕۆڵێکی نێگەتیڤیش ببینێ، چونکە سەرکەوتنی نووسەر لە پرۆسەی دووبارەبوونەوەدا دەوەستێتە سەر مەودای قووڵی ئەزموونە شیعرییەکەیو تواناکانی مەزراندن لە پێکهاتەی دەقداو ڕوانینو قوڵبوونەوەی لە شیعرییەتو هەڵکەوتەکەی، بۆیە دەشێ بە چەکێکی دوو سەر دابندرێو لە هەمان کاتیشدا هێزو کاریگەریو ئیجا بە دەقەکە دەبەخشێ [123:167] و بونیادی زمان پتەو دەکاتو ڕێگاخۆش دەکات، کە نووسەر دەستەڵاتی تەواوی بەسەر زمانی دەقەکەدا هەبێو توانای هونەرییەکەی دەربخات، ئەم توانایەش لای وەرگر بە هۆی چێژوەرگرتنەوە هەستی پێدەکرێ، چونکە دووبارەبوونەوە ئەرکی شیعری لە چنینی زماندا بەهێز دەکاتو وەك (ڕۆلاندبارت)* یش دەڵێ بەهۆی دووبارەبوونەوە چێژ لە دایك دەبێ. [342:84]، ئەگەر ئەمانە هەموویان پڕاوپڕ بۆ دەقێکی شیعری لە باربن، ئەوا بۆ پەخشان بە گشتیو ژانری چیرۆك، پێویستە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکرێو ڕاستەوخۆ بەبەریدا نەبڕدرێ، چونکە وەك ئاشکرایە پێکهاتەی چیرۆك لە پێکهاتەی شیعر جیاوازە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی دووبارەبوونەوە هەیە، بەو پێیەی بەیەکێك لە دەمارەکانی ڕیتم دادەنرێ، ئەم پەرەپێدانەش پێویستە لەناو چیرۆکیش بوونی هەبێ. بەڵام چۆنیەتی سەنگرانەوەی لەنێو دەقەکەدا، جیاوازە وەك لە دەقێکی شیعری، لەبەرئەوە زۆر لە دەقی شیعری ڕەنگە ئاستی ڕیتمی لە پلەیەکی نزم دابێو زۆر چیرۆکیش لە پلەی بەرز دابنرێ،

---

* ڕۆلاند بارتRoland Bart ( ١٩١٥,١٩٨٠ز): نووسەرو ڕەخنەگری ناسراوی فەرەنسی لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبێکی لەبارەی ئەفسانەی وڵاتە جیاوەزەکان نووسی، لە ساڵی ١٩٧٦ز بوو بە پرۆفیسۆری بەشی سیمۆلۆژی لە کۆلیژی (دوفرانس)ی شاری پاریس، تا کۆچی دوایی هەر لەو کۆلێژە مایەوە [218:189-190]

گرنگ سازاندنی کەشە، بۆ ئاخنینی ڕیتم، لەنێو کرۆکی ڕیتمیشدا دووبارەبوونەوە بە بونیادێکی ئەو سازاندنە دادەنرێ*.

لە دەقێکی شیعریدا وێڕای نەبوونی دیاردەی دووبارەبوونەوە، بەڵام پێکهاتەی شیعرەکە وادەخوازێ‌و مەرجیشە، کە (سەروا) بوونێکی سەرەکی هەبێ، بەم پێیە، ئەگەر دەقەکە لەم دیاردەیەش بەتاڵ بێ، ئەوا بونیادی سەرواکان‌و پەیوەندییان بە یەکترییەوە جۆرە دووباربوونەوەیەکی دەنگی لە نێو خۆیدا دروست دەکات. واتە بە جێبەجێکردنی یەکێك لە مەرجەکانی شیعر، کە (سەروا)یە، هاوکات لە گەڵیدا دووبارەبوونەوەی دەنگ دروست دەبێ، هەرچی دەقی چیرۆکە، لەبەرنەبوونی سەروا، دەبێ نووسەر بەمەبەست‌و لە شوێنەکانی دیکەی ڕستەو دەقدا ئەم دیاردەیە بسازێنێ، ئەگەر بە بەکارهێنانی هەندێ لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی‌و بە تایبەتیش هاوسەروا (سەجع) وەك هونەرێکی شیعری‌و پەخشانی، ڕۆڵ دەگێڕێ‌و تێیدا دەنگ دووبارەدەبێتەوەو ڕیتمێکی جوڵاو بە پێکهاتەکە دەبەخشێ، چونکە لە پەخشاندا ڕێکخستن‌و سیستەمی تایبەت بە سەروا نییەو نووسەر پێیەوە پابەند نییە، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێك لەم بارەوە لە نێو دەقێکی پەخشاندا، تێڕوانین‌و قوڵبوونەوەو شێوازی نووسەر بۆ دەقەکە دەگەیەنێ‌و هەولێکە بۆ بە شیعرییەت بوونی دەقەکەو لەهەمان کاتدا جۆرێکن لەو لادانانەی کەدەقێکی چیرۆك پێیدا تێپەڕ دەبێ، بە واتایەکی دیکە دەقی چیرۆك لە بنچینەدا ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە ئەم دیاردانەی بەسەردا بێن، بەڵکو ئەوە شاعیرییەتی نووسەرە لە هەوڵی ئەوەدایە شێوازێکی تایبەتی بۆ دەقەکە دابهێنێ.

---

* هەندێك لە لێکۆڵەرانی چیرۆکی کوردی ئەم دیاردەیان لە نێو چیرۆکدا نەك هەر تەنیا بە شێوازی چیرۆك دانەناوە، بەڵکو لەبەر کاریگەربوونیان بە ڕەوانبێژیی کۆن، وایان بیرکردۆتەوە، کە دووبارەبوونەوە لە دەقێکی وەك چیرۆك بەخەوش دابنرێ‌و بێزاری بە دەقەکە ببەخشێ‌و تامی لای وەرگر کەم بێتەوە، کەچی دووبارەبوونەوەی وشە، یان ڕستە یان کار لە دەقدا بە خەوش دانانرێ‌و لە پەخشانی کۆنی فارسی‌و لە سەردەمی (ئەڤێستا) تا سەردەمی ساسانیەکان‌و ئەدەبیاتی پەهلەوی، دووبارەبوونەوە پەسندکراوەو باشترین نموونەش دووبارەبوونەوەی (کار) و (ڕستە)، لە قەسیدەی سکاڵانامەی شاعیری فارسی (رودکی) یە. [55:212]

## شیعرییەتی هاوشێوە بوون Equivalence:

لــەو ڕوانگەیـــەی یـــەکێك لـــەو هۆکـــارە پێکهێنـــەرەکانی بونیـــادی ڕیـــتم، دووبارەبوونەوەیە، دووبارەبوونەوەش لە بنچینەدا هاوشێوەبوونی پێکهاتـەی وشـەو ڕستەو دەربڕینەکانەو ڕەنگدانەوەی ماکی داهێنانی هونەرییە. کە دواجار خۆی لە چوارچێوەی زاراوەیەك دەبینێتەوە، ئەویش زاراوەی شیعرییەتە. ڕوونترین ڕێگا بۆ دۆزینـــەوەی بنـــەماکانی شـــیعرییەتی هـــەر دەقێـــك، دەستنیـــشانکردنی بونیـــادی هاوشـێوەبوون (التماثـل)Equivalence و بونیـادی لادان(الانزیـاح) deviationـە، کـە یەکـەمیان لـەلای ڕۆمـان جاکۆبـسۆن R.jakobson و دووەمیـان لـە لای جـان کـۆهین J.cohen، بوونە تیۆری تایبەتو گرنگییان پێدرا.

هاوشێوە بوون پەیوەندی بە هەموو ئەو چەمکانە هەیە، کە ڕیتم لە پێکهاتـەی دەق دەخـولقێنن، ئـەو کەرەسـتانە لـە بنـچینەدا جـۆرە هاوشـێوەییەك پێـك دەهێـنن، ئـەم هاوشێوە بوونەوەش لە دەربڕینێك بۆ دەربڕینێكو لە دەقێك بۆ دەقێکی تر جیاوازە، بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە، دەبێتــە شـێوازێکی تایبــەتو کاردەکاتــە ســەر ئاســتەکانی دەنگسازیو وشەسـازیو ڕستەسـازیو هـەروەها ئاسـتی سـیمانتیکیش. لەلایـەکی تریـشەوە خـودی هاوشـێوە بوونەکـە لادانێـك لـە بـارە ئاسـاییەکە دەسـازێنێو شیعرییەتێك بە ئاستی پێکهاتەییو دەلالیی دەقەکە دەبەخشێ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاوشێوە بوون بەسەر دوو جۆر دابەش دەکەین:

یەکـەم: هاوشـێوەبوونی دەنگـی: کــە هەریــەك لــە دووبارەبوونــەوەو جۆرەکـانیو ڕەگەزدۆزیو هاوسەروا دەگرێتەوە.

دووەم: هاوشێوەبوونی دەنگیی سیمانتیکی: کە هەریەکە لە هاوتـەریبیو دژیـەكو بەرامبەری... دەگرێتەوە.

## یەکەم: هاوشێوەبوونی دەنگی:

### پەیوەندیی شیعرییەت و دووبارەبوونەوەی دەنگ:

بۆ ئەوەی لە چەمکی دووبارەبوونەوە لە نێو دەقێکی ئەدەبیدا بگەین، پێوستە ڕیشاڵە وردەکانی ئەم دیاردەیە شی بکەینەوەو پەیوەندی ئەم چەمکە بە هەریەکە، لە بونیادی دەنگ‌و بونیادی واتا ئاشکرا بکەین،چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی، وێڕای بیر، دەنگ‌و واتا دایدەپۆشیّ. بە زاراوەیەکی دێرین، شێوەو ناوەڕۆك بنچینەی سەرەکیی دەقەکەن. لەو سۆنگەیەوە ئەرکی شیعرییەت چی دەبیّ؟ ئایا دووبارەبوونەوەی دەنگ لە نێو پێکهاتەی وشەو دەقدا کرۆك‌و جەوهەری شیعرییەت دەجولێنیّ؟ لە وەلاّمی ئەو پرسیارانەدا، دەبیّ ئاوڕێك لە پەیوەندیی مێژوویی ئاستی دەنگ، بە هەریەك لە چەمکەکانی بیرو ناوەڕۆك‌و ڕەهەندەکانی زمانی بدرێتەوە. چونکە لە هەموو جەمسەرەکانەوە پێیەوە پەیوەندیدارەو شیعرییەتیش پەیوەندییەکی پتەوی بە ئاستی دەنگسازی هەیە. لەو ڕوانگەیەی، ئەو دوو کۆڵەگەیەی کە شیعرییەتی لەسەر وەستاوە، ئاستی دەنگسازی‌و ئاستی دەلالیین‌و هەردووکیان بە زمانی دەق پەیوەستن‌و ئەگەر هونەرکارانە بەکاربێن، ئەوا ئیستاتیکا بەسەر دەقدا پەخش دەبیّ‌و شیعریەتبوونی دەق دەسەلمێنن.

دوای ئەو هەموو ناکۆکییانەی لە نێوان ڕەوتی شێوەو ڕەوتی ناوەڕۆك‌و ئاستی دەرەوەو ئاستی ناوەوەی دەق، لە لایەن ڕەخنەگرانی ئەوروپی‌و عەرەبی‌و ئیسلامی هاتە ئاراوە، لەنێو ڕەخنەی نوێدا، شیعرییەت تا ڕادەیەکی باش، نێوانی ئەو دوو چەمکانەی بە وردبوونەوە لە هێڵە هاوبەش‌و پەیوەندییە هەڵبەزو دابەزەکانی یەکتر، خۆش کردووە.

(ڤالیری) ڕوانینی خۆی لە پەیوەندیی نێوان دەنگ‌و واتا‌و شێوەو ناوەڕۆك، بە جۆرێك پوخت کردۆتەوە، کە پێی وایە، پرەنسیپی بنچینەیی بۆ جوڵەی شیعرییەتMecanique poetique ، واتە مەرجەکانی بەرهەمهێنانی حاڵەتی شیعرییەت لە ئاخاوتندا، بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی ئاوازەیی (التناغمی) لە نێوان دەربڕین‌و هەڵچوون‌و دەنگ‌و بیرو ئامادەیی‌و نائامادەیی، کە هەموویان شیعر دەخەنە بارێکی

سەما. ئەم پەیوەندییەی نێوان دەنگو واتا بە لای (ڤالیری) شاراوەو تەمومژاوییەو پێویستە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە.[237:119] گرنگترین میکانیزمیش بۆ ڕۆشنایی زیاتر خستنە سەر ئەم تەمو مژاوییە، تاکو زیاتر لە بونیادی دەنگ بکۆڵدرێتەوە، پەنا بردنە بەر زانستی زمانەوانییە. هەر لەبەر ئەمەش زۆربەی قوتابخانە زمانەوانییەکان، زانستی زمانەوانییان گەیاندە پایەیەکی باشو لەو ڕوانگەوەش دیارترین قوتابخانە، قوتابخانەی بونیادگەری زمانەوانی بوو، کە هەوڵیدا بونیادی دەنگ، وەك بەشێك لە رووخسارو فۆڕم، بخاتە بەر لێکۆڵینەوەو لەم نێوەندەشدا، شیعرییەت بە شێوەیەکی پراکتیکی گەشەی سەند.

(جاکۆبسۆن) ئاماژە بۆ ئەوە دەدات، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم، زمانەوانان بەرەو گرنگیدانێکی لایەنی دەنگی (شێوە) چوون، زیاتر لە لایەنی دەلالیی (ناوەڕۆك و ئەرك)ی زمان. لەم ڕووەوە هەوڵیاندا بە دوای یەکەی دەنگی زمان بگەڕێن، چونکە زنجیرە دەنگییەکان بۆ (واتا) پاڵپشتن، لەبەرئەوە پێویستە چۆنیەتی دەربڕینو ئەداکردنی دەنگەکان بزانینو بە دوای یەکە زمانییەکەی بگەڕێین، بە جۆرێك دەرخستنی بچوکترین یەکەی دەنگی کە خاوەنی بەهای دەلالی خۆی بێ، ئەمەش بچوکترین دانەیە پێی دەگوترێت فۆنیم (phoneme) وەك هەردوو زمانەوان (سۆسێر) و(بەودوین دی کۆرتنای)* دەیناسێنن، بەڵام بەلای (سۆسێر) ئەوەی لە وشەدا گرنگە، تەنیا خودی دەنگ نییە، بەڵکو جیاکەرەوە دەنگییەکانن، کە ڕێگا دەدەن وشەیەك لە وشەیەکی دیکە جیا بێتەوە. (جاکۆبسۆن)یش پێی وایە، ئەو

---

* بەودوین دی کۆرتنای (Baudouin De Courtenay ١٨٤٥– ١٩٢٩) زمانەوانێکە کە دەنگەکانی زمانی وەك کیانێکی شێوە پەیکەری تەماشاکردووە، نەك وەك دیاردەیەکی سرووشتی. ماوەیەکی درێژ لە زانکۆکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات مامۆستا بووە. وەك پرۆفیسۆریش لە زانکۆی لێنینگراد و وارشۆ لە ساڵی ١٩٠٠–١٩١٤ دامەزراوە. سەرەرای ئەوەی پسپۆری زانستی بەراوردکاری زمان بووە، بەرەو رووی کێشەکانی وەك ئاوێتەکردنی زمانو ئاخاوتنی منداڵو کاریگەری پێکهاتەی زمان لە روانگەی تیۆرە جیهانییەکان بۆتەوە. هەروەها فۆنیمی بەو دەربڕینە دەنگییە داناوە، کە واتا دەگۆڕێ. [969:221]

دەنگانەی کە توانای جیاکردنەوەی وشەکانییان لەیەکتر هەیە، لە زانستی زماندا ناوێکی تایبەتییان لێنراوە، ئەویش دەنگ(فۆنیم)ەکانن [240:119].

دەنگەکان لە شوێنی خۆیانداو لە نێو پێکهاتەی وشەو دەستەواژەو ڕستەو هەروەها سەرتاپای دەقدا، ڕۆڵی خۆیان دەبینن‌و دەبنە کەرەستەیەك لە بن دەستی نوسەر، تا ڕەهەندێکی جوانیناسانە بە دەق ببەخشن‌و ببنە هۆکارێك بۆ چێژ بەخشینی وەرگر لە خوێندنەوە، یان بیستن. وێڕای ئەوەی ئەگەر ئەو دەنگانە بە شێوەیەکی نائاسایی لە نێو دەقدا دووبارە ببنەوەو لەگەڵ دەنگەکانی هاوسێیاندا پەیوەندی دروست بکەن‌و ڕۆڵیان لە سازاندنی هونەرەکانی ڕەوانبێژی‌و سیستەمەکانی زمانەوانیدا هەبێ، کە دواجار ئەمانەش هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا لەگەڵ واتادا بەندیوار دەبن. بەم شێوەیە، میانەیەکی ئاسایی دەکەوێتە نێوان ئاستی دەنگ‌و واتا، یان فۆڕم و ناوەڕۆك، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەو کەرەستانە، پلەی شیعرییەت دەجوڵێنن‌و ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی شاردراوە دەدۆزێتەوە.

لەبەرئەوە ئەگەر هەموو ئەو پڕۆسەیە بخەینە نێو چوارچێوەی زمانی شیعرییەوە، ئەوا بە بۆچوونی (جاکۆبسۆن) زمانی شیعری لەسەر میتۆدێك بونیادنراوە، کە لێك نزیك بوونەوەیەك دەخاتە نێوان دوو یەکەی دانانی، ئەوانیش:

أ/ دانانی دەلالی: وەك هاوتەریبی parallelism و بەرامبەری‌و خواستن.

ب/ دانانی فۆنیمی: وەك سەروا، ڕەگەزدۆزی، هاوڕەگەزی...هتد [243:119]

لە هەریەك لەم دوانەدا، یەکەی دەنگ‌و ئاستی دەنگسازی، ڕۆڵیان لە دروستکردن دەبێ، بە واتایەکی تر وێڕای خودی دەنگ، دیاردەی دووبارەبوونەوەش ڕۆڵێکی چالاکتری لە پێکهێنانیان دەبێ، چونکە هەر یەکێك لەم هونەرە رەوانبێژییانە، لەسەر بنچینەی دووبارەبوونەوەی دەنگ هاتوونەتە ئاراو بەبێ دووبارەبوونەوە، ناتوانن بوونیان هەبێ. کەواتە دیاردەیەکی وەك دووبارەبوونەوە لە نێو چوارچێوەیەکی زمانی شیعریدا، ڕۆڵی هاوبەشی لە نزیك کردنەوەی هەردوو ئاستی دەلالی‌و دەنگسازی بینی، دواتریش ئەو چوارچێوەیە، بە تەواوی ڕەهەندەکانییەوە، شیعرییەت ئاشکرا دەکەن‌و جوڵە بە دەقەکە دەبەخشن‌و دەق بەرەو کرانەوە دەبەن.

### ١-دووبارەبوونەوەی دەنگ:

سەرەتای هاوشێوەبوونو بنەماکانی دووبارەبوونەوە، پێویستە لە ئاستی دەنگەوە دەست پێبکرێ، چونکە دەوروبەری دەنگ لە نێو وشەو دەوروبەری وشە لەنێو ڕستەو دەوروبەی ڕستە لە نێو دەق، بە شێوەیەك ڕۆڵ دەگێڕن، کە یەکەمیان دەوروبەرێکی دەنگیی و وشەسازیو دووەمیان پێکهاتەیی و ڕستەسازیو سێیەمیان دەقی و دەلالییە. [116:79] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە ڕستە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنی شیعرییەت بچوکترین یەکەیەو، پاشان گەورەترین یەکەش خودی (دەق)ە، بۆیە لەنێو ئەو پێکهاتە بچوکترینەدا، یەکەی وردتر هەن، کە ئەوانیش لە شوێنی خۆیاندا، ئەگەر دەوروبەری دەنگو وشە لەبار بوو، پلەی شیعرییەت بەرز دەکەنەوە.

کاتێك دەقێکی پەخشان بە گشتیو ژانری چیرۆك بەتایبەتی، دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو لە نێویدا بنەڕەتەکانی دەستنیشان دەکەین، دەبێ بە پێی جۆرو شێوازی دەقەکە یاساکانی بۆ دابنێین. واتە لە ڕوانگەی خوێندنەوەو قووڵبوونەوە لە بنەماو پێکهاتەی دەقەکە، یاساکانی لێ بەرهەم بێنو لەگەڵیدا بەرامبەری بکەین. نەك بە پێچەوانەوەو لەژێر ڕۆشنایی یاسا چەسپاوەکان بە خورتی کەرەسەی بۆ بدۆزینەوە. لەبەرئەوە دەشێ لە ئەنجامی وردبوونەوە لە دەقدا، جۆرێك لە شێوازو بونیادەکەی ئاشکرا بێ، کە یاسا چەسپاوەکان تێك بشکێنێ و لێکۆڵەر لە ڕوانگەی کەرەستەکانەوە، یاسا ناچار بکات، بە پێی جۆرو شێوازی دەق گۆڕانکاری بەسەردا بێ.

بە نموونە ئەوە سەلمێنراوەو جێگیر بووە، کە ڕیتمی دەرەکی کێشو سەروا دەگرێتەوە، ئەویش تایبەتە بە شیعر. هەروەها ڕیتمی ناوەوەش هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەگرێتەوە، کە دەشێ لە شیعر زیاترو لە پەخشانیش بەرجەستە بێ. بەڵام کاتێك دەقێکی پەخشان، کەرەستەکانی بە شێوازێك بونیاد نرابوو، جاروبار (کێش) و زۆرجاریش (سەروا) ی لەخۆ دەگرت، ئەوکاتە ئەو یاسا چەسپاوەی ڕیتمی

دەرەکی(تایبەت بە شیعر) تێکدەشکێ‌و نۆڕمێك دێتە کایەوە، کە بە ڕیتمی دەرەکی‌و ناوەکی ئاوێتەبووە.

لەم بارەیەوە ((جیاوازی نێوان ریتمی شیعرێکی ڕێکخراوو دەقێکی پەخشانە شیعردا، نەك چۆنایەتی، بەڵکو چەندایەتی دەبێ. واتە ڕێکخستن لە شیعری ڕێکخراودا، لە یەك بە یەکی (پێ) و (دێر)ەکاندایە، بەلاّم لە پەخشانە شیعردا، لە ئاستی کەرت‌و بەش‌و سەرتاپای دەقدایە)) [82:8] ئەوا بۆ دەقێکی چیرۆکیش رستە دەبێتە پێوەرێکی دیاریکراو، بۆ پێوانی ریتمی سەرتاپای دەقەکە، هەروەك زۆر جاریش لە شێوەی نیوە دێرە شیعری بێ (کار)، دەشێ دوو دەستەواژە یان گرێ، بۆ دیاریکردنی ڕیتمی دەقەکە ببنە بنچینە.

لێرەدا ئێمە کار لەسەر ئەوە ناکەین، چیرۆك وەك شیعرو پەخشانە شیعر دابنێین، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو ڕایەڵە هاوبەشانەیە، کە بە هۆیەوە ژانری چیرۆك، بە مەبەست‌و شێوازێکی تایبەتی لە هەندێ شێوەی شیعرو پەخشانە شیعردا نزیك بۆتەوە، نەك جێگەی ئەوانی گرتبێتەوە.

یەکەمین هەنگاو لە نێو پڕۆسەی کاری لێکۆڵینەوەدا، کە ڕیتم بە شێوە فراوانەکەی‌و دووبارەبوونەوە بە شێوە تایبەتییەکەی لەخۆ بگرێ‌و لە ژانری شیعرو پەخشانیش بەرجەستە بێ، هەڵوەستەکردنە لەسەر بونیادی شیکردنەوەی دەقەکە. ئەمەش خۆی لە دووبارەکردنەوەی دەنگ دەبینێتەوە. لێرەدا ئەرکی سەرەکی، دەستنیشانکردنی ئاستی دەنگسازییە لە نێو ڕستەیەکداو چۆنیەتی ڕێکخستنی دەنگەکان‌و پەیوەندییە ئۆرگانیزمییەکانیان بە یەکتری‌و ڕۆڵیان لە دروستبوونی ڕیتمی جیاو هاوشێوەیی‌و دواجار بەتینکردنی دیاردەی دووبارەبوونەوە، لە نێو چوارچێوەی بەهێزو پێزی ڕیتمدا هەیە. هەموو ئەمانە بەگەڕخستنی خاڵی سەرەتایە لە فۆنیمەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی شیکردنەوە، چونکە ئەگەر ڕۆڵی ئاستی دەنگ‌و ڕیتمەکەی لە ژانرێکی وەکو شیعر وەربگرین، ئەوا دەشێ بڵێین ((شیعر یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقییەتە، ئەم مۆسیقییەتە لە دووبارەبوونەوەی ڕێك‌و تایبەتی درووست دەبێت، دووبارەبوونەوەی دەنگ (بزوێن و نەبزوێن) لە وشە

درێـژەكان جۆرە مۆسـیقایەكی كاریگـەر دەخـولقێنیٚ))[ ٢٦ :٤١] بـۆ هـەر ژانرێكـی ئەدەبیش بە گوێرەی دەقەكە، ڕۆڵـی خـۆی دەبینـیٚ، لـە چیرۆكیشدا لـە جیاتی(دێـر) ڕستەكان بە ڕیتمو مۆسیقا ئاوس دەبن.

هاوشێوە بوونی پیت_ دەنگ (الجناس الحرفی) و سەروا، لە ڕوانگەی ئەركییـەوە، دەلالەتی خۆی هەیە. هەروەك چۆن سەروا لە كۆتایی دێر ئەركی خـۆی دەبینـیٚ، بـەلاّم ئایا هاوشێوە بوونی دەنگ هەمان ئەركی هەیـە؟ یان چ چێژێك لـەم دووبارەبوونـەوەی دەنگە هەیە؟ لە پەخشانو هەڵبەست (نەزم) ، ئەم هاوشێوە بوونە جیاوازە، چونكە لـە پەخـشان ئـەركی جیـاوازبوونی دەنـگ لـە خۆیـدا دەبینـیٚ، مەگـەر بـۆ مەبەسـتی دەستپێوەگرتن (اقتصاد) یان دەروەست هاتنی دەربڕینێك، هەستی پێبكریٚ. هەرچی هەڵبەستە ئەم هاوشێوەبوونەی بە بونیـادێكی بنـچینەیی سیستەمەكە دادەنـریٚ زوو هەسـتی پێـدەكریٚ[90:82-83] و ئـەم لادانانـەی دووبارەبوونـەوەی دەنـگ، یـان هەڵگەڕانـەوەی سیـستەمی وشـەكان، هـەموویان خزمـەتی ئـەركی ئیـستاتیكی دەق دەكەن. [186:168]

ڕێكخستنی دەنگـەكان، كـە بـە مەبەسـت لای نووسـەر دادەهێنـرێنو لـە ئاخـاوتنی ئاسـایی دوور دەكەونـەوە، بـەو واتایـەی ئـەم جـۆرە گونجانـەی دەنگـەكان، جـۆرە هونـەركاریی‌و دەست ڕەنگینی نووسـەر دەردەخـەن، بۆیـە لـەنێو چوارچێوەی (لادان) خۆیـان دەبیننـەوە، ئـەم لادانانـەش بـەلای (جـان كـۆهین) و (جاكۆبـسۆن) پلـەی شیعرییەت زیاد دەكەن. جا گەیشتن بە پلەی شیعرییەت، لە دەقێكی وادا، دەشیٚ لـە دوولاوە بۆی بڕوانین، لەلایـەك وەك ئاماژەمـان پێدا، ڕێكخستنو گونجـانی دەنگـەكان لەگـەلٚ یـەك، لادان دەسـازێنیٚ، لادانـیش بەشـێكە لـە شـیعرییەت. لەلایـەكی دیكـەوە ڕێكخستنو گونجانی ئەم دەنگانەو خستنەڕووی شێوەیەكی دووبارەبوویان، دیاردەی دووبارەبوونـەوە دادەهێنـیٚو ئەمـەش دەبێتـە كۆڵەگەیـەكی ڕیـتم. دواجـاریش ڕیـتم لـە نێو هەر دەقێكدا بنچینەو كەرەستەیەكە، بۆ بەرزبوونەوەی پلەكانی شیعرییەت.

بۆ تیـشك خستنە سـەر چۆنیەتی ڕێكخـستنو گونجـانی دەنگـە دووبارەبووەكـان، ڕسـتەی نێـو چیرۆكەكان دەكەینـە پێـوەرو لـەو ڕوانگـەوە وەك دەقێكـی شـیعری، ئـەم

دەنگانە لەنێو (بڕگە)کاندا، دەستنیشان دەکەین. بەوپێیەی بڕگە وەك پارچەی چەقی وشـەکان، دەبێتـە پێکهاتـەی وشـەکە خـۆیو هـەروەك نزیکـیو دووری وشـەکانیش لەیەکتری، شێوەی دووبارەبووەکان دەگۆڕن.

گرنگترین شێوەکانی گونجانی جووت دەنگی بریتین لەمانەی خوارەوە:*

١- جـووت دەنگـە دووبارەبووەکـە لـە نێـو یـەك بڕگـەدا بـێن، بـەڵام لـە دوو وشـەی بەدواییەکداهاتوودا. ئەم دوو شێوەیەی هەیە:

أ-وەك یەك: بریتییە لەوەی چۆنیەتی ریزبوونی دەنگەکان لەهەردوو وشەدا وەك یەك بـن. "*تـا ئەوانـەی لـەودیو دیـوارە ئەسـتوورەکانەوە کـەوتوون، بکەونـە بـەر باران.*/٢٣٦"

(د+ی) (د+ی)

لەم ڕستەیەدا گونجانێکی دەنگی لەنێوان هەردوو وشەی (دیو) و (دیوار) دا هەیە، لە هەردووکیاندا دەنگی /د/ و دەنگی /ی/ لە تاکە بڕگەیەکدا دووبارەبوونەتەوە، دوو وشەکەش بەدواییەکدا هاتوونو هیچ ناوبڕێکیان نەکەوتۆتە نێوان.

ب- پێچەوانە: بریتییە لەوەی ڕیزبوونی دەنگەکان لە هەردوو وشە، پێچەوانەی یەکتر بن:

"*دڵێکی عاشق هەڵواسم لەناو باران دا بخوسێ.* /٢٣٦ "

(ن+ا) (ا+ن)

لێرەدا دوو دەنگی / ا/ و /ن/ لە هەردوو وشەی بەدواییەکداهاتووی (ناو) و (باران) دا دووبارە بوونەتەوە، بەڵام شێوەکەیان پێچەوانەیەو لە وشەی یەکەم دا، (ن) لەپێشەوە هاتووە، کەچی لە وشەی دووەمدا، (ا) لەپێشەوە هاتووە:

٢- جووت دەنگە دووبارەبووەکە، لەنێو یەك بڕگە دا بێن، بەڵام لە دوو وشـەی لێك دابڕاو:

ئەمیش بە دوو شێوە دەبێ:

أ- وەك یەك:

* بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی جووت دەنگییەکان، بروانە [92:108]

"*گولاوی ماڵە گەوران.* /١٤٤" (گو/لاّ/ وی/ ما/ ڵە/ گەو/ ران)

(گ+و) (گ+و)

ب- پێچەوانە:

"*شـــۆفێرێکی هـــەرزەکار و سەرســـووک ماموّســـتایان کـــاس کردبـــوو.*

/٩٩"(سەر/سووک/،/کاس/. (س+ک) (ا+س)

٣-جووت دەنگەکە، بکەونە نێو دوو بڕگەی بەدواییەکداهاتوو، لەهەمان کاتدا لە دوو وشەی بەدواییەکداهاتووشدا بن. دوو شێوەی هەیە:

أ- وەك یەك:

"*دەربارەی خێل بوونی شەیتان شتێك بدۆزرێتەوە.* /٩٣"

(ش ـ ت) (ش ـ ت)

"*نێو پشت و بن باڵ و قەپرغەی قوپاوی تێدا گەرم بوباوە.* /١٠١"

(ق ـ پ) (ق ـ پ)

ب- پێچەوانە:

"*روحم هەست بە ترسێکی سەیر دەکات.* /٢٣١"

(ر ـ س) (س ـ ر)

٤- جووت دەنگەکە بکەونە نێو دوو بڕگەی بەدواییەکداهاتوو، بەلاّم لە دوو وشەی لێك دابڕاو: دوو شێوەی هەیە:

أ- وەك یەك:

"*بۆنی ئەو دەنگە لە سنگی گەڕاو..*/٧٦"

(ن ـ گ) (ن ـ گ)

"*بە لنگی باڵەکانی لە ئاستی چاوەکانم وەستاو..*/١٣"

(س ـ ت) (س ـ ت)

ب- پێچەوانە:-

"*جوجکیان وەك دەنکە نۆکی بە توێکڵ بەدوو دایکیان دەکەون.* /١٢٠"

(ك ـ ن) (ن ـ ك)

٥– ئەگەر جووت دەنگەکە لە وشەی یەکەم، بکەونە نێو یەک بڕگەو لە وشەی دووەم بکەونە نێو دوو بڕگەی هاوسێ، بەڵام وشەکان بەدواییەکدا هاتبن. بە دوو شێوە دەبێ:

أ– وەک یەک:

"*هەستم دەکرد دەبمە دوو لەت*. /٣٢"

(د+ە) (د ـ ە)

ب– پێچەوانە:

"*لەبەر شەکرە وردەکەی نێو پاکەتەکە*. /٢١٣"

(ە +ک) (ە ـ ک)

٦– ئەگەر جووت دەنگەکە لە وشەی یەکەم، بکەونە نێو یەک بڕگەو لە وشەی دووەم بکەونە نێو دوو بڕگەی هاوسێ، بەڵام وشەکان لێک دوور بن. ئەمیش دوو شێوەی هەیە:

أ– وەک یەک:

"*ئەوان دێنە سەر ڕێم و من بە ئاستەم و ناسک پەنجە سپی وسفت*.../٢٥"

(س+ ە) (س ـ ە)

ب– پێچەوانە:

"*ئێمە ناوی ئەو کورە زۆر جوان و ئۆجاغانەمان نەدەزانی*. /٥٢"

(ن+ ا) (ا ـ ن)

٧– ئەگەر جووت دەنگەکە لە وشەی یەکەم، بکەونە نێو دوو بڕگەو لە وشەی دووەم بکەونە نێو یەک بڕگەی هاوسێ، بەڵام وشەکان بەدواییەکدا هاتبن.ئەمیش دوو شێوەی هەیە:

أ– وەک یەک:

"*تۆ مەیتەکەت لەبەر هەتاو کەوت* ../٣٦"

(ە ـ ت) (ە+ت) / (ە ـ ت) (ە+ ت)

ب– پێچەوانە:

"*زەلام و تاش و شار بەبێ دەنگی لووش دەدەن.* /٢٢٣"

(ا ـ ش) (ش+ا)

٨– ئەگەر جووت دەنگەکە لە وشەی یەکەم، بکەونە نێو دوو بڕگەو لە وشەی دووەم بکەونە نێو یەك بڕگەی هاوسێ، بەڵام وشەکان لێك دوور بن. ئەمیش دوو شێوەی هەیە:

أ– وەك یەك:

"*تاڵە تیشکێکی ئاڵ....*/٢٢٣"

(ا ـ ڵ) (ا ـ ڵ)

"*هەتا خۆشت بە توێیەکی ڕەش دادەپۆشرێی.* /٢٢٥"

(ۆ ـ ش) (ۆ ـ ش)

ب– پێچەوانە:

"*سەر بۆ نێو کۆشی یەك شۆڕ دەکەنەوە.* /١٨٧"

(ۆـ ش) (ش +ۆ)

## چەند شێوەیەکی دیکەی دووبارەبوونەوەی دەنگ:

دوای ئەوەی گونجان و پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێوان دوو دەنگمان، لەچەند جۆرێك دەستنیشان کرد، جێگای خۆیەتی هەڵوەستە لەسەر چەند شێوەی تری دووبارەبوونەوەی دەنگ بکەین، کە ڕۆڵیان لە سازاندنی ریتم هەیە، کەشێکی پڕ شیعرییەت بە ڕستەکە دەبەخشن، لەوانەش:

١– دووبارەبوونەوەی دەنگی یەکەمی وشە بەدوایەکداهاتووەکان:

وادەبێ کۆمەڵێك وشە بەدواییەکدا بێن بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی تەواو، بەڵام چەند وشەیەك لەم کۆمەڵە وشانە، دەنگی سەرەتایان، هاوشێوە دەبێ. ((ئەم چڕبوونەوەی دەنگییە لە ڕەوانبێژیی کلاسیکیدا پێی دەگوترێ paromoiosis )) [8:87]. دەشێ لەم کۆمەڵە چیرۆکە، چەند شێوەیەك ببینین، کە بە پێی ژمارەی وشەکان ڕیزیان دەکەین.

یەکەم: چوار وشەی بەدواییەکداهاتوو:-

أ- لەسەرەتای ڕستە:

"*سۆڵی سەد ساڵە سوور هەڵدەگەڕێ.* /٩٧"

"*سەرشان و سنگ و سەریان سپی دەچێتەوە.* /١٨"

ب- لە دوای سەرەتای وشەی یەکەم:

/د/ "*یەکێ لە دەست دەچێ دەی دێتەوە جێ.* /١٢٧"

دووەم: سێ وشەی بەدواییەکداهاتوو:-

أ- لەسەرەتای ڕستە:

" *بلبلەو برۆو برژانگیشی سپین.* ٢٢٣"

ب- دوای سەرەتای ڕستە:

/ش/"*ئەو چۆلەکە شەیتانانە شارەزای شوێنی نامەکانی نێو دڵم بوون.* /٩"

ج- لەگەڵ کاری ڕستە:

"*لەڕەنگ و ڕووی ڕوانی.* /١٠٠"

سێیەم: دوو وشەی بەدواییەکداهاتوو:

أ- سەرەتای وشە:

/ئ/ "*ئەوەندە ئەسپەکەم قورس و هێواش دەبۆوە.* /٦٣"

ب- دوای سەرەتای وشە:

/ب/ "*سەربەندی بەندانی بوو.* /١٨٨"

٢- لێك نزیکبوونەوەی دەنگی یەکەمی وشە بەدواییەکداهاتووەکان:

وادەبێ دەنگی یەکەمی وشە بەدواییەکداهاتووەکان، لە ڕووی سەرچاوەی دروستبوونو چۆنیەتی شوێنی گۆکردنو گڕی و کپییەوە، لەیەك نزیك بن. ئەم لەیەك نزیك بوونە، ڕیتم دەسازێنێ، بەتایبەتی ئەگەر لەسەرەتای وشەوە بێ. چونکە بیری وەرگر لە دەنگی سەرەتای وشە دەسەنگرێتەوەو ئەم دەنگە لە هزریدا دەمێنێتەوە، پاشان دووبارە لە وشەیەکی تردا دەنگێکی نزیك لە دەنگی وشەی یەکەم

دەهێنرێتـەوەو وەرگـر هەسـت بـە شـێوەیەك هاوشـێوەبوون، یـان لێك نزیكـی دەكـات.
وەك:
/پ، ب/:
*لە پەردو پەڕۆو بەردی سپی و پانکەڵەی بەجێماوی مرادخۆران تکاوە.* /١١٨
شـێوەیەكی دیكـەی دووبارەبوونـەوەی دەنـگ، كـە دوو وشـە، ئەمـسەرو ئەوسـەری دەنگــەكانیان هاوشــێوەن‌و تــەنیا دەنگــە بزوێنەكــەی ناوەڕاســتیان جودایــە. لــە ئینگلیزیـدا پێـی دەگوترێـت Consonance وەك: black- block [27:219] و لـە كوردیشدا وەك دار– دوور، سەر– سوور.. دەتوانین ((بە زاراوەی بڕگە بڵێین ئـەم دوو بڕگەیە چەقیان جیاو هەردوو پەراوێزیان یەكە)) [67:26] ئەمە وێڕای هاوشێوەبوونی هەموو دەنگەكانی جگە لە بزوێنەكە، وا لە وشەكە دەكەن، ریتمێكی خێراو ئاوازێكی مۆسـیقایی بـە دەربڕینەكـە ببەخـشێ. ئاشـكرایە تـا دوو وشـەكە لەیـەك نـزیكتر بـن، ریتمەكە ئاشكراترو زیاتر هەست بە دووبارەبوونەوەی دەنگەكان دەكرێ. وەك:
" *ورتكە دەماری سوور سەر كوڵمەیان گڕداوە.* ل١٣٩"
جاری واهەیـە، دەنگێك لـەم دوو دەنگـە نەبزوێنانـەی هـەردوو وشـە وەك یـەك نـین، بەڵام شێوەی گۆ كردنیـان لێك نزیكـە. وەك هـەردوو دەنگـی (ش) و (ژ) كـە یەكـەمیان كپ‌و دووەمیان گڕەو هەمان ریتم دەسازێنێ. بۆ نموونە:
" *ڕۆژی ڕەش نەبینـی.* ل١٣٩".
لەم جۆرە وشانەدا، تا ژمارەی دەنگەكان كەمتر بێ، ریتمەكە بەهێزتر دەبێ.
ئەم دیاردەیـە لـە ئینگلیزیـدا بـۆ كۆتـایی وشـەش بـەكاری دێـنن. وەك:( knife, leaf, brief) [80:220]

## دووبارەبوونەوەی دەنگ لەچوارچێوەی هاوشێوەبوونی بڕگەدا:

بۆ پتر وەستان لەسەر ڕۆڵی دووبارەبوونەوەی دەنگ لەنێو ڕستەکاندا، پێویستە وێڕای لێدوان لە تاکە دەنگ لەنێو وشەدا، بڕگەش وەربگرین. بەو پێیەی ((بچوکترین بڕگە لە بزوێنێك vowel پێك دێت. ئەم بزوێنە ناوکی nucleus بڕگە پێك دەهێنێ. لەگەڵیا دەشێ چەند دەنگێکی کپ consonow دەرکەوێ)) [14:252]. بۆیە لە نێوچوارچێوەی بڕگەدا، دووبارەبوونەکان ڕوونتر دەردەکەون و لەگەڵ دەربڕینی هەناسەی مرۆڤ، هەریەکەیان بە تەرزی دیاریکراوی خۆیان لەدەم دەردەچن و خوێنەر هەست بە بارێکی مۆسیقایی و جوانکاری و چێژ بەخشینی پتر دەکات، وەك لە دووبارەبوونەوەی تاکە دەنگێك، چونکە دەشێ بڕگەکە لە فۆنیمێك زیاتر پێکهاتبێ.

دەشێ هاوشێوەبوون و دووبارەبوونەوەی بڕگەکان لەنێو ڕستەکاندا، چەند شێوەیەکی جیاواز لەخۆ بگرێ، بەپێی ڕیزبوون و نزیك بوونەوە و دوور کەوتنەوەیان لەیەك. مادامیش ئێمە لەسەر بڕگە دەوەستین، ئەو شێوە دووبارەبوونەوە، یان تەنیا دەنگێکە، یان دوان، یان سیان....بە گوێرەی گونجانی لەگەڵ دەقەکە، یاخود چۆنیەتی دروستکردنی بڕگەکە. ئەم فرە دەنگییە، بۆ چوونە نێو جۆراو جۆری دەنگییە، کە (واژە) لە نۆرمە ئاساییەکەی خۆی دەردەچێ، ریتمێکی تایبەتی نیشان بدات. یان بۆ بەتین بوونی وشەیەك، یان چەند وشەیەکە لە ڕێگای دانانی دەنگ، یا بۆ دڵنیابوون لە مەبەست، کە دەنگە دووبارەبووەکان لە گوتندا لەگەڵ دەلالەتی دەربڕین یەکسان بن. هەموو ئەم دووبارەبوونەوە دەنگییانەش شێوەیەکی دەنگی بۆ وێنەیەکی بیستراو لە دەروونی وەرگر دەسازێنن. [79:78-79] لەوانە:

### ١- هاوشێوەبوونی بڕگەی یەکەمی وشەکان:

ئەم شێوەیە، لە دووبارەبوونەوەی دەنگی یەکەمی وشەکان، جیایە. چونکە لێرەدا پارچەی یەکەمی وشە، کە خۆی لە بڕگە دەبینێتەوە، وەردەگیرێ. بە مەرجێ دوو وشەی بەدوایەکداهاتوو بن. بێگومان هاوسەنگییەکی ئاوازی دێتە کایەوە، کاتێك مرۆڤ وشەکە دەدرکێنێ، لە بڕگەی یەکەمی وشەی یەکەم، دەست پێدەکات و لە بڕگەی

یەکەمی وشەی دووەمدا ئەم هەست وڕیتمو مۆسیقییەتەی سەرەتا دووبارەدەبێتەوە، بێ ئەوەی لە دوو وشەکەدا ڕەگەزدۆزی یان هاوتەریبی وشەیی بێتەکایەوە. بۆ وێنە:

"*__چیدی__ __چیمەنەکان__ نەشێلی*../٣٩"

لەم ڕستەیەدا دەبینین، لە هەردوو وشەی (چیدی) و (چیمەنەکان)، بڕگەی یەکەمیان بریتییە لە دوو دەنگی /چ/ و /ی/ و دووبارەبوونەوەیەکی سەرەتای بڕگەکانی وشەی سازاندووەو خوێنەر هەست بە هەڵکشانو داکشانی دەکات، وەك ئەوەی لە وشەی یەکەمدا لە بڕگەی یەکەم، ئاوازەکەی هەڵبکشێو لە بڕگەی دووەمدا دابکشێتەوە. پاشان بە هەمان شێوە لە وشەی دووەمدا لە بڕگەی یەکەم هەڵبکشێتەوەو پاشان دابکشێتەوە.

**٢-هاوشێوەبوونی بڕگەی کۆتایی وشەکان:**

لەم دووبارەبوونەوەیەدا، بڕگەی کۆتایی چەند وشەیەکی بەدواییەکداهاتوو هاوشێوە دەبن، بێ ئەوەی ئەرکی سەروا، یان ڕەگەزدۆزی، یان هاوتەریبی ببینن، تەنیا ڕیتمێکی مۆسیقیو پڕئیحا بە وشەکان دەبەخشنو بەوهۆیەوە پەیوەندییەکی پەیوەستو لکاو، لەنێوان هەردوو وشەکە دروست دەبێ.

بۆ وێنە:

"*گوارەیە__کی__ باری__کی__ بچوك لەگەڵ نەرمەی گوێی*..../١٤"

لەم دەربڕینەدا بڕگەی کۆتایی وشەی یەکەمو دووەم، بریتییە لە (کی)، لەهەردووکیاندا دووبارەبۆتەوە، لەهەمان کاتدا رەگەزدۆزیو هاوتەریبی وشەیی دروست نەکردووە، بەڵکو ڕیتمی دەربڕینەکەی خێرا کردووەو جوڵەیەکی تایبەتی پێداوە.

**٣-هاوشێوەبوونی بڕگەی کۆتایی وشەیەكو بڕگەی یەکەمی وشەی دوای خۆی:**

وا دەبێ دوو وشەی بەدواییەکداهاتوو، لە وشەی یەکەمیاندا بڕگەی کۆتاییەکەی لەگەڵ بڕگەی یەکەمی وشەی دووەمدا هاوشێوە بن، دەشێ یەکێك لەم بڕگانە وشەی سەربەخۆ بێ، بەڵام نەبووبێتە هۆی دروستبوونی ڕەگەزدۆزی، یان دووبارەکردنەوەی وشە. ئەمەش دوو شێوەی هەیە:

أ–دەشێ بڕگەیەك لەم بڕگانە وشەی سەربەخۆ بێ. وەك:

"*سەدی وەك تۆ تۆزی شاقەڵی دەتەكێنن.* /١٠٣"

لێرەدا وشەی یەكەم (تۆ)، بریتییە لە تاكە بڕگەیەك‌و لەگەڵ بڕگەی یەكەمی وشەی دووەم هاوشێوەی یەكترین. لەبەرئەوە ئەم شێوەیە بەریەككەوتنێكی ڕاستەوخۆی دوو وشەیەو بەبێ هیچ ناوبڕێك لە دەمی مرۆڤدا بەخێرایی هەڵدەقۆزێتەوە.

ب–دەشێ بڕگەی كۆتایی وشەی یەكەم لە دەنگێكی بنەڕەتی‌و دەنگێكی لاوەكی (ناوگر) پێكهاتبێ‌و ئەم دەنگە ناوگرە ئەركی بەیەك بەستنەوە، یان هەر ئەركێكی تری ڕێزمانی ببینێ. بۆ وێنە:

"*كچە سەرەڕۆكەی ئایشە شەڵێ* /١٢٤"

"*سینگی وەكو كورەی دەمەژێ.* /٩٧"

**٤–هاوشێوەبوونی بڕگەی یەكەمی وشەی یەكەمی سەرەتای ڕستە، لەگەڵ بڕگەی كۆتایی ڕستە:**

وەك لە لاپەڕەكانی پێشەوەدا ئاماژەمان پێدا، ئێمە بە هاوشێوەی شیعر، لەباتی ڕەفتار لەگەڵ دێرە شیعر بكەین، لە چیرۆكدا لەگەڵ ڕستەدا ڕەفتار دەكەین، بەم شێوەیە ڕستەیەكی چیرۆك لەگەڵ نیوە دێرێكی شیعر بەرامبەر دەبێ. ئەم جۆرە دووبارە بوونەوەیە بریتییە لە هاوشێوەبوونی بڕگەی یەكەمی وشەی یەكەمی سەرەتای ڕستە، لەگەڵ بڕگەی كۆتایی ڕستەكەدا. واتە ئەوسەرو ئەمسەری ڕستەكە دەگرێتەوەو وەك دوو لای تەرازوویەك هاوسەنگییەكی دەنگی ڕێك‌و پێك بە تەواوی ڕستەكە دەبەخشن، بەجۆرێك بە دەنگی بڕگەیەك دەست پێدەكرێ، بەهەمان دەنگ‌و ریتم كۆتایی پێدێ. ئەمەش بە دوو شێوە دەبێ:

أ – یەكێك لە بڕگەكان ببێتە وشەیەكی سەربەخۆ، بەڵام ڕەگەزدۆزیی ناتەواو و دووبارەبوونەوەی وشەو هاوسەرواو هاوتەریبی دروست نەكردبێ. وەك:

"*شاپەڕی لە بەفرێ دەخشا* ./٢١٦ "

لێرەدا بڕگەی یەکەمی سەرەتای ڕستەکە ناوێکە (شا)، لەگەڵ (شا) ی بەشێك لە کاری (دەخشا) هاوشێوە بووە. یەکەمیان وشەیەکی تەواوو ئەویتریان، بڕگەیەکە لە چوارچێوەی بڕگەی تری وشەکەدا.

ب- هەردوو بڕگەکان، نەبووبنە وشەو، بە تەنیا واتای سەربەخۆ نەبەخشن. وەك:

"*حەمۆکە ترسی ڕووحە*. /١١٩"

"*کەفی خوێن بیابانێکی پڕقارچکە*. /٢٢٤"

لەم ڕستەیەدا، بڕگەی (کە) بەشێکە لە وشەی (کەفی) و لەگەڵ (کە) ی (قارچکە) هاوشێوە بووە و (ك) ی (کە) ش وەك بەشێکی دانەبڕاوو جیانەکراوە لە (قارچك) دادەنرێ. بەڵام ئەوەی کە بۆتە هۆی سەرەکی بۆ دروست بوونی و ئاشکرابوونی ئەم دیاردەیە، ئامرازی (ی) ی نێوان (کەف) و (خوێن) ە، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە، (ف) ی (کەف) دەخرایەوە سەر بڕگەی (کە) و ئەو کات هاوشێوە بوون و دووبارەبوونەوەکە ڕوووینەدەدا.

**٥-هاوشێوەبوونی دەنگی یەکەمی بڕگە بەدواییەکداهاتووەکان.** دوو شێوەی هەیە:

أ- لەیەك وشەدا:

"*دەمدی ڕەنگی مەرمەڕێکی شین بەسەر کابرادا دەکشێ*. /٦٣"

لێرەدا وشەی (دەمدی) دوو بڕگەیە، /دەم/+ /دی/، لە هەردووکیاندا دەنگی یەکەمی بڕگە بە دەنگی /د/ دەستی پێکردووە.

ب- لە دوو وشەدا:

"*ئێستاش وەك گوڵدانێکی شووشەی شکاو لەبەر پێی کەوتووم*. /٦٢ "

لەم ڕستەیەدا فرێزی (شووشەی شکاو)، لە سێ بڕگەی بەدواییەکداهاتوو پێکهاتووە، دەنگی یەکەمی بڕگەکان بە دەنگی /ش/ دەستی پێکردووە.

**٦-هاوشێوەبوونی دەنگی کۆتایی دووبڕگە، لە دوو وشەی لێك دابڕاو.**

ئەم هاوشێوەبوونە لەسەر بنچینەی، زرنگانەوەو دەنگدانەوەیەکی نێوان دوو دەنگە لە ڕستەیەکدا، دەشێ بە شێوەیەك لە (سەروا) ی دابنێین. واتە لە نێوان دەنگی ڕەوی و دەنگێك لە نێو ڕستەیەکدا، کە لە دەنگە ڕەوییەکە بچێ، جا لە سەرەتا بێ یان

ناوەڕاست، یان چارەگی یەکەم، یان چارەگی سێیەمی ڕستە بێ. لەبەرئەوە ئەگەر ((دەنگە لەوچووەکە لە نیوەی لەتە دێردا بێت، ئەوا لەتە دێرەکە دەکاتە دوو کەرتەوە)) [134:59]. یان بەشێکی سەرەتای دەکاتە کەرتێکو لەگەڵ ڕەوی، یان کۆتایی رستە هاوسەنگ دەبێتەوە. ئەم دوو کەرتەش لەسەر بنەمایەك نییە، وەك شیعری دیالێکتی گۆرانی کێشی (٥+٥) بێ، یان بەشێوەیەك ببێتە دوو کەرت، کە لە کێشدا یەکسان بن. بەڵکو ڕیتمێکی هاوشێوەی ڕیتمی سەروا دەبەخشێتە دوو پارچەکەو زرنگانەوەیەکی دەنگیی تێدا دەسازێ.

لەم دیاردەیە دەشێ ئەم شێوانە دەستنیشان بکەین:

أ- دەشێ لە دوو کەرت زیاتر بێو نزیکییەك لە هاوتەریبیو هاوسەروایی بە ڕستەکە ببەخشێ، جا لە کێش یەکسان بن، یان لە سەروادا. وەك:

"*لە نیوەی ڕ<u>ێ</u>/ دڵەڕاوک<u>ێ</u>/ دایدەگر<u>ێ</u>.* /٨٣ "

ب- دەشێ دوو کەرت بێ. وەك:

"*ئەگەر بڕووکەک<u>ی</u>/ لێ بڕوان<u>ی</u>.*"

لێرەدا دەنگی کۆتایی بڕگەی کۆتایی ڕستەکە بریتییە لە دەنگی /ی/ و بڕگەی کۆتایی وشەی (بڕووکەکی) بریتییە لە (کی) و هەردووکیان لە دەنگی کۆتاییاندا هاوبەشنو جۆرە هاودەنگییەکی دروست کردووە، کە ڕستەی کردۆتە دوو کەرتو شێوەیەك لە هاوسەروایی دروستکردووە.

ج- دەشێ کەرتکردنەکە کەوتبێتە دوای وشەی یەکەمی سەرەتای ڕستە. وەك:

"*دەبێ/ بێیە نێو شاری داودێ.* /١١٩ "

لێرەدا ڕەوی ئەم ڕستەیە بریتییە لە دەنگی /ێ/ کە دوا دەنگی بڕگەی کۆتایی وشەی (داودێ) یەو لەگەڵ دەنگی کۆتایی بڕگەی (بێ)ی وشەی (دەبێ) دا هاوشێوەنە. بۆیە جۆرە سەروایەکی دروستکردووە، کە خوێنەر هەست بە لەزەتی خوێندنەوەو ڕیتمو بەرزبوونەوەی سترێس لە کۆتایی هەردوو وشەکە دەکات.

زۆر جار شێوەزاری زمانی نووسەرەکە، ڕێگاخۆشکەرە بۆ سازاندنی دەنگێك لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا، کە لەگەڵ دەنگی کۆتایی ڕستەکە هاوشێوە بێ. وەك:

"*مەلا لە نێوەندی ئایەتێ زمانی هیشك دەبێ.* /١٣٧ "

لێرەدا وشەی ناوەڕاستەکە لە بنچینەدا (ئایەت) بووە، بەڵام لە شێوەزاری موکریدا ئەم جۆرانە هەندێکیان مۆرفیمی (ێ) وەردەگرن‌و هەندێکیش (ی)، بۆیە /ێ/ کەوتۆتە دوای (ئایەت) و بۆتە (ئایەتێ)و لەگەڵ دەنگی کۆتایی وشەی ڕستە، (دەبێ) هاودەنگ بوونەو ڕستەکەی کردۆتە پارچەو خوێنەر هەست بە وەستانێکی بەپەلەو ڕیتمێکی دووبارەبووی دەنگی /ێ/ دەکات. ((ئەم دیاردە دەنگیانە وەکو سەروا پشت بە هاودەنگی وشە دەبەستن. بەڵام لە چۆنیەتی دروست بوون‌و شوێنی دوبارەبوونەوەیان لە سەروا جیادەبنەوە. چونکە سەربەستن لە شوێن‌و کاتی دووبارەبوونەوەدا، بەڵام سەروا نین، لایەنێکی ئەرکی سەروا بەجێ دێنن کە لایەنی مۆسیقی و دلالی و دەروونی تێدایە.)) [70:26]

**٧- هاوشێوە بوونی دەنگی کۆتایی بڕگەی یەکەمی وشەیەك لەگەڵ دەنگی یەکەمی وشەیەکی تری شوێنکەوتوویدا.** وەك:

"*دەبێ زوو بچمە دەرو ئەسپە سەرتاپا سپی و لافاوی هەڵمی..*/٣٩"

وشەی (ئەسپە) بڕگەی یەکەمی بریتییە لە (ئەس) و دەنگی کۆتایی بڕگەکە (س) ە، لەگەڵ دەنگی یەکەمی بڕگەی (س) ی وشەی (سپی) هاوشێوەن.

## بەریەککەوتنی دەنگەکان

یەکێك لە هۆیەکانی هاتنەکایەی ریتم‌و ئاوازێکی مۆسیقایی لەنێو دەقدا، بریتییە لە دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگ. ئەم جۆرەیان، کە لە ئەنجامی خڕبوونەوەی دەنگەکان لە ڕستەو پەڕەگرافەکاندا ڕوودەدات. هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا وەك ڕایەڵێکی سەرانسەر پەیوەندییان لەگەڵ دەنگەکانی تر دا، شێوەیەك لە ڕیتم و کەش‌و هەوایەکی لەزەت بەخش لە دەروونی وەرگر دەسازێنن. ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، زۆر جاران جیا لە سیاقی ڕستەو پەڕەگراف، لە وشەیەك یا دوو وشەی هاوسێی یەکتری فۆنیمە هاوشێوەکان بەریەك دەکەون. وەك لێکخشاندن و بەریەککەوتنی دووپارچە ئاسن، ئاوازێکی تایبەت دەسازێ و دەنگدانەوەیەك لە وشەکان

دێتەکایەوە، ڕادەی درێژی دەنگێك بەم بەریەککەوتنە دوو ئەوەندە دەبێ، بێ ئەوەی دەنگی دیکەیان بکەوێتە نێوان. ئەم دیاردەیە ئەم شێوانەی هەیە:

**یەکەم: بەریەککەوتنی دوو دەنگی هاوشێوە (هاودەنگ):**

وادەبێ دوو دەنگ بەدوای یەکتردا دێن، کە هەمان دەنگیان هەیەو ئاوازی دەربڕینەکە درێژتر دەکەنەوە. ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە:

أ‌-دوو دەنگەکە هەردووکیان دەنگی ڕەسەنی وشەکانن.

بریتییە لە بەریەککەوتنی دەنگی ڕەسەنی کۆتایی وشەیەك لەگەڵ دەنگی سەرەتای وشەیەکی تر. *

"*وەختێك هەستم کرد دایکم دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە*. /٥١"

لێرەدا دەنگی/د/ لە کۆتایی کاری(هەستم کرد) و سەرەتای وشەی (دایك) دا، دووبارەبوونەتەوەو بەمەش لە کاتی خوێندنەوەدا بەریەك دەکەونو دەبنە یەك، ئەوەندە هەیە توندتر زمان دەگرنو هێزی وەك (شەددە) ی عەرەبی دەبێو دەربڕینەکە لە توانای دەنگێك درێژتر دەبێتەوە.

ب-یەکێك لە دەنگەکان لە بنەڕەتدا جێناوێکی لکاو بێ:

" *تۆ مەیتەکەت لەبەر هەتاو کەوت و چاوت ڕژاو کرمت تێکەوت*. /٣٦ "

ج-یەکێك لە دەنگەکان بەشێکە لە جێناوێکی سەربەخۆ:

" *با دەگەڵە من نەنوێ*. /٦٨"

د- یەکێك لە دەنگەکان مۆرفیمی خستنە پاڵە:

"*ئەو بارانەی لەسەر کوڵمەی یارەکەما* . /٢٣٠"

هـ- دەنگی وشەیەکیان مۆرفیمی دووبارەبوونەوەیە:

"*لەڕاست ئەو بێ زمانەش شەرمەزارم کرد*."

---

* ئەم دیاردەیە لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا بەرچاو دەکەوێ. وەك (نالی) دەڵێ:

**"شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم.. مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم." [283:19]**

بەریەککەوتنی دەنگی /ن/ی (موشکین) و /ن/ی (نەفەس).

و– دەنگی هەردوو وشەكان یەكێكیان بەشێك لە جێناوی لكاو و ئەویتریان بەشێك لە ئامراز بێت:

"*نە ناموستان نە دایكی خۆتان دەناسن*. /٨٩ "

لێرەدا /ن/ی یەكەم بەشێكە لە جێناوی لكاوی (تان) و ئەویتریان بەشێكە لە ئامرازی لێكدەری(نە...نە).

ز– هەردووكیان بەشێك بن لە ئامراز:

"*دەوڵەتێك كە بە چركەیەك سەد موشەك ڕەحەوا دەخا* . /٧٤ "

دەنگی /ك/ بەشێكە لە ئامرازی (ێك) ی نەناسراوی، لەگەڵ دەنگی /ك/ ی ئامرازی لێكدەری (كە) بەریەككەوتوون.

ح– یەكێكیان جێناوێكی (شێوەزاری) و ئەویتریان ئامراز بێ:

"*سینگی كێ و وەكی كورەی ئاسنگەران لە نێڵەی دایە*. /٩٧ "

لێرەدا نووسەر سوودی لە زمانی ناوچەیی بینیوە بۆ دروستكردنی جۆرە ڕیتمێك كە خۆی لەبەر یەككەوتنی دوو دەنگ دەبینێتەوە، چونكە ئەگەر بە زمانی نووسینی هێنابایە، دەبوایە بەم شێوە بوایە: (سینگی كێتان وەك كورەی ... ) ئەوكاتە بەریەككەوتن لەنێوان هەردوو دەنگی (و) دروست نەدەبوو. (و)یش، وەك جێناوێكی لكاوی كەسی دووەمی كۆ لە شێوەزاری خۆشناو و موكری و پشدەردا، جێگای (تان)ی گرتۆتەوەو ئەم بەریەككەوتنەشی سازاندووە.

### دووەم: بەریەككەوتنی دوو دەنگی نزیك لەیەك:

ئەم جۆرە دەنگانە دەگرێتەوە، كە لە بنەڕەت و دەنگدانەوەو ئاوازی دەربڕیندا لێك نزیكن، یان لە شوێنی دروستبوون و دەربڕینیان وەك كپی و گڕی و زمانی و لێوەكی و ددانی.....هتد. بەشێوەیەك ئەم دەنگانە بەریەك دەكەون، نزیك دەبنەوە لە دوو دەنگی هاوشێوە(هاودەنگ)، بەڵام هێزی لێك نزیكییان لە هاوشێوەبوون كەمترە، بۆیە بە زۆری لەم بارەدا دەنگی وشەی یەكەم دەسوێ و سووكتر دەردەبڕدرێ و قورسایی دەخرێتە سەر وشەی دووەم. وەك:

/ب، پ/ ئەسپ بۆنی خوێنی کردووە. /٢٢٣
/ ر، ڕ /: وەك لەسەر ڕووبارێك لە ساڵ بم. /٨
/ ڵ، ل/: لەگەڵ لەتبوونی من زریکەی ترسم.../٤٤
/ك، گ/ جێ لێوی وەك گوڵە لاولاو هەتا سێ ڕۆژان../١٥٥
/ گ، ك/ بەر زگیان ڕەنگ کرد. /٦٣

## ٢- دووبارەبوونەوەی وشە

ئەگەر دووبارەبوونەوەی دەنگ لە هەموو ڕووەکانو بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بەهایەکی ڕیتمی هەبێ، ئەوا دووبارەبوونەوەی وشە چوارچێوەکەی فراوانتر دەبێ، بەهایەکە بەرزترو هەمەلایەنتر خۆی نیشان دەدات. چونکە لە نێو هەموو دووبارەبوونەوەیەکی وشەدا، دووبارەبوونەوەی دەنگ خۆی تێدا ئاخنیوە. بەو پێیەی خڕبوونەوەی دەنگ، وشە دروست دەکات، بۆیە هەرچەندەی ژمارەی دەنگەکان لە پێکهاتەی وشەدا زیاتر بێ، بەهاو ریتمی دووبارەبوونەوەی وشە زیاتر دەبێ.

دووبارەبوونەوەی وشە، ئەوەیە وشەیەك دووجار یان زیاتر بە هەمان واتا لە نێو پێکهاتەی دەقەکەدا دووبارە بێتەوە. جا بە هەر مەبەستێك بێ، چونکە هەڵبژاردنی ئەو وشەیە لە لای نووسەر مەبەستێکی لە پشتەو دەشێ پەیوەندی بە باری دەروونی خودی نووسەر هەبێ، یان هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو وشەیە بە مەبەستی جەختکردنو دڵنیایی بێ، لەهەمانکاتدا شێوەیەکی جوانکاریو ئیستاتیکی بە دەقەکە دەدات. بۆیە لای پێشڕەوانی نوێ (رواد الحداثة) دووبارەبوونەوە لە ئەرکی جەختکردن (تەئکیدکردن) بۆ تەکنیکی ئیستاتیکی دەپەڕێتەوە، کە ئەمەش لە نووسەرێك بۆ نووسەرێکی دیکە پلەکەی جیاوازە.[189] هەموو ئەم مەبەستانە، دەشێ لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لێی بڕوانین، ئەویش گەمەکردنە بە زمان. لێرەدا ئەوەی یاری پێدەکرێ خودی وشە دووبارەبووەکەیە، کە نووسەر لەوانەیە بۆ بەشەکانی زمان گەردانی بکات، یان بۆ ئەمسەرو ئەوسەری پێکهاتەی بیهێنێو

بیبات. دووبارەبوونەوەی وشە لەهەر تێڕوانینێکەوە سەیری بکرێو نرخ و بەهای بۆ لێکبدرێتەوە، خزمەتی سیستەمی نێو دەق دەکاتو لەگەڵی بەشدار دەبێ، بەهۆیەوە نووسەر دەتوانێ دەلالەتی ئیحایی دەق چڕ بکاتەوە. [80:79]

دووبارەبوونەوەی وشە لای چیرۆکنووس، دیاردەیەکی زۆر زەقو بەرچاوە، بەجۆرێك ئەو وشە دووبارەبووانە، ناوبەناو هێشتا هەناسە سوار نابێتەوە، کە دێتەوە بەر دەمو ددان، خوێنەر هەست بە هەڵبەزو دابەزینێك بەسەر وشەکاندا دەکاتو تامو چێژێکی تایبەتی لا دەسازێ، بۆ نموونە، لە چیرۆکی (بەردی مرازان) دا، دەڵێ:

" *دوکەڵ هێندەی باقە هەوری سەر قەندیلی، باقە هەوری مەییو، پێچپێکی سەد لۆ لە تەوێڵەی قەندیلی دالێنیێ، قەندیل ڕێی لە هەوران گرتووە، یان هەور پشتیان وە وی داوە، ئەو هەورە هەوری باران نیە، هەوری بەفرو تەرزە نیە، هەوری خەمێکە، هەوری ئاهێکە لە مێروستانی داوێنی هەستاوە. لە پیرەداری سەر سنگی فەرخۆڵەی بڵند بووە، لە پەردو پەڕۆو بەردی سپیو پانکەڵەی بەجێماوی مرادخوازان تکاوە. ئەو هەورە خەمو کەسەری خاتوو ئەستیەیە.......* لا ١١٨."

لەم چەند دەربڕینەدا، (١٠) جار وشەی (هەور) دووبارەبۆتەوە، نوسەر دەیتوانی بێ ئەوەی واتای سەرەکی بشێوێ، ئەمانە دووبارە نەکاتەوە، بەڵکو کورتەی واتاکە بریتییە، لەوەی کە (ئەو هەورە، خەمو کەسەری خاتو ئەستیەیە) واتە ئەوانی تر لەڕووی واتای سەرەکی زیادەن. بەڵام لێرەدا نووسەر، ئەم دیاردەیەی بۆ مەبەستێك بەکارهێناوە، شیکردنەوەو ڕاڤەی هەندێك چەمکی تایبەت بەو هەورە، وێڕای ئەمە، ئەگەر ئەم چەند جارەیە، وشەی (هەور) دووبارە نەبووبایەوە، ڕەنگە ئەم شێوە ڕاڤەکردنەو واتا لاوەکییە، دەقەکەی وشكو بێ زاغ کردبا، بۆیە خوێنەر هەست بە زیندوویەتیو تەڕو پاراوی ئەو پارچەیە دەکاتو بەم چەشنە شیعرییەت لەنێو تەواوی ڕستەکاندا بەهۆی ئەم دووبارەبوونەوەیە پەرشو بڵاو دەبێتەوە، سەرەڕای ئاوێتەبوونی وشەی دووبارەبوو لەگەڵ ڕەوانبێژیدا زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێو پایەیەکی جوانکاریو ئیستاتیکاش بە دەق دەبەخشێ. کاتێك لە دەستەواژەکانی (باقە هەوری مەییو، هەوری خەم، هەوری ئاه....) ڕادەمێنین، هەموو

**ئەمانە لەلایەك وەك ڕەگەزی دووبارەبوو هێنراون، لەلایەکی دیکەش بۆ واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون. ئەمە هۆکارێکە، تا تامو بۆنی شیعرییەت بڵاو بێتەوە.**

**چیرۆکنووس پەنا بۆ دووبارەبوونەوەی واژە، یان ڕەمز و دەستەواژە دەبات، لە ڕاستیدا کورتە چیرۆك سەرەڕای چڕو پڕی (التکثیف) دووبارەبوونەوە لەخۆی هەڵدەگرێ، کە بە (دووبارەبوونەوەی هونەری) ناو دەنێن، یارمەتی واتا دەدات و نابێتە هووشەکاری (حەشوو). [46:133]، کەواتە ئەم دیاردەیە، یارمەتی چڕیی و کورتبڕی دەدات، مەرج نییە ئەوەی دووبارەبێتەوە، هەموو جارێ درێژبڕی بێ لەنێو دەق، بەڵکو بە شێوازە هونەرییەکەی یارمەتیدەرە، بۆ چڕبوونەوەی زیاتر. هەڵبەت کورتە چیرۆك، یان چیرۆك بە شێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەچاو ڕۆمان، دەبێ حسێب بۆ وشەکان بکرێ و بواری ئەوە نەدرێ وشە بەخۆڕایی دووبارە بێتەوە.**

**پرەنسیپی چڕی (التکثیف) لەگەڵ دووبارەبوونەوە ناکۆك نییە، چیرۆکنووس هەموو وشەیەکی لەسەرە، وشەیەك نانووسێ کە سوودی نەبێ. (ئێدگار ئالان پۆ)ش، جەختی لەسەر کردۆتەوەو پێی وایە، لە پڕۆسەی داڕشتندا پێویستە وشەیەك نەنووسین، کە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بۆ ڕوونکردنەوە خۆش نەکات. [47:133]**

**ئەم دیاردەیەی دووبارەبوونەوەی وشە، لە چیرۆکەکانی نووسەر سیمایەکی تایبەتی بۆ خۆی وەرگرتووەو لەچاو چیرۆکنووسانی سەردەمی خۆی بەڕێژەیەکی زیاتر بەرچاو دەکەوێ. سەرەڕای ئەمەش تەنیا لە چیرۆکەکانی بەرجەستە نابێ، بەڵکو لە ڕۆمانەکانیشی بە زەقی دیارە.* لە تەواوی پێکهاتەی دەقدا،**

---

* لە ڕۆمانی (شێخی داموس) دا، لە دێری یەکەمەوە، لەڕادەبەدەر هەست بەم دیاردەیە دەکرێ، وەك دەڵێ (*ژیان مارێکە هەڵاوساوە لە ژەهر، ژن مارێکی هەڵاوساوە لە ژەهر، ئەو ژەهرە بەسەر پردی سیراتدا ناڕوا، تەنها ئێسکی ڕەق و دەماری ئەستوور چاوی بێ پەرژینی پیاو بێ ژەهر تێدەپەڕێ، وەختێك دەگاتە ئەوبەر بەهەشت، دارستانەکانی خلود سیخناخن لەو ژەهرە، تۆ مەترسەو بەنێو ئەو دەریای ژەهرەدا تێپەڕە، تۆ مەترسێ و*

دووبارەبوونەوەی وشە، پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە، خەسڵەت و شێوازێکی تایبەتی بە نووسینەکانی ئەو بەخشیوە. بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە، ڕێژەی ئەم دیاردەیە، لە چیرۆکێك بۆ چیرۆکێکی دیکە، جیاوازی هەیە، ئەو چیرۆکانەی کە لە سەرەتای سالاّنی چیرۆکنووسن و ڕوونتر بڵێین، لە کۆتایی هەشتاکان نووسراون، ئەم دیاردەیە بە فراوانی دەبینرێ، دەشێ بۆ چەند هۆکارێکی بگەڕێنینەوە، لەوانە:

١-چیرۆکەکان لە شێوەدا کاریگەری داستانە شیعر، یان داستان و بەیت و هەقایەتیان بەسەردا زاڵە، چیرۆکنووسیش لە سەرەتای نووسینی، گەلێك چیرۆکی بە شیعر نووسیون، بەلاّم بلاّوی نەکردوونەتەوە،* لە نێو داستان و چیرۆکیشدا، دووبارەبوونەوە و جوینەوەی وشە بە شێوەیەکی زۆر هەستی پێدەکرێ.

٢-چیرۆکەکانی هەشتایەکان و چارەگی یەکەمی دەیەی نۆهەتەکان، بە بەرگێکی مەرگەسات و غەم و نیگەرانی داپۆشراون و ڕەنگدانەوەی کارەساتە ناخۆشەکانی گەلی کوردو کۆمەڵگای خۆیانن. لە نێو گوتن و نووسینی ئاوس بوو بە غەم و مەرگ و لاواندنەوەدا، گەڕانەوە بۆ سەرەتای ڕستەو دووبارەبوونەوەی وشە و ڕاڤەی زیادکراو بۆ زیاتر بەها بەخشین و نیشاندانی حالەتی مەرگەساتەکە، چەند وشەیەك بوونەتە فیڵدو بەر ئەم دیاردەیە دەکەون.

٣- داپۆشینی هەندێ مەبەستی ڕاستەوخۆ لە شێوەی ڕەمزدا، بەجۆرێك جاری وا هەیە، وشە دووبارەبووەکە، بۆتە ڕەمزو چیرۆکنووس، بە مەبەست دووبارەی دەکاتەوە و پێی لەسەر دادەگرێ، ئەم دیاردەیەش لە ترسی ئاشکرا دەربڕین لە هەشتاکاندا باوی هەبوو، لەبەر ئەمەش زیاتر دووبارەبوونەوەی، بۆن و تامی ڕەمزی

---

*دەنێو ئەو ژەهرە خۆت بشۆ، ئەو ژەهرە وەهمێکە لە جەستەی ژندا، زمانی پیاو ئەو ژەهرەی لە ژن ئاخنیوە.)*
[2:29]. لەم پارچەیەدا (٩) جار وشەی (ژەهر) دووبارەبۆتەوە،

* لە چاوپێکەوتنێکدا، چیرۆکنووس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە کۆتایی حەفتاکان و ئەو سەردەمەی قوتابی ئامادەیی بووە، چیرۆکی بە هۆنراوە نووسیون((زۆر داستانم بە هۆنراوە نووسین و بلاّوم نەکردنەوە، قەڵەمی من بە کاملی هاتە نێو گۆڤارو ڕۆژنامەکان)) [138:56] .

ئاشـکرای لێ دادەمـاڵێ و خوێنـەری ئاسـایی، وا دەزانـێ هـەر بـۆ جوانکـاری دووبارەبۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا قووڵتر کردنەوەو چڕکردنەوەیە لەنێو بۆتەی ڕەمزدا.

## شێوەکانی دووبارەبوونەوەی وشە

١- وشـە دووبارەبووەکـە، دەبێتـە دیارخـەر بـۆ ناوێك، لەوێـدا خـۆی لـە چوارچێوەی ئاوەڵناو دەبینێتەوە، بەڵام دیارخەرێك نییە، تەنیا بۆ ناوێك، بەڵکو تاکە دیارخـەرێك بۆ زیاتر لە ناوێك و هەریەکەشیان لە شوێنی خۆیاندا بەدواییەکدا دێن. وەك:

*"کـەس هەناسـان نـاداو کـەس نـاجوڵێ، هـەوای مـەییو، ئـاوی مـەییو، خـەڵکی مـەییو لێیان دەڕوانێ..."* لا١٥٠

لێرەدا وشـەی (مـەییو) بۆتـە دیارخـەر بـۆ سـێ نـاوی لێك جیـاو لێك دوور، دەکرا پێکـەوە هاتبـان، هـەواو ئـاوو خـەڵکی مـەیوو، بـەڵام ئـەو کاتـە ئـەم جـۆرە ڕیتمـەی نەدەبەخشی و خوێنەر سەرسام دەکات، چاوەڕوانی (کار)ێك بێ. لەنێوان هـەموو ئـەم دووبارەبوونەوانـەدا جـۆرە هاوتـەریبی و هاوسـەنگییەکی بەخشیوە، کاتێك هـەر تاکـە دیارخراوێکی دووبـارە بـۆ دیارخـەرێکی جیـاواز هـاتووە، بەهـۆی وەسـتانی (وێرگـوڵ) یش سترێس دەکەوێتە سەر دوا دەنگی وشە دووبارەبووەکە.

" *<u>فەقێ برسییەکەم</u>، <u>فەقێ ڕووتەکـەم</u>، ئەگـەر مـای، ئەگـەر نەچوییەوە ئاسمانێ، <u>فەقێ بێ کەسەکەم</u>، ئەگەر مای و دنیا هەناسـەی وەبەرهاتـەوە، ئـەمن لێـرە، لەسـەر کـانی و ئــاوان، لەســەر تەپۆلکــەو ســەرەڕێیان ، لــەبن دار بــەڕووی ســەر مــەزاران، چاوەڕێتم.."* لا١٧٣

٢- وشە دووبارەبووەکە ببێتە دیارخراو. وەك:

" *ڕووح و هەناسـەی لـەو پەیکـەرە دەپـژان، <u>هەوەسـی</u> شـێتی، <u>هەوەسـی</u> نەحلـەتی لـە خەونێکی چڕدا بەسەر دنیای پەمەیی (مەستوورە)دا هەڵدەڕشت."* لا١٠٩.

" *ڕاستە <u>دنیای</u> ڕیا، <u>دنیای</u> پارە، <u>دنیای</u> داوێنـی بۆگـەنی ئاغـاو ئافرەتـی دڵ تـەڕ..."* لا١٠٨.

٣- وشە دووبارەبووەکان ئاوێتەی یەکتر بن.

**وادەبێ ڕستە، یان دەستەواژەیەك تەواو دەبێ، وێرگوڵو وەستانێك لەدوای دێ، پاشان بەهەمان وشە دەست پێدەكاتەوە، كەواتە دەبنە دوو وشەی هاوشێوە، كە بەدواییەكەوە هاتوون. ئەگەر لە ڕوانگەیەكی شیعری وەریبگرینو ئەو پارچە (دەستەواژەو ڕستە)انە، بە نیوە دێرێك دابنرێن، (كە لە ڕاستیدا بەهۆی ئەم وەستانەوە نزیك دەبێتەوە لە وەستانی دوای نیوە دێر)، ئەوا بەهەمان شێوەی (ردالصدر عن العجز) دەبێ، كە یەكێكیان دەبێتە وەلاّم بۆ ئەویتریانو زیاتر چەمكەكە ڕوون دەكاتەوە. وەك:**

*"زەریایەك __ئادەمی__، __ئادەمی__ سەد ڕەنگ*
*من وەك __منداڵێك__، __منداڵێكی__ شەرمن و دەستەمۆ،* **چوومە** *بن باڵ و گوتم.*........لا ٣٢."

**لێرەدا وشە دووبارەبووەكە لە جاری دووەم تەنیا دوای وەستان، گەڕانەوەیە بۆ وەسفكردنی ئەو منداڵە، واتە ئەركی ئەم ئەوەیە، وەسفەكە درێژترو دیمەنەكە ڕەنگرێژتر بكات، ئەمە تەنیا جارێك دووبارەبۆتەوە، بەلاّم شێوەی تریش دەبینرێ، كە ئەم وەسفو ڕوونكردنەوەیە درێژە دەكێشێو زیاتر لە دوو جار وەسفەكە دووبارە دەكاتەوەو هەموو جارێش وشە دووبارە بووەكە دەخاتەوە سەرەتای وەسف (رستەو دەربڕین)ـەكە. وەك:**

*"ئەو سالأنە __سەورە__، __سەورەی__ بیابانی برسی، __سەورەی__ ئەبرەهاو كەنیزە، __سەورەی__ فیل و حوشتر و بەرازی گەورە ملیان لە گەلێكی دەست و پێ سپی نابوو."*لا١٠٨.

**لەم دەربڕینەی سەرەوە، وشەی (سەورە) چوار جار دووبارەبۆتەوە، لە جاری یەكەم (ردالصدر عن العجز) ی دروستكردووە، دواتر بۆتە مۆدێلێك و نەیویستووە بە (كار) كۆتایی بە وەسفەكە بێنێو هەموویان بە یەك (ناو)، كە (سەورە) یە ڕیز بكات، بەڵكو بۆ هەر دەستەواژەیەك، جارێك ناوی (سەورە) ی دووبارەكردۆتەوە، كە ئەمە زیاتر پێداگرتنە لەسەر وشەی (سەورە) و دەلالەتی ئەوەیە ئەم وشەیە بە ڕێژەیەكی زۆ لای چیرۆكنووس ئیشی لەسەر دەكرێ لە مێشكی دەخولێتەوەو دەیەوێ بە خوێنەریشی ڕابگەیەنێ كە ئەو سەورەیە چییە. بە سێ ناساندنن دەیناسێنێو بە**

بیابانێکی برسی و بە ئەبرەهەو کەنیزەو هەروەها فیلو حوشترو بەرازی گەورەی دەچوێنێ. بۆیە ئەگەر هەر سێ دەستەواژەی، بەیەکەوە لێك گرێدابا، نەدەچووە قالبی نائاساییەکی واتایی بەرنامە بۆداڕێژراو، یان لێوانلێو لە جوانی، بەڵکو تێکەڵییەك دروست دەبوو، کە لە شێوەی وڕێنە دەچوو.

٤- هەردوو وشە دووبارەبووەکە لەیەك کاتدا دەبنە دیارخەرو دیارخراوی یەکتر، پاشان یەکێکیان دەبێتە دیارخراو بۆ وشەیەکی دیکە. وەك:

"*سەمایەکی زۆر سەیری دیبوو، سەمایەکی سیحری، سیحری مردن، سەمای کچێکی لۆق درێژی سنگ تەخت*.لا ١٠٢.*(أ) (ب) (ب) (أ)*

چیرۆکنووس دەربڕینی (سەمایەکی سیحری) دێنێتەوە، پاشان وەسفی سیحرەکە دەکاتو دواتر وەسفی سەماکەش بە دەربڕینێکی دیکە ئاوێتە دەکات. وێڕای ئەمەش ناوی (سەما) وەك دیارخراو (٣) جار دووبارەبۆتەوەو (سیحر)یش جارێك بۆتە دیارخەرو جارێکی دیکە بۆتە دیارخراو، بە دەربڕینێکی تر (أ)دیارخراوەو (ب) دیارخەرە. دەتوانین بەم شێوەیە بنووسین: أ+ب، ب+أ

## دووبارەبوونەوەی وشە لە چوارچێوەی بەشەکانی ئاخاوتن

### یەك: دووبارەبوونەوەی جێناو.

جێناوی سەربەخۆ:

لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا، جێناوی سەربەخۆ لە ڕۆڵی بکەردا، کاتێك لە ڕستەیەکدا بەکاردێ، کە جێناوێکی لکاو لەنێو پێکهاتەکەدا هەبێ*. بە واتایەکی تر جێناوی لکاو لەگەڵ جێناوە سەربەخۆیەکە ڕێك دەکەوێ [114:62]، لەبەر ئەوە کاتێك هەردوو هاوتاکە لە ڕستەکەدا دێن، سووربوونو جەختکردن لە واتاکەی دەردەخەن،

* لە کرمانجی سەروودا لە کاری تێپەڕ، تەنیا جێناوی سەربەخۆ بەکاردێ و جێناوی لکاوی لەگەڵ نییە، وەك (من دیت) یان (من نان خار)

چ جای ئەوەی لە چەند ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتوودا جێناوە سەربەخۆیە زیادەکە دووبارە بێتەوە. وەك:

" *من نامەکانی ژاکۆنم هێنابۆوە، من هەستە هەرە ناسك و سۆزە هەرە ڕاستەقینەکانم هێنابۆوە، دەبوو هەموان بێنە پێشوازیم، من گۆرانی شەوە تاریکەکانم هێنابۆوە، من دەمزانی قوتابیەکان ئەو گۆرانیانە ببیستن. من دەمزانی قوتابیەکان ئەو نامانە بخوێننەوە شەقێك لە...*" لا٤١.

لەم چەند ڕستەیەی سەرەوەدا، پێنج جار جێناوی (من) دووبارەبۆتەوە، کە پێویستی نەدەکرد، چونکە (م) ی جێناوی لکاو، بوونی هەیە.

دووبارەبوونەوەی (من) زیاتر بۆ تیشك خستنە سەر خودێتی کەسەکەو پێداگری کردنو پاوانکردنی ئەو حەزو هەڵسوکەوتانەیە کە بە (من)ەوە پەیوەستن. لە هەمووشیاندا کەوتۆتە سەرەتای ڕستەکانو ڕەهەندێکی جوانکاریی بەدەقەکە بەخشیوە، جگە لەم دووبارەبوونەوەیە، چیرۆکنووس نەیتوانیوە خۆی تەنیا لەو چوارچێوەیە چەقبەستوو بکاتو بەس، بەڵکو ئەم دیاردەیە بۆتە نەریتێکی نێو ڕستەکانو ناو بە ناو وشەی دیکەی دووبارەبوو هەڵدەقۆزێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر بەهۆی ئەو جێناوانە چوارچێوەی ڕستەکانی پەرژین کردبێ، ئەوا لەنێو پێکهاتەکەشیدا وشەکانی سەر بە بەشەکانی دیکەی ئاخاوتن دووبارەبوونەتەوە، وەك{ هێنابۆوە(٣جار)، هەرە(٢جار)، دەمزانی (٢جار)، قوتابیەکان(٢جار)..} کە دواتر لە شوێنی خۆیاندا باسیان دەکەین.

### دوو: دووبارەبوونەوەی وشە

**وشەی پرس**

سیمایەکی دیکەی چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن)، لەسنوور بەدەر، وشەی (پرس) دووبارەبوونەتەوە. کاتێك دووبارە دەبنەوە، کە ڕیتمی ڕستەکان، ڕیتمێکی خێرای هەڵگری واتایەکی توندو گرژو هێرشبەرە، چونکە تەنیا یەك وشەی پرس دەلالەتێکی پرسیاری گەڕان بەدوای شتێك لەخۆی دەپێچێ. ئەگەر هەموو ئەم

گەڕانانە لە دوای یەك بێن، جوڵەی ڕستەو کردارەکان خێرا دەبیٚ‌و خوێنەر چاوەڕێی دۆزینەوەیان دەکات.

دووبارەبوونەوەی وشە بە داڕشتنی (پرسیارو مەرج) ڕێگا بۆ کردنەوەی بواری دەلالیو بارگاوی کردن بە هێزە ئیحاییەکەی خۆش دەکەنو بیری خوێنەر بۆ تەواوکردنی دەقەکە ڕادەکێشن، پاڵی پێوە دەنێن بەدوای ڕەگەزە نادیارە ئەرێیو نەرێنییەکان بگەڕیٚ، ئەمەش جەدەلو ڕاڕایی دەورووژێنیٚ‌و پاڵەپەستۆو هەڵچوونی دەروونیی بەدواییەکداهاتوو لەگەڵ خۆی دەهێنیٚ.[191] وەك:

*"کام کفن؟ کام سووتو؟ تەنها وێنەی سوتاو ڕەشهەڵگەڕاوی بوراقی سندوقەکە ماوە."*ل١٩٠.

*"کێهەو نووری خوای دەچاوان دایە، کێهەو دڵی بە ئیمانی پۆڵایە، کێهەو هەناسەی گڕە سەوزەی تێدایە."*ل٩٧.

ئەم دوو وشە پرسە بە دوو شێوە (کام، کێهە) هەریەکەیان لە چیرۆکێك بەکارهاتوون. (کێهە) بەو پێیەی وشەی پرسی سەر بە شێوەزارە، لە چیرۆکی (هەنسکی ڕەش) دایە، کە ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٣) نوسراوە، ئەم دەقە کەمتر ملکەچی وشەی شێوەزاری پشدەر بووە، لەچاو چیرۆکەکانی کۆتایی هەشتاکان، کە وشەی پرسی (کام) لە چیرۆکی (گیانی تاشەکان) دایە و لەساڵی (١٩٨٨) نووسراوە. کەچی چیرۆکنووس وەك یاری پێکردنێك بەم جۆرە وشانە، لەنێو سیاقی ڕستەکاندا دووبارەیان دەکاتەوە. بە پێی هاوکێشەکەی (بوزیمان*) وشەکانی نێو دەقێکی شێوەزاری (ناوچەیی)، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو زیاد دەکەنو بەم شێوەیەش پلەی شیعرییەت لەچاو دەقێکی خاوەن زمانی نووسین بەرز دەبێتەوە. [65:74]

لە شێوەزاری یەکەمدا (کام) وەك وشەیەکی پرس، دوو جار دووبارەبۆتەوەو لەگەڵ زمانی نووسین وەك ڕستەیەکی ئاسایی هاتووە، بەڵام لە شێوەی دووەمدا (کێهە) وێڕای وشەیەکی ناوچەیی، لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی ڕەوانبێژی، پتەوو پەیوەست

---

* لە بەشی دووەم دا زیاتر لێی دەدوێین.

بووەو وای لە دەقەکە کردووە، کە شیعرییەتی بەڕوونی تێدا بەدیار بکەوێ‌و بەم هۆیەوەش تام‌و چێژی ئیستاتیکی شێوەی دووەم لە هی یەکەم زیاتربووە. بۆیە دووبارەکردنەوەی وشەی پرس لای چیرۆکنووس لە خزمەتی شیعرییەتدایەو بە دووبارەبوونەوەیان ڕەهەندێکی جوانی‌و ڕیتمی لە خۆیدا هەڵدەگرێ.

## سێ: دووبارەبوونەوەی ئامراز:

ئامراز لەنێو پێکهاتەی ڕستەدا، ڕۆڵی تەواوکردن‌و جوانکردنی واتا دەبینێ، ئەگەر لەگەڵ ئەو وشانەی کە لادانی ڕەوانبێژییان لەخۆیان هەڵگرتووە، پێکەوەش بێن، ئەوا ڕەهەندی دەربڕین جوانتر دەکەن‌و هەتا مەودای نێوان وشە دووبارەبووەکان کەم بێ، ڕیتمی دووبارەبوونەوە پتەوتر دەبێ. بۆنموونە:

ئامرازی لێکچواندنی (وەك). بۆ نموونە:

"*پێستێك وەك کیفی مار، وەك جلوبەرگی سەد ساڵەم بۆنی کردم، تێم ئاڵا*. ل٤٦"

(ئەگەر)، بۆ نموونە:

"*ئەگەر عیشق نەبێ ، ئەگەر ئەفسووسی دڵ نەبێ*.. ل١١٩"

دووبارەبوونەوەی (ئەگەر) گونجانێکی دەلالی‌و ڕیتمی لەنێوان مەرج‌و وەڵامی مەرج دەسازێنێ‌و ڕەهەندێکی ئیحایی لەخۆیدا بەرجەستە دەکات‌و دەرگای ململانێ لەنێوان دوو دوالیزمی دژیەکدا دەکاتەوە. [191: ١٤]

(هەمان) بۆ نموونە:

"*هەر چوار ساڵ تێپەڕین، هەمان کورسی و هەمان دیوار، هەمان مامۆستاو دەم و چاو، هەمان بێدەنگی و کرژی و خەم، هەمان بێ جورئەتی و درۆ*." .ل٤٥.

## چوار: دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکار:

ئاوەڵکاری شوێن:

لە نێو زمانی ئاساییدا، ئاوەڵکاری شوێن، بە دەگمەن نەبێ، دووبارە نابێتەوە. بەو واتایەی نائاسایی نیشان دەدات، کاتێ ئاوەڵکار دووبارە دەبێتەوە، بە تایبەتی ئاوەڵکاری شوێن، کە زیاتر لە جارێك ببێتە دیارخەری شوێن. وەك:

"*شەو وردە وردە ڕادەکشێ، دەنێو دۆڵ و دەوەنان، دەنێو چڕەدارستان و خەندڕکان*..لا٢٠٧."

ئەم دووبارەبوونەوەیە جۆرە لادانێك دێنێتە کایەوەو لە شێوەشدا ڕیتمێك دەبەخشێ و لە ڕووە دەلالییەکەش، واتا قووڵتر دەکاتەوەو وردتر شوێنەکە لەخۆ دەگرێ.

## پێنج: دووبارەبوونەوەی ژمارە:

وادەبێ ژمارە دووبارە بێتەوەو ببێتە دیارخراو، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ، ژمارە، دووبارەبوونەوەی زیاتر پێوە دیارە، هەتا زۆرتریش لە نێو دەربڕین بێتەوە، دووبارەبوونەوە ئاشکراترو شێوەیەکی لادان لە نۆرمی ئاسایی بەرهەم دێ. وەك:

"*داخوا ئەو بۆی دەکرێ، حەوت ڕۆژان نا، حەوت سەعاتانیش نا، حەوت چرکان، ناوەڵا حەوت هەناسان بابی لە باوەشێ کا*." لا١٧٨

لێرەدا ژمارەیەکی هاوبەش دووبارەبۆتەوە، بەڵام هەموو جارێك لەگەڵ (کات)ێك هاتووە، کاتەکەش لە درێژەوە بۆ کورت دابەزیوە، کە درێژترین کات (ڕۆژ) و بچوکترینیان لە چرکەیەك بچوکتر (هەناسە) یەکە، ئەم جۆرە ڕیزبەندییە، ئیستاتیکایەکی قووڵی بە دەقەکە داوەو لەهەمان کاتدا وەك گەمە پێکردن بە زمانیش هاتووە، کاتێك لەگەڵ هەمان ژمارە، لە هەمان چیرۆکدا، کاتەکان بە پێچەوانەی دەربڕینی پێشوو دێنێتەوە، واتە، ئەمجارە لە کاتێکی کورتەوە، بۆ کاتێکی درێژتر دەربڕینەکان ڕیز دەکرێن. وەك:

*"مرۆی هەر حەوت کیشوەرەکە دەیاندیت، __حەوت چرکان__، __حەوت سەعاتان__، __حەوت ڕۆژان__، ناوەلا __حەوت سالأنیان__ تەماشا کردبا لێی تێر نەدەبوون." لا ١٨٠*

زۆر جار بۆ جوانکردنی ناوەرۆکی دەق، ژمارە ڕۆڵ دەبینێ، بۆ نموونە لە چیرۆکی (سەفەری مۆر)، ژمارەی (بیست و سێ) بۆ ساڵەکانی تەمەن زیاتر لە سێ جار بەکاردێنێ، وەك:

*"بەئازادی جەستەیەکی __بیست و سێ__ ساڵ هاتمە نێو شەقام و کۆڵان. هەستم کرد منداڵێکم و بە __بیست و سێ__ ساڵی لەدایك بووم..لا٧"*

یان:

*" منیش نەمدەویست ئەو تەمەنەی لەدوای __بیست و سێ__ ساڵیم دەست پێدەکات، بەو ناوو یادگارانە تەلخ کەم. لا١٠"*

پاشان هەمان ژمارە بۆ هێندە جارەی نووسینەوەی نامە بەکاردێنێ. وەك:

*" دوای ئەوەی ئەو نامەیەی پێدەگات، __بیست و سێ__ جار لە دەفتەری کیمیا، ئەو نامەیەی نووسی بووەوە..لا١١"*

ئەمە لە ڕەهەندێکەوە دووبارەبوونەوەیە و لەڕەهەندێکی تر، یاریکردنە بە زمان، کە هاوگونجانییەك لەنێوان هەردوو بەکارهێنەر بە یەك ژمارەوە ڕێك دەخاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ژمارە لەنێو چیرۆکەکاندا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی ئەو ژمارانەی، کە لە ئیحایەکی ئەفسانەیی، یان ئایینی سەرچاوەیان گرتووە، وەك ژمارە (٧)، کە پاشخانێکی ئایینی و ئەفسانەیی لە پشتە. لە چیرۆکی (گیانی تاشەکان)و (بەردی مرازان) دەبینرێ، وەك باسکردنی (حەوت هەناسە، حەوت جار، حەوت پەلکی سپی....لا١٨٦) یان (حەوت کۆتری سپی...لا١١٧) کە هەموویان وێڕای ئیحا کاریگەرییەکەی خۆیان، لەگەڵ پارچەیەکی ڕەمز، یان ڕەگەزێکی گرنگی ڕەوانبێژی بەکارهاتوون.

**شەش: دووبارەبوونەوەی کار**

بەشێوەیەکی گشتیو بەپێی هاوکێشەکەی (بوزیمان)، زیادبوونی کار لەچاو ناوو ئاوەڵناودا، پلەی شیعرییەت زیاد دەکات[*]، دووبارەبوونەوەی کار، بەشێکە لە پرۆسەی زیادبوونی کار، چ جای ئەوەی تەنیا کارێك چەند جارێك دووبارە بێتەوە، بەمەش جوڵەو بزاوتنێك بە تەکنیکی دەقەکە دەبەخشێو لە چەقبەستوویی و مەنگ ڕاوەستانی دوور دەخاتەوە. لە بەرئەوە کە جووڵاییەوە، لەگەڵیدا ئاستی کاتو ڕووداو بەرزدەبێتەوە.

لێرەدا نموونەی ئەو کارانە دێنینەوە، کە لە وشەیەك پێکهاتبن (ئاستی سەرەوە)[**].

*"گوێم لە دەنگی (با) یە، لەسەر لا بەنێو لینگ و بن باڵیدا <u>تێدەپەڕێ</u>، <u>تێدەپەڕێ</u>و بە لوغزەوە لە من دەڕوانێ.*" ل٢٢

**٣- دووبارەبوونەوەی فرێزی فراوانکراو:**

ئەگەر دووبارە بوونەوەی وشە، گرنگی خۆی لە سازاندنی ریتمو بەهێزکردنی دەلالەتی واتایی نێو پێکهاتەی دەق هەبێ، ئەوا دووبارەبوونەوەی فرێز لەسەرێکەوە ڕایەڵەو تەلی ریتم درێژ دەکاتەوەو لەلایەکی دیکەش ڕەهەندی واتایی قووڵتر دەبێتەوەو دەست ڕەنگینی نووسەر لە نیشاندانی وێنەیەکی پڕ ئیستاتیکاو جوانکاری زیاتر نیشان دەدات.

أ- دووبارەبوونەوەی فرێزی فراوانکراو لە پێشەوە. ئەم شێوانەی هەیە:

١- یەکێکیان ژمارەو ئەویتر ناو بێت:

لێرەدا هەردووکیان پێکەوە وەکو فرێزێکی ناوی دەبنە دیارخراو بۆ دیارخەرێك. وەك:

---

[*] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە سەرچاوەی ژمارە [74]

[**] لە دووبارەبوونەوەی (رستە)دا زیاتر لێی دەدوێین.

"*دوو بالّندەی جیا، دوو بالّندەی نوورانی، دوو بالّندەی پیرۆز، دوو بالّندەی عاشق*...ل١٩٩."

ژمارە (دوو) لە هەموو دەربڕینەکاندا، بۆتە دیارخراو بۆ ناوی (بالّندە)، چیرۆکنووس دەیتوانی بەم شێوەیە دەربڕێ: (دوو بالّندەی جیاو نوورانی پیرۆز و عاشق)، بەلاّم ئەم شێوەیە ریتمو ئاوازو سیحری کارتێکردنی بە پارچەکە داوە.

٢-یەکێکیان ئاوەڵناوی نادیار، ئەویتر ناو بێ. وەك:

"*هەموو دونیا شل و ماندوو دەبێ باڵەکانی ئەوان بێ هێز نابن، هەموو دونیا دەنوێت و پرخەی دێت*..ل٢٢٧."

"*نیو تەنەکە، نیو تەنەکەی تەواو*..ل١٧٣."

٣-یەکێکیان فۆرمی پرس و ئەویتر ناو بێ. وەك:

"*چ هەناسەیەکی پڕ حەسرەت بوو، چ هەناسەیەکی هەرزەکارانە بوو*..ل ٥٧."

٤- یەکێکیان ڕاناوی نیشانەی دوور بێ و ئەویتر ناو بێ. وەك:

"*ئەو ڕۆژەی لەبن دار پرتەقاڵەکە ڕاوەستابووی، ئەو ڕۆژەی کوڵوکەکان دەستەو نەزەر بۆت وەستابوون، ئەو ڕۆژە تۆ چرای هەرگەش* ...ل ٣٤."

لەم دەربڕینانەدا وردیو جەختکردنو پێداگری کردنە لەسەر خودی ڕۆژەکە، کە گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی دیکەو تیشك خستنە سەر ئەو ڕۆژانەیە، لەبەر گەشانەوە بۆ باری دەروونییەکە، چیرۆکنووس ساتی بینینەکەی لە ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە، تا کاریگەری لەسەر خوێنەر بمێنێو لەگەڵیدا ژمارەیەك (کار) نیشان بدات، لەهەر کارێکیش بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژەکە.

٥-مۆرفیمی گردان (حصر)* لەگەڵ ناو:

"*تەنیا چرایەك نە کەس لەبەر تریفەی مانگەشەو تەماشای ڕەنگی چاوم دەکا، نەکەس هۆشی لە هەناسەکانی شەوم ماوە، تەنیا چرایەك لەبن دوورترین تاقی چاوەڕوانیم کز دایسێ*..ل٣١."

---

* بۆ زیاتر ئاشنابوون بە نموونەکانی مۆرفیمی حصر بروانە: [83-82:60]

ب- دووبارەبوونەوەی فرێزی فراوانکراو لە دواوە. ئەم شێوەیەی خوارەوەی هەیە:

-یەکێکیان ناوو ئەویتریان ئاوەڵناو بێ:

وادەبێ دیارخراو ناوو دیارخەریش ئاوەڵناو بێ. وەك:

*" مەلۆتکەیەکی ساوا دڵی بە بەفری چیا سپاردووە، مەلۆتکەیەکی ساوا گیانی لەنێو دڵی چیا داناوە، مەلۆتکەیەکی ساوا خۆی لەناو گڕی چیا دا شاردۆتەوە. ل١٩٨."*

ئەم دەربڕینانە لە بارێکی دەروونیدا دووبارەبوونەتەوە، کە باس لە دیمەنێکی تاساو دەکات، لەگەڵیدا تووشی جۆرە لادان و نائاساییەك دەبێتەوە، کە وشەکانی (بەفری چیا، دڵی چیا، چاوی چیا) ی لەخۆ گرتووە، لەگەڵ هەر سێ فرێزی (مەلۆتکەی ساوا)، وشەی (چیا) سێ جار دووپات بۆتەوە، لە کاتێکدا دوو جاریان بە نائاسایی هاتوون (دڵی چیا، چاوی چیا) ئەمە پیشانی دەدات، لە بارێکی دەروونی وا دایە، کە تەواو لە بارە ئاساییەکەی لایداوەو بەرەو شیعرییەتی دووبارەبوونەوە هەنگاوی ناوە.

ج- دووبارەبوونەوەی فرێزی فراوانکراوی لێك دانەبڕاو:

وادەبێ فرێزە دووبارەبووەکان بەدواییەکدا بێن، یان وەستانی وێرگوڵیان لەنێواندایە، پاشان فرێزەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش بۆ گەڕانەوەی هەمان فرێزە، یان بۆ روونکردنەوەو وەسفکردنی زیاتری فرێزەکەیە. وەك:

*" پیر موحەممەد، پیر مەحەممەدی بێ سەواد، دوور لە قەڵەم و کتێب. دوور لە حوجرەو مەکتەب، پیر موحەممەدی نور، وەك تیشك هەڵیدەکێشای..ل٩٩".*

لێرەدا (پیرموحەممەد) وەك بریناوێك و ناوێك، دوو دەستەواژەیان کەوتۆتە نێوان، کە بە (دوور لە ..) دەست پێدەکەن و پاشان هەمان بریناوو ناو دووبارەبۆتەوە.

د- دووبارەبوونەوەی هەندێك کەرەستە:

- گرێی بەند+ جێناوی نیشانەی دوور+ ناو

وەك:

*"دەگەڵ ئەو دەنگە نیریان دە ملی دادەماڵی، دەگەڵ ئەو دەنگە، دەگەڵ ئەو بانگە دەیانهێناوە سەر جۆیە... دەگەڵ ئەو دەنگە ئالیکیان وەپێش دەکرد..ل٧٦."*

- دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکاری شوێن:

وەك:

"*لەقووڵایی دنیاوە، لە قووڵایی مەرقەدەکەوە، لەقووڵایی بیابانەوە، دەنگی...*ل٧٣."

- کاری یاریدەدەر+ راناو:

"*دەبێ تۆ لەگەڵم بدوێی، دەبێ تۆ هەڵم دڕی، وەك چۆن گردێك هەڵدەدڕن تا یەکێکی تێدا بنێژن، دەبێ تۆ لەتم کەی و بەو ئاسانیەی سێوێك لەت دەکەی، دەبێ تۆ بمکەیتەوە بەو ئاسانیەی دەرگایەك دەکەیتەوە.* ل٣٣."

ه- دوبارەبوونەوەی وشەی لێکدراو:

زۆر جار وادەبێ وشە دووبارەبووەکە لێکدراو بێ، ئەم لێکدراوییەش تا لێکدراوی تر جیاوازە، چونکە، نووسەر خۆی وشەکە دەکاتە لێکدراوێکی تایبەتیو هەردوولایان جێگۆڕکێ پێدەکات و شێوە ئاساییەکە دەبەزێنێ. وەك:

"*سوورە چنار، بووکە شەهیدی وڵاتی بەفرە، سوورە چنار بۆ ژانی ئەو دنیایە دەگری، لەبەردەمی هەموو کەسدا ڕاوەستاوە. لە دەلاقەی ماڵی هەموو کەسەوە دیارە، سوورەچنار گیانی خوێنی بێ گەردی مرۆڤە، هەموو ڕۆژێ خۆر تیشکێکی ڕوونی بەسەردا دەڕێژێ. سوورەچنار سەری دەنێو خۆردایە.. سوورەچنار خەم و ژانی هەموو مرۆیە..*ل١٢٠."

لێرەدا زیاتر لە (٥)جار، فرێزی ناوی (سوورەچنار) دووپات بۆتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێ لادانێك لە شێوە ئاساییەکەی هەیە، ئەو چنارە وەك نووسەر باسی دەکات، بەخوێن سوور بووە، (چنارەکە سوور بوو، سەرتاپا لەخوێن هەڵکێشرا..ل٢٠٠) بەلاّم بە فۆڕمی (چناری سوور) نایهێنێتەوە، بەڵکو ویستوویەتی لە قولاّیی وشەیەکی ناوچەییەوە هەڵیبهێنجێو جێگۆڕکێ بە ئاوەڵناوو ناوەکە بکاتو کردوویەتییە (سوورەچنار).

## دووبارەبوونەوەی جێگۆڕکێ ( العكس ):

بریتییە لەوەی وشەکان بە پێچەوانەی یەکتر دووبارەببنەوە، ئەمەش بە شێوەیەك دەبێ، کە دوو وشە بەدواییەك دادێن، پاشان هەمان ئەو دوو وشەیە بە پێچەوانەو جێگۆڕکێ دووبارە دەبنەوە. بە واتایەکی تر((دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنە بە ڕێکخستنێکی پێچەوانە)) [23:197]. ئەمەش دوو شێوەی هەیە.

أ- بەدواییەکداهاتوو. وەك:

"*ژنە ئەستێرە.. ئەستێرە ژن.. ئێرە ڕۆژی کوردستانە، لەبیرکە ماندووبوون و خەم..*ل٨٩."

دەبینین یاریپێکردنێك بە وشەکان دەبینرێ، دەربڕینی یەکەم (ئەستێرە) وەك دیارخەرێك، بۆ دیارخراوی (ژن) هاتووە، پاشان دەبڕینەکە لە شێوەدا پێچەوانە بۆتەوەو شوێنیان جێگۆڕکێ پێکراوە.

ب-لێکدابڕاو. وەك:

"*ئەو خەیاڵە وای لێکردم شەوانە درەنگ پارچە نانێك هەڵدەمە ئەودیو پەنجەرە ئەستوورەکەم و درەنگانی شەو سەگێکی گەورەی سپی دەهات..* ل٥٩."

لە دووبارەبوونەوەی فرێزداو لەو چیرۆکانەی کە لە هەشتاکانو سەرەتای نۆهەتەکان نووسراون، ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان زۆرترە، ئەگەرچی چیرۆکی هەشتاکان لە ڕووی ڕووبەرو قەبارەی وشە کورتتریش بن.

## ٤- دووبارەبوونەوەی ڕستە

دووبارەبوونەوەی وشە، لە دووبارەبوونەوەی دەنگو وشەو فرێز، زیاتر قورسایی هەیە، چونکە بوونی ڕستەی دووبارە، ڕاژەنینی هەردوو جەمسەری ڕستە دەگرێتە خۆو بە شێوەیەکی گشتی ((جۆرە جوڵەیەك بە فۆڕمی دەق دەبەخشێ)) [84:79]. بە پێی ڕێبازی بونیادگەریش ئەگەر دەنگ بچووکترین یەکەی دەقو ڕستە گەورەترینی بێ، ئەوا شیعرییەت لە وشە یان لە ڕستەیەکی دووبارەدا، دەشێ هەڵگری ئاستی

ڕیتمی و ئاستی دەلالی بێ، لەم ڕوانگەوە حیسابی دەقێك لە ڕستەیەکیش دەکرێ. وەك (تۆدۆرۆڤ) دەڵێ: (دەشێ دەق ڕستەیەك بێ، هەروەك دەشێ کتێبێکی تەواو)) [122:79]، بۆیە دووبارەبوونەوەی ڕستە لە نێو دەقدا، واتە ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقێکی نێو دەق، کە لایەنێکی جوانکاری بە ڕووکارەکەی دەبەخشێ و هەڵگری دەلالەتێکیشە، گەورەتر لە دەلالەتی وشە.

لەنێو کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا، ڕستە شان بە شانی وشەو فرێز، گرنگی پێدراوەو لەزۆر شوێندا دووبارەبۆتەوە. ئەمە وایکردووە، ڕێ زیاتر لە هاتنە ناوەوەی ئاوەڵناو بۆ نێو ڕستە بگرێ. بەو پێیەی ڕستە لەنێو خۆیدا، پشتی بە (کار) بەستووە، هەبوونی (کار) یش جوڵەو بزاوتن بە ڕێڕەوی دەقەکە دەبەخشێ و لە وەسف و باری ئاوەڵناویدا دووری دەخاتەوە، کە دەق لە چوارچێوەیەك گەمارۆدەدات و دەیوەستێنێ.

لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا) لە دەربڕینێکدا، دوو جار کاری (گاڵتە بکەین) دووبارەبۆتەوە، بە شێوەیەك دەکرا یەك جار بەکاریبێنێ:

"*با ببینە دوو کەروێشکی کوڵك نەرمی گوێ شۆڕ. گاڵتە بە مرۆڤ و دوکان و بازاڕەکەی بکەین. گاڵتە بە مێزو فیزەکەی بکەین.* ل٢٣٢."

ئەم کارە، کارێکی لێکدراوەو لە هەردوو جاردا، چەند کەرەستەیەکیان کەوتۆتە نێوان و کارەکەیان لێك ترازاندووەو وێڕای سوودی ڕیتم و ئاوازەکەی، لە ڕوە دەلالییەکەشەوە، وەستانە لەسەر ئەو وشەیەو داکۆکی کردنە لێی، کە لە بارێکی دەروونی ناخۆش و کارەساتباردا بۆ ڕەهەندێکی لادانی چووە، کە زیاتر گاڵتە بە مرۆڤ دەکرێ نەك بە دوکان و بازاڕ. ئەم هەڵگرتنە دەلالییە، لەنێو خودی وشە دووبارەبووەکەدا لە ڕووی ئیستاتیکای دەربڕین و شیعرییەتی گوتاردا، هێزو قورساییەکی لە ڕادەبەدەر بە کۆپلەکە دەبەخشێ.

**شێوەکانی دووبارەبوونەوەی ڕستە :**

**١- دووبارەبوونەوەی ڕستە لە چوارچێوەی وشەیەکدا.**

زمانی کوردی، ئاستی سەرەوەو ئاستی ژێرەوەی هەیە. دەشێ ڕستەیەکی تەواو لە تاکە وشەیەك پێکهاتبێ، ئەو تاکە وشەیەش کاری رابردووی تێنەپەر بێ. ئەمەش بە تایبەتی لە کەسی سێیەمی تاك دەبێ و جێناوەکەش دەرناکەوێ. بەم شێوەیە وشەیەکی تەواو ڕستەیەکی تەواو پێکدێنێ. وەك وشەکانی (فڕی، مرد) لە بونیادی سەرەوەدا، هەروەها لە بونیادی ژێرەوەدا دەبێتە: (ئەو فڕی، ئەو مرد). ئەم شێوانەی هەیە:

أ- دووبارەبوونەوەی بەدواییەکداهاتوو.

وادەبێ دوو وشەی دووبارەبوو، کە هەریەکەیان لە بنچینەدا ڕستەیەکی تەواون، بەدواییەکدا بێن، تەنیا (وێرگول) یان (خاڵ) یان دەکەوێتە نێوان و دووپات دەبنەوە. وەك:

" *فڕی، فڕی لەو کێو و بەندەنەی، دوور لە هەست و چاوی دڕکاوی مرۆ*" لا ١٥٩.

ئەم دەربڕینەی سەرەوە، بار (حالة) یێك نیشان دەدات، کە (جێناو و ڕووداوو کات) وەك سیمایەکی ڕستە دەردەکەون، دوای ئەوەی بارەکە نیشاندرا، کە باری فڕینە. دووبارە داکۆکیو جەخت لەم فڕینە دەکاتەوەو بە وەسفێك، شوێنو وردەکاریەکەی ڕوون دەکاتەوە.

ب- دووبارەبوونەوەی ڕستە لەم سەرو لەوسەری چەند دەربڕینێکدا. ئەمەش دوو شێوەی هەیە:

یەك: وادەبێ ڕستەیەك دێنێتەوە، دواتر دەربڕینێك، ئینجا ڕستەو پاشان دەربڕین و ڕستە... بەم شێوەیە ئەڵقە بە دوای ئەڵقە، دووپات دەبێتەوە. ئەگەر هاتباو لەسەرەتادا، ڕستەکە نەهاتبا، ئەوا تەنیا شێوەی دووبارەبوونەوەی ڕستە بوو لە چوارچێوەی (کار) و لە کۆتایی دەربڕیندا، بەڵام بەم جۆرە وەك گرێدانی دوو گرێیە، لەم سەروو ئەوسەری پەتێکداو تەواوی سنووری کۆپلە دادەخاتو وشەکان لە نێویدا گەمارۆ دەدات. وەك:

*" دێتەوە بە باڵی هەورەکاندا دێتەوە، بە ورشەی خەزاندا دێتەوە، خاتوونێ بە نێوان هەناسەو جووڵانی مەلاندا دێتەوە."* ل١١٩.

دوو: دەشێ تەنیا دەربڕینی تر بکەونە نێوان وشە دووبارەبووەکە، دەربڕینەکانیش تەنیا ناو بن و وشە دووبارەبووەکە ئەرکی کار دەبینێ لە سەرەتاو کۆتایی دەربڕینەکە. (سەرەتاو کۆتایی چەند ناوەکانی گرتووە) وەك:

*"دە هەستن شێخ و گەورە هەستن، دە هەستن مەلاو حاجی هەستن، دەهەستن سۆفی و دەروێش هەستن"* ل١٢٠.

لێرەدا ناوەکانی (شێخ و گەورە، مەلاو حاجی، سۆفی و دەروێش) کەوتوونەتە نێو ڕستەی دووبارەبووی (هەستن)، کە شەش جار دووبارە بۆتەوە.

ج-دووبارەبوونەوەی ڕستە لە سەرەتای دەربڕین و ڕستەدا:

وا دەبێ ڕستە دووبارەبووەکە بکەوێتە سەرەتای دەربڕین، یان سەرەتای ڕستەیەك یان زیاتر:

*"تێپەڕە دنیای زەبەلاح تێپەڕە تەنیا تۆ چرایەکان وردو خاش دەکەی، تەنیا تۆ هیچ شتێك جێ ناهێڵی، تێپەڕە فرمێسك و زەردەخەنەکان لە پێشوازیدان."* ل٣١.

دەبینین ڕستەی یەکەم، بە هۆی کارە دووبارە بووەکە بۆتە ڕستەیەکی تەواو، ڕستەکانی تر وشە دووبارەبووەکەیان وەك ڕستەیەکی سەربەخۆ لەسەرەتای دەربڕین بۆ هاتووە، دەنا خۆیان خاوەنی (کار)ی خۆیانن.

جاری وا هەیە، وشەو ڕستە دووبارەبووەکان، بەیەکەوە پەیوەست دەبن، بەجۆرێك، کە ڕستەیەك یان دەربڕینێك دێنێتەوە، دەربڕینی دوای خۆی یەکێك لە وشە، یان ڕستەکانی پێش خۆی بۆ خۆی دەخوازێ و دەبێتە هۆکارێك بۆ دووبارەبوونەوە. وەك:

*"ڕۆدەچێ، بەقووڵایی زەویدا ڕۆدەچێ، قەندیلی نوێ، قەندیلی ئاگر بەحاڵی لووت بەدەرەوە بێ، لووتێکی سپی، سپی وەك قامکی ڕۆنەری دنیا "*ل١٣١.

بەواتایەکی دیکە، هەریەکەیان بەهۆی وەسفێکەوە، کە ئاوەڵناوێك، یان ناوێکی لەگەڵ پاڵدەنێن، چەمکە دووبارەبووەکە بۆ خۆیان دەخوازن و هی پێش خۆیان ڕوونتر دەکەنەوە.

د- له کۆتایی دەربڕیندا:

لەو سۆنگەیەی ڕستە دووبارەبووەکە لە چوارچێوەی (کار) دا دەخولێتەوە، بۆیە وەك ئەرکێکی ڕێزمانی و ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا، دەکەوێتە کۆتایی کەرەستەکانی ڕستە:

"من گریام، بەکوڵ گریام، ... " ل٣٥

**٢- دووبارەبوونەوەی ڕستە لەچوارچێوەی دوو وشەدا :**

دەشێ ڕستەکە لە دوو وشە پێکهاتبێ‌و بە هەردووکیان ڕستەیەکی تەواویان دروست کردبێ:

*"__ماڵئاوا__ عەرەبانە شەنگۆڵەکەم، __ماڵ ئاوا__ حەوت تولفی بێ پەڕ، __ماڵ ئاوا__ دنیایی نامۆ... __ماڵ ئاوا__ داری جووتە برایان، __ماڵ ئاوا__ هەمزۆکەی سەرگردی، __ماڵ ئاوا__ سەیدە غەریبە.. "*ل١٢٨.

لێرەدا (ماڵئاوا) کورتکراوەی ڕستەی (ماڵت ئاوابێ) یە، دەنگەکانی سواون‌و بۆتە ماڵ ئاوا، لە دوو وشەی (ماڵ+ ئاوا) پێکهاتووەو چەند جارێك دووبارەبۆتەوە. لە هەمووشیاندا کەوتۆتە سەرەتای دەربڕینەکان، چونکە دەلالەتی ئەو ڕستەیە هێزو قورسایی واتایی زیاتر دەبێ، کاتێك لە سەرەتاوە بێ.

**٣- دووبارەبوونەوەی سەرەتای کۆپلە :**

وادەبێ لە سەرەتای چەند کۆپلە، یان چەند پەڕەگرافێکدا، وشە یان ڕستەیەك دووبارە دەبێتەوە، وەك کلیلی سەرەتای چەند ڕستەیەك، هەموو جارێ دەیکاتەوەو چەند ڕستەیەکی ڕەگەڵ دەخات، کە تام و بۆنی جیاواز جیاواز دەبەخشن و هەمان ئاواز و ڕیتم لەسەر زمانی خوێنەر لە سەرەتای پەڕەگرافەکاندا دەچەسپێنێتەوە، ئەم شێوەیە لە هەقایەت و بەیتی فۆلکلۆری دەبینرێ، کاتێك ناو بەناو لە سەرەتای پەڕەگرافێکی نوێ، ڕستەیەك دووبارە دەبێتەوە، وەك لە بەیتی (لاس و خەزاڵ) دا چوار جار لەسەرەتای کۆپلاندا ڕستەی ((وەختی لەوێم لێ وەڕەز دەبوو..)) [237:12] دووبارە بۆتەوە.

ئەمەش دوو شێوەی هەیە:

**أ–دووبارەبوونەوەی وشە لەسەرەتای پەڕەگراف:**

لێرەدا وشەیەك دووبارە دەبێتەوە، زۆرجار بۆ ئەوەی ببێتە ڕستە، کەرەستەکانی دیکەی دەپاڵ دەنرێن، بەڵام سیمای هەرە دیاری وشەکەیە، کە لەسەرەتای پەڕەگرافەکان دووبارە دەبێتەوە. وەك، وشەی (وەیسە) وەکو ناوێك، لە چیرۆکی (هەتکی ڕووح) لە سەرەتای کۆپلە، یان پەڕەگراف دووبارەبۆتەوە. (وەیسە گەمژە:١٤٨)، (وەیسە کچۆڵەکەی دەدی:١٤٨) (وەیسەکەم وەیسەی شەنگم:١٤٩)، (وەیسەکەم سوارچاکەکەی دایکی:١٤٩)، (وەیسە نیوە ڕووحەکەی گیانی:١٤١)، (وەیسە بەراز دەگری:١٣٩)، (وەیسە بەراز لە هەر جێ بێ:١٣٧).

**ب–دووبارەبوونەوەی ڕستە لەسەرەتای پەڕەگراف:**

ئەمەش دوو شێوەی هەیە:

**یەك: دووبارەبوونەوەی ڕستە لە وشەیەکدا:**

لەچیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) زیاتر لە (١٣) جار کاری (دەڵێن) لە سەرەتای پەڕەگرافەکاندا هاتوون. بۆ نموونە: (دەڵێن مەرجان:٨٤)، (دەڵێن پێش ئەوەی:٨٣)،(دەڵێن ئەو دەمی:٨٥)، (دەڵێن نەوەك:٨٢)، (دەڵێن ئەو چاوە ڕژاوەیە:٨٥)، (دەڵێن باڵ وەستۆی وان:٨٥)، (دەڵێن کەس نازانێ:٨٦)، (دەڵێن تازەشیان لە کەرکووکێ دیوە:٨٧)، (دەشڵێن زێیە:٩١)، (دەڵێن هاوارەکە:٩٢)، (دەڵێن هەر بەدوای:٩٢)، (دەڵێن ئەگەر نەوتیان..:٩٢)، (دەڵێن بە هەموو کوردەکانی ئەورووپا:٩٢)، (دەشڵێن ئەو تاکە:٩٢)... لە کۆی هەموو چیرۆکەکان ئەم ڕێژەیە لە زۆرترین دووبارەبوونەوەی سەرەتای کۆپلە دادەنرێ، کە تاکە وشەیەك ڕستەیەکی تەواوەو بۆتە کلیلی کردنەوەی چەندین ڕستەی جیاواز، کە دوای (دەڵێن) لەخۆ دەگرێ و ئیحایەکی پڕ ریتم بە دەقەکە دەبەخشێ.

**دوو: دووبارەبوونەوەی ڕستە لە وشەیەك زیاتر:**

وەك لە چیرۆکی (ئەسپی سپی) دا، چوار جار ڕستەی (چاوت لێیە) لە سەرەتای چوار کۆپلە دووبارەبوونەتەوەو لە هەریەکێکیشیاندا کارو دەربڕینێکی جیاوازی بە پاڵەوەناوە. بۆ وێنە:

(*__چاوت لێیە__ ژانێکی سەیر لە چاوت گەڕاوە*:٢٢٤).

(*__چاوت لێیە__ و لە چاوی تۆدا شارو قەڵاو مرۆڤ و وڵاخ هەمووی گریان گرتووە*:٢٢٥).

(*__چاوت لێیە__ و بەردێکی قورس لەسەر سنگتە*:٢٢٥).

(*__چاوت لێیە__ و .. دەربەند سەرقاپێکی ڕەشی بەسەردا کراوە*: ٢٢٦)

## ٥- دووبارەبوونەوەی ڕستەیەك زیاتر

دووبارەبوونەوەی زیاتر لە ڕستەیەك لە نێو دەقدا، لە دوو لاوە گرنگی هەیە. لەلایەك بەهۆی ئەم دووبارەبوونەوەیە، ڕیتمەکە کورت و چرکەیی نییە، بەڵکو لەبەر درێژی قەبارەی وشەو جوڵەی زیاتری (کار)، ڕیتم لێکدەکشێ و درێژتر دەبێتەوە، بەمەش مۆسیقای پارچەکە خۆشترو خێراتر دەبێ. لەلایەکی دیکەوە دەلالەتی چەند وشەیەك یان چەند ڕستەیەك، لەڕووی واتاوە قووڵتر دەبێتەوەو بەهای ئیستاتیکی بەرزتر دەبێ و ڕۆشنایی زیاتر دەکەوێتە سەر دەربڕینەکەو مەبەستی تایبەتی نووسەری لە پشت بەدیاردەکەوی و لەبەر مکوڕبوونی نووسەر بۆ دەربڕینەکان، بە کرۆك و ناوکی دەقەکە دادەنرێن.

لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا، ئەم دیاردەیە ناو بە ناو لە چیرۆکەکان دەبینرێ، بەتایبەتی لەو چیرۆکانەی کە دەسەڵاتی زمانی تێدا بە زەقی دیارە، چونکە بۆ ئەوەی واتای پێکهاتەی دەقەکە نەڕووشێ و لەکەدار نەبێ، دەبێ نووسەر زۆر بە وردی و لێزانانەو بە زاڵکردنی هەژموونی زمان، دەربڕینە دووبارەبووەکان لەسەر پێ ڕاگیر بکات.

بەزۆری ئەم دووبارەبوونەوانە دەکەونە سەرەتای کۆپلەکان و لەنێو چیرۆکی کوردیدا بە دیاردەیەکی نوێ دادەنرێ، چونکە لە چیرۆکی دەیەی حەفتاو هەشتاکاندا زۆر بەدەگمەنی نەبێ نابینرێ، بەڵام لە هەقایەتی کۆن و بەیتە فۆلکلۆریەکان ناو بە

ناو دووپات دەبنەوە[*]، دەشێ ئەو چیرۆکنووسانەی کە بە دەقە فۆلکلۆرییەکانەوە کاریگەرن، سوودیان لەم تەکنیکەی ئەوان وەرگرتبێ. ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە لە هەموو ئەم جۆرە حالەتانەدا، نووسەر لە بارێکی دەروونی غەمناك دایە، یان ئاڕاستەی دەقەکە بەرەو بارێکی کارەساتبار دەچێو هەروەها لە وێنەگرتنی تەواوی ئەو وەسفانەدا چڕدەبێتەوەو بەرەو نائاسایی بوونی ڕووداوەکان دەچێ.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ)، دوای ئەوەی لەگەڵ دەربڕینو کۆپلەی تریشدا چەند جارێك بە فراوانی دەربڕینی :

(*لەو دەمەی ڕۆژو شەو مووەکیان بەنێوان دادێ، ئەستێرەیەکی نە گەورە نە بچوك، نەڕۆشن نە کزۆڵە، نە ئەوەیە بە بڵندایی ئاسمانەوە گیر بێو نە ئەوەشە بەرەوە بێ*..لا٨٤–٨٥) دووپات دەبێتەوە.

سەرنج دەدەین زیاتر لە دوو جار ئەم دووبارەبوونەوەیە دەبینین و لە نێویشیدا دووبارەبوونەوەی دەنگ دەبینرێ، کە مۆرفیمی (نە) شەش جار دووبارە دەبێتەوە، تێیدا ڕیتمکی دەنگی لە نێو ڕیتمە ڕستەییەکەدا بە نێو یەکدا دەچن. لە هەر ڕووبەرێکیش لەمانە بەرەو کەشێکی غەمبار ئاڕاستە دەبێو ڕیتمێکی هێواش و ئازار بەخش لەخۆیدا هەڵدەگرێ، وەك نموونەی بەیتە فۆلکلۆرییەکە، یان سەر دوولکەو لاواندنەوەو لایلایەو....هتد. کە زۆر دەربڕینی دووبارەبووی کارەسات ئامێزیان بەسەردادێ. لە هەموو ئەو چیرۆکانەی ئەم دیاردەیان تێدایە، کەشی چیرۆکەکە، کەشێکی غەمگینەو خوێنەر هەست بە نیگەرانییەك دەکاتو سروشتی خوێندنەوەکە بە ڕیتمێکی هێواشی ساردو سڕ بەڕێوە دەچێ.

---

[*] بۆ نموونە لە بەیتی (شۆڕ مەحموود و مەرزنگان) زیاتر لە پێنج جار دەربڕینی (لە دڵێکە من گەڕێ چەندی لە هێشە و چەندی لە ژانە)[35:504-509] دووبارەبۆتەوە.

### ٦- دووبارەبوونەوەی واتا

ئەگەر تا ئێستا دووبارەبوونەوەمان وەك دیاردەیەك، لە ڕوانگەی وێكچوونی شێوە (فۆڕم) شیكردبێتەوە، كە هەموو ئەو وشە و ڕستانەی دەگرتەوە، لە شێوەی پیت (دەنگ)ـەكانو لە كێش دا وەك یەك بووبن، ئەوا جیا لە دیوی فۆڕم، دیوی واتاش لە پێكهاتەی دەقدا بە ئاستێكی گرنگ دادەنرێ. لەم ڕوانگەوە دەبێ تیشك بخرێتە سەر لایەنی وێكچوونی واتا، یان دووبارەبوونەوەی واتا بە شێوەیەك كرۆكی دەرخستنی ئەم دیاردەیە لە ڕێگای شیكردنەوەی چەمكی هاوواتا دەبێ، كە ((هەردوو دەربڕینە هاوواتاكە لە زمانێكدا بەكاردەبرێن، كە دەشێ لە هەر ڕستەیەكدا ئاڵوگۆڕ بكرێن، بە بێ ئەوەی بەهای ڕاستەقینەی ئەو ڕستەیە بگۆڕێ.)) [223:126] بۆیە ئەگەر دووبارەبوونەوەی وشەو ڕستەكان تەنیا لە ڕوانگە ڕەوانبێژییەكە بە هووشەكاری (حەشوو) سەیر بكرێ، ئەوا لە دووبارەبوونەوەی واتا، تا بەرەو ئاستی ناوەوە نەچین، هەست بە (حەشوو) ناكەین. چونكە لە شێوەدا جوداو لە واتاشدا وەك یەكن. لێرەدا ڕادەی (حەشوو) كەمتر دەبینرێ، لەو سۆنگەیەی لە دووبارەبوونەوەی وشە و ڕستەدا شێوەو واتا وەك یەكە، ئەمەش دەوڵەمەندی وشە لای چیرۆكنووس نیشان دەدات، وێڕای یاریكردنێكی دیارو ئاشكرا بە زمان و دانانەوەی داو بۆ وەرگر و ڕەنگاو ڕەنگ كردنی دەربڕین.

دووبارەبوونەوەی واتا ئەم شێوانەی هەیە:

**أ- دووبارەبوونەوەی واتا لە وشەدا:**

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی واتا، لە نێو دوو وشەی هاوواتا، یان فۆڕم جیاواز. بەڵام وادەبێ هەموو وشەكانی دەستەواژەكە دووبارە دەبنەوە، نووسەر وشەیەكی بێگانە، كە هاوواتای وشەیەكی نێو دەستەواژەكەیە، دێنێتەوە. ئەمەش واتا لە سنوورێكی فراوانتر لە وشە دووبارە دەبێتەوە، خوێنەر توشی ڕیتمێكی خێرا دەكات، كە چاوەڕێی ناكات هەمان واتا بدات، بەڵام كەشی دەربڕین خۆشتر و جۆشڕەوێنتر دەكات. وەك:

*" ئـەو لەندەهۆڕانــە بــە بــێ گوێدانــە جــەڕەس و زەنــگـی پــشوو، خەنجــەرە پــڕ سیحرەکەیان ڕادەکێشا"لا ٤٤.*

*"وەرە ڕزگــارم کــە لەســەر دوا تــاقی عــومر، لەســەر دوا تــاقی تەمــەن، چــرایەك کــز دەسوتــێ، خامۆشی کە."لا٤٥.*

*" بەڵام ئەو سڕە، ئەو نهێنییە زلە هۆشی دەدزین" لا١٧٨.*

وشــەکانی (زەنــگ و جــەڕەس)، (عــومرو تەمــەن)، (ســڕ و نهێنــی) هاووتــان و جەمسەرێکی وشەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە* و یەك واتایان هەیە و هەموویان ناون و ((سەر بە یەك بەشی ئاخاوتنن (ناوو کار)و دەشێ شوێنەکەیان جێگۆڕکێ پێبکــرێ، بــێ ئــەوەی واتــا، یــان پێکهاتــەی ڕستەســازی ڕســتەکە گۆڕانکــاری بەسەردابێ.)) [223:126] و بەلای (جورجانی)** یەوەش هاوواتا ژمارەیەك وشەی جیاوازە کە واتاو دەلالەتیان یەك بێ [39:128]. بۆیە گرنگ نییە وشەیەك لە زمانێکی تر دەخوازرێ، یان لە خودی زمانەکەوە دروست بێ، زۆر جار شێوەزار ڕۆڵ لە سازاندنی هاوواتا دەبینێ، وەك لە چیرۆکی (هەتکی رووح) دا، دەڵێ:

" هێند نەرمە وەك پەلكی وەك گەڵایە." لا١٤٤.

کە وشەکانی (پەلك و گەڵا) هاوواتای یەکترین و هەریەکەیان سەر بە شێوەزارێکی زمانی کوردین.

**ب– دووبارەبوونەوەی واتا لەچوارچێوەی ڕستەدا:**

لێرەدا وشە هاوواتاکان چونکە (کار)ن، دەبنە ڕستەو لە پێکهاتەدا دوو ڕستەی شێوە جیا، واتاکانیان دووبارە دەبێتەوە. وەك:

---

* ئەم شێوەیە لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا بوونی هەبووە، وەکو یاریپێکردنێکی زمانی و نیشاندانی دەستەڵاتی زمان بووە. بۆ نموونە نالی دەڵێ:

**ئەی تەلەفی گفتوگۆ جامیعی کیذب و درۆ**

**واعیظییە ئیشی تۆ عاشقییە کاری من...[336:19]**

** عەبدولقاهری جورجانی(؟–١٠٧٨ز) لە زمانەوانە پێشەنگەکانی عەرەبە، لە (جورجان) ژیاوە. بەرهەمەکانی (العوامل المئة) و کتێبی (أسرار البلاغة) لە زانستی ڕوونبێژی و (دلائل الاعجاز)ی لە واتاناسی هەیە. [211:199]

" *دەمویست تاوێك ڕاوەستم  تا بە ئارامی بگریم، تاوێك بوەستم تا بە هێمنی بگریم* "

کاری (راوەستم) و (بوەستم) وەك دوو وشەو دوو ڕستەی هاوواتا، واتایان دووبارە بۆتەوە لەگەڵ دووبارەبوونەوەی وشەکانی (ئارامی، هێمنی) بوونەتە هۆی دروستبوونی دیاردەی دووبارەبوونەوەی واتا لە چوارچێوەی ڕستەدا، ئەم درێژبوونەوەی ڕووبەری دووبارەبوونەوە، هەناسەی ڕیتمەکە درێژتر دەکاتەوە و وەك یاری پێکردنێك، بۆ مانەوە لەسەر هێڵە ڕیتمەکەو کەشی دەوروبەرە زمانییەکە. یان دەشێ دوو دەربڕین لە بەشێکی فۆڕمدا وێك بچن‌و لە بەشێکی دیکەدا جیاواز بن، بەلاّم مەبەست‌و واتایەکە یەك شت بێ، ئەمەش لەنێو سیاقی دقەکەدا دەدۆزرێتەوە، چونکە ڕەنگە ئەو دوو دەربڕینە لە نێو دەقەکەدا لە ڕووی ڕووبەری وشەکانەوە لێك دوور بن‌و هەریەکەیان لە لاپەڕەیەك بێ، بەلاّم کاتێ نووسەر دووپاتی دەکاتەوە، هەر مەبەستە سەرەکییەکەی گەرەکە، ئەگەرچی دەربڕینەکە جیاوازیش بێ. وەك لە چیرۆکی (شۆقێك لە خوێندا) دەڵێ:

" *دەوڵەتێك بەو گەورەییە چ کاری بەسەر مانگایەکەوەیە ئەو بەستەزمانەی بۆ چی یە*. لا٤٧".

دوای دوو لاپەڕە، لەهەمان چیرۆك واتای ئەم دەربڕینە دووبارە دەبێتەوە، کە دەنوسێ:

" *باشە دەوڵەتێك بەو گەورەییە چی لە مانگایەك دەوێ*..لا٧٦-٧٧"

ج- شێوەیەکی دیکە، کە وشەکان لە بنچینەدا واتایان جیاواز بێ، بەلاّم لەنێو سیاقی ڕستەکەدا بە شێوەیەك هاتوون، کە یەك واتا بدەن‌و لە چوارچێوەیەکدا خزمەتی واتایەکە بکەن. وەك:

" *ئەو شیرە دوو سەرە، ئەو خەنجەرە دوو ڕێیە ئاوەکی لێ دەتکێ*. لا١٤٥"

دەربڕینی (شیری دووسەر) و (خەنجەری دوو ڕێ) لە بنچینەدا وشەی لێك جودان‌و هەریەکەیان ناون بۆ کەرەستەیەك، بەلاّم لێرەدا هەردووکیان بە واتای (ئاژاوە و گێژاو) هاتوون‌و دووبارەبوونەوەکە تەنیا بۆ زیادکردنی وەسفێکە، لە چوارچێوەی دەربڕینی جوان‌و پڕ ئیستاتیکا.

لە چیرۆکی (شکانی زێ)دا، دەڵێ:

"***سێ ڕۆژ و شەوان، سێ تاریك و ڕونان، سێ مانگ و خۆران، فەقێ دەنێو بۆن و برژان و خشەی نان گەوزی. ***ل١٧٣"

لێرەدا وێڕای دووبارەبوونەوەی ژمارە (سێ)، وشەکانی (ڕۆژ، ڕوون، خۆر) سەر بە یەك کێڵگەی واتایین، هەروەها وشەکانی (شەو، تاریك، مانگ)یش لە سیفەتێك هاوبەشن، ئەگەر چی یەکێکیان ئاوەڵناوی ناوێکیانە، بەڵام لە دەورووبەری ڕستەو دەربڕینەکە یەك مەبەست دەدەن و نووسەر بۆ جوانکردن و ئیستاتیکای دەربڕین و دروستکردنی بەرامبەریی و سەروا دایهێناون.

## ٧- دووبارەبوونەوەی سەرەتاو کۆتایی چیرۆك

ئەم شێوازە بریتییە لە هێنانەوەی کۆپلەیەك دەربڕین (چەند ڕستەیەك) لە سەرەتای دەستپێکردنی دەق، پاشان لە کۆپلەی کۆتاییدا، دووبارەی دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە وەکو گرێیەك وایە لە سەرەتاو کۆتایی چیرۆکی دەدات و دایدەخان، یان بە واتایەکی تر لە سەرەتای چیرۆکەکە، کۆپلەیەك دەربڕینی جوان، کە لە مەبەست و ناواخنی چیرۆك نزیك بێ، دەیکات بە دەروازەو بە هەمان دەربڕین کۆتایی پێدێنێ.

ئەم شێوازە لەچیرۆکی کۆن بەکار نەهاتووە، ئەگەرچی دووبارەبوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی نوێ و چیرۆك دادەنرێ و ئەم تەکنیکە بۆتە گرنگترین ڕەگەزو پێشڕەوانی ژانری چیرۆك و ڕۆمانسیزمی نوێ لە داهێنانی بەرهەمەکانیاندا ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە، وەك لە ڕۆمانی (هەرا و توندی) ی (ولیام ڤۆلکنەر) [*] و

---

[*] ولیام فۆلکنرWilliam foulkner(١٨٩٧– ١٩٦٢) نووسەرێکی ئەمریکاییە، لەساڵی ١٩٤٩ خەڵاتی (نۆبڵ)ی لە ئەدەب بەدەستهێناوە، دیارترین بەرهەمەکانی : (هەراو توندی ١٩٢٩ز) ، (سارتوریو١٩٢٩ز) بڕوانە [752:218]

ڕۆمانی (الغیرە) ی (ئالان ڕۆب گریێ)* کە ئەمەی دوایان دیاردەی دووبارەبوونەوەی بە شێوەی پەرەگرافی تەواو، هەندێك جاریش لە لاپەڕەیەك، یان زیاتریش دووبارە بۆتەوە. بۆیە دەردەکەوێت کە دووبارەبوونەوە، ئێستا خەوشێکی هونەری نییە، وەك ڕەوانبێژیی کۆن و نووسەرەکانی، وای بۆ دەچوون. [189]

بەشێوەیەکی گشتی وەك ئەوەی ئێمە ئاگادار بین، ئەم شێوازە لە چیرۆکی کوردی نەبینراوە، لای (جەبار جەمال غەریب) بە سیمایەکی نوێ دادەنرێ، کە دەشێ خولیابوونی نووسەر بۆ ئەم شێوازە، لە ڕوانگەی چیرۆکەکانەوە، بۆ پێنج ساڵی سەرەتای نەوەتەکان بگەڕێنینەوە، لەو چیرۆکانە بە شێوەیەکی ڕوون ئەم دیاردەیە دووبارەبۆتەوە و گرنگترین شێوەکانی ئەمانەن:

أ- وا دەبێ کۆپلە دووبارەبووەکە، وێڕای سەرەتاو کۆتایی، ناو بە ناو لە هەندێك پەرەگرافی نێو دەقەکە، چەند پارچەیەکی (دەربڕین) هێنراوەتەوە. وەك لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ لا٨٣) دەبینرێ.

ب- وا دەبێ کۆپلە دووبارەبووەکە، تەنیا لەسەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە دووبارە دەبێتەوە. بەڵام مەرج نییە کۆپلەی کۆتایی هەموو دەربڕینەکانی وەك کۆپلەی یەکەم بن. دەشێ هەندێك ڕستەی لێ زیاد بکرێ و هەندێکیشی لێ کەم. بەڵام بە هەمان ناوەڕۆك و واتا. لە چیرۆکەکانی (بەردی مرازان، لا١١٥ و هەنسکی ڕەش، لا٩٧ و ئەتکی ڕووح، لا١٣٥) دەبینرێ.

نموونەیەك بۆ ئەم دیاردەیە، لە سەرەتای چیرۆك بەم شێوەیە هاتووە:

***"حەوت کۆتری سپی، سپی وەك باقە هەوری بەهارێ، سپی وەك ئەو ئاونگەی دەگەڵ سروەی بەیانیان لە هەنیەی گوڵان دەبارێ، قامکی باریکیان لە شیشەی پەنجەرەی گیر دەکەن، دندووکی تەنکیان لە شووشەی دەکوتن، دەکەونە نێو هەوای، دەسووڕێنەوە، هاواردەکەن، دەگرین...*** **لا١١٧"**

---

* ئالان رۆب گریێ Alain Robbe Grillet ( ١٩٢٢-؟) ڕۆماننوسێکی فەڕەنساییە، لە ساڵی ١٩٥٣ یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی (قەڵەم پاککەرەوەکان) بلاوکردەوە. لە ولاتەکەیدا پێشوازییەکی بێ وێنەی لێکرا. لە گرنگترین بەرهەمەکانی:(حەسادەت ١٩٥٩ز)و (دوایین ساڵ لە مارینباد١٩٦١ز). بڕوانە [218:619-620] .

له كۆتاییشدا بەم شێوەیە دوبارە بۆتەوە:

"حەوت كۆتری سپی، سپی وەك باقە هەوری بەهاریێ، سپی وەك ئەو ئاونگەی دەگەڵ سروەی بەیانیان لە هەنیەی گوڵان دەباریێ، نووكە دندووكان لە سووتوە ڕەشەی ئێسك و هێزی بابیان دەدەن، چاوان بۆ لووتكەی سپی بۆ قەندیلی خەمان دەگێڕن..ل١٣٢" .

ئەو چوار چیرۆكەی كە ئەم دیاردەیان تێدا دووبارە بۆتەوە، لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩٥ نووسراون، جیا لە چیرۆكەكانی پێش خۆیان و دوای خۆیان ئەم شێوازە تایبەتییانەیان لێ بەدیدەكریێ و لە كۆی چیرۆكەكان ڕێژەی ٢٥٪ پێك دێنن.

گرنگترین سیمای كۆپلە دووبارە بووەكان ئەمانەن:

١- هەموویان كاتەكەیان ڕانەبردووە(ئێستا بۆ داهاتوو).

٢- كۆپلەی دووبارەبووی چیرۆكەكانی(بەردی مرازان، ئەفسوونی دووكەڵ، ئەتكی ڕووح) بە جێناوی كەسی سێیەم دەست پێدەكات، جگە لە (هەنسكی ڕەش) بە كەسی دووەمی كۆیە.

٣- دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە لە نێو كۆپلەكان دەبینریێ، كە جیا لە لایەنی جوانكاری، هێزو ڕیتمی بە دەقەكە بەخشیوە.

٤- ناوەڕۆكی كۆپلە دووبارەبووەكان، گوزارشت لە خەمی گشتی و دەرخستنی نیگەرانییەكانی گەل دەكەن و ڕەنگدانەوەی ژان و ژواری كورد لەم چەند ساڵە دەردەخات. بەگشتی دەربڕینەكان ڕەمزو وێنەیان لەخۆدا هەڵگرتووە، وێڕای ئەمەش ڕەگەزەكانی ڕەوانبێژی بە چڕی دەبینریێ و سەرەڕای زمانێكی شیعری خەست و ناو بە ناو بە بەرگێكی شێوەزاری ناوچەیی- موكریی- دەوڵەمەند كراون.

## دووبارەبوونەوەی داڕشتنەوە

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی وشەیەك، کە لە بنجدا هەردووکیان سەرچاوەیان یەك شتە، بەڵام لە ڕووی وشەسازییەوە جیاوازن و لە پێکهاتەی دەقەکەدا هەریەکەیان لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئەرکێکی هەیەو سەر بە بەشێکی ئاخاوتنن. بۆ نموونە:

" ***چەند پەنجەیەکی بۆیەکراو، بۆیەیەك بە ڕەنگی ئەو هێڵە خوارو خێچانەی بە توێکڵە هەنار و فەریکە هەنار لەسەر دیوارە زبرەکانمان دەنووسی.*** .ل٣٣"

لێرەدا (بۆیەکراو) ئاوەڵناوی کراوی داڕژاوەو، (بۆیەیەك) ناوە، لە بنەڕەتدا هەردووکیان لە ناوی (بۆیە)وە هاتوون، بەڵام لە ڕووی وشەسازییەوە ئەرکیان جیاوازە.

زۆر جار ئەم دیاردەیە خزمەت بە هونەری ڕەوانبێژیش دەکات و کاتێك وشە دووبارەبووەکە لە کۆتایی ڕستە هاتەوە، ئەو کاتە پێی دەگوترێت (هێنانەوە)، واتە جگە لە ئەرکە داڕشتنەوەکەی، کە سیمایەکی جوانکاریی و هەڵگری ڕیتمێکی دووبارەییە، واتاش لە ڕووە ڕەوانبێژییەکە چڕتر دەکاتەوەو جۆرێك لە داهێنانی زمانی لێدەکەوێتەوە. وەك:

" ***ئەوانەی نەفرەتی بەهاریان بە نێو نیفۆکاندا ڕەت بێ، بە نەفرەت بن.*** ل٢٠٥"

لە نێوان (نەفرەت) ی یەکەم و (بە نەفرەت) ی دووەم، ئەم دوو دیاردەیە ئاوێتەی یەکتر بوونە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەو دەستەواژە، لە کۆی چیرۆکەکان بریتییە لە ٣,٧١٨٪ و زۆرترین کۆدی دووبارەبوو لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دایەو ڕێژەکەی دەگاتە ٧,٢٥٤٪.*

---

* بۆ زانینی ڕێژەی دوبارەبوونەوە لەهەموو چیرۆکەکان بڕوانە لاپەڕە ( ١٨٥)ی ئەم کتێبە.

## شیعرییەتی ڕەگەزدۆزی

بێگومان لە باسکردنی ریتمی ناوەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی، ناشێ تیشك نەخرێتە سەر لایەێکی هەرە دیار لەم بوارەدا، ئەویش ڕەگەزدۆزییە. ئەگەر ئەم هونەرە کۆنەی ڕەوانبێژی سیمایەکی دیاری دەقی شیعری بوو بێ، ئەوا بەرجەستەبوونی لە دەقی پەخشان بەگشتیو ژانری چیرۆك بەتایبەتی، جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە ئەگەر ڕەگەزدۆزی لە ڕووە دەلالییەکەوەو بە بەرگی شیعرییەتدا لە نێو شیعردا بە (لادان) لە دەنگو پێکهاتەوە بژمێردرێ، ئەوا دەبێ لە نێو چیرۆکدا، دوو جار بە (لادان) دابنرێ، چونکە لەلایەك لە کەشە مۆسیقاییو ئاوازو دەنگە ئاساییەکە لایداوەو لەلایەکی تریش سروشتی نییە، لە چیرۆك بەکار بێ، یان خۆی بەو ژانرەوە ڕاگیر بکات.

بەلای شارەزایانی زانستی ڕەوانبێژی، ڕەگەزدۆزی لەڕووی ئاستی دەنگییەوە، نزیکترین جۆرو شێوازەو دەگاتە ئەوپەڕی هاوسەنگی دەنگیو ڕیتمێکی تایبەتی دێنێتە کایەوە [218:86]. ئەم ڕیتمەش لە بارێکی بچووکەوە بۆ بارێکی گەورەتر هەنگاو دەنێ، چونکە ئەگەر لە ئاستی دەنگییەکەوە بڕوانین، ڕەگەزدۆزیی دەنگی، هاوشێوەبوونی دەنگەکانە، لێرەوە دووبارەبوونەوەی دەنگ لەگەڵ ڕەگەزدۆزیی دەنگی، تێکەڵی یەکتر دەبن، ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەردووکیان هەمان ئەرك دەبینن، کاتێك ئەو دەنگانە هاوشێوەی یەکتر دەبنو ریتمێکی تایبەت دەسازێو ئامانجو مەبەستی نووسەریش دەردەکەوێ، کە دەیەوێ بەهۆی زەلاندنی زمان لە ڕێڕەوە ئاساییەکەی، بەهایەك بە گوتنەکە بدات. ئەم بەهایەش خۆی لە ڕێڕەوی دووبارەبوونەوەکە دەبینێتەوە، کە دواجار لەو ئەنجامەدا ڕیتمێك بە پێکهاتەی گوتنەکە دەبەخشێ.

ئەگەر لە لایەنی شێوازگەرییەوەش لە ڕەگەزدۆزی بڕوانین، دەبینین شێوازی زمانی دەربڕینی دەق، بە هۆی تێپەڕینی ڕەگەزدۆزی بەنێویدا بەهێز دەبێو لەنێوخۆیدا جۆرێك لە تەمو مژی بەرهەم دێ، کە پەیوەندی بە قووڵبوونەوەی زمان هەیەو جێ دەستو نەخشی نووسەر دەردەکەوێو تەرزە یاری پێکردنو هێنانو

بردنی زمان له سیمای دەقەکەدا هەستی پێدەکرێ. لەلایەکی دیکەوە وەك ئاشکرایە، سەروا لە ڕووی جوانکاریو بەرهەمهێنانی کەشێکی مۆسیقایی، بە کۆڵەگەیەکی بەهێزی شیعر دادەنرێ، کە دووبارەبونەوەی دەنگێکیشە، ئەوا بەلای (جان کۆهین) هاوشێوەبوونی دەنگ_ پیت، کە لە وشەیەك بۆ وشەیەکی دیکە دەبینرێ، وەکو سەروا وایەو بەڵکو گشتی تریشە. [82:90] چ جای ئەوەی دوو وشەکە، هەموو دەنگ (پیت)ـەکانی یان زۆربەیانی هاوشێوە بن، وێڕای ئەوەی ڕایەڵەی ڕیتمەکە درێژتر دەکاتەوەو لادانەکە هونەریتر و وردتر دەبێت و دەلالەتی واتاییەکەش قووڵتر دەبێتەوە. لە ئەنجامدا لە نێو هاوشێوەبوونی وێنەی دوو وشەدا، وێنەیەکی فراوانتر لە زەینی خوێنەر دەسازێ و چێژو خۆشییەکیش بە ڕووە ئاساییەکەی دەبەخشێ، چونکە ((دیاردەی ڕەگەزدۆزی بەشێکە لە مۆسیقای شیعرو بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگە هاوشێوەو لەیەك نزیکەکان)) [59:201].

ئەگەر ڕەگەزدۆزی وەك هونەرێکی کۆنی ڕەوانبێژی ناسرا بێ، ئەوا لەو پەیوەندییەی نێوان شیعرییەتو ڕەوانبێژی، ڕەگەزدۆزی دەبێتە کەرەستەیەکی سوودمەند بۆ شیعرییەت، بە واتایەکی دیکە بۆ تەواو بوونو بەها بەخشینی شیعرییەت، شیعرییەت سوود لە ڕەگەزدۆزی دەبینێ لە ڕوانگەی ئەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ لادان لە نۆڕمی ئاسایی ئاخاوتنو هەستکردن بە ئیستاتیکای دەق بەگشتیو وشەو دەنگ بەتایبەتیو ڕێگاخۆشکردن بۆ خەیاڵکردنو سازاندنی وێنە، لە ڕێی ڕەگەزدۆزیی تەواوو چێژ وەرگرتن بەهۆی دەستەڵاتی ڕیتمو ڕەوشی مۆسیقای ناوەوە، کەواتە ئەگەر لەنێوان هەردوو جەمسەری لایەنێکی دەقدا، شیعرییەت لەلایەكو ڕەوانبێژی لەلایەکی تر بێ، ئەوا ڕەگەزدۆزی وەك بزێوترین هونەر، کە پەیوەندی لەگەڵ شیعرییەت خۆش بێ، خۆی نیشان دەدات.

ڕەگەزدۆزی لە بنچینەدا، دابەشی سەر دوو ئاستی سەرەکی دەبێ، لە ئاستی یەکەمدا کاتێك هەردوو وشە لە ڕووخساردا وەك یەك بنو ((بە ئەندازەی موویەك جیاوازیان نەبێت بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ)) [7:22] ئەمە پێی دەگوترێ: ڕەگەزدۆزیی تەواو، واتە ((ژمارەو جۆر و شێوە و ڕیزی

دەنگــەكان وەك یــەكن))[451:88]و هــیچ خــەوش و ناتەواوییــەكیان نییــە. لێــرەدا پێـداگری لەسـەر دوو شـت دەكـرێ، یـەكێكیان هاوشـێوەبوونی ڕواڵەتـەو ئـەویتریش جیاوازبوونی واتایە، چونكە ئەگەر شێوەو واتایان وەك یەك بێ، ئەوا دووبارەبوونـەوە دروست دەبێ، ئەو كاتە هیچ سوودێك بە ڕەگەزدۆزی ناگەیـەنێ، كە قووڵبوونـەوە لـە دەلالەتی واتـایی، لەپاڵ ڕیتمەكە گرنگی تایبـەتی خۆی هەیـە. بۆیـە لـە ڕەگەزدۆزیـدا ((بـە جیـاوازی لـە جۆرەكـانی تـری دووبارەبوونـەوە... ڕیتمێكـی دەنگـی و دەلالی لـە هاوشـێوەبوون و جیـاوازی بەرهـەم دێ، كـە بـە زۆری پیتـەكان وێـك دەچـن و واتـاش جیـاواز دەبـێ)) [59:201]، هەرچـی ئاسـتی دووەمـی ڕەگەزدۆزییـە، ڕووخـساری وشەكان دەنگێك، یان زیاتری، چ لە ڕووی ژمارە، یان جۆر، یان شێوە، یان ڕیزبوون جیـاواز بێ، پێی دەگـوترێ: ڕەگـەزدۆزیی ناتـەواو، ئـەم جـۆرە ((ڕەهەنـدێكی دیكـەی دەنگ، بە دەقەكە دەبەخشێ بۆ ئەوەی كەشە مۆسیقاییەكە تەواو بكا)) [183:166]، چونكە لە ڕەگەزدۆزیی تەواو وشەكان هاوشێوەن، گوتنەكە لەسەر یەك شێوازو ڕیتم دووبـارە دەبێتـەوە، بـەڵام لـە ڕەگـەزدۆزیی ناتـەواودا، شـێوازو ڕیتمەكـە كۆسـپێكی تێدەكەوێ و زمان لەو دووبارەبوونەوەیەدا تووشی بارێكی جودا دەبێ، كە خۆی لـە خەوشـەكانی (ژمارەو جۆرو شێوەو ڕیزبوونی دەنگ)ـەكان دەبینێتـەوە. بەمـەش لـە ڕووی گوتنەوە، گۆڕانكاری بەسەر دەنگ و وشە دێ، بە واتایەكی تر زۆر لە دەنگـەكان وێك دەچن.

سـەنگرانەوەی ڕەگـەزدۆزی وەك هونـەرێكی ڕەوانبێـژی لـەنێو دەقـی ئەدەبیـدا، پایەیەكی دیارو بەرچاوی هەیە، بەتایبەتی لـەو دەقە شیعرییانەی كە شیعرییەتیان تێدا لـە پلەیـەكی بەرزدایـەو وایكـردووە، كـە دەربڕینەكـە بـەهێزو پێـز بكـات. ئەگـەر چاوێك بە شیعری كوردی دابخشێنین، شیعرەكانی (نالی، جزیری، مەحوی... هتد) ڕەگەزدۆزی بە شێوەیەكی گشتی و بەتایبەتیش ڕەگەزدۆزیی تەواو، ڕۆڵی گـەورەی لـە بـەهێزكردنی دەربـڕین و چـڕبوونەوەی واتـا لـەنێو زمـانێكی تایبـەتی بینیـوە، كـە سەرەنجام بە هـەموو هونـەرەكان، ئـەو لایەنانـەن شیعریەت بەهێز دەكـەن و دەقی ئـەو شـاعیرانەیان گەیاندۆتـە ئـەو ئاسـتە بـەرزە. ئەگـەر لێـرەوە سـەرنج بـدەین، لـە لایـەنی

ئیستاتیکییەوە هێـزو قورسـاییەکە دەکەوێتـە سـەر وشـە، بۆیـە ((ڕەگـەزدۆزی لای کۆمـەڵی ڕەوانبێـژیزانان لـە جوانکارییـە وشـەییەکان دەژمێـردری‌و عەبـدولقاهیری جورجانیش دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، کە ئەم جۆرە ڕۆڵ لە وێناکردن‌و شاردنەوەی دەربڕین‌و کاریگەرییەکەی لەنێو عەقڵ دەبێ)) [450:88].

لەنێو دەقی چیرۆکی کوردیشدا بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیان، لەبەر بێ هێزی دەربڕین‌و کەمتر قووڵبوونەوە بە نێو زمان‌و واتادا، زوو هەست بە بەتاڵی چیرۆکی کوردی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەکرێ، بەتایبەتیش رەگەزدۆزی، ئەگەر هەردوو چیرۆکی (لەخەوما) و (مەسەلەی ویژدان) وەك هەوڵە سەرەتاییەکانی چیرۆکی کوردی بە نموونە وەربگرین، تاك‌و تەرای نەبێ، ڕەگەزدۆزی تێدا بەکارنەهاتووە، بەتایبەتی ڕەگەزدۆزیی تەواو. ئەگەر بەکاریش هاتبێ قووڵبوونەوە لە زمان‌و دەلالەتی واتایی‌و هونەرەکانی نووسەری تێدا دیار نییە، بەڵکو هەر بە ڕێکەوت، پێویستی قسەو ئاخاوتن هێناویەتە ئاراوە، ئەمەش وایکردووە لە ڕووی ڕیتم‌و ئاوازە مۆسیقاییەکە لە کورتی بدات‌و هەروەها دەربڕینیش سادەو ساکارو ئاسایی بێ‌و بە دەگمەن لادانێکی دەنگی‌و وشەیی ببینرێ.

لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا، بە مەبەستی چڕبوونەوەی زمان‌و واتا لەنێو چوارچێوەی ڕەوانبێژیدا، لە دەربڕینە شێوە شیعریەکاندا ڕەگەزدۆزی بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش ئامانج‌و جێ پەنجەی نووسەری لەپشت دیارەو ئاستی ڕیتم‌و ئاستی واتایی دەربڕینەکانی چڕو پڕ کردۆتەوە. ئەگەر لە ڕەگەزدۆزیی تەواوەوە دەست پێبکەین، چەند شێوەیەکی لێکجودا دەبینرێن، ئەم شێوانە بە بونیادە ڕەوانبێژیەکەوە دەبنە ڕەگەزدۆزیی تەواو، بەلام لە ڕووی ڕەسەنی‌و پێکهاتەی وشەکانەوە ئەرکی جۆراوجۆر دەبینن. گرنگترین ئەو شێوانەش ئەمانەن:

١- رەگەزدۆزیی هاوڕەسەن:

لەم جۆرەدا وادەبێ ئەو دوو وشەیەی، کە ڕەگەزدۆزییان لێدەکەوێتەوە، هەردووکیان ناو بن‌و سەر بە یەك بەشی ئاخاوتن بن. وەك:

" *جا وەزیرو دارو دەستە ، هەموو شیریان لەسەر دەستە*. ل٨٩"

وشەی (دەستە) دووجار هاتووە، یەکەمیان بە واتای (پۆل و کۆمەڵ) و ئەویتر بە واتای (دەستی مرۆڤ) دێت و هەردووکیشیان بوونەتە ناو بە سەرنج دانی وشەی دووەم، (ە) ی مۆرفیمی کاتی ئێستای لێ دابڕین (ناو) دەمێنێتەوە. بەلاْم ئەوەی تێبینی دەکرێ لەنێو ئەو چیرۆکانەدا کاتێك ڕەگەزدۆزی وەك هونەرێك دەئاخنرێتە نێو دەربڕینێك، هەموو قووڵبوونەوەی نووسەر تەنیا بۆ ئەو هونەرە نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا، هەوڵی داوە چنینی زمان بە شێوەیەك بەهێز بکات، هەمووڕایەڵەکانی بە هونەرێك لە هونەرەکان بارگاوی بکاتو لە ژێر هەر هونەرێك هونەرێکی دیکەو چەندانی تر خۆی حەشار داوە. بەمە بەهێزی دەربڕینەکە زەقتر دەبێ.

لەم دەربڕینەی سەرەوە وێڕای بەکارهێنانی ڕەگەزدۆزی وەك هونەرێك، هەوڵدراوە ئەرکێکی تریان بخرێتە سەر، ئەویش شوێنی (سەروا) گرتن، یان جەمسەری کۆتایی هەردوو دەربڕین، وایکردووە هەمان ڕیتمی سەروا بە دەربڕینەکە بداتو جگە لەمەش لە ڕووی (کێش) ەوە، ژمارەی بڕگەکان کە (٨) بڕگەن، وەك یەك بێ. بەمەش هاوسەنگییەك لە نێوان هەردوو دەربڕین هەیەو وشەکانی ڕەگەزدۆزی وەك دوو جەمسەر، هاوسەنگییەکەیان ڕاگرتووەو دەشێ بە ستوونی وەك شیعرێك بەم شێوەیە بنووسرێ:

جـا وەزیرو دارو دەسـتە

هەموو شیریان لەسەر دەستە.

٢- ڕەگەزدۆزیی تەبا. دوو شێوەی هەیە:

أ- وادەبێ ئەو دوو وشە هەردووکیان لە شێوەدا وەك یەك بن، بەلاْم واتایان جودا بێو وشەکانیش لە ڕووی پەیوەندییەوە، یەکێکیان (ناو) و ئەویتریش (ئاوەڵکار) بێ.

وەك:

"*<u>سەر</u> دەنێتە <u>سەر</u> سەرینە پەڕەکەی و دەنوێ*. ل٢٣٥"

وشەی (سەر) سێ جار هاتووە، لە یەکەمیاندا بە واتای سەری مرۆڤ دێو لە دووەمیشدا بە واتای شوێن (فوق) دێ. یەکەمیان بۆتە (ناو) و دووەمیش بۆتە (ئاوەڵکاری شوێن). لێرەدا (ناو) ێك و (ئاوەڵکارێکی شوێن) پێکەوە ڕەگەزدۆزیی

تەواویان دروست کردووە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی ڕیتمەکە خۆشترو خێراتر بڕوات، وشەی (سەر) ی سێیەمیش کە لەنێو (سەرین) دا جێی بۆتەوە، لەگەڵ ئەواندا تەرزێك دووبارەبوونەوەی وشەو دەنگ لەنێو دەربڕینە زمانییەکە دێنێتە کایەوەو سەرەڕای ئەوەی ((دووبارەبوونەوە ئەرکی شیعری لە چنینی زماندا بەهێز دەکات)) [342:84].

ب– وادەبێ وێڕای هاوشێوەبوونی دوو وشەکە یەکێکیان ببێتە (ناو)، ئەویتریش(کار) بێ. وەك:

" *سمێڵە کڕووزەکانی وەبن دەدانان دەدان*. لا۱۰۱"

ڕەگەزدۆزی لە هەردوو وشەی (دەدان) دروست بووە، لە یەکەمیاندا بە واتای (ددان) ی مرۆڤەو ناوێکی دروستکردووە و لە دووەمیاندا بە واتای (خستن) دێت و بۆتە کاری رابردووی بەردەوام. لێرەدا وێڕای ئەو جوانکاریی و هونەرکارییەی لە ڕەگەزدۆزییەکەدا هەیە، کەوتنە تەنیشت یەکتریو بەدواییەکداهاتنی هەردوو وشەکە جوانکارییەکی دیکەی بە دەربڕینەکە بەخشیوەو وێڕای خواستنی وشەی (ددان) لە شێوەزاری موکری کە پێی دەڵێن (دەدان). ئەگەر بەم شێوەیە نەبوایە، نەدەبووە ڕەگەزدۆزیی تەواوو دووبارەبوونەوەی دەنگی (د) یش لە جارێك زیاتر، ڕیتمی وشەکانی خۆشتر کردووەو خوێنەر بەرەو قووڵبوونەوەی دەلالەتی شێوەو واتا دەبات.

لەم نموونانەی سەرەوە دەرکەوت، کە فرە ڕەنگییەك لە دانانی وشەکانی ڕەگەزدۆزی لەنێو پێکهاتەی ڕستەو دەربڕینەکان هەیە. بەدواییەكو دابڕاوو سەرجەمسەری.. لە هەمووشیاندا بەهایەکی ڕیتمیی و دەلالییان هەیەو ڕواڵەتو زمانیان چڕتر کردۆتەوە. سەبارەت بە ڕەگەزدۆزیی ناتەواویش لەبەر کەمی بوار لەم باسەدا، تەنیا چەند نموونەیەك بۆ شێوە جیاوازەکانی ئەم هونەرە لەنێو چیرۆکەکان هەڵدەبژێرین، هەڵبەت دەشێ لەو بارەوە لە ڕوانگەی دەقەکانەوە شێوەکان هەڵبژێرین، نەك بە پێچەوانەوە. وەك ئاشکرایە ناتەواوی ڕەگەزدۆزی وەك پێشتر باسکرا لە (جۆر و ژمارەو شێوەو ڕیزی پیتەکان) دایە.

**جۆری دەنگ:**

**ئەوەیە جۆری (دەنگ– پیت) ەکان جیاواز بن: چەند شێوەیەکی هەیە:**

**١– دەنگی سەرەتای جیاواز بێت: ئەمەش دەکرێتە دوو جۆر:**

**أ– بەدواییییەکداهاتوو: واتە هەردوو وشەکە بەدواییەکدا بێن. وەك:**

**" *مرۆڤی ڕووت و قووت*[*]*- نەبێ هەڵناگرێ.* ٢٢٤"**

**" *هەرچەندە زۆرتر دەچوینە پێش بۆن کۆن و بۆن خنکی فایلەکان زیاتر دەبوو.* ٢٦"**

**ب–لێکدابڕاو: واتە وشەیەك یان زیاتر بکەوێتە نێوان دوو وشەکە. وەك:**

**" *بازووت وەك شاخ سەخت و ناخت وەك زەندۆڵ..* ١٩٨"**

**٢– دەنگی ناوەڕاست جیاواز بێ.**

**أ– بەدواییەکداهاتوو. وەك:**

**" *دەبوو پرمە و پرخەی دەریاکانی دنیای هەژاندبا .* ٢٢٣"**

**" *دوو بوتڵی شیری شێر پێ کڕیوە.* ٨٧"**

**ب– لێکدابڕاو. وەك:**

**"*کابرایەکی چاو ڕژاوی ڕیش سپی، ئەسپێکی ڕەشی باغەی بەدەستەوە بوو.* ٤٩"**

**٣– دەنگی کۆتایی جیاواز بێ.**

**أ– بەدواییەکداهاتوو. وەك:**

**"*کچە هار و هاج و ڕووح سووکەکانی هاوپۆلم ببینم.*٣٨"**

**ب– لێکدابڕاو. وەك:**

**" *تەماشای شاخ و دۆڵەکانی ئەودیو شاری قەلا دەکەی.*٢٢٤"**

---

**[*] ئەم شێوەیە لە شێوازی پەخشانی عەرەبیدا پێیدەگووترێ (الرجع) کە دوو وشە لە پەخشاندا لەسەر یەك واژەو خەت بن، تەنیا یەکەم پیتیان جیاواز بێ. وەك (لمزە، همزە) بڕوانە [211:93]**

**چەند شێوەیەکی دیکەی جۆری دەنگ لەنێو پێکهاتەی دەقدا.**

أ- ئەرکی سەروا ببینێ: ئەمەش وادەبێ کە وشە ڕەگەزدۆزییەکە، بەهۆی جیاوازی دەنگێکەوە دەبێتە ناتەواوو ئەم ناتەواوییەش لە شوێنی سەروادا دەسەنگرێتەوە. بەم شێوەیە:

١- وشەی سەروایەکە (ناو) بێ. وەك:

"*لوتکەی بەمۆ لوتکەی هەوران، لوتکەی باکژ و بەوران*.٩٨"

چیرۆکنووس زۆر حەز بە دووبارەبوونەوە دەکات، جا لە ئاستی دەنگدا بێ، یان وشە، بە جۆرێك کەم دەربڕین و ڕستەی وا هەیە، کە هونەرێك لە هونەرەکانی دووبارەبوونەوەی تێدا دەستنیشان بکەی، لە پاڵیدا هونەری دیکەی دووبارەبوو، جا دەنگ بێ، یان وشە...قوڵپ نەداتەوە. لێرەدا جیا لە نموونەی (هەوران و بەوران) کە بوونەتە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، سێ جاریش وشەی (لوتکە) دووبارە بۆتەوە، دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە لەپاڵ یەکتر ریتمێکی پڕ لە ئیستاتیکایان بە دەربڕینەکە بەخشیوە.

٢- وشەی سەروایەکە (کار) بێ. وەك:

"*هەزار درۆیان بە باڵای شەنگی بڕیبوو، نانیان خواردبوو ناندێنەکەشیان دڕیبوو*.
٨٨"

هەردوو وشەی (بڕین و دڕین)، کە بوونەتە وشەی سەروا لە هەمان کاتیشدا کارن.

ب- یەکێك لە وشە ڕەگەزدۆزییەکە، بۆ جوانکردنی دەربڕین و چێژی دووبارەبوونەوە دوبارە دەبێتەوە، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری وشەکەیە. وەك:

"*دەبەرت مرم سورمە.. سورمە کچی پورمە*.١٢٤"

**ژمارەی دەنگ:**

ئەوەیە دەنگێك زیاتر بێ، یان کەمتر لە نێو هەردوو وشەکەدا، بەمە جیاوازی لە شێوەدا دروست کردبێ. ئەم شێوانەی هەیە:

أ- دەنگی ناوەڕاست. وەك:

"*بۆنی ڕیشاڵی گڵ*، چەندان پەڕە *گوڵی هەزار ڕەنگی تێدا ووردبووە*.١٢٥"

ب- دەنگی کۆتایی. دوو شێوەی هەیە.

١- بەدواییەکداهاتوو. وەك:

باشە ئەوشۆ ئەوشۆقە چیە. ٧٤

٢- لێکدابڕاو. وەك:

" *هەمووی سووتا، ئێستا خۆڵەمێشی ڕەگە مێوی سووتاو*.١٨٧"

لێرەدا زیادبوونی دەنگێك لە کۆتایی وشەکە، ئەرکی بەشە ئاخاوتنی زمانی گۆڕیوەو لە (کار) بۆتە (ئاوەڵناوی کراو).

**ڕیزبوونی دەنگ:**

ئەوەیە دەنگەکان لە ڕووی ڕیزبوونەوە لەیەکتر جودا بن. وەك:

" *تەمی خەمێکی دوور و وورد بە ڕوو و دەنگ و شێوەو ڕووخساری ئاجەر وەربىو*.١٧٧"

وشەکانی (دوور) و (وورد) تەنیا لە ڕووی ڕێزبوونی دەنگەکان جیاوازن، دەنا هەمان ژمارەو هەمان جۆری دەنگن.

**شێوەی پیت:**

واتە شێوەی بەشێکی پیتەکە جیاواز بێ. وەك:

" *ئاو لە هیچ ناگات، هەناسە نابیستێ، هەست بە لەرزینی دڵ ناکات*. ٢١٧"

لە نێوان هەردوو کاری (ناکات) و (ناگات) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە، ناتەواویەکە لە شێوەی پیتی (گ) و (ك) دایە، تەنیا هێڵێکی بچوك بۆتە نیشانەیەکی جیاکاری لە نێوان دوو پیتەکە. دەنا لە ڕووی چۆنیەتی دروست بوونو دەربڕینیش لەیەك شوێنگەنو لەیەکتر نزیکن.

زۆر جاریش وادەبێ خاڵێك دەبێتە جیاکەرەوە بۆ هەردوو شێوەکە، واتە شێوەکان تەنیا خاڵ لە یەکتریان جیا دەکاتەوە. وەك:

" *ئاخر بەو زمانە کە تەنیا ئەجەل و خوێن و جوێنی پێ دەوترێ*.٧١"

"*ئەو ڕێیە، ئەو زێیە بە زەبرە لە راستەوە نەرم بوو*. ١٦٢"

هەردوو وشەی (خوێن) و (جوێن)، (زێ)و (ڕێ) ئەوەی جیایان دەکاتەوە تەنیا خاڵی دەنگەکانی سەرەتایە.

## چەند شێوەیەکی دیکەی ڕەگەزدۆزی.

١- هەندێ جار ئەو دەنگەی کە لە جۆری دەنگ جیاوازە، دەنگەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، لە ڕووی گۆکردن و بنچینەی دروستبوونیان، بە ڕادەیەك بە گران هەست دەکرێ کەوا لێك جیان، تەنیا ئەوە نەبێ، کە یەکێکیان گڕە و ئەویتریان کپە. وەك:

" *دەبێ هەر پێت بێت، نەك لە ناوەندی خۆردا گڕ بگری و نەگەیەوە چیا* . ٢٠٧.

لەنێوان (پێت و بێت) دا، دەنگی یەکەمی هەردوو وشە(پ، ب) بۆتە هۆی جیاوازییان، کەچی ئەو دوو دەنگە هەردووکیان لێوەکین و لەکاتی گۆکردندا زۆر لەیەك نزیکن و یەکەمیان کپ و دووەمیان گڕە. ئەمە وایکردووە لەپاڵ ئەرکی ڕەگەزدۆزی، ریتمێکیش بە دەربڕینەکە بدات، کە تا ڕادەیەك دەنگەکان هاوریتم و هاوئاواز بن.

٢- هەندێ جار زیاتر لە دەنگێك (دوو دەنگ) جیاواز دەبێ، هەرچەندە لەڕووە زانستییەکەوە کەمتر حسێبی بۆ دەکرێ، بەڵام ئەو دەنگە جیاوازەی کە لە دەنگێك زیاترە، لە ڕووی پەیوەندییەوە لەیەکتر نزیکن و بەڕادەیەك لە گۆکردندا نزیکی یەکتر دەبنەوە. وەك:

" *باڵان لەپەڕی گوڵان دەخشێنن، بۆنی دەپژێنن*. ١٣٩"

" *ئاو وەك تیشکە جۆگە دەکشا... بەسەر گیاو گوڵی کەناردا دەپژا*. ١٤٩"

لەنێوان (دەخشێنن) و (دەپژێنن) دەنگی جیاواز (خ) و (پ)ن. بەڵام دەنگێکی تریش جیاوازە، کە لە بنچینەی دروست بوونی و شێوەی گۆ کردندا لەیەك نزیکن، ئەویش (ش) و (ژ) ن. هەروەها لە (دەکشا) و (دەپژا) ش بەهەمان شێوە، تەنیا بە پێچەوانەی پێشوو هاتوون.

هەندێ جار دەنگە جیاوازە لەیەك نزیکەکە، دەکەوێتە کۆتایی وشەکە، وەك:

" *لەجیاتی گوڵی هەزار ڕەنگ، هەناری هەزار دەنك و هەزار تام بگرێ*. ١٨١"

له نێوان (ڕەنگ) و (دەنك) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو دروست بووە، کە لە بنچینەدا دەنگی یەکەمیان کە بریتین لە هەردوو دەنگی /ر/ و/د/،جودان. هەروەها دەنگی کۆتاییشیان جیاوازن، بەڵام لەبەر لەیەك نزیکییان لە گۆکردن، کە هەردوو دەنگی(گ، ك)ن، کەمتر هەست بە جیاوازییان دەکرێ.

٣- وادەبێ دوو دەنگی کەمتر یان زیاتر بێ.* وەك:

"*گوڵاوی ماڵە گەوران، گوڵاوی دەست بە زێڕو گەوهەران*.١٤٤"

له نێوان (گەوران) و (گەوهەران) رەگەزدۆزیی ناتەواو دروست بووە، لە وشەی دووەم هەردوو دەنگی /ه/ و / ە/ زیاترن لە وشەی یەکەم.

هەندێ جاریش دوو دەنگە زیادەکە دەکەونە کۆتایی وشەی دووەم. وەك:

" *بە کۆڵێ خۆی داداوە و بە هەموو کۆڵانی شاریدا گێڕاوە*."

## شیعرییەتی هاوسەروا ( سەجع )

هاوسەروا* کە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا (السجع) ی پێدەگوترێ، یەکێك لەو هونەرە کۆنانەی رەوانبێژییە، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە لێك نزیك کردنەوەی شیعرو پەخشان بینیوە، چونکە ((قالبی شیعر جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ قالبی پەخشان دا نییە، هەردووکیان ئەدەبن و لە وشە پێك دێن، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە وشە لە شیعردا خاوەنی ریتم و ئاوازە، بەڵام لە پەخشاندا نییەتی، شیعر سەرواداره، سەرواش بەشێکە لە ڕیتم و ئاواز، هەرچی پەخشانە خۆی نەبەستۆتەوە بە سەروا ، تەنیا لە هاوسەروا(سەجع) نەبێ))[104:134] کەوابوو ئەگەر پەخشان لە بنچینەدا لە شیعرو ریتم و ئاوازەکەی دوور بێ، ئەوا بەهۆی هاوسەرواوە پەیوەندی بە شیعر

* هەتا هەردوو وشەکان ژمارەی دەنگە هاوشێوەکانیان زیاتر بێ، ئەگەر زیاتر لە دوو دەنگیشیان جیاواز بێ،- ئەوا ریتم و ئاوازەکەی دەمێنێ و بەڕەگەزدۆزی دادەنرێ.

* بە زۆری لە ڕەخنەی کوردیدا بۆ سەجعی عەرەبی وشەی جووت سەروا داندراوە، ئێمە ئەم وشەمان پێ پەسند نەبوو، چونکە دەشێ سەرواداریيەکە لە جووتێك زیاتر بێ، یان تاك بێ وەك سێ، پێنج ... سەروای هاوشێوە.

دەبەستێتەوە، بەڵام وەکو ڕەگەز (هی پەخشانە، وەك چۆن سەروا هی هۆنراوەیە) [351:100] لەبەر پەیوەندیی ڕایەڵەکانیان بەیەکتر ((نە قالبێکی پەخشانی تەواوە و نە قالبێکی شیعریش)) [104:134] بۆیە گرنگ ئەوەیە لەگەڵ هەر کامیان بڕسکێ، دەق دەخاتە بارێکی پڕ لە ئیستاتیکا و جوانکاریو چێژو جۆشو خرۆشێکیش بە دەروونی وەرگر دەبەخشێ. ئەم هونەرە وەك ڕەگەزدۆزی لەسەر بنچینەی دووبارەبوونەوەی دەنگ بەرهەم دێ، تا لە ئەنجامدا ریتمێك دروست بێ، بەهۆیەوە جوڵەو گیان بەبەر دەق دا بکاتو بەم تەکنیكو هونەرانە، دەق لای وەرگر خۆشەویستو کاریگەر بکەنو لەگەڵ دەروونو ئارەزوەکانیدا خۆی بگونجێنێ.

ئەگەر بە مێژووی لقو جۆرەکانی شیعرو پەخشاندا بچینەوە، هاوسەروا(سەجع) بە هونەرێکی کۆن دادەنرێتو بەهۆیەوەو لە ((زامالّی (رحم) ئەو سەجعانەوە شیعرو سەروای شیعر گرواون)) [31:26]. ئەرستۆش لە هونەری شیعردا خۆی لە سەجع بواردووەو لە بەرهەمی ریتۆریکا (فن الخطابة)دا باسی کردووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە سەجع نزیکترە لە پەخشان، نەوەك لە شیعر، لە پێناسەکردنیشیدا پێی وایە، لێکچوونی بڕگەی کۆتایی لە هەر پارچەیەکدا سەجع دروست دەکات. [217:101]، ئەمە لەسەردەمی گریکەکانەوە، دواتر لە پێش ئیسلام، لای کاهینەکان بەکارهاتووەو لە قورئانی پیرۆزیشدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو هاوسەروا هەیە.* سەروا بۆتە بەشێك لەمو لەو چوارچێوەیەشدا هەردووکیان لە نێو دووبارەبوونەوەی دەنگدا دەخولێنەوە.

---

* ئەگەرچی قورئانی پیرۆز گەلێك نموونەی سەجعی تێدایە، ئەم وشەیە لە فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) یشدا هاتووە. کەسێك بە پێغەمبەری گوت (أرأيت من لا يشرب، ولا أكل ولا صام فاستهل، أليس مثل ذلك بطل، فقال رسول الله: أسجع كسجع الجاهلية) پاشان لە وتەی جێنشینەکانیش هاتووە، بەتایبەتی (نهج البلاغە) ی عەلی کوڕی ئەبی تالّیب (ر.خ) باشترین نموونەیە. بە شێوەیەکی گشتی لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبیداو بەتایبەتی لە پەخشاندا، پەرەسەندنی گەورەی بەخۆوە بینیوە. بۆ زیاتر زانیاری لەبابەت سەجعی عەرەبیو فارسی، بڕوانە [250-231:212].

(عەزیز گەردی) لە پێناسەکردنی ئەم دیاردەیە دەڵێ:((ئەوەیە لە پەخشاندا دوو پاژ یان زیاتر سەروای وشەی کۆتاییان یەك بێ ئینجا کێشیان یەك بێ، یان جیا بێ و وشەکانی تری پاژەکان هاوکێش و هاوسەروا بن یان نا... گرنگ سەروای کۆتایی پاژەکانە کە دەبێ هەبێ نەوەك سەروادار درووست نابێ)) [91:21]، کەواتە کرۆکی دروستبوونی هاوسەروا، بوونی دەنگێك یان زیاتری هاوشێوە، لەکۆتایی وشەی کۆتایی پارچەکانی دەربڕیندا، چونکە بەهۆیەوە شێوازو ڕووخسارو لایەنی ریتمەکەی بە دەقەکەوە پەیوەست دەبێ‌و ((ڕەنگی مۆسیقاو ئیستاتیکای شێواز دەپارێزێ)[177:165] بۆیەشە هەریەك لە ڕیتم‌و مۆسیقاو لایەنی ئیستاتیکایی، بەشێکن لە شێوازو تایبەتمەندیی دەق نیشان دەدەن‌و سیمای داهێنانی دەقەکەیان پێ دەناسرێتەوە.

شێوازی هاوسەروا، شێوازێکە لە دەنگەکانی کۆتایی وشە دەردەکەوێ، ئیستاتیکاو جوانی‌و زرنگانەوەیەك بە وشەو ڕیتمەکەی دەبەخشێ‌و گوێچکەی گوێگر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات. [220:173] پەیوەندیی هاوسەروا لەگەڵ رەگەزدۆزیی ناتەواو، لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی دەنگ بەو شێوەیە دەبێ، ئەگەر ڕەگەزدۆزییەکە جیاوازییەکەی لە جۆری دەنگ یان ژمارەی دەنگ بێ، بەڵام بە مەرجێك دەنگی کۆتایی جیاواز نەبێ‌و وشەکەش بکەوێتە جەمسەری دواوەی دەربڕینەکە. وەك:

" *لوتکەی بەمۆ لوتکەی هەوران، لوتکەی پاکژو بەوران.* ٩٨"

لێرەدا وشەکانی (هەوران، بەوران) ڕەگەزدۆزیی ناتەواون، بەڵام بوونەتە هاوسەرواش، چونکە گۆڕانکارییەکە لە دەنگی کۆتایی دا نییەو بەو شێوەیە کاریگەری لە بێهێز کردنی سەروادا نەبینیوەو هێزو ڕیتمی هاوسەرواییەکە لە هەردوو وشەکە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ.

لەنێو ئەدەبی کوردیدا، هاوسەروا هەر لە کۆنەوە تێکەڵ بە ئەدەبی زارەکی‌و نووسراو بووە، هەر لە پەندی پێشینان‌و مەتەڵ‌و هەقایەت‌و ئەفسانەی کۆنەوە، کە ڕووبەرێکی فراوانی داگرتووە، تا دەقە ئەدەبییە نووسراوەکانیش، نەیانتوانیوە بێ

ئەم دیاردەیە هەڵ بکەن. نموونەی دەقی پەخشانەکانی (شێخ حوسێنی قازیو مەلا مەحموودی بایەزیدی)و وتاری ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو پێشەکی نووسینی نێو کتێبەکانی وەك مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەدین سەجادی) کەوتوونەتە بەر سێبەری ئەم هونەرە.

ئەگەر ژانری چیرۆکی هونەری لەنێو ئەدەبی کوردیدا بە نموونە وەربگرین، بە ڕامان لە پێکهاتەی دەقەکان، هەر لە سەرەتاوە خۆی لەم هونەرە دوور گرتووە، بەو پێیەی ناکرێ ئەو بیرە، لە هونەری هاوسەروا بفامرێتەوە، کە پەیوەندی بە سادەیی زمان هەبێ، چونکە چیرۆکی کوردی لە سەرەتای چەکەرەکردنی، بە زمانێکی سادەو ئاسایی دەنووسرا، هاوکات لەگەڵ پەیڕەوکردنی تەکنیکەکانی چیرۆك، بەو حاڵەوەش هاوسەروا لەنێویدا نابینرێ. بە بڕوای ئێمە مەسەلەکە پەیوەندی بە شێوازێکی تایبەتی زمانو قووڵبوونەوە لە دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ ئاسانتر گەیاندنی بە خوێنەرو بارگاوی بووش بە چێژو ڕیتمەوە هەیە. بۆیە بەکارنەهێنانی لە چیرۆکدا زیاتر بۆ دوورە پەرێز گرتنی چیرۆك بووە لە پەخشانی ئەدەبی بە گشتیو شیعر بە تایبەتیو پتر زاڵکردنی تەکنیکە تایبەتییەکانی ناوەڕۆکی چیرۆك بەسەر فۆڕمدا بووە.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆك لەنێو کورددا، تا دەگاتە دەیەی حەفتاو هەشتاکان، نەك تەنیا هەر هاوسەروا وەك هونەرێکی ڕەوانبێژی لەنێو چیرۆك نابینرێ، بەڵکو دووبارەبوونەوە وەك چەمکێکی دیکە، کە هەریەك لە هاوسەرواو ڕەگەزدۆزیو هونەری تری رەوانبێژی* لێ بەرهەم دێ، لە شێوازی نووسینی چیرۆکدا گرنگی پێنەدراوە.

* وەك هێنانەوە، گێڕانەوە، جێگۆڕکێ (العکس).

**شێوەکانی هاوسەروا لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا:**

١- ئەمسەر و ئەوسەری دەربڕین سەروادار بێ‌و لە ناوەڕاستیش جۆرێکی دیکەی سەروادار هەبێ. وەك:-

"*لە نیوەی ڕێ دڵەڕاوکێ دای دەگرێ، سێ جار لەسەر یەك دەپژمێ، مەرجانی ئاڵ، خۆشەویستی دنیای خەیاڵ، دەگەڵ پژمینی دەپەڕێ لەو ڕۆژەوە دەنێو تەم و هالاوی دنیا دەگەڕێ*. ٨٣"

وشەکانی هەردوو جەمسەر(دەگرێ، دەگەڕێ) و لە ناوەڕاستیشدا وشەکانی(ئاڵ، خەیاڵ) بوونەتە هاوسەروا، دەشێ بە شێوەیەکی تر جووت جووت پۆلێنیان بکەین، وەك لە نێوان (دەگرێ، دەپژمێ) و (ئاڵ ، خەیاڵ) و (دەپەڕێ، دەگەڕێ) سەروای جووت جووت دەسازێ*، ئەگەرچی کەم‌و زۆر جووتی یەکەم لەگەڵ جووتی کۆتایی پەیوەندییان لە شێوەدا هەیە.

٢- ئەمسەرو ئەوسەری هاوسەرواکە، (٤) دەنگ، بەرهەمی هێناوە، ناوەڕاستیش (٣) دەنگ‌و لە نێوانی جەمسەری سەرەتا و جەمسەری ناوەڕاستدا، هاوسەروا بە یەك دەنگ دروستبووە. وەك:

"*گوڵەکەم گوڵی دنیایە، وەیسە شاخێکی بڵندە، لووتکەیە، قەت دانایە، ئەوە کەوتۆتە بەر پێت، هێند نەرمە، وەك پەلکی وەك گەڵایە، ئەو شاخە بڵند و ڕەندە، بۆتۆ لاسکە گیایە*. ١٤٤"

لە نێوان (دنیایە، گیایە) دەنگەکانی (یایە) هاوسەروایان دروست کردووە، وشەکانی (دانایە، گەڵایە) سێ دەنگی کۆتاییان‌و وشەکانی (بڵندە، لوتکەیە، نەرمە) یەك تاکە دەنگی (ە) هاوسەروایان سازاندووە. هەتا ناوەڕاستی هەردوو جەمسەری سەرەکی، فرە هاوسەروایی تێدا بەرجەستە بێ، ریتم‌و جوانی دەربڕین پتر بۆ جەمسەرەکان دەشکێتەوە.

---

* دەشێ لێرەدا لە جیاتی هاوسەروا بڵێین جووت سەروا، ئەگەرنا بۆ شێوەکانی تر، ناشێ ئەم وشەیە بەکاربێنین، چونکە دەشێ سیانەو پێنجیی و حەوتی ... هەبێ، نەك هەر جووتە.

٣- وادەبێ پارچەی یەکەم لەگەڵ پارچەی سێیەمو پارچەی دووەم لەگەڵ پارچەی چوارەم هاوسەروا بن. بە شێوەی ABAB. وەك:

"*گونـدی هـەموو سـەری دەدەن، دیـاری بـۆ دێـنن، قـسەی بـۆ دەکـەن، خـەمی دەرەوێنن*.١٢٢"

پارچەی یەکەمو سێیەم، هاوسەروایییەکە لە هاوشێوەبوونی دوو دەنگی کۆتاییان دایە، کە بریتین لە دەنگەکانی (ە، ن)، دەنگی کۆتایی بۆتە ڕەوی و دەنگی پێش خۆیشی بۆتە پێش ڕەوی. هەروەها پارچەکانی دووەم و چوارەمیش لە هەر سێ دەنگی (ێ، ن، ن) هاوسەروایان دروست کردووە.*

٤- وادەبێ پارچەی یەکەمو چوارەم هاوسەرواو پارچەی دووەمو سێیەمیش هاوسەروا بن.(ABBA). وەك:

"*چما دوو کێ کەوتبوون؟ هێندەی تاڵەموویەکی زەڕ هەبوو؟ چووکەی هەموان بوو، دەتگوت دوی ڕەوە بەرازی کەوتوون*. ١٥٨"

ئەمە لە جۆری یەکەم جیایە، چونکە لەوێدا دەشێ پارچەی تر بکەوێتە نێوانیان، بەڵام لێرە هەر بەم قالبەیە. ئەم جۆرە هاوسەروایە ((وەکو ئەوە دەکەوێتە بەرچاو سەروای دوو لەتەکەی سەرەتاو کۆتایی باوەشیان بە سەروای دوو لەتەکەی ناوەوە کردبێ...لە بنچینەدا لە ئیتاڵیەوە هاتوە...عەرەب کردویانە بە (موتەعانیق) )) [213:26] لە نێوان (کەوتبوون، کەوتوون) لە لایەكو لە نێوان (هەبوو، بوو) لەلایەکی تر هاوسەروایان پێك هێناوە.

٥- وادەبێ وشەی ڕەوییان وەك یەك نەبێ، بەڵام بە هۆی پاش ڕەوییەوە هاوسەروایان دروست کردووە، وەك:

"*خوایە، خوای نێو هەوران، خوای بێ کەس و هەتیوان*. ١٢٥"

---

* هەر چوار دەربڕینەکە بەو پێیەی دەنگی کۆتاییان وەك یەکە دەشێ ببنە هاوسەروا (سەجع)، بەڵام لەبەر هونەرکاریو تایبەتمەندی جیاکاری پارچەکان جیامان کردەوەو بەم شێوەیە ریتمو ئیستاتیکای پارچەکان دوو دوو لەگەڵ یەك دەگونجێن.

بنچینەی وشەی کۆتایی هەردوو جەمسەرەکە، بریتین لە (هەور، هەتیو) بەلاّم بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمی(ان) ی کۆ، سەروایەکی ناڕەسەنیان هێناوەتە ئارا، کە دواتر خۆی لە هاوسەروا بینیوەتەوە.

٦- شێوەیەکی دیکەی هاوسەروا دەشێ بە هاوسەروا لە نێو هاوسەروا ناوی بنێین، هەر لەتێك جگە لە جەمسەری کۆتاییەکەی وشەی تریشی لەگەڵ وشەی تری لەتەکەی تر ببێتە هاوسەروا ((بەو جۆرە گوتنەکە دەبێتە هاوسەروا لەنێو هاوسەروا، ئەم جۆرە باشترین و جوانترین ڕووی هاوسەروا نیشان دەدات.))[180:166] وەك:

" *هەر لاسکە گیایەك، هەر ورتکە گەلاّیەك، ولاّتێك کوللەی بەسەرەوەیە*.١٧١"

سەرنج دەدەین (لاسکە) لەگەڵ (ورتکە)، (گیایەك) لەگەڵ (گەلاّیەك) بوونەتە هاوسەروای یەکتر. بە واتایەکی تر دوو هاوسەروا لە نێو یەکتر پێکەوە هاتوون، ئەگەر سەرنج بدەینە چیرۆکەکان لە زۆر شوێندا رستەو دەربڕینی وا بەرچاو دەکەون، بەم شێوەیەی سەرەوە. نووسەر بە مەبەستی سازاندنی ریتم هەڵبیژاردوون و جۆرە ئاوازێکی بە وشەکان بەخشیوە، کە ڕەونەقدارییەکی تایبەت بەخۆیان هەبێ.

ئەگەر ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەم نموونەیەی سەرەوە کورت بکەینەوە، دەتوانین بڵێین: [180:166]

أ- دەربڕینەکە، هاوسەروا لەنێو هاوسەروا دایە.

ب- شیرینی و چێژی بە دەربڕینەکە داوە.

ج- ریتم و ئاواز لە دابەشکردنی پارچەکاندا هەیە.

د- هاوسەنگی و هاوتەریبی لە واژەکاندا هەیە.

ه- زرنگانەوەیەك لە مێشکی وەرگر دەسازێ، ئەمەش لە ڕێی بەرامبەریی و هاوسەنگیی دەنگی لەنێوان وشەکان و دووبارەبوونەوەی یەکە ریتمییەکان دەبێ.

هێنانەوەی رستەی کورت و دروست بوونی هاوسەروایی لەنێویدا، گوتنەکە خۆشتر دەکات، چونکە ((دەربڕین تا کورتتر بێ، ریتمێکی جوان لەنێو دەقەکەدا لەدایك دەبێ)) [183:166]، بەلاّم وشە تا درێژتر بێ بۆ رەگەزدۆزی و هاوسەروا، جوانتر

دەبێ، دەنگەکان زیاتر دووپات دەبنەوە، بۆیە ئەگەر وشەکە کورت بێ، بواری ریتم و دووبارەبوونەوەی دەنگ کەمتر دەبێ.

٧- زۆرجار کاری (بوو) لە رابردووی دوور دەبێتە هاوسەروا، کە ئەمە بێ هێزترین شێوەیەو ریتمەکەی لەچاو ریتمی شێوەکانی تر ئیحای کەمترەو سووکە. وەك:

" *خۆی لە لیتەی هەڵسوو بوو، مەولوودەکی خوێندبوو، ئایەتی پیرۆزی خوێندبوو، لە هەوای دابوو.* ١٦٢"

٨- شێوەیەکی تر هەیە کە هاوسەرواکە جگە لە ڕەوی، پاش ڕەوی هەیەو دەکرێ پاش ڕەویەکە لاببرێو واتا تێك نەچێ. ئەمە لە عەرەبیدا سەجعی بە ڕەدیفی پێ دەڵێن. وەك:

" بایزی حەمە دێزی لە گۆڕی درێژو داچووی بابی ڕاما بوو، هەردوو دەستی لەبەر پشتێنێ نابوو. لا ١٧٠"

## جۆرەکانی هاوسەروا

لێرەدا هەوڵدەدەین بە پێی چۆنیەتی دروستبوونیان جۆرەکانی هاوسەروا دیاری بکەینو بەهێزترین جۆریان، کە ریتم و مۆسیقا زیاددەکەن، جیا بکەینەوە.

١-هاوسەروای دروست بوو لە یەك دەنگ:

لێرەدا دەستنیشانی ئەو دەربڕینە دەکەین، کە بە هۆی یەك دەنگی هاوشێوەوە (کە دەنگی رەوی) یە، هاوسەروا دروست دەبێ. وەك:

" *بۆنێکی بەسام بەنێو خەڵکی وەردەبێ، ((با)) نووزەیی کۆترەکان هەڵدەگرێ.* .لا١١٧"

سەرنج دەدەین هەردوو دەنگی (ێ) لە کۆتایی دەربڕینەکان بوونەتە ڕەوی و هاوسەروایان سازاندووە.

" *ئەو دەستەی لە تەمەن ڕادەسا، ئەو هێزەی جحێڵی بۆر دەدا، لە سەروویانەوە تریاکی سەروەری دەکێشا، قەستی دکرد بڵێ ئەستێرەی نێو دەریا.* لا١٠٧"

٢- هاوسەروای دروست بوو لە دوو دەنگ:

***" بیرم لەوە کردەوە، لەوەتی دایکم نەدیوە، بۆنی خەنەم نەکردووە. ل٤٢"***

دوو دەنگی(و، ە) لە کۆتایی وشەکانی (کردەوە، نەدیوە، نەکردووە) هاوسەروایان دروست کردووە.

***" هەموو ساڵێ لە هەڕەتی کوڵووکان، لە پشکوتنی گوڵان، لە تەقینی کانیان، لەگەڵ پەڕینی گەندە تووکی باڵی پەپوولان. ل١٣٥"***

٣- هاوسەروای دروست بوو لە سێ دەنگ:

***" لەوەتەی خوا ڕۆی ناوە، هەتاوی لێنەداوە. ل٩٧"***

٤- هاوسەروای دروست بوو لە چوار دەنگ:

***" بە دەستان با، بە نینۆکان با، بە بژۆلی چاوان با..ل١٩٠"***

٥- هاوسەروای دروست بوو لە پێنج دەنگ:

***" ئەو ئەستێرە وەکو مرۆ دەتلێتەوە، وەکو دڵ دەکرۆزێتەوە. ل٨٤"***

٦- هاوسەروای دروست بوو لە شەش دەنگ:

***" دە ببارێ***

***ئەو بارانەی لەگەڵ ماچی تەنهاییما، ئەتوێتەوە***

***دەبارێ***

***ئەو بارانەی بەسەر کوڵمەی یارەکەما***

***وەك ئاورینگ ئەلەرێیتەوە. ل٢٣٥"****

خاڵی شەشەم بەهێزترینیانە، چونکە بۆتە سەروایەکی تەواو.

* لە پارچەکانی ڕابردوودا هاوسەروامان بە پێوەری (پارچەی دەربڕین، دەستەواژە، یان بەهۆی وەستانی خاڵ وێرگول)دانا، بەڵام لەم نموونەیەدا چونکە خودی پارچەکە شیعرە، بۆیە وەك سەروا مامەڵەمان لەگەڵ کرد.

## سەرچاوەکانی دروستبوونی هاوسەروا لە ( نامەکانی ژاکۆن ) دا.

گەلێك هۆکار لە نێو زمانەکەدا بۆ دروست بوونی هاوسەروا هەن، کە گرنگترینیان:

١- وشەی ناوچەیی (شێوەزار):

لەو سۆنگەیەی شێوەزارو زمانی ناوچەیی هەندێ لادانی لە ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لەچاو زمانی ستاندارد،یان زمانی نووسین هەیە، بۆیە زۆر جار ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەروا. وەك:

" *دەبەر نووری چاوان وەپاڕێ، با جارێك هەناسەت وەگەڕکەوێ.* ل٦٨"

لێرەدا وشەکانی (وەپاڕێ، وەگەڕکەوێ) بوونەتە وشەی هاوسەروا، لە بنچینەدا ئەگەر ئەم وشانە بە زمانی نووسین نووسرابان، ئەو کاتە ئەم هاوسەرواییە دروست نەدەبوو، دەبوو بە :" لەبەر نووری چاوان بپاڕێوە، با جارێك هەناسەت بکەوێتە گەڕ." ئەم شێوەیە وەك نموونەکەی سەرەوە، ریتمو چێژو ئیستاتیکایەکەی لەخۆیدا بەرجەستە نەکردووە.

٢- مۆرفیمی کۆ:

لە شێوەزاری موکریو هەندێ شێوەزاری تری دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست*، چەندین وشە کە پێویست نییە بکرێنە کۆ، دەکرێنە کۆ. ئەمەش بۆتە یەکێك لە سیما جیاکەرەوەکانی ئەو شێوەزارانە لەگەڵ یەکتری. وەك:

" قسە دەکەم. (زمانی نوسین)

قسان دەکەم. شێوەزاری (موکری- ناوچەکانی پشدەر+ خۆشناو)"

لە دەقی چیرۆکدا، کاتێك کۆمەڵێك وشە بەدواییەکدا دێن، بۆ ئەوەی ڕۆنانی (کۆ) یان بەسەر دا بێ، دەتواندرێ لە جیاتی هەموویان تەنیا وشەی کۆتایی ناسراو بکرێ. بۆنموونە:

" وەك لە بەهارو هاوینو پایزاندا" ، واتە:

---

* لەوانە شێوەزاری خۆشناو. هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێ زۆربەی ناوی گوندەکانی دەڤەری پشدەر نیشانەی کۆ(ان) یان پێوە لکاوە، وەك گوندەکانی: جەلکان، ڕەمکان، مەمکان، زەنگەڵان، دووگۆمان، ماخۆبزنان، تومسووران، کە هەمووشیان نزیکی یەکترن، ئەم دیاردەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیە.

" لە بەهاران‌و هاوینان‌و پایزاندا"[*].

بەڵام لە چیرۆکەکانی نێو (نامەکانی ژاکۆن)دا، نەك هەر لە ناوی کاتدا، بەڵکو ئەم سیمایە لە زۆر شوێندا باڵی بەسەردا کێشاوەو وایلێکردووە، کە هاوسەنگی‌و هاوئاوازی لە دەربڕینەکان دروست ببن‌و سوودیان بۆ هونەری هاوسەروایی هەبێ.

وەك:

*" لە ترۆپکی شاخان، دەنێو کونە ڕێوی و دۆڵان، دەنێو ماڵ و پشتیران، لە هەتاو و نسێیان..* ل١٣٧"

٣- مۆرفیمی نێر یان مێ لەگەڵ ڕانەبردوو. وەك:

"*مەلا لە نێوەندی ئایەتێ، زمانی هیشك دەبێ، پاڵە دەستیان بە داسانەوە ڕەق دەبێ.* ل١٣٧"

لێرەدا دەبوا بیگوتبایە: "مەلا لە نێوەندی ئایەتدا"

ئەو کاتە هاوسەروای لێ نەدەکەوتەوە. بەڵام بەهۆی نیشانەی مێ- و تایبەت بە شێوەزارەوە گۆڕدراوە.

٤- کاری ڕابردووی دوور (بوو): لێرەدا بێ ئەوەی ئەم کارە بێتە ڕەوی یان پاش ڕەوی، بە دووبارەبوونەوەی، ریتمی سەروایی دروست دەکات، وەك:

"*ئەو ئەستێرە لە ئاسمانەوە ڕژا بوو، ئەو ئەستێرە مەرجانی خۆشەویستی بوو، ئەو ئەستێرە کچە گچکەی لەپ زێڕین بوو.* ل٨٩"

---

[*] ئەم شێوە کۆکردنەوە نائاساییە، لە ناوی شوێن و کات‌و بەرکارو کە کاریش لە ڕێژەی ڕانەبردوو بێ دەردەکەوێ. لەم بارەیەوە (مەسعوود محەمەد) دەڵێ: ((ئاخێوەری کورد پتر حەز بە کۆکردنی مەفعول لە ڕێژەی ئایندە (مضارع) دەکات، نەك ڕابردو.... خەڵك بە ڕاشکاوی دەڵێن مامزان ڕاو دەکەم، شوتیان دەشکێنم، خانوان دەڕمێنم... تاقمێك وشەی ناوی کات هەیە، لە حالەتی (ظرفية) دا حەز لە ڕێژەی کۆ دەکەن وەك: بەهاران گەڕان خۆشە.. واتە، لە بەهاراندا گەڕان خۆشە....)) [30:5]

## جۆرەکانی سەروا بە گوێرەی ژمارەی بڕگەکان:

١-سەرواداری ڕێك:

بریتییە لە یەکسان بوونی پارچەکانی سەروا لە ڕووی ژمارەی بڕگەکان. وەك:

" *هەموو ساڵێ، لە هەرتی کوڵوکان، لە پشکوتنی گوڵان، لە تەقینی کانییان*...ل١٣٥"

٧ بڕگە ٧ بڕگە ٧ بڕگە

٢- سەرواداری ناڕێك: نایەکسان بوونی ژمارەی بڕگەی پارچەکانە. ئەم شێوانەی هەیە:

أ- پارچەی یەکەم کورتتر بێت (ژمارەی بڕگەکانی لە پارچەی دووەم کەمتر بێت). وەك:

یەك: لە (١٠) بڕگە زیاتر بن. وەك:

" *حەوت کۆتری سپی ، سپی وەك باقە هەوری بەهارێ، سپی وەك ئەو ئاونگەی دەگەڵ سروەی بەیانیان لە هەنیەی گوڵان دەبارێ*. ل١٣٢"

دوو: لە (١٠) بڕگە کەمتر بێ. وەك:

" *ئەو بەفرە بێ چرپەو هەستە، ئەو هەناسە نەرم و سپییە*. ل١٥٩"

ب- پارچەی یەکەم درێژتر بێ.((هەرچەندە پەسند نییە پارچەی یەکەم درێژترو پارچەی دووەم کورتتر بێ.)) [352:100]. وەك:

یەك: لە (١٠) بڕگە زیاتر بێ. وەك:

" *باشە دەسەڵات و حوکمێك کە دەیەوێ ببێتە سەرۆکی دونیا، دەوڵەتێك کە بە چرکەیەك سەد مووشەك ڕەحەوا دەخا*. ل٧٤"

دوو: لە (١٠) بڕگە کەمتر بێ. وەك:

" *وەختێك وەك فەردە کا، هەڵیاندەداتە سەرگیا*. ل٦٧"

ڕێژەی هاوسەروا (سەجع) لە کۆی چیرۆکەکان بریتییە لە ٣٤,٤٦٦٪. زۆرترین ڕێژە لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) دایە و ڕێژەکەی دەگاتە ٥٤,٧٠٨٪. لە چیرۆکەکانی سەرەتا (واتە کۆتایی هەشتایەکان) ڕێژەی هاوسەروا کەمترە، دواتر لە نێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) گەیشتۆتە لوتکەو لە ساڵی(٢٠٠٠) لە هەردووچیرۆکی

(پیاوانی مەڕمەڕ یان ئەفسوونی شین، نامەکانی ژاکۆن)، وەك چیرۆکی هەشتاکان کەم بۆتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ، کە چیرۆکنووس هێندەی بە قووڵایی زمان شۆڕ بۆتەوە کەمتر بایەخی بە ڕووخسارو سەروای ناوەوەی دەق داوە.

## دووەم : هاوشێوەبوونی دەنگیی دەلالی :

## شیعرییەتی هاوتەریبی * parallilisme

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، هەندێك لەو کەرەسانەمان خستە بەر باس و شیکردنەوە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە سازاندنی ڕیتم و شیعرییەتی دەقی ئەدەبی هەیە. زۆرێك لەوانە لە کۆن و نوێدا، چوونەتە نێو زانستی رەوانبێژی و بوونەتە جێی بایەخی ڕەوانبێژی ناسان. ئەگەر تایبەتیش بووبن بە شیعر، ئەوا کەم تا زۆر لە پەخشانی هونەری‌و لە نێویشیدا لە دەقی چیرۆك بەکار هاتوون، چونکە ((ڕەگەزی ریتم بە پلەیەکی بەرز لە شیعرو هەروەك بە شێوەیەك لە پەخشانیش بەکاردیٚ. زۆر لە گۆڕان‌و یەکسان بوون‌و هاوتەریبی‌و هاوسەنگی‌و دووبارەبوونەوەیان تێدا دەبینین. هەمووشیان ڕەگەز (توخم) ی ریتمن‌و ڕەوانبێژیناسان گرنگییان پێدەدەن.)) [216:86].

یەکێك لەو ڕەگەزانەی کە دەچێتە نێو چوارچێوەی دووبارەبوونەوەو بەهایەکی ریتمی هەیە، بریتییە لە هاوتەریبی. لەم نێوەندەدا خۆی لەگەڵ هاوشێوەبوون یەك دەخات. بە واتایەکی تر هاوتەریبی لەنێو هاوشێوەبوون (تماثل) خۆی دەبینێتەوە، بە جۆرێك وەك چۆن دووبارەبوونەوەو رەگەزدۆزی‌و هاوسەروا لە هەندێك ڕوودا هاوشێوە دەبن، بەم شێوەیەش هاوتەریبی لەو چوارچێوەیە دەخولێتەوە. بەلاٚم جیاوازییان لەگەڵ ئەواندا ئەوەیە، هاوشێوەبوونەکە، کت و مت وەك یەك نییە، واتە لە ژمارەو جۆری دەنگ‌و واتادا، وەك یەك نییە، بەڵکو هاو پێگەو هاوشێوەی ئەرکییە. بە یەك تەرزو ریتم‌و ڕێڕەوی دەرچوون تەریبی یەکتر دەبن.((هەڤتەریبی ژی

* جان کۆهین هاوتەریبی‌و بەرامبەری لە بەشی دانانی دەلالی داناون، بەلاٚم لەبەرکاریگەرییە ریتمییەکەیان ئێمە لێرە لە بەشی شیعرییەتی ریتمی ناوەوە لێی دەدوێین.

جەمسەرەکێ بهێز و دیارە دئاڤاکرنا ئاڤاهیێ ریتمیێ دا نەخاسمە دریتما ناڤخۆیی دا... و رەگەزێکی بنیاتی یە لسەر دووبارەکرنا هندەك پارچێن یەکسان دهێتە ئاڤاکرن.. چونکی ئەو بەرچاڤترین بنەمایێ شێوازگەریێ یە دئاستێ دەنگیێ دا))، [237:30] لەبەر ئەوە ئەگەر شێوازگەری لە ڕووخسار و زمان و بونیادی دەق بکۆڵێتەوە، ئەوا دەرکەوتنی هاوتەریبی لە پێکهاتەی دەقدا، دەبێتە سیمایەکی دیاری دەق و دەستڕەنگینی و ئامانج و مەبەستی نووسەر نیشان دەدات، چونکە ئەم دیاردەیە لەخۆوە دروست نابێ و پێویستی بە تەکنیکی هونەری هەیە، کە خۆی لە جۆرە ئیش کردنێك لەنێو زمان دەبینێتەوە. بە واتایەکی دیکە شیعرییەتی هاوتەریبی لە شێوازە هونەرییەکەی دایە، کە (زمان چڕو پڕ و ڕووخسار پتەو دەکات) [74:91] ئەم شێوازە هونەرییە، دەشێ بە فراوانی هەموو رووبەرو ئاستەکانی دەق بگرێتەوە و پێیانەوە پەیوەست بێ، چونکە ((لە هەموو ئاستەکانی دەقی شیعری جا دەنگی بێ، یان پێکهاتەیی، یان دەلالی و سەرتاپای دەق، هەیە، بەجۆرێك بونیادی شیعر لە میانی هاوشێوەبوونی یەکە (وحدة) کانی، بونیادێکی هاوتەریبیی بەردەوامە)) [187].

ئەم بۆچوونە بەرەو ئەو ڕایەمان نابات، کە بڵێین هاوتەریبی تەنیا لە شیعر هەیەو بەس، دەشێ دەروازەی شیعر زیاتر کراوە بێ و بونیادەکەی زیاتر فەراهەم بێ بۆ لەخۆگرتنی ئەم دیاردەیە، لە لایەکی دیکەوە ئەمە واتای ئەوەش نییە، کە هاوتەریبی لە پەخشانی ئەدەبی و هونەری جێگای نەبێتەوە، چونکە ئەگەر بە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا بچینەوە، ئەوا لە چیرۆك و ڕۆمانیشدا بەرچاو دەکەوێ. (جاکۆبسۆن) یش پێی وایە، هاوتەریبی تەنیا تایبەت نییە بە زمانی شیعری، جۆرێك لە پەخشانی ئەدەبی هەیە، لەگەڵ پرەنسیپەکانی هاوتەریبی ڕێك دەکەوێ. ئەوەیش جیایان دەکاتەوە (کێش)ـەکەیە، لەبەر ئەوەی بونیادی هاوتەریبی لە شیعردا بە (کێش) پەیوەستە، هەرچی پەخشانە، یەکە دەلالییەکان، کە توانای جیاوازییان هەیە، بونیادی هاوتەریبی ڕێك دەخەن، ئەمەش خۆی لە وێکچوون و هاوسێی و نزیك بوون لەیەك دەبینێتەوە. [108:148] کەواتە خاڵی جیاکاری لە نێوان هاوتەریبی پەخشان و شیعردا، (کێش)ە، بۆیە بەهەمان شێوە لە هەردوو ژانردا بەکار دێ و یاکۆبسۆنیش

**دەڵێ:(بە دڵنیاییەوە هاوتەریبی لە پەخشاندا هەیە، فۆرمالیستەکانیش ئەمەیان دەرخستووە... دەتوانین ئەم هاوتەریبییانە لە (لاساییکردنەوەی گاڵتەجارانە) ی (گۆگۆڵ)* و (حیکایەتە رەوشتیەکان)ی (تۆلستۆی)** ببینین))[108:148] .**

**دەشێ دەقە سەر زاریی و فۆلکلۆرییەکانیش لە سۆنگەی ئەوەی بە شێوازێکی هونەریی دەگوترێن و هەقایەتخوان رۆڵێکی گرنگ لە ڕستن و چنین و گێڕانەوەیەکی سەرنج راکێش دەگێڕێ. لەنێو ئەو بونیادە هونەرییەدا هاوتەریبی شوێنێکی گرنگی هەیە، لەبەرئەوە دەقە فۆلکلۆرییەکانیش لە زووەوە بوونەتە کەرەستە بۆ دۆزینەوەی بونیادی شیعرییەت. لە ساڵی (١٩٠٥) بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ شیعری فۆلکلۆری رووسیایان کردە بابەتی لێکۆڵینەوە، لە نێویشیدا دیاردەی هاوتەریبی. ئەوان پێیان وابوو ئەم دیاردە لە داهێنانە زارەکییەکان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بە گشتی زیاتر خۆی دەنوێنێ. دەشێ ئەم پەیوەندییە زیاتر بە ڕیتم و ئاوازو مۆسیقاو هاوشێوەبوون و ڕێککەوتنی نێوان ئاستی دەلالی و دەنگی و وشەو ڕستە پەیوەست بێ. لەم ڕووەوە ئەگەر لە دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردیشدا رامێنین، وەك دەقی زارەکی، بەر لە هاتنەکایەی چیرۆك و ڕۆمان، دەبینین جیا لە شیعری فۆلکلۆری، ئەو هەقایەت و ئەفسانانەی بە شێوەی پەخشان نووسراون، دیاردەی هاوتەریبییان تێدا زۆر بە زەقی و بە شێوەیەکی هونەری بەرچاو دەکەوێ.*****

---

* نیکۆلای گۆگۆڵNikolai Googol(١٨٠٩–١٨٥٢) رۆماننووس و شانۆنامەنووسێکی رووسیاییە، دیارترین بەرهەمەکانی:١- لێکۆڵەرەوەی گشتی١٩٣٦ز. ٢- نەقشی عەرەبی١٨٣٥ز.٣- میر گورود١٨٣٥ز. [1041:218]

** لیۆ تۆلستۆیLeo Tolstoy(١٨٢٨–١٩١٠) نووسەرو فەیلەسووفی رووسیای، خاوەنی شاکاری بەناوبانگی (جەنگ و ئاشتی)یە. لەساڵی ١٨٧٧ رۆمانی (ئاناکارینا) ی نووسی، لەبەرهەمەکانی تری: گەنجی (١٨٥٧ز) و مردنی ئیوان ئیلیچ (١٨٦١ز) و زیندووبونەوە ١٨٩٩ز. [218:416-417]

*** بەنموونە لە هەقایەتی (فاتمێ حەفت برایان)دا، دەربڕینی ((***ئەنگوستۆکێت بمژم یان حەفت برایانت بوکژم***)) [54:188] وێڕای هاوتەریبی لە نێوان(ئەنگوست و برا) و (بمژم و بوکژم)، چەند جارێك دووبارەبۆتەوە. هاوتەریبییەك لەئاستی دەلالی و وشەیی و دواجار گەیشتۆتە پلەی دەنگییش، کە دەنگی (ژ) لە(بمژم، بوکژم) بوونەتە پێش رەوی و سەروایان دروستکردووە. ئەمە نموونەیەکە بۆ هاوتەریبی لە هەقایەت و

سەبارەت بە شیعرییەتبوونی هاوتەریبی، پێویستە بە پەیوەندیی هاوتەریبی لەگەڵ (تیۆری هاوشێوەبوون) ی (جاکۆبسۆن) دا بچینەوە، کە هاوتەریبی شێوەیەکە لە هاوشێوەبوونی دەنگ و وشە و ئەرکی شیعری. بونیادی هاوتەریبی، هاوشێوەبوون لە نێوان پارچەکان دادەهێنێ، بەلاّم ئایا دەشێ لێکۆڵینەوە لە شیعرییەتی گوتار، تەنیا لە میانی ئەرکی شیعری بێت و بەس؟ یان بە دەربڕینێکی تر، ئایا دەشێ تریسکایی شیعرییەتی گوتار، لە میانی دۆزینەوەی بونیادی هاوتەریبی لەنێو گوتارەکە خۆی بێت؟ لە وەلاّمدا دەڵێین هاوتەریبی بوونو هاوسەنگ بوون تەنیا بەس نین بۆ دۆزینەوەی شیعرییەتی گوتار، ئەمانە بەشێکن لەو چنین (انساق)ـانەی، کە ڕێسا گشتییەکانی داهێنان پێك دەهێن[100:160] و شیعرییەت لە ئاستە دەنگیو ریتمیەکەی لە نێو چوارچێوەی هاوشێوەبووونداو لە خودی هاوتەریبی خۆی نیشان دەدات، هەروەك چۆن لە لادانی دەلالیو پێکهاتەییش دەدۆزرێتەوە.

پەیوەندیی نێوان هاوتەریبیو دووبارەبوونەوە، پەیوەندییەکە خۆی بە ریتمەوە گرێداوە، واتە تەنیا دووبارەکردنەوەیەکی هەڕەمەکیی دەنگ، یان وشە نییە، ئەوەندەی بناغەو بونیادی دەربڕینەکە دووبارە دەبێتەوە، چونکە ((دووبارەبوونەوە بە جۆرە جیاوازییەکانییەوە، خەسڵەتێکی گرنگی دەقی شیعرین، بەتایبەتی هاوتەریبی لە هەردووجۆری دەنگیو وشەیی، پتەوبوو بە بەرامبەریی دەلالی، کە زۆر جار خۆی بە دووبارەبوونەوە جێگیر دەکات.)) [116:152] بە واتایەکی تر دووبارەبوونەوە زۆر جار هاوتەریبی دروست دەکاتو ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی شێوەیەکی بەرامبەری دروست بێ، کە خۆی بەهۆی چەمکە دووبارەبووەکان سەقامگیرو بەهێز دەکات، هەروەك چۆنیەتی سیستەمی ئەو وشانەو ڕیزبوونیان ڕەنگێکی هاوتەریبی دێنێتە کایەوە، هاوکات لەگەڵیدا جوڵەو ریتمێك بە دەقەکە دەبەخشێ. ئەمەش وادەکات لە

---

ئەفسانەی کوردی بە شێوەی زارەکی– پەخشان و هاوشانی شیعر بەهایەکی ریتمیو دەلالی هەیەو ئیحایەکی سەرنج ڕاکێشی بە دەقەکە داوە.

ڕووی ریتم و دووبارەبوونەوەو سترێسەوە ڕۆڵێکی ئەندازەیی ڕێکخراو بە دەربڕینی نێو دەق بدات.

دووبارەبوونەوەی بونیادی دەربڕین، واتای دووبارەبوونەوەی شێوەی دەنگ‌و وشەکان نییە، چونکە وێڕای ئەوەی ((هاوتەریبی جۆرێکە لە دووبارەبوونەوە... هەمان چەمکی لابردن (الحذف–ellipsis)یش دەگرێتە خۆ، کە بونیادەکە دووبارە دەبێتەوە و هەندێك لە ڕەگەزەکانی دەربڕینیش لادەبرێن)) [246:136] واتە دوو وشە لە بونیادو ئەرکدا تەریبی یەکتر دەبن، لەم ڕووەوە لە یەك ئەرك‌و لە یەك پێگەدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام هەمان شێوە نین، دەنگ‌و واتایان یەك نییە، ڕەنگە بەشێك لە دەربڕینەکە لە کورتی بدات‌و لابرێ، بۆیە لە ڕووی کورتی‌و درێژی وشەکان‌و جیاوازبوون لە جۆری دەنگ‌و هەندێك جار هاوشێوەبوونی چەند دەنگێك، دەشێ بڵێین هاوتەریبی ((لە زۆر پارچەکاندا لە هاوسەروا دەچێ)) [240:180] ، چونکە دووبارەبوونەوەی هەندێك دەنگی وشەکان، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی بوونەتە ڕەوی‌و بەشێك لە پێکهاتەی سەروا وایکردووە، وەکو (هاوسەروا– سجع) هەندێك دەنگی وەك یەك بن‌و هەندێکیش جیاوازو هەندێکی تریش لەوانەیە لابردرێن.

هاوتەریبی بەنێو ناخی دەقدا شۆڕ دەبێتەوە. جیا لە ئەرکە جوانکاری‌و بەخشینە ریتمییەکەی، پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ پێکهاتەی وشەکاندا هەیە، بەجۆرێك قووڵبوونەوە لە وشە هاوتەریبەکان بەهای دەق‌و شیعرییەت بەرزدەکەنەوە، چ لە ئاستی فەرهەنگی‌و بونیادی دروست بوونیان‌و هەروەها دیوی ناوەوەی واتاو پەیوەندییان بە بەشەکانی ئاخاوتن بێ، یان پێکهاتەو هەڵکەوتەی لەنێو ڕستەو دەقدا، ڕۆڵی بەرامبەریی‌و گۆڕانی ڕێڕەوی ئاسایی بۆ نائاسایی ببینێ. هەموو ئەمانە دەق بەرەو کرانەوەی زیاتر دەبەن‌و واتای زیادە لە خۆی هەڵدەگرێ. هەڵبەت لێرەدا بە کرۆکی شیعرییەت دەگەین، کاتێك هاوتەریبی ئەو ئەرکە دەبینێ، کە پێکهاتەی ڕستەو دەق بەرەو واتایەکی فراوان‌و کەشێکی خەیاڵی‌و سیحری ببات. بەجۆرێك دەق لە لای خوێنەر، دەخاتە بارێك بۆ بیرکردنەوەو رامان لە شتە دژەکان‌و لە

رووبەری دوورو نزیکی ئەو نێوانەو پەیوەندیی بەرامبەربوونی دوالیزمەکانو لادانی واتایی بە هۆی پێکهاتەی وشەکانەوە.

دەشێ بونیادی پێکهاتەیی هاوتەریبی لەو ئاستانەدا لێی بکۆڵینەوە، کە پەیوەندی بە بونیادی دروستبوونیەوە هەیە، کە شیعرییەت لە نێویدا بە ڕوونی دەبینرێ. دیارترین ئاست لە چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن)دا، ئاستەکانی فەرهەنگیو پێکهاتەییە، کە تیشکیان دەخەینە سەر:

**یەکەم: شیعرییەتی هاوتەریبی لە ئاستی فەرهەنگی دا**

کاتێک هاوتەریبی لە ئاستە فەرهەنگییەکەی تەماشا دەکرێ، واتای ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو وشانە لە هەموو بەهایەکانی دەورووبەری خۆیانەوە دابماڵدرێنو تەنیا وەك وشەی فەرهەنگی لێیان بڕوانرێ. بەڵکو راستە لە بنچینەدا لە نێو فەرهەنگدا کرۆکی وشەکان دەبینرێو تاکە ئەرکێك دەبینن ئەویش یەك باری واتایەو هیچی تر نا. بەڵام هاوتەریبی فەرهەنگی تەنیا خودی وشەکە نییە، کاتێك لە رستەیەکی نێو دەقدا بەکاردێ، واتای دیکە لەخۆی بار دەکاتو جوڵەی ئاسایی دەق دەگۆڕێو دەیخاتە بارێکی هەڵکشانو داکشانو سستیو خێرایی...هتد. بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەین لە پەیوەندییەکانی ناوەوەی ئەو وشانەو ڕۆڵیان لە ئاستی ناوەوەی دەقدا بکۆڵینەوەو ماهییەتی شیعرییەتی هاوتەریبیمان لەنێو چیرۆکەکان بۆ ڕوون بێتەوە.

لەشیعرییەتی هاوتەریبی لە ئاستی فەرهەنگیدا تیشك دەخەینە سەر دژیەكو بەرامبەری.

**١-دژیەك:**

هێنانەوەی دوو شتە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، کە پێچەوانەی یەکتر بن، یان لە واتا دا دژی یەکتر بن، بە شێوەیەك ئەو واتایە دژی یەکتر دەبێ، کە دوو واژەکە لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازو پێوستییو ئاراستەیان پێچەوانەی یەکتر بێ. ئەم رەگەزە ئەگەر چی لە نێو زانستی رەوانبێژیدا هەر لە زووەوە گرنگی پێدراوەو لە پاڵ رەگەزەکانی دیکەی رەوانبێژی خۆی بە شیعرەوە هەڵپەساردووە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە لە

نووسینی دیکەی ئەدەبیش نەبینرێ. بۆیە کاتێك دەربڕین بەرەو چڕی و تەم و مژی دەچێ، یەکێك لەو کەرەسانە دژیەك بوونی پارچەکانی دەربڕینە، کە قووڵبوونەوەو بەرەو شیعرییەت چوون بە دەق دەبەخشێ و شێوازی دەربڕین لە شێوازی تەمومژاوی و چڕو پڕی شیعر نزیك دەکاتەوە. چونکە ((جووت بوونی دیاردە دژەکان و مەئلووف کردنیان لە چوارچێوەیەکی هونەریدا . کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ماکی شیعرییەتێکی بەرچاوە، دیارە دۆزینەوەی هاوکێشە دژەکان بەرپرسیارەتی یەکەمی خوێنەرە بۆ کەشفی ستاتیکاو رەهەندەکانی دەق، لێرەدا دەشێت خودی تێکستەکە ببێتە ھاندەرو جوولێنەر، واتە خوێندنەوە لەو دارو بارەدا دەبێتە کارێکی قورس و دەشێت پشت بە بەها ستاتیکی و رەوانبێژییەکان ببەستێ.))[89:38] لەم رووەوە دژیەك وەك کەرەستەکانی دیکەی رەوانبێژی ئەگەر بە شێوازێکی هونەری لە نێو دەقدا بەرجەستە ببێ، ئەوا دەبێتە نێوەندێك بۆ پەیوەندیی بەستنی شیعرییەت لەگەڵ هەریەك لە ئیستاتیکا و رەوانبێژی و شێوازگەری، چونکە بەهۆی ئەم کەرەستانەوە پەیوەندییەکە بە تین دەبێ و وشە دژیەکەکان لە واتایەکی فەرهەنگی رەها (مطلق) بۆ بە شیعرییەت بوونێکی پڕ لە ئیستاتیکا و شێوازێکی رەوانبێژی دەچن.

دژیەك لە نێو پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا دوو جۆری هەیە، یەکەمیان ئیجاب و دووەمیان سەلب.

**أ- دژیەکی ئیجاب:**

یەکێك لە جۆرەکانی دژیەکەو ((مەبەست لێی کۆبوونەوەی دوو وشەی دژیەکە لە واتا، وەك زیندوو، مردوو..) [248:106] و وشەکان لە بنچینەداو لەنێو فەرهەنگدا دروست بوون، کە لە واتادا دژی یەکترن و بێ ئەوەی مرۆڤ بەهۆی یاسای رێزمانییەوە، دەستکارییان بکات و دایانبهێنێت، خۆیان پەیوەندییەکی سروشتی دژیەکیان هەیە. وێڕای ئەوەی دژیەك دەلالەتی واتایی خۆی هەیە، لەنێو رەوانبێژیشدا سەر بە زانستی جوانکاری (علم البدیع)ـە و رۆڵێکی جوانکاریی واتایی بە رووخساری دەق دەدات.

دەتوانین شێوەکانی دژیەکی ئیجاب لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، بەم شێوەیە دابەش بکەین.

یەکەم: لە ڕووی پەیوەندیی نزیکیو دووری لە نێو ڕستەدا:

ئەمەش هەوڵی ئەوە دەدا وشە دژیەکەکان، تا چەند لەیەکتر دوورنو پەیوەندییان پێکەوە چەند کاریگەری بەسەر تەواوی ڕستەکانی دەوروبەری دژیەکەکان دەبێ. دوو شێوەی هەیە:

أ- دژیەکی بەدوایییەکداهاتوو:

وا دەبێ دوو وشە دژیەکەکان هیچ وشەیەکی تریان، لە نێواندا نییەو لە دوای یەکترەوە دێن. وەك:

" *دەبا ئەوشەو __ژیان__ و __مردن__ ئاهەنگی زەماوەندیان وێکڕا بگێڕن*.ل٢٣٣".

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا وشەکانی (ژیان و مردن) بوونەتە دژیەکی ئیجابو لە نێو پێکهاتەی رستەکەدا بە شێوەیەکی کاریگەر رۆڵیان لە شیعرییەتبوونی رستەکەدا دیارە. چونکە رستەکە رستەیەکی نائاساییەو (ژیان و مردن) ئاهەنگ ناگێڕن، هەروەها بەیەکەوەهاتنیانو پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تری ڕستە، ئەم دوو وشەیەی لە دژیەکێکی واتایی فەرهەنگییەوە بۆ بارکردنی واتای دیکە بردووە. لێرەدا ژیان و مردن لە ڕەگەزدا دەبنە نێر و مێ-ش، چونکە لەگەڵ ئاهەنگی زەماوەندا پێکەوە دەگونجێن، جیا لەوەش دوو وشە دژیەکەکە بەدوایییەکداهاتوونو بۆ یەك ڕووداو چڕبوونەتەوە، کە خۆی لە کاری (زەماوەندگێڕان) دەبینێتەوە.

دژیەکە بەدوایییەکداهاتووەکان لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتن چەند شێوەیەکیان هەیە:

١- هەردووکیان (ناو) بن.

" *سێ __ڕۆژ__و __شەوان__، سێ __تاریك__ و __ڕوونان__، سێ __مانگ__ و __خۆران__*.ل١٧٣"

٢- هەردووکیان (کار) بن:

" *سەد ساڵی ڕەبەق لەسەر زێیە __هاتبان__ و __چووبان__*.ل١٧٨"

دژیەك لە (کار) دا، لە ڕووی کاریگەرییەوە جیاوازی لەگەڵ دژیەکی (ناو) دا هەیە، چونکە (شەو و ڕۆژ، ئاسمانو زەوی...) دژیەکێکی تەواون، بەڵام دژیەکە (کار)ەکان،

لە بەشێکدا دژیەکن‌و لە سیمایەکدا هاوبەشن، تێبینی دەکەین، سیما هاوبەشەکە، لە نێوان هەموو ئەو کارانەدا بریتییە لە (جوڵەو بزاوتن)، کە لەناوخۆیدا ریتمێکی کاریگەر دەبەخشیٚ‌و ڕێڕەوی دەق دەخاتە جووڵەوە. [102:79]

٣- هەردووکیان (ئاوەڵناو) بن:

" *هەزار ڕەنگە ترومبێل گەورەو بچوك*..ل١٠٠"

٤- هەردووکیان (ئاوەڵکار) بن:

" *چەندی پیٚ چوو.. زۆر ..کەم.. دووکەڵێکی لە چاوان بڵند بوو*. ل١٨٩"

**ب- دژیەکی بەدواییەکدانەهاتوو:**

لەم جۆرەیاندا هەردوو وشە دژیەکەکە بەدواییەکدا نایەن، بەڵکو وشە یان ڕستەی تریان دەکەوێتە نێوان، لێرەدا وێڕای قووڵبوونەوە لە ئاستی دەلالیی وشەکان، کەشێکی لەبارتر بۆ سازاندنی بەرامبەری‌و هاوتەریبی دێتە کایەوە، چونکە دەشیٚ ئەو وشەیەی دەکەوێتە نێوان دوو دژیەکەکە، ببێتە پاڵپشت‌و ڕەهەندێك لە بەرامبەرییەکەدا. وەك:

"*چۆن بە ڕووتی هاتە دنیاوە، هەرواش ڕۆیشت*.ل١٥٨"

**دووەم: شیعرییەتی هاوتەریبی لە ڕووی پەیوەندی بە بەشەکانی ئاخاوتنەوە* :**

لێرەدا هەوڵ دەدەین دژیەکەکان دیار بکەین، کە سەر بە بەشە ئاخاوتنی جیاوازن‌و لە نێو ڕستەدا، جیا لە ئەرکی دژبوونی خۆیان، ئەرکی ڕێزمانیشیان بینیوە.

١- هەردووکیان (چاوگ) بن:

" *چەندەم جارە ژیان قورسایی خۆی دەخاتە سەر ئەو ڕۆژەی گوارەکانی ژنەکەی فرۆشت تا منداڵەکانی بخوێنن، مردن لە کۆڵان و جادە ڕێی پێدەگرت*.ل١٠٨"

٢- هەردووکیان ببنە (کار):

" *چۆن بە ڕووتی هاتە دنیاوە هەرواش ڕۆیشت*. ل١٥٨"

---

* ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین، تەنیا بەشەکانی ئاخاوتنی دژیەکی ئیجاب لەجۆری بەدواییەکدانەهاتوون، چونکە لە بەدواییەکداهاتوو نموونەمان هێنایەوە.

٣- هەردووكیان بینە (ئاوەڵناو):

"***هەرچەندە قامكە <u>گەورەی</u> زووتر ئاگری دەگاتێ، بەڵام قامكە <u>چووكەی</u> زووتر دادەمركێ.*** ل١٢٢"

وادەبێ هەندێ جار، وشە دژیەكەكان هەردووكیان لە فەرهەنگدا بەرامبەر یەكتر دژ نەبن، بەڵكو یەكێكیان وەك بەشێك یان وەك ڕۆنانێك لە وشەكە، واتاكەی نزیكە لە دژبوون. وەك:

" ***پێش ئەوەی خۆڵەمێشی <u>ئاگر</u> لەخۆ بتەكێنین، <u>سەرما</u> كردینیە شەختە.*** ل٥٩"

دەبوایە لە جێی ئەم دوو وشەدا، وشەكانی (گەرما و سەرما) بهاتبانە، بەڵام لە وشەی یەكەمیاندا، وشەی (ئاگر) هاتووە، (ئاگر) گەرمایی دەبەخشێ، گەرمابوونیش دژی سەرمابوونە، لەبەرئەوە ئەم دوو وشەیە (ئاگر و سەرما) لە نێو سیاقی دەربڕینەكەدا، شێوەی دژیەك نیشان دەدات. چونكە لە ڕووی واتاییەكەوە، ئاگر واتای گەرما دەدات، ئەم شێوە نیشاندانە، دەربڕین بەهێز دەكات بە شێوەیەك ڕەهەندێكی تەمو مژی بە دەربڕینەكە دەبەخشێو خۆی لە چوارچێوەی لادانی واتایی دەبینێتەوەو وشە دژیەكەكان دەكەونە نێو دەستاری لادانەكان لە بونیادی گێڕانەوەداو دەبنە كەرەستە بۆ لادانی زمانیو بەهێزبوونی دەربڕین.

**<u>ب- دژیەكی سەلب:</u>**

ئەم جۆرە دژیەكە ((كۆكردنەوەی دوو كارە، كە یەك چاوگیان هەبێ، یەكێكیان ئەرێو ئەویتر نەرێ، یان یەكێكیان ئەمرو ئەویتر نەهی بێ.))[24:100] بەڵام مەرج نییە واژەكە هەر تەنیا (كار) بێ، بۆیە دەكرێ بڵێین دژیەكی سەلب ((كۆكردنەوە لە نێوان واژەیەكو نەفیەكەیەتی)) [439:88] جا ئەو واژەیە سەر بە هەر بەشێكی ئاخاوتن بێ، بەهۆی ئامرازی نەفی كردن، نەفی دەكرێ. كەواتە ئەوەی دژیەكی سەلب لە دژیەكی ئیجاب جیادەكاتەوە، ئەوەیە دژیەكی سەلب ڕەگەزی هەردوو وشەكە یەك سەرچاوەیان هەیەو هەردووكیان یەك شتن، بەڵام بەهۆی پێشگر، یان ئامرازی نەفی واتایەكەی پێچەوانە دەبێتەوە.

**لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا دەتوانین دوو شێوە لە دژیەکی سەلب دەستنیشان بکەین:**

**١- دژیەکی سەلبی بەدواییەکداهاتوو:**

**لەو سۆنگەیەی لە بەدوایەکداهاتوودا، وشە دژیەکەکان راستەوخۆ بەدواییەك دێن، بۆیە زووتر خوێنەر هەستیان پێ دەکات و کاریگەرییەکەی رووکەش و ڕوون دەبێ.**

**وەك:**

***" دەگەڵ چوونەوەو نەچوونەوەی ئەستێران لەو دەمەی رۆژ و شەو بە شمشێران لێك هەڵدەبڕێن.***ل٨٣"

**لێرەدا (چوونەوەو نەچوونەوە) بەهۆی ئامرازی نەفی بوونەتە دژیەکی سەلب.**

**٢- دژیەکی سەلبی بەدواییەکدانەهاتوو:**

**لەم جۆرەیاندا وشەیەك، یان ڕستەیەك، یان زیاتر دەکەوێتە نێوان وشەکە و نەفییەکەی.**

**ئەم شێوانەی هەیە:**

**أ- وشەکە (ناو) بێ:**

***"گەندە خۆرە دەڵێ((ئیسرافە)) تەپ و تۆز لە ترخێنەت گرن ئیسراف نییە.***ل١٢٧"

**ب- وشەکە (کار) بێت:**

***" مل بەو شوێنانە سوێ کە هەناسەی چ رووح لەبەرانی ناگاتێ، بگاتە ئەو شوێنەی پەڕی بۆ سۆیان لێ هەڵدەستێ.*** ل٢٠٥"

**ج- وشەکە(ئاوەڵناو) بێ:**

***" دەتویست نیشانەیەکی خۆش یان ناخۆش لە ڕوویاندا ببینی.***ل٧٣"

**جۆرە دژیەکێکی سەلب لە زمانی کوردیدا هەیە، بەهۆی ئامرازی نەفی (بێ)دروست دەبێ. وەك:**

***" دەنگی باران خەڵکەکەی بێ دەنگ کردبوو.***ل١٠٨"

**لێرەدا (بێ دەنگ) لەگەڵ(دەنگی باران) دژیەکی سەلبی دروست کردووە، چونکە لە بەرامبەر دەنگداری باران، بێ دەنگی خەڵك هەیە.**

ئەم شێوازانەی دژیەکی سەلب نیشاندانی وێنەیەکی پڕ ریتمو جووڵەیەکی بەردەوامی زمانن، لە ڕێڕەوە ئاساییەکەی خۆی. وێڕای ئەمەش وەکو دژیەکی ئیجاب، لە لای خۆیەوە ڕۆڵ لە پێکهێنانی بەرامبەریی و هاوسەنگیی وشەکان دەبینێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئەسپی سپی) چیرۆکنووس دەنووسێ:

" *بینایی لە چاوان دەترازێ، ئەوان لە چیا ناترازێن.* ل٢٢٤"

لێرەدا (دەترازێ) کارێکە و بەهۆی ئامرازی (ناکردن) کارەکە نەفی بووە و بۆتە (ناترازێن)، لەهەمان کاتیشدا وشەکانی پێش خۆیان بوونەتە بەرامبەری:

بینایی ←—— ئەوان

چاوان ←—— چیا

دەترازێ ←—— ناترازێن

بەم شێوەیە دەلالەتێکی واتایی چڕ بە دەربڕینەکەوە دیارە، چونکە هاوڕێیەتی ئەوان لەگەڵ چیا هێندە بەتینە، وەك چۆن مەحاڵە بینایی لە چاو بترازێ... ئاواش ئەوان دەستبەرداری چیا نابن.

دژیەك هونەرێکی پوختی جوانکارییە، کاریگەرییەکی تایبەتی هەیە، ئەو کاریگەرییە لەو کۆکردنەوە دژانە پەیدا دەبێ، کە وێنەیەکی زەینیی و هونەری پێچەوانە دەسازێنێ و هاوسەنگی دەخاتە نێوان عەقڵی خوێنەرو ویژدانەکەی و چاکییەکە دەردەخات و لە دژەکەی جودای دەکاتەوە، بەو شێوازە هاوسەنگییە بەراوردکارییە، کاریگەری قووڵی لەسەر هەستی جێدێڵێ. [443:88]

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی دژیەك بە هەردوو جۆرەکەیەوە، نەك تەنیا هاوتەریبی و بەرامبەرییەك لە پێکهاتەی ڕستەو دەقدا دەسازێنێ، بەڵکو لە مێشکی خوێنەریش جۆرێك لە دوانەیی (دوالیزم) دێنێتە کایەوەو کاریگەرییەکەی لەسەر دەروون دەبێ، وێڕای کاریگەرییە جوانکارییەکەی، کە خۆی لە دووبارەکردنەوەی هەندێك دەنگ و هاوسەنگی و بەخشینی ریتم دەبینێتەوە. لە هەموو ئەمانەشدا زمانی دەق بەرەو بەهێزبوون و هونەری بوون دەبات و ڕێگا خۆش دەکات کە بەرەو شیعرییەت بوون و کرانەوە بچێ.

## شیعرییەتی بەرامبەری

ئەگەر ئەدەب رەنگدانەوەی واقیع بێ، ئەوا بەشێك لە هونەركاریی و جوانكارییەكانی نێو بونیادی دەقیش لەو رەنگدانەوەیە بێ بەش نین، سازاندنی دژیەك و بەرامبەری بەتایبەتی و هاوتەریبی بەگشتی لە نێو دەقدا لە ئەنجامی هەستكردنی نووسەرە بە جیاوازییەكانی ژیان و كۆبوونەوە و بەرامبەریەكبوونی شتە دژەكان لەنێو بیری مرۆڤ و كۆمەڵگەدا، هەوڵدراوە ئەم تێڕوانینە بە شێوازێكی هونەری دابڕێژرێ.

وەك پێشتر ڕوونكرایەوە، دژیەك هێنانەوەی وشەی دژ بە یەكن لەنێو پێكهاتەی دەقدا، بەرامبەری–یش ((جۆرێكی تایبەتی یە لە دژیەك)) [75:22] چونكە دوو جووت دژیەك، یان زیاتر لە دەقەكەدا دێتەوە، بە مەرجێك سەرەتا وشەكان دێن و پاشان دژەكانیان دەخرێتە ڕوو، بەڵام ((بەرامبەری لە دژیەك فراوانترە، چونكە زۆر ئاخاوتن بە ڕێگای ڕێككەوتن و جیاوازی كۆدەكاتەوە))[53:206] لە (بەرامبەری) دا نووسەر هەوڵی وردی دەدات و دەربڕینەكان چڕ دەكاتەوە و لە قووڵبوونەوەی هەست و هۆش ڕۆڵی هەیە. لەم ڕووەوە ماندووبونی هونەریی پێوە دیارە و ئاخاوتن چڕ و پڕ دەبێ و ڕێگا بە دەربڕینی لابەلا نادات بێتە نێو بونیادەكەی و یارمەتی كورتبڕی و پوختی و دەستگرۆیی(اقتصاد) ئاخاوتن دەدات. [118:206]

"*ئەو چاوە ڕژاوەیە ئێستا لە بڵندانی ئاسۆ و لە نەویانی ئاسمانان ڕاوەستاوە*.لا٨٥"

لێرەدا تەنیا دوو وشە نین كە دژیەكیان دروست كردبێ، بەڵكو ئەو دوو وشە دژیەكە (بڵند) و(نەوی) لەگەڵ دوو وشەی هاوكووفی خۆیان تەریب و بەرامبەر بوونە، كە ناوی (ئاسۆ) كەوتۆتە نێوان دوو وشە دژیەكەكە، لە هەمان كاتدا وشەیەكی بەرامبەر وشەی (ئاسۆ) ش وەك دیارخراوێك بۆ وشەی (نەویان) هاتووە، كە وشەی (ئاسمان)ە:

بڵند ——— ◄ ئاسۆ

نەوی ——— ◄ ئاسمان

بڵند // نەوی

ئەم شێوە دژیەکە مەودای دژبوونەکە لێك دەکێشێتەوەو بیری خوێنەر تەنیا لەسەر دژبوونەکە چەقبەستوو ناکات، وەك ئەوەی بیری بۆ ئەو رەهەندانەش دەچێ، کە پەیوەستن بە پێکهاتەی دژیەکەکە. ئەمە وادەکات، کە دەق بەرەو کراوەیی ببات‌و واتای دیکەی لێ بفامرێتەوە. ئەگەر لە رووە جوانکارییەکەشەوە لێی بڕوانین، ئەوا کەشێکی ئیستاتیکاو ریتمێکی خۆش بەهۆی پێکهاتەی دژیەکەکان دێتە کایەوە. لەم نموونەی سەرەوەدا کاتێك دژیەك دەبێتە بەرامبەری‌و هاوتەریبی، لەکاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هەست بە چێژی کێش‌و ئاوازەکەی دەکات، چونکە بێ گری‌و گۆڵ بەسەر زماندا دەڕوات.

لە بڵندانی ئاسۆ // لە نەویانی ئاسمانان

دەبینین هەردوو پارچەکە کێشیان یەکسانەو بریتییە لە (٧) برگە، ئەمەش ریتمێکی بە دەربڕینەکە داوەو پلەی چێژوەرگرتنی لە دەربڕینەکانی تر زیاترە. ئاشکرایە تا چێژ وەرگرتن زیاتر بێ، دەق هەنگاوێك بەرەو شیعرییەت بوون‌و ئیستاتیکا دەچێ.

ئەوەی، کە (بەرامبەری) پتەوتر دەکات، ئەوەیە لە دژیەکێك زیاتر لەنێو دەربڕینەکەدا بێتەوە:

" *هەر شەوەو لای وەزیرێکە، هەر ڕۆژەو لای گزیرێکە*.ل٨٩"

لێرەدا، لە دوو ڕستەدا دوو جووت دژیەك هاتوون، کە تەنیا بەیەك ڕستە هیچ کام لەم دژیەکانە دروست نەدەبوون، بەلاّم ئەوەی تێبینی دەکرێ، لەم شێوانەدا هاوتەریبی بە زەقی دەردەکەوێت‌و خۆی لە هاوسەنگی (کێش) دەبینێتەوە، بەجۆرێك جیا لەوەی هەر لەتەو بەرامبەری لەتەکەی ترە، هەر وشەو دەربڕینێکیش بەرامبەر یەکترن‌و کێشیان یەکسانە. وێڕای ئەوەش وشەکان لە سەرێکەوە هاوسەرواو لە سەرێکی دیکەش رەگەزدۆزیی ناتەواویان داهێناوە.

شەو // رۆژ،          وەزیر // گزیر

## هاوتەریبی پێکهاتەیی


لەم جۆرە هاوتەریبییەدا، جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی نێو پێکهاتەی ڕستە دەکرێتەوە، وێڕای ڕەهەندە واتاییەکەی، سروشتێکی جوانکارییش بە دەربڕینەکە دەدات، چونکە لەسەرێکەوە پەیوەندی بە دووبارەبوونەوە هەیە، لەو سۆنگەیەی، کە هاوتەریبی بەشێکە لە دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواو. [82:201] بەم شێوەیە جگە لە بەهای دەلالەتی واتایی و ڕیتمی، ڕۆڵی لە جوانکردن و هاوتەریبی و هاوسەنگی پێکهاتەی رستەسازیی دەق هەیە.

هاوتەریبی پێکهاتەیی تەریب بوونی بنەماکانی ڕستەسازییە، بە جۆرێك دوو دەربڕین، یان دوو ڕستە لە ڕووی یاسای بنچینەیی دروستبوونی ڕێزمانییەوە هاوشێوە و هاوتەریبی یەکترن. وەك:

" *ئەو هەموو ڕوو شکان و دڵ شکان و تەمەن شکانە بەسەر ئەو چوار ئێسقانەی مندا بکرێ.* لا٧٠"

لێرەدا وشەکانی (رووشکان) و (دڵ شکان) و (تەمەن شکان)، جگە لەوەی سێ جار چاوگی (شکان) دووبارەبۆتەوە، هاوشێوەبوونێك لەم دووبارەبوونەوەیە دەبینرێ، لەلایەکی تر هەر سێ دەربڕین، تەریبی یەکتر بوون لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە. بەم شێوەیە:


(ناو+ چاوگ) + (ناو+ چاوگ) + (ناو+ چاوگ).....هتد




هاوتەریبی پێکهاتەیی پەیوەندیەکی پتەوی بە دووبارەبوونەوە هەیە، چونکە تەریب بوونەکە لە ئەنجامی دژبوونی دەربڕینەکانەوە نایەتە کایەوە، بەڵکو لە هاوشێوەبوونیان دروست دەبێ. ئەم هاوشێوە بوونەش خۆی لە دووبارەبوونەوە دەبینێتەوە.

دەشێ تەریب بوونەکە لە ئاوەڵناودا بگیرسێتەوە. وەك:

*" دوو باڵنــدەی جیــا، دوو باڵنــدەی نــوورانی، دوو باڵنــدەی پــیرۆز، دوو باڵنــدەی عاشق.*ل١٩٩"




**سەرنج دەدەین، پێکهاتەی ڕێزمانیی هەموو دەربڕینـەکان تـەریبی یـەکترن، ئەوەنـدە هەیـە ئـەم دووبارەبوونەوەیـە، جگـە لـە بـەهای ریتمییەکـەی ڕۆڵـی لـە دروسـتکردنی هاوتەریبییەکە بینیوە، چونکە نووسەر دەیتوانی بنووسیّ:**

**" دوو باڵندەی جیاو نوورانیو پیرۆزو عاشق"**

**بـەڵام نـە بـەهای ریتمیو نـە ڕۆڵـی هاوتـەریبی دەبینـی، ئـەم جـۆرە شـێوازە جـەخت کردنـە لـە وشـەکە، هێنـدە چـڕو ورد بـە نـاخی پاڵـەوانی چـیرۆکەکە شـۆڕبۆتەوە، بەڕادەیـەك لەگەڵیانـدا تێکـەڵ بـووە، ئـەو ئاوەڵناوانـەی کـە وەسـفی ئـەو کاراکتەرانـە دەکەن، بە تەنیا لە ڕستەدا نایەن و زۆربەی جار بوونەتە هاوتـەریب و هاوشێوەیەکی دووبارەبوو.**

**نووســینی چــیرۆك لای (جــەبار جــەمال غــەریب) بــەم هەناســەیە لــە چــیرۆك و رۆمانـەکانی ڕەنگـی داوەتـەوە. بـەڵام سـەرەتای دەسـتپێکردنی بـە نووسـینی چیرۆك بایـەخی بـەم شـێوازە نـەداوە، بـۆ نموونـە لـە چیرۆکی (ئەسـپی سـپی) کـە لـە سـاڵی (١٩٨٤) نووسـراوە (یەکـەم چـیرۆکی چیرۆکنووسـە) ئـەم هاوتـەریب بوونـە فـەرامۆش کراوە. وەك:**

*" ئەسپ بۆنی خوێنی کردووە، بۆنێکی توند، تیژ، خەست، درێژ خایەن، خوێنێکی ڕەش، دەریایـەك خـوێنی ڕەشـی قـەترانی، زەلام و تـاش و شـار بە بـێ دەنگـی لـووش دەدات، دار لە بێخەوە هەڵدەکێشێ، دەبوو کڵپە و نرکـە و تینـی ئەسـپ شـاخی شـەق کردبا، دنیای لەرزاندبا، دنیایەکی مات، سڕ، مۆڵ لەبەر سێڵاوی خوێن.*ل٢٢٣"

لێرەدا ئەو ئاوەڵناوانەی وەسفی ناوەکانی (بۆن و دنیا) یان کردووە، بە تەنیا هاتوون و دیارخراوەکەیان دووبارە نەبۆتەوە، بۆیە هاوتەریبی لە ئاستی پێکهاتەیی ڕێزمانییەوە دروست نەبووە.

***" لە قوولاّیی دنیاوە، لە قوولاّیی مەرقەدەوە، لە قوولاّیی بیابانەوە، دەنگی چەند فەقێیەکی منداڵکار دەهات.ل٧٣"***

پێکهاتەی ڕێزمانییەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

{ئامرازی پەیوەندی+ ناو(ئاوەڵکاری شوێن)+ ناو} × ٣

دنیاوە
لە قوولاّیی ← مەرقەدەوە ← دەنگی چەند فەقێیەکی منداڵکار دەهات.
بیابانەوە

بەم شێوەیە دەربڕینەکان یەک بنچینەی ڕێزمانییان هەیە و پێکهاتەکانیان هاوتەریبی یەکترن.

هەندێ جار بێ ئەوەی زۆر وشە دووبارە ببنەوە، هاوشێوە بوونی پێکهاتەی ڕستەکە، هاوتەریبی جوانتر دەکات. وەک:

***" بازووت وەک شاخ سەخت و ناخت وەک زەندۆڵ قوڵ و دەماخت وەک چیا بەرزو، ڕووحیشت بەفرێکی سپی. ل١٩٨"***

لێرەدا هەر سێ ڕستەی سەرەتا لە ڕووی پێکهاتەوە لە (ناو+ ئامراز+ ناو+ ئاوەڵناو) پێکهاتوون، تەنیا فۆڕمی دووبارەبوو ئامرازی لێکچواندنەکەیە. لە ڕستەی چوارەمیشدا بۆ ئەوەی هەمەجۆری لە دەربڕین بێ، شێوازەکەی شکاندووەو ئامرازی لێکچواندنی فڕێداوە.

بازووت ← وەک → شاخ ... سەخت
ناخت ← وەک → زەندۆڵ ... قووڵ
دەماخت ← وەک → چیا ... بەرز

**هەندێك جار وێڕای هاوتەریبییەکە، هاوسەنگی لە ڕووی (کێش) و (دەنگ)ەوە لە نێوان وشە و دەربڕینەکان هەیە، بەمەش هاوسەروایان دروست کردووە، چونکە هاوسەنگی دەنگیی گرنگییەکەی لە پێکهاتەی زمانی هاوتەریبی کەمتر نییە، هاوسەنگی دەنگیی کاری ڕەخنەیی قووڵتر دەکاتەوە، ئەمەش ئاماژە گەلێکە بۆ شێوازی نووسەر و ڕێگای دەربڕین بۆ واتا و سترێس خۆش دەکات، کە هەموویان لە ئامانجەکانی نووسەری پەخشانن. [89:143]:**

"***کڕبوون چ مەیین و تەقینێکە، کڕبوون چ مردن و فڕینێکە***. **لا ٢٠٨**"

**وشەکانی (مەیین و تەقین) لەگەڵ وشەکانی (مردن و فڕین) هاوکێش و هاوسەروان و بە زیادکردنی پاش ڕەوی (ێکە) هاوسەرواکە بەهێزتر بووەو دوو ڕستەکەش هاوتەریبی یەکتر بوونە. لە ڕووی کێش و پێکهاتەی ڕێزمانییشەوە، کە سێ چاوگ بەدواییەکداهاتوون، ئەوەندە هەیە چاوگی یەکەم دووبارە بۆتەوە.**

**هاوتەریبی لە شیعر بێ، یان لە پەخشان، هەمان ئەرکی جوانیناسانەی هەیە، چونکە لەسەر دوو پرەنسیپ بەرهەم هاتووە. [86:204]:**

**١- پرەنسیپی هاودەنگی (التجانس الصوتیhomophone): واتە ڕێککەوتنی پارچەکان لە دەنگ دا.**

**٢- پرەنسیپی هاودێری (التجانس الخطيhomographic): واتە رێککەوتنی پارچەکان لە کێش دا.**

**ئەگەر لەم نموونەی سەرەوە بڕوانین دەبینین ئەو دوو پرەنسیپە لە دەقەکەدا بەرجەستە دەبێ.**

**کڕبوون چ مەیین و تەقینێکە**

**کڕبوون چ مردن و فڕینێکە**

**٢ بڕگە ١ بڕگە ٣ بڕگە ٤ بڕگە**

**لێرەدا لە کۆی (١٩) دەنگ، (١٤) دەنگ هاوشێوەن و لە هەمان کاتدا لە ڕووی کێش-یش لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتوون.**

## هاوسەنگی

هەنـدێك جـار هاوسـەنگ بـوونی دەنـگو وشـەو ڕسـتە، ڕۆڵ لـە دروسـتبوونی هاوتـەریبی دەبینن، یـان هـەموو هاوتەریبییـەك لـە نێوخۆیـدا جـۆرە هاوسـەنگییەكی شـاردۆتەوە. وەك ڕێگاخۆشـكەرێكە ئەمـسەرو ئەوسـەری دەربـڕین لـەخۆی گرمۆڵـە دەكاتو لایەك بە لایەك تەریب دەكات.

بـەلاّم بـە شـێوەیەكی گشتی مـەرج نییـە هـەموو هاوسـەنگییەكی وشـەیی، ببێتـە هاوتـەریبێكی تـەواو، یـان دژیـەكو بەرامبـەریی دروسـت بكـات، زۆر جـار شـێوە هاوتـەریبیی و بەرامبەرییـەك دەسـازێنێ، بەتایبـەتی كاتێـك نووسـەری دەق بـە شـێوەیەكی هونـەری چـەند دەربڕینێـك دێنێتـەوە، پاشـان بـە قـەد ژمـارەی ئـەو دەربڕینانـە، دەربڕینـی تـری بـەدوا دێنێ. گـەلێك جـاریش لـە شێوەی پێچو پـەخش* وشـەكان دەكاتـەوە. گـرنگ ئەوەیـە نووسـەر وردبینانـە ئـەو وشـانەی هێنـاونو لـە بەرامبەریدا وشەی تری بۆ داناون، ئەگەر وشەكان پەیوەندیشیان بە یەكترەوە نەبێ، بۆ دەقێكی چیرۆك ئیحاو زرنگانەوەیەك بە گوێگر دەبەخشێ. وەك:

" *ئەو دار و بەردە ڕەقە، ئەو تاش و تاوێرە زبرانە.* لا١٦٠"

چیرۆكنووس لە پارچەی یەكەم، دوو ناوی هێناونو بە ئاوەڵناوێكیش وەسفی ناوی دووەمی كردووە، لە هەمان كاتدا لە پارچەی دووەمیش بونیادە ڕێزمانییەكە دووبارە بۆتـەوە، كـە ئەگەرچـی ئاوەڵنـاوی دووەم وەسـفی هـەردوو ناوەكـەی كـردووە، بـەلاّم سیاقی دەربڕینەكە هاوشێوەیان دەكات. بەمـەش هاوتـەریبی لـە ئاستی پێكهاتـەیی دروست كردووەو هەردوو پارچە لە ڕووی ژمارەی وشەكانیش هاوسەنگ بوونە.

هەندێ جار لـە پێچ و پـەخش نزیـك دەبێتـەوە، ئـەویش بـە هێنانـەوەی دوو جـووت دژیەك. وەك:

" *چل ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایان، چل زەردەپەڕ و سپێدان.*لا١٧٧"

---

* پێچ و پـەخش :((ئەوەیـە نـاوی چـەند شـتێك بـە شـوێن یەكـەوە بێنـی و لـە تـەك یـەكتریان دابنـێ ی و نەیـەڵی وشەی تریان بكەوێتە نێوان، پاشان پێچانەكە بكەیتەوە.)) [62:22]

سەرنج دەدەین دوو جووت دژیەك لەدواییەك هاتوون، هەرچەندە (زەردەپەڕ) بەشێکە لە (رۆژئاوا) و (سپێدە) بەشێکە لە (رۆژهەڵات)، بەڵام هێنانەوەی بەم شێوەیە، ئیستاتیکای پڕ ریتم و ئاوازی بە دەربڕینەکە بەخشیوە، جگە لەمەش وەك پێچ و پەخشێك وشەکانی پارچەی دووەم، پەیوەندییان بە وشەکانی پارچەی یەکەم هەیە. ئەوەندە هەیە بە شێوەی نارێك هاتوونەتەوە، چونکە دەبوایە بە پێچەوانەوە بوونایە (چل سپێدە و زەردەپەڕان) تا لەگەڵ وشەکانی پارچەی یەکەم رێك ببونایە، ئەمە لە رەوانبێژیدا پێی دەگوترێت پێچ و پەخشی نارێك، کە دەلالەتی واتایی و دەق خستنە بارێکی تەم و مژی و نائاسایی نیشان دەدات.

هەندێ جار هیچ پەیوەندییەکی بە پێچ و پەخش، یان بەرامبەری و دژیەك نییە، بەڵکو نووسەر چەند ناوێك دێنێتەوە، بەهەمان ژمارە هەندێك ناوی دیکەیان لە دوا دێ، بێ ئەوەی پەخش بکرێنەوە، یان وشەی دژ بن. ئەم یەکسانی و هاوسەنگییە لە هێنانەوەی وشە جۆرە جوانکارییەکی وشەیی و واتایی بە دەربڕینەکە دەدات و دەسەڵاتی نووسەر بە ڕوونی بە سەر زماندا نیشان دەدات. وەك:

"*لە چاوی تۆدا شار و قەڵا و مرۆڤ و وڵاخ هەمووی گریان گرتووە، هەمو تێك ئاڵاون لەنێو گرِدا ژن و پیاو، پیر و لاو لێك جیا ناکەیتەوە.* ل٢٢٥"

وێڕای ئەوەی (ژن و پیاو) و (پیر و لاو) دوو جووت وشەی دژیەکن، بە هەمان ژمارەوە لە بەرامبەر وشەکانی (شار، قەڵا، مرۆڤ، وڵاخ) هاتوون، ئەگەر چی پەیوەندییەکی ئۆرگانیزمییان لەنێوان دا نییە، بەڵام بە شێوازێکی هونەری هاوسەنگیەکەیان لە دەربڕینی (ناو)ەکان دا پێکهێناوە.

* * *

لە لاپەڕەکانی پێشوودا هەوڵدرا بونیادی شیعرییەت لە ڕووی بونیادی ریتمەوە بدۆزرێتەوە، بە ئاڕاستەیەك ئیستاتیکا وەك چەمکێکی کۆن، پەرەسەندنی بەخۆوە بینی و لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕەوانبێژی نوێدا شیعرییەتیان هێنایە کایەوە.

میکانیزمی ئەم دۆزینەوەیە، بینینی دەقە، بە تێڕوانینێکی ئیستاتیکییانەو بوونی ئیستاتیکا لە نێو خودی دەقدا، لە ئەنجامی ئیش کردنە لە نێو زمانداو شیعرییەتی ریتم کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژیو هونەرکارانەی دەربڕین هەیە، دەرهاویشتەی بەرجەستە بوونی زمانو ئیستاتیکایە، وەك بنچینەی سەرەکی ڕەهەندی جوانیناسیانەی دەق.

ئەگەر شیعرییەت لە دیوێکەوە فرە واتایی بێ لە نێو دەقدا، ئەوا فرە شێوازی لە نێو ڕەهەندەکانی دەقی (نامەکانی ژاکۆن) دەبینریٚو ریشاڵی ئیستاتیکیانە، بە قووڵی بە نێوپێکهاتەی زمانی چیرۆکەکان شۆڕبۆتەوە، دیارە ((شیعرییەت لە نێو بونیادی زمان دایەو ئیستاتیکاش سروشتێکی میتازمانی(فەرهەنگی) هەیە)) [69:159] ئەم سروشتە جۆرە لادانێکی لەنێو بونیادی دەقەکان دروست کردووە، کە ناشێ تەنیا لە چوارچێوە فەرهەنگییەکەی تەماشا بکرێ، بەڵکو لە فەرهەنگو زمانی ئاسایی دەخزیٚو شێوازێکی تایبەت بەخۆی نیشان دەدات، کە شیعرییەت گەرەکیەتی شێوازێکی ناوێزە(شاذ)، یان فرە شێوازو فرە واتا بیٚو لە هەمانکاتدا، بە بەرگی ئیستاتیکییەوە داپۆشرا بێ.

لە کۆی هەمو ئەمانەدا دەربڕین گۆڕانکاری بەسەردا دیٚو ریتم لە هەڵکەوتە ئاساییەکەی تامو چێژێك بە وەرگر دەبەخشیٚو پلەی شیعرییەت لای وەرگر زیاد دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا ئەوەندەی نووسەر شیعرییەت بوونی خۆی بسەلمێنیٚو هونەرکارانە ئاوێتەی دەقەکەی بکات، ئەوەندەش پێویستی بە خوێنەری نموونەیی هەیە، کە شیعرییەتی خوێندنەوەی لا بەرز بیٚو لەگەڵ دەق کارلێك بکاتو شیعرییەتی شێوازی دەق بەرز بکاتەوە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی سەدی بە نزیکەیی هەریەکە لە هاوسەرواو دوبارەبوونەوەی وشەو دەربڕینەکان، لە هەموو چیرۆکەکانی نێو (نامەکانی ژاکۆن) نیشان دەدەین:

| ژ | چیرۆکەکان | هاوسەروا | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | سەفەری مۆر | ٢٦,٣٤ | ٢,٠٢٤ |
| ٢ | نامەکانی ژاکۆن | ٢٨,٠٣٧ | ٧,٢٥٤ |
| ٣ | پیـــاوانی مەرمـــەر یـــان ئەفسوونی شین | ٢٣,١١٥ | ٤,٧٠٧ |
| ٤ | شۆقێك لەخوێندا | ٣٩,٤٧٣ | ٥,٩ |
| ٥ | ئەفسانەی دوکەڵ | ٥٤,٧٠٨ | ٣,٥٦ |
| ٦ | هەنسکی رەش | ٤٢,١٣٦ | ٣,٥٠ |
| ٧ | بەردی مرازان | ٣٥,٩٤ | ٦,٨٦٥ |
| ٨ | ئەتکی رووح | ٤٤,٠٩ | ٣,٥٩٢ |
| ٩ | تەمەپیاو | ٣٤,٢٤٠ | ٢,٢٤ |
| ١٠ | شکانی زێ | ٣٨,٠٧٨ | ٤,١٦٨ |
| ١١ | گیانی تاشەکان | ٣٧,٥٦ | ١,٤٩٧ |
| ١٢ | مەیین(١) | ٢٣,٨٥٣ | ٢,٥٩٣ |
| ١٣ | مەیین(٢) | ٢٨,٩٨ | ٤,١٦ |
| ١٤ | پاشەراو | ٢٧,٣٨٨ | ١,٨٦٥ |
| ١٥ | ئەسپی سپی | ٣١,٩٤٤ | ٣,٠٥٦ |
| ١٦ | شەوی یەڵدا | ٣٥,٦٤ | ٢,٥٧٧ |

# بەشی دووەم

# شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی

# بەشی دووەم

# شیعرییەتی ئاستی پێکهاتەیی

## تەوەرەی یەکەم: شیعرییەتی ناوونیشان

### چەمکی ناوونیشان*:

لەنێو بونیادی پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا، ناوونیشان گرنگییەکی بەرچاوی هەیەو کۆمەڵێك دەلالەتی واتایی وخڕبوونەوەی بەشێك لە ناوەڕۆکی دەق، لە چوارچێوەی دەربڕینێکی کورت و ئیجا بەخشدا لە خۆدەگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕوویەکی دیکەی دەقە بەرامبەر خوێنەرو خاڵی سەرەتای بەریەککەوتنی هەردووچەمکی دەق و خوێنەرە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا. (ژیرارد ژینێت)** پێیوایە (ناوونیشان نێوەندێکە لەنێوان دەق و خوێنەردا) [106:161] ڕوونتر بڵێین، ناوونیشان وێڕای گەیاندنی بەشێك لە زانیارییەکانی نێو دەق، بە زوویی بۆ خوێنەر، بەهای دەقەکەش بەرزتر دەکاتەوەو وەك (گۆڵدمان) دەڵێت: ((چراخانی دەقەکەیە)) [10:28] و حالەتی چڕبوون و وردبوونەوەی نووسەر لە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی دەق نیشان

---

* وشەی ناوونیشان لە کوردیدا بە هەڵە بە بەر ئەم دیاردەیە بڕدراوە. لە ڕاستیدا کورد نەیگوتوەو ناڵێ ناوونیشانی شیعرێك، ناوونیشانی دەقێکی چیرۆك، بەڵکو هەمیشە دەڵێ ناو، یان نێوی ئەم شیعرە، وەك چۆن ناشێ باوکێك منداڵەکەی خۆی بە کەسێك بناسێنێ و بڵێ ناوونیشانەکەی ئازادە، بەڵکو دەڵێ ناوی ئازادە، لەبەر ئەوە ناوی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ دەقەکە وەك ناوی مرۆڤ بۆ مرۆڤەکە وایەو لەوەدا تارادەیەك جیاوازن کە دایك و باوك هەر لەکاتی منداڵبوونەکە نەك گەورەبوونی، ناوەکەی بەسەردا دەبڕن و مەرجیش نییە لە خەسڵەتی تایبەتی منداڵەکە بێ، بەڵام هی دەقێکی ئەدەبی دوای تەواوبوونی دەقەکەو گونجانی لەگەڵ ناوەڕۆك و مەبەستی دەقەکەو بۆ مەبەستی ئیجا بەخشین و کردنەوەی دەرگایەکی دیکەیە بەسەر تێگەیشتنی دەق، ناوی لێدەنرێ. لە هەقایەت و دەقی فۆلکلۆریش کاتێك هەقایەتخوان هەقایەتەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێ ئەم هەقایەتە بە ناوی (...) یان دەڵێ: ناوی هەقایەتەکەم لەبیر کردووە، نەك ناوونیشان.

** ژیرارد ژینێت G.Genetle (١٩٣٠_ ) ڕەخنەگرێکی فەرەنسایییە، سەرەتا لەگەڵ بونیادگەرییەکان بوو، پاشان چووە نێو پاش بونیادگەریی و دواتر هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لە بەرهەمەکانی (دەروازەیەك بۆ کۆی دەق– مدخل الی جامع النص، خوازەکان– المجازات، گوتاری گێڕانەوە– خطاب الحکایة).

دەدات و وەستاکاری و هونەرکاری لە هەڵبژاردنیشیدا، نهێنی ئەم تێگەیشتنە ئاشکراتر دەکات.

ناوونیشان لە بەشێکی نێو پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بە نووسراو و زارەکییەوە، بەر لە نووسینی چیرۆکی هونەرییش لە نێو کورددا، هەقایەتە فۆلکلۆرییە سەرزارییەکانیش بە (ناوونیشان)ـەوە پەیوەست بوون و لەم بەرگەدا خاڵی جەوهەری و پڕ کاریگەریی دەقیان لە خۆ دەگرت، ئەگەرچی بە سادەیی دادەڕێژران، بەڵام مەبەستی سەرەکی ناوەڕۆکی لەخۆ دەگرت و زۆربەی هەرەزۆری بە ناوی کەسایەتی، یان شوێن، یان نازناوی وا، کە تایبەتمەندیی کەس، یان شوێن...دادەپۆشراو دەبووە ئاماژەیەك بۆ پەردە لەسەر لادانی لایەنێکی تاریك و نادیاری دەق. لە لایەکی دیکەوە بوونی ناوونیشان بۆ ئەم جۆرە دەقانە، ئامادەییەکی لە هزری وەرگر دێنا ئاراوە، بۆ گومان خستنە سەر هەندێ لە تێڕوانینەکانی، یان پێشبینی خۆی بۆ ئایندەی رووداوەکانی نێو دەق، زۆر جاریش روانینەکان نزیك دەبوونەوە و بە پێچەوانەوەش هەڵە دەردەچوون.

لە چیرۆکی هونەریی کوردیشدا، ناوونیشان رۆڵی لە بونیادی پێکهاتەی دەقدا بینیوە، بە پێچەوانەی زۆربەی دەقی شیعری کلاسیکیی کوردی، کە بە ناتەواوییەکی پێکهاتەکەی دەژمێردرێ، لە لایەکی دیکەوە دانانی وشەی یەکەم، یان دەربڕینی یەکەمی شیعرەکە بە ناوونیشان، بەهەڵە دادەنرێ، چونکە ناوونیشانەکە لە کرۆکی دەقەکە هەڵنەقولاوە و بە ویست و کۆششی نووسەرەکە بەرهەم نەهاتووە.

ناوونیشان هێمایەکی زمانییە، دەکەوێتە رووکاری دەرەوەی دەق، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەرکێك ئەنجام بدات، کە تایبەتن بە ئەنتۆلۆژیا و پێکهاتەی دەق و ناوبڕێکی نێوان دەق و جیهانە، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵێکی ستراتیژی، کە دەق بۆ جیهان و جیهانیش بۆ دەق دەبرێ. [193] هەروەها وەکو چەمك، ناوونیشان هەڵگری کۆمەڵێك زانیارییە سەبارەت بە دەقەکە و لە شێوەی رێبەرێکی زۆر بچوك، یان وەك ئاماژەیەك و وێنەیەکی بچووککراوەی دەق، دەق بە خوێنەر دەناسێنێ و کلیلێکە لە دەستی خوێنەر دایە، بۆ کردنەوەی دەرگاکانی پێکهاتەی دەق، لەو چوارچێوەیەی کە

((دەقێکی بچکۆلەی چرکراوی رستەیی پڕ ئیحایە و ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی خوێندنەوەکەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانیە و لە سەرەوەی دەقەوە رۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی ئیمەدا هەیە... لێرەدا ناونیشان دەبێ بە یەکێك لە توخمەکانی بونیادی دەق.))[74:2] .

## **ستراتیژیی ناوونیشان:**

دوای ئەوەی ناوونیشان وەکو چەمك روونکرایەوە، پێویستە بەهاو ئیستاتیکاو شیعرییەتی لە نێو دەقی ئەدەبیدا بخرێتە ڕوو. چونکە لە پێکهاتەی دەقدا، وەکو گۆچانێك وایە لە دەستی مرۆڤ. بە بێ ئەم سەرە، گۆچان واتای سەرەکیی خۆی لەدەست دەدات. یان ئەگەر پێکهاتەی هەریەکە لە (ناوونیشان) و (دەستپێك) و (دەق) وەربگرین، وەکو پێکهاتەی لاشەی مرۆڤ دێتە بەرچاو((سەر/ ناونیشان) و (مل/ دەستپێك) و (جەستە/ مەتن) دەبن بە پێکهاتەیەکی گونجاوی هەر دەقێك.)) [73:2]

ئەمە بۆ هەموو دەقێکی ئەدەبی بە گرنگ دادەنرێ، بە تایبەتی بۆ دەقی چیرۆك، چونکە لە دەقێکی شیعریدا بە تایبەتی لە شیعری کلاسیك، بە بێ زانینی ناوونیشان، کۆپلەیەك، یان دێرێك، سەربەخۆیی خۆی دەبێ و بەشێکی زۆری بەها ئیستاتیکییەکانی لەگەڵ خۆیەتی، بەڵام لە دەقی چیرۆکدا بێ زانینی ناوونیشان، ئامادەیی لە خوێنەر بەو رادەیە نییە بۆ وەرگرتنی بەهایەکان. دیسان پارچەیەك، یان بەشێکی دەقەکەش وەکو دەقە شیعرییەکە ئەم سەربەخۆییەی نییە، کە بەهایەکانی خۆی بە تەواوی بۆ وەرگر بگوازێتەوە، چونکە پێکهاتەی چیرۆك بەیەکەوە لکاوو گرێدراوەو هەموویشی بە ناوونیشان بەستراوەتەوە. بۆیە ((ناوونیشان رەگەزێکی گرنگە لە رەگەزە دەلالییەکانی چیرۆك و بە بەشێك لە بەشە ستراتیژییەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی دادەنرێ.)) [194]

ئەم ستراتیژییەی ناوونیشان پەیوەندیی بە پلەکانی شیعرییەتی دەقەوە هەیە، پەیوەندیی تێگەیشتن لە دەق، بەرەو پەیوەندییەکی تەندروست دەبات، چونکە ((پەیژەی یەکەم لە پەیژەکانی دەق، ناوونیشانە... بە بێ تێپەڕین بەم پەیژەیە،

ناتوانین بەرەو جیهانی دەق بچین... نەبوونیشی، خوێندنەوەی دەق بەرەو ئاڵۆزی دەبات)). [92:201] لەبەرئەوە لە ڕێگای ناوونیشانەوە پرۆسەی کارلێك کردنی دەق لەگەڵ وەرگر پتەوتر دەبێ و وەرگر پلەی شیعرییەتی تێگەیشتنی لا ئاسانتر دەبێ‌و دەتوانێ لەم دەروازەیەوە بەشێك لە کۆدەکانی نێو دەق بکاتەوەو ئارەزووی ئامادەیی‌و شیعرییەتی سەرنج ڕاکێشان‌و کەمەندکێش کردن‌و ئاوێتە بوونی لەگەڵ دەق، لا دروست دەبێ، تا لە دەقێکی بێ ناوونیشاندا.

ناوونیشان گرنگی تایبەتی خۆی لە هەر سێ ئاستەکانی دەق دەگێڕێ، لەو سۆنگەیەی توخمێکی گرنگی نێو پێکهاتەی دەقەو شوێنێکی دیاری لە دەقدا بۆ خۆی پاراستووە، بۆیە لە ئاستی پێکهاتەییدا، دەشێ لێی بکۆڵرێتەوە، هەروەها لە ئاستی دەلالیشدا، کە خاوەنی قووڵبوونەوەیەکی واتاییەو لە دەلالەتی گشتی دەقەوە هەڵدەهێنجرێ‌و بەشێك لە سیماو ئاماژە دەلالییە گشتییەکان لەخۆیدا هەڵدەگرێ. هەروەك هەموو دەربڕینەکان بە پێی قوتابخانە نوێیەکانی ئەدەب بەگشتی‌و دەقناسی بەتایبەتی لە ڕەهەندێکەوە بە دەق دادەنرێن‌و ئەو شیعرییەتەی لە تەواوی دەقێکدایە، دەشێ هەمان شیعرییەت لە دەربڕینێکی چەند وشەییدا بەرجەستە بێ. کەواتە لە ئاستە ریتمییەکەشدا دەشێ ریتمێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی زمانی ئیحابەخشدا، لەگەڵ پانتایی دەقدا هاوتەریبییەك لە واتا، یان لە شێوە و تێگەیشتن بێنێتە کایەوە، وێڕای سازاندنی ریتمی جووڵاوو هێواش‌و هەروەها چێژ بەخشین بە وەرگر، لە ڕێی چڕی زمان‌و ڕەوانبێژییانەی دەقدا، جۆرێك لە ریتم لە دەروونی وەرگر دێننە ئاراوە.

شیکردنەوەی پێکهاتەکانی شیعرییەتی ناوونیشان، لە نێوان وردیی ئاماژەو چڕی ڕەمزدا دەردەکەوێ [70:114] و ئەم شیعرییەتە بە جۆرێك ئاشکرا دەبێ، کە فۆڕمی ناوونیشان، بەشێك لە تروسکایی‌و ڕۆشناییەکانی نێو دەق بمژێ‌و بە هێزی دەربڕینەکانی ناوەڕۆك و شیعرییەتی دەق بە گشتی کار لە ناوونیشانیش بکات‌و بیخاتە چوارچێوەیەکی شیعری.

هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانە سەبارەت بە ناوونیشان، لە ئەنجامی هەوڵەکانی بزووتنــەوەی ڕەخنــەی ئــەدەبی بــوو، بەتایبــەتی ئــەو هەولاّنــەی کــە لــە ڕوانگــەی زمانناســـییەوە لـــە دەقـــی ئـــەدەبییان دەکۆڵییـــەوە. بـــەو پێیـــەی ناوونیـــشانیش پێکهاتەیـەکی زمـانی و سـیمیۆلۆژیی دەقـەو دەشـێ لـەپاڵ ڕەگـەزەکانی تـر، ڕۆڵـی لـە پەرەپێـدان و شـیکاریی دەقناسـی هـەبێ و ئـەم ڕوانگەیـە لـە شـێوازی لێکۆڵینـەوە، بەتایبـەتی قوتابخانـەی بونیادگـەری زمانناسـی بەرهـەمی گـرت. بـەلاّم وەك هـەر تێڕوانینەکانی تریان، مەرج نییە دەق تەواو لە کاریگەرییەکانی تر دابڕێ و هەر تەنیا لە ڕوانگەی زمانەوانی لێی بکۆڵدرێتەوە، چونکە ڕەگەزێکی وەك ((ناوونیـشان تـەنیا دەسـتەواژەیەکی زمانـەوانی دابـڕاو نییـە، بـەڵکو کلیلێکـی ڕاڤـەکاریی بنـچینەییە بـۆ کردنـەوەی لایەنـە داخراوەکـانی دەق)) [53:17]، لەبەرئەوە لە ڕێگای ناوونیشانەوە، بەشێکی دیاری نهێنیەکانی دەق ئاشکرا دەبێ.

## ناوونیشان لە ( نامەکانی ژاکۆن ) دا

دەقی ئەم چیرۆکانە، وەك لە شیعرییەتی ریتم لێی دواین، لە بچووکترین یەکەی دەق، کە وشەو ڕستەکانە، تا گەورەترین یەکە، کە تەواوی دەقە، بە چنینێکی زمانی و هونەرکاری لـە ڕێکخستنی پێکهاتـەو بە سوود وەرگـرتن لە ڕەوانبێـژی و شێوازێکی شیعری و هونـەری، سـەرتاپای دەقەکـەی داگرتـووە. لـە هـەمان کاتـدا ناوونیـشانیش، وەك ڕەگەزێکی جیانەکراوە لە پێکهاتەی دەق، گرنگی تایبـەتی پێدراوە، لە ئەنجامی هەموو ئەم گەمە هونەرییانـە، دەق بـە هێڵێکی شیعرییەت بوون تێدەپەڕێ. ((جـەبار جـەمال غـەریب بـەهۆی ئیشکردنی لـە زمـان و شیعرییەتی نووسینی چیرۆکەکانی و هەڵبژاردنی بابەت و کەرەستەو تەنانەت ناونیشانەکانیشی، دەمانخاتـە نـاو واقیعێکـی سـیحری و دنیـای فانتازیـا و قـووڵی خـەیاڵ و فراوانـی واتـا)) [192:25] بـۆ زیـاتر تێگەشـتن لـە جیهـانی سـیحری و فانتازیـای قـووڵی ناوونیـشانەکان، شـێوەکانیان دەستنیشان دەکەین.

## شێوەکانی ناوونیشان لە (نامەکانی ژاکۆن)دا

***یەکەم: ناوونیشانی بەرگ:***

بریتییە لە ناوونیشانی کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) و ئەم ناوونیشانەش، ناوونیشانی چیرۆکێکە هێنراوەتە سەر رووپەری بەرگ. لە نێو ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها دەورووبەریش دا، کۆمەڵە چیرۆك، یان کۆمەڵە شیعر، کە کۆمەڵێك دەق لەخۆ دەگرن و ئەم دەقانە لە سەردەمی جیا جیاوە نووسراون، نووسەر ناوونیشانی دەقێك لەو دەقانە بۆ ناوونیشانی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێرێ، هەڵبژاردنی ئەمەش رەنگە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە بێ، لەوانە:

١- نووسەر حەز بە چیرۆکەکە دەکات و لای خۆشەویستترە.

٢- دەشێ ناوونیشانەکە زیاتر سەرنج راکێش بێ.

٣- چیرۆکەکە لەگەڵ باروودۆخی سەردەمەکە دەگونجێ و رووداوەکانی سەرنج رادەکێشن و بە خوێندنەوەی، چیرۆکەکە، یان خودی ناوونیشانەکە دەلالەتی ئیحایی خۆی دەبێ و کاریگەرو وروژێنەر دەبێ.

٤- دەشێ ناوونیشانەکە بە ناوی (دێ، شار، ولآت، کەسانی خۆشەویست) بێ و نووسەر گرنگیان پێبدات.

٥- زۆ جار بە پێی مێژووی نووسینی چیرۆکەکان، چیرۆکنووس یەکەم چیرۆك دەکاتە ناوونیشانی سەر بەرگ.

٦- هەندێ جار لە ڕووی هونەرییەوە، چیرۆکێك بە تەکنیکێکی نوێ نووسراوە، بۆ زیاتر مانەوەی لە هۆشی خوێنەرو ناسراوبوونی بەهۆی ئەم تەکنیکە تازانەوە، چیرۆکنووس چیرۆکەکە دەکاتە ناوونیشانی سەربەرگ.

ناوونیشانی (نامەکانی ژاکۆن) لە ڕووی پێکهاتەوە ناوونیشانێکی ئاساییەو لە دوو ناو پێك هاتووەو بوونەتە دیارخەرو دیارخراوی یەکتر. ئەگەر چی ئەم چیرۆکە لە ساڵی(٢٠٠٠) نووسراوەو بە تەمەن (١٦) ساڵ، لە نۆبەرەی چیرۆکی نێو کتێبەکە بچووکترە، بەڵام وەکو شێوازێکی نوێ، کە زیاتر نووسەر ناوەڕۆکەکەی بۆ کردنە ناوونیشانی بەرگ بە هەند هەڵگرتووە. خودی چیرۆکەکە لە چوارچێوەی نامەکانی

کەسێك دەخولێتەوە، ئەم کەسە قوتابی زانکۆیەو ناوی (ژاکۆن)ـە. هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەم کەسایەتییەو کردنە پاڵەوانو ناوونیشانی سەرەکی چیرۆکەکەو بەرگی کتێبەکە، ئیحایەکی تایبەتی لەخۆدا هەڵدەگرێ، چونکە ئەم ناوە سەرنج راکێشەو لە بنچینەدا بە گوێچکەی مرۆڤی کورد ئاشنا نییە، ئەمە هەڵپەی خوێنەر دەدات، کە بە دوای سۆراخی ئەم ناوە بگەڕێو تامەزرۆی خوێندنەوەکەی بێ. ئەم تامەزرۆیەش بە نێو پرۆسەی چێژ وەرگرتندا تێپەڕ دەبێ، بەتایبەتی گەڕان بەدوای نامەکانو خوێندنەوەیان، کە لێوانلێون لە ئەدەبیاتی نامە نووسینو بەشێوازی شیعری وا نووسراون، کە لە تەواوی پێکهاتەی تری دەق جیادەبنەوە. ئەم چیرۆکە کۆمەڵێك رەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتیو سیاسی هەیە، کە پەیوەستە بە قوتابییەکی زانکۆو ناتوانێ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکەدا دەربچێ و لە هەموو روێکەوە چەپاندن رووی تێدەکاتو دواجار زانکۆ هیچ گۆڕانکارییەك لەم قوتابییەدا ناکاتو چۆن هاتۆتە زانکۆ بەهەمان عەقڵیەتەوە دەچێتەوە. ئەمە نموونەیەکە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات.

ئەوەی پەیوەندی بە ئیستاتیکای ناوونیشان هەیە، ئەم ناوونیشانە دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو دەقێك، کە خوێنەر تا بە نێو دەقەکەدا قووڵ بێتەوەو لە رەهەندە جوانکارییەکانی بگات، قەبارەی ناوونیشان بەهێزتر دەبێو زووتر ئامادەیی تێدا دەبێ، بۆ بە نەمر مانەوە و سەرنج راکێشانی لە مێشکی خوێنەردا، چونکە یەکێك لەو رەهەندانەی شیعرییەت بە دەقێك دەبەخشێ، مانەوەی ناوونیشانە لە خەیاڵی خوێنەر بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگەرچی ناوونیشانەکە دەلالەتێکی قووڵی واتایی نەبێ، بەڵام ناوەڕۆك، دەلالەتی ئەم ناوونیشانە بەهێز دەکات.

(نامەکانی ژاکۆن) ناوونیشانێکی سادەیە، بەڵام بە خوێندنەوەی، سادەیی وشەی (نامە) لە جوغزی خۆی دەردەچێو چوارچێوەیەکی خەیاڵیو سیحریو شیعری بوون وەردەگرێ، وشەکە لە فۆرمێکی بەرجەستەی نازیندوو بۆ فۆرمێکی جوڵاو دەچێو کۆمەڵێك ئەرکی جوانکاریو ئیستاتیکی لە خۆیدا هەڵدەگرێو رۆڵی سەرەکی لە

نەخشاندنی بونیادی ئیستاتیکی دەق دەبێ، ئەم جۆرەی شێواز، لەگەڵ زمانی سەرەکی شێوازی گشتی بونیادی دەقدا، هاوتەریب دەبێ.

***٢- ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکان:***

بریتین لەو ناونیشانانەی، کە چیرۆکەکانیان پێ ناونراوە، ئەمانیش لە ڕووی داڕشتنەوە دەتوانین بەسەر دوو جۆردا دابەشیان بکەین:

أ–ناوونیشانە سادەکان. ب– ناوونیشانە لێکدراوەکان.

أ– ناوونیشانە سادەکان: بریتین لەو ناوونیشانانەی، کە لە وشەیەکی سادە پێک هاتوون و هیچ پاشگر و پێشگرێکیان وەرنەگرتوە.

لە کۆی (١٦) چیرۆك، دوو چیرۆك ناوونیشانەکانیان لە وشەیەکی سەربەخۆ و سادە پێکهاتوون. ئەمانەن:

**١- *مەیین*(١):**

ئەم چیرۆکە بە زمانێکی شیعری پڕ لە ڕەمز، باس لە دوو رووح، دوو منداڵ دەکات، کە لە باوەشی یەکتردا مەییون، کردنە ناوونیشانی وشەیەکی سادە لە رووی پێکهاتنەوە، کەمتر ئیحا و شیعرییەتی هەیە تا وشەی لێکدراو، یان گرێیەك، یان رستەیەك، بەڵام وشە بۆ وشە جیاوازی هەیە. هەندێ وشە هەر لە بنچینەدا وشەی قورس و دەگمەنن و لە شوێنی تایبەتی نەبێ بەکارنایەن. لەم ناوونیشانەدا خوێنەر مەیینی خوێن، مەیینی ستەم، مەیینی ئازایی، مەیینی...هتد، دێتە پێش چاو، کە خودی وشەکە ئاماژەیەکی خێرایە بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر و رامان لە مەدلوول و واتاکانی نێوی، هەروەها خوێنەر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی (کێ، چۆن، کەی، بۆ، کوێ، چ،..) بداتەوە، کە دەشێ ئەمانەی خوارەوەی لە مێشکدا بسەنگرێنەوە، یەکێکیش لە ڕەهەندەکانی شیعرییەت، ئەوەیە دەق بیرکردنەوە بسازێنێ و وا لە خوێنەر بکات، واتای جۆراوجۆر بۆ دەق بەدەست بێنێ و دەق لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی داخراوەوە بەرەو دەقێکی کراوە و پڕ لە هێرمۆنتیکا ببات.

– کێ مەییوە؟

- چۆن مەییوە؟
- کەی مەییوە؟
- بۆ مەییوە؟
- لەکویٚ مەییوە؟
- چی مەییوە؟ ....هتد

هەموو ئەمانە لە ئیحای ناوونیشانەکەدا لەدایك دەبن.

سیمایەکی تری ئەم ناوونیشانە ئەوەیە، وشەکە بە (چاوگ) هاتووە، ئەمە هێزی شیعرییەتەکە بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر رۆنانی وشەکە بۆ (کار) هاتباکایەوە، ئەو کات هەموو ئەم پرسیارانە دروست نەدەبوون و وەلآمی بەشێك لە پرسیارەکان دەدرایەوەو ناوونیشان شێوەیەکی راستەوخۆی وەردەگرت و لە تەمو مژی دووردەکەوتەوە.

**٢- مەیین**(٢):

ئەم چیرۆکەش هەمان ناوونیشانی چیرۆکەکەی پێشووە، بەلآم ئەوەی جیایان دەکاتەوە، ژمارەکەیە، لە چیرۆکی یەکەمدا ژمارە(١) لە تەك ناوونیشانەکە دانراوە، ئەمەش بۆ مێژووی نووسینی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە، کە پێش ئەم چیرۆکە نووسراوە. چیرۆکەکە باس لە هەڵۆیەك دەکات، کە رەمزە بۆ مرۆڤی ئازادیخوازو خەباتکار. هەروەها بە چەندین رەمزی تر داپۆشراوەو زمانێکی شیعری پڕ لە رەوانبێژی بەسەردا زاڵە، ئەوەی هەردوو ناوونیشانی کردۆتە یەك، خولانەوەی ناوەڕۆکەکانیەتی لە چوارچێوەیەکداو قورسایی و بەهای ناوونیشانەکەیە، کە بە ژمارەکانی (١، ٢) لێکی جیا کردوونەتەوە.

وشەی (مەیین) لەم دوو چیرۆکەدا، لە کۆتاییەکە نەبیٚ، خوێنەر پێی ناگات. تەنانەت، لە(مەیین٢) دا، وشەی کۆتایی رۆندراوێکی ناوونیشانەکە خۆیەتی، کاتێك دەڵیٚ:

" *وردە وردەش بریسکاوێکی سووری چاومارت لیٚ دەچۆڕاوە، دڵۆپ دڵۆپ لە هەوادا دەمەیی.*٢١٠ "

کـاری (دەمـــەیی) وشـــەی کۆتـــایی ئـــەم چـــیرۆکەیەو لەگـــەڵ ناوونیـــشانەکە هاوتەریبییـــەکیان دروســـت کـــردووە وەکـــو ســـەر و بنـــی پارچـــەیەك وان و جـــۆرە جوانکارییەکیان بە دەقەکە بەخشیوەو خوێنەر ناچار دەکەن و بۆ خۆی کەمەندکێش دەکـەن، لەگـەڵ نزیـك بوونـەوەی کۆتـایی چـیرۆك، جـارێکی تـر ناوونیـشانی بـە شـێوەیەکی تـر بیر دەکەوێتـەوە. ئەگەر ناوونیشان کۆمـەڵێك پرسـیاری سـەبارەت بـە (مـەیین) لەخۆیدا هـەڵگرتبوو، وا لـە کۆتاییدا وەڵامەکە بـە ڕۆنـانی وشـەکە بـۆ (کـار)، چڕی (الکثافـة) ی پرسـیار لـە مێـشکی خوێنـەر دا پـەخش و بـڵاو دەکاتـەوەو ئـەم شـــێوازە هونەرکارییانـــە ســـەرنج ڕاکێـــشن و بەهۆیـــەوە بـــە دەوری ناوونیـــشان دەخولێتەوەو دەبێتە هۆی مانەوەی ماوەیەکی زیاتر لە بیرو خەیاڵیدا.

ب- ناوونیـشانە ناسـادەکان: بـریتین لـەو ناوونیـشانانەی کـە لـە وشـەیەك زیـاترن. ئەمانیش ١٤ چیرۆك دەگرێتەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

### ١- سەفەری مۆر:

زۆربەی هەرە زۆری ناوونیشانە ناسادەکان، لـە دوو دەربڕین پێکهاتوون و بەهۆی ئامرازێکی پەیوەندییەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەم چیرۆکە باسی کۆچ دەکات، لـە ناوونیـشانەکەشەوە نیـشان دەدات، کـە بـاس لـە(سـەفەر) دەکـات. بـەڵام وەسـفی سەفەرەکەی کـردووەو بـە سیفەتێك دەستنیشانی جۆری سـەفەرەکەی کـردووە، کـە خـۆی لـە ئاوەڵنـاوی (مـۆر) دەبینێتـەوە. ئـەم جـۆرە ناوونیـشانە، لادانێکـی دروسـت کـــردووەو ســـیفەتی (مـــۆر) ی بـــۆ (ســـەفەر) خواســـتووە، کـــە هـــیچ پەیوەنـــدی و گونجانێکیـان لەگـەڵ یـەکتری نییـە. لەبەرئـەوە ئـەم جـۆرە شـێوازە بـە لادان لـە بـاری ئاســایی ئاخــاوتن دادەنــرێ و لەبــەر بارگــاوی بــوونی بــە ڕەوانبێــژی و لادان وەك بنەمایـەکی شـێوازگەری و زماننـاسی نـوێ، دەربڕینەکـەی بـەهێز کـردووەو سـەرنجی خوێنـــەر ڕادەکێـــشێ بـــە دوای مـــۆر و چـــەمکەکەی دابگـــەڕێت و ئـــەو پەیوەندییانـــە هەڵداتەوە، کە لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا هەیەو بارێکی ئاساییان هێناوەتـە کایـەوەو شیعرییەتێکیان بە دەربڕینەکە بەخشیوە.

٢- **نامەكانی ژاكۆن:**

شیكردنەوە و مەدلوولاتی ئەم ناوونیشانە لە بەشی ناوونیشانی سەر بەرگ لێی دواین.

٣- **پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین:**

ئەم ناوونیشانە لەكۆی ناوونیشانی هەموو چیرۆكەكان، درێژترینیانە، كە لە دوو دەربڕین پێكهاتووەو بەهۆی ئامرازی (یان) ەوە لێك گرێدراون و هەر زوو ئیحای هاوواتا بوون، یان جووت ناوونیشانیی، بە دەقەكەوە دیار دەكات، كە پیاوەكان مەرمەرن، یان ئەفسوونەكان شینن.

ئەم چیرۆكەش وەك چیرۆكی پێشەوە بە چڕیی و پوختیی و شیعریبوونی، كە دەلالەتی رەمز و قووڵبوونەوەی واتایی لەخۆدا هەڵگرتووە، خۆی نیشانی خوێنەر دەدات، ئەگەرچیش بەم رەوانبێژیی و هاونەگونجانیەی وشەكان، رێساو پەیوەندییە ئاساییەكانی تێك شكاندووە، ئەمەش بۆتە لادان لە پێكهاتەی زمانی دەقی ناوونیشان. هەروەها یەكێك لە خاڵە جوانكارییەكانی ئەم ناوونیشانەش هاوتەریبییەكی لەگەڵ هەردوو دیارخەر و دیارخراودا هەیە، بە جۆرێك (پیاوان) بەرامبەر (ئەفسوون) و (مەڕمەڕ) یش بەرامبەر (شین) دادەنیشن.

سیمایەكی تری ئیحا ئامێز لەم ناوونیشانەدا ئەوەیە، ناوی (علم)ە، یان ناوێكی تایبەتی و سەربەخۆ، كە رۆنانی بەسەردا نەیێ، هێزی شیعرییەتی كەمترە، چونكە بوونی وشەی رۆنانكراو لە ناوونیشاندا ئاسۆكانی بەردەم گۆڕانكاری لە دەق دەكەنەوەو دەق بەرەو هەنگاونان لە خوێندنەوەی زیاترو بۆ راڤەی جیا جیاو جۆراو جۆر دەبات. هەروەها ناوونیشانێك بۆنی ئەفسانەو سیحری لێ بێ، دوورە لە ئاخاوتنی ئاسایی، ئەمەش رەگەزێكی تری شیعرییەتبوون و كردنەوەی خەیاڵی خوێنەرە بەسەر دەقدا.

٤- **شۆقێك لە خوێندا:**

ئەم چیرۆکە باس لە پیرەژنێك دەکات لە چاوەڕوانی رۆڵە ئەنفالکراوەکانیدا خوو بە مانگایەکەی دەگرێ، دواتر حکومەت هێرش بۆ سەر گوندەکەی دەکاتو تەنیا مانگایەکەی دەبینن، بە دوای ناوی داواکراوەکان هاتوون، ئەو نووشتوەی لە ملی مانگاکەیەوە دەپچڕێنن و مانگا دەکوژنو نووشتوەکە، کە ناوی خوای تێدایە تێکەڵ بە خوێن دەبێ. لە بن چاوانی پیرەژن شۆقێکی گەورە دەبینرێو وەك خوێن سوور بووە. ئەم ناونیشانە وەك پانتایی چیرۆکەکە، رەمز داپۆشیوەو خوێنەر بەرەو کەشێکی فەنتازی دەباتو سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشێ، کە چۆن تریسکاییو شۆقێکە لەنێو خوێندا دەتریسکێتەوە، دواتر وشەی خوێن بۆ ناونیشانەکە، ریتمی خوێندنەوە لای خوێنەر خێراتر دەکاتو لێدانی دڵی خێرا دەبێو دەکەوێتە بارێکی دەروونی وا، کە سەرسام بێو چاوەڕوانی رووداوێکی کارەساتبار بکات، چونکە وشەی (خوێن) لەم وشانەیە، کە دیمەنێکی ترسناك دەخەنە پێش چاوی مرۆڤ.

٥- **ئەفسانەی دووکەڵ:**

ئەم ناونیشانە تەمو مژاوییەو خوێنەر بیری بۆ ئەوە دەچێ، کە باس لە ئەفسانەیەك بکات، ئەم ئەفسانەیەش ناوی (دووکەڵ)ە. بەڵام لە نێو خودی چیرۆکەکە دا، لە پەنای ئەفسانەوە کۆمەڵێك رەمزی نیشان داون، بە کەشێکی ئەفسانەییو سیحریو خەیاڵییەوە ئەستێرەیەك دەرژێو ئەو ئەستێرەیە گومانی لێ دەکرێ، شێخ سەعید، یان ژنێك، یان دایکی شەهیدو یان دایکی نیشتمان...بێ.

هێنانەوەی ناونیشانەکە بە وشەی (ئەفسانە) تا رادەیەك تەمو مژییەکە دەڕەوێنێتەوەو (دووکەڵ) بە ڕەمزێك دادەنێ، لەبەرئەوە هێنانەوەی رەمزو تەمو مژی دەربڕین لە ناونیشاندا، ئیحا دەبەخشێو هێما(رەمز)یش ((لای هێماکارەکان ئیحا دەگەیەنێت)) [14:68]، ئەم ئیحایە لە ئەنجامی جۆرە ناڕۆشنیو لێڵیو تەمو مژاویی ناونیشان دروست دەبێو خوێنەر دەباتە حالەتێکی بیرکردنەوەو خەیاڵو جۆرە تامو چێژێکی پێ دەبەخشێ.

**٦-هەنسكی رەش:**

ئەم ناوونیشانە لە دوو وشە پێكهاتووە، یەكەمیان بە واتای نزگەرەی بە گریانەوە و(هەناسە)ش دێ [1006:58] و دووەمیان بۆتە سیفەتێك بۆ ناوەكە، كە سیفەتی رەشییە. بێگومان ناوونیشانەكە، ناوونیشانێكی شیعرییەو لادانی واتایی سازاندووە، چونكە هەناسە رەنگی نییە، تاوەكو رەش بێ، بە واتایەكی تر (هەناسە) لەگەڵ ئاوەڵناوی (رەش) ناگونجێ و چیرۆكنووس بە نائاسایی بەكاری هێناوە، كە دەربڕینێك نییە لۆژیك وەریبگرێ، یان ئاخاوتنی ئاسایی پێی دەربڕێ، چونكە خودی ((شیعر بریتییە لە زمانێك بۆ دەرككردنی ئەو شتەی كە دەركی پێ ناكرێ)) [137:7] ئەم دەرك پێكردنەش لە چوارچێوەی پرۆسەی لادان دێتە كایەوە((شیعرییەتیش چارەسەری لادانە زمانییەكان لە نێو گوتاری ئەدەبیدا دەكات)) [188]، هێنانەوەی ئاوەڵناوی (رەش) لەنێو گوتاری ناوونیشاندا گونجانێكی لەگەڵ رێچكەی خەمو نیگەرانییەكانی ناوەڕۆك هێناوەتە كایەوە، بە شێوەیەك رەنگی رەش دەلالەتێكی واتایی قووڵی هەیەو ((گوزارشت لە نیگەرانی و رق و قینە و دواكەوتوویی و گەندەڵی دەروون و نائومێدیو رەشبینی دەكات)) [43:97] لە ناوونیشانی چیرۆكەكانی نێو كۆمەڵە چیرۆكی (نامەكانی ژاكۆن)دا، رەنگ رۆڵێكی بەرچاوی لە پێكهێنانیان دا هەیە. سەرەرای رۆڵی لە ئیحای شیعریو رەنگرێژ كردنی بە سیمایەكی وەگەرخەری ناوەكان، یان وەك ئاوەڵناوێكی كارا رۆڵی دەستنیشانكردنی ناوەكانیان بە دەستنیشانێكی نائاسایی و شیعری هەیە.

لە كۆی (١٦) ناوونیشان، (٤)چیرۆك لە پێكهاتەی ناوونیشانەكانیاندا رەنگ هەیە، بێ ئەوەی هیچ كامیان دووباره ببنەوە، لە چیرۆكەكانی(سەفەری مۆر، پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین، هەنسكی رەش، ئەسپی سپی) دەبینرێن، كە رێژەی ٢٥٪ ی كۆی ناوونیشانەكان پێك دێنن. تەنیا لە (ئەسپی سپی)دا نەبێ، هەموویان بوونەتە هۆی سازاندنی لادان لە زمان و نائاسایی بوونی واتادا.

**٧-بەردی مرازان:**

ئەم ناوونیشانە لە ڕووی پێکهاتنەوە، ناوونیشانێکی ئاساییە، بەڵام دەلالـەتێکی واتایی هەیەو زوو لای خوێنـەر ڕۆشن دەبێ، کە بەردێکە تایبەت بە مراز و هیوا و ئاوات، ئەگەرچی شێوەی زمانی ناوچەیی بەم ناوونیشانەش دیارە، لە نیشانەی کۆ، مۆرفیمی(ان) بە دوای مراز دا، وەك زۆربەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس و لە پەنای ئەم زمانە ناوچەییەدا (رەمز) خۆی شاردۆتەوە. کە (بەردی مرازان) رەمزە بۆ هێزی گەلی کورد ئەگەر لە شاریش دەربەدەر بێ، لە شاخ دەگیرسێتەوەو دەمێنێ، وەك خۆی ئاماژەی پێدەدا ئەم بەردە لە جامانەی قەندیل خۆی شاردۆتەوە. وێڕای سەرچاوەی دروستبوونی دەربڕینی ئەم ناوونیشانەش، لە کەلەپووری کۆنی کوردەوارییەوە وەرگیراوە، وەك نەریتێك کورد بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە ئاواتەکانی پەنا بۆ بەرد دەبات.

**٨- ئەتکی رووح:**

ریتمی ئەم ناوونیشانە ریتمێکی خێرایەو لێدانی دڵ زیاد دەکات و خەیاڵی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی دەق پەلکێش دەکات. چڕبوونەوەی زمان لەم شێوە زمانە شیعرییەدا، شیعرییەتبوون بە دەق دەبەخشێ، وێڕای ئەوەی دەربڕینێکی پڕ لە ئیحا و سەرنج راکێش و خاوەنی رەمز و وێنەو رەگەزەکانی رەوانبێژییە. ناوونیشانی ئەم چیرۆکە لەگەڵ ناوەڕۆك و دەقەکەی پێکەوە، شیعرییەتبوونیان هاوتەریبەو ناوونیشانەکە رەنگدانەوەی ئەو کەشە شیعرییەیە، کە لە دەقەکەدا بەرهەم هاتووە، وەك (سابیر رەشید) پێی وایە (جەبار جەمال غەریب) ی چیرۆکنووس ((بە چیرۆکی (هەتکی رۆح) بە شیعرییەتی نووسین و زمانە پاراوەکەی و فەزا فانتازیا ئامێز و خەیاڵی قووڵی بوونی خۆی وەك چیرۆکنووسێکی نوێی دوای ڕاپەڕین سەلماند)) [193:25] ئەم شیعریی بوونەی ناوونیشانیش ((بۆ پتر کارکردنە سەر هەستی خوێنەر و سەرنج ڕاکێشانی لە لایەك، لەلایەکی ترەوە وەکو جوانکاری و رەوانبێژی و بەخشینی ئیحایەکی شیعری، کە زۆر جار لە ڕەمز و پێچانەوەیەکی هونەری یانە بەدەر نین)) [213:67] ئەم ناوونیشانە لە پاڵ ناوونیشانەکانی(گیانی تاشەکان)و

(شـكانی زێ) كاریگـەری خـۆی هەیـە، سـەرەڕای بـەهێزبوونی نـاوەڕۆك و لـە ڕووی شیعرییەتبوونی شێوازی نێو پێكهاتەی دەق.

**٩- تەمە پیاو:**

ئەم ناوونیشانە لە ئاخاوتنی ئاسایی دوورەو چیرۆكنووس بە لادانی لێكسیكی، ئەم دەربڕینەی داتاشیوە، چونكە چیرۆكەكە باس لە كەسێك دەكات ناوی (وسو) ەو ئەنفال كراوەو لە شێوەی (تەم) ێك دێتەوە، لـە جیاتی ئـەوەی بگـوترێ پیـاوێكی وەك تـەم، چڕتر بۆتـەوەو دیارخەرەكـە كەوتۆتـە پـێش. هێنانـەوەی وشـەی (تـەم) لەگـەڵ وشـەی (پیـاو) نـاگونجێن، لـە كوردیـدا دەگـوترێ (قوتـە پیـاو)، (قونـدە پیـاو)، (گێلـە پیاو)....هتد كە بوونەتە سیفەتی پیاوەكە، بەڵام هێنانەوەی ناوێكی وەك (تەم) جۆرە لادانێكـی لێكـسیكی دروسـت كـردووەو ئیحایـەكی بـە دەربڕینەكـە بەخـشیوەو جوانكارییـەكی لـە گونجانـدنی بـە مەبەسـتی تایبـەتی چیرۆكنووس داهێنـاوە، كـە كورتكردنەوە و چڕكردنەوەی دەربڕینە.

**١٠- شكانی زێ:**

ئـەم ناوونیـشانە لادانێكـی لـە پێكهاتـەی واتـایی دروسـت كـردووە، چـونكە (زێ) ناشـكێ و ڕەهەنـدێكی خـوازەیی و ڕەوانبێـژی بەسـەر ناوونیـشانەكەدا زاڵ كـردووە، وێڕای ئـەوەی (شـكان) چاوگێكەو هێشتا بـۆ وشـەی تـر ڕۆنـەنراوە، ئەمـەش چڕیو پـوختی دەربـڕین زیـاتر دەكـات تـا ئـەوەی كـات و ڕووداوەكـە دیـار بـێ، داپۆشـرانی ناوونیشان بە خوازەو ڕەوانبێژی، شیعرییەت پتـەوتر دەكات، چونكە ((ناوونیـشانی شیعر و چیرۆك و ڕۆمان مانایەكی مەجازی لەخۆدەگرێ و خزینێك (انزیـاح) لـە مانـای وشەكان دروست دەكا، كە بۆی هەیە وەك هێماو مـەجازو تەوریـەش مانـا ببەخشێ)) [75:2] لەبەرئـــەوە ئـــەم ناوونیـــشانەی ســـەرەوەش واتایـــەكی نائاســـایی لەخۆیـــدا بەرجەستە كردوووەو بەدەربڕینێكی شیعری دادەنرێ.

**١١- گیانی تاشەکان:**

ئەم ناوونیشانەش وەك ناوونیشانی پێشوو هەڵگری شێوازێکی نائاساییە، کە خۆی لە لادان دەبینێتەوەو ئەم لادانەش بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ، چونکە (گیان) بۆ (تاشەکان) خوازراوەو لە راستیدا بەیەکەوە ڕێك ناکەونو لە واتاو لە لۆژیك بە نائاسایی دادەنرێ، کە بەرد (تاشە)، گیانی هەبێ، ئەمەش وێنەیەکی شیعری سەرنج راکێش لای وەرگر دەسازێنێ. ئەم وێنەیەش لە پێش چاوی خوێنەر بە گیان بەبەرداکردنی بەردو تاشەکان بەرجەستە دەبێ، چونکە ناوونیشان هەیە خۆی وێنەیەکەو ((خاوەنی پێکهاتەیەکی زمانیو وێنەییو ڕیتمیو بزاوتنە)) [80:114] بێگومان وێنەش جگە لەوەی رەگەزێکی شیعرییە، ئیجا بەخشیشە.

نەگونجانو بەیەکدادانی واتایی لە هەردوو وشەی ناوونیشانی (گیانی تاشەکان) دا، نیشاندانی نائاسایی بوونێکە لە تەواوی دەقەکەدا، ئەمەش لای خوێنەر بە دۆزینەوەی بنەماکانی هاریکاریو دەوروبەرە زمانیەکە، واتاکەی دەدۆزرێتەوە. چونکە بنەمای چۆنیەتی، وەك بنەمایەکی هاریکاری ئەوەیە ((گوتنەکەت روون و ئاشکرا بێتو کورت بێتو لە تەمو مژو فرە واتاییەوە دوور بێت و رووداوەکان ریز کرابن)) [222]، بۆیە ئەگەر هەر یەکێك لەوانە بەزێندران، ئەو کاتە نائاسایی واتایی دێتەکایەوە، وەك ئەم ناوونیشانە، کە تەمو مژاوییو نائاشکرایە.

**١٢- و ١٣- مەیین(١) و مەیین (٢): لە لاپەڕەکانی پێشوو لێی دواین.**

**١٤- پاشەڕاو:**

پلەی شیعرییەتبوونی ئەم ناوونیشانە لاوازەو لە ناوونیشانێکی ئاسایی پێك دێ، ئەوەندە هەیە بەرگی زمانی ناوچەیی بەسەردا زاڵە، کردەیەکی کەلەپوورو فۆلکلۆر، کە بە واتای راوکردنی دەرەنگ دێ. دیارە ئەم ناوونیشانە لێکدراوە، لە (پاش+ مۆرفیمی بەستنەوە+ ڕاو) هاتووەو ناوێکی نوێی لێ داڕێژراوە.

هەردووو چیرۆکی (پاشەڕاو) و (ئەسپی سپی)، لە چیرۆکە سەرەتاییەکانی چیرۆکنووسنو چوارچێوەیەکی جیاوازتریان لە ناوونیشانی چیرۆکەکانی تر هەیە.

### ١٥- ئەسپی سپی:

ئەم ناوونیشانە ریتمێکی دەنگی هێناوەتە کایەوە، کە دوو دەنگی سەرەتای وشەی یەکەم نەبێ، ئەوانی تر هاوشێوەی یەکترین و دەشێ بە رەگەزدۆزییەکی زیادەی دابنێین، ئەمەش ئەم دووبارەبوونەوەیە، کە ریتمی دەربڕینی خۆشتر کردووە و دەلالەتێکی واتاییشی هەیە، ئەویش سپی بووونی ئەسپە، بە روانینێکی تر وێنە و دیمەنێك لە خەیاڵی خوێنەر بەرجەستە دەکات، کە ئەسپێکی سپییە. بێگومان ئەم وێنەیەش وەکو رەمز بەکارهاتووە و ئیحایەکی کاریگەری بە دەقەکە بەخشیوە، ئەم جۆرە ئازادبوونە لە دەربڕین و بەکارهێنانی وشە و گەمەکردن بە زمان لە رێی رەمز و وێنەکان، بەرەو ئازادبووونی داهێنان دەچێ، کە یەکێکە لە رەهەندەکانی بەکارهێنانی تایبەتی زمان، بە مەبەستی ئیستاتیکیە و زمانی شاعیرو نووسەرێك لە شاعیرو نووسەرێکی تر جیادەکاتەوە. [98:205]

### ١٦- شەوی یەڵدا:

ئەم ناوونیشانە، لاسایی شیعرێکی (نالی) کراوەتەوە، کە سەرەتاکەی بەم دەربڕینە دەست پێکردووە و بەپێی نەریتە کلاسیکییەکە بۆتە ناوونیشان، چیرۆکنووس لە ژێر کاریگەری شیعرەکەی نالی:

(شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو

کە دیدەم بێ پڕ لە نوورینە ئەمشەو)

ئەم دێرە شیعرەی لەژێر ناوونیشانەکە نووسیوە و کردوویەتە دەروازە بۆ تێگەیشتن و سەرنج راکێشانی خوێنەر. ئەم ناوونیشانە لە هزری خوێنەری کورد بە شێوەیەکی گشتی، دەربڕینێکی شیعرییە و کەشێکی رۆمانسی دەسازێنێ و بیرخەرەوەی شیعرەکەی نالییە* و دەشێ بە دەربڕینێکی تر بڵێین، خواستنی

* بە بۆچوونی ئێمە و تا ئەو رادەیەی ئاگادار بین، ئەم وشەیە لە نێو شیعری کلاسیکی کوردیدا، بۆ یەکەم جار (نالی) بەکاری هێناوە، یان، هێزی شیعرییەتی(نالی) وای کردووە، ئەم دەقە شیعریەی نالی هێندە بەناوبانگ بێ.

ناوونیشانێکە لە ناوونیشانێکی شیعرێکی (نالی)، بەهەمان هێزی شیعرییەت و لەنێو ناوەڕۆکێکی گونجاو لەگەڵ ناوونیشانەکەدا پنگاوەتەوە.

### ٣- ناوونیشان لەنێو ناوونیشاندا :

وادەبێ دەقێک وێڕای هەبوونی ناوونیشانی سەرەکی، لەنێو دەقەکەشدا ناوونیشانی تر بوونی هەیە، کە بە ناوونیشانی لاوەکیش دادەنرێن، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر لاوازبوونی ناوونیشانی سەرەکی، بەڵکو ڕەهەندێکی ئیستاتیکی بە دەق دەبەخشن و بە تەکنیکێکی نوێی چیرۆک دادەنرێ و وەك ڕایەڵێکی سەرانسەرییە لە ناوەڕاستی دەقدا، ئیجا بە ئەمسەرو ئەوسەری دەق دەدات.

لەم چیرۆکانەدا تەکنیکی ناوونیشان لەنێو ناوونیشاندا، تەنیا لە چیرۆکی (سەفەری مۆر) هاتووە، کە باس لە نامەیەك دەکات و بەشێکی نامەکە بە نموونە دێنێتەوە. کە ناوونیشانەکەی (دڵی ئاسن)ە.

دەتوانین بڵێین ئیجا و شیعرییەتی ئەم ناوونیشانە لە ناوونیشانی هەموو چیرۆکەکان، بەهێزترە، چونکە بەلادانێکی گەورە بارگاوی بووە، پەیوەندیی نێوان (دڵ) و (ئاسن) پەیوەندییەکی لێك دوورەو لەگەڵ یەکتر ناگونجێن، هەروەها(دڵ) هاوڕێیەتی لەگەڵ (سۆز، نەرم، شاد، ڕەق...) هەیە، بەلام (ئاسن) وەك وشەیەکی نوێ، دەلالەتی واتایی قووڵ دەگەیەنێ و سوودی لە ڕەوانبێژیی نوێ وەرگرتووە، بە ریتمێکیش دەدرکێندرێ، کە لەگەڵیدا بیرکردنەوەی قووڵ دەسازێ، بەوەی دەبێ ئەنجامێکی ناخۆش و کارەساتبار ڕووبدات. دڵێك وەك ئاسن بێ، دەبێ لە سیفەتێك بە ئاسن چوێندرابێ، ئەویش (ڕەقی) یە، دڵ ڕەقبوون، ئایندەی ڕووداوەکان بۆ نیگەرانی و کەشێکی ناڕاست و ناخۆش دەبات. لەلایەکی دیکەوە، (دڵ) وەك فێڵدێکی شیعریی وایە، لەپاڵ فێڵدەکانی (خەم، پەروانە، پەپوولە، سووتان، مەرگ، ژیان، کۆتر....) شیعرییەت بەهێز دەکەن و هەر لە زووەوە کەرەستەی تایبەتی شیعرو ئامرازێکی بەرچاوی دەقی خەیاڵی و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی بوونە.

## تەوەرەی دووەم:

### باسی یەکەم: شیعرییەتی زمان

زمان بە یەکێك لە کۆڵەگە هەرە گرنگەکانی بونیادی هەر دەقێکی ئەدەبی دادەنرێ‌و ڕۆڵی لە بەرەو پێش بردنی رەوتی دەربڕین‌و قووڵبوونەوەی واتاو مەبەست هەیە. ئەگەر هەریەك لە ئیستاتیکاو رەوانبێژی‌و شیعرییەت پەیوەندییان بە بونیادی زمان هەبێ، ئەوا چۆنیەتی گوتن دەمانباتەوە نێو چوارچێوەی شێوازو بەو هۆیەوە شێوازی تایبەتی دەق و نوسەر دەردەکەوێ. لەلایەکی تر پرۆسەی ئیشکردن لە نێو پێکهاتەی زمانی دەق، هەموو ئەم چەمکانەی سەرەوە بەرهەم دێنێ‌و دەق بەرەو ئاراستەیەکی تایبەتی جیا لە ئاڕاستەی ئاسایی خۆی دەبات، چونکە کرۆك‌و جەوهەری داهێنان لە چوارچێوەی زماندا دەستنیشان دەکرێ.

شیعرییەتی زمانی هەردەقێکی ئەدەبی بە شیعرو چیرۆکەوە پەیوەستە، بە چۆنیەتی بونیادنانی زمانێکی تایبەت‌و نائاسایی‌و دوور لە زمانی رۆژانە، بۆیە ئەم ئەرکە لەنێو دەقێکی چیرۆکیشدا هەمان ئەرکی شیعر دەبینێ‌و رەنگە بالأبوونی شیعرییەتی زمانی چیرۆك لەچاو شیعرییەتی زمانی شیعر بە هەرمێنتریش بێ، گرنگ تێکشکاندنی زمان‌و سەر لە نوێ دروستکردنەوەیەتی، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی شیعرییەت بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی.

کەرەستەی شیکردنەوەی بونیادی زمان لەم لێکۆڵینەوەیەماندا، کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ە، دەتوانین شێوەکانی شیعرییەتی زمان لەم چیرۆکانە دەستنیشان بکەین، کە گرنگترینیان بریتین لە:

#### ١- شیعرییەتی دەربڕین:

ئەگەر دەربڕین وەك گوتنەکانی زمان بناسێنین، ئەوا کۆکردنەوەی کۆمەڵێك دەربڕین، پێکەوە دەقێکی گەورەتر دەسازێنن، هەروەك بە پێی ڕێبازی بونیادگەریش، تاکە دەربڕنێك بە دەق هەژمار دەکرێ، بەلأم ئەوەی دەربڕنێکی ئەدەبی، لە دەربڕینێکی تر جیا دەکاتەوە، پرسی پڕۆسەی ئیشکردنە لەنێو پێکهاتەی زمانەکەدا، چونکە شیعرییەتبوونی دەربڕین جیا لە هێنانە ئارای حاڵەتێکی نائاسایی زمان،

قوڵبوونەوەیەکی شیعری فەلسەفییە، لە خودی دەقەکەداو، بەم هۆیەوە هزر و خەیاڵی خوێنەر لەسەر دەربڕینەکە دەسەنگرێنێتەوەو بواری رامان و تێفکرین لەچاو دەربڕینەکانی تری ئەدەبی بە ئاراستەیەکی درێژتر دەبات، بۆیە ئەگەر ئێستا دەربڕینی شیعریو ئەدەبی رۆڵی هەڵگرتنی هزرو فەلسەفەی لەنێو خۆیدا نەبێ، ئەوا لە کۆندا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەپاڵ دەقە ئاسمانییەکان، دەربڕینی شیعر، زمانی هزر و تێڕوانین بووە بۆ ژیان، ئەم جۆرە دەربڕینانە چەندین ڕاڤەی جۆراو جۆریان بۆدەکریو واتایەکی بەرز و، هزر و روانینێکی تایبەتیان لەخۆدا نواندووە، لە ئەدەبی کوردیدا، دەربڕینە شیعرییەکانی (باباتاهیر و مەولەوی و مەحوی... هتد) نموونەی ئەو جۆرە دەربڕینانەن، کە قورسایی و هێزێکی هزریو فەلسەفی واتاییان تێدا بەرجەستە بووە.

ئەگەر زمانی چیرۆك بە نموونە وەربگرین، نابێ تەنیا زمانێکی واقیعی و ئاسایی بێ، بەڵکو لەپاڵ لایەنی هونەرکاری رووکارەکەیەوە، دەبێ لایەنی لۆژیکی عەقڵی پەخشانی لە زماندا، لەپاڵ خەیاڵ و فەنتازیای شیعری و هەروەها لایەنی هەڵچوون و سۆز لەپاڵ واقیع و واتادا، ئاوێتەی یەکتر بکرێن. بەم شێوەیە پانتاییەکی مردووی چەقبەستوو لە نێو دەقدا دروست نابێ، بەڵکو زیندوویێتی دەبەخشێ، دوور لە راستییە زانستییە بێ جووڵەکان (الجامدة) ئەمەش لە زمانی شیعر و شیعرییەتی دەق نزیك دەکەوێتەوە. [55:202] لەبەرئەوە تا زمانی چیرۆك و دەربڕینەکانی چڕ و پوخت بکرێنەوەو کار لە پێکهاتەکەیان بکرێ، هێندە بەرەو شیعری بوون دەچێ. ئەم کارکردنەش دەبێ سمین و رووشاندنی رووکاری زمانو دیوی واتایەکەی بێ، بە جۆرێك لە زمانی رۆژانە جیای بکاتەوە، بە تایبەتی بەهۆی خواستنی دەربڕینی جوان، جا دەربڕینەکان وشەی ناباو بن، یان بە رەگەزەکانی رەوانبێژیو لادان لە رێساکانی زمان بارگاوی کرابن، چونکە وەك ئەرستۆ دەڵێ ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تێدا بەکار بێ، بەرزی و شکۆمەندی تێدایەو لە سەرووی ئاستی زمانی رۆژانەوەیە... {وەك خۆیشی دەڵێ} : مەبەستم لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی خوزراوە و وشەی درێژکراوەو هەرشتێکی ترە، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ))

[83:43] واتـه یـەکێك لـه بنـەماکانی دروسـتبوونی دەربڕینـی جـوان و دەربڕینێکـی شیعری، له ئەنجامی دوورکەوتنەوە له زمانی ئاسایی و لادان له ڕێسا باوەکانی گوتن دەبێ.

لــه کــۆ چــیرۆکی (نامــەکانی ژاکــۆن) دا، وێــڕای شــێوازی گێڕانەوەکــەی و تێکشکاندنی بنەما تەقلیدیەکانی کات و بینای ئاسایی هونەری گێڕانەوە، ناو بە ناو دەربڕینی شیعری بەرچاو دەکەون، کە بۆ خوێنەر جێگای رامان و هەڵوەستە لەسەر کردن و بیر و هزری خوێنەر بە ئاڕاستەیەکی قووڵتر دەبەن و چیرۆکنووس لە زمانی کارەکتەرەکانــەوە ئــەم جــۆرە دەربڕینانــە دێنێتــەوە و زۆر جــارانیش لــە ڕســتە و ئاخاوتنەکانی تر جیایان دەکاتەوە و دەیانخاتە نێو جووت کەوانەیەکەوە. وەك:

«*مێرگەکانت بۆ ڕادەخەین، ساڵەکانت دەخەینە بەر پێ*» ل٨.

ئەگەر چی ئەم جۆرە دەربڕینە کاریگەری رەوانبێـژی و لادان لە ڕێساکانی زمان و واتای، بە ڕوونی پێوە دیارە، بەڵام لەزۆر دەربڕینی تر جیادەکرێتەوە، بەهۆی قووڵی بـیر و مەبەسـتەکەی، چـونکە زۆر جـار لـە قـسەی ئاسـاییدا، لادان، یـان رەگــەزی رەوانبێـژی دەردەکـەوێ، بـەڵام ئـەم شـێوەیە، بیرکردنەوەیـەکی فەلـسەفی لەخۆیـدا هەڵگرتووە و زمانی دەرپرینی بەئاڕاستەیەکی بیریی قووڵ و وردی فەلسەفی بردووە.

یان وەك دەڵێ:

" *مادام لە رووناکیدا خەومان لێناکەوێ، با سەدامان لە تاریکیدا دنیا شەق کا*. ل٤٤".

ئەم دەربڕینە لە رەگەزەکانی رەوانبێژی خاڵییە، بەڵام مەبەستێکی قووڵ دەگەیەنێ، کـە پەیوەنـدی بـە ئـازادی و سەربەسـتی نـاخی مـرۆڤ لـە نێـو کۆمەڵگەیـەکی پـڕ ستەمکاریدا هەیە. بۆیە ئەم دەربڕینـە بـە هزر و رامانێکی شیعری و ئیستاتیکایەکی بـەرز ئـاوس بـوە، لەبـەر ئـەوە مـەرج نییـە هـەموو دەربڕینێکـی جـوان، لادان بەرهـەم بێنـێ،(ئەگەرچی ئەم دەربڕینـەی سـەرەوە لادانی تێدا بەرجەستەبووە، چونکە دنیا شەق نابێ) بەڵکو ئەوەی، کە ئاخاوتنی ئاسایی ناتوانێ بیدرکێنێ، کەچی لە دەقێکی چـیرۆك یـان شـیعردا بەرجەسـتە دەبـێ، ئـەوا ئـەم دەربڕینـە، شـیعرییەت بـەنێو دەمارەکانیـدا تێدەپـەڕێ، یـان لـە وتەیـەکی فەلـسەفی نزیـك دەبێتـەوە، کـە لـە زمـانی

ئاسـاییدا دووره، یـان بـه بـەرگی لادان و ڕەگـەزە ڕەوانبێژییـەکان دادەپۆشـرێ، کـە هەمدیس ئەویش بەزاندنی ڕێساکانی زمانی ئاخاوتنە. کۆی ئەم پرۆسەیەش شێواز بەرهەم دێنێ، کە پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ زمان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، چونکە ((ڕەسەنایەتی شێواز لە شیعرییەتی زمانەکەیدایە)) [175:154]. بۆیـە بـە شیعرییەت بـوونی دەربـڕین، بـەهێزکردنی زمـان و تایبەتمەنـدی دەق و نووسـەر نیـشان دەدات. لەهەمان کاتدا ژانری چیرۆك لە شێوازێك نزیك دەخاتەوە، کە پێویست بکات خوێنـەر هەمان خوێنەری ئاسایی نـەبێ، بـەڵکو شارەزای جیهانی نووسین و چیرۆك بێ و ئـەم ئیستاتیکای دەربڕینـە، شیعرییەتیش بـە وەرگـر ببەخشێ، ئەمـە دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕایەی، کە بڵێین: هـەر دەربڕینێك لـە هـەر ژانرێکـی ئەدەبیدا، دوور لـە زمـانی ئاسایی بێ و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و لادان لە ڕێساکانی زمانی تێدا بەرجەستە بێ، ئەو کاتـە دەربڕینەکە دەبێتە دەربڕینێکـی شیعری، کەشیعرییەتی تێدا لـە پلەیـەکی بـەرز بێ، چونکە مەرج نییە شیعرییەت هەر لە فۆڕمی شیعرو ڕەگەزەکانی شیعردا خۆی نیشان بدات، بەڵکو لەو کاتەدا کە زمانی دەقەکە و گوتارەکەی بـەرەو گۆڕانکاری و هـەڵگرتنی سیماکانی شیعرییەت بچێ و ڕایەڵە ئاساییەکانی بونیادەکە تێك بشکێ و سەر لە نوێ بە تام و بۆنی شیعرییەت دروست بێتەوە.

((شیعرییەتی نووسینی چیرۆك ئەوە نییـە کـە شیعر بکرێ بە زمانی نووسین، یا شیعر تێکهەڵکێشی چیرۆك بکرێ، بـەڵکو چڕکردنەوە و ئیستاتیکا و بـەکارهێنانی شـێوەی هونـەری زمانـە لـە دەربڕینـی نوێـدا)) [92:15] بـەو واتایـەی هـەر زمـانی چیرۆکەکەیە لە زمانی شیعر نزیك دەبێتەوە، ئەم شێوە هونەرییە لە زمانی دەربڕینـدا، هۆکارێکە بۆ گرنگیدان بە دەق و چڕکردنەوەی واتا و، کورتکردنـەوەی کەرەستەکانی گوتنە لـە چوارچێوەی گوتەیـەکی کـورت، کـە دەشێ بـە دەیـان دێـرو دەربڕینـی دیکـە ڕوون بکرێتەوە، وەك ئەم دەربڕینانە:

– *کچە قەیرەکان لە تەمەنێکدا بۆنی ماینیان لێ دێ. ل٦٠ .*
– *تەنیا قەیرە کچ دەزانێ هەناسەی پیاو چ بەهایەکی هەیە. ل٥٧ .*
– *هاوکێشەی ئەو دنیا قورسە بە ئێمە نانوسرێتەوە. ل٣٨ .*

- *لە خەمی دڵ مەبە لێرە پێویستت بە دڵێك نییە پێوەی بژی. ل١٣٧.*
- *پێی بڵێ لە نێوان ناوی کچ و ژندا هاڕەی شکانی هەزاران پەرداخی سەد ڕەنگ و کریستاڵ دێتە گوێ کە بە دیوارەکانی رووح دەکەون، ئەفسووس ئێوە ئەو هاڕەیە نابیستن. ل٥٦.*

رامان لەم نموونانە، کە هەڵهێنجراوی نێو یەك دەقی چیرۆکن، دەردەکەوێ، کە دەربڕین رۆڵی لە جوانکردنی دەقدا هەیەو تایبەتمەندی بە زمانی دەقو نووسەر نیشان دەداتو دەق چڕ و پڕو پوخت دەکاتەوە لە زیادەڕەوی و درێژدادڕی دەیپارێزێ. چونکە ((چڕی تایبەتمەندییەکی شیعرییە... هەتا روانین فراوان بێ، دەربڕین تەنگ تر دەبێو هەتا دەربڕین تەنگتر بێ، روانین فراوانتر دەبێ)) [101:205] بۆیە روانینی قووڵ و فراوانی چیرۆکنووس بۆ شتەکانی دەوروبەری، دەربڕین جوانتر و پوختتر دەکەنەوە، ئەم دەربڕینەش روانینو جیهانبینییەکی گەورەی لەخۆدا هەڵگرتووە، کە خۆی لە چڕو پڕی دەربڕین دەبینێتەوە، کە بە یەکێك لە سیماکانی شیعرییەت دادەنرێ.

لە کۆی هەموو چیرۆکەکان، زۆرترین ئەم شێوە دەربڕینە شیعری و فەلسەفییانە، بەر چیرۆکی (پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین) دواتر بە پلەی دووەم بەر چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن، سەفەری مۆر) دەکەوێ، کە لە زمانی کارەکتەرەکانەوە بەزمانێکی شیعری دوور لە زمانی ناوچەیی، دەربڕین پتەو دەکات. دەربڕینی ئەو نامانەی کە لەسەر زمانی ژاکۆنەوە نووسراونەتەوە، دەربڕینێکی تایبەتنو شیعرییەتی نامەکان لەتەواوی دەقدا بە شیعریبوونیان جیا دەکرێنەوە. ئەم شێوازەو شێوازە شیعرییەکانی تری نێو دەقەکە، تایبەتمەندییان بە زمانی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس داوە و وەك (عەتا قەرەداخی) دەڵێ:((جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە نووسیندا و... زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیەو بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دەنووسێت)) [126:32] ئەم تایبەتمەندیبوونەش بەشێکی لەنێو دەربڕینی چیرۆکەکان بەرجەستە دەبێ، کە ئاڕاستەی چیرۆکەکەی بەرەو شیعرییەتبوون

بردووەو، چ لە ڕووی ڕووخسار، چ لە لایەنی ناوەڕۆك و واتاوە پتەو و چڕ و پڕ خۆی نیشان دەدات‌و تام و بۆنێکی شیعرییانەی بە دەقەکە داوە.

**٢- دەقی شیعری لەنێو دەقی چیرۆك:**

دوای ئەوەی لە سەرەتادا سنووری چیرۆك لەگەڵ شیعر، بەهۆی سنوورەکانی نێوان شیعر و پەخشان لێك دوور کەوتەوە، چیرۆك تەنیا چەند رەگەزێکی لە شیعر دەخواست‌و، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا شیعر وەك دەقێکی تەواو خۆی بخزێنێتە نێو پێکهاتەی ژانری چیرۆك. لە نێو مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردیدا، هەردوو چیرۆکی (لەخەوما) ی (جەمیل صائب) و (مەسەلەی ویژدان) ی (ئەحمەد موختار جاف)، کە لە سەرەتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی دەژمێردرێن، هیچ کامیان ئەگەر بۆ تاکە دێرێکیش بێ، شیعریان بۆ نێو بەرهەمەکانیان نەخواستووە، کە دەڵێین شیعر، مەرج نییە شیعرێکی تەواوی ملکەچ بە هەموو یاساکانی شیعر، بەڵکو ئەو ژانرانەشی کە لە شیعر نزیکن (لەڕووی کێش و سەروا)، وەك لایلایە و بەیت...یان دەربڕینی شیعری، هیچ کامیان بوونیان نییە.

دوای ئەم قۆناغە، بەهۆی زیاتر بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی، پەیوەست بوونەکە زیاتر بە شیعرەوە دەبینرێ، بەرهەمێکی وەك رۆمانی (پێشمەرگە) ی (رەحیمی قازی) بە سوود وەرگرتن لە دەقی فۆلکلۆری و ئاوێتە بوونی لەگەڵ دەقی شیعریدا، لە چەند شوێنێکدا، بە شیعر هاتۆتە گۆو دەقی شیعری هێناوەتەوە*. بەرە بەرە ئەم شێوازە لەنێو شێوازی نووسینی چیرۆکی کوردیدا بووە باو. هەرچی پەیوەستە بە شیعرییەتی دەقەوە، مەرج نییە هەموو ئەو دەقەشیعریانەی، کە لە نێو پێکهاتەی چیرۆکەکان بەرجەستە بوونە، شیعرییەتیان تێدا بێ، بەڵکو بۆ بونیادی زمان، رێژەی لادان‌و شیعرییەتی دەربڕینی دەقەشیعرییەکان دەگەڕێتەوە.

* وەك لە لاپەرەکانی ( ٢٩، ٣٣،٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٤، ٥٢، ٦٠، ٦١، ١٢٧، ١٣٢) کە دەقی شیعری تێدا دەبینرێ. بڕوانە [11].

لەچەند دەقێکی چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن)دا، دەقی شیعری جۆراو جۆر دەبینرێن، لەبەر ئالوودە بوون و تێکەڵبوونی لەگەڵ دەربڕین و زمانی شیعری، چیرۆکنووس هەوڵی داوە دەربڕینی شیعری تەنیا بە شێوە ئاساییەکەی نا، بەڵکو وەك دەقێکی تەواوی شیعری بە ئاڕاستەی ستوونییەوە چەند دەقێکی تێکەڵ بە دەربڕینەکانی نێو چیرۆك کردووە و وەك شاعیرێك شاعیرییەتی خۆی نیشان داوە. ئاشکراشە ((خواستنی ئامرازەکانی شیعر لای چیرۆکنووس، واتای کەم و کوڕی لەچیرۆك ناگەیەنیٚ)) [62:202] بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم هونەری لەیەکتر وەرگرتنە، کەشێکی فانتازی و سیحری، لە شێوەی شیعر دەسازێنیٚ و ئەم خواستنەش شیعرییەتبوونی دەقەکە دەسەلمێنیٚ و بە چەند شێوەیەك ئاخنراوەتە نێو چیرۆکەکان، گرنگترینیان:

أ- خودی چیرۆکەکە دەقە شیعرییەکانی بەرهەم هێناوە، نەك بە پێچەوانەوە، واتە لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی چیرۆکنووس بە نێو ناخی پانتایی دەقەکەداو رسکانی زمانی دەربڕینەکەی، بەرەو ئاڕاستەی پتەو بوونی کەشی چیرۆکەکە چووە لە ئاستی فانتازییەکەیەوە، سەرەنجام دەربڕینەکان لە بۆتەی دەقی شیعریدا رسکاون. چونکە پێویستە چیرۆکنووس زۆر بە ئاگاییەوە، شیعر لە نێو چیرۆك بەکار بێنیٚ ((باشترین (شیعری چیرۆك) ئەو جۆرەیە کە لە (ناوەوەی چیرۆك) بە شێوەیەکی پێویست و شاردراوە لە دایك دەبیٚ)) [63:202] و دواجار لە چوارچێوەی دەقێکی شیعری جوان خۆی نیشان دەدات. وەك لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا)دا، لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەدا، سیٚ جار دوو دەقی شیعری لەگەڵ دەربڕینەکان تێکەڵ بوون. بۆ نموونە:

دەموو چاوی بچوکت لەنێو ریشم دا ون کە...گوێت لە دەفەی سنگم بیٚ.

بەناو خۆتا شۆڕ بەرەوە..

لەبن سیلەی نەمامێکی تازە پشکوتووی گیانتا

منداڵێکی ڕووت خەوتووە.

تازە چاوی کردۆتەوە

پەپوولەیەك لەسەر پێڵووی هەڵنیشتووە...

**تیشکێکی ڕوونی هەنگوینی وەکو چاوت**

**بەر چاوەکانی کەوتووە....**

**خۆت مەجووڵێنە... دەنگی دڵم لەشەقەی باڵی کۆترێکی سەربڕاو دەچێت**

**گوێ لە دەنگی باڵە سووتاوەکانی بگرە.**

**یان دەڵێ:**

**دە بباریَ..**

**ئەو بارانەی لەسەر کوڵمەی یارەکەما**

**وەک ئاورینگ ئەلەرێتەوە***

**.....**

**دە دابکە**

**لە غەریبی و عەشقی منا**

**دەدا بکە**

**لە سووتانی دڵی منا..لا ٢٣٥.**

**یان دوای پەڕەگرافێکی تر وەك مۆنۆلۆگ ئەم دەقە دێنێتەوە:**

**توخوا چاوگەش**

**لەژێر سێبەری باران و بۆنی گەڵای دارەکانا.**

**وەرە باوەشی غەریبیم**

**وەرە باوەشی تەنیاییم**

**با لە نێوان کوڵمەکان و لێوی تۆدا بارانی گەش بخۆمەوە**

**با بەسەری کەزیەکانت**

---

* سەرنج دەدەین لەم دەقە شیعرییەدا، کارە ڕانەبردووەکە بە نیشانەی (ئە) لە جیاتی (دە)، بۆتە ڕانەبردوو، ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری سلێمانی و سنەیی بەکاردێ، ئەگەر چی چیرۆکنووس تەواوی چیرۆکەکانی بە نیشانەی (دە) نووسیون، بەڵام وەك چاو لێکەرییەك و شتێکی باو، کە ئەو کات و ئێستاش لای هەندێ کەس، ئەوانەی بە (دە) دەئاخڤین، لە شیعر و نووسیندا بە (ئە) دەیاننوسی و دەنووسن، ئەمەش جۆرە لادانێکی زارەکیی و وشەییە لە سروشتی زمانی کوردیدا.

«دڵێکی عاشق هەڵواسم لەناو باران دا بخووسیّ». ل٢٣٦.

ئەم شیعرانە لە ئەنجامی سازاندنی کەشێك، کە تەنیا گێڕەرەوە قسە دەکات و لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەدویّ، دەقەکە تەواو لە وەسفدا نقووم بووە، ئەم دەقانە بەرهەمی ئەم وەسفە تاکە کەسییانەن. وەك:

"سەر بنیّ بە سنگمەوە.. سەر بنیّ بە دڵمەوە بزانە چیت پێ دەڵێن.. بزانە لە حەیفان ناسووتێی..

............

...........

دە لێی گەڕیّ با لە مردنا هێمن بیّ

دە لێی گەڕیّ با لە مردنی ئەوشەویا

دەمی لە نێو دەمتا ون بێت.. ل٢٣٤."

ب- وا دەبیّ دەقە شیعرییەکە هەر لە نێو پێگەیشتنی زمانی چیرۆکەکان بڕسکیّ، بەڵام دەقەکە وەك فۆڕمی شیعری بە شێوەی ستوونی ریز نابیّ، بەڵکو بە هەمان هێڵی چیرۆکدا تێدەپەڕیّ و جاری واش بەهۆی هێڵێکەوە (/) سنوور دەربڕینەکان لێك جیاکراونەتەوەو خوێنەر دەتوانیّ بەهۆی ئەم هێڵەوە ریزکردنە ئاسۆییەکە بۆ ستوونی بگۆڕیّ، هەندیّ جاریش چیرۆکنووس ئەم دەربڕینە شیعرییانە بە (گۆرانی)* دادەنیّ، هەڵبەت کەرەستەی گۆرانیش شیعرە، ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئێمەیە، خودی ئەم کەرەستانە دەبیّ شیعرییەتیان لە پانتایی کەرەستەکانی دیکەی چیرۆك

* چیرۆکنووس ئەم دەقەی ناوناوە گۆرانی، لەسەر زمانی کارەکتەرەکان، ئەگەرنا لە بنەرەتدا، نە دەقێکی گۆرانییەو نە کراوەتە گۆرانیش، هێنانەوەی گۆرانی و خواستنی بۆ نێو دەقی چیرۆك، لە چیرۆکی (خەونی شەوێکی هاوین) ی (سەلاح شوان) دەبینریّ، کە پارچەیەکی لە کۆپلەیەکی گۆرانیبێژ (محەمەدی ماملیّ)ی هێناوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هی شیعری خۆیشی هێناوەتەوە، بەڵام تێبینی ئەوەمان کردووە، کە وێڕای ئەوەی (سەلاح شوان) شاعیریشە، بەڵام هێنانەوەی دەقی شیعری لە (نامەکانی ژاکۆن) شیعرییەتی زیاترە لە پارچە دەربڕینە شیعرییەکانی چیرۆکەکەی (سەلاح شوان). بڕوانە [42:48] .

**زیاتر بیٚ، ئەمەش بە هۆی جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی و گرنگی بەهای ریتم و چێژ بەخشین بە وەرگر دەبیٚ.**

**زمانی شیعری (واتای واتا)[*] بەرهەم دەهێنیٚ، بەلاّم زمانی ئاسایی تەنیا (واتا) بەرهەم دەهێنیٚ [١٦٢ :١١٥] بۆ نموونە لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دا، بە هەستێکی پڕ لە خەیالّ و نیشاندانی شێوەی واقیعێکی فەنتازی بە ناوی گۆرانی کچەکەی ئەودیو غوبار، ئەم پارچە دەربڕینە شیعرییانە دەنووسێتەوە:[**]**

((***تۆ بچۆ باوەشی گوللەکان و من دەچمە باوەشی ئاگر/ تۆ بچۆ نێو گۆڕە ساردەکان و من دەچمە نێو هەناسە گەرمەکانی یادگار/ تۆ هەموو برادەرەکانی خۆت ناشت و من هەموو جوانیەکانی شارەکەم/ تۆ ترسەکانی چەك وردی کردی و من ترسەکانی تۆ/ تۆ مەیتەکەت لەبەر هەتاو کەوت و چاوت ڕژاو کرمت تێکەوت/ من بوومە دیلی کراسە ڕەشەکەت/ تۆ بوویتە چەقۆیەك و من بوومە دلّۆپی خوێن.. لا٣٦***))

**دەبینین ئەگەر بە شێوەی ستوونی دەربڕینەکان ڕیز بکەین، وێڕای ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و لادان و دیوی ناوەوەی واتا، لە ڕووی ریتم و شێوەی دەرەوەشدا،**

---

[*] **مەبەستمان لە (واتای واتا) دووبارە لێکدانەوەی ئەو واتایەی کە یەکەمجار لە دەربڕین خۆی بەرجەستە دەکات، واتە ئەو دەربڕینەی کە خوێنەری ئاسایی لێی تێدەگات، جارێکی تر ئەو واتایە لێك بدرێتەوە، هەروەك (واتای واتا The Meaning of meaning) ناوی کتێبێکی (ریچاردز)ە، کە بە هاوکاری (چارلز ئۆگدن)، لەسالّی ١٩٢٣ بلاّوبویەوە. ئەم بەرهەمە سەرەکیترین کتێب بوو دەربارەی زانستی سیمانتیك، نەك لە ڕەخنەی ئەدەبی، بەلّکو کاری کردە سەر هەموو ئەو تیۆرە فەلسەفییانەی لۆژیك ناس و دەروونناس و لێکۆلّەرەوان، کە پەیوەندی بە نێوان زمان و بیر هەبوو. ریچاردز دەربارەی پرسەکانی: ئەدەبیاتی خەیالّی چییە؟ و زمان چۆن بەکاربیٚ؟ بەکارهێنانی زمان لە کاری ئەدەبی و زانستی نرخ و بەهای چییە؟ دواوە. لەبەرئەوە واتای واتا لای ناوبراو بەفراوانی لێك دراوەتەوە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە [213-212:213].**

[**] **بە زۆری هێنانەوەی ئەو دەربڕینە شیعرییانەی، کە لە شێوەی مۆنۆلۆگ دان و لە کات و ساتی مۆنۆلۆگدا دەردەبڕدرێن، گوتنەکە لەنێو خەیالّ و هەست و سۆزدا چڕدەبێتەوە، لە دەربڕینێکی ئاساییەوە بۆ دەربڕینێکی شیعری دەچیٚ. بۆ نموونە (ڕەئوف بێگەرد) لە چیرۆکی (مەرگی شاعیر)دا، پارچە دەربڕینێکی شیعری دێنێتەوە، لە زمانی کارەکتەرەکەدا بە ورتە ورت ناوی دەبات، لە شێوەی مۆنۆلۆگ، کارەکتەرەکە بەهەستێکی شاعیرانە دەئاخڤیٚ. بڕوانە [92-91:42]**

جوانكارييـــەك لــە هاوتــەريبی و هاوســـەنگی دەنگـــی و وشـــەيی دەبينـــرێ، ويـــڕای پابەندبوون بە پارادۆكس، كە هەموويان دەق بەرەو شيعرييەت دەبەن و دەستەڵاتی زمان نيشان دەدەن:

تۆ بچۆ باوەشی گوللەكان و
من دەچمە باوەشی ئاگر
تۆ بچۆ نێو گۆڕە ساردەكان و
من دەچمە نێو هەناسە گەرمەكانی يادگار

تۆ بچۆ باوەشی گوللەكان و من دەچمە باوەشی ئاگر
تۆ بچۆ نێو گۆڕە ساردەكان و من دەچمە نێو هەناسە گەرمەكانی يادگار

ڕێكخستن و ريزبوونی وشەكان دواليزمێكيان لە نێوان (من و تۆ)دا، دروستكردووە، كە ئەركی هەردووكيان جيا دەكاتەوە، باوەشی گوللەو باوەشی ئاگر، گۆڕی سارد و هەناسەی گەرم...هتد

هەموو ئەو دەربڕينە شيعرييانەی، كە لە بەرگی تێكەڵبوون بە گۆرانی و بەيت و لاواندنەوەو ئەفسانەو خەياڵی قووڵ دەردەكەون، شێوەيەكی سيحری و ئيستاتيكی زمـان نيـشان دەدەن، كـە هـەموويان دواجـار دەبنـە كرۆكـی هـەر دەقێكـی شـيعری، ئامانجيش لەم ئاوێتەبوونانە نيشاندانی شێوازێكی تايبەتييە بەهۆی ئيشكردن لە پێكهاتەی زمان و خوولانەوەيە لە دەورەی دەق بۆ جوانكردنی دەربڕين و ئەو زمانەی كـــە دەقـــی پێدەنووســـرێ، لەبـــەر ئـــەوە زۆر جـــار هێنـــدە بـــە قـــووڵايی شـــيعرو شيعرييەتبوونی دەق شۆڕدەبێتەوە، گێڕانەوە فەرامۆش دەكات، ئەگەر شيعرييەت بنـەماكانی گێڕانـەوە پتـەو بكـات، ئـەوا زۆر جـار كەشـە شـيعرييەكە بەسـەر كەشـی گێڕانـەوە زاڵ دەبـێ و هەنـدێك لـە بنـەماكانی گێڕانـەوە لـە سـەر ڕێـچكەی خۆيـان

دەخزێن و دەق لە شیعرییەتی گێڕانەوەوە بە لای شیعرییەتی شیعر دادەکەوێ، بە جۆرێك لە نموونەی دەقە شیعرییەکانی پێشوودا خوێنەر هەست ناکا ئەم شیعرییەتبوونە لە خزمەتی گێڕانەوەدا بێ، بەڵکو واهەست دەکا بە هەناسەیەکی شیعری، واقیعێکی فەنتازی بەرهەم دێنێ، کە دواجار ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی ئیستاتیکای دەق بە گشتی و زمان بە تایبەتی دەبێ.

ج- وا دەبێ پتەوبوونی بابەتی چیرۆکەکە، وەکو بەڵگەو، بۆ جوانکاریی پێکهاتەکەی، لە شێوەی هەمان بابەت، دێری شیعری شاعیرانی تر بخوازێ، بە پێچەوانەی دوو خاڵەکەی پێشوو، کە بونیادی چیرۆك و کەشە زمانیی و شیعر ئامێزەکان، دەقی شیعرییان بەرهەم دەهێنا، لەم شێوەیەدا خوێنەر هەست دەکات لەژێر کاریگەری دەقە شیعرییە خوازراوەکان، چیرۆکەکە بەرهەم هاتووە، بەڵام کرۆکی چیرۆکەکە، نزیکییەك لەگەڵ دێرە شیعرەکە دروست دەکات و لە چوارچێوەی دەقئاوێزان (التناص) نزیك دەبێتەوە، نەك وەك کارتێکردن، بەڵکو بۆ جوانترکردنی دەق، لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیی کۆن لە چوارچێوەی تیکهەڵکێش (التضمین) نزیك دەبێتەوە، کە دێرێکی شاعیرێکی تر بۆ خۆی دەخوازێ. ئەمەش دەق بەرەو کراوەیی دەبات و پەرژینی داخراوی دەق تێکدەشکێنێ و ڕێ بە هاتنە ناوەوەی هەموو کەرەستەو هونەرەکانی تر دەدات، ئەم کردەیەش سیمایەکی دیکەی شیعرییەتە.

ئەم شێوازە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا، بەچەند شێوەیەك دەبینرێ، هەیانە لە سەرەتاوە لەژێر ناوونیشان دێرە شیعرێك بۆ کۆکردنەوەی دەروازەی چیرۆکەکە دەکاتەوەو هەشیانە لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا * لەگەڵ گونجانی پێکهاتەکەی، یان لە دەمی کارەکتەرێك نموونەی شیعری بۆ خۆی دەخوازێ، ئەوەی گرنگ بێ لێرەدا، کرانەوەی بونیادی دەقە بەسەر هاتنە ناوەوەی دەقێکی شیعری، هەروەها ماهییەتی

* بۆ نموونە (محەمەد ڕەشید فەتاح) لە چیرۆکی (دوێنێ و ئەمڕۆ) لە شێوەی شیعردا، بە کۆپلەیەك دەروازەی چیرۆکەکە دەکاتەوە و لە چیرۆکی (درەختی ئوزیش پوازی لەخۆیەتی) لە شێوەی مۆنۆلۆگ، کۆپلە شیعرێکی هێناوەتەوەو لەگەڵ ڕەوتی گێڕانەوەکەدا گونجاندوویەتی، هەردوو دەربڕینە شیعرییەکانیش هی خودی چیرۆکنووسن. بڕوانە [8,14:18] .

نموونە شیعرییەکەو شیعرییەتی نموونەکەو هاتنەوەو گونجانی لەگەڵ پێکهاتەو ناوەڕۆکەکە، ڕۆڵ لە چڕکردنەوەی دەق و رسکانی لە چوارچێوەی شیعرییەتدا دەبینێ.

لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا) چیرۆکنووس لە دوای ناوونیشانو لە دەروازەی نووسینی چیرۆکەکەدا ئەم دێرە شیعرەی (نالی) هێناوەتەوە:

(( شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو. ل٢٢٩ ))

ئەم دێرە زۆر لەگەڵ پێکهاتەو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەگونجێ و لە وەسفێکی وردی شەودا، لەگەڵ گێڕانەوەدا ئاوێتە دەبێ و بە شێوەیەك زیاتر لە (١٧) جار ناوی (شەو) دێنێ، ئەمە وایکردووە گونجانێك لەگەڵ دێرەکەو چیرۆکەکە بێتە کایەوەو لەبارێکی دەروونی پڕ خەم و نیگەرانیدا، دووبارە دێرێکی دیکەی شیعری (نالی) لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دێنێتەوە، ئەگەر هیچ کام لەم دوو دێرەشی نەهێنابان، کە واتای سەرەکی دەقەکەشیان لەسەر نەوەستاوە، بەڵکو وەك کلیلی سەرەتاو داخستنی کۆتایی هێناونی و جوانکاری و چێژێکی بە دەقەکە داوە، کە دەڵێ:

"لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە ببێ بە ئاوو بەچاوا بکا عبوور. ل٢٣٧"

هێنانەوەی ئەم دوو دێرە شیعرە، لە سەرەتاو کۆتایی و ئاخنینی ناوەڕۆکی دەق، بە زیاتر لە دوو کۆپلەی شیعری، چیرۆکنووس کەشێکی تەواو شیعری و کورتی و پوختی، بە چیرۆکەکە دەبەخشێ، ڕیتمێکی جووڵاوو سەرنج ڕاکێش بە وەرگر دەدات. بۆیە ((شیعرییەتی نووسین مانای چڕو پڕی و کورتکردنەوەی ڕستەو خەستکردنەوەی دێ، بە شێوەیەك کە ڕۆمانسیەتێك بە دەقەکە ببەخشێت و لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە جیابکرێتەوەو جوانکاریش بە دەقەکە بدات، چونکە بایەخی دەقیش هەر بیرۆکەو بابەت نییە، بەڵکو شێوازو جۆری دەربڕینەکە گرنگەو ئێستاکە زمان دەتوانێ بەهۆی شیعرییەتی نووسینەوە ڕۆڵی جوانکاری دەق ببینێ)) [15:60-61]،

ئاوێتـــەكردنی بابـــەت و دەربـــڕین پێكـــەوەو بایـــەخ پێـــدانیان بـــەهاو ئاســـتی دەق بەرزدەكەنەوەو زمان و واتا و مەبەست، ئەم شیعرییەتە بەرهەم دەهێنن.

### ٣- فەرهەنگی شیعری دەقی چیرۆك:

وشە، وەك یەكەیەكی فەرهەنگی، لە دەقێك بۆ دەقێكی تر رۆڵی جیاواز دەبینێ. لـە نێـو فەرهـەنگی زمـانی ئاخاوتنـدا، وشـە تـەنیا واتایـەكی فەرهـەنگی هەیـە، ئـەم واتایـەش بـە گونجـان و ڕێككـەوتنێكی لەمێژینـە، بڕیـاری لەسـەر دراوە، هەرچـی پەیوەندی بە وشەی شیعرییە، وشە لـە فەرهـەنگی شیعرییدا، بڕیارێكی تاكە كەسی بەسـەردا زاڵـە، نـەك ڕێككـەوتنی كۆمـەڵ. بـە واتایـەكی تـر وشـە ئـەو چوارچـێوە سـیمانتیكیەی، كـە فەرهـەنگ و كۆمـەڵ بـۆی دانـاوە، دەبـەزێنێ و دەچـێتە بـارێكی پراگمـاتیكی، كـە زادەی بەرهـەمهێنان و داهێنـانی خـودی بەكارهێنـەر (نووسـەر)ەكـە خۆیەتی، چونكە ئەگەر وشە لە دەوروبەرێكی زمـانی ڕەهـادا، واتایـەك بگەیـەنێ، ئەوا لـە دەورووبـەری زمـانی شـیعرییدا، واتـای تـری لێ بـاردەكرێ، یـان لـە واتـای واتایەكـە دەكۆڵێتـەوە، بـە شـێوەیەك ئەگـەر وشـەكە لـە زمـانی ئاسـاییدا، واتایـەك بەدەسـتەوە بـدات، ئـەوا لـە پرۆسـەیەكی شـیعریدا، لـە هـەمان واتـادا، كۆمـەڵێك واتـای تـری لێ هەڵدەهێنجرێ و بۆ مەبەستی تایبـەتی بەكاردێ. لەم نێوەنـدەدا زینـدوێتی دەقەكـە لـە فرە دەنگی و فرە واتایی و فرە ڕوانینەكەی، خۆی دەبینێتەوە.

بە زۆری ئەو وشە فەرهەنگییانەی كە لـە دەقێكدا بـەكاردێن، دوو شـێوەیان هەیـە، شێوەیەكیان، وشەكان هیچ پەیوەندییەكی فەرهـەنگیی لێكیـان نزیـك ناكاتـەوە، بـەڵكو خودی نووسەر بەهۆی واتایەكی زیادكراو، ئەو پەیوەندییە لەگەڵ یەكتر دەگونجێنێ و لـــە واتـــای واتـــادا لێكیـــان نزیـــك دەكاتـــەوە، هەرچـــی شـــێوەكەی تـــرە، وشـــەكان پەیوەندییـەكی فەرهـەنگی ئاسـاییان لـە زمانەكـەدا هەیـەو بـە سـووك و سـانایی، واتـا دەبەخـشن، بـەڵام لـەنێو كرۆكـی دەقەكـەدا، بـۆ واتـای تـر بـەكارهاتوون. وەك ئـەم نموونانە:

*" دەستێك لەگەڵ خۆت مەهێنە شەقار شەقار بووبێ، هەناسەیەکی سواو لەگەڵ خۆت مەهێنە. ل٩٧"*

لێرەدا فرێزی ناوی (هەناسەیەکی سواو) هیچ پەیوەندییەکی فەرهەنگییان لەنێوانیدا نییەو (هەناسە) ئامرازێکی هەڵگرتن نییە، تا لەگەڵ مرۆڤ هەڵبگیرێ، هەروەك لە فەرهەنگیشدا ناشێ پێکەوە بگونجێن، بەڵام نووسەر واتایەکی دیکەیان لێ هەڵدەکرێنێ‌و بەهۆی سیفەتێك لێکیان جیا دەکاتەوە، واتە مەبەستی نووسەر لە هەناسە، ژیان‌و تێڕوانین‌و بیری کەسێکە، کە دووبارە نەبێ‌و تازە بێ‌و وەك کەرەستەیەك نەسواو بێ‌و پێشووتر بەکار نەهاتبێ. لێرەوە لە رووی تازەیی‌و بەکارنەهێنان لێك نزیك بوونەتەوە. ئەم دوور بوونە لە ڕووی فەرهەنگییەوە، خەسڵەتێکی زمانی شیعریی‌و شیعرییەتبوونی دەقە، کە خۆی لە لادانی واتایی دەبینێتەوە، لەبەر نەگونجانی هەردوو وشەکە لەگەڵ یەکتر، چونکە ((پلەی نەگونجان: بەرزترین پلەی واتا پێکدادانەو واتاکان لە زیاتر لە سیمایەکدا لەگەڵ یەکتریدا ڕێك ناکەون)) [222] لەبەر ئەوە هەناسە تەنێك نییە بسوێ، ئەگەر بەهۆی فەرهەنگەوە ئەم وشانە لێك بدەینەوە، ئەوا هیچ واتایەکی گونجاومان لە دەقەکەوە دەسگیر نابێ، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە زمانەکە زمانێکی نائاساییەو بەهۆی بنەماکانی هاریکاری زمان‌و دەورووبەرە زمانییەکە دەتوانین واتای لێ هەڵبکرێنین‌و بزانین لەکام ئاراستەوە زمانی بەزاندووەو رادەی تێگەیشتن‌و زووتر دۆزینەوەی ئەو واتایانەش، لە خوێنەرێك بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازەو ((هەمیشە بواری فرە لێکدانەوەو فرە تێگەیشتن دەمێنێ)) [222] لە دەقەکەدا، ئەمەش سیمایەکی هەرە دیاری شیعرییەتبوونی دەقە.

یان دەڵێ:

*" هەر ئەو دەمی ئەو دنیا تاریکەیان لە مێشك دالأندین، ئەو ژەهراوەیان لە مۆخی دەکردین.ل١٤٦"*

دەستەواژەی (ئەو دنیا تاریکەیان) لە ڕووی فەرهەنگی زمانەکەوە، گونجانێك هەیەو وشەی (دنیا) لەگەڵ ئاوەڵناوی (تاریك) پەیوەندییەکی لێك نزیکیان پێکەوە

هەیە، بەلاّم لەسەر ئاستی دەقەکەدا، هەر ئەم واتایە نادات، بەڵکو واتایەکی تری بۆ خوازراوەو لێی بارکراوە، ئەویش دەلالەتی ستەمو زۆرداریو بارودۆخێکی نالەبار دەگەیەنێ، کە راستەوخۆ لە دەوروبەری بەکارهێنانەکەدا دەردەکەوێ.

لێرەدا ئەوەی فەرهەنگی زمانی ئاسایی لە فەرهەنگی زمانی ئەدەبی، یان فەرهەنگی زمانی شیعری هەر دەقێك جیا دەکاتەوە، مەسەلەی چۆنیەتی داهێنانو جیهانی فراوانو قووڵی واتایە. یەکێك لەو کایانەی کە ئیش کردنی فەرهەنگی دەقی تێدا زاڵە، زۆر جار فەرهەنگی شیعری دەقی چیرۆك، لە بەکارهێنانی ئەو وشە فەرهەنگیانەی کە دەکەونە یەك کێڵگەی واتاییەوە (فێڵد) لە فەرهەنگی شیعری دەقێکی شیعری نزیك دەبنەوە، بە دەربڕینێکی تر ئەو وشە فەرهەنگییانە لە هەردوو ژانردا وەك یەك دەبن. ئەم فێڵدانە بۆ زیاتر رسکانی زمانی فەرهەنگیی وشەکانو گونجانیان لەگەڵ یەکتری، بەرهەم دێنو هەریەکەیان وێڕای زاڵ بوونی رەگەزەکانی رەوانبێژی بەسەریاندا، بە لادانو بەخشینی دەلالەتی قووڵی واتایی بارگاوی کراون. هەروەك پێکەوە هاتنیان کەشێکی تایبەتی لای وەرگر دەسازێنێو بە مەبەستو ناوەڕۆکی دەقەکە کاریگەر دەبێ، ئەمەش زیندوێتی فەرهەنگی زمانەکە دەسەلمێنێ.

بۆ نموونە وشەکانی (گریان، مردن، فرمێسك، کفنو دفن، دارەمەیت، ئارامگا، خوێن، تەرم، خەمو کەسەر، نووزە، هاوار، جۆگەلە خوێن، پاڕانەوە....هتد) کە سەر بە فێڵدی (خەم)نو پانتاییەکی گەورەی لە چیرۆکەکان گرتووەو وێڕای خودی بونیادی وشەکان، کە وشەی شیعرینو رۆمانسییەت دەبەخشنو کاتێك لە دەق بەکاردێن، دەق بە جووڵە دەخەنو خوێنەر هەست دەکات ریتمی داهاتووی دەقەکە خێراتر دەبێو وەرگر بۆ لای خۆیان کەمەندکێش دەکەنو زیاتر تامەزرۆی خوێندنەوە دەبێو کەشی تێگەیشتن لە شیعرییەتی دەق زیاتر دەبێ، لەبەرئەوە بەهۆی ئەم وشانە، کە لە نێو کێڵگە واتاییەکانی خۆیان دێنەوە، هەر تەنیا ئەرکی گێڕانەوەی دەق نابینن، ئەوەندەی جوانکاری بە خودی گێڕانەوەکەو زیندوێتیو ئەفراندنی زمانی دەق نیشان دەدەن.

ئەگەر وردتر رامێنین هەموو ئەو وشانەی، کە سەر بە یەك فێڵدن، پەیوەندییەکی هاوڕەگەزی، یان پێکهاتەیی، یان هاوڕێی و هاوبابەتی و هاووێنەیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. ئەگەر لە دەقێکی شیعری، یان دەقێکی پەخشانیدا، دوو لەم وشانە یان زیاتر پێکەوە هاتن، ئەو کاتە دەربڕین بەهێز دەکەن، چونکە لە دەوروبەرە فەرهەنگییەکەدا، یەکێکیان ئەویتر تەواو دەکات. ئەگەر ناوبڕو وشەی تریشیان بکەوێتە نێوان، وەك دوو جەمسەری موگناتیسی، لەم سەرو ئەوسەر، بۆ یەکتر کەمەندکێش دەبن و دەربڕین بۆ لای خۆیان گلْ دەدەنەوەو واتا لە پێکهاتەی ئەواندا چڕو پڕ دەبێتەوە.

ئەم جۆرە بەیەکەوەهاتن و بەیەکەوە گونجانە بە شێوە وردەکەی نەك بە شێوە فراوانەکەی فێڵدی زمانی، لە ڕەوانبێژیدا پێی دەگوترێت :هاوشانی (Congeriesمراعاة النظیر).*

جگە لە کێڵگە واتاییەکان، وشەو دەربڕینەکان بە دوو شێوە دەشێ لە شیعرییەت نزیك ببنەوە، کاتێك لە واتای فەرهەنگی خۆیان دادەماڵدرێن و واتای تریان لێ باردەکرێ، ئەم واتا بارکردنەش، یان کۆمەڵگا دەیخاتە سەر، یان خودی نووسەرەکە دایدەهێنێ، ئەوەی کۆمەڵگە دەیخاتە سەر، هێزی شیعرییەتەکەی کەمترە، ئەگەر چی لادانیشە لە فەرهەنگ، بەلاّم پرۆسەی گۆڕانەکە گرنگە، کە لە ئاستی سیمانتیکەوە (فەرهەنگ) بۆ پراگماتیك دەگۆڕێ. بۆ نموونە (( لە واتای هۆشەکی (پیاوی جوو) سەرباری سێ تایبەتییەکەی (+ مرۆڤ +نێر – هەراش) واتای تر نابەخشێت کەچی لە ناوەسفیدا[ واتای بارکراو+ واتای کاریگەر] (پیاوی جوو) جگە لە سێ تایبەتییەکە واتای «ترسنۆکی و دەوڵەمەندی...» لێ بارکراوە.)) [131:46] کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم واتایە خراوەتە سەر واتا فەرهەنگییەکە، ئەمە شێوەیەکە لە لادان، بەلاّم قورسایی شیعرییەتی کەمترە لەو دەربڕینانەی کە خودی نووسەرەکە دایدەهێنێ، چونکە واتا بارکراوەکەی کۆمەڵگە، تەواوی کۆمەڵگە لەسەری ڕێککەوتووەو

---

* بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی (مراعاة النظیر) بڕوانە [8:4] و [123:65] .

وەرگرەكان بە گشتی لێی تێدەگەن. بەڵام كە دەگوترێ (دڵی ئاسن) تەنیا نووسەرەكە بۆ خۆی سازاندویەتیو واتاو مەدلوولی تایبەتی لێ باركردووەو ڕێژەی تێگەیشتنی كەمترەو وەرگرێكی نموونەیی پێویستە، لەبەر ئەوە بەم دوو شێوەیە، وشە فەرهەنگییەكان بەرەو شیعرییەتبوون دەچن، بەتایبەتی بەهۆی شێوەی دووەمەوە، كە كاریگەریو لادان دەسازێنێ.

## ٤- شیعرییەتی بەشە سەرەكییەكانی ئاخاوتن:

بەشەكانی زمان هەریەكەیان لە شوێنی خۆیدا، ڕۆڵ لە پێكهێنانی ڕستەو ڕەنگڕێژكردنی دەق بە شێوەیەكی جوانتر دەبینێ، ئەو بەشە سەرەكییانەی ئاخاوتن لە نێو دەقە ئەدەبییەكان، كە زیاتر ڕەهەندەكانی دەق بەرەو گۆڕانكاری دەبەن، بریتین لە (ناو، كار، ئاوەڵناو). زیاترو كەمتر بەكارهێنانی هەریەك لەم بەشانە، دەلالەتی تایبەتی لێ دەفامرێتەوەو تێگەیشتنو ڕەهەندی دیكە لەخۆ دەگرێ.

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەو زانستانە كاركردن لە بەدیارخستنی ئەم شێوازە، چاكترین ڕێگا پەیڕەوكردنی ڕێبازی ئامارییە، كە تێیدا بەهۆی سەرژمێركردنی بەشەكانی ئاخاوتن، شێوازی بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیانو ڕەهەندەكانی تێگەیشتن لە هونەرەكەو ڕادەی داهێنانو شیعرییەتبوونی دەق دەستنیشان دەكرێ.

لە كۆی هەموو چیرۆكەكان، (ناو) وەك بەشێكی سەرەكی ئاخاوتنی زمان، لە زۆرترین ڕێژەی دووبارەبوونەوە خۆی نواندووە. ئەمەش وەك سروشتێكی تایبەتیو لە ئەركە زۆرەكانی چەشنی ناوی واتاییو بەرجەستەییو ناوی شوێنو كارەكتەرەكان... دەگێرسێتەوە. هەروەها كورتی ڕستەكانیش ڕۆڵ لە زیادكردنی (ناو) دەبینێ، كە زۆربەی ڕستەكان پێویستیان بەناوو ناوی سەرەكی هەیە.

هەرچی (ئاوەڵناو و کار)ن، بە پێی هاوکێشەکەی (بوزیمان) * پێوەرێکی گرنگن بۆ دۆزینەوەی شیعرییەتی دەق، چونکە (کار) لەگەڵ خۆیدا (کاتو رووداو) ی هەڵگرتووە، بۆیە جووڵەو هەژاندنێك بە سەرتاپای رستە دەبەخشیٚو بەهۆی هاتنەکایەی کاتی جیاوازو رووداوی جیاواز، ئاڕاستەی جیاوازی لیٚ دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا هەڵچوونو گرژبوونو خاوبوونەوە بە رستەکە دەداتو نایەڵیٚ دەق چەقبەستوو بیٚ، لە بەرامبەریشدا (ئاوەڵناو) هەڵگری هەستو سۆزەو لە وەسفو ستایشدا قووڵ بۆتەوە، دەبێتە تەواوکەرو پاڵپشتی ناو، بەڵام لە یەك ئاڕاستەدا وەستاوەو دەق تووشی وەستانو مەنگییەك دەکاتو لە جووڵەو راژەنین پەکی دەخات.

بەگەڕخستنی پرۆسەی لەم شێوەیەدا خزمەتی زانستی شێوازگەری دەکات، دواجار لەنێو شێوازگەریدا شیعرییەت پەرەدەستێنیٚ، چونکە لێك جیاکردنەوەی بەشەکانی زمانو سەرژمێری کردنیان، شێوازی تایبەت دەسازیٚو دەقێك لە دەقێکی تر جیادەکاتەوە، رێژەی ئەم جیاوازییە بەهۆی ئەم پەیڕەوە دیاردەکریٚو تایبەتمەندییەکانی هەر دەقێك لەگەڵ هەڵگرتنی سیماو هێڵە گشتییەکانی نیشان دەدریٚ.

زۆرترین رێژەی بەکارهێنانی (کار) لە چیرۆکی (پاشەڕاو)دایە، کە دەکاتە ٤٤,٢٧٨٪ و کەمترین رێژەش لە چیرۆکی(نامەکانی ژاکۆن) دایەو بریتییە لە ٢١,٩٨٪. ئەم رێژانە لە چیرۆکەکان بە پێی کەمیو زۆری ئاوەڵناوو ناو، گۆرانکارییان بەسەردیٚ، چونکە هەرسێکیان وەك بەشە سەرەکییەکانی زمان حیسابیان بۆ دەکریٚ. زۆرترین رێژەی بەکارهێنانی (ناو) لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) دایە، کە دەکاتە رێژەی ٦٣,٣٪ و لە بەرامبەردا لەم چیرۆکەدا وەك باسکرا رێژەی کار کەم بۆتەوە، هەروەها کەمترین رێژەی بەکارهێنانی (ناو) لە چیرۆکی (پاشەراو) دایە، کە دەکاتە

* (بوزیمان) هاوکێشەکەی لەسەر دەقی ئەدەبی پیادەکردووە، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین تاکو ئێستا ئەم هاوکێشەیە، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا تەنیا بۆ شیعر بەکارهێنراوە، ئێمە بۆ یەکەمین جار لەسەر ژانرێکی وەك چیرۆك جێبەجێی دەکەین.

ڕێژەی ٤٠,٧٩٪. بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێ، کە (کارو ناو) پێچەوانەی یەکتر دەڕۆن، بەرزبوونەوەی ڕێژەیەکیان لە دەقێکدا، نزمبوونەوەی ڕێژەی بەشەکەی تری زمان دەگرێتەوە. ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە، کە پێکەوە لەسەر ئاستی هەر سێ بەش حیساب دەکرێ.

هەرچی ڕێژەی (ئاوەڵناو)ە، زۆرترین ڕێژە لە چیرۆکی (ئەسپی سپی)دایە، کە دەکاتە١٧,٥٥٣٪، ئەم چیرۆکە لە سەرەتاکانی نووسینی چیرۆك، لای چیرۆکنووس دادەنرێو شێوازێکی شیعری رۆمانسیانەی بەسەردا زاڵەو لە وەسفدا تەواو قووڵبۆتەوەو ڕووداوەکانی ئەوەندەی مەنگیو وردەکاریو وەستانی بەسەردا زاڵە، ئەوەندە بزێو نییەو دەق وەستێنە، نەك دەق هەژێن. کەمترین ڕێژەی بەکارهێنانیش، لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) دایە، کە دەکاتە ڕێژەی ٩,٨٠٣٪.

دەرخستنی ڕێژەی (کارو ئاوەڵناوو ناو) تەنیا بەس نین، بۆ دەرخستنی پلەی شیعرییەتو پتەوی زمانی دەق، بەڵکو بە پێی هاوکێشەی (بوزیمان) جیاوازی بەکارهێنانی (کار) و(ئاوەڵناو)، لە یاسایەکی نوێدا بەرجەستە دەبن، کە دەشێ ڕێژەکە بەم پێوانەیە بپێوین: [62:74]

ژمارەی کارەکان

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو=______________

ژمارەی ئاوەڵناوەکان

ئەگەر چی ئەم هاوکێشەیە، (بوزیمان) بۆ پێوانی زمانی ئەدەبی، لە دەقەکانی ئەدەبی ئەڵمانی داناوە، بەڵام دەگونجێ بۆ ئەدەبی هەر زمانێکی تر پراکتیك بکرێ، بۆ نموونە ڕێژەی کار بۆ

٪ ٣٧,٢٠٥

ئاوەڵناو لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) =____________ = ٣,٧٨٪ کە زۆرترین ڕێژەیە لە

٪٩,٨٠٣

کۆی چیرۆکەکان، بە پێی هاوکێشەکە، تا ئەم ڕێژەیان زیاتر بێ، پلەی شیعرییەت لە دەقەکەدا بەرز دەبێتەوە.

دەتوانین بە شێوەکی گشتی زیادبوونی ئەم ڕێژەیە بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێنینەوە، کە گرنگترینیان:

١- کورتی ڕستەو دەربڕینەکان: هەتا ڕستەو دەربڕین کورتتر بن، زووتر (کار) لەخۆیان دەگرن و کەمتر بوار بە ئاوەڵناو دەدرێ، شوێنی ببێتەوە. لە رووی ریتمەوەش، تا ڕستەکان کورتتر بن، ریتم خێراتر دەبێ و دەربڕینی کارئامێزیش، لە دەربڕینی ئاوەڵناوئامێز خێراترو بەجووڵەترە. بۆیە ئەو چیرۆکانەی، کە ڕستەو دەربڕینەکانیان کورت و چڕن، ئەم ڕێژەیان زیاترە. بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی بە زمانی ناوچەیی نووسراون، کە سیمای هەرە دیاریی زمانی ناوچەیی، کورتی و برووسکەیی دەربڕینە. وەك لە چیرۆکەکانی (ئەفسانەی دووکەڵ، هەنسکی ڕەش، پاشەڕاو...) بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

٢- بابەتThe theme: یەکێك لەو هۆکارانەیە کە ئەم ڕێژەیە بەرز دەکاتەوە، چونکە بابەت(ثیمة) بەگشتی کاریگەری بەسەر زیادبوونەکە هەیە، تەنانەت ئەگەر لە شێوازی نووسەرێکیش بێ [74:72-73]، بۆیە جۆری بابەتی بوون و هەروەها بابەتی دەقەکە ڕۆڵ دەبینێ، بەو پێیەی مەبەستی نووسەر لە بابەتدا کۆدەبێتەوە، کە دواجار هەموویان لە نێو بەرگی زمانەکەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن. لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ)دا، خەم و مەینەتی و هەڵچوونی باری دەروونی چیرۆکنووس بۆ بابەتی نیشتمان و چارەنووسەکەیەتی. چیرۆکنووس تەواو لەم بابەتە داکۆکی دەکات و پلەی هەڵچوون و تووڕەیی بەرز دەبێتەوەو بوار بۆ ڕاژەنین و جووڵەی جەمسەرەکانی دەق دەدات و زمان ئازاد دەکات و بەرەو سیحری بوون و ئەفسانە بوون و ڕەمزییەت دەچێ و لە بارێکی دەروونیدا نیگەرانی و خەم بە ئاڕاستەی چارەنووس و کۆسپەکانی بەردەم ئەم ژانی بەرجەستە بوونە دەبات، کەچی لە چیرۆکی (ئەسپی سپی) دا، هێندەی لەسەر وەسف و تێڕوانینە تایبەتیەکان دەوەستێ، هێندە هەڵچوون و بابەتی بوونی بابەتەکە ڕوون نییە.

٣- بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و شێوەزار لەنێو دەقدا ئەم ڕێژەیەیان زیاترە لەچاو دەقێك، کە بە زمانی پەتی و ستاندارد بنووسرێ [74:65]، چونکە لە هەندێك

ئاخاوتنی ئاسایی بە گشتی و دیالێکت و شێوەزارەکان بەتایبەتی، لایەنی ڕەوانبێژی زیاتر بەکاردێ و هەڵچوونی زیاترەو ئاخێوەر ئازادترە. تێیدا زۆر جار یاساکانی ڕێزمان تێك دەشکێ و بەری زیاتر بەرهەڵدا دەکرێ و ریتمی بەجۆش و خرۆشتر دەبێ، لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆر شێوەی وەك ئێرگەتیڤ و نێرو مێ و پارچەکردنی دەربڕین و لێك گرێدانیان...هتد. هەموو ئەمانە دەقێکی لێوانلێو لە زمانی ناوچەیی و وشەی فۆلکلۆرو شێوەزاری دروست دەکەن. بە تایبەتی شێوەزاری چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن)، کە بە شێوەزاری موکری نووسراون ئەم شێوەزارەش ((شێوەزارێکی شیعری جوان و پاراوەو پڕ لە سیحری مۆسیقایە... و شیعرییەتێك بە زمان و دەربڕین دەبەخشێ..) [271:25] و لای چیرۆکنووس وەك شێوەزارێکی زمانی دایك بەکارهاتووە، بۆیە تا نووسەر بەناخی زمانی خۆیدا شۆڕبێتەوەو لەسەر پێکهاتەو بونیادەکەیدا هەڵوەستە بکات و وشە کۆنەکانی زیندوو بکاتەوە شیعرییەت زیاتر دەبێ((چونکە شیعرییەت لە بەهرەو بیری زمانی دایکدا پەروەردە دەکرێت و دەڕسکێت ... شیعرییەتێك بە جوانی خەیاڵ و زمانی خۆڕسك و خودایی پەیوەستەو لە چێژدا دەبێتە خاڵێکی بەهێز)) [21:24] وێڕای ئەمەش بەزۆری زمانی ناوچەیی ڕستەکانی کورتن، خێراتر گۆدەکرێ، ئەوەندەی بە ڕووداوەکانەوە پەیوەستە، ئەوەندە ڕێ بە ئاوەڵناو و وەسفێکی درێژدادڕ نادات. لەبەرئەوە بەکارهێنانی ئەم زمانە ناوچەییە لای چیرۆکنووس بە ئاشکرایی هەستی پێدەکرێ و بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی (پاشەڕاو، گیانی تاشەکان، ئەتکی رووح، شکانی زێ، بەردی مرازان، هەنسکی رەش، ئەفسانەی دووکەڵ) ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونەی ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو، سەرەنجام پلەی شیعرییەتیشیان بەرزتر بووە، لە بەرامبەردا ئەو چیرۆکانەی، کە لە زمانی ناوچەیی دوورن، وەك لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)، کە لە دوای چیرۆکی(ئەسپی سپی) کەمترین ڕێژەی هاوکێشەکەی (بوزیمان) ی بەسەردا دەسەپێ، لەبەر دوورکەوتنەوەی لە زمانی ناوچەیی و زمانە شیعرییە پڕ هێما و لێڵییەکەی و نزیکبوونەوەی لە دەربڕینی ئاساییدا.

٤- ئەگەر گێڕانەوەی دەقەکە لە گۆشەنیگای کەسێتییەك بێ، واتە لەسەر زمانی کەسێك بگێڕدرێتەوە، ئەم ڕێژەیەی زیاترە، تا ئەوەی گێڕانەوەکە تەنیا وەسفێکی ڕاستەوخۆو لەسەر زمانی خودی نووسەر بگێردرێتەوە. [66:74] چونکە ئەگەر کارەکتەرێك ببێتە گێڕەرەوە، ئەو کاتە بە پێی بونیادی خۆیو لە ئاست تواناکانیدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو کەمتر بە وەسفو ئاوەڵناوەکان بارگاوی دەبێ.

هەرچی نووسەرە لەبەر گرنگیدان بە لایەنی جوانکارییو کەمتر قورسایی بوونی لە نێو پرۆسەی گێڕانەوەکەدا، تووشی وەسفو جوانکردنی شێوازی گێڕانەوەکە دەبێو لە کرۆکی ڕووداوو بابەتی بوون دوور دەکەوێتەوە، بۆیە ئەم ڕێژەیە لای ئەو کەمترە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئەسپی سپی)دا، خودی نووسەر بۆتە گێڕەرەوەو وەسفێکی قووڵ سەرتاپای دەقەکەی ئاخنیوە، کەمتر بەلای بزواندنی ڕووداوو بابەتیبوون چووە، سەرەنجام ئەم ڕێژەیەی لەچاو چیرۆکەکانی تر کەمترین ڕێژەیە، وەك چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ)، کە گێڕانەوەکە دوورە لە گێڕانەوەیەکی وەسفیو بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە.

٥- تەمەنی نووسەر ڕۆڵ لە بەرزبوونو نزمبوونەوەی ئەم ڕێژەیە دەگێڕێ، لە تەمەنی گەنجیدا، ئەم ڕێژەیە دەگاتە لوتکە، لە بەرامبەردا لە پیریدا نزم دەبێتەوە، [67:74] چونکە لە گەنجیدا، هەڵچوون زیاترەو بیروبۆچوونو تێڕوانینو کارەکان خێراتر دەبێو هەڵوێست لە بەرامبەر شتەکاندا، گەرمو گوڕترە، تا تەمەنی پیری، کە ساردبوونی پێوە دیارە. بۆیە گرژبوونی هەڵوێستو بەهێزیو مکوڕبوون لە چەند ئایدیایەك، لای گەنج زیاترە. ئەمەش کاردەکاتە سەر دەقو بەو پێیەی نووسینەکە دەبێتە تۆماری بیرو هەڵوێستەکانی نووسەر.

بەڵام مەرج نییە ئەم پێوانەیە هەموو جارێك ڕاست دەربچێ، بەڵکو (بەرزبوونو نزمبوونەوەکە ڕێژەییە، نەك ڕەهایی) [67:74]، دەشێ هەندێك جار بەرز بێو هەندێ جاریش نزم، بۆیە چیرۆکەکانی (جەبار جەمال غەریب) لە سەرەتاوە تا ساڵی(١٩٩٥) بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێژەیەیان زیاترە لە چاو ئەو چیرۆکانەی کە لە ساڵی(١٩٩٥) بەرەو ژوور نووسراون.

بەو پێیەی کورتە چیرۆك لە شیعری لیریکی نزیکە، یان بە شیعری لیریکی دادەنرێ*، ئەم پێوانەیە لەگەڵ هاوکێشەکەی (بوزیمان) دێتەوە، کە سەلمێنراوە ((شیعری لیریکی ئەم ڕێژەیەی بەرزترە لە شیعرێکی وەك شانۆنامە.)) [66-65:74]، بۆیە ئەم ڕێژەیە لەم ڕوانگەوەش لە کورتە چیرۆك بەرزدەبێتەوە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی سەدی هەریەك لە (کار، ئاوەڵناو، ناو)ی چیرۆکەکان، بە نزیکەیی نیشان دەدەین:

| ژ | چیرۆکەکان | کار | ئاوەڵناو | ناو | ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەفەری مۆر | ٣٦,٩٤ | ١٦,٤٩ | ٤٦,٨٦٢ | ٢,٢٤ |
| ٢ | نامەکانی ژاکۆن | ٢١,٩٨ | ١٤,٦٨٢ | ٦٣,٣ | ١,٤٩ |
| ٣ | پیاوانی مەرمەر یان ئەفسوونی شین | ٣٥,٣ | ١٠,٨٢٦ | ٥٣,٨٧ | ٣,٢٦ |
| ٤ | شۆقێك لەخوێندا | ٣٥,٦٤١ | ١١,١٩٨ | ٥٣,١٦ | ٣,١٨٢ |
| ٥ | ئەفسانەی دوکەڵ | ٣٧,٢٠٥ | ٩,٨٣ | ٥٢,٩٥ | ٣,٧٩ |
| ٦ | هەنسکی ڕەش | ٢٧,٥٢٣ | ١٢,٩٣٧ | ٥٩,٥٣٨ | ٢,١٢٨ |
| ٧ | بەردی مرازان | ٢٩,٦٦ | ٩,٨٨ | ٦٠,٤٤٩ | ٣,٠٠٢ |
| ٨ | ئەتکی ڕووح | ٣١,٩٧١ | ١٢,١٢٣ | ٥٥,٩٠٤ | ٢,٦٣ |
| ٩ | تەمەپیاو | ٣٨,٩٥١ | ١١,٢٣٥ | ٤٩,٨١٢ | ٣,٤٦ |

* وەك لە دەروازەی ئەم نامەیەدا ڕوونمان کردۆتەوە.

| ژ | چیرۆکەکان | کار | ئاوەڵناو | ناو | ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | گیانی تاشەکان | ٣٢,٠٢٩ | ١٦,٦٣٨ | ٥١,٣٣١ | ١،٩٢ |
| ١٢ | مەیین(١) | ٢٥,٧٦٩ | ١٥,٥٥٩ | ٥٨,٨٣٣ | ١,٦٥ |
| ١٣ | مەیین(٢) | ٣٧,١٧ | ١٦,٧٨٢ | ٤٦,٠٤ | ٢,٢١ |
| ١٤ | پاشەراو | ٤٤,٢٧٨ | ١٤,٩٢٥ | ٤٠,٧٩٦ | ٢,٩٦ |
| ١٥ | ئەسپی سپی | ٢٨,٥٢ | ٢٢,٠٧ | ٤٩,٤ | ١,٢٩ |
| ١٦ | شەوی یەڵدا | ٣٢,٦٠٣ | ١٧,١٣٩ | ٥٠,٢٥٧ | ١,٩ |

## شیعرییەتی ئاوەڵناو

لەنێو شیعرییەتی بەشەکانی ئاخاوتندا، پەیوەندیی ئاسایی نێوان (ناو)و (ئاوەڵناو)، جۆرێك لە شیعرییەت دەسازێنێ، کاتێك ئەم پەیوەندییە لە ڕووی ڕستەسازییەوە ئاساییە، بەڵام لە ڕووە واتاییەکەو بەکارهێنانی لەنێو خەڵکدا بە نائاسایی دادەنرێ، ئەمەش دەشێ لە دیوی ناوەوەی واتاوە لێی بکۆڵدرێتەوە، بەڵام لەبەر پەیوەندیی بەشەکانی ئاخاوتن بە شیعرییەتەوە، ئاوەڵناو وەك کەرەستەو بەشێکی سەرەکی زمان، لێرەدا باسی دەکەین.

وەك ئاشکرایە، ئاوەڵناو پاڵپشتی خودی (ناو)ەو تایبەتمەندیو خەسڵەتێك دەداتە ناوەکەو دەستنیشانی بەهایەکەی دەکات، لەو ڕوانگەوە(جان کۆهین) یەکێك لەو ئەرکانەی کە بۆ لادانی واتایی داناوە، بریتییە لە ئەرکی دەستنیشانکردن. بە واتای ئەوەی لەنێو کەرەستەکانی ڕستە، دەبێ هەندێك لە کەرەستەکان دەستنیشانی هەندێك کەرەستەی تر بکەن. ئەمەش بە (زیادکردنی وشەیەك یان چەند وشەیەکی دیکە بۆ ناوی ڕەگەز(اسم الجنس)ـەکە دەبێ، ئەم وشە زیادکراوانەش بە

دەستنیــشانکەرەکان دەناســێنین)) [132:90] لەبەرئــەوە ئاوەڵناوەکــان هــەموویان دەستنیــشانی نــاوی رەگــەز دەکــەن، بــەلاّم چــۆنیەتی دەستنیــشانکردنەکەو هێــزو قورســـایی پەیوەندییەکـــە لەبـــەردەم جیاکردنـــەوەی دوو شـــێوە لـــە ئاوەڵنـــاو دەمانوەستێنێ، ئەوانیش ئاوەڵناوێك پڕ بە پێستی ناوەکەو ئاوەڵناوێکی تر یان (نەعت)ێکی تر، کە لەگەڵ ناوەکە نەگونجێ، یاخود زیادە بێ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر ئەم دوو شێوە لە چوارچێوەیەکدا کۆبکەینەوە، ئەم چوارچێوەیە بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی لەنێو پێکهاتەی کەرەستەکان ببینێ، پێویستە جۆری دەستنیشانکردنەکە:

١- بە سەر بەشێکی ناوەکە پراکتیك بێ.

٢- بەسەر بەشەکانی تری پراکتیك نەبێ.

ئەگەر لەگەڵ هیچ بەشێکیان نەگونجا، یان لەگەڵ هەموو بەشەکان گونجا، ئەو کاتە بە ناوێزە (شاذ) دادەنرێ.[135:90] .

لێرەوە دەکرێ، هێڵە باریکەکانی جیاکردنەوەی هەردوو شێوە نەعتەکە لێك هاوێر بکەین. بۆنموونە کاتێك دەڵێین ((ئاوی گەرم)) لێرەدا (گەرم) وەك ئاوەڵناوێك دەستنیشانی جۆری ناوی (ئاو)ی کردووەو بەلاّم تەنیا بەسەر بەشێکی ناوەکە جێبەجێ دەبێ، چونکە دەشێ جۆری دیکەی ئاو هەبێ، وەك ئاوی سارد، شلەتێن...هتد. لەبەرئەوە ئەم شێوەیە بە ئاوەڵناوێکی ئاسایی دادەنرێ، وەك هەر ئاوەڵناوێك، کە لە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بەکاردێ. بەلاّم کاتێك دەڵێین: ((دووکەڵێکی قورسو پڕ رەشەداوی باریك سەروچاوی هەموانی تەنیبوو...لا١٣٠) دەبینین ئاوەڵناوی (قورس) لەگەڵ هیچ جۆرێکی ناوەکە ناگونجێ، چونکە هیچ جۆرێکی دووکەڵ سووكو قورس نییە، (قورس) بۆ تەنێکی پڕ بارستایی گەورە بەکاردێ، نەك شتێك کە بارستاییەکی قورسی نەبێ، واتە لێرەدا ئەرکی دەستنیشانکردنی نەبینیوە. بەڵکو واتای بۆ خۆی گۆڕیوەتەوەو وشەیەکی بۆ خۆی خواستووە، کە لە بنچینەدا لەگەڵی ناگونجێ، ئەمەش بنەمایەکی بەهێزی لادانە لە

ڕووە واتاییەکـەوە، بـە جـۆرە (نـاوێزە) یـەك دادەنـرێ و ئـەرکی ئاوەڵنـاوی ئاسـایی نابینێ. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەشێ نموونەی تر بێنینەوە. وەك:

" *بەفرێکی بێ دەنگ لەو دەشتو بەندەنەی ڕاکشاوە.* ل٢١٥.

دەبینین ئاوەڵناوی (بێ دەنگ)، دەستنیشانی هـەمووو بەشێکی بـەفر دەکات، بـەو واتایەی لەگەڵ هەموو جۆرێکی بەفر دەگونجێ، چونکە هـەموو بـەفرێك بـەبێ دەنگی لەسەر زەویدا پەرشو بڵاو دەبێتەوە. لێرەدا بە ناوێزە دادەنرێ، بـەڵام ناوێزەییەکەی لـە هووشـەکاریی (حشو)ـەکە دایـە، لەبەرئـەوەی هـەموو خـەڵکێکی ئاسـایی زانیـاری هەیـە، کـە بـەفر بـێ دەنگـە، بۆیـە ئەگـەر لاشـبرێ، واتاکـە تێك ناچـێ. لـەم نێوەنـدەدا جۆری لادانەکە هێزەکەی لـە نموونـەی پێشتر کـەمترە، ئـەم جـۆرە ئاوەڵنـاوە ناوێزانـە پلـەی لادانو شیعرییەتیان لـە نموونەیـەك بـۆ نموونەیـەکی دیکـە دەگـۆڕدرێن، بـەپێی بونیادی وشەکەو ڕادەی گونجانی لەگەڵ هەموو بەشەکانی ناوەکەدا. لـەم نموونەیـەی سەرەوە هەرچەندە ئاوەڵناوەکە بەشێوەیەك هاتۆتـەوە، کە پێویستی نـەدەکرد، بـەڵام شێوازی هێنانەوەکەی، کە نزیکە لە خواستن، جوانکاریو شیعرییەتی بە دەربڕینەکە بەخشیوەو لە مێشکی وەرگردا جۆرێك لێکچواندنی نادیـار هەیـە، وەك بڵێین، بـەفرێك وەك مرۆڤێکـی بـێ دەنـگ لـەو دەشـتە ڕاکـشاوە، کـە ئاوەڵنـاوی (بـێ دەنـگ)ی بـۆ بخوازرێو لەگـەڵ نـاوی مرۆڤو جۆرەکـانی ئـەو نـاوەو هـەروەها کـاری (ڕاکشان) یـش باشتر دەگونجێ، کەچی نموونەی تری ئەم جۆرە ئاوەڵناوە، هێزی لادانو شیعرییەتی بەم شێوەیە نییە، وەك (من گۆرانی شەوە تاریکەکانم هێنابۆوە.. ل٤١"

لێـرەدا (تاریـك) وەك ئاوەڵنـاوێکی حەشـوو بەسـەر هـەموو جـۆرێکی نـاوی (شـەو) دەگـونجێ، بـەڵام هێنـدە ئاسـاییە، هـەموو کەسـێك دەزانـێ، دەتـوانین بەیەکـەم دەستنیـشانکردنی نـاوی(شـەو) ی دابنـێین، بـەڵام یەکـەم دەستنیـشانکردنی نـاوی (بەفر)، (سپی) بوونە، نەك (بێ دەنگ) بوون، بۆیە ئەمەیان هێزی لادانو شیعرییەتی، لە نموونەی سەرەوە لاوازترە. بەڵام لـەپاڵ ئەمـەدا واتـای تـی لێ بـارکراوە، کـە گـۆرانی شەوە تاریکەکان و هێنانی، لە گەلێك ڕەهەندەوە واتای لێ بەرجەستە دەبێ.

پێویـسته تێبینـی رادەی شـیعرییەت لـە دەربـڕینو رسـتەکاندا، لـە شـیعرییەتی وشـەکاندا سەرچـاوە بگـرێ، بۆیـە رادەی شیعرییەت لـە هـەردوو دەربڕینـی (شـەوی تاریك) و(شەو تاریکە) لەیەکتر جیاوازن. چونکە لە یەکەمیاندا (تاریك)، وەك نـەعتێك دەستنیـشانی وشـەی شـەوی کـردووە، لەچوارچـێوەی وەسـفێکی نەعتیـدا، بـەڵام لـە دووەمیانـدا وەك هەواڵـدان خراوەتـە ڕوو، بۆیـە شیعرییەتی یەکـەمیان زیـاترە لـە هـی دووەم.

ئاوەڵنـاوی شێوە نـەعت، بە هووشـەکاری (حشو) دادەنرێ، چونکە بەلابردنی واتـا تێك ناچـێ، بـەڵکو زیـادبوونی واتایەکـە لەشـێوەی گەمـەکردن بـە زمـانو دەسـتەڵاتی نووسـەر بەسـەر دەربڕینـەکان دەسـەلمێنێ، هەرچـی ئاوەڵنـاوە ئاسـاییەکەیە، ئـەرکی شیعری نـابینێ، تـەنیا ئەرکـە ئاسـاییەکەی هەیـە، بەلابردنی واتـا لاواز دەبـێ و تێـك دەچـێ، بۆیـە ئـەم هووشـەکارییەش جۆرێکـە لـە لادان، چـونکە پێـچەوانەی دەربـڕینو ئاخاوتنی ئاساییە، لەهـەمان کاتـدا وەك رەگـەزێکی رەوانبێـژیش، تایبەتـە بـە شیعرو جۆرە جوانکاریو ئیستاتیکایەك بـە دەربڕینەکـە دەبەخـشێ، لەبەرئـەوە ئـەم زیادەیـە وەرگر بێزار ناکات، بەڵکو تامەزرۆتری دەکاتو بەهۆی ئەم ئاوەڵناوانەوە وەك فێڵێکی زمـانی، بـیری وەرگـر لـەجیاتی واتـای ئاسـایی بـۆ واتایـەکی قـووڵتر دەگوازێتـەوە.

لەچیرۆکی (مەیین١) دا، دەڵێ:

"***مەلۆتکەیەکی ساوا*** *دڵی بە بەفری چیا سپاردووە.* ل١٩٨"

لێـرەدا (سـاوا) وەك ئاوەڵنـاوێکی نـاوازە، دەستنیـشانکردنێکی هەمیـشەیی بـۆ نـاوی (مەلۆتکە) داناوە، لەبنچینەدا زیادەیەکە، چونکە هەموو مەلۆتکەیەك ساوایە، لەهەمان کاتیشدا دەتوانرێ لە دەربڕینەکەدا لابرێ.

"*لەسەر ئەو بەفرە سپییەی لە پشتییەوە تیشك بڵند دەبێ.* ل٩٠"

هـەموو بـەفرێك سـپییە، ئاوەڵنـاوی شـێوە نـەعتی (سـپی) دەستنیـشانکردنێکی هەمیـشەییو یەکـەمین شـێوازی وەسـفە بـۆ نـاوی (بـەفر)، لەچـاو وەسـفی تـری وەك (سارد، زۆر، بەستوو...) یان دەڵێ:

"*ئەو دارو بەردە رەقە، ئەو تاشو تاوێرە زبرانە.* ل١٦٠."

که گوترا بەرد، سیفەتی رەقی دەبەخشێ، بەبێ هیچ گومانێك.

لەبەر کەمی بوار تەنیا هەندێك شێوەی دەربڕینی نەعت ئاسا دێنینەوە، کە بە جۆرێك لە لادان و زیادکردن و حەشوو دادەنرێن. وەك:

- چاو لە ئاسۆ دەبڕی و بەرەو تیشکە زەردەکان دەفڕی. ل٢٠٨
- با ببینە دوو کەروێشکی کوڵك نەرمی گوێ شۆڕ. ل ٢٣٢
- مێزێکی گەرم و خۆشم بەخۆم داکرد. ل٤١
- رەنگی خوێنی سوور و ئاڵی. ل٨٣
- بەخۆیان و مێرگە بەرین و ئاوە سپییەکانیانەوە هاتنە ناخم و..ل٨
- کەنار گردە خوێیەکی سپی بوو. ل١٤١
- ئاردێکی سپی، بریسکەدار،لووتی لەکونی نیوە کراوە هێنابوەدەر. ل١٧٢
- پیاوم دەوێ تەماشای مێرگی سەوزی چاوەکانی کا و شل نەبێ. ل١٢٥
- بایز ئەو شیرە گەرم و خاو و بەڕۆنەی دەمژێ. ل١٧٧
- ئێستا ئەو کفنە سپی و سۆڵە نەرمترین ئارامگایە. ل١٨٩
- چاوی نەرم و بێ جووڵەی لە گۆمەشین دەبڕێت. ل١٣٥

ئەم شێوازەی بەکارهێنانی ئاوەڵناو لەکۆی چیرۆکەکان، بەڕێژەیەکی کەم بەرچاو دەکەوێ، گەورەترین رێژە لە کۆی ئەو ئاوەڵناوانەی شێوە نەعت و هووشەکاری (حشو)یان وەرگرتووە، لە چیرۆکی(مەیین١) دایە و رێژەکەی دەگاتە ٣,١٢٥٪ و چیرۆکەکانی (پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین، شۆقێك لەخوێندا، هەنسکی رەش، ئەسپی سپی) پلەی سفریان وەرگرتووە و لەکۆی ئاوەڵناوەکانیان، هیچ شێوەیەکی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە. چیرۆکەکانی تر ڕێژەکانیان بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ناوی چیرۆك | ڕێژەكەی |
|---|---|
| سەفەری مۆر | ٠,٦١٣٪ |
| نامەكانی ژاكۆن | ٠,٥٩١٪ |
| ئەفسانەی دووكەڵ | ١,٤٤٩٪ |
| بەردی مرازان | ٣,٠٥٦٪ |
| ئەتكی رووح | ١,٨٥١٪ |
| تەمە پیاو | ٢٪ |
| شكانی زێ | ٠,٩٣٧٪ |
| گیانی تاشەكان | ٢٪ |
| مەیین(٢) | ١,٦٥٢٪ |
| پاشەڕاو | ٠,٨٣٣٪ |
| شەوی یەڵدا | ٠,٧٥١٪ |

شێوەیەكی دیكەی شیعرییەتی ئاوەڵناو لە هەمەرەنگی ئاوەڵناوەكاندایە، بەجۆرێك كۆمەڵێك ئاوەڵناو دەستنیشانی تەنیا یەك ناو دەكەن، یان بە واتایەكی تر دالێك كۆمەڵێك مەدلوول لەخۆ دەگرێ، جوانكارییەكەش لەوەدایە، هەموو جارێك ناوەكە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە تەكیدا ئاوەڵناوێكی تر دەستنیشانی دەكات. ئەم شێوازە سوود بە دیاردەی دووبارە بوونەوە دەگەیەنێ، بەوەی كەوا رەنگێكی تر بە دەربڕین دەبەخشێ و جۆرە زاڵبوون و دەستەلاتدارییەكی زمانی لە بونیادی دەقدا بەدیار دەخات. جگە لەوەی هەندێك جار گونجانێكی واتایی، یان گونجانی سیفاتی، بە رووكاری ئاوەڵناوەكان دەدات و هەموویان دەخاتە یەك چوارچێوەی فێڵدی واتاییەوە Field. ئەمەش دەق دەخاتە بارێكی تری جوانكاری، وەك لە چیرۆكی

(شكانی زێ) دا، ناوی (فەقێ) دێنێ‌و ئاوەڵناوەکانی (ڕووت، دەربەدەر، بێ کەس، برسی، بێ نوا)ی دەخاتە پاڵ:

"*فەقێ برسیەکەم، فەقێ ڕووتەکەم، ئەگەر مای، ئەگەر نەچوویەوە ئاسمانێ، فەقێ بێ کەسەکەم، ئەگەر مای‌و دنیا هەناسەی وەبەر هاتەوە، ئەمن لێرە لەسەر کانی‌و ئاوان، لەسەر تەپۆلکەو سەرە ڕێیان، لەبن دار بەڕووی سەر مەزاران چاوەڕێتم.* ل١٧٣"

یان" *فەقێکەم، فەقێ دەربەدەرەکەم، فەقێ بێ نواکەم، هەناوی ڕەش هەڵاتووی ئاجەرێ، ئەگەر مایو دنیا هەناسەی وەبەر هاتەوە..*ل١٧٤"

"*فەقێ ڕووتەکەم دوێنێ ئەگەر مای‌و دنیا وەپێرۆکە کەوتەوە، وڵاتی مە کەوتە بەر سێبەرێ.*.ل١٧٥"

"*فەقێ ڕووتەکەم... حەیفم ناچێ.. دەڕۆینەوە، هەر ئەگەر دنیا وەهۆشەخۆی هاتەوە...*ل١٧٧"

دەبینین هەمان ناو، ئاوەڵناوی جۆراوجۆری بۆ بەکارهێناون، هەمووشیان لە چوارچێوەیەکدا دەخولێنەوە. جگە لەمەش دەستکاری کردنێکی بە مەبەستی چیرۆکنووس لە دەربڕینەکاندا دیارە، هەر لە ئاوەڵناوەکان تا دەربڕینەکانی (دنیا هەناسەی وەبەرهاتەوە، دنیا وەهۆشە خۆی هاتەوە، دنیا وەپێرۆکە کەوتەوە) هەرسێکیان لەپاڵ ئاوەڵناوەکان، یەك واتا دەبەخشن، بەڵام بە دەربڕینی شێوە جیاواز دووبارە بوونەتەوە.

هەروەها لە چیرۆکی (شۆقێك لە خوێندا) ناوی (خوا) دێنێتەوەو بۆ بانگکردن بە ئاوەڵناوی جۆراو جۆر دەستنیشانی دەکات، ئاوەڵناوەکان زۆر جار لە ڕێڕەوی خۆیان لادەدەن‌و بۆ زیاتر جوانکردنی دەربڕین ناو دەستنیشانی ناو دەکات، بەڵام هەر واتای ئاوەڵناوەکە دەبەخشێ. بۆ نموونە:

" *تۆبە خوایە جوان‌و پیرۆزەکەم، ئەمن چ بکەم زمانی ئەو عفریتانە نازانم...*ل٧٣"

"*خوایە گیان تۆبە ئەوانە لە نەوەی بینایی چاوانن...*ل٦٩"

"*خوایە نوورەکەم وەختێك سەریان بە شووشەی پشتەوەی سەیارەکە داداو یەکجێ خوێنی لە لووتی‌و زاری دەرپەڕی، ئەو ئایەتە جوانانەی تۆی لە زاریدا سوور*

*هەڵگەڕان، ئەو دوعا ڕەنگینانە کەوتنە نێو خوێنیٚ، خوایە جوانەکەم، نێوی موبارەکی تۆ، نێوی پیرۆزو بەرزو پڕ کەماڵی تۆی لەزاریدا تێکەڵ خوێنی بوو، خوایە گوڵەکەم هەموومان دەماندی نێوی جوانی تۆ لەگەڵ خوێن و ددانەکانی لە دەمی هەڵدەڕژان و..لا٦٩–٧٠ "*

## شیعرییەتی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو:

وەك ئاشکرایە، ئاوەڵناو دەستنیشانی ناو دەکاتو لە زمانی کوردیدا لە دوای ناوەکە دیٚ، ئەمە لەڕووی فەرهەنگیو بنەماکانی رستەسازی کوردی، بەڵاٚم هەندێك جار ئەم بنەمایە دەبەزێندریٚو ئاوەڵناوەکە پێش ناو (مەوصوف)ـەکە دەکەویٚ، ئەم دیاردەیە (جان کۆهین) بە ((وەرگەڕان)) [180:90] ناوی دەبات، کە تێیدا لادانە لە ڕێساکانی زمانەکە، بەڵاٚم دەبیٚ ئەوە لەبەرچاو بگیریٚ، ئەگەر بەزاندنی ئاستی سینتاکسیو ڕێزمانیش بیٚ، لەهەمان کاتدا لە زمانی ئاسایی ئاخاوتن بەکارهاتو کۆمەڵگە لەسەری ڕێك کەوتبوو، ئەوکاتە بە دیاردەیەکی وەرگەڕان، یان لادان دانانرێ، چونکە ئیحاو کاریگەرییەکەی نامێنیٚو وەك وشەیەکی ئاسایی رەفتاری لەگەڵدا دەکریٚو هیچ بەهایەکی هونەریو جیٚ پەنجەی داهێنانی نووسەرەکەی پێوە دیار نابیٚ.*

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، دەستەواژەکانی (پیازی تەڕ)و (بای رەش) لەڕووی ڕێزمانییەوە گونجاون، کە پێکهاتوون لە (ناو+ مۆرفیمی بەستنەوەی (ی)+ ئاوەڵناو)، بەڵاٚم کاتێك دەربڕینەکە وەردەگەڕیٚ، یان پێچەوانە دەبێتەوەو ئاوەڵناو لە ڕیزەوی خۆی لادەداتو دەچێتە پێشەوە، ئەو کاتە دەبێتە (تەڕەپیاز)و (رەشەبا). بەڵاٚم ئەم دوو دەربڕینە لەنێو ئاخاوتنی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاٚون، بۆیە هیچ بەهایەکی لادانیان پێوە دیارنییە، لەهەمان کاتدا ئەگەر وەك بنەڕەتەکە بەکار هاتن، ئەوسا دەبنە دیاردەیەکی لادانو نائاسایی دێننە کایەوەو شێوازێکی تایبەتی ئاخێوەر نیشان

* ئەمە لە دووبارەکردنەوەی جێگۆرکیٚ جیاوازە، چونکە لەوێدا لە هەردوو باردا بەکاردیٚو مۆرکی لادانی پێوە دیار نییە، وەك شەوانە درەنگ، درەنگانی شەو.

دەدەن. (لادانی ئاوەڵناو لە ئەدا زمانییەکەیدا، بەهای دەربڕینی لەکار ناکەوێ، بەڵکو لە ڕێرەوەکەی دەخزێ بۆ ئەوەی واتای تازە بسازێو دواجار دەق سیمایەکی بەرزی شیعری وەردەگرێ). [162:113]

ئەم جۆرە دیاردەیە تێکشکاندنی بونیادی دەربڕینو سەرلەنوێ بونیادنانەوەیەتی، ئەمەش لە چوارچێوەی شیعرییەتبوون خۆی دەبینێتەوە، چونکە (شیعرییەت پرۆسەیەکی دوو لایە، لادانو پێچەوانەکەیەتی، تێکشکاندنی بونیادو دووبارە بونیادنانەوەیە) [173:90] * تێکشکاندنەکە بونیادی ئاسایی زمان دەگرێتەوەو بونیادنانەوەکەش پەیوەندی بە خودی نووسەرەکە هەیەو لە نائاسایی بوون خۆی بەرجەستە دەکات.

ئەگەر (( دەقێکی شیعری نییە لادانی تێدا نەبێ)) [192:90] ئەوا دەقی چیرۆکیش بەهۆی زاڵبوونی دەستەڵاتی زمان تێیداو ئیش کردن لە پرۆسەی لادان، لەڕووی ئەرکی تایبەتمەندیی شێوازەوە لە شیعر نزیک دەبێتەوە.

لە کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، لەپاڵ پاشو پێشخستنی کەرەستەکانی رستەکە، تێیدا لادان لە بونیادی ڕێزمان زەق دەبێتەوە، ناو بە ناو ئاوەڵناوەکان لە ڕێڕەوی ئاسایی لادەدەنو وەردەگەڕێن، ئەمەش وێڕای لادانە ڕێزمانییەکە، لادانێکی واتایی دێننە ئاراوە، کە خۆی لە نەگونجانی کەرەستەکان لە ڕووی واتاوە دەبینێتەوە. بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین، ئەم جۆرە شێوازە هەندێك جار تێکشکاندنی ئاسایی نییە، بەڵکو بونیادنانەوەیەکی تازەیە. بۆ نموونە :

" *ڕەشکە ماسییەکی باریکی قوراوییان بە دندوکیەوە نەدەهات.* ١٧٨"

لێرەدا (ڕەش) وەك ئاوەڵناوێك پێش ناوی (ماسی) کەوتووە، تەنیا لادانی لە ئاستی ڕێزمانی بەرهەم هێناوەو لە نێوان ناوی (ماسی)و ئاوەڵناوی (ڕەش)دا، گونجانی واتایی هەیە، بەڵام کاتێك لە چیرۆکی (گیانی تاشەکان) دا دەڵێ:

" *نەرمە شەرمێك، سرکە خەیاڵێك دەوروژێنێ... تەلخی نەرمە تۆزی ڕۆژگار دەسڕێتەوە.* ١٩١"

سەرنج دەدەین، ئاوەڵناوی (نەرم) پێش ناوی (شەرم)و (تۆز) و، ئاوەڵناوی (سرك) پێش ناوی (خەیاڵ) کەوتوون، هیچ کامیان کاتێك دەکرێنەوە باری ئاساییان، کۆمەڵگە بەکاری نەهێناون، واتە بیاڤی گونجان لە کەرەستەکانی دەربڕینی (شەرمی نەرم، خەیاڵی سرك، تۆزی نەرم) دا نییەو لەباری ئاسایی ڕێزمانی زمانەکەشدا هەر نائاساییnو بوونەتە لادان لە ئاستی ڕێزمانو لە ئاستی واتاشدا. چیرۆکنووس وەك لە نوێوە دەربڕینی تازە دروست بکات، ئەم دەستەواژانە دادەهێنێ، کە لە ڕێرەوە ئاساییەکەشدا لەگەڵ یەکتر ناگونجێن.

یان لە چیرۆکی (تەمە پیاو) دا، کە خودی ناوونیشانەکە لە بارە ئاساییەکەدا (پیاوی تەم)، یان (پیاوێك وەك تەم) بووەو لێرەدا نەگونجان لە هەردوو ئاست روویداوەو لە دەربڕینێکی نێو چیرۆکەکەدا دەنوسێ:

" *چ رەقە عیشقێکی لە کەللە دا بوو. ١٥٧* "

لە نێوان ئاوەڵناوی (رەق)و ناوی (عیشق) دا، دابڕان هەیەو پرۆسەی شیعرییەت لە بوونی ئەم بیاڤە دوورەدا دروست دەبێ، تا بیاڤی هەردوو کەرەستەکەش دوورتر بن، نەگونجان زیاترو دواجار ئیحاو کاریگەری لەنێو بەرزبوونەوەی شیعرییەتدا زیاتر دەبێ. لەهەمان کاتدا چڕبوونەوەی دەربڕینو هێنانە کایەی شێوازێکی تایبەتییە لە ئەفراندنی رستە شیعرییەکاندا، بەتایبەتیش لەنێو دەقی چیرۆکدا زووتر دەناسرێتەوە.

هەندێك لەم دیاردانەی پاشو پێشخستن یان وەرگەڕانی ئاوەڵناو لە چیرۆکەکاندا بە نموونە وەردەگرینو تەنیا ئاماژە بە هەردوو کەرەستەکە دەکەین:

سپی دارەکان (لا٢١٧)، سوورە چنار (لا٢٠٠) ، تەمەپیاو (لا١٦٥)، شێتە با- نەرمەبا(لا١٨٧)، تەنکە هەڵم (لا١٧٣)، شلکە ژن (لا١٧١)، وشکە کانی (لا١٥٧)، گڕە سمۆرە (لا١٥٥)، پایزە با- گەندە برین (لا١٤٨)، تەنکە باڵ- رەشە کوللە(لا١٤٦)، سرکە با (لا١٤٤)، شلکە سێبەر(لا١٤٣)، باگوڕ (لا١٤١)، نەرمە تۆز(لا١٣٩)، شەتە خوێن (لا١٦٢)، ئێسترە ژن(لا١٦٠)، نەرمە گڵ(لا١٢٥)، نوورە بەفر(لا٩٨)، سوورە کچ(لا٩١)، شێلوە ئاو(لا١٣٩)، شلکە مامز(لا١٣٥)...هتد

ئەم خشتەیەی خوارەوە رێژەکانی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو وردتر لەنێو چیرۆکەکان نیشان دەدات:

| ژ | ناوی چیرۆکەکە | ژمارەی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو | کۆی ژمارەی ئاوەڵناو لە دەقەکەدا | رێژەی سەدی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ئەفسانەی دووکەڵ | ٢ | ١٣٨ | ١,٤٤ |
| ٢- | هەنسکی رەش | ٢ | ٣١٤ | ٠,٦٣ |
| ٣- | بەردی مرازان | ٢ | ٢٢٩ | ٠,٨٧ |
| ٤- | ئەتکی رووح | ١٠ | ٢٧٠ | ٣,٧ |
| ٥- | تەمە پیاو | ٩ | ١٥٠ | ٦ |
| ٦- | شکانی زێ | ٦ | ٣٢٠ | ١,٨٧ |
| ٧- | گیانی تاشەکان | ٥ | ٢٠٠ | ٢,٥ |
| ٨- | مەیین(١) | ١ | ٩٦ | ١,٠٤ |
| ٩- | پاشەڕاو | ١ | ١٣٠ | ٠,٧٦ |

لەم خشتەیەدا دەرکەوت، کە چیرۆکی (تەمەپیاو) زۆرترین رێژەی ئەم دیاردەیەی بەدەست هێناوە. چیرۆکەکانی (سەفەری مۆر، نامەکانی ژاکۆن، پیاوانی مەڕمەر یان ئەفسوونی شین، شۆقێك لە خوێندا، مەیین٢، ئەسپی سپی، شەوی یەڵدا) ئەم دیاردەیان تێدا نابینرێ، سەرنج دەدەین، دیاردەکە لە چیرۆکە تازەکان و سێ چیرۆکی سەرەتای نووسین، خۆی دوور گرتووە، ئەمەش بۆ تۆخبوونەوەی واتا دەگەڕێتەوەو دوای ساڵی (٢٠٠٠) بەدواوە، چیرۆکنووس لە هەڵپەی ناوەڕۆك بووەو کەمتر بە جوانکارییەکانی نێو تێکشکاندنو تواندنەوەی واتا و پێکهاتەی دەق خەریك بووە، ئەمەش لەبەر زیندوێتی رووداوەکانی نێو دەقو لەبەرچاوگرتنی مەبەستی

سەرەكی و فەرامۆشـكردنی زمـانی ناوچـەیی و شـۆڕبوونەوە بـە ڕەهەنـدی دەروونـی، چونكە لە زمانی ناوچەییدا زەمینەی بەكارهێنانی ئاوەڵناوی وەرگەڕاو لەچاو زمانی ستاندارد لەبارترە، ئەمەش بۆ نزیكیی هەندێك ئاوەڵناوی وەرگەڕاوی دەستكرد لە ئاوەڵنـاوە وەرگـەڕاوەكان دەگەڕێتـەوە، كـە لـە زمـانی ئاخاوتنـدا بـەكاردێن و بـەهای لادان و شیعرییەتیان نەماوە.

## - شیعرییەتی دیارخەرو دیارخراو

بەزۆری لە ڕووی شێوەوە لە زمانی كوردیدا، دیارخەرو دیارخراو بەهۆی ئامرازی پەیوەندیی (ئیزافە) ی (ی)ەوە، پێكەوە دەبەسترێنەوە. پەیوەندی ئەم دوو چەمكە لە ڕووی ڕۆنانـەوە پەیوەندییـەكی ئاسـاییە، بـەڵام زۆرجـار لـە ڕووی واتاییـەوە، لادان دێنێتەكایەوە. بەو واتایەی نەگونجانێك لە نێوان هەردوو چەمك دروستدەبێ، ئەم نەگونجانەش دواجار كەلێن یان بۆشایی لێ بەرهەم دێ. ڕەخنەگری عەرەب (كمال ابو دیب) لە تەواوی كارەكانیدا سەبارەت بە شیعرییەتبوون، پێداگری لە بوونی ئەم كەلێن (الفجوة) كردۆتەوەو بە بنەمایەكی سەرەكی شیعرییەتبوونی دەقی ئەدەبی داناوە.

لەبەر كەمی بوار لێرەدا تەنیا ئەم دوو چەمكە لەڕووی بوونیان بە (ناو) و بە (ئاوەڵناو) وەردەگرین، ئاشكرایە هەندێ جار هەردوو چەمك دەبنە (ناو) و هەندێك جاریش یەكێك لە چەمكەكان دەبێتە ئاوەڵناو، جا لە خودی ئەم گۆڕانكارییەدا گەلێك جار نەگونجان و لادانی واتایی دێتە ئاراوە، كە خۆی لە بوونی كەلێن و دووریی پەیوەندیی نێوانیان دەبینێتەوە.

**أ- هەردوو چەمكەكە ( ناو ) بن:**

وا دەبێ هەردوو دیارخەرو دیارخراو ناو بن، ئەوەی كە لە سەرەتای گوتن دێ، بە شێوەی ئاساییە، بەڵام چەمكەكەی تر نائاسایی دروست دەكات، كە خوێنەر چاوەڕێی ئەوە ناكات، ناوێكی ئاوا بەرەو ڕووی ناوی پێشوو بێتەوە. وەك :

" *خوێنی خۆر تێكەڵ فرمێسك و ژان و ئەشكی مرۆ بوو.* ل٢٠٩"

(خوێن) وەکو ناوێکی دیارخراو لە شێوەی ئاسایی لەگەڵ ناوی (خۆر) نایەت، چونکە وشەی (خوێن) لە فەرهەنگدا لەگەڵ وشەکانی (مرۆڤ، گیاندار، شەهید، پیاو، ژن، منداڵ... هتد) دێو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ناوی(خۆر)دا نییە، بەمەش بۆشاییەك لەنێوان هەردوو چەمك دروست دەبێ، بوونی ئەم بۆشاییە لادانو یاریکردنی نووسەر بە زمان نیشان دەدات.

"*تەنافەکانی دڵی ئێمە چۆل.* ل٦٢"

"*دەرگای خەونەکانمان بخەنە سەر پشت.*ل٥٣"

لێرەدا نە (تەناف) پەیوەندی لەگەڵ (دڵ) و نە (دەرگا)ش پەیوەندی لەگەڵ (خەون)دا هەیە. ئەم شێوە هێنانەوەیە لە ڕووە واتاییەکەوە تا ڕادەیەك لە (خواستن) نزیك دەبێتەوە، کە لە بەشی سێیەم لە ئاستی دەلالیدا پتر لێی دەدوێین.

**ب- یەکێك لە هەردوو چەمکەکە (ئاوەڵناو) بێ:**

وەك پێشتر روونمان کردەوە، کە ئاوەڵناو رۆڵی دەستنیشانکردنی (ناو) دەبینێ، بەلاَم لێرەدا هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ناوو ئاوەڵناوەکەدا نییە، کە لە بنجدا (دیارخەرو دیارخراو)ن. نەبوونی ئەم پەیوەندییە، دوو چەمکەکەی لێك دابڕیونو لە خەیاڵی خوێنەردا نییە ئاخاوتنێك بەکاربێنێ، کە بۆشایی بکەوێتە نێوان ناوو ئاوەڵناو. وەك:

"*تەمەنی قورسو هەناسەی قورستری ئێوەی بۆ هەڵناگیرێ.* ل٥٤"

لێرەدا نە (تەمەن)و نە(هەناسە) قورس نین، بۆیە لەنێوان هەردوو ئاوەڵناوو هەردوو ناودا کەلێن هەیە.

هەندێك جار بەهۆی ئامرازی(ە)، پێکەوە دەبەسترێن. وەك:

"*رووی لە دەنگە دڕکاوییەکە کرد.* ل١٩١" لێرەدا دەنگ درکاوی نییە، بۆیە پەیوەندییان پێکەوە نییە.

بەزۆری کاتێك بە ئامرازی (ە) پێکەوە دەبەسترێن، شوێنی دیارخەرو دیارخەریش ئاڵوگۆڕ دەبن. بەم شێوەیە لادان لە ئاستی پێکهاتەو واتادا دروست دەبێ. وەك:

"*تەلخی نەرمە تۆزی رۆژگار دەسڕێتەوە.* ل١٩١"

ئـەم دەربڕینــە لــە بنـچینەدا (تـۆزی نـەرم) بـووە، بـە ئاڵوگۆڕکردنیـان پێکهاتەکـە گۆڕدراوەو لەهەمان کاتدا کەلێنیان لە نێواندا هەیە، چونکە (تۆز) لەگەڵ ئاوەڵناوی (نەرم، رەق... هتد) نایەت.

" *نەرمە شەرمێك، سرکە خەیاڵێکی دەوروژێنێ.* ل١٩١"

ئاوەڵنـاوی (سـرك‌و نـەرم) لەگـەڵ ناوەکـانی(شـەرم‌و خـەیاڵ) نـاگونجێن، بـەم شـێوەیە شیعرییەتبوون بە دەربڕین دەبەخشێ.

**ج- یەکێك لە هەردوو چەمکەکە(کار) بێ:**

وەك: " *هەتاوێکی سپی بەسەر پشتی ئاسۆسدا دەڕژا.* ل١٥٥"

لێرەدا کورتەی دەربڕینەکە بریتییە لە (هەتاوێك دەڕژا)، کارەکە کارێکی تێنەپـەڕەو پێویستی بە بەرکار نییە، واتـە دیارخراوەکـە (هـەتاو)ەو کارەکـەش (دەڕژایـە)یە، لـە راستیشدا (هەتاو) ناڕژێ، کەواتە نـەگونجان لـە نێـوان (هـەتاو) و (رژان) دروسـتبووە، کە رەهەندی واتایی گونجانیان لێك دوورە.

ئـەم شـێوە شـیعرییەتە لــە چـیرۆکەکانی (سـەفەری مـۆر، پیـاوانی مەڕمـەڕ یـان ئەفسوونی شـین، گیـانی تاشـەکان، مـەیین(٢) ) دا، لەچـاو چـیرۆکەکانی تـر روونـتر هەستی پێدەکرێ.

## باسی دووەم: شیعرییەتی لادان

هـەموو ئـەو گوتنانـەی کـە لـە دەمـی مـرۆڤ دەردەچـن، لەسـەر بنـچینەی چـەند ڕێسـایەکەوە بونیـادنراون، بەزانـدنی ئـەو یاسـایانەو هەڵتەکانـدنی سـنوورەکانیو دووبارە بونیادنانەوەی بە پێچەوانەی گوتنی باو، پێی دەگوترێ لادان Deviation، ئەم پرۆسەیە لە گوتنێکی ئاساییەوە بۆ گوتنێکی ئەدەبی داهێنراو دەچێ، بەجۆرێك ئەگەر وردتر لەنێو دەقی ئەدەبیدا ڕامێنین، ئەو کاتە ئەم دیاردەیە هەڵاوێردنی ژانرە ئەدەبییـەکانیش دەخاتـە ئەسـتۆی خـۆی، چـونکە بـوونی لـە هـەر دەقێکـی ئەدەبیـدا کۆمەڵێك سیمای جیاکەرەوە بە دەقەکە دەبەخشێ.

لەنێو تیۆری ئەدەبیدا لادان بە چەمکێکی کاریگەری نێو بونیادی شیعر دادەنرێ‌و رۆڵی لە بەنەمرکردنی دەق‌و چڕکردنەوەی دەربڕین‌و بەخشینی ئیحایەکی کاریگەر هەیەو بەجۆرێك بەرزبوونی رێژەی لادان، بەرزبوونی شیعرییەت‌و پێکهاتەکەی دەسەلمێنێ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە تەنیا لە دەقی شیعریدا بەرجەستە بێ، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان شیعرو پەخشاندا ((پەخشان رەسەنەکەیەو خودی شیعر لادانە لەم رەسەنێتیە.)) [124:160] بەو واتایەی پەخشان سروشتێکی ئاسایی هەیەو دوورە لە پرۆسەی لادان، هەرچی شیعرە لادانێکە لە پێکهاتەی پەخشان‌و لە بنج‌و رەسەنێتییەکە جیابۆتەوە، بەڵام دەگونجێ لەهەر دەقێکی پەخشان بە گشتی‌و چیرۆك بەتایبەتی، یاسا باوەکان ببەزێندرێن‌و لادان لە هەر رەهەندێکەوە بێتە ئاراوە.

زۆر چەمك‌و زاراوە لای رەخنەگرو تیۆردانەران بۆ (لادان) بەکارهاتوون‌و هەمووشیان لە چوارچێوەی بەزاندنی هێڵە گشتییەکانی پێکهاتەو بونیادی دەق دەسەنگرێنەوە. لای (پۆل ڤالیریValery.p) سەرپێچی (تجاوز) و لای (بالی Bally.ch[*]) هەڵەو لای (سپیتزەرSpitzer[**]) وشەی (لادان) و لای (تیری Thiry[***]) شکان(کسر) و لای (جان کۆهین) پێشێل کردن(انتهاك) و لای (بارت) زڕان

---

[*] چارلز بالیCharles Bally (١٨٦٥– ١٩٤٧ز): زمانەوانێکی بونیادگەریی سویسراییەو یەکەم دامەزرێنەری زانستی شێواز، یان شێوازگەرییە لە چەرخی نوێ. قوتابی (سوسێر) بووە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی (دانەری شێوازگەریی فەرەنسی–) و (زمان و ژیان) و (زمانەوانی گشتی‌و زمانەوانی فەرەنسی) .[161:76] و-242 241:78] .

[**] سپیێتزەرLeo Spitzer(١٨٧٧–١٩٦٠ز): لە نەمسا لەدایك بووەو لە ئەڵمانیا پێگەیشتووەو لە فەرەنسا گەیشتۆتە پلەی خوێندن. یەکێك بووە لە زمانەوان‌و رەخنەگرانی ئەدەب. لە بەرهەمەکانی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی شێواز–١٩٧٠ز) و (شێوازگەری‌و رەخنەی ئەدەبی–١٩٥٥). [248:78]

[***] تیریMarcel Thiry : شاعیرێکی بەلژیکایی و فەرەنسی زمان بووە، لەساڵی ١٨٩٧ لەدایك بووە. کۆمەڵە شیعرێکی چاپکراوی هەیە لە ساڵی ١٩١٩. کورتە چیرۆکیشی نووسیوە، وەك: دەریای ئارامی(١٩٣٨ز) و پەیکەری ماندوو(١٩٣٤ز). [240:78]

(فضیحة) و لای (تۆدۆرۆڤ) ناوازە (شذوذ) بەکارهاتووەو لای (ئەراگۆن* Aragon) دەگاتە ئەوپەڕی سنوور، کە ئەویش شێتییە، هەمووشیان کۆمەڵە وشەیەکی ئیحابەخشن [64:85].

پرۆسەی لادان** بەر لەوەی لەگەڵ زانستی نوێی شێوازدا ئاوێتە بێ، هەموو ئەم چەمکانە لە کۆنەوە پەیوەندییان بە ڕەوانبێژیی کۆن هەبووە، چونکە هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەر لە سەرەتاوە بۆ جوانترکردن و ڕەوانکردنی دەربڕین بەکارهاتوون، هەروەها کۆمەڵێك یاساو بنچینە بوون بۆ هێنانەکایەی دەربڕینێك، کە جیاواز بێ لە دەربڕینی ئاسایی و خولیای داهێنانی نووسەر(نێرەر) ی تێدا بەرجەستە بووبێ و ئەم داهێنانەش خۆی لە ڕەهەندە جوانکاری و ئیستاتیکیەکانی فۆڕم و ناوەڕۆك، یان دیوی رووخسارو واتادا دەبینیەوە.. لەبەرئەوە کۆی پرۆسەی ڕەوانبێژی، تەرزێکە لە لادان، ئەم لادانەش، کە خۆی لە بۆتەی ڕەوانبێژی ئاخنیبوو، تایبەت بوو بە دەقی شیعری، لەوێدا ئاراستەکانی داهێنانی شیعری و پلەکانی بەرزبوونی ڕێژەی دەربڕینی پوختی شیعری، بە چۆنیەتی پتەوی ڕەوانبێژی و لادان پەیوەست بوو. هەمان ئەو چوارچێوەیە بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی دیکەش دەگونجێ، بەتایبەتی ئەو کاتەی ڕەوانبێژی و کارابوونی لادان سنوورو هێڵەکانی جیاوازی ڕێسا دەستکردەکانی ژانرەکان دەسڕێتەوەو چۆنیەتی پێکهاتەی دەق دەکرێتە پێوەر بۆ ناساندنی ناسنامەی دەق و خۆنەبەستنەوە بەو چەمکە باوانەی کە سنووریان بۆ تێکەڵبوونی دەقەکان دادەنا.

---

* ئەراگۆن Louis Aragon: نووسەرێکی فەرەنسییە، لەساڵی ١٨٩٧ لە پاریس لەدایك بووە، ڕۆڵی لە بووژاندنەوەی بزووتنەوەی سووریالی هەبووە، دواتر چۆتە نێو خەباتی سیاسی و لە ریزی پارتی کۆمۆنیست کاری کردووە. بە بەرهەم زۆری لە شیعرو چیرۆك و ڕەخنە ناوی دەرکردووە. ناودارترین بەرهەمە شیعری (مجنون الیزە)یە. [239:78]

** لەنێو ڕەخنەی کوردیدا وێڕای لادان، وشەکانی (ترازان) لای (د. محەمەد بەکرو)و (خزان) لای (ئەکرەم قەرەداخی) بەکارهاتووە. بڕوانە[8] و هەروەها بڕوانە (خزان لەشیعری نوێدا)، ئەکرەم قەرەداخی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە ٦٧.

ئەوەی پەیوەندی بە شێواز هەیە، کۆی پرۆسەی لادان و ڕەوانبێژییە، کە لە چوارچێوەی شێوازدا تەماشای دەکرێ، چونکە هەموو ئەم دیاردانە دەبنە شێوازێکی تایبەتی دەق و لە دەقەکانی دیکە جیادەکرێنەوە. ئەوەی کە لە پەیوەندی نێوان شیعرییەت و شێوازگەری لە دەروازەی ئەم نامەیە لێی دواین و ئەو هێڵە باریکەی بۆتە نێوەند بۆ لێکجیابوونەوە و هەروەها ئاوێتەبونی شیعرییەت و شێوازگەری، لە ئەنجامی لادانەوە دێتە کایەوە، لەبەرئەوە لادان بە دوو جۆر خۆی نیشان دەدات، یان دەرچوونە لە بەکارهێنانی ئاسایی زمان، یاخود دەرچوونە لە سیستەمی زمانەکە خۆی، واتە دەرچوون لە ڕستە ڕێزمانییەکانی. ئەمەش تەنیا بە مەبەست لای نووسەر یان ئاخێوەرەوە تەواو دەبیٚ و بەو هۆیەوە بەهایەکی زمانی و ئیستاتیکی بە دەق دەبەخشیٚ و دەگاتە پلەیەکی شێواز. [77:79] کەواتە بە زیادبوونی پلەی شێواز پلەی شیعرییەتیش زیاد دەبیٚ، چونکە خودی زیادەکە نائاساییە و لەخۆوە و بە سروشتی نایەتە کایەوە، بەڵکو مەبەست و ئامانجی نووسەری لە پشتە.

ئەگەر وەك (بالی)، لادان بە (هەڵە) ناوبنێین، ئەوا لە ڕاستیدا لە ڕووی بابەتەوە، هەڵەیەکە لە زمان و ڕێڕەوی ئاسایی بونیادی دەق، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم هەڵەیە لە بێئاگاییەوە نییە، بۆیە شێوازێکی تایبەتی خستۆتەڕوو، سەرەڕای ئەوەی پرۆسەکە تێکشکاندنی یاساو ڕێساکانی بونیادەکەیە، بەڵام خودی لادان لەسەر چەند بنەمایەك پرۆسەکە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی دەربڕینەکان لە بیٚ ئاگایی و لەخۆوە سەرچاوە نەگرن و نووسەر بەهۆی تەکنیك و فێڵی زمانی ڕێسایەك جیا لە ڕێسا باوەکە، بۆ خۆی بدۆزێتەوە، یان پەیوەندییەك لەنێوان دەربڕینەکان پەیدا بکات، تا لەوێوە ڕاڤەی شیاویان بۆ بکات، بەم شێوەیە دەربڕینێکی بارگاوی بوو بە لادان لە دەربڕینێکی نەشیاوی هەڕەمەکی و کوێرانەی شێتێك، یان منداڵێك، کە هیچ پەیوەندییەکی دروستکراو سەرتاپای دەقی نەگرتبێتەوە، جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوە ئەگەر شێواز لە پرۆسەی لادان هەڵبهێنجدریٚ، ئەوا ناشیٚ هەموو هەڵەیەك وەکویەك بیٚ، چونکە ڕاستە ((شێواز هەڵەیەکە، بەڵام هەموو هەڵەیەکیش شێواز نییە)) [193:90] بۆیە ڕستەیەکی شیعری لەگەڵ ڕستەیەکی نەشیاو، ئەگەرچی هەردووکیان لە پێوەرە ئاساییەکە

لایەندابێ، بەڵام لە ڕووی بونیادەوە جیاوازن، لادانی شیعری هەڵەیەکی مەبەستدارە [90:193-194]، بەڵام رستەیەکی نەشیاو پێوەر تێکدەشکێنێ، لەهەمان کاتدا لەسەر پێوەرێکی نادیارو بێ بنەما دروست دەبێتەوە.

هەڵەبوونی چەمکی لادان لەنێو خۆیدا، ئیستاتیکاو جوانکاری بە دەربڕین دەبەخشێو جیا لە دەربڕینی ئاسایی، شیعرییەتبوونی پێ دەدات. بۆ نموونە دەربڕینی (قەندیلی بە مەندیل) دەربڕینێکی ئاسایی نییە، کە لای هەموو کەسێك ئەو تێڕوانینە نییەو لەو گۆشە نیگایەوە ئەو هەستەی بەخەیاڵدا نایێ، لە جیاتی ئەوەی بڵێ:(قەندیل پڕ لە بەفرە) دەربڕینەکە بۆ (قەندیل مەندیلی لەسەر ناوە) بگۆڕێ، لەبەرئەوە با قسەیەکی ئاسایی، یان ئاخاوتنێکی پەخشانی-ش بێ. ئەم دەربڕینە واتاکەی لە واتای پەخشانییەوە بۆ واتایەکی شیعری گوازراوەتەوە، بۆیە زمان لە ئەرکی خۆیدا وەستاوەو لەپاڵیدا ئەرکی دیکەی بینیوە، وێڕای ئەمەش رستەکە ئیحابەخشیشە، بۆیە ئەگەر (قەندیل) ناوێکی دیارخراو بێ، (بەفر)یش دیارخەر، لەهەمان کاتدا دیارخەری دووەم کە مەندیلە جێگای دیارخەری یەکەمی گرتۆتەوە. کەواتە رستەکە رستەیەکی شیعرییەو((رستەی شیعریش لە ڕووی بابەتەوە هەڵەیە، بەڵام لە ڕووی خودییەوە راستە))[90:203] ئەم هەڵە مەبەستدارە لەوەدا بەرجەستە بووە، کە پەیوەندییەکی نزیك دەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لادانەکە هەڕەمەکی و بێ بنەما نەبێ، لەنێوان (مەندیلو بەفر)، بەهۆی چەمککێکی ترەوە، پەیوەندیی هەردوو ناو لێك نزیك دەبنەوە، کە خۆی لەڕەنگی (سپی) دەبینێتەوە، بۆیە بە سوود وەرگرتن لە ڕەگەزی رەوانبێژیو خواستنی وشەیەکی شیاو بۆ دەربڕینەکە، لادانەکە پتەوو شیاو دەکاتو شیعرییەتبوون بە دەربڕینە پڕ ئیستاتیکایەکە دەبەخشێ.

چەمکی لادان لە لێکۆڵینەوە شێوازگەریو زمانەوانییەکانی رۆژئاوا سەریهەڵداوە، ئەو لێکۆڵینەوانە گرنگییان بە لادان داوە، وەك پرسێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئیستاتیکای گوتاری ئەدەبی، هەروەك لە پێکهاتنی ئاخاوتنو داڕشتندا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زمان هەیەو بە ڕەهەندێکی زمانیش دادەنرێو لە بەکارهێنانی ئاسایی سیستەمی زمان دووردەکەوێتەوە، بە واتایەکی تر لە شێوازی

گوتاری باوو ئاسایی زمان لادەدات و بەهۆی ئەم لادانەوە وەرگر چێژو سوود دەبینێ. [188]

پرسی لادان و پەیوەندی لەگەڵ وەرگر لە دووڕیانی چێژوەرگرتندا بەیەك دەگەن، بەجۆرێك لەنێو تیۆری وەرگرتن و شیعرییەتبوونی وەرگردا، لادان رۆڵی کارا دەبینێ و تاوەکو شێوازێکی تایبەتی بێتە ئاراو، تا لادان لە پێکهاتەی دەقدا قووڵبێتەوە، ئەوەندە چێژ بە وەرگر دەبەخشێ، چونکە کاریگەری ئاخاوتنێکی ئاسایی بەسەر وەرگردا بە بەراورد لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی لەهەمبەر وەرگر زۆر کەمترە، ئاشکرایە زمانی ئاسایی کەمتر هەست و سۆز و تەکنیکە بەهێزو مەبەستە چڕوپڕو جوانکارییەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەبەرامبەردا زمانێکی ئەدەبی، کە بەلادان بارگاوی کرابێ، هەموو ئەمانەی گرتۆتە خۆو بەم شێوەیە نێوانی دەق و وەرگر شیعرییەتێکی بەهێز دایدەپۆشێ، بۆیە ((تا پلەی لادان لە دەقدا زیاتر بێ و لەباری ئاسایی دەربچێ، ئاستەکانی خوێندنەوەو ئیستاتیکای وەرگرتن (التلقي) فرەتر دەبێ)). [112:92]

لەو سۆنگەیەوە، (میشال ریڤاتێر [*]) لە پێناسەی شێوازدا پێی وایە: لادانێکە لە جۆری دەربڕین و دەرچوونە لە ڕێسا زمانییەکان و پێوەری ئاخاوتنی خەڵك، کە تەنیا مەبەست لێیان گەیاندن بێ، چونکە مەبەستەکانی زمانی ئاسایی لەگەڵ زمانی ئەدەبی جیاوازن، ئاخاوتنی ئاسایی کار لە وەرگر ناکات، واتە چەند هەستێکە بۆ تێگەیاندن و بەهۆی لاساییکردنەوەو لەسەر چەند بنچینەیەکی دیاریکراو دەردەبڕدرێ. بەلای ریڤاتێرەوە لادان کاریگەرییەکی کت وپڕە، کە لە ڕەگەزی زنجیرەی ئاخاوتن لەچاو ڕەگەزەکانی پێشووتری شتێکی چاوەڕواننەکراوە، ئەو ڕووداوە چاوەڕواننەکراوە ئەنجامی دەرچوونە لە پێوەرە زمانییەکە. [188]

---

[*] مامۆستای زانکۆی کۆلۆمبیا بوو، کە یەکێك لە زانکۆ هەرە باشەکانی نیویۆرکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە دەیەی پەنجاکانەوە بە شێوازگەرییەوە خەریکە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی: هەوڵەکانی شێوازگەریی بونیادگەری. [247:78]

لێکۆڵینەوە لە ریتمی ناوەوەو دەرەوەو تیشك خستنە سەر رەهەندەکانی زمانو شێوازو تایبەتییەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی، وەك لایەنی دووبارەکردنەوەی دەنگو هونەرکاریو وەستایی لە دانانی دەنگیو وشەییو، یاری بە زمان کردنو چوارچێوە رەوانبێژییەکانی لە چەشنی رەگەزدۆزیو بەرامبەریو دژیەكو پێچو پەخشو جوانی بایسو هونەرە جوانکاریو واتاییو روونبێژییەکان بەگشتی، دەرخەری شێوازێکی تایبەتین لەنێو دەقداو ئەم شێوازە لە کۆی هەموو ئەم هونەرانە لە منداڵدانی (لادان) ەوە لەدایك بووە. بۆیە (((شیعرییەت) لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەو ناسینو دەستنیشانکردنی ئەو لادانانەیە لە پێوەری گشتی، کە بەهای ئیستاتیکایان هەیە. بەگوێرەی شیعری نوێ، لادانەکان وەك پێوەرێکی ئیستاتیکی تەماشادەکرێت)). [176:59]

یەکێك لەو رێگایانەی کە بە وردیو زانستی دەستنیشانی جۆری لادانو رەهەندە ئیستاتیکییەکانی دەق دەکات، شێوازی (ئامار)ییە، بەو پێیەی وەك (پێیر ژیرۆ)* دەڵێ: ((ئامار زانستێکە لە لادانەکان دەکۆڵێتەوە)) [86:75] و تێیدا سەرژمێری بەشەکانی ئاخاوتنو لایەنە رەوانبێژییەکانو ئەو وشانەی کە هەڵگری لادانن لەنێو خۆیاندا دەکاتو رێژەی شیعرییەتبوونو دەربڕینی شیعری لە بەرامبەر دەربڕینی ناشیعری دەستنیشان دەکاتو تیشك دەخاتە سەر پلەو سنووری شێوازی تایبەتیو جۆری داهێنانەکان لە چوارچێوەی دەقدا، چونکە (چەمکی لادان پێداگری لەسەر تەبایی گرنگی نێوان شێوازگەریو ئامار دەکات، لەبەرئەوە دەشێ دەستکەوتەکانی ئامار لەسەر شێوازگەری پراکتیك بکرێن، تا دەگاتە ئەوەی کە شیعرییەت ببێتە پێوەرێكو وەکو نێوەندێك لەکاتی دووبارەوەبونەوەی لادانەکانەوە دەردەکەوێ.) [16:90]

---

* پییر ژیرۆpierre Guiroud: زمانەوانێکی فەرەنسییەو دکتۆرای لە ئەدەبیات هێناوە، مامۆستای وانەی زمانەوانی بووە لە زانکۆی نیس(Nice)و زانکۆی ڤانکۆڤار(Vancouver) لە زۆربەی کایەکانی زمانەوانی بەرهەمی نووسیوە. گرنگترین بەرهەمەکانی (شێوازگەری ١٩٥٤) و (زانستی سیمانتیك١٩٥٥) و (گراماتیك ١٩٥٨) و (بەرەو زمانی فەرەنسی١٩٦٢) و (ئیتمۆلۆژی ١٩٦٤) و (سیمیۆلۆژیا١٩٧١). [252:78]

لادان وەك پرۆسەیەکی هەمەلایەنو گشتگیر، سەرتاپای دەق دەگرێتەوە، ئاستەکانی دەنگو پێکهاتەو دەلالەتی سیمانتیکیو پراگماتیکیو زمانی دەق بە هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوە دەبنە کەرەستەیەك تا لادانیان لەنێودا جێبەجێ بێ، چونکە ئەگەر لە ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم کەرەستانە بە ڕێڕەوی سرووشتی خۆیان بڕۆن، ئەوا ((گوتاری ئەدەبی ڕێسا زمانییە بابەتیەکان تێکدەشکێنێ، یان لە شێوازی ئاسایی زمان دەردەچێو شێوازی نوێ وەردەگرێ، یاخود دەربڕینی نوێ، لەگەڵ دەربڕینی کۆن ئاڵوگۆڕ دەکات. زمانەوانەکان بەم دەرچوونە دەڵێن: لادان، یان خزین)). [183:76]

لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لادان پەیوەندی لەگەڵ داهێنان دەبەستێ، بەو پێیەی لە ئەنجامی پرۆسەی لادان، داهێنان لە دەقدا بەرهەم دێو لە ئاوێتەی لادانو هەڵئاوسانی زمانی شیعریو یاریکردن بە زمان لە هەموو ئاستەکاندا، داهێنان دەبینرێو ئەم میکانیزمە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی دەقێك لە تەواوی دەقەکانی ترو پێدانی سیمایەکی تایبەتیو، سەخت خۆنیشاندانی دەقەکە لەلایەن وەرگرو فراوانی واتاو جیابوونەوەی ڕەهەندی جۆراوجۆری واتاو سەر لەنوێ نوێبوونەوەو گیان بەبەرداکردنی دەق لەکاتی خوێندنەوەی زیاتریدا. چونکە (خودی داهێنان بریتییە لە بەزاندنی باری ئاساییو پشت ئەستوور بوون بە ئیحاو تەمومژی واتا، کە وادەکەن بەهای وشە بەرزبێتەوە.) [115:201]

لێڵیو تەمومژی واتا، کە بە مەبەست لای نووسەری دەقەوە بەبەر دەقدا دەبڕێ، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو وشانە دەبێ، کە سیمایەکی تایبەتییان هەیەو لە کەشێکی لەباردان، تا واتای تریان بخرێتە سەر، یان درەنگ خۆیان بەدەستەوە بدەن. دەشێ ئەو وشە تایبەتیانە بە (کۆد Code) ناوبنێین. کۆدیش وەك (گرانجار)* لە پێناسەکردنیدا دەڵێ: (سیستەمێکە لە ئامرازێکی ڕێککەوتوو لەسەری، کە تێیدا

---

* گرانجارGilles-Gaston Granger: فەیلەسوفێکی فەرەنساییە، لەساڵی ١٩٢٠ لەدایك بووە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی: (میتۆدەکانی ئابووری١٩٥٥ن) و (رامانی وێنەییو مرۆڤناسی– التفكير الصوری وعلوم الانسان١٩٦٧) و (هەوڵێك لە فەلسەفەی شێوازدا١٩٦٨). [252:78]

پەیامی تێدا دەگوازرێتەوەو...شێوازیش پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ کۆد هەیە.) [74:79]، نهێنی شیعرییەت لە نێو ئەم کۆدانە دایەو لەگەڵ شێواز ئاوێتەی یەکتر دەبن و روونتر لەنێویدا دەردەکەوێ. هەموو ئەو رەمزانەی کە لەنێو دەقدا دەبینرێن، جگە لە واتا رووکەشیەکەی، واتای تر لەخۆیان باردەکەن و لادانێکی پراگماتیکی دێتە کایەوەو بەو هۆیەوە تا ئەو کۆدانە فرەترو هەڵگری لادانی زیاتر بن، زمانی پێکهاتەی دەق چڕترو پوختتر دەبێ، کۆدەکانیش زیاتر توانای گواستنەوەی پەیامی تریان دەبێ لەهەموو چەمکەکانی وەك رەگەزدۆزی، درکە، خواستن، رەمز... بەربڵاوترو لە خزمەتی شیعرییەتی دەقدا دەبن و دەق لەبارە ئاسایی و سادەو ساکارییەکەی دووردەکەوێتەوەو بەرەو داهێنان و فرە واتایی و فرە بەخشینی تێڕوانین و مەدلوولی تر دەچێ.

## شیعرییەتی لادان لە دەقی چیرۆکدا:

بۆ ئەوەی ژانری چیرۆك وەك ژانری شیعر کاریگەری بەسەر وەرگر هەبێ و جۆرە جوانکارییەکی لە پێکهاتەدا هەبێ و لە تایبەتمەندییەکانی شیعر نزیك بێتەوە، پێویستە بایەخ بە زمانەکەی بدرێ، چونکە لە چوارچێوەی زماندا پتەوی بونیادی دەق دەردەکەوێ و لێك نزیك بوونەوەی شیعرو چیرۆك و کاریگەری هاوبەشیان، لە وێکچوونی زمانەکەیان دەبێ. هەڵبەت ئەوەی پێویستە بۆ زمانی شیعر، بۆ زمانی چیرۆکیش لەجێی خۆیەتی((هەڵبژاردنی دەربڕینەکان لەلایەن نووسەر (چ لەسەر ڕێچکەی باو بەڕێوە بڕوات چ نا، یا حەرفی یا مەجازی) بێ و بەهێزی و روونی شێوەی رستەکان، یان نزمیان و ئەوەی شێوازەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمانە هەموویان رەگەزی زمانن، کە یارمەتی داڕشتنی گرنگی چیرۆك دەدەن)) [163-162:33] بۆیە چیرۆکیش هاوشێوەی شیعر، بۆی هەیە بە پێوانەی شیعرییەتەوە بپێورێ و لەو چوارچێوەیە دەربچێ، کە تەنیا بە زمانێکی ئاسایی رووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو شێوازو جۆری رووداوەکان و گێڕانەوەیان بەهەند هەڵبگیرێ، هەروەك تەنیا رەگەزەکانی زمان بە تەکنیکە کۆنەکان بونیاد نەنێ، بەڵکو شیعرییەتی بونیادەکەی لە

شیعرییەت و شێوازو جۆری تەکنیکەکانە، بەجۆرێك بە هەمان هەناسەوە، یاساکان تێك بشکێنێ و بە جیهانبینینێکی نوێ و لادەر لە زمانە ئاساییەکە، شێوازی نوێ بنووسێتەوە، رووداوی پڕ لە فانتازیا و سیحر ئامێز بە تێڕوانینێکی خەیاڵی و سیحری بخرێنە بن دەستی خوێنەر، کە ئاوێتەی ئەفسانەو بیروڕاکۆنەکان بن و لەگەڵ مێژوو و وشەی کۆن و کەلەپووری خودی زمانەکە کارلێك بکەن و بە شێوازێکی نوێوە لەسەر ئەم بونیادەوە بسەنگرێنەوە.

لەو سۆنگەیەوە دەشێ خودی ئەم پرۆسەیە بە لادانێکی قووڵ بناسێنین، چونکە لەنێو هەر لادانێك بەگشتی و لادانێکی لەم تەرزە بەتایبەتی، جۆرە نوێبوونەوەیەك بەرجەستە دەبێ. لە ئەنجامی لادان لە شێوەو تەرزو جۆری پێشووو رۆیشتن بە ئاڕاستەیەکی تر تەکانێکی نوێ بە دەق دەدات، کە زمان و شێواز بە گشتی گۆڕانکاری بەسەردا دێ، لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر نەك هەر زمان و شیعرییەتی چیرۆك لە زمان و شیعرییەتی شیعر نزیك بێتەوە، بەڵکو دەشێ ئەو شیعرییەتەی کە بواری ئەدەبی بۆ نەرەخساوە لە دەقێکی شیعری بەرجەستە بێ، بۆ دەقێکی چیرۆك بخوازرێ، بەو پێودانەی کە هەردووکیان لە چوارچێوەی ئەدەبن و خەیاڵ و زمان و وێنەو رەگەزەکانی تریان هاوبەشن، بەو ئەندازەیەی تا چەندە کار لەنێو پرۆسەی لادان دەکرێ، چونکە گرنگترین میکانیزم بۆ ئەم پێشبڕکێیە لەسەر شیعرییەت و کارلێك کردنەکەیان، بۆ ڕادەو چەندێتی رێژەی لادان دەگەڕێتەوە، دەشێ بە دەربڕینێکی کورتتر ئەم میکانیزمە خۆی لە چەندێتی ڕێژەکانی (خەیاڵ، وێنە، ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەفسانەو رەمز، یاریکردن لەگەڵ زمان، رەگەزە رەوانبێژییەکان، گۆڕینی ئاڕاستەکانی کات...) ببینێتەوە.

تا ئەم ڕێژانەش زیاتر لەنێو دەقدا بەرجەستە بن، شیعرییەتبوون لە دەقی چیرۆك بە ئەندازەی شیعرییەتی شیعر یان زیاتریش دەبێ. ئەم بەرجەستەبوونەی شیعرییەت لەنێو دەقی چیرۆکدا، دەشێ لەو گۆشەنیگایەوە لێی رامێنین، کاتێك رووداوێکی دیاریکراو، لای دوو چیرۆکنووس لەچوارچێوەی دەقی چیرۆکدا دەنووسرێتەوە، بێگومان هەریەکەیان بەشێوازێك دەینووسێتەوە، لەبەرئەوە بونیادی هەردوو چیرۆك

لـە ئاسـتـەكانى ريتمـى و پێكهاتـەيى و دەلالى جيـاواز دەبـن. بەتايبـەتى لـە پێكهاتـەى زمـان و هـەڵگرتنى ئـەو رەهەنـدە ئيستاتيكيانەى، كـە لەنێوخۆيـدا هەڵيـدەگرێ، ئەگـەر وردتر تێبفكرين، پرسى لادان لەنێو بونيادەكەدا بەهێزترين خاڵى جياكارى هـەردوو دەقەكـە دەبـێ، كـە دواجـار دەبێتـە تايبەتمەندييـەكى سـەربەخۆ بـۆ دەقەكـەو بـە دەربڕينێكى نوێ دەتوانين، ئـەم تايبەتمەندييە بە شێواز دابنێين، جياوازى ڕێژەى لادانەكانيش وەك سيماى ديارى نێو هەر سێ ئاستەكە، جياوازى ڕێژەى شيعرييەت نيـشان دەدات. وەك(رۆلانـد بـارت)يـش پێـى وايـە ((چـيرۆك ناچەسـپێ، تـا لـەنێو يەكەكانيدا لادان ڕوونەدات)). [84:156]

كەواتە لادان لە دەقى چيرۆكدا دەشێ بگاتە ئاستێكى بەرزو هەروەك دەشێ بگاتـە ئاسـتێكى نـزميش، مەسـەلەكەش بەنـدە بـە ئـيش كـردن لـەنێو كايـەكانى زمـان و پێكهاتەى ڕيشاڵە وردەكانى بونيادى دەق و شكاندنەوەى زمانە بەو ئاڕاستەيەى، كە تواناى نووسەرى تێدايەو رەهەندەكانى داهێنان و شيعرييەت و جيهانبينى نوێى تێدا رۆشـن بكاتـەوە. دەتـوانين بڵـێين لادان دەشـێ هـەموو ئـەو كارانـە لـەخۆ بگـرێ، يـان بـە واتايەكى تر ئـەم كارانـە لـە بنـچينەدا خۆيـان لادانـن، بـەلاَم بـە دەربڕينـى تـر دێنـە نێـو زانستى رەخنەوە.

چيرۆكى نـوێى كـوردى بەشـێوەيەكى گـشتى و هـەردوو دەيـەى هەشـتاو نۆهـەت بەتايبـەتى، لە قۆنـاغى ئاسايى پێش خۆيـان دەرچوونەو گۆڕانكارى بەسـەر شێوەو شێوازو ناوەڕۆكيان داهاتووە، بەتايبتى ئيش كـردن لە بونيادو ئـەو رەهەندانەى كە لادان لـەخۆيان دەپێـچن، سـيمايەكى نوێيـان بـەو دەقانـە داوەو بـە هـەمان هەناسـەى شيعرييەتى شيعرەوە، ژانرى چيرۆك نووسراوەتەوە. هەستكردن بەو شێوازە نوێيـە، كە لە خزمـەت شيعرييەتى دەقدايـە، بە پێويستييەكى گرنگـى قۆنـاغى نوێبوونـەوەى چيرۆك دادەنـرێ و تـەكانێكى بـەهێزە لـە دەركـەوتنى شيعرييەتى شـێوازى چـيرۆكى كوردى، چونكە وەك (جـەبار جـەمال غـەريب) دەڵـێ: ((ئـەو ئيقـاع و سيحرو ختوكـەى زمان لە شيعردا ونى كردووە، دەبێ لە چيرۆكدا بيدۆزێتەوە، ئـەو زمانـەى دەلالـەتێكى نوێ و سيحرێكى ئاوس بە وشەكان نەدا چيرۆكى كوردى پـێ نانووسـرێتەوە، چيرۆك

لەو جوغزە دەرچووە کە تەنیا نووسینەوەی، یان چووکەڵەکردنەوەو گەورەکردنی حاڵەتێك بێت و بەس)). [70:16] کەوابوو ئەو کەم و کورتییانەی ئەگەر شیعر لەبەرامبەر شیعرییەت بەخۆوەی دەبینێ، دەبێ چیرۆك جێگرەوەی ئەم پڕبوونەوەیە بێ و بەو زمانە پڕ شیعرییەتە نەبێ، چیرۆك بە تێگەیشتنە نوێ و سەردەمییەکە نابێتە دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکاو لە هەمان کاتدا کاریگەر. بەو پێیەی کاریگەری دەق بۆ خوێنەرو گواستنەوەی بەهێزی کاریگەرییەکەو کارلێك کردنی لەگەڵ وەرگر خودی پرۆسەی شیعرییەت دەسازێنێ.

لەبەرئەوەی هەموو ئەو گۆڕانکارییە دەنگی و وشەییانەی، کە بوونە هۆی دروستبوونی شیعرییەتی ریتمی ناوەوە لە بەشی یەکەمدا، هەموویان جۆرێکن لە لادان، لە بەشی سێیەمیشدا لادان لە ئاستی واتاییەوە وەردەگرین، بۆیە لەم بەشەدا لە ئاستی پێکهاتەیی، تەنیا شیعرییەتی لادانی پاش و پێشخستن و هەروەها کورتبڕی و لابردن باس دەکەین.

## - پاش و پێشخستن Hyperbaton

پاش و پێشخستنی کەرەستەکان لەنێو ڕستەو دەقی ئەدەبیدا، وەك بەشێك لە لادانی ڕێزمانی بەگشتی و لادانی ڕستەسازی بەتایبەتی دادەنرێ، چونکە بەهۆی ئەم دیاردەیە بینای هونەری سینتاکسی تێکدەچێ، بەو واتایەی لە ڕووی هونەری ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە شێوەی ئاسایی نامێنێ و بە ئارەزووی نووسەرەکە دووبارە ڕیزدەکرێنەوە.

ئەگەر ئاوڕێك لە تیۆری ئەدەبی بدەینەوە، تیۆردانەران هەر لەکۆنەوە چەندین ڕێساو کۆت و بەندیان بۆ بونیادی هەر ژانرێکی ئەدەبی داناوە، بەو پێیەی چیرۆك، وەك هونەرێکی سەر بە پەخشانی ئەدەبی سەیرکراوە، لە پەخشانیشدا ئەم دیاردەیە لەخۆیدا هەڵناگرێ و پەیوەندی لەگەڵدا نابەستێ، چونکە ((لە پەخشاندا رستە دەبێ ڕێچکەی تایبەتی خۆی بگرێ، ئەو گۆڕان و پاش و پێش کردنەی لە هۆنراوەدا هەیە لە پەخشاندا ڕێی نەدراوە)) [2:10] بەم جۆرە پەخشان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لە

تێکشکاندنی بونیادی هونەری ڕێزمانی دوور دەگرێ‌و لە هەوڵی مانەوەی شێوە ئاساییەکەی خۆیەتی‌و ئەمەش پەیوەندی بە ڕێچکەگرتنی زمانی ئاسایی‌و دووربوون لەو لادانانە هەیە، کە بەسەر پێکهاتەی دەقدا دێن.

لەبەرامبەر ئەمەدا پاش‌و پێشخستن وەسیلەیەکی شیعری زۆر بلاوە. [215:219]و بۆیە لەنێو دەقی شیعریدا وەك ڕەگەزێکی گرنگ سەیری کراوەو ڕۆڵی لە سازاندنی کاریگەری‌و نیشاندانی روخسارێکی شیعر، کە لادانی تێدا بەرجەستە بووبێ هەبووە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە دەقی شیعری کەشێکی گونجاوترو لەبارتری بەخۆوە دیتووە، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە بەخۆوە بگرێ، بەو پێیەی سروشتی شیعر نزیکیەکی زیاتری لەگەڵ تێکشکاندن‌و دەستکاری‌کردنی کەرەستەکانی ڕستە هەیە، کە دەتوانین بۆ ئەم هۆکارانەی بگێڕینەوە:

١-کێش: زۆر جار پاش‌و پێشخستنی کەرەستەکان، یارمەتی گونجانی کێشی شیعرەکەی داوەو لەگەڵ دێرەکانی تر ڕێکەوتووە، بەو هۆیەوە بونیادی ڕێزمانی و سینتاکسی ڕستە، بۆتە قوربانی ڕێککەوتن‌و سازاندنی کێشی شیعرەکە.

٢- سەروا: بەهەمان شێوەی کێش، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بۆ دەست ڕاگەیشتن بە سەروای دێر، پێکهاتەی کەرەستەکان ئاڵوگۆڕکراون.

٣- کاریگەری: زۆرجار بۆ بەخشینی کاریگەری زیاترو بەهای وشەیەك‌و هێنانە پێشەوەی بەمەبەستی قورسایی‌و جەخت کردن، ئەم دیاردەیە ڕوویداوە، بەشێوەیەك چۆن کاریگەری بەسەر دەروون زیاتر بووە، بەم جۆرە کەرەستەکان پاش‌و پێش کراون.

گرنگی ئەم دیاردەیە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، لە بەرجەستەبوونی شێوازێکی تایبەتی دەگیرسێتەوە، چونکە هەر گۆڕانکارییەك لە ئاستی ئاسایی بونیادو پێکهاتەی کەرەستەکانی رستە، بە پێچەوانەی گوتنی باو، تایبەتمەندی شێوازی دەق دەپارێزێ، لە ڕەهەندێکی دیکەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم دیاردەیە لە چوارچێوەی لادانی زمانی دێتە کایەوە. بەشیعرییەتبوونیشی لە ئەنجامی لادان‌و بەزاندنی سنووری ئاسایی ریزبوونی کەرەستەکانەوەیە، وێڕای هونەریبوونی

دیاردەکە لە نێو دەقی چیرۆکدا، کە خۆی لە مەبەستی ئیستاتیکیو جوانکاریی دەقو کاریگەربوونی بۆ خوێنەر دەبینێتەوە، نەك پرسی کێشو سەروا.

چۆنیەتی ریزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بەشێوەی (S O V)یە، واتە (بکەر، بەرکار، کار)، گەلێك جاریش لە قسەو ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم پێوانەیە دەبەزێ، بەلاّم وەك شێوەیەکی تایبەتی زمانی کوردی لە قسەو ئاخاوتنی ئاساییدا دەبێ پەیڕەو بکرێ، ئەگەرچی خودی دەقی ئەدەبی بەگشتی، ناشێ بکەوێتە بەر ئەم پێوانەیە، چونکە ئەدەب سیمایەکی جیاکەرەوەی هەیە، کە ناکەوێتە بەر یاسا ئاساییەکانی زمان، بەڵکو وەك گەشەیەکی سەربەخۆ کەرەستەو یاساو واتای تری لێ بار دەکرێ.

لەنێو دەقی ئەدەبیدا، چیرۆك وەك ژانرێك بە شێوەی پەخشان (النثر) دەنووسرێتەوە، لەم ڕووەوە دەبێ تایبەتمەندیی ئەدەبی بوونی بەبەردا بڕێ، نەك تایبەتمەندییەکانی نووسینێکی پەخشانی پێچەوانەی شیعر. ئەگەرچی تاکاتی نووسینی ئەم نامەیەش بە بیانووی ڕێکخستنی ڕێنووسو بەستانداردکردنی زمانی کوردی، لە دەزگاکانی چاپو بلاّوکردنەوە، دەسکاری ڕیشاڵەکانی لادانی دەقە ئەدەبییەکان دەکرێ، بەتایبەتی لەڕووی وشەسازییورستەسازییەوەو دەخرێنەوە سەر ئاستی ئاسایی زمان، بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکرێ لەنێو دەقی ئەدەبیدا ئەوەندەی بەخشینی ئیستاتیکیو جوانکاریو شیعرییەتبوونو رەگەزی داهێنان گرنگە، ئەوەندە ئەم دەقە ناکرێتە پێوەری جوان نووسین، کە خۆی لە ریزبوونی ئاسایی کەرەستەکان دەبینێ، بۆیە دەبێ جیاوازی لە شێوازی نووسینی وتارێكو چیرۆکێك بکرێ. بەجۆرێك دەقی چیرۆك بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی مەزنی لە دەروونی وەرگر بەجێبێڵێ، نابێ ملکەچی یاساکانی زمانو داڕشتن بێ، بەم هۆیەوە پرۆسەی لادان لە ئاستەکانی وشەسازیو ڕستەسازیو واتاسازی بەرهەم دێ.

دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنێین، کە مەسەلەی پاش‌و پێشخستنی کەرەستەکانی ڕستە، لای ئەدیبانی کورد بەگشتی‌و چیرۆکنووسان بەتایبەتی، ئەگەر بەدەگمەنیش بێ، بەزۆری لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە سەریهەڵداوە، کە گرنگترینیان:

١- بێ ئاگایی لەخودی دیاردەکە: ناکرێ ئەوە بشارینەوە کەوا هەندێك دەقی چیرۆك دەبینرێن، دیاردەی پاشخستن‌و پێشخستنی کەرەستەکانی بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی کردووەو بێ ئەوەی مەبەست‌و ئاگاداری چیرۆکنووسی لەپشتەوە بێ، لەو سۆنگەیەی زۆرجار لە ڕێڕەوی ئاخاوتنی ئاساییشدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ، بەهەمان لاسایی زمانی ئاخاوتن، یان تێنەفکرین‌و شارەزانەبوون لەم دیاردە ڕەوانبێژی‌و جوانیناسییە، ئەم دیاردەیە لەنێو پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا گەشە دەکات. هەندێك جاریش سروشتی هاتنە پێش، یان چوونە دواوەی کەرەستەکە، لەبەر هێزو قورسایی، یان لاوازی لە دەربڕینەکەدا، لە هۆشی نووسەرەکە، دیاردەکە بە بێ هەستکردن‌و لەبەر جوانکارییەکە خۆی دەردەخات.

٢- بەشێك لە چیرۆکنووسان بە بیانووی ئەوەی پەیڕەوی یاساکانی زمانی کوردی دەکەن، ئەگەر وەکو ئیحا و بیری ڕاگوزاری هەندێ جار ئەم دیاردەیان لە دەقەکان ببینرێن بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕیزبوونی ئاسایی بونیادی ڕستە، لادانەکە دەخەنەوە باری ئاسایی خۆی، چونکە زۆر جار هێزو قورسایی و کاریگەری دەربڕین بۆ وەرگر، بە سروشتی خۆی کەرەستەکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکات.

٣- بەشێك لەوانەی ئاشنایەتیشیان لەگەڵ ئەم دیاردەیە هەیە، لەبەر زاڵبوونی ئەو بیروڕایەی کە نابێ ڕەگەزەکانی شیعرو ڕەگەزەکانی چیرۆك تێکەڵ بکرێن، ئەم دیاردەیە بەکارناهێنن، یان لەژێر کاریگەری ئەو بڕوا کۆنەی کە پێی وایە چیرۆك سەر بە پەخشانی ئەدەبییەو پەخشانیش مادام لە زمانی ئاسایی نزیکە، نابێ ئەم دیاردەیە، وەك دیاردەیەکی شیعری لەخۆیدا بەرجەستە بکات.

بە شێوەیەکی گشتی پاش‌و پێشخستنی کەرەستەکانی ڕستە، ئەگەر مەبەستی نووسەری لەپشت بێ، ئەوا شێوازی لادانەکە قووڵتر دەکاتەوەو زیاتر ئیحا بەخش دەبێ‌و هونەرکاری تێدا بەکاردێ‌و کاریگەری زیاتری بەسەر وەرگردا دەبێ، بەم

شێوەیە هەڵزنان بەم پێوەرانەی لادانی بونیادی زمان، شیعریەتبوونی دەق دێننە کایەوە، چونکە ((لادان لە زماندا یەکێکە لە بنەماکانی شیعرییەت بە واتای خۆنەبەستنەوە بە یاسا ڕێزمانییەکان‌و لایەنی واتایی وشەکان، ئەگەر ئەو لادانانە نەبن، شیعرییەت دروست نابێ... ئەمەش خاڵی دروستبوونی دەسەڵاتی شاعیریتی یە)) [142:63] لەبەر ئەوە تێکشکاندنی یاسا ڕێزمانییەکان، دەستەڵاتی نووسەر نیشان دەدەن‌و بەهای دەق بەرزدەکەنەوە.

لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، ئەم دیاردەیە زۆر بە دەگمەنی دەبینرێ، بەشێوەیەکی گشتی لە دەقی چیرۆکی دەیەی هەشتا و نۆهەتەکان، گرنگی زۆر بە ڕێنووس و شێوازی نوسینێکی ستانداری کوردی دراوە، یەکێك لەو لایەنانە ڕێکخستنی باری ڕێزمانی نووسینی کوردییە، لە ناوەڕۆکی ئەم دیاردەیە، بەزۆری پێشخستنی (کار)، لەچاو پێشخستنی کەرەسەکانی دیکە، لەپێشەوەی تەواوکەر دێ، ئەم ڕێژەیە زیاتر دەبینرێ. خاڵی گرنگیدان بە (کار)یش لەو سۆنگەیەوەیە کە (کار) سەرچاوەی جوڵەو ڕاژەنینی دەقەو پێداگرتن لەسەری‌و هێنانە پێشەوەی وەك کەرەستەیەکی سەرەکی، خاڵی بینین‌و گرنگیدانی دەخرێتە سەرو دەلالەتی واتایی خۆی زووتر دەگەیەنێتە وەرگرو دەبێتە نێوەندێك بۆ گونجانی لەگەڵ دەق‌و زووتر ئاشنابوونی بە دەلالەتی واتایی هەنێك لە دەربڕینەکان. بۆ نموونە:

لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا)دا دەڵێ:

"*سەر بنێ بە سنگمەوە، سەر بنێ بە دڵمەوە*..ل۲۳۳"

لەم دەربڕینەدا (کار) کەوتۆتە پێش (بەرکار)، کە لە ڕاستیدا بە پێی یاسای ڕێزمانی کوردی دەبوایە بنووسرایە (سەر بە سنگمەوە بنێ، سەر بە دڵمەوە بنێ" وێڕای ئەمەش خودی دەربڕینەکە لە سیاقێکی شیعرییەوە هاتووەو بەشێکە لەو دەربڕینانەی کە دەچنە نێو چوارچێوەی دەقێکی شیعری لەنێو چیرۆکدا، هەروەها خستنە پێشەوەی (کار) ئیحایەکی کاریگەر لای وەرگر نیشان دەدات، بەوەی وەك کارێکی داخوازی، وەرگر گوێبیستی (سەردانان)ەکە دەبێ، پاشان شوێنەکان دیاردەکات، وەك (دڵ، سنگ)، لەبەر ئەوە لێرەدا بە ئاگاییەوە ئەم دیاردەیە

هێنراوەتەوەو خستنە نێو چوارچێوەی دەقی شیعری لەنێو دەقی چیرۆك، قورسایی پتری داوەتە دیاردەكە.

یان زۆر جار فرێزی ئاوەڵكاری شوێن، لە شوێنی خۆی دوادەخریٚو (كار) ی دێتە شوێن، ئەمەش ئەم دەلالەتە چڕ دەكاتەوە، كە ئەوەندەی (كار) و ڕوودانەكە پێویستە زووتر ڕووبەڕووی وەرگر ببنەوە، دواتر شوێن‌و مەبەستەكە، بۆ ئەوەی كاریگەرییان زیاتر بیٚ. وەك:

" *تازە ئەو نامانەم بۆ نابرێتەوە نێو فایلەكانی تەمەن. ل٤٤*"

(نێو فایلەكانی تەمەن) فرێزێكی ئاوەڵكاری شوێنییە، كەوتۆتە دوای كاری (نابرێتەوە) كە لە ڕووی بونیادی كەرەستەكانی رستەسازییەوە دەبوایە بەم شێوەیە بوایە:

" تازە ئەو نامانەم بۆ نێو فایلەكانی تەمەن نابرێتەوە"

لەبەرئەوە لە دەربڕینەكەدا، پەیوەندیی (نامە)و (نابرێتەوە) پەیوەندییەكی لێك نزیكن‌و بە ئاسایی كردنەوەیان، هەریەكەیان بۆ جەمسەرێكی لێك دوور دەچن. یان لە چیرۆكی (ئەسپی سپی)دا، دەڵیٚ:

" *ئاسمان لە تەمێكی بچوك دەچێت، لەنێو تاریكی شەودا. ل٢٢٣*)

فرێزی ئاوەڵكاری شوێنی (لەنێو تاریكی شەودا) پاشخراوەو كاری (دەچێت)ی پێشخراوە، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم دیاردەیە، وێڕای ئەمە فرێزەكە دوورتر كەوتۆتەوەو لەیاسای زمانی كوردی بەم شێوەیە دیٚ: (ئاسمان لەنێو تاریكی شەودا لە تەمێكی بچوك دەچێت) كەواتە فرێزەكە دوو جەمسەر دووركەوتۆتەوەو یەكەم هەنگاوی تێگەیشتنی وەرگر (لێكچواندنی ئاسمانە بە تەمی بچووك) ئەمەش كارێكی نائاسایی‌و سەرسورهێنەرە، بەڵام بۆ ئەوەی روونتر خۆی نیشان بدات، ئەم وێكچوونە دەخاتە باری تاریكی شەو. یان:

" *ماڵیان پڕدەكرد، لەبۆنی عەرزی تازە كێڵراو. .ل٧٤*"

کاری (پڕدەکرد) کەوتۆتە پێش دەربڕینی (لەبۆنی عەرزی تازە کێڵراو)، ئەمەش بە کارێکی کتوپڕ، باس لە پڕکردنی ماڵ دەکات، پاشان ئەو پڕبوونە لە بۆنی عەرزی تازە کێڵراو بەرجەستە دەکات.

شێوەیەکی دیکەی پاش‌و پێشخستن لە شێوازی لێکچواندنە، کە شێوازە باوەکەی بریتیە لە هێنانی لێچوو، پاشان لەوچوو دواجار ڕووی لێکچوون، بەڵام ئەم سیستەمە لە هەندێك چیرۆکەکان دەگۆڕدرێ وەك:

" *هەر لەو کاتەدا دوو هێڵی سوور وەك جێگای چەقۆ یان دەماری خوێن لەگەردنیان ئاڵاو دوو دەستی سارد وەك سەهۆڵ.* ل٦١"

بنچینەی ریزبوونەکە وا ئاسایی دەبوو، کە بەم شێوەیە ببوایە، دوو دەستی وەك سەهۆڵ ساردن. بەڵام هێنانەوەی بەم شێوەیە، نائاساییەکەی لە دەلالەتە واتاییەکە دایە، هێنانە پێشەوەی ئاوەڵناوەکە، کە ڕووی لێکچوونە، پێش لەوچوو، کاریگەری بەسەر وەرگر پتر دەبێ، چونکە ئاشکرایە رووی لێکچوون پەیوەندی لە لەوچوو نزیکترە تا لێچوو، لەبەر ئەوە بوونە دراوسێی لەگەڵ لێچوو پەیوەندییەکی سرووشتی دروست ناکات، ئەمەش زەبری کاریگەرییەکە بۆ سەر خوێنەر دەگوازێتەوەو خوێنەر پێشبینی ئەم هێنانەوەیە ناکات.

پاش‌و پێشخستن لە شێوەی لێکچواندن، بۆتە سرووشتی چیرۆکەکان‌و لەهەمان کاتدا دەست ڕەنگینی‌و هونەرکاری چیرۆکنووسی پێوە دیارە، بۆ نموونە سەرنج دەدەینە ئەم دوو دەربڕینەی خوارەوە:

" *دەشێ ئەو گوڵە وەك سێبەری نور شلك بایە.* ل١٨٠" دواتر بە جێگۆرکێی کەرەستەکان بەم شێوەیە دەنووسێتەوە:

" *شلکە گوڵێکی ناسك وەك سێبەری نوور.* ل١٨٠"

دەبینین رووی لێکچواندنەکە پێشخراوە، گوڵێکی شلك، بۆتە شلکە گوڵێك، واتە لە ئاستی وشەو لە ئاستی پێکهاتەی رستەییشدا پاش‌و پێشی خستووە.

لەکۆی هەر دیاردەیەکی پاش‌و پێشخستنی کەرەستەکان لەنێو چیرۆکەکاندا، تێبینی چۆنیەتی سەرنج راکێشانی دەربڕین لای وەرگر دەکرێ‌و لایەنی واتایی

بەهەند هەڵدەگیرێ، ئەگەرچی هەندێکی دەستەڵاتی زمانی ناوچەیی و بێ ئاگایی نووسەری بەسەردا زاڵەو تام و بۆنی ئیستاتیکی کەمتر بەسەرەوەیە. وەك:

- *چۆنت پەڕاندەوە ئەوبەری.ل ١٦٤*
- *ئەو فریشتانەی خەبەری مەت بۆ دێننەوە ئاسمانێ. ل ١٢٥*
- *دە بزانی خەبەرەکی بۆ دێ لە شامێ.ل ١١٨*
- *دەمی پڕ دەکا لەخۆڵ. ل ١٣٧*

## شیعرییەتی کورتبڕی و لابردن:

لەو روانگەیەی کە هێزی شیعرییەت، لە رەفتارکردنی نووسەر لەگەڵ وشەو دەربڕین و داهێنانە هونەرییەکەیدایە، هەموو ئاڕاستەکانیش بەرەو چەقی وشەو دەربڕینەکان دەچن، چڕبوونەوەی واتاو گوشینی بیروبۆچوونەکان و خەستکردنەوەیان لە چوارچێوەی چەند رستەیەکی پوختدا، بەرەو چۆنیەتی گرنگیدانی نووسەر بۆ شێوەو پێکهاتەی دەق و سەنگرانەوەی سەر دەربڕینەکانی دەقمان دەبات، بێ ئەوەی واتا لەکەدار، یان لە کورتی بدات، ئەگەرچی شێوەو دیوی دەرەوەش چڕو کورت بکرێتەوە.

هەردوو چەمکی کورتبڕی و لابردن لە چۆنیەتی دەستپێوەگرتن و پاککردنەوەی دەربڕین لە زیادڕەوی و کورتکردنەوەی دەق بە گشتی و لابردنی چەند کەرەستەیەکە، کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

### ١- کورتبڕی:

یەکێکە لە دیاردە رەوانبێژییەکان و پەیوەندییەکی بەتینی بە رەهەندی واتاییەوە هەیە، بێ گوێدانە واتا دروست نابێ، لەبەر ئەوەش لەنێو زانستی رەوانبێژیدا، لە بەشی واتاناسی داندراوە. ئەگەر یەکێك لە سیما جیاکارییەکانی زمانی شیعرو ئەدەبیات لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی ئاسایی، چڕی و تەمومژی بێ، ئەوا کورتبوونەوەی قسەو ئاخاوتن و بەهەدەرنەدانی وشەو بەکارنەهێنانی بێ سوودو ئەرکی پێویستیی،

بە یەکێك لە سیماکانی ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دادەنرێ، چونکە ((کورتبڕی خەستترەو سێبەرو ئیحا و بواری لێکدانەوەی زیاتر بەدەمەوە زۆرتر لە هۆنراوەدا دێ تا پەخشان)) [52:23] ئەمە کەشێکی وا دەرەخسێنێ، کە وەرگر بەدوای لێکدانەوەی قووڵی واتادا بگەڕێ و ئامانج و مەبەستە وردو شاردراوەکانی نووسەر ئاشکرا بکات و بە زوویی لێیان تێ نەگات و واتای دیکەی بخاتە سەر. هەموو ئەم هەنگاوانە دەربڕین دەخەنە بارێکی تەم و مژی و ئاڵۆزی واتایی و کەشی دەقەکە لەبارتر دەبێ، تا زیاتر رەمزو کۆدەکان بەخۆوە بگرێ، هەروەها وەك دەروازەیەکە، بۆ بەکارهێنانی هێرمۆنتیکا (تأویل) ی دەق.

بەوپێیەی چیرۆك لە چوارچێوەی پەخشاندا لێی دەڕوانرێ، کورتبڕیش وەك سیمایەکی دیاری شیعری لەنێو پێکهاتەی دەقی چیرۆکدا دەبینرێ، ئەمەش پەیوەندی بە خەستی و چڕی زمانی دەق هەیە، لەبەر ئەوە زۆربەی دەربڕینە شیعری و هزری و فەلسەفییەکانی نێو دەقی چیرۆك بەشێوەیەکی چڕو کورت هێنراونەتەوەو دەربڕینی فرە واتاو فرە لێکدانەوەن و بواری بیرکردنەوەیان بۆ وەرگر هێشتۆتەوە، تا لە شێوازی رامان و تێفکرین لە دەربڕینەکانی نێو دەق چێژ وەربگرێ و زمانی دەقەکە بەجیاواز لە زمانی ئاسایی ئاخاوتن تەماشا بکات.

کورتبڕی، دەق دەخاتە ئەوپەڕی چڕبوونەوەو پڕبوونێکی خشت بە بیرۆکەو وێنەو دیمەن... بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێ هیچ شتێکی تری بخرێتە سەر. [140:201] بۆیە هەندێك جار ئەم تەرزە لە کورتبوونەوەیە، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی هونەری وا دێتەکایەوە، کە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە لابردن، یان زیادکردنی کەرەستەکان نییە. ئەو جۆرە کورتبڕییەی کە بیرکردنەوەیەکی قوڵ لەخۆیدا هەڵدەگرێ، بەروەستی بە لابردنی هەندێك کەرەستە نییەو لەڕووی رستەسازییەوەش هیچ خەوشێکی نییە، بەڵام لە دەربڕینی ئاساییش جیادەبێتەوە، لەبەر بارگاوی بوونی بە بیرو هزرێکی پتەو لە سیاقی دەربڕینەکەدا. بە واتایەکی تر لە فۆڕمدا دەربڕینێکی کورت، بەڵام واتایەکی زۆر دەگرێتەخۆ. ئەم واتا زۆرە بەنێو تونێلی هونەرەکانی رەوانبێژی و پتەوی زماندا تێدەپەڕێ، لەبەرئەوە زمانی چیرۆکی نوێی

کوردی بەهۆی دەورەدرانی بە رەمزو چڕبوونەوەی زمان و لێڵی و تەم و مژاوی دەربڕین و درەنگ خۆبەدەستەوەدانی واتا، بواری ئەوەی بۆ رەخساوە، دەق هەمیشە خوێندنەوەی جۆراوجۆری هەبێ و لەگەڵ هەر سەردەمێك و لای هەر خوێنەرێکدا جۆرێك واتای نوێ بەدەستەوە بدات، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی ئیش کردنە بەشێوەیەك لەنێو زماندا، کە ئیستاتیکایەکی تایبەتی دەق، ئەو رەهەندە جیاوازانە لە دەربڕینێکی کورتدا لەخۆبگرێ. وەك لە چیرۆکی (سەفەری مۆر)دا، دەڵی:

"*ئەوان پێیان گوتبووم:*

*((وەرەو ساڵە کۆنەکان لەبەر خۆت داڕنە))* لا ٩ "

لەم دەربڕینەی سەرەوەدا، دەشێ کۆمەڵێك واتا بەدەست بخەین و لەهەر گۆشەنیگایەکەوە قسەی زیاتری لەسەر بکرێ. وێڕای ئەمەش سرووشتی دەربڕینەکە لەبەر ڕووبەری کورتبڕییەکەو ئاڵۆزی و لێڵی و تەم و مژاوی واتایەکەی، کەشێکی گەورەی بیرکردنەوە لای وەرگر دەسازێنێ و لەگەڵێك رەهەندی واتاییەوە، واتای لێ هەڵدەهێنجدرێ.

دەتوانین ئەم واتایانەو زیاتری لێوە بەدەست بێنین. وەك:

١- تۆ وەرە رابردووی خۆت لەبیرکە.

٢- کلتووری باب و باپیرانت وەلاوە بنێ.

٣- ژیانی تۆ ئێستا پڕبووە لە مەرگەسات، ژیانێکی سەردەمیانە لە نوێوە بپۆشە.

......

لە چیرۆکی نامەکانی ژاکۆن دا دەڵێ:

-" *دەبێ ناوێکت هەبێ تێیدا بمری. لا ٣٧*

*من گوتم:*

– *کەواتە بەدوای ناوێکدا دەگەڕێین تێیدا بمرین.* لا ٣٦ "

ئەم دەربڕینە دەشێ لە کۆمەڵێك رەهەندەوە شی بکرێتەوەو لە روانگەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و بیری نەتەوایەتی... هتد یەوە، قسە لەسەر کۆمەڵگای

کوردی بکریٚو بەدوای ئەو ئاڕاستەیەدا بچیٚ، کە بۆچی تاکی کورد، هێندە بەختی بەمردنەوە هەیەو مردن بەهەموو هۆکارەکانییەوە، بەرەو خۆی کەمەندکێشی دەکات، لەبەر ئەوە شیعرییەتبوونی ئەم دەربڕینە لە هێنانەوەی گوتنێکە، کە ئاخاوتنی ئاسایی بەم شێوازە لەخۆی ناگریٚو مرۆڤ بەتەمای ئەوە نەبووە، کە بەم شێوەیە دەربڕدریٚ، بۆیە هەڵبژاردنی کەرەستەکانو شوێنیان لە سیاقی گوتندا، ئەرکێکی شیعری گرنگ ئەنجام دەدەنو داهێنانی دەقو شاعیرێتی نووسەر دەسەلمێنن. ئەمە لەگەڵ ئەم بۆچوونە کۆك دەبیٚ، کە ((لە کردەی لەیەك گەیشتنی ئاساییدا، پلەی بەتەمابوون بەرزە، واتە بەتەمای ئەوە بن ئەو کەرەسانە لەوێدا هەبن، چونکە ئەو زانیارییەی تێدایە، تا ڕادەیەك کەمە، لە نووسینی راستیدا (جدی) [دەربڕینی شیعری] ئەو کەرەسانەی دێن یان هەڵدەبژێدرێن، پێشبینی کەمتر دەکرێنو بیری ئەو زانیارییەی دەدریٚ زۆر گەورەیە.)) [222] و هەندێك لە واتاکە لە دەربڕینێکی کورتدا جێی خۆی کردۆتەوەو ئەوەی تریش، هەڵگیراوەو دەبیٚ خوێنەر گەیشتبێتە ئەو ئاستە، کە بیاندۆزێتەوە.

کورتبڕی خوێنەر تووشی هەناسە بڕکیٚ ناکات، جۆرێك لە هوردیو هێواشی پێدەبەخشیٚو لە بێزاربوونی دوور دەخاتەوە، بەو هۆیەش رستەی چڕو پڕ ریتمو ئاوازی مۆسیقاییش خۆش دەکاتو رستە رستە جۆرە حەسانەوەیەکی تێدا دەسەنگرێتەوە.

زۆربەی ئەو دەربڕینانەی کە کورتبڕییان لەخۆ گرتووە، بە رەگەزەکانی رەوانبێژی وەك خواستن، خوازە، درکە، لێکچواندن...هتد بارگاوی کراون. بەوهۆیەوە تامو بۆنێکی شیعرییان وەرگرتووەو لەهەمان کاتیشدا چڕوپڕتر بوونەو بواری لێکدانەوەو قووڵبوونەوەی واتاییان تێدا زیاتر بووە.

ئەم شێوە دەربڕینە شیعرییانەی لە چوارچێوەی کورتبڕیدا(کورتبڕی واتایی) بەرجەستەبوونە، زیاتر لەگەڵ ئەو چیرۆکانە دەڕسکێن، کە لە زمانی ناوچەیی خۆیان دوورگرتووە، چونکە بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی درێژدادڕییەکی هەندێك جار سادە، بە دەقەکەوە دەنووسێنیٚو دەربڕینەکە لەگەڵ زمانی کارەکتەرە ناوچەییەکان

هێنده ناگونجێن، ئەوەندەی لەپشت کەسی ئاخێوەرەوە دەبێ پاشخانێکی هزری و فەلسەفی و رۆشنبیری بوونی هەبێ، لەبەرئەوە دەشێ دەربڕینی کورت، بەڵام شیعرییانە نا، لەو دەقانەی زمانەکەیان ناوچەیی و فۆلکلۆرییە، هەبێ، بەڵام لەو چیرۆکانەی کە رەهەندێکی رەمزی و رۆشنبیری باڵا لە پشتییەوەیەتی، رێژەکەی زیاترە.

لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، ئەم شێوە کورتبڕییانە بە پلەی یەکەم لە چیرۆکەکانی (سەفەری مۆر، نامەکانی ژاکۆن، پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین) دەبینرێن. ئەم چیرۆکانەش لە ڕووی بونیادی هونەرییەوەو هاوشان لەگەڵ بابەتی بوونی زمانی سەردەم، سەنگێکی تایبەتییان هەیەو نوێترین دەقی چیرۆکی ئەم کۆمەڵەیەن و لە ڕیزبەندی چیرۆکەکانیش، پێشەوەی چیرۆکەکانی تر دەگرن، بۆ ئەوەی هەر زوو خوێنەر بە تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکنووس و شێوازی تازەی ئاشنا بێ، هەروەك لەڕووی زمانەوەش بەهەمان شێوە بە پلەی دووەم دێن، سەبارەت بە شیعرییەتبوونی کورتبڕی و رۆڵی فەراهەم بوونی زمان لە بەرهەمهێنانی ئەم دیاردەیە ئاشکرایە، ئەگەرچی مێژووی نووسینیشیان کۆنە.

## لابردن Ellepsis:

بریتییە لە لابردنی بەشێك لە پێکهاتەی رستە، بە مەبەستی دەست پێوەگرتن(اقتصاد)، یان بۆ شێواز، یان بۆ جەختکردن، کە زۆرجار پێشی دەگوترێ کەمکردنەوە، یان کورتکردنەوە. [117:220] ئەم لابردنە وشەیەك، یان زیاتر دەگرێتەوەو دەربڕینەکە پتر پاڵەپەستۆو گوشار بەخۆیەوە دەبینێ، ئەم دیاردەیەش لای زۆر لە شاعیرانی نوێی وەك (ئەزراپاوەندو ت.س. ئیلیۆت... هتد) بەکارهاتووە [219:216-217] و بەشێکە لە کورتبڕی، یان دەتوانین بڵێین، جۆرە کورتبڕییەك بەهۆی لابردنی هەندێك کەرەستە بەرهەم دێ و تێیدا دەربڕین چڕدەبێتەوەو دەلالەتی واتایی قووڵتر دەکاتەوە.

**شیعرییەتبوونی ئەم دیاردەیە لە سرووشتی هەڕەمەکی دیاردەکە لەنێو دەقدا بەرجەستە نابێ، بەڵکو لە ئەنجامی ئاوێتەبووونی لەگەڵ بیرو هزری داهێنەرانەی نووسەر دایە، بەهۆی یاریکردن بە زمان‌و توانادرابوونی بەسەر پێکهاتەی ڕستە، کە دواتر خۆی لە بەشێك لە لادان دەبینێتەوە، چونکە پێچەوانەی ئاسایی بوونی ئاخاوتنەو لە زمانی ڕۆژانەدا کاتێك وشەیەك، یان بەشێك لە وشە لادەبردرێ، لەبەرئەوەی بە مەبەست نییە، شیعرییەت‌و ئیستاتیکا بەخۆیەوە هەڵناگرێ، بۆیە لەراستیدا ((لەپشت لابردنی شیعری، مەبەستی ئیستاتیکی‌و هونەری هەیە)) [144:96] ئەگەرچی لابردن سیمایەکی دیاری دەقی شیعرییە، بەڵام وەك لێکچوون، لە دەقی چیرۆکیش بەرچاو دەکەوێ، بەپێی خەستی پێکهاتەی زمانەکە، لەبەرئەوە تا زمانی چیرۆك خەستتر بێ، کەشەکە بۆ بەرجەستەبوونی لادان تێیدا بەهەموو شێوەکانییەوە لەبارتر دەبێ، لەنێویشیدا لابردن بەمەبەستی کورتبڕی.**

**یەکێك لەو لابردنانەی کە لەنێو پێکهاتەی ڕستەدا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، (کار)ە. لەو سۆنگەیەی کار جووڵەیەکی تایبەتی بە دەربڕین دەبەخشێ، بەلابردنی، جۆرێك لە نائاسایی بوونی واتایی دێتەکایەوە. وەك:**

**"*نە لە پەیامی خوێن دەگەیشتن، نە لە ئەفسووسە بێ دەنگەکانی چاوی گەورەو فراوانی*..لا٧٧"***

**لێرەدا دەبوایە کاری (دەگەیشتن) لە کۆتایی ڕستەکە دیسان دووبارەبووبایەوە، بەڵام بۆ مەبەستی کورتبڕی، لادراوە، لەلایەکی دیکەوە ئەم شێوازە لە کورتبڕی، پەیوەندیی بە پاش‌و پێشخستنی کەرەستەکانی ڕستەش هەیە، چونکە لەم**

---

* **ئەم شێوە لابردنە لە شێوازی شیعری نوێ‌ش دەبینرێ‌و سیمایەکی تایبەتی بە دەق بەخشیوە، وەك (سەباح رەنجدەر) لە شیعری (ئاهەنگی ناولێنانی درەختێك) دەنووسێ:**

***"ڕۆژ خۆر لەدایك دەبێ***

***شەویش مانگ.*" دەبینین کاری (لەدایك دەبێ) و ئامرازی (لە..دا) لە پارچەی دووەم بۆ مەبەستی کورتبڕی‌و ئیستاتیکی دەق لابردراوە. بڕوانە:[61:40]**

دەربڕینەدا کاری (دەگەیشتن) دەبێتە کار بۆ ڕستەی کۆتاییش، لەبەرئەوە دەکرا بەم شێوەیە هاتبایەوە:

" نە لە پەیامی خوێن‌و نە لە ئەفسووسە بێ دەنگەکانی چاوی گەورەو فراوانی دەگەیشتن"

ئەو کاتە شێوەیەکی ئاسایی وەردەگرت. بۆیە جگە لە پڕۆسەی لابردنەکە، لادانی لە ریزبوونی کەرەستەکانیش بەخۆوە بینیوەو کارەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی دەربڕین، هەروەها ئالۆزبوونی دەقەکەو تێگەیشتنی خوێنەر، خوێنەر وا لێدەکات بەرەو بیرکردنەوە بچێ‌و خۆی شارەزا بکات‌و لەخولیای تێگەیشتنی ناوکاری دەق بێ، چونکە ((لە گرنگترین ئەرکەکانی لابردن لە زمانی شیعر، یان لە زمانی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی گشتی، بۆ لەدایك بوونی تەم‌و مژییە)) [145:96] جا ئەم تەم‌و مژییە لە ئەنجامی لادان‌و گۆڕانکاری بونیادی ڕستە بێ، یان تەم‌و مژی واتایی بێ، گرنگ ئەوەیە خوێنەر دەخاتە بارێکی تایبەتی، خودی ئەم بارە تایبەتییەش شیعرییەتێکە بۆ خوێنەرەکەو نیشاندانی سیمای داهێنەرانەو شاعێرێتی خودی نووسەرەکەشە.

هەندێك جار دەربڕینەکە، کورتییەکەی بە ئاشکرا پێوەدیارەو کارەکە لادراوە، بەلاْم لای خوێنەر، تاڕادەیەك ئاشکرایەو هەست بە جوانکارییەکەی دەکات. وەك:

" *وەك پیاوێك لە پەڕۆ*. ل٤٥"

لێرەدا بنەڕەتی ڕستەکە، کارەکە لەدوای دەربڕین دێ‌و دەبێتە:

وەك پیاوێك لە پەڕۆ بێت.

بەهەمان شێوە ریزبوونەکە بەزێندراوەو لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە:

پیاوێك وەك لە پەڕۆ بێت.

بەم جۆرە ئیستاتیکایەکی قوولْ لە چڕبوونەوەی دەربڕیندایەو شیعرییەتبوون لە مەبەستدارییەکەی نووسەر دایە بۆ پرسی کورتبڕییەکە.

هەتا ژمارەی لابردنەکانیش زیاتر بێ، جوانکاریی کورتبڕییەکە زیاتر دەبێ، چونکە لەهەر دەربڕینێکدا خوێنەر بیری بۆ لابردراوەکە دەچێ‌و بە گەمەیەکی زمانی دادەنێ. وەك:

" *وەك لوتكە بەرز بێ، وەك تاش رەق، وەك بەفر سپی. ل١٩٨*"

لێرەدا (بێ) لە دەربڕینەکانی دووەم و سێیەم لابردراوەو سیمایەکی شیعری پێداوەو ریتمێکی بە دەقەکە بەخشیوە، کە خۆی لە ئاوەڵناوە حەشوەکان دەبینێتەوە، کە ئەوانیش جۆرێك لادانی زمانین، چونکە لای هەمووو خەڵك ئاشکرایە، کە لوتکە بەرزەو تاش رەقەو بەفر سپییە، بەڵام لەبەر دیاردەی لابردنەکە خوێنەر بیری بۆ ئەم حەشوە ناچێ‌و بەڵکو هەست بە ئیستاتیکاو شیعرییەتی دەربڕینەکە دەکات.

زۆر جار لە رستەیەکی لێکچواندندا، هەندێك لە بنەماکانی لێکچواندن لادەبردرێن‌و رستەکە هێند کورت دەبێتەوە، جۆرێك لە نەگونجان دروست دەکات، کاتێك خوێنەر راستەوخۆ دەیخوێنێتەوە. وەك:

" *ئافرەتێکی بالأبەرزی، رووتەختی، چاو مەڕی، لەسەر سەکۆی بەرماڵی حەمە دێزەی دادەنیشێ. ل١٧١*"

لێرەدا (رووتەخت)و (چاو مەڕ) بنچینەکەیان بریتی بووە لە (رووی وەك تەخت و)و (چاوی وەك چاوی مەڕ بوو) بەڵام هێند کورت بۆتەوە، خوێنەر پێشبینی ئەم لێکچواندنە ناکات‌و لە رستەکەدا وادیارە، کە چاو بە مەڕ چوێندراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە چاوی مەڕەکە چوێندراوە.

ئەم دیاردەی کورتبڕییە بەشێوەی لابردن، شوێنێکی دیاری لە چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن) داگرتووەو بەتایبەتی لەو چیرۆکانەی، کە بە زمانێکی خەست نووسراون، یان بە دەقی شیعری بارگاوی کراون. بەم جۆرە سیمایەکی تەواو شیعرییان بەسەرخۆیاندا زاڵ کردووە. وەك:

" *تۆ هەموو برادەرەکانی خۆت ناشت‌و من هەمووو جوانییەکانی شارەکەم/ تۆ ترسەکانی چەك وردی کردی‌و من ترسەکانی تۆ... ل٣٦*"

لێرەدا هێنانە پێشەوەی کار بۆ جێناوی سەربەخۆی (تۆ)، گرنگی و قورسایی بۆ بەرامبەرەکە داناوە، پاشان هەمان کار بۆ خۆی، لەبەرئەوە لەنێوان ئەم دوو

دوالیزمەی (تۆ)و (من) دا، هێزی شیعرییەتبوون یەکەمجار رووبەڕووی (تۆ) کراوە، پاشان (من).

جۆرێکی تری کورتکردنەوەی بە لابردن هەیە، کە خۆی لە چوارچێوەی (خوازە) دا دەبینێتەوە، بەو واتایەی زۆرجار لە دەربڕینی خوازەیی دا، وشەیەك لادەبرێ، وشەیەکی تر جێگای هەموویان دەگرێتەوە، هەرچەندە (عەبدولقاهیری جورجانی) پێی وایە، نابێ بە کورتکردنەوەی بەلابردن بگوترێ: جۆرێك لە (خوازە).-342] [337:72 بەڵام ئێمە پێمان وایە، مادام دەربڕینەکە لە بنجدا دەشێ کەرەستەی تری هەبووبێ، بەڵام لەو شێوەدا دەرنەبڕدراوە، خوازەکەش وشەیەکە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووەو وشەیەکی نوێ هاتووە، کەواتە کەرەستەکە لابردراوە.

چیرۆکەکان زۆربەیان ئەو دیاردەیان بەڕوونی تێدا دیارە، زوو هەست بەلابردنی کەرەستەکە دەکرێ. وەك:

"*دێیەکەمان هەتیو هاتە بەرچاو.* ل٢١٥"

واتە خەڵکی دێیەکە نەك خودی دێ، بۆیە وشەی (خەڵك) قرتێندراوە بۆ مەبەستی خوازەیی،

"*ئەو کەڵەشێرە خوێندی.* ل٢٣٥"

واتە کەڵەشێر بانگی خوێند.

"*ئەوەی پێ سەیر نەبوو کە دەوڵەتێك بەدووی ئەودا بگەڕێ.* ل٧٢"

واتە کارمەندانی دەوڵەت، نەك (دەوڵەت)، ئەم شێوەیە جۆرە لادانێکی بەهێزی واتایی تێدایە، چونکە دەوڵەت ناوێکی واتاییەو ناشێ خۆی بگەڕێ.

شێوەیەکی تری لابردن هەیە، ئاستی دەنگسازی دەگرێتەوە، بەو واتایەی گەلێك جار وشە دەنگێك یان زیاتری لێ دەسوێ، ئەمەش زیاتر لە شێوەزارو زمانی ناوچەیی بەکاردێ، بەڵام ئەم لابردنە ریتم خێراتر دەکاتو دەربڕین ئاسانتر دەکات، وەك :

"*با سیحری ئاوەکەی هەموو شتێکمان بۆ باس کات.* ل١٧٦"

سەرنج دەدەین، (ب) لە وشەی (بکات) قرتێندراوەو بۆتە (کات). هەندێك جاریش خودی جێناوەکان لە شێوەزاردا شێوەیەکی کورتتر وەردەگرن. وەك:

" *بەئاویێو دادەهێشت*. لا ١٤٢"

واتە (بە ئاوێتان دادەهێشت)، کە دەنگی (و) وەك جێناوێکی سەربەخۆ لە جیاتی جێناوی (تان) ی کەسی دووەمی تاك بەکارهاتووە.

" *هێندەشم تین دەژنۆی دایە راستەوەبم*. لا١٨٥"

دەبینین (دەژنۆی) لە جیاتی (دەئەژنۆی) و، (ژنۆ) ش لەجیاتی(ئەژنۆ) بەکارهاتووە.

ئەم دیاردەیە لە زمانی (جەبارجەمال غەریب)دا، بەشێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کردووە، بەڵام لە چیرۆکەکانی کۆتاییدا کە دەکەونە (سەرەتای کۆمەڵە چیرۆکەکە) بەرەو زمانی ستاندارد چووە. نموونەی دیاردەکە لە چیرۆکەکانی (شکانی زێ، بەردی مرازان، گیانی تاشەکان، پاشەراو) بەرجەستەبووە.

# بەشی سێیەم
# شیعرییەتی ئاستی دەلالی

## بەشی سێیەم

## شیعرییەتی ئاستی دەلالی

دوای ئەوەی لە بەشەکانی پێشوودا پێکهاتەی دەقمان لە هەردوو ئاستی ڕیتمی و پێکهاتەیی شرۆڤە کرد، لەم بەشەدا بەرەو ناخی ناوەرۆك دەچین، کە دیوی واتایە، لە چوارچێوەی ئاستی دەلالی لێی دەدوێین. بێگومان دەلالەتی دەق و ئەم ئاستە، کەم تا زۆر پەیوەندی بە ئاستی پێکهاتەییش هەیە، چونکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی دەق، بە ناچاری زۆرجار بەرەو واتاش دەکشێ، هەروەك کەرەستەکانی شیعرییەتی ڕیتمی ناوەوەش دەبنە کەرەستەی بونیادی دەلالی دەق، بە واتایەکی تر کەرەستەکان دەشێ لە هەرسێ ئاستەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە، لەبەرئەوە چەمکەکانی دژیەك و ڕەگەزدۆزی و بەرامبەری وەك چۆن شیعرییەتی شێوازی ڕیتمیان بە سەردا زاڵە، بە هەمان شێوە دەلالەتی واتایی قوڵیان لە خۆیاندا بەرجەستە کردووە. کەواتە ئەم ئاستە ئاستێکی فراوانە لە نێو بونیادی لێکۆڵینەوەی دەقداو لە لای خۆیەوە هێزێکی سیمانتیکی و سەرنج ڕاکێش بە دەق دەدات و زمان پتەو دەکات.

زمانی ئەدەبی کە لە زمانی ئاسایی جیا دەکرێتەوە، بە هۆی کارلێك کردنیەتی لە گەڵ ئەو هێزە ئیحا بەخشەی کە وێنەو ڕەمز دێنێتە کایەوەو بواری لێکدانەوەی قووڵی واتایی لە خۆیدا هەڵدەگرێ، ئەمەش ئیش کردن لە نێو دیوی ناوەوەی زمان و چڕکردنەوەی واتای دەق نیشان دەدات.

لەو سۆنگەیەوە بە هۆی چەمکی واتاو ئاستی دەلالییەوە لە وێنەی هونەری دەگەین چونکە وێنەی هونەری فرە دەلالەتو فرە ڕەهەندەو ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕین، یان سیمایەکی دەلالییە [149:201]، هەروەك دەتوانین ئاستەکانی ڕەمزو بونیادە دەلالیەکەی شی بکەینەوەو شێوازی ئیحا بەخشینو مەبەستەکانی لە بەهێزبوونی دیوی واتاو فۆڕمدا گەڵاڵە بکەین.

لەم ئاستەدا باس لە دەلالەتی وێنەو ڕەمزی هونەری دەکەینو بەسەر دوو تەوەرەدا دابەش دەکەین. تەوەرەی یەکەم وێنەی هونەری لە ڕوانگەی ڕەوانبێژیی کۆنو تەوەرەی دووەم وێنەی رەوانبێژیی نویٚ، کە هەریەك لە جۆرەکانی رەمزو شیعرییەتی سیمۆلۆژیای وێنەکانو چۆنیەتی بنەما دەلالییەکانی شیعرییەتی وێنە هەستییەکانو جیاوازی دەق لە بەسیحری بوونی وێنەو بە پەرجووبونیدا باس دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم

### وێنەی ڕەوانبێژیی کۆن:

ئەگەر پێکهاتەی وێنە لە دەقی ئەدەبیدا بە ڕەگەزێکی گرنگ دابندرێ. بە تایبەتی لە شیعردا، ئەوا بونیادی وێنە لە شیعری کۆن، لە گەڵ شیعری ئێستاو دەقی ئەدەبی هاوچەرخدا جیاوازە، لە سۆنگەی پەیوەندیی شیعر بە ژانرەکانی دیکەوە. وێنەی هونەری لە نێو دەقی ئەدەبیدا بە گشتی گرنگی پێدراوە، چونکە وێڕای هەڵگرتنی توانا داهێنەرییەکانی نووسەر، هەستو ئارەزووەکانیشی تێدا ئاخنراوە، ڕادەی توانای داهێنانو جۆرو چۆنیەتی هەستەکان لە نێو وێنەدا، بە پێی سەردەم و قوتابخانە ئەدەبییەکان گۆڕانکاری بە سەردا هاتووەو لە گۆشەنیگای هەر تێڕوانینێکەوە بە جۆرێك سەیری کراوە. بەڵام بە هەر پێوەرێك بپێورێ، بە کۆڵەگەیەکی گرنگی شیعر دادەنرێ، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر دەقە شیعرییەکە دوور بێ لە کێشو سەرواو لە پەخشانێکی ئەدەبی نزیك بێتەوە، وێنە ئەرکی خۆی هەر دەبینێ. بەو پێیەی ((شیعری نوێی ئەمڕۆ، شیعری ئەندێشە (خەیاڵ) وێنەیە، پێش هەر شتێ شیعرییەت، یان (جەوهەری شیعر)ی تێدا دەردەکەوێ)) [405:215]. کەوابوو وێنە لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، هەڵگری خەیاڵو زمانێکی داهێنەرانەیەو سیمایەکی ئاڵۆزو ناسادە بە دەق دەبەخشێ، بە پێچەوانەوە شیعری فێرکردن لەبەر خاڵی بوونی لە وێنەو ڕەگەزی تری ڕەوانبێژی، کە بە وێنەوە پەیوەستن، دوورە لە هەستو سۆزو خەیاڵی داهێنەرانەو ڕۆڵی سازاندنی (نەزم)و دەقێکی بێ ئیستاتیکا دەبێ، نەك شیعرییەتی دەق.

پەیوەندیی وێنەو شیعرییەت، پەیوەندییەکی لێك گرێدراوەو تەواوکەری یەکترن، چونکە ((ئەرکی وێنە چڕکردنەوەیە، شیعرییەتیش چڕکردنەوەی زمانە)) [145:153]، ئەم چڕکردنەوەیەش، تەنیا ڕووشاندنی لاشەی دەقو زمان نیە، ئەوەندەی هەڵگرتنی کۆمەڵێك دەلالەتە بە شێوەیەك لە قەبارەی خۆی گەورەتر، دەق پتەو دەکاتو ئەرکی گەورەتر دەبینێو سیماکانی داهێنان لەم چوارچێوەیەدا چڕ دەکاتەوە.

وێنەی ئەدەبی، بەرهەمی هاریکاری هەموو هەستەکانە. بە هۆیەوە سۆزی وەرگر دەوروژێنێ، ئەمەش میتۆدێکی میتالۆژیکییە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان. [8:121] بە واتای ئەوەی لە ئەنجامی تێکچڕژانی هەموو هەستو بیرەکان وێنەی نائاسایی لە سەرووی لۆژیك دێتە کایەوە، ئەمەش دەق دەخاتە بارێکی جیاوازترو لە ئاخاوتنو قسەی ئاسایی جودای دەکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانین بڵێین، مەسەلەی لادانو شیعرییەتبوونی وێنە لە دەقی نوێدا گەشەی زیاتری بە خۆوە دیتوە، چونکە وێنەکانی دەقی کۆن، سنوورو ئاڕاستەی کارکردنیان تا ڕادەیەك دیاریکراو بووو بواری لادانو نالۆژیکی بوونیان کەمتر بۆ ڕەخسا بوو، لەبەرئەوە لە دەقی نوێدا ئاسۆی بیری نووسەر بۆ مەزراندنی کەرەستەی نوێ فراوانتر بووە، بە بارگاوی کردن بە ڕەگەزی ڕەوانبێژیو هەموو ئەو چەمکانەی، کە دەق بەرەو کراوەیی دەبەن لە بواری خەیاڵکردنو سیحری بوونی دەربڕینو ئیحا بەخشینی زیاتر. کە دواجار ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی شیعرییەت بوونی وێنە چڕو پڕتربێ.

وێنە لە دەقی ئەدەبی هاوچەرخدا، ڕۆڵ لە پتەوکردنی بونیادی زمان دەگێڕێ، بە جۆرێك ئەگەر زمان لە نێو دەقدا ڕێڕەوێکی گەورە بێ بۆ دروستبوونی شیعرییەت، ئەوا لای زۆربەی قوتابخانە ئەدەبییەکان ((وێنە کەرەسەی یەکەمی زمانی شیعرییە)) [138:20]، لە بەرئەوە وێنەی هونەری هەر تەنیا ئەرکی ڕازاندنەوەی دەقی نییە، ئەوەندەی بنەچەیەکی خودی دەقەکەیە، وێڕای لە دەستدانی بەها ئیستاتیکیەکانی، چونکە تێکگیربوونی وێنە لەگەڵ پێکهاتەی دەق، پڕۆسەیەکە دواجار بۆ گەشەکردنی، ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکانو زمانو ڕەمزو کەلەپورو دەقئاوێزانی * دەوروبەرو کایە

---

* دەقئاوێزان (التناص Intertextuality) بریتییە لە پرۆسەی کاریگەربوونی دەقێك بە دەقێکی تر، یان هەڵمژینو گواستنەوەی کەرەستەکانی دەقێك بۆ دەقێکی دیکە، لە ڕەخنەی کۆنی ئەدەبی عەرەبیدا، دزی ئەدەبی (السرقة الادبية)ی پێدەگوترا، ئەگەرچی پەیوەندی بە تێکهەڵکێش کردن (التضمين)یش هەیە، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا دەقئاوێزانی پێ دەگوترێو بەو هۆیەوە دەق لە چەقبەستوویی دەربازی دەبێو بەرەو کرانەوە دەچێ. ئەم زاراوەیە لەساڵی ١٩٦٧ لەلایەن ڕەخنەگری بولگارییایی (جولیا کریستیڤا) دەرکەوت، لەو لێکۆڵینەوەیەی لەسەر (دیستۆفسکی) کردبووی، بەڵام بنەچەکەی بۆ (باختین) دەگەڕێتەوە. بروانە: [95:117]

مەعریفییەکانی تر هەڵدەمژێ، بەمەش لە نێو دەقدا بە پڕی خۆی نیشان دەدات و وەك لا باڵێکی دیاری دەق، کە زۆربەی کایەکانی تری لە خۆ گرتووە، پتەو دەبێ.

وێنە لە نێو دەقدا ناسنامەی داهێنانی نووسەرەکەیەو سیحرێکی وای لە خۆدا هەڵگرتووە، کە توانای کەمەندکێش کردنی خوێنەری تێدایەو خوێنەر وا هەست دەکات سەیری تابلۆیەکی هونەری دەکات، ئەمەش ڕادەی قوڵبوونەوەی نووسەرەو لێك نزیك کردنەوەی دوو ژانرە لەیەك و پەیوەندیی ئەدەب بە هونەرەکانی تر دەسەلمێنێ، بە تایبەتیش نیگارسازی.

چیرۆکیش وەك بەشێکی گرنگی نێو ئەدەب، وێنەی هونەری لە خۆیدا هەڵدەگرێ، بەجۆرێك ئیستاتیکای دەقەکە بە شێوەیەك خۆی نیشان دەدات، کە خوێنەر لە هەڵبەزو دابەزی دایەلۆگ و ڕووداوو کاتەکاندا، لە پڕێکدا جێگیر دەبێ و خۆی لە بەردەم وردبوونەوە لە تابلۆیەك دا دەبینێ، کە لە نێو دەقەکەدا خۆی بە وێنەی هونەری ڕووپۆش کردووە. لێرەوە بزاوتنی بیرو هەست و سۆز لەچوارچێوەیەك دەخولێتەوە، بێ ئەوەی پەل بۆ دەوروبەرێکی ڕووت (مجرد) بهاوێ، خۆی لە نێو وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشی هونەرییانەی دەقەکە دەبینێتەوە. جا ئەگەر چیرۆکنووس لە نێو پانتایی ئەدای هونەری و کۆڵەگەکانی گێڕانەوەی چیرۆکەوە، هەوڵ بدات سیمای هونەری چیرۆك لە شێوەی تابلۆ بنەخشێنێ، ئەوا دەقەکە لە چەشنی تێکەڵ کردنی دوو ژانری چیرۆك و شیعردایە، بە جۆرێك لە ڕوە وێنەییەکەی بونیادێکی وێنەیی پوخت و وردو چڕ دێتە کایەوە، کە لە لایەك، تا ڕادەیەك پشت ئەستوورە بە بنەماکانی چیرۆك و لە لایەکی تریش پابەندە بە سیمای هونەری و بونیادی وێنەی شیعری و مەزراندنی ڕەگەزەکانی شیعرو زمانەکەی و داگیرساندنی گڵۆپی (وێنەیە)یە بە سەر ڕووپەری دەقدا. ئەگەرلە ڕەهەندێکی ترەوە لێی ڕامێنین، چێژ لە بونیادی وێنەدا ڕێژەکەی بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تری چیرۆك بەرز دەبێتەوە، هەروەها خوێنەر ئامادەیی زیندوویی لەگەڵ کارلێك کردن و گونجانی وێنەی هونەری هەیەو تێیدا هەموو هەستەکانی لەو کاتەدا بەگەڕ دەکەون و لە بارێك دان، کە ئامادەییان تێدا هەیە بوروژێن و دواجار کاریگەری بۆ ماوەیەکی درێژ لە هۆشی خوێنەر جێ بهێڵن،

ئەمـــەش ســـەر دەكێـــشێ بـــۆ پرۆســـەی نـــەمربوونی دەق و لێـــرەدا چـــزوورەكانی شیعرییەتبوونی وێنەی هونەری گەشە دەكەن.

((وێنـەی ئـەدەبی لـە دەقدا جوانی و ئیستاتیكا لەگەڵ جـەزب (كەمەندكێش كـردن) دەسازێنێ، كە لە قسەی ئاسایی بە هێزترە، چونكە وێنـە بیرۆكـە دەوڵەمەند دەكات، خوێنەر بەرەو كەشێكی بەرزتر لە واقیع دەجوڵێنێ و دەبات)). [591:198] هـەموو ئـەو كـەش و بـارەی، كـە لـە واقیـع بـەرزترە، لاسـاییكردنەوەیەكی تـەواوی واقیـع نییـە، ئەوەندەی خستنە سەری بیرو هەستی مرۆڤە بۆی و وێڕای یاری كردن بە پێكهاتـەی زمـان و نـاوەڕۆكی وێنـەكان، كـە خـۆی لـە سـازاندنی خـەیاڵێكی سـنوور بـەدەرو تێڕوانینێكـی مـەحاڵی دەبینێتـەوە، چـونكە ((ئـەركی وێنـە دووبـارە خوڵقاندنـەوەی واقیعـە وەك مـرۆڤ خـۆی دەیـەوێ و تێـی گەیـشتووە نـەك وەك هەیـە)) [99:6] و دوای ئـەوەی كـە چـڕۆكنووس واقیعەكـە تێـك دەشـكێنێ و بـە توانـای داهێنـانی زمـان و ئیـشكردن لـەنێو پێكهاتەكانیـدا بونیـادی دەنێتـەوە. كەواتـە ڕادەی داهێنـانی وێنـەو شـیعرییەتبوونی، بەنـدە بـە ڕادەی توانـای ئـیش كـردن لـە بونیادەكـەی و چـەندێتی و چۆنیەتی خوڵقاندنی ئەو واقیعە نوێیە.

وێنەی ڕەوانبێژی، ئەو وێنەیەیە، كە بە هۆی كەرەستەكانی ڕەوانبێـژی دروست دەبێ، ئەو كەرەستانە لە بنچینەدا لادانێكی زمانین و ڕۆڵی ڕوونكردنەوەو جوانكردنی دەربڕین دەبیـنن. ئەگەرچی شێوازی سازاندنی وێنـەی هونـەری لـە ئێستادا گۆڕانی بەسەر داهاتووە، بەڵام گەڕانەوە بۆ ڕەوانبێژیی كۆن، بەشێك لە پایـەكانی وێنـە پتـەو دەكـات و لـە شـوێنی خـۆی ڕۆڵـی هـەر مـاوەو دەمێنـێ، ئەگەرچـی كەرەسـتەی تـریش بەكاربێن، لەبەرئەوە لە هەردوو بەكارهێناندا وێنە قورسایی خۆی دەمێنێ.

ئەگەر كەرەستەكانی وێنەی ڕەوانبێژی بریتی بن لە لێكچواندن و خواستن و دركە، ئەوا مەودای قووڵی سازاندنی وێنە هونەرییەكە، هەر لە بەكارهێنانە سادەكەیدا خۆی نابینێتـەوە، ئەوەنـدەی لـە شـێوازی قوڵبوونـەوە لـەم چـەمكانەو ڕەهەنـدە جـۆر بـە جۆرەكانی بونیادی وێنـە خـۆی دەبینێتـەوە، كە پتر بـەرەو بـەهێزبوون و پتـەو بوونی

زمان دەچێ‌و هاوکات لە گەڵیدا هونەرەکانی تری جوانکاری‌و واتاناسی بەهای ئیستاتیکی دەق بەرز دەکەنەوە.

وێناگرتن شیعرێکی بێ دەنگەو کەرەستەکانی ڕەنگە، شیعریش بیستراوەو کەرەستەکەی وشەیە، بەڵام نە گوێ بۆتە چاوو نە وشەش بۆتە ڕەنگ، شیعر چەند ساتێکە لە شوێنکات [45:150]. نووسەر ڕۆح بە بەر وێنە دەکات، جیا لە وێنەگرتنی ئاسایی، کە بێ جووڵەو ڕۆحە، بەڵکو لە دەقێکی ئەدەبی پڕ شیعرییەتدا وێنە لە شوێن‌و کاتدا جوڵە دەکات‌و دەسووڕێتەوە. هەر ئەو جووڵەو بزاوتنەیە، کە هەست‌و سۆز لە دەروونی گوێگر، یان وەرگر دروست دەکات‌و دەیوروژێنێ. بەڵام هەستێك دوور لە هەستی ئاسایی، بە جۆرێك کە خودی هەستەکە تازەیی تێدایەو کەرەستەکانیشی لە کەرەستەی دروستبوونی هەستی تر جیاوازن، ئەمەش لەو تێڕوانینەوە خۆی بەرجەستە کردووە، کە وێنەی هونەری بەرهەم هاتووی پڕۆسەی ڕەوانبێژی بێ، یان پڕۆسەی تر، لێوانلێوە لە ڕەنگرێژکردنی بیرو، ئاسۆی فراوانترو نوێتر بە ڕەهەندەکانی جوانیناسانەی ڕەنگ‌و سیحرو ئەفسانەو خەون.... هتد دەدەن‌و لە ئەنجامدا زمانێکی نائاسایی دەسازێنێ، کە سیماکانی داهێنانی تێدا دەسەنگرێتەوە.

ئەم نائاسایی بوونەوەی زمان‌و ((لادان لە زمانی ئاسایی، پەیوەندیی لۆژیکیانەی نێوان کەرەستەکان تێك دەشکێنێ، تێکشکاندنی پەیوەندیی لۆژیکیانەی نێوان کەرەستەکانیش، کەلێن لە نێوان دال‌و مەدلول دروست دەکات)) [153:201]، ئەم کەلێنەش لێك دوورخستنەوەی ئاستی واتاو ئاستی فۆرم و هەروەها بەخشینی زمانێکی شیعرییە بە دەربڕین، بە شێوەیەك بەشێك لە داینەمۆی بەگەڕخەری زمانی شیعری، لە لێك دوورخستنەوەی دال‌و مەدلول‌و تێکشکاندنی پەیوەندیی ئاسایی وشەکانە لە هەر ئاستێکی زمان دابێ. کۆی هەنگاوەکانی ئەم دابڕین‌و نائاساییەی زمانیش پلەکانی شیعرییەتی دەق زیاد دەکەن، بەهاو قورسایی وێنەی هونەری بارتەقای هەموو ڕەگەزە سەرەکیەکانی دیکەی پێکهاتەی دەقە، چونکە لە نێو وێنەدا جیهانبینینێکی تایبەتی نووسەری تێدا ڕەنگ دەداتەوەو کەشێك دەسازێنێ لە

هەمبەر تەواوی دەق جێ دەگرێ، لەبەرهەندێ شاعیرێکی وەك (ئەزرا پاوەند)* پێی وایە ((باشترە مرۆڤ لە تەواوی تەمەنیدا ئیماژێك دروست بكات، تا ئەوەی بەرهەمێك دەنووسێ)) [644:216] و [323:124] ، تەواوی توانای هونەریش لە چاو پارچەی تری دەقدا، لە وێنە هونەرییەکە دەپنگێتەوە.

ململانێی وێنەی هونەریو بەشەکانی تری دەق، تەنیا شیعرییەت دەتوانێ یەکلایی بکاتەوە، شیعرییەت بە ڕێڕەوە ڕاستەکەی خۆی دەڕوات‌و هەندێ جاریش (بە دەگمەن) لاوازی بونیادی وێنە، شیعرییەت بەرەو بەشەکانی تر کەمەندکێش دەکات‌و دەبەریەك ڕاچوونەکە کۆتایی پێ دێ. بە پێچەوانەوەش کاتێك وێنە بونیادەکەی هونەریو بە هێز دەبێ، تاکە بەگەڕخەری بنەماکەی خۆی لە شیعرییەت دەبینێتەوە.

لەنێو وێنەی ڕەوانبێژیدا دەتوانین وێنەی ڕوونبێژی بە بنچینە وەربگرین، چونکە ڕوونبێژی ئەو بەشەی زانستی ڕەوانبێژییە، زۆرترین بابەتەکانی دەبنە کەرەستەی سازاندنی وێنە، لەو سۆنگەیەش هەریەك لە لێکچواندن‌و خواستن‌و درکە بەشە سەرکییەکانی ڕوونبێژین‌و ڕۆڵێکی بەرزیان لە بونیادی وێنەدا هەیەو هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا بە پێی قەبارەو هێزی دەربڕین، سەنگی وێنەی هونەرییان دەردەکەوێ، وا لەخوارەوە شێوازی بونیادی هەرسێکیان دەخەینە ڕوو:-

**١-وێنەی لێکچواندن:-**

لێکچواندن بنەمایەکی گرنگی زانستی ڕوونبێژیەوە، هەروەك لە بنجدا بۆ ڕوونکردنەوەی دەربڕین دروست بووە، بەڵام بە دیوێکی دیکە لەپاڵ ڕوونکردنەوە، دەربڕین بەرەو بە هێزیو تەمو مژی دەبات. لە ئەنجامی جۆرێك لە نائاسایی بوونی لێکچوونەکان‌و مەودای دووری پەیوەندیی کەرەستەکان بە یەکترییەوە، زمانێکی پتەوو ناسادە دێتە کایەوە، کە هێندە چڕبوونەوەی بە خۆوە دیتووە، لە نێویدا ڕوونکردنەوەو فرە دەنگیو خەیاڵ قووڵتر دەبینرێن.

* ئەزرا پاوند Ezra pound، (١٨٨٥ - ١٩٧٣) شاعیرێکی ئەمریکاییە، لە ساڵی ١٩١٢ وشەی (ئیماژیسم)ی داهێنا. [639:216]

لێکچواندن، سازاندنی کەشێکەو لێك نزیك کردنەوەی دوو شتە، کە لە سیفەتێکدا نزیك‌و پەیوەندیداربن. لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە، دەشێ بڵێین خودی پرۆسەکە بریتییە لە وەرگرتنی بەشێکی تر لە کەرەستەکان، بۆ بە هێزکردنی کەرەستەی پێشوو، یان کەرەستەی بنەڕەتی‌و بابەتی باسەکە، پێویستی بە پاڵپشتییەك هەیە بۆ بەهێزبوون و کاریگەربوونی، لە ئەنجامدا وشەی دیکەی بۆ دەخوازرێ. تەواوی ئەم لێك نزیك کردنەوەیە، وێنەیەك دەسازێنێ‌و لە خەیاڵی وەرگردا بە هێزبوونی دەربڕینەکەیە لە دروستبوونی ئەو وێنەیەیە لە خەیاڵدانی خۆیدا، بەو پێیەی کە خەیاڵ بەندیوارییەکی تەواوی لەگەڵ وێنەدا هەیە، بە تایبەتیش بۆ سازاندنی شیعرییەت‌و لە نێو شیعریشدا وێنە ((ئامرازێکی خەیاڵە)) [136:122].

نهێنییەکی تری وێنەی لێکچواندن لە نێو دەقی ئەدەبیدا، نێوانی دەق‌و وەرگر خۆشتر دەکات‌و جۆرە کارلێك کردنێك بە خۆوە دەبینێ، بە هۆی ئەو کەشە ئیحا ئامێزەی، کە لە دەقدا بەرجەستە دەبێ، بە جۆرێك کاریگەرییەکی سیحری لە دوای خۆیدا بە جێ دێڵێ، ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی کارابوونی خەیاڵە لەو پرۆسەیەدا، کە وەك هەوێنێکی دروست بوونی وێنەی لێکچواندنەکە ڕۆڵ دەبینێ، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکان زیندوێتی دەق‌و چالاکبوونی نیشان بدات، بە یەکێك لە بنەماکنی شیعرییەتبوونی شێوازی دەقیش دادەنرێ.

ئیستاتیکای وێنەی لێکچواندن لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کاتێك دەقی ئەدەبی بە هۆی لێکچواندنەکانەوە جۆرێك لە مۆنتاژ لە خۆ دەگرێ‌و بە هۆی هێنانەوەی ناو بە ناوی وێنەی هونەرییەوە، دووبارە دەق بە هێزێکی کاریگەر بارگاوی دەبێتەوەو سیستەمی هونەری دەق بە هۆی مۆنتاژی ڕووداوەکان‌و گۆڕینەوەی بە وێنەی لێکچواندنەوە ستراتیژی تر دەبێ‌و بونیادێکی ئۆرگانیزمی بە پێکهاتەی دەق دەبەخشێ. شیعرییەتبوونی وێنەی لێکچواندنیش لە پەیوەندیی ناسروشتیی پرۆسەی لێکچواندنەکە بەرهەم دێ. بە شێوەیەك بەرزکردنەوەی کەرەستەیەکە زیاتر لە سنووری خۆی‌و گەیاندنی بە کەرەستەیەکی تر. ئەمەش دەستکاری کردنێکە لە بونیادی کەرەستەکان‌و بۆ مەبەستی سازاندنی وێنەو زووتر ڕاکێشانی هەست‌و

سۆزی وەرگر بۆ ئایدۆلۆژیاو بۆچوونی نوسەرە لە میانی دروستکردنی شێوازێکی تایبەت لە نائاسایی کردنی زماندا، ((لێکچواندن لە هونەرەکانی ڕوونبێژی زیاترینیانە، کە ڕۆڵی لە ئاخاوتندا هەیە. جا ئەو ئاخاوتنە چ شیعر بێ، یان پەخشان)) [344:207] لە بەرئەوە ئەگەر زیاتر پەیوەست بێ بە شیعر، ئەوا بۆ جوانتر کردنی دەربڕین و زیادبوونی کاریگەرییەکەی، بۆ پەخشان سوودی هەیە. بەکارهێنانیشی لە پەخشاندا بە گشتی و لە ژانری چیرۆك و ڕۆمان بە تایبەتی، لادان و خزینێك لە بونیادەکەی دەسازێنێ، چونکە هێندەی بۆ شیعر سروشتیە، بۆ دەقی ئەدەبی سەر بە پەخشان هێندە سروشتیی نییە. خوڵقاندنی وێنە لە سەرەتای کارە گرنگەکانی لێکچواندنە، جا لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بێ.

لێکچواندن وەك یەك کردنی شتێکە بە شتێکی تر، بە مەرجێك ئەو لێکچواندنە لە سەر بنەمای ناڕاستی (درۆ) بێ، نەك ڕاستی [67:209]، بە واتای ئەوەی خودی پڕۆسەکە لە ڕاستی و واقیعەوە دوورە، چونکە زیادەڕەوی و ناڕاستی تێدایە، لەوەی کە بۆ ڕازی کردنی دڵی وەرگر ئەم گەمە زمانییە دەسازێنێ.

نووسەری (نامەکانی ژاکۆن)، وەك چیرۆکنووسێك، زمانێکی تایبەتی لە دەقەکاندا بەکاردەهێنێ و هونەرکاری و دەستەڵاتی زمانی بەسەر تەواوی ڕووپەڕی دەقدا ڕووپۆش کردووە. لە نێو تایبەتییەکانی ئەم زمانەدا وێنەی هونەری ڕووبەرێکی گەورەی لە چیرۆکەکان داگرتووە، لەم ڕوەوە بەشێك لە وێنەکان لەسەر بنەمای لێکچواندنەوە پێکهاتوون. لە چیڕۆکی (تەمە پیاو)دا وێنەیەکی ورد دەکێشێ:

"*جێی لێوی وەك گوڵە لاو لاو هەتا سێ ڕۆژان لە سەر ئاوەکە ڕادەژێ*/١٥٥"

لێرەدا لێوی بە گوڵە لاولاو چواندووە لە ڕووی ڕاژەنینەوەو هەر چوار بنەڕەتەکەی لێکچواندن (لێچوو، لەوچوو، ئەوزار، ڕووی لێکچوون) باس کراون. ئەگەرچی بەهێزبوونی لێکچواندن لە کەمتر هێنانەوەی بنەڕەتەکاندایە، بەڵام بنەڕەتێکی وەك ((ڕووی لێکچوون دەرخستنی جیهانبینی و خەیاڵی فراوانی شاعیرە)) [98:209] بۆیە هێنانەوەی، جگە بۆ تێگەیاندنی زیاتری خوێنەر، دەلالەتێکی واتایی و هونەریشی هەیە. خودی وێنەکەش لە هێنانەوەی (لەوچوو) بەرجەستە دەبێ. چونکە توانای

داهێنانەکە لە چۆنیەتی خواستنی کەرەستەی لەوچووەو مەودای دووری و نزیکییە لە لێچوو، قەبارەو چڕی و جۆری وێنەکەی تێدا بە دەردەکەوێ.

دەتوانین جۆرو شێوازی سازاندنی وێنەی لێکچواندن، لە جۆری لەوچووەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە ببینین.

**١-بە بەرجەستەکردن:**

بریتیە لە پێدانی سیمایەکی تەنی جەستەیی بۆ لەوچووەکە. دیارە هەر گۆڕانکارییەک و خستنەسەری هەر سیمایەک بۆ لەوچوو، جۆرە لادانێکە لە پێکهاتەی وشەکان. ئەمەش دەشێ بکرێتە دوو بەش:

*یەکەم: بەرجەستەکردنی زیندوو:*

واتە لەوچووەکە سیمایەکی زیندوویی هەبێ.

*دووەم: بەرجەستەکردنی تەنی مردوو:*

واتە لەوچووەکە سیمایەکی نازیندووی هەبێ.

لە بەرجەستەکردنی زیندوودا دەتوانین گیانلەبەران (خاوەن ڕۆح) و هەروەها جیهانی ڕووەک وەربگرین. لە گیانلەبەرانیشدا، مرۆڤ و ئاژەڵ وەردەگرین و تیشکی دەخەینە سەر:-

**یەکەم: بەرجەستەکردنی تەنی زیندوو:**

**أ/بەرجەستە کردنی گیانلەبەر:**

**١- بە مرۆڤ کردن :**

**أ/ ژن : بۆ نموونە:**

"*دنیا وەک ژن وایە* /٣٣ "

لێرەدا دنیا بە ژن چوێندراوەو وشەی ژن، وەک لەوچوێک خوازراوەو لێکچواندنێکی دوورە، کە هیچ پەیوەندییەکی نزیک بەیەکەوەیان نابەستێتەوە ((هەر کاتێک پەیوەندیی لێچووو لەوچوو دوورتر بێ، لێکچواندنەکە هونەریتر دەبێ و بە دەربڕینی کۆن بەم لێکچواندنە دەڵێن: نامۆ یان دوور، بەڵام ئەگەر چوارچێوەی لێکچواندن

تەنگتر بوو واتە پەیوەندیی نێوان لێچووو لەوچوو ڕوونتربوو، ئەو کاتە لێکچواندنەکە ناهونەریترەو پێی دەگوترێ: لێکچواندنی نزیک)).[114:209]

ب- پیاو: بۆ نموونە:

" *پیرە مانگا وەك خاوەن ماڵێکی بە دەماخ* .. /٦٨"

لێرەدا جیاوازییەکە شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ. بەوەی ئاژەڵ بە پیاو (خاوەن ماڵ) دەچوێنرێ، گرنگ لێرەدا ئەوەیە لەوچووەکە لەبەشی بە مرۆڤکردنەو لە نێویشیدا پیاوە.

ج- منداڵ: بۆ نموونە:

"*وەك منداڵێك هەڵیگرتم*/ ٢١ "

لێرەدا گێڕەڕەوەکە (لێ چوو)، منداڵ نییە، بەڵام خۆی بە منداڵ دەچوێنێ.

٢- بە ئاژەڵکردن:

لێرەدا لەوچووەکە سیمایەکی خاوەن ڕوحی پێچەوانەی مرۆڤی پێ دەدرێ و لە خانەی ئاژەڵاندا حسێبی بۆ دەکرێ:

"*وەیسە گەمژە بەرازی بوودەڵە ، ڕێویە ڕووتە*.. لا ١٤٤ "

(وەیسە) بە بەرازو ڕێوی چوێندراوەو سیفەتی ئاژەڵی بەرازو ڕێوی پێدراوە.

ئەلیف: بە ڕەشە وڵاخ کردن:

"*چ ئێسترە ژنێکە*. لا١٦٠"

بێ: بە باڵندە کردن:

"*وسوو کوڕی ئەو نەبا... باڵدار با و لەهەوران با...هەر دەمان گرت، وەك پۆڕی شکست دەمانگرت*..لا١٦٠"

ب: بە ڕووەك کردن:

پێدانی سیمایەکی ڕووەکییە بە لەوچوو. وەك :

"*دە لە تاریکی شەوا وەك دارەکەی ئەو بەرتانەوە ون بە* /٢٣٤ "

*" ئەگەر دێزە زەینی جوانیناسی هەبا لە مێژبوو وەك بڕکە قالۆرێکی ڕزیو ڕاقە نابوو* /١٧١"

**لێرەدا مرۆڤ چوێنراوە بە درەخت (مرۆڤ ——◄ درەخت)**

**وادەبێ ناوێکی بەرهەست و واتایی بە درەخت بچوێندرێ. بۆ نموونە:**

*" شیعر ئەوڕۆ فەریکە گوێزێکی سەوزەو لە نێو دەمی بێ ددانی شاعیرەکاندا فلتە فلتیەتی*/ ٢٣٤-٢٣٥"

**دووەم: بەرجەستەکردنی تەنی مردوو:**

**بریتیە لە پێدانی سیمایەکی نازیندوو بە چەمکی لەوچوو. بۆ نموونە:**

*"بە دڵێکی وەك ئاسن* / ١٢ "

**دڵ بە تەنی مردووی (ئاسن) چوێندراوە .**

**٢- نابەرجەستەکردن (ناوی واتایی + خەیاڵی + بەرهەست نەبوو): وەك:**

*"لێوەکانی وەك بای بەهەشت لە هەناسەم نزیك دەبوونەوە"* / ١٣

*"گوڵێك تەنك وەك سێبەری نوور"*

**ئەم لێکچواندنە دەگونجێ بە لێکچواندنی خەیاڵی ناوی ببەین، چونکە ((لێکچواندنێکە لەوچوو لە واقیعدا بوونی نیە وەك: دڵم وەك بێشەی نوورە)) [199:209]**

**لە هێنانەوەی کۆی ئەم نموونانە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە شیعرییەتبوونی وێنەی هونەری، تەنیا لە سازدانی وێنەکەدا نییە، چونکە لە لێکچواندنێکی ئاسایشدا، جۆرێك لە وێنەی سادە دروست دەبێ، بەڵام شیعرییەتبوونەکەی لەم شێوازانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:**

**أ/ بەکارهێنانی جۆراو جۆری بونیادی شێوازی لێکچواندنەکان.**

**ب/ دەرکەوتنی لادانێکی زمانی ئاشکرا لە پێکهاتەی لێکچواندنەکان بە گشتی و لە جۆرە جیاوازەکانی بەتەنکردن و بە خەیاڵکردن و بە گیاندارکردن......هتد. بە تایبەتی دەردەکەوێ.**

ج/ بەخشینی ئەو ئیحا بەهێزەی بۆ وەرگر، کە لە (لەوچوو)دا کۆبووتەوە.
د/ بوونی مەودای دووری لێچوو و لەوچوو.
هـ/ لێك دووربوونی ڕووی لێکچوون و لەوچوو، بە تایبەتی بەرهەست نەبوون و خەیاڵاوی و سیحر ئامێزی ڕووی لێکچوون، شیعرییەت بە وێنەکە دەبەخشن .
وەك: "*شلکە گوڵێك تەنك وەك سێبەری نوور*/ ١٢٩

## جۆرەکانی وێنەی لێکچواندن لە شێوەدا :

وا دەبێ بۆ دروستبوونی لێکچواندن، چەند شێوەیەك نیشان بدرێ. کە هەریەکەیان بە پێی بە هێزیو بێ هێزیو چۆنیەتی سەنگرانەوەی لەگەڵ ڕەگەزەکانی لێکچواندنو واتا جیاوازەکانی، ڕۆڵیان لە سازاندنی وێنەدا هەبێ. ئەویش ئەم شێوانەی هەیە:-

١-لێکچواندنی تاك:

ئەوەیە یەك شت بە یەك شت بچوێندرێ، هەروەها پێی دەگوترێ: لێکچواندنی یەکسان، چونکە هەردوو جەمسەری وەك یەکنو هەردووکیان تاکن، ئەمەش تاکە وێنەیەك دروست دەکات. بۆ نموونە:

"*بەفر وەك کۆسەی دز خۆی لە لێواری جزمەکانم دەکوتا*/ ٢١٣ "

لێرەدا تەنیا بەفر بە کۆسەی دز چوێندراوەو تەنیا یەك وێنەی سازاندووە.

٢-لێکچواندنی کۆ:

یان لێکچواندنی لێکدراو، یەك لێچووو کۆمەڵێك لەوچوو وێنەکە دروست دەکەن، ئەمەش زیاتر لە وێنەیەك دەسازێنێ، چونکە زیادبوونی لەوچوو زیادبوونی وێنە نیشان دەدات. بۆ نموونە:

" *ئەو دەنگە وەك مێخی شەختە وەك زولفەقاری نوور شەقاری کردم*/ ٦٢ "

لێرەدا (دەنگ)، کە تاکە لێکچوویەکە، جارێك بە مێخی شەختەو جارێکیش بە زولفەقاری نوور چوێندراوە لە ڕووی شەقارکردنی جەستەی ئەودا.

هەندێ جار وادەبێ ڕووی لێکچوونەکە جیاوازدەبن، واتە لە لێکچواندنە کۆیەکەدا یەك لێچوو دوو لەوچوو، کە هەریەکەیان ڕووی لێکچوونی خۆیان هەیە. وەك:

"*پیر موحەممەدی نوور وەك تیشك هەڵیدەكێشای. وەك خۆر لەسەر بەرەدەستی دادەنای*/ ۹۹ "

(تۆ) كە نادیارە وەك لێچوپەك، جارێك بە تیشك چوێنراوە لە ڕووی هەڵكێشان، جارێكی تر بە خۆر چوێندراوە لە ڕووی هێنانە سەر دەست، كە ئەمەش شتێكی سیحری و خەیاڵیە.

٣- لێكچواندنی لێك جیا (سەربەخۆ):

ئەم لێكچواندنە كۆمەڵێك لێكچواندنی لێك جیاو سەربەخۆن و هەریەكەیان بە جیا وێنەیەك دەسازێنن، وەك:

"*پێكانی پێی مرۆن، سەری وەك سەری كەروێشكە، چاوەكانی چاوی هەڵۆن*/ ۱۹۷ "

٤- جۆرێكی تر لێكچواندن هەیە، كۆمەڵێك شت بە یەك شت دەچوێندرێ، واتە لێچوو زۆرن بەڵام لەوچوو تەنیا یەك شتە. بۆ نموونە:

"*لەشی، دەستی، قژو سەرو پێی و جومگەی وەك مێو نەرم*/ ۱۰۲ "

هەریەكە لە (لەش، دەست، قژ، سەر، پێ، جومگە) بە (مێو) چوێندراون لە ڕووی نەرمییەوە هەر لێكچواندنن لە نێو لێكچواندن.

٥- وا دەبێ شێوەیەكی لێكچواندن بۆ لێكچواندنێك زیاد دەكرێ.

بۆ نموونە:

"*هەستم دەكرد وەك قوڕ لە نێو جەستەی وەك كورەیدا شەق شەق دەبم*/ ۲۱ "

لێرەدا (لە نێو جەستەی وەك كورەیدا) زیادەیەو لێكچوونێكە بۆ لێكچواندنی سەرەتا زیاد كراوە، ئەمەش ئاڵۆزییەكی دروست كردووە، لە هەمان كاتدا لە وێنەیەكدا وێنەیەكی تری لێ لە دایك بووە.

## ٢- وێنەی خواستن

خواستن لە پاڵ ئەوەی ڕەگەزێكی گرنگی شیعرە، لە بونیادی دروستبوونی وێنەی شیعریدا بەشدارە، چونكە لە لێكچواندن نزیك دەبێتەوە، بە شێوەیەك لە لێكچواندنیش چڕوپڕتر خۆی نیشان دەدات. بەو پێیەی بەشێك لە بنەماكانی

لێکچواندنی تێدا لادەبرێ و بەشێکیشی تێدا دەمێنێتەوە، بەم جۆرە شیعرییەتبوونی وێنەی خواستن لە شیعرییەتبوونی وێنەی لێکچواندن زیاترە، لەبەر سازاندنی پتری پتەو بوونی دەربڕین و نزیک بوونەوەیەکی زیاتر لە شیعرییەتی شیعرەوە، وێڕای هەموو ئەمانەش لە ڕوانگەیەکی ترەوە ((سادەترین پێناسەی خواستن بریتییە لە لادان لە ڕێسا)) [201:190] بە واتایەکی تر خواستن بنەماکانی دەربڕینی ئاسایی تێك دەشکێنێ و بەرەو نائاسایی بوون هەنگاو دەنێ، ئەمەش پلەیەکی دیکە شیعرییەتی شێوازی دەربڕین نیشان دەدات.

ئەم نائاسایی بوونەی دەربڕین، بەوە لە لادانەکانی تری پێکهاتەی دەق جیا دەکرێتەوە، کە بە خەیاڵ بارگاوی بووە، ئاشکرایە خەیاڵیش کۆڵەگەی گرنگی دروستبوونی وێنەیە، لەم ڕووەوە ((خواستن و لێکچواندن گرنگترین ئامرازی بە خەیاڵکردنی ئاخاوتنن)) [166:209] بەڵام لە خواستندا خەیاڵ بەرزترە، (ئەگەرچی زۆر لە ڕەوانبێژیزانانی دێرین باوەڕیان وایە، کە لێکچواندن بنچینەیەو لە میانی ئەودا بۆ خواستن و خوازە دەگۆڕێ). [108:95] واتە لە لێکچواندندا خوازەو خواستن دروست دەبن، هەرچی پەیوەندی بە کاریگەری هەیە، خواستن کاریگەرییەکەی زیاترە، چونکە ئەگەر لە لێکچواندندا دوو بنەمای سەرەکی هەبن، کە بریتین لە لێچوو لەوچوو، ئەوا لە خواستندا یەکێك لە بنەماکان دەمێنێتەوە، واتە یان (لێچوو- بۆ خواستراو)، یان (لەوچوو-لێ خواستراو) دەمێنن، بەمەش دەربڕین چڕتر دەبێتەوەو هێزو قورسایی زیاتر دەبێ.

ئەگەرچی لە نێو ئەدەبیاتی گریك و هەروەها ڕۆژهەڵاتیشدا لێکچواندن و خواستن، بۆ سازاندنی وێنەی هونەری لێك جیا کراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەردووکیان ((یەك ڕەگەزن و دەبوایە یەك ناو بان، بیانییەکان بە هەردووکیان دەڵێن image ئیماژ)) [65:209] واتە هەردووکیان بنەمایەکی گرنگی وێنەن، جا ئەو وێنەیە وێنەیەکی شیعری بێ لە نێو دەقێکی شیعریدا، یان لە هەر دەقێکی دیکەدا وێنەیەکی هونەری نیشان بدات، بەو پێیەی هەردووکیان لە نێو ڕەوانبێژیدا بەرجەستە دەبن،

بەڵام پلەی ڕەوانبێژی بوونیان جیاوازە، وەك (خەتیبی قەزوێنی)* دەڵێ: ((خواستن لە شێوازی ئەدەبیدا، لە لێکچواندن ڕەوانبێژیترە)) [196:209]، کەواتە ئەم پتر ڕەوانبێژی بوونە، پێوەرێکە بۆ چڕترو جوانترو هونەریتر بوونی وێنە.

بونیادی دروستبوونی خواستن بۆ سازاندنی وێنە لە لێکچواندن لەبارترە، چونکە وێڕای ئەوەی، کە وشەیەکە جگە لە واتا فەرهەنگیەکەی خۆی، بۆ واتای تر بە کاردێ، ڕەگەزی خوازەو لێك چواندنیشی تێدایە. بەو پێیەی لە ڕووی واتاوە خوازەیەکی تەواوەو لە دیوێکی تردا پەیوەندیی واتا خوازراوەکەو واتا راستەقینەکە، لێکچواندن ڕێکی دەخات. بەمەش وێنەی خواستن لە نێو سێ ڕەگەزی ڕەوانبێژیدا ڕسکاوەو لە هەر سێ حالەتیشدا لادانێکی لۆژیکی لە دەقدا دێنێتە کایەوە، کە دوا جار لە پاڵ دروستبوونی وێنە هونەرییەکەداو لە ئەنجامی بەرهەمهاتنی خواستنێکی وێنەییدا، شیعرییەت بەرهەم دێو پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکانی بونیادەکەدا دەبەستێ، چونکە ((ناشێ شیعرییەت لە خوازە ڕەوانبێژییەکان دابڕێ، بەڵکو دەشێ بەو چاوە لە شیعرییەت بڕوانین، کە بەشێکە لە ڕەوانبێژییەکی فراوان و لە سەرچاوەکانی کارە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە... بە شێوەیەکی گشتیش خوازەی ڕەوانبێژی وا پێناسە کراوە کە جێگرەوە (بدیل)ی بەکارهێنانی (ئاسایی)یە، یان لادانە لێی)) [86:169] ئەم خوازە ڕەوانبێژییەش بە تەنیا ناتوانێ وێنەیەکی پتەو بسازێنێ، بەڵکو هێزو شیعرییەتی وێنە لە بەرهەمەکانی خوازەیە، نەك خودی خوازە. چونکە بە شێکی زۆری خوازە لە زمانی ئاسایی بەکاردێو کەس بیری بۆ دروستبوونی وێنە ناچێ. لەم ڕووەوە ئەوەی لادان و نائاسایی بوون دەسازێنێ، خواستن و لێکچواندنن، وەك بەشێك کە سەرچاوەکەیان خوازەی ڕەوانبێژییە. لەبەرئەوە ((ئەگەر هەموو ئاخاوتنێکی شیعری، خوازە بێ، ئەوا هەموو ئاخاوتنێکی

* ناوی محەمەد کوری عەبدولرەحمان (جەلالەددینی قەزوێنی) یە، شەرعزانێکی شافیعی مەزهەب و ئەدیب بووە، بە (ئەلخەتیب) ناسراوە، لە موسڵ لەدایك بووە، لە شاری دیمەشق لەساڵی ١٣٣٨ز کۆچی دوایی کردووە. سەرۆکی قازیەکان(قاضی القضاة) بووە لە میسرو دیمەشق. بەرهەمەکانی (تلخیص المفتاح)ی سەکاکی و کتێبی (الایضاح) لە هەردوو زانستی ڕوونبێژی و واتاناسی یە. [199:551]

خوازەیی، شیعریی نییە، یان لە پلەیەکی شیعرییەتیشدا نییە، چونکە زمانی خوازە، چەندان پلەی هەیە، بەرزترینیان خواستن‌و هاوشێوەبوون (تماثل) و لێکچواندنن، کە کارێکی سیحری‌و سەر سورهێنەر لە بەرهەمهێنانی شتە جیاوازەکان دەکەن.)) [192]

بۆیە خواستن لە شوێنی خۆیدا لە پلەیەکی بەرزی زمانی دایەو هونەرکاری‌و وەستایی نووسەرەکەی تێدا دیارە، وەك کەرەستەیەکی وێنەش ڕۆڵی خۆی دەبینێ، ئاشکرایە تا کەرەستەکانی وێنە، وەك بناغەیەك چڕبوونەوەی زمانیان تێدا بەرزبێ، وێنەکە پوخت‌و پڕ شیعرییەتتر دەبێ.

ناکۆکی لە نێوان ڕەخنەگرانی کۆن‌و نوێدا هەیە، سەبارەت بە پلەی بە وێنەبوونی خواستن‌و ڕەخنەگرانی کۆن هەر لە ئەرستۆوە تا دواتریش خواستنیان ڕاستەوخۆ بە وێنە حسێب کردووەو هیچ جیاوازییان لە نێواندا نەکردووە، بەلاّم هەرچی ڕەخنەگرانی نوێن، بە پێچەوانەوەی پێش خۆیان دەڕوانن (پیر ریڤردی Piere Revrdy) پێی وایە وێنە داهێنانێکی پوختی بیرەو لە ئەنجامی خەیاڵی ئازاد دروست دەبێ، بەلاّم خواستن کارێکی مەبەستدارەو هەمیشە پێویستی بە ڕاڤەو لێکدانەوە هەیە .... وەك (باشلارد)* یش پێی وایە جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان وێنەی شیعری‌و خواستن هەیە، چونکە خواستن، خەسڵەتێکی فینۆمینۆلۆژیی نیە، لە باشترین باریدا وێنەیەکی دروست کراوە.)[27:183] کرۆکی ئەم بۆچوونانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە خواستن لە ئەنجامی خەیاڵی سەربەستەوە دروست نابێ، بەڵکو بە مەبەستەو دەستکاری کردنێکی تەواوی نوسەری بەسەردا دیارە.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە هیچ لە پایەی وێنە کەم ناکاتەوە، بەو پێیەی دروستکردنی تابلۆیەکیش لە لایەن نیگارکێشێکەوە، بیرەو مەبەستی نووسەری بەسەردا زاڵە. بۆیە دەشێ ڕوونتر بڵێین تا دەستکاری کردن‌و بەرهەمی بیرو داهێنانی نووسەری زیاتر پێوە دیاربێ، زیاتر بەرەو نائاسایی بوون دەچێ‌و لە خەیاڵی ئازادو

* گاستۆن باشلار G. Bachelard (١٨٨٤– ١٩٢٦) فەیلەسووفێکی فەرەنساییە، سەرەتا بە فەلسەفەی زانست‌و پاشان بە فینۆمینۆلۆژیای ئەدەب خەریك بوو، لە بەرهەمەکانی (گیانی زانست، فەلسەفەی نەفی، ئیستاتیکای شوێن، عەقلانیەتی پراکتیکی ...) [450:92]

سروشـتیی مرۆڤـدا تێدەپـەڕێنێ و بـەرەو داهێنـانێکی نـوێ دەچـێ. لەبەرئـەوە شیعرییەتی وێنـە لـەم بەرهەمهێنانـە نائاسـاییەدا ڕێژەکـەی زیـاترە، کەواتـە لـە هـەر بارێکەوە سەرنج بدرێ، خواستن وێنەیـەکی شیعری تـەواوەو سازاندنی کەشێکە بۆ پێشچاوخستنی دیمەنێك لە دیمەنەکان لە چوارچێوەی وشەیەك یان زیاترەوە.

بەرجەستەبوونی وێنەی خواستن لە پەخشاندا بە گشتی و لە چیرۆکدا بە تایبـەتی، خۆی لە خۆیدا لادانێکە لە ڕێسا ڕەوانبێژییەکان، چونکە خواستن ڕەگـەزێکی گرنگی شیعرەو هاتنی لە پەخشاندا بە دیاردەیەکی (باو) دانانـدرێ، لەبەرئەوە هێنانـەوەی لـە چیرۆکدا هەستێکی شاعیرییەتی چیرۆکنووس دەسەلمێنێ و لە پێناوی پتـەوکردنی زمانی دەربڕین و ئیستاتیکی دەقدا ئەو کارە ئەنجام دەدات، سـەرەنجام بینـای دەقی چیرۆك لـە ڕووی زمان و بەهێزبوونی ڕیشاڵەکانی پێکهاتەکەی، گۆڕانکاری بەسـەردا دێ و وردی و وەستایی چیرۆکنووس لـە ڕێکخستنی ئـەو دەربڕینانـە نیشان دەدات، هەر لە زووەوەش ئەرستۆ گوتویەتی ((خواستن نیشانەی بلیمەتییە)) [124:121] بۆیـە خواستن لە نێو چیرۆکدا، زمانی دەق لـە زمانی شیعر نزیك دەکاتـەوەو پێکهاتەیـەکی ئـاڵۆزی پێدەبەخشێ و لـە سـادەیی دووری دەخاتـەوەو ڕۆڵـی خوێنـەری شـارەزا بـۆ تێگەیشتنێکی تەواوی دەق، بەهەند هەڵدەگیرێ.

لـە کۆچیرۆکی (نامـەکانی ژاکـۆن)دا، زمـانی دەق، زمـانێکی پـڕ ڕەوانبێژییـە. ئـەم ڕەوانبێژی بوونەی زمان سیمایەکی ئیستاتیکی بە دەربڕین بەخشیوەو بۆتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی هـەر چەمکێکی ئەدەبی، لـە نێویشیدا وێنـەی هونـەری، یـەکێك لـەو کەرەسـتانەی وێنـەش بریتییـە لـە خواسـتن. لەبەرئـەوە دەربڕینـەکانی نێـو دەقـی چیرۆکەکان بۆ دروستبوونی بونیادی وێنە، بەشێکی پشت بەستنی بـە خواسـتنە، وەك بـەکارهێنانێکی فـراوان و جـۆراو جـۆری خواسـتنەکان، کـە وێنـەکانیان ڕەنگـاو ڕەنگتر کردووەو بە هەناسـەیەکی دەقی شیعری کلاسیکی و دەربڕینی ڕەوانبێژیانـە، وێنـەکان پتـەو بوونـە و سـیمای شـیعرییەتبوونی شـێوازی وێنـە، بـە ڕوونـی بەرچـاو دەکەوێ، بە جۆرێك دەربڕینی تـەنگ کردۆتـەوە، لـە هـەمان کاتـدا تێرِوانین و مـەدلوولی

گەورەو فراوانی لێ سەرچاوە دەگرێ، کە ئەمە نیشانەی داهێنان و شیعرییەتبوونی زمانی دەقە.

خواستن بە پێی بوونی ڕەگەزەکانی لێك چواندن دەکرێتە دووبەش:[265:100]

١- **خواستنی ئاشکرا:**

ئەگەر لەوچوو لە دەربڕینەکەدا هاتبێ و لێچوو باس نەکرابێ پێی دەگوترێ خواستنی ئاشکرا. وەك:

"*کەوە شکستەکەم، با با هەڵتگرێ، خۆت وەبەر گێژەڵوکەی بەفران دە* / ١٥٩"

لێرەدا چیرۆکنووس یەکێك لە کارەکتەرەکان، کە لەم دەربڕینەدا ناوی نەهاتووە لێچووەو، بە کەوێکی شکستی چواندوە، کە (لەوچوو)ە، سیمای لێکچواندن لە خواستنی ئاشکرا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەردەکەوێ و دەربڕینەکە زیاتر وەسفییەو لە چوارچێوەی ئاوەڵناودا جێگیربووە، ئەم دەربڕینە وەسفییە وێنەیەکی هونەری سازاندووە، وێنەکەش زووتر لای وەرگر دەردەکەوێ، چونکە لەوچوو بوونی هەیە، هەڵبەت لەوچوو پێگەیەکی گەورەی لە ئاشکراکردنی وێنەکەدا هەیە، لەبەرئەوەی بنەماکانی وێنەی لێکچواندن زیاتر لە لەوچوو بەرجەستە دەبن تا لێچوو، بۆیەشە بەم خواستنە دەگوترێ خواستنی ئاشکرا.

(کەوی شکست) خوازراوە بۆ ئەکتەرەکە لەبەر پەیوندی لێکچوونیان لە برینداری و هێمنی چەوساوەیی. وێنەکە بە ڕێگای خواستنی ئاشکرا دروستبووە، چونکە دەربڕینی (کەوە شکستەکەم) بە ئاشکرایی هاتووە، لەبەرئەوە لێ خواستراو (کەوی شکست) هەر تەنیا مەبەستی کەوێکی بریندار نییە، بەڵکو دەلالەت و ئیحای تری لە خۆیدا بەرجەستە کردووە، هەردوو بنەڕەتەکەی لێکچواندن، کە بوونەتە لێخوازراو و بۆخوازراو، بەر هەستی بینین دەکەون.

لەنێو شیعرییەتی ڕەوانبێژیی تازەدا، کەلێن، یان بۆشایی لە نێوان دال و مەدلوول و ناوو ناولێنراو و دیارخەرو دیارخراو .... هتد سیمایەکی هەرە دیاری شیعرییەتن، بۆیە بەدەر لە بنەماکانی لێکچواندن و خواستن، بۆشایی لە نێوان کەسەکەو کەودا هەیەو لە ڕووی واتاوە لە گەڵ یەکتری ناگونجێن، بەڵام نهێنی

شیعرییەت لەوەدایە، کە کارەکتەرێك لە واتا فەرهەنگیەکەی خۆی، بۆ واتایەکی تر نزیك دەکاتەوە لە واتایەکی خوزراو کە (کەو)ە، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆسەی لادان بەرهەم دێ‌و نائاسایی دەربڕین دێنێتە کایەوە، دواجار تا پلەی نەگونجانەکە بەرزتر بێ، واتە مەودای نێوان هەردوو بنەما وێنەییەکە لێك دوورتر بێ، وێنەکە پتەوتر دەبێ‌و ریشاڵەکانی شیعرییەت زیاتر دەبن.

**٢- خواستنی درکاو:**

ئەگەر تەنیا لێچوو باس کرابێ پێی دەگوترێ: خواستنی درکاو [265:100]. وەك:

" *زێ لە گەڵ کەس نادوێ، ورگی خۆی لێ بڵاوکردەوە* / ١٨٨"

لێرەدا (زێ) وەك (بۆ خواستراو-لێچوو)ێك هاتووەو سیفەتی دوان‌و ورگ لێ بڵاوکردنی دراوەتە پاڵ، کە هەردوو سیفەت، سیفەتی مرۆڤن. کەواتە پەیوەندیی لێکچواندن لە نێوان زێ‌و مرۆڤ دایە، بەهۆی نیشانەی سیفەتیانەوە، مرۆڤ (بۆ خواستراو-لەوچوو)ێکەو لە دەربڕینەکەدا نەهاتووە، ئەم جۆرە خواستنە لە خواستنی ئاشکرا بە هێزترەو ڕادەی تێگەیشتنی گرانترە، چونکە درکاو - شاراوەییەکەی لە درەنگ بە دەستەوەدانی وێنەکەیە، تا وێنەش درەنگ بگاتە خوێنەر، بواری بیرکردنەوە لە دەق فراوانتر دەبێ‌و نائاسایی بوونی ئاخاوتن زیاتر پەرەدەستێنێ. کەواتە لەم دەربڕینەدا، زێ بە مرۆڤ چوێندراوە لە ڕووی دوان‌و ورگ لێ بڵاوکردن، ئەمە وێنەیەکی سەرسوڕهێنەر دەسازێنێ‌و بواری پێشبینی لە خەیاڵی وەرگر لادەبات، چونکە بە هیچ کلۆجێك کەس پێشبینی ئەوە ناکات، کە زێ وەك مرۆڤ بێ، مەودای حاڵەتی نەگونجانەکە زۆر لێك دوورەو بارێکی نائاسایی خستۆتە ڕوو، لە لایەکی دیکەوە ئاشکراکردنی کەلێنی نێوان زێ‌و مرۆڤ لە وێنەکەدا دوای بیرکردنەوەو تێگەیشتن لای وەرگر هەستی پێ دەکرێ، دواتر نەهێشتنی ئەو کەلێنەو لێك گرێدانیان بەهۆی پرۆسەی خواستنەوەو دۆزینەوەی نیشانەیەك بۆ گونجانەکە، وێنەکە پتەوترو پڕ شیعرییەتر دەکات‌و لە هەمان کاتدا زۆرجار لە شێوەی تابلۆیەك خۆی نیشان دەدات، وەك دەربڕینی سەرەوە، کە دیمەنێکی بێ جووڵەی چەسپاوە لە چەشنی تابلۆیەك، زێ مرۆڤێکەو بێ قسە ورگی لێ بڵاوکردووە.

## ئەركەكانی وێنەی خواستن لە كۆ چیرۆكی نامەكانی ژاكۆن

لێرەدا بە پێی شێوازی وێنەی خواستن لە چیرۆكەكان، هەوڵ دەدەین ئەركە جیاوازەكانی وێنەی خواستن دەست نیشان بكەین:

**١- بە كەس كردن:**

لە چەشنی لێكچواندن، لێچوو (بۆ خوازراو)ەكە، بە شتێك دەچوێندرێ، كە لە دەربڕینەكەدا بوونی نییە، بەڵام بەهۆی نیشانەو كۆكەرەوەكە، سیفەتی لێ خوازراو (لەوچو) ەكە دەردەكەوێ، ئەو سیفەتەش سیفەتی بەكەس كردن نیشان دەدات. تا درەنگتریش هەست بە دۆزینەوەی بەكەس كردنەكە بكرێ، وێنەكە تەمومژاوی تر دەبێ و لایەنی جوانكاری پتر باڵی بەسەردا دەكێشێ و سیمای شیعرییەتی زیاتر پێوە دیار دەبێ. وەك:

" *با لە كەیفان سوور هەڵگەڕابوو.* ل٧٥ "

لێرەدا بە هۆی كاری سوور هەڵگەڕانەكە، كە سیفەتی كەسایەتی مرۆڤ، دراوەتە پاڵ (با) وە. واتە (با) بۆ خوازراوە – لێ چووەو بە مرۆڤ چوێندراوەو مرۆڤ كە لە دەربڕینەكەدا نەهاتووە بۆتە (لێ خوازراو– لەوچوو)، بەم جۆرە نەگونجان و بۆشایی لە نێوان (با) و (سور هەڵگەڕان) هەیە، چونكە (با) مرۆڤ نیە تا سوور هەڵبگەڕێ، بۆیە خواستنی دركاو دروستبووە. هەروەها لە بەرئەوەی نیشانەكە بریتییە لە (كار)، بۆیە لە بنچینەدا بریتی بووە لە بایەكە بە گوڕبوو، بەڵام كاری (سوور هەڵگەڕابوو) بۆ (بەگوڕبوو) خوازراوە. واتە بۆ خوازراو (لێچو)ەكە، بریتییە لە (بەگوڕبوو) و لێ خوازراو (لەوچوو)، كە (سوور هەڵگەڕابوو) ە، لە دەربڕینەكەدا هاتووە، بۆیە خواستنی ئاشكرای دروست كردووە. واتە ئەگەر خواستنەكە بە (كار) تێپەڕی، ئەوا پێی دەگوترێ: خواستنی ئاشكرای پاشكۆیی. بەم جۆرە وێنەیەكی هونەری دروست بووە، كە تەواو لە بارێكی نائاسایی دایەو چەمكێكی وەك (با) بەكەس كراوە.

"*تەمێكی وەك دووكەڵی داری تەڕ، لەسەر زێیە و سنگی شاخەكە ڕاكشاوە*/١٥٩"

ئەم وێنەیە سەرچاوەكەی لە لێكچواندن و خواستن دروست بووە، لە هەردووكیان بارێكی نائاساییان نیشان داوە. (تەم) چوێندراوە بە (دوكەڵی داری تەڕ)، دواتر ئەو

تەمە گیانی بەبەرداکراوەو سیفەتی (ڕاکشان) کە سیفەتی مرۆڤە، بەر تەمو هەروەها (دوکەڵی تەڕ) بڕاوە. وێنەی دووەم هەر ئەو تەمە لەسەر زێو لەسەر سنگی شاخ ڕاکشاوە، بۆیە خواستن لە (سینگی شاخ) بە (مرۆڤ) چوێندراوە. (شاخ) بۆ خواستراوەو (مرۆڤ)یش لێ خواستراوە. بەهۆی ناوی (سینگ)، کە بەشێکە لە گیاندار، دەناسرێتەوە. لە ڕاستیشدا شاخ سنگی نیە، بۆیە خواستنی درکاو دروست بووە، بارێکی بەکەس کردن لەم نموونەیەدا نیشان دراوە وێڕای ئەوەی بۆشایی (التنافر) کەوتۆتە نێوان (سنگ) و (شاخ)، بەڵام بەهۆی کاری (ڕاکشاوە) وێنەیەکی هونەری دەسازێو گونجاوێکی شیعرییەتیش لە دەقەکەدا دەردەکەوێ.

شێوە خواستنێکی دیکەی سەرنج ڕاکێش هەیە، ئەویش تێکەڵ کردنی کۆمەڵێك بۆخوازراون لە نێو دەربڕیندا، هەموویان پێکەوە یەك ئەرکی خواستن دەبینن، ئەگەر چی بە تەنیا ئەرکی جیاوازیان هەیە. وەك:

"*دوکەڵ و بۆنو مردنو گورگ پێکەوە سەریان بە دێدا کرد*/ ١٩٠"

هێزو شیعرییەتی خواستن لە بارگاوی بوون بە ڕەمزو ئیحا کاریگەرییەکەی دایە، لەبەرئەوە هەر یەکێك لە (دوکەڵ، بۆن، مردن، گورگ) ڕەمزێکنو ئیحایەکی تایبەتیان هەیە، چونکە دوکەڵی بۆمباو بۆنی گازی کیمیاوی، لەلایەن ڕژێمی دوژمنی گەلی کورد بۆ لادێیەکان بەکارهێنرا، بە سەدانو هەزاران کەس (مردن)، ئەوانە وەك گورگێك وا بوونو گەلی کوردو خەڵکی لادێش نێچیرێك بوونە. بۆیە (گورگ) لێرەدا وەك دەمامکێك بەکارهاتووە. هەموویان لەوەدا دەبنە خواستن، کە کاری (سەریان بە دێدا کرد) بۆ مرۆڤ هاتووە، بۆیە ئەم چوار ناوە بە (مرۆڤ) چوێندراونو مرۆڤ بۆتە لێ خوازراوو خواستنی درکاو دروست بووە، بەڵام ئەوەی ئیستاتیکاو نهێنی شیعرییەتو داهێنانی بە دەربڕینەکە داوە، جۆراو جۆری چەمکەکانە. بە شێوەیەك دەتوانین سیماکانیان بەم شیوەیە دیار بکەین:

دووکەڵ = بەرجەستە

بۆن = نابەرجەستە + (هەست) ← مرۆڤ (بەرجەستە + کەس)

مردن = بێ تەن

گورگ =          بەرجەستە

لە هەمان کاتدا ئەگەر بگوترێ پلەی خواستنی (دوکەڵ، بۆن، مردن) لە پلەی خواستنی (گورگ) زیاترە، لەبەرئەوەی گورگ گیانلەبەرەو سەر بە دێداکردنیش کاری روح لەبەری وەك مرۆڤە. کەمتر بۆشایی دەکەوێتە نێوانیان، لە چاو سێ چەمکەکانی تر، کە بۆشایی و کەلێنی لەگەڵ کارەکەدا زۆرە. بەڵام دەتوانین بڵێین پەیوەندیی نێوان گورگو سەر بە دێدا کردن لە پرسێکی دیکەی ڕەوانبێژیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەویش (خوازە)یە، واتە کە سەر بە دێدا دەکات، هەر تەنیا سەری نایەت، بەڵکو هەموو لاشەکەی لە گەڵدایە، بۆیە لە جیاتی دەربڕینی (دێتە ناو دێ)، (سەری بە دێ کرد) هێنراوە، ئەمەش ئاوێتەبوونێکی دیکەی خوازەو خواستنو ڕادەی داهێنانی زمانی دەربڕین نیشان دەدات.

**٢- بەرجەستە کردن:**

بۆ نموونە:

"*گوڵەکەم کوڵوکەی ماڵی باوانێم*/ ١٤٣"

لێرەدا کەسێك بە (گوڵ) چوێندراوە، کەسەکە لە دەربڕینەکەدا نەهاتووەو بۆتە (بۆ خوازراو – لێچوو)، گوڵ بۆتە لێ خوازراو، پەیوەندییەکەش بەرجەستەکردنە لە جۆری بە ڕووەککردنو بۆتە خواستنی ئاشکرا، چونکە لەو چوو باس کراوە.

## ٣- وێنەی درکە

درکە بەشێکی گرنگی روونبێژییە، ئەوەیە دەربڕینێك بهێندرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ باسی بابەتەکە نەکات، بەڵکو باسی بابەتێکی تر دەکات، کە پەیوەندی بەو بابەتە هەیە کە مەبەستیەتی بیدرکێنێ. ئەگەرچی واتا لەو دەربڕینانەدا درکاوە(شاراوە)یە،

بەڵام وەك (تەفتازانی)* پێی وایە دەشێ واتای ڕاستەقینەی وشەکانیش بۆ وێنەکە بگونجێ، گرنگ ئەوەیە دەبێ واتا، بوونی هەبێ جا لە وشەکان خۆی دەنوێنێ، یان مەبەستە سەرەکیەکە لە واتا درکاوەکە خۆی حەشاردەدا، لەبەر ئەوە بەهۆی بەرجەستەبوونی واتا ڕاستەقینەکە، لە (خوازە) جیا دەبێتەوە[257:155]، چونکە لە خوازەدا واتایەك جێگای واتا ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە درکەدا گەڕاندنەوەی واتای ڕاستەقینەو ڕەسەنە بۆ دەربڕین، ئەگەر بەشێکیش بێ لە پێکهاتەکەدا.

درکە واتاکەی لە لێکچواندن‌و خواستن پتەو ترە، لەلایەك لەبەر شاراوەیی دیوی ناوەوەی واتا و لە لایەکی تر لادان لە ئاستی فەرهەنگی، دەربڕین بەرەو جۆرە نائاساییەك دەبەن‌و هێزی شیعرییەتەکەی لە ئاڵۆزی‌و سەخت خۆنیشاندانی واتا بەرجەستە دەبێ، لەبەر ناڕاستەوخۆیی ڕەهەندی واتا بەخشین، بۆیە لە فۆڕمێکدا دوو شێوەی واتا نیشان دەدرێ، (واتایەکی نزیك‌و دوور، یان سادەو ئاڵۆز، واتایەکی مەبستدارو واتایەکی بێ مەبەست، ڕاستەوخۆیەکە بێ مەبەست‌و شاراوەکەش مەبەستدارە) [173:201]. ئەمە لە ڕاستی ئەو ڕایە نزیکمان دەکاتەوە، کە بە درکە بگوترێ (واتای واتا)، چونکە واتای دەربڕینەکە واتای ڕاستەقینە لە سیاقەکەدا لەخۆی بار دەکات، کە بریتیە لە واتا شاراوەکە. بە واتایەکی تر بەهۆی واتای سادەوە واتای ئاڵۆزو بە هۆی واتایەکی نزیکەوە واتای دوور ڕوون دەبێتەوە، لەبەرئەوە چڕوپڕی دەربڕین لە درکەدا، هێزێکی واتایی لە پشتیەوەیە، ئەم هێزە واتاییە سەرچاوەی پتەو بوونی وێنەی هونەرییە.

---

* تەفتازانی، ناوی (مەسعود عمر ١٣١٢– ١٣٨٩هـ)ە، ناسراوە بە سعدالدین تفتازانی، لە تەفتازان (خوراسان) لەدایك بووەو لە سەمەرقەند مردووە. زمانەوان‌و زانای ڕەوانبێژی‌و ژیربێژی (منطق)و میتافیزیکیا و کەلام‌و شەرع.....بووە. کۆمەڵێك بەرهەمی هەیە کە بوونەتە میتۆدی خوێندن وەك (تهذیب المنطق)و (المطول) لە ڕەوانبێژی‌و (شرح تصریف العزی) لە وشەسازی‌و (ارشاد الهادی) لە ڕستەسازی‌و (مقاصد الطالبین) لە زانستی کەلام. [189:199].

لە ڕەهەندێکی دیکەوە بونیادی دروستبوونی وێنە لە درکەدا، بۆ لێك نزیکیو هاوسێی لەگەڵ خوازەدا دەگەڕێتەوە، بە هۆی ئەوەی زۆرجار لە ڕوە واتاییەکەدا نزیکی یەکتر دەبنەوە. بەڵام وردبوونەوە لە واتا شاردراوەکە دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان، لەم ڕوانگەیەوە ((لێکچواندنو خواستنو خوازەو درکە هەر کامیان جۆرێکن لە وێنە)) [215:210]، بەڵام لێکچواندنو خواستن، وێنەیەکی ڕاستەوخۆ دەبەخشن. پێویستیان بە دووبارە لێکدانەوە نییە، هەرچی (درکەیە جۆرێك لە زێندوێتی وێنە نیشان دەدات، کە یەکەمجار واتاو دەلالەتی ڕاستەوخۆو ڕاستەقینە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، پاشان کە دەگاتە خوێنەر، یان گوێگر، بەرەو واتای واتا دەچێ. واتە دەلالەتەکە قووڵتر دەبێتەوە، ئەمەش زیاتر بە سیاقی ئەزموونو هەستو هەڵوێستەوە بەندە) [141:98]، ئەم لێك نزیکییەی نێوان خواستنو درکە لە سەرچاوە سەرەکیەکەوە خۆی دەبینێتەوە، کە خودی خوازەکەیە، بۆیە (لە زۆر باردا درکە دەبێتە خوازە، بەڵام خواستن نییە، چونکە ئەو وێنەیە جیاکاری لە نێوان ئاوەڵناوو بابەتەکە (صفة و موصوف) دەکات) [56:178]، بۆ نموونە کە دەگوترێ: وەزارەتی مۆلیدەکان درکەیە لە نەبوونی کارەباو ئاماژەیە بۆ وەزارەتی کارەبا. واتا شاردنەوەی واتایەکە بۆ دروستبوونی درکەو بەکارنەهاتنی واتای ڕاستەقینەیە، کە (خوازە)ی تێدا دێتە ئاراوە.

درەنگ خۆ بە دەستەوەدانی واتای سەرەکیو پنگانەوی لە چوارچێوەیەکی داخراودا، کە بە هەستو سۆزو هەڵوێستو شارەزابوون لە دەوروبەری زمانەکەدا ئەم چوارچێوەیە دەبێتەوە، بەشێکە لە شیعرییەتبوونی دەربڕین، چونکە کۆی پرۆسەی شاردنەوەی واتاو هێنانەوەی دەربڕینێکی دیکە، کە بە هۆی نیشانەیەکەوە هەردووکیان لێك نزیك دەبنەوە، پرسی داهێنانو تۆخبوونەوەی چیگوتنو گەمەکردن بە کۆدو کەرەستەکانی زمانی دەربڕین دێنێتە ئاراوە، هەموو ئەمانەش خەیاڵو بیرکردنەوە بەگەڕ دەخەنەوەو بونیادی وێنەی هونەری زیاتر پتەو دەکەن.

دەربڕینی وێنەی درکە لە ئاستی سەرەوەدا بە سروشتی خۆی نیشان دەداتو بە زۆری پەیوەندیی ئاستی ڕستەسازیو وشەسازیو واتاسازی، پەیوەندییەکی

گونجاوە، بەڵام ئەوەی تەم‌و مژی دەخاتە پێکهاتەکەوە، لە ئاستی ژێرەوەو دیوی واتای واتاوەیە، کاتێك لە گەڵ دەربڕینەکانی پێش‌و دوای خۆی، جۆرە لێك ترازانێك دروست دەکات. پڕبوونەوەی ئەم لێك ترازانەش لە تێگەیشتنی خوێنەرو ڕوونبوونەوەی وێنەکە بەرجەستە دەبێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (پاشەڕاو)دا دەڵێ:

"*هەرکە بە ژوور کەوتم، هەموو لێکرا دەویان بەشبۆوە* ٢١٨"

لە ڕاستیدا دەویان بەش نەبوە، بەڵام دەوکرانەوە، حاڵەتێکە بۆ سەرسوڕمان، یان گەیشتنی هەواڵێکی کت‌و پڕو سەیر، لەبەرئەوە وێنەیەك سازاوە، بەڵام هاتنە ژوورو کرانەوەی د ەم، هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، بەڵکو لە دیوی واتای واتاوە، واتا ڕاستەقینەکە ئاشکرا دەبێ، کە دیمەنی هاتنە ژوورەوەکەو بینینی ئەوان، حاڵەتەکە بە نائاسایی دادەنرێ، بۆیە ئەوان سەریان سوڕ دەمێنێ.

بەشێکی ئیدیۆم‌و مەسەلە کوردەوارییەکان‌و پەندو مەتەڵ دەبنە درکە، بۆیە کەشی چڕبوونەوەی واتاو دەربڕین‌و تەم و مژییان بە شێوەیەك لە بارە، کە واتایەکی شاراوە لە فۆڕمەکەدا خەست بۆتەوەو واتای ڕاستەقینەش لە کاتی گەیشتنی بە وەرگردا لە چوارچێوەی وێنەدا گەش دەبێتەوە، بۆیە درکە (جوانکارییەکە لە جوانکارییەکانی ئاخاوتن، دەربڕین پوخت و کورت دەکاتەوە). [76:108] وەك خواستن‌و لێکچواندن دەبێتە بنەمای دروستبوونی وێنە، ئەگەرچی سەرچاوەکەشیان جودا بێ. بۆ نموونە پتەوبوونی وێنە لە بەرجەستەبوونی درکەدا، پێکهاتەی دەربڕین لە بیری خوێنەردا دەگۆڕێ، لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا)دا دەنووسێ:

"*ئەوە کەڵەشێر خوێندی و پیرێژن چیدی چاوەڕێی کوڕی ناکات*–لا ٢٣٥"

سەرنج دەدەین دەربڕینی (کەلەشێر خوێندی) بۆتە درکەو دەلالەتی هاتنی بەیانی دەدات، لەم ڕووەوە وێنەیەکی سازاندووەو گرتەی کامێرا دەچێتە سەر کەڵەشێرو دیمەنی خوێندنەکەی نیشان دەدات، بەڵام ئەگەر نەبووبایە درکەو واتاکە ڕاستەوخۆ هێندرابایەوە، ئەوکاتە بەم دەربڕینە دەنووسرا: (بەیانییەو پیرێژن چیدی چاوەڕێی کوڕی ناکات..) بەم شێوەیە وێنەکە دروست نەدەبووو شێوازی بەسینەما کردنی دەقیش نەیدەتوانی ئەم گرتەیە تۆمار بکات. وێڕای سازاندنی وێنە، نهێنیەکی

شـيعرييەت لـە دەربڕینـی درکـەدا هەیـە، کـە ئیـستاتیکایەکی سـەرنج ڕاکـێش دەگرێتەخۆ، چونکە شاردنەوەی واتای ڕاستەقینە، هونەرێکی گرنگە بۆ داماڵینی بە واتایـەکی دیکـە، کـە جێـی پەنجـەو هونـەرکاری نووسـەری تێـدا بـە دیاردەکـەوێ. لەبەرئـەوە ئەگـەر خواسـتن بـە دیوێـك لـە دیوەکـان جەوهـەری شـیعرییەت و دەربڕینـی شـیعرئامێز بـە خـۆوە بگـرێ، ئـەوا درکـەش لـە ڕەهەنـدێکی دیکـەوە خـۆی لـە زمـانی ئاخاوتنی ئاسایی دوور دەگرێ و بەرگێکی لێوانلێو لە سیمای داهێنەرانە دەپۆشـێ، کە ڕەگەزەکانی شیعرییەتی تێدابێ، ئەگەرچی بەبێ ئەم لێکدانەوەیـەش ((سروشـتی پڕۆسـەی واتـاو سـیمانتیکی هەریـەك لـە خواسـتن و درکـە، کانگـای شـیعرییەتن))، [64:116] بەڵام زۆربەی ئەو دەربڕینانـەی کە پێویـستیان بـە لێکدانەوەیـە، واتایـەکی درکاویان لەخۆدا هەڵگرتووەو لە چوارچێوەی درکەدا، وێنەیەکی هونەری دەسازێنن.

بۆ نموونە ئیستاتیکای ئەم دەربڕینە، هونەرکارییەك لە دەربڕین دەخولقێنێ، کە خوێنەر پێشبینی ئەم هێنانەوەیە ناکات، جۆرە تام و بۆنێکی ڕەوانبێژیانەی بەسەردا زاڵە، بەڵام بە کەرەستەو بیرێکی نوێ، وێنەیەکی درکە دەسازێ:

"دەگەڵ چوونەوەو نەچوونەوەی ئەستێران، لەو دەمەی ڕۆژو شەو بە شمشێران لێك هەڵدەبڕێن، مووەکیان بە نێوان دادێ.....لا ٨٣"

دەربڕینی چوونەوەو نەچوونەوەی ئەستێران، درکەیە لە تاریك و ڕوونی بەیانیان. هەروەها لێکدانی شەوو ڕۆژ بە شمشێران، کە خواستنیان دروست کردووە بە هـەمان شێوە بوونەتە درکـەش، لەبـەر پەیوەنـدیی خـوازەی ڕەهـا بـە درکـەوە، لـە نێـو وێنـەی درکـەدا، کـەش لـە بـار دەبـێ تـا هێـزی شـیعرییەت زیـاتر بـێ بـە بارگـاوی بـوون بـە خواسـتن و ڕەگـەزەکانی تـری دروسـتبوونی وێنـە، چـونکە ((وێنـەی لێکچواندن، یـان خواسـتن دەچـنە نێـو درکـە)) [154:98]، بۆیـە قورسـایی وێنـە لـەم پرۆسـەیەدا زیـاتر دەبێ.

*"ئەو منداڵە دڵی منە/ لا٢٣٤"*

*"گوێت لە دەفەی سنگم بێ/ ٢٣٣"*

*"ئەگەر نەچویەوە ئاسمانێ ئەگەر مای و دنیا هەناسەی وەبەرهاتەوە / لا١٧٣"*

*"هێشتا نێوکیان وشك نەبۆتەوە / ل٨٨"*

*"مامۆستا قیت بۆوەو قوتابیەکان زەردبوون/ ٤٢"*

*"بەرد هەناسەی دا ئەوان نا/ ١٨٧"*

*"ئەوانەی مێشیان بە بژۆڵی چاوان بۆ دەگرتی../١٥٧"*

*"با دەرکەی دنیا پێوەدا./١٢٥"*

*"بەری دەستیشی والأیە کۆترەکانی تۆی پێ دەژی./١٢١"*

..............

دەبینین هەندێکیان وێڕای درکە بوونیان ڕەگەزی خواستن یان لێکچواندنیان تێدایە بەمەش وێنە درکەییەکە بەهێزتر و چڕوپڕتربووە.

دەرکەوت هەر سێ جۆری وێنەی ڕەوانبێژیی کۆن، لە تەواوی چیرۆکەکان بەکارهاتوون، بەلأم ڕێژەکانیان جیاوازە. زۆربەی چیرۆکەکان کە نزیکەی ڕێژەی ٧٠٪ ی چیرۆکەکان پێك دێنن، وێنەی خواستنیان زیاترە، ئەمەش واتای تەواو چڕبوونەوەی شیعرییەتە لەنێو تەواوی دەقدا، چونکە ئەوەندەی شیعرییەت لە چوارچێوەی وێنەی خواستندا دەرسکێ، کەمتر لە وێنەی ڕەگەزەکانی تردا دەبینرێ، لەلایەکی تر بەهێزترین دەماری شیعرییەت کە دەق بە وەرگر دەبەستێتەوەو ئامادەی دەکات بۆ پراکتیك کردنی تیۆری وەرگرتن، وێنەی خواستنە، کە گەشەترینو پڕ شیعرییەتترین وێنەیە.

ئەو چیرۆکانەی وێنەی لێکچواندنیان زیاترە، ڕێژەکانیان دەگاتە ٢٥٪ ی کۆی چیرۆکەکان، ئەم چیرۆکانە بریتین لە (ئەتکی رووح، تەمەپیاو، گیانی تاشەکان، پاشەراو) کە لە شیعرییەتی وەسفدا چڕ بوونەتەوە. زۆرترین ژمارەی وێنەی درکەییش لە چاو چیرۆکەکانی تر، لە چیرۆکی (هەنسکی رەش)دایە، ڕووداوەکانی بەرەو واقیع بینانە چووەو بەهۆی ڕەمزی درکەییەوە، زووتر وەرگر بەرەو واقیعەکە دەبات.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وردتر، بە نزیکەیی جیاوازییەکان نیشان دەدات:

| ژ | چیرۆکەکان | ژمارەی وێنەی خواستنەکان بە نزیکەیی | ژمارەی وێنەی لێکچواندن بە نزیکەیی | ژمارەی وێنەی درکەیی بە نزیکەیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەفەری مۆر | ١٤٣ | ٥٠ | ١٦ |
| ٢ | نامەکانی ژاکۆن | ١٥٩ | ٦٩ | ١٣ |
| ٣ | پیاوانی مەرمەر یان ئەفسوونی شین | ٨١ | ٣٦ | ٩ |
| ٤ | شۆقێك لەخوێندا | ٤١ | ٣١ | ١٦ |
| ٥ | ئەفسانەی دوکەڵ | ٢٥ | ١١ | ١٣ |
| ٦ | هەنسکی رەش | ٦٦ | ٥٥ | ٢٢ |
| ژ | چیرۆکەکان | ژمارەی وێنەی خواستن بەنزیکەیی | ژمارەی وێنەی لێکچواندن بە نزیکەیی | ژمارەی وێنەی درکەیی بە نزیکەیی |
| ٧ | بەردی مرازان | ٧٨ | ٣٧ | ١٨ |
| ٨ | ئەتکی رووح | ٤٤ | ٥١ | ٩ |
| ٩ | تەمەپیاو | ٢٧ | ٣٢ | ١٢ |
| ١٠ | شکانی زێ | ٣٣ | ٢١ | ١٦ |
| ١١ | گیانی تاشەکان | ٢١ | ٢٤ | ١٠ |
| ١٢ | مەیین(١) | ٢٥ | ٢٥ | ٢ |
| ١٣ | مەیین(٢) | ١٤ | ٥ | ٤ |
| ١٤ | پاشەراو | ١٣ | ١٥ | ٤ |
| ١٥ | ئەسپی سپی | ٢٦ | ٢٥ | ٣ |
| ١٦ | شەوی یەڵدا | ٦٦ | ٢٦ | ٥ |

## تەوەرەی دووەم:

## وێنەی ڕەوانبێژیی نوێ

ئەگەر ڕەوانبێـژیی کۆن لـە چوارچێوەی ڕوونبێژییەکەیداو بەهۆی هونـەرەکانی لێکچواندنو خوازەو خواستنو درکە، وێنـەی هونـەری بسازێنێ، ئـەوا وێنـە هـەر لـەم هونەرانـە کـورت ناکرێتـەوە، بـەڵکو شیعرییەتی وێنـە دەشێ لـە بـەکارهێنانی هەندێ دەربڕینو وەرگرتنی هەندێ وشە بێ بۆ نێو ڕووپەڕی دەقدا، کە لە هۆشـی خوێنـەردا وێنەیـەکی هونـەرینو دیمـەنێك دەسـازێنن، کـە خـەیاڵ تێیـدا بـە هەنـد هـەڵگیراوەو قورسـایی و هێـزی شـیعرییەتیان لـە وێنـە ڕوونبێژییەکـەدا زیـاتر بـێ، کـەمتر نییـە. لەبەرئـەوە چـەمکی ڕەوانبێـژیی نـوێ لـە چوارچێوەی وێنـەی هونەریـدا هـەموو ئـەو گۆڕانکـاریو داهێنانـە هونەرییانـەی دەق دەگرێتـەوە، کـە لـە دەرەوەی هەریـەك لـە زانستەکانی (ڕوونبێژیو جوانکاریو واتاناسی)ین.

وێنەی ڕەوانبێژیی نوێ، وەك ئاستێکی دەلالیی دەق، هەریەك لە وێنەی ڕەمزی بە هـەموو جۆرەکانییـەوە، هـەروەها وێنـەی ئەفـسانەییو هونـەری وێنەسـازیی نـوێ دەگرێتەوە، چونکە شاعیران، یان نووسەرانی تازە، زیاتر گرنگی بە ڕەمز دەدەن، کە لێرەدا تیشکیان دەخەینە سەر هەندێکیان:-

### ١-وێنەی ڕەمزی:

ڕەمـز لـە نێـو دەقـدا گرنگییـەکی تایبـەتی هەیـەو بریتییـە لـە وشـەیەك، یـان دەربڕینێك، کە واتای فەرهـەنگی خۆی دەبـەزێنێ و بۆ واتایـەکی تـر بـەکاردێ، ئەگـەر چـی ((هــەموو ڕەمزەکــان وەك خواســتن، یــان درکــەنو شــوێنی شــتەکانی دیکــە دەگرنـەوە)) [55:178]، بـەڵام بـەوە لێیـان جیـا دەکرێتـەوە، کـە لـە ڕەمـزدا کۆمەڵگـەو دەوروبەر لەسەر ئەو واتایە ڕێك کەوتووەو واتاکە نزیکییـەکی فەرهـەنگی نیـە، بـەڵکو

جۆری داپۆشین و پەیوەندیی پێکهاتەیی نێو دەق و بونیادی دەربڕینەکەو بوونی ئیحایەکی کاریگەر ڕەمزەکە پتەو دەکەن.

ڕەمز ئەو کاتە چالاک و بزێو خۆی نیشان دەدات، کاتێك بە دەربڕینێکی جوان و بە شێوازێکی گونجاو دابڕێژێ، چونکە هەر ڕێگا لێگرتن و سوان و خوارو خراپ بەکارهێنانی، ڕەمزەکە لە ڕێڕەوی خۆی لادەدات و تەنیا وەك وشەیەکی ئاسایی دەمێنێتەوەو واتای ڕەمزی نابەخشێ (ڕەمز دەمرێ)، ئەگەر بە ڕێگایەکی جیا لە ڕێگای خۆی لە دارشتن و دەربڕین بەکار بێ).[20:109]

مەزراندنی ڕەمز لە نێو هەر دەقێکی ئەدەبیدا، جۆرێکە لە سازاندنی پردێکی پەیوەندی لە نێوان دەق و وەرگر، بە شێوەیەك ڕەمز بەهۆی پەردەپۆش کردنی زمانی ڕاستەوخۆ، خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە، لە هەمان کاتدا ئەو بیرکردنەوەیە سەر دەکێشێ بۆ بەجێ هێشتنی کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگردا، تا مەزراندنەکە هونەریتر بێ، کاریگەرییەکە بەهێزتر دەبێ و ئەم هونەری بوونەش بەشێکی دەکەوێتە سەر تەمومژی بوونی دەق، چونکە بە ناڕاستەوخۆ پەیامەکە دەگەیەنێ و ئەم ناڕاستەوخۆییە، نائاسایی بوون دێنێتە کایەوەو شیعرییەتی خودی ڕەمزیش لەوەدایە، کە ((سەرچاوەی هێزی زمانی شیعرییە)) [34:83]و کەرەستەیەکی نوێی شیعرییەو کاریگەری لەسەر بیرو مێشك و دەروونی و باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خەڵك هەیەو لە دیوی ناوەوەش گرنگییەکی تایبەتی بۆ لێوانلێو بوونی دەقێکی ئەدەبی لە ڕووحی شیعر هەیەو شیعریش سروشتی وایە، لە سەر بنەمای دەربڕینی ڕاستەوخۆ نەوەستاوەو لە نێویدا ڕەمز بە توانا دەربڕینییەکەیەوە، واتایەك بە شێوازە هونەرییەکەی پێشکەش دەکات،[151:182] ئەم شێوازە هونەرییەش هێڵی تیۆری داهێنان و شیعرییەت دیاردەخات، بەوپێیەی واژەکان زیاتر چڕدەکاتەوەو پوختی و یەکانگیری لەنێوان بەشەکانی دەق دەسازێنێ و دەق لە زمانێکی ڕاستەوخۆوە بۆ زمانێکی ناڕاستەوخۆ دەجووڵێنێ.

ئەو هێڵەی شیعرییەتی وێنەی ڕەوانبێژی لەگەڵ شیعرییەتی وێنەی ڕەمزی جیادەکاتەوە، ئەوەیە ڕەمز وادەکات شتەکان وەك وێنە هەست پێکراوەکان ئاشکرا

ناکات، بەڵکو کار لەسەر پەخشکردنی شەپۆڵەکانی هەستو سۆز دەکاتو پاڵنەرێکە بۆ خوێنەر، کە هەست بکات جیهانێکی دیکە لە پشت ئەو جیهانە بینراوە هەیە [36:107]، کەواتە لە وێنەی ڕەمزیدا قوڵبوونەوە ئیحاییەکە لە ئەنجامی لێکچواندنی کەرەستەکان بەرهەم نایەت، ئەوەندەی جەختکردنە لە بەزاندنی واقیعو سازاندنی کەشێکی نائاسایی یە، کە خوێنەر یان وەرگر درەنگ بە دەستی دێنێ، لێرەدا تیۆری وەرگرتن (نظرية التلقی) وەك هێڵی نێوەند لە نێوان دەقو وەرگردا دێتەکایەوەو ڕۆڵی تێدا بەرجەستەکردنی شیعرییەتی خوێندنەوەیەو مژینی بەشێك لەو وزە مت بووەی نێو ڕەمزە، کە دواجار ڕۆڵی لە گەشەکردنو پێگەیاندنی شیعرییەتی وەرگردا دەبێ، لە هەمان کاتدا نهێنی شیعرییەتەکە لە مانەوەی وزە مژراوەکەیە لە نێو بیری وەرگردا، کە ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بە نەمربوونی دەق. لە لایەکی تر ڕەمز پەرژینی داخراوی دەق تێك دەشکێنێو ئامادەیی وەرگرتنو دەقئاوێزان بوون فەراهەمتر دەکات، چونکە ((ئەو وزە مت بووەی لەناو ڕەمزدا هەیەو ئەو توانا گەورەیەی ئامادەگی ڕەمز دیاردەکات بۆ نوێبوونەوەی مانا کۆنەکانو لە دایك بوونی مانای تازە کارێکی بنەڕەتی هەبوو لەسەر کرانەوەی دەقو گۆڕانی لە دەقێکی داخراو بۆ دەقێکی کراوە)) [545:47]، بۆیە ڕەمز ڕۆڵی ئاوێزان بوونی دەق لەو ڕەهەندەوە دەبینێ، کە پشت بەستن بە دەقی دیکە، هەڵمژینی وزەی ڕەمزی لە ڕەهەندە ئایینیو ئەفسانەییو مێژوویی....یەوە کاریگەربوونەکان ئاشکرا دەبنو شیعرییەتو پتەوی هونەری داهێنانەکە لە ڕێکخستنی هونەریانەی ئەو کاریگەرییانە خۆیان دەبیننەوەو دواجار دەقێکی کراوە دروست دەبێ، کە تێیدا ((زمانی هێما {ڕەمز} یەکێکە لە خەسڵەتە درەوشاوەکانی شیعرییەت)). [87:38]

ئەگەر چی وێنەی ڕەمزی وەك هونەرێکی نوێی ڕەوانبێژی خۆی دەرخستووە، بەڵام لەگەڵ ئەو کەرەستە ڕەوانبێژیانەی، کە وێنە دەسازێنن پەیوەندی هەیە، لەو ڕووەوە کە ڕەمز داپۆشەری بیرێکە لە چوارچێوەی وشە، یان دەربڕینێکدا، بە هەمان شێوە لە وێنەی خوازەییدا ئەم داپۆشینە خۆی لەو دەربڕینە دەبینێتەوە، کە بۆ واتای ڕاستەقینە بەکارنەهاتووە، بەڵام لە ڕووی جۆرو چەندێتییەوە جیاواز دەبنو ڕەمز

چوارچێوەو سنوورەکانی فراوانترن‌و لەم دوو ڕووەی خوارەوە لە خوازە گشتی ترە:- [279:152]

أ- بونیادی پێکهاتەی خوازەو بە دووبارەبوونەوەی لە نێو دەقدا، وەك سەرەتایەك بۆ بنەماکانی ڕەمز، بەرەو ڕەمزی شیعری دەچێ.

ب- ڕەمز ناوەڕۆکی خوازە پێك دێنێ‌و بە پێی پەیوەندییەکانی نێو دەق دەستەڵاتی بەسەردا هەیە، بە جۆرێك هەموو خوازە بەکارهاتووەکان لە خزمەتی ڕەمزدان، واتە هەموو خوازەکان لە دەوری ڕەمزێکی دیاریکراو دانە، ئەمەش ڕۆڵی لە گواستنەوەی ئیحاکان بۆ وەرگر هەیە.

ڕایەڵە بەهێزەکانی شیعرییەت لەوەدا لە وێنەی ڕەمزی خۆیان دەنوێنن، کاتێك شیعرییەت لە ڕەمزدا بۆ ئەم مەبەستانە دەڕسکێ، ئەوانیش بریتین لە لایەنی جوانکاریی دەق‌و لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسی بۆ شاردنەوەی هەندێ مەبەست‌و دەربڕین، کە تێیدا واتا درەنگ دەکەوێتە دەستی وەرگرو لە سادەیی‌و نزیکی زمانی ئاخاوتن دوور دەکەوێتەوە، وێڕای سوود وەرگرتن لە کەرەستەو ڕەمزو ئەدەبیاتی بیانی، کە بونیادی دەقی پێ دەکرێتەوەو خۆی لە چەقبەستوویی‌و خۆ خواردنەوە دوور دەگرێ.

چیرۆك وەك دەقی شیعری، سوود لە ڕەمز وەردەگرێ‌و بەو هۆیەوە دەقەکە پتەو دەبێ‌و جیهانبینییەکی بەسەردا دەکرێتەوەو لەم ڕووەوە بونیادی پێکهاتەی زمان لە خەسڵەتەکانی شیعرییەت نزیك دەبێتەوە.

کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)، نۆبەرەی چیرۆکەکانی لە سەردەمێکی وا، کە ناوەڕاستی هەشتایەکانە نووسراوە، کە دەق لە مەترسی کەشە سیاسیەکەدا وەك پێویستیەك، لە خولیای ڕەمزدا بووە، لەو سۆنگەیەوە دەقی ئەدەبی لە دەیەی ناوبراودا لە چاو دەیەکانی ڕابردووی، پڕ ڕەمزترینە، سەرەڕای ئەوەی حەزو خولیا بۆ نوێکردنەوەی دەقی چیرۆك‌و سوود وەرگرتن لە چیرۆکە بیانییەکان‌و شێوازی نووسین بەهەمان پێودانی هەناسەی شیعرییەوە لە بیرو بەرنامەی چیرۆکنووسان

دابوو، بۆیە لە نێو (نامەکانی ژاکۆن)یشدا، ڕەمز وەك دیاردەیەکی دەربڕینخوازی لە دەقدا زۆر بڵاوەو سیمای شیعرییەتبوونی دەق نیشان دەدات.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر پێکهاتەی وێنەی ڕەمزی لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، پێویستە جۆرەکانی ڕەمز بە پێی هاتنیان لە دەقەکان شی بکەینەوەو سنووری کرانەوەی دەق بەسەر ئەو جۆرە ڕەمزانەدا بدۆزینەوە، کە هەریەك لە ڕەمزەکانی (مێژوویی، ئایینی،فۆلکلۆری ......) دەگرێتەوە.

دەشێ سەرچاوەکانی دروست بوونی ئەو وێنە ڕەمزییانە بۆ سەرچاوەی خودیو سەرچاوەی بابەتی بگەڕێنینەوە، کە لە یەکەمیاندا، وێنەکان وێنەی ڕەمزی خودینو لە هی دووەمیشدا وێنەی ڕەمزی بابەتینو کاریگەری دەروبەریان بەسەردا دیارە.

**وێنەی ڕەمزی خودی (داهێنراو):**

ئەم وێنەیە کە وێنەی خودی، یان کەسیشی پێدەگوترێ، بەرهەمی خودی نووسەرەکەیە لە ئەنجامی ئەزموونی نووسین، یان بینینی کەسیی بۆ دەوروبەرو واقیع دێتە کایەوە، دواتر مانەوەی لە خەیاڵیداو دۆزینەوەی پەیوەندییەکی شیاو بۆ ئەوەی ڕەمزێکی لێ دروست بکرێ، ئەو ڕەمزە داهێنانی تایبەتی نووسەرەو خوازراو نییە، لەبەرئەوە ئەم جۆرە سیمایەکی نوێو شیعرییانە بە دەق دەبەخشێ، چونکە هەڵگری توانای هونەریو هەستو سۆزی تایبەتییەو سوانو ڕووشانی پێوە دیار نییە، هەر چۆنێك لە نێو دەقدا بگیرسێتەوە، شێوازێکی تایبەتیو نوێکاری دەقەکە دەسەلمێنێو گەرمو گوڕی بە وشەکە دیارە لەبەر بەکارنەهاتنی پێشتری، لەم ڕووەوە (هەڵوێستی کەسی ڕۆڵی بارگاوی بوونی ڕەمزەکە بە دەلالەتی نوێ دەبینێو بەوهۆیەوە هەستە تایبەتییەکە دەورووژێ). [197:201] ئەمەش کاریگەری لەسەر هەڵچوونی وەرگر دەبێ، بەمەرجێك وەرگرەکە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری دابێ، ئەم بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر، کلیلەکانی کۆدی دەقو ڕەمزە خودییە تایبەتییە کەسییەکان دەکاتەوەو بەو هۆیەوە شیعرییەتی وەرگر پەرەدەستێنێ، پەرەسەندنی شیعرییەتی وەرگریش بەرزبوونی شیعرییەتی دەق دەسەلمێنێ.

وێنە ڕەمزییە خودییەکان لە وێنە بابەتییەکان شاردراوەترن، چونکە پێشتر کۆمەڵگە لەسەر مەدلوولی ڕەمزەکە ڕێك نەکەوتووەو هەستێکی تایبەتی و مەبەستێکی ئامانجداری نووسەری لە پشتەو لە ئەنجامی تێگەیشتن لە دەوروبەری دەق و پێکهاتەی ناوەوەی دەقدا ئاشکرا دەبێ، لەبەرئەوە لە ڕووی شیعرییەتەوە ئەگەر لە ڕەمزە بابەتییەکان زیاتر نەبێ، کەمتر نییە.

ڕەمزە خودییەکان زیاتر دەربڕینی شیعرین، چونکە دەمامکێکی گەورەتریان بەسەردا داپۆشراوە، بۆیەش چیرۆکنووسانی کورد لە دەیەی هەشتاکان بەسەرەوە لە بارودۆخی سیاسی ئەوسا، پتر بە هۆی نزیك بوونەوە لە دەربڕینی شیعری و لە نێویشیدا وێنەی دروستکراو لە ڕەمزی خودی، پانتایی دەقیان داپۆشیوەو هەست و مەبەستەکانی ناخیان لەو چوارچێوەیەدا دەربڕیوە.

چیرۆکنووس لە کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، زۆرجار لەپاڵ ڕەمزە بابەتییەکان ڕەمزی خودی لە دەقدا بەرجەستە کردووەو تێیدا وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشی سازاندووەو خوێنەر لە دەوروبەری پێکهاتەی دەقەکەدا ئەو ڕەمزە خودییانەی بۆ ئاشکرا دەبن، لە چیرۆکی (شۆقێك لە خوێندا)، وشەی (مانگا زەرد)ی وەك ڕەمزێکی چەوساوە داناوە، وەك:

"*مانگا زەرد وەك حەیوانێکی بە ڕەسەن کێوی چاوی ڕاوکەرو دۆستی لێك جوێ دەکردەوە، دەیزانی ئەو جل بۆرە قالۆر بەدەستانە دۆست نین و لەبەریان هەڵدەهات...*

لا ٧٦"

یان:

"*باشە ئەو مانگایە بۆ هێندە بێ خەم، وەك هیچ نەبووبێ، بێ واز کاوێژی دەکرد....*

لا ٧٤"

وشەی (مانگا) بە ڕادەیەکی زۆر لە چیرۆکەکەدا دووبارەبۆتەوە، ئەگەرچی وەك پاڵەوانی چیرۆکەکە هاتووە، بەڵام بۆتە ڕەمزێك بۆ بێتاوانان. لە هەمان دەربڕینیشدا (ئەو جل بۆرە قالۆر بەدەستانە) ڕەمزن بۆ سەربازی عێراقی و لەوێدا دژایەتی (مانگا زەرد) دەکەن.

دووبارەکردنـەوەی وشـەی ڕەمـزی خـودی وێـڕای جـەخت کـردن، ڕێگـا خـۆش دەکات، تا لە چوارچێوەی دووبارەکردنەوەکەدا زووتر مەدلولەکانی بدۆزرێنەوە.

لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا) دا (باران)، وەکو ڕەمزی ژیانەوەو پاککردنەوەی پیس و چڵێسی و هاتنەوەی بیری مۆدێرن هاتووە. وەك دەڵێ:

*"لـە وڵاتـی ئێمـە پێویـستە سـەدەیەك بـاران ببـارێ، پێویـستە دیـوارو سـاپیتەی خانووەکان هەموو لابرێن.. تا تێکڕا بکەوینە بەر باران ... تا ئەوانەی وەك سیپاڵ لەو دیو دیوارە ئەستوورەکانەوە کەوتوون بکەونـە بەر باران... بەڵام ئاخ لە ئەستووری دیوارەکان !.... لا ٢٣٦"*

لێرەدا (باران) ڕەمزە بۆ ئەو بەربەستیانەی پێش نوێخوازیو گەشەکردنو بیری تازە وەرناگرنو پێشگیری لێ دەکەن.

*"خۆزگە منیش لەو سەیارە بە نەفرەتـە بەرنەبووبامـەوەو بێهوش نـەبووبام، با هـەر لـە گەڵ وان بام، با لـە بەر پێـی وان بووبامـە پـەڕۆ، بووبامـە سیپاڵ.. جا مـن بۆ دەبوو بمێنم... چ دەستێك منـی فڕێـدا خـوار، با هـەر دەگەڵـەوان بـام، بابەکـەیان خـۆی پـێ دەربازدەکرا، بەڵام کوڕەکان، بەڵام کچی وەك پەمۆم، لە لاقیان خستبوو...لا ٦٨"*

یان :

*"بەڵام کوا ئەو وەختی دەنێو سەیارەی ئەو کافرانە-خوایەگیان تۆبە ئەوانە لە نـەوەی بینایی چاوانن-خوایە گیان لێم مەگرە ئەو زاڵمانـە ئەو ئەو دەمـی دەنێـو سـەیارەیان نـاو لەبەرچـاوی کوڕەکـانی وەبـەر پێلەقانیانـداو کـچە پەمۆیەکـەمانیان زراو بـردوو کرد... لا ٦٩"*

لـەم دوو دەربڕینانـەدا وشـەی (سـەیارە) لـە نێـو سیاقی دەقەکـەدا دەردەکـەوێ، کـە ڕەمـزە بـۆ شـاڵاوی ئـەنفال و سـەیارەی سـەربازەکە، کـە خـەڵکی پـێ دەگوازرایـەوە بـۆ شوێنی نادیار.

لە چیرۆکی (بەردی مرازان)دا، وشەکانی (حەوت کۆتری سپی، حەوت خەم، حەوت کارەسـات، حـەوت گیانوەهەناسـە، حـەوت نـەوەی ئـادەم، حـەوت تـولفی بـێ پـەڕ....)

ڕەمزن بۆ حەوت منداڵی هەژار، کە چاوەڕوانی باوکیانن بۆ ئەوەی پارووە نانێکیان بۆ پەیدا بکات.

جۆرێکی دیکەی ڕەمز هەیە، کە پەیوەندی بە (خواستن)و ڕەگەزە ڕەوانبێژییەکانی تر هەیەو لەو خاڵەدا لە ڕەمزی خودی نزیك دەبنەوە، کە نووسەران خۆیان دەیسازێنن و بە هۆی دۆزینەوەی پەیوەندییەك خۆیان ئاشکرا دەکەن.

لەم ڕووەوە هەندێ جار لەوچوو لە خواستندا ڕۆڵی ڕەمز دەبینێ، ڕەمزەکەش، یان گشتی دەبێ، کە لە هۆشی تاکی کۆمەڵگەکەدا بەرجەستە بووە، یان تایبەتی و خودی دەبێ، کە خودی نووسەرەکە دایدەهێنێ، وەك لە چیرۆکی (گیانی تاشەکان)دا دەڵێ:

"*ئەو بەیانییەی دوکەڵ و بۆن و مردن و گورگ پێکەوە سەریان بە دێدا کرد*/ ١٩٠"

لێرەدا دووکەڵ و بۆن، ڕەمزن بۆ گازی کیمیاوی و چیرۆکنووس نیشانەی گازەکەی هێناوەتەوەو بە شێوازێکی تایبەتی و خودی ڕەمزەکە ئاشکرا دەبێ، هەروەك مردن ڕەمزو نیشانەی نەمانە، ئەگەر چی ئەمەیان ئاشکراترە بەڵام تێکەڵ بوونی و تەموومژبوونی لە گەڵ ڕەمزەکانی تر لە نا ئاسایی بوونەکەی دایە، کە (مردن) خۆی ناتوانێ سەر بە دێ دا بکا. هەروەها ڕەمزێکی گشتیشی بەکارهێناوە، کە لە هۆش و بیری زۆربەی نەتەوەکان ڕەمزی زۆرداری و داگیرکاری و دڕندەیی یە، ئەویش (گورگ)ە.

ڕیزبوونی وشەکان بە دوای یەکتری، جۆرە هونەرکارییەکی تێدایە، ڕەمزی گازی کیمیاوی و لەناوچوون و مردن سەرەتا وەك سروشتێکی ئاسایی پرۆسەکە، بۆ نێو گوند دێن، دواتر سەرباز دێن و داگیرکردن دەست پێدەکات، بە واتایەکی تر بە هۆی بۆن و دووکەڵەکە گورگ دەتوانێ بێتە نێو گوندو نێچیرەکە دەستەمۆ بکات و ڕاوی بکات.

هەندێك جار ڕەمز سروشتێکی وا بزێوی هەیە، لای هەر خوێنەرێك مەدلولێکی دەبێ، ئەمەش دەوەستێتە سەر چۆنیەتی پێکهاتنی لە نێو دەق و لە باری کەشی پێکهاتەی دەق، کە خۆی لە تەم و مژیی و ئاڵۆزی واتا دەبینێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەم شێوازە پەیوەندی لەگەڵ شیعرییەت دەبەستێ، بەو پێیەی کە شیعرییەت لەگەڵ

ئەو دەقانە گەشە دەكات، كە فرە واتاو فرە ڕەنگن، واتە لە هەر سەردەمێك واتایەكو ڕەنگێكی تر بە خۆیان دەدەنو بە جۆرێكی تر خۆیان نیشان دەدەن، ئەم جیاوازی كەوتنەی نێو وەرگرەكان، شیعرییەتی وەرگرو دەق پتەوتر دەكاتو بەرەو جوڵەیەكی واتایی زۆرتری دەبات.

بێگومان دەشێ بە تێگەیشتنی خوێنەرێك، دەربڕینەكە دەربڕینێكی ڕەمزی بێو لای یەكێكی تر واتایەكی تری هەبێ، گرنگ كرانەوەی دەقە بەرەو فرە واتاو جیهانبینی. بۆ نموونە لە چیرۆكی (مەیین ٢)دا خوێنەر لە خوێندنەوەی بەشەكانی پێكهاتەی دەق دەگاتە ئەو بیروڕایەی، كە (خۆر) وەك چۆن بە زۆری ڕەمزە بۆ ئازادیو خەباتو سەربەستی، لەم دەقەشدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام (خوێن) لێرەدا ڕەمزی كوشتنو شەڕ نییە، بەڵكو بەتەناسوبی لە گەڵ (خۆر)دا دەبێتە ڕەمزی بیرو هەستو هۆشو بزاڤە ئازادییەكەی لە هەناو دایە.

وەك دەڵێ:

"*خوێنی خۆر لە گەڵ خوێنی كوێستانیان تێكەڵ بوو، هەموو خوێنیان بەكاوە شاخو زینوو زەندۆڵو بە نێو كانیو ئەستێرەكو ڕەگەداراندا شۆڕبۆوەو وون بوو، خوێن كە ڕژا كۆناكرێتەوە*.... لا٢٠٥"

دەبینین هەستی خەباتو بزاڤو ئازادی، تێكەڵی هەستی خەڵكی كوێستانیەكان دەبێو ئەم هەستە كە تەواو بڵاوبوویەوە، ئەستەمە لەنێو ببرێ.

"*لە قەدی ئەو شاخەی، هەڵۆیەك نیشت، تاكە هێلكەیەكی كرد، لەسەر تاقە هێلكەكەی كڕبوو*.... لا ٢٠٥"

(هەڵۆ) لێرەدا بۆتە ڕەمزی بەرخودانو نەبەردی.

"*لە كەلێنی ئەو كەپكە شاخەی ڕا دەیڕوانی، دەیڕوانیە ئەو بەهارەی ئاگریان دەبن پێیان بەردا* ... لا٢٠٥"

(بەهار) بە شێوە گشتیەكەی ڕەمزە بۆ ژیانەوەو نوێبوونەوەو پێشكەوتن، چیرۆكنووس دەیەوێ بڵێ ئەو هەڵۆیە، یان ئەو خەباتگێرو سەركردە نەبەردە

دەیڕوانیـە پێـشکەوتن و مـان و سـەرکەوتنەکانی، ئـەو سـەرکەوتنەی دوژمنـان گڕیـان بەردایەو لە نێویان برد.

زۆرجـار چـیرۆکنووس لـە سـیاقی دەقەکـەدا پێـشتر بەشـێك لـە زانیارییـەکانی ئاشـکراکردنی ڕەمزەکـە دێنێتـەوە، دواتـر نـاوی ڕەمزەکـە دێنـێ، بـە تێگەیـشتن لـە تـەواوی دەق و وردبوونـەوە لێـی ڕەمزەکـە ئاشـکرا دەبـێ، ڕەمزەکـەش هێنـدە سـەنعەتکاری نووسـەری پێـوە دیـارە، بـە هـۆی چـەند سـیفەتێك، کـە پاڵـدراون بـۆی دەناسرێتەوە، دەنا تەواو تایبەتی و خودی بەبەردا بڕاوە. وەك:

"*هەتا دێ و گابەردەکان ڕەشتر دەبن، بەڵام کە هۆمەر لێیان ئاوابوو هێندەو هێندەی دیکە ڕەش هەڵگەڕان، ئاخ ئێوەش بووبانە گابەرد، نەدەمردن، نە کەسیش دەیتوانی بتان جووڵێنێ*... لا ١٩٠"

(گابەرد) ڕەمزە بۆ شەهید، چیرۆکنووس پێشتر سەربردەی گابەرد دێنێتەوە، گوایە پاشایەکی زۆردار تەنگ بەو خەڵکی پێدەشت و گوندانە هەڵدەچنی، ئەوانیش پـەنایان بـە چیایانەوە داوە ناپرژێنـە سـەر هـیچ، بـەفرو بـاران هیلاکیـان دەکـات، هـەموو تێـك دەخزێن..... دواتر دەبن بەو بەردانە، واتە شەهید بوون، شەهیدیش نـامرێ، وەك ئـەو بەردانـەش خـۆڕاگرن کـەس ناتوانـێ بیـان جوڵێنـێ، بـە نیشانەیەکی تـریش واتایەکە پتەوتر دەبێ، هێنانـەوەی (پاشای زۆردار)، کـە ڕەمـزە بـۆ خوێنمـژی ڕژێمـی ئەوسـای عێراق و دەستی لە شەهیدکردنی گەلێکی وەك کورددا هـەبووە، لـەم ڕووەوە دەمامکەکە هونەری بووە، بە هۆی هێنانەوەی سەربردەیەکی دروستکراو.

گرنگترین وێنە ڕەمزییە بەکارهاتووەکان بریتین لە:

**١- ڕەمزی ئاینی:**

بـۆ دروسـت بـوونی وێنـەی هونـەری، وادەبـێ بونیـادی دەق بابەتـە ئاینییـەکان دەکاتـە سەرچـاوە، لـەم ڕوانگەیـەوە مەزرانـدنی ڕەمـزی ئـایینی و سـوود وەرگـرتن لـە پێکهاتەکانی ئایین، دەرگاکانی دەق بەرەو ڕووی دەقی تر دەکاتـەوەو، دەق ئامـادەیی

ئەوەی تێدا دەبێ، کە لە ئەنجامی هەڵمژین و کاریگەربوون بە دەقی ئایینی لە چوارچێوەی دیمەنێکی تازەدا بەبەر دەقی تازەدا هەڵدەکێشرێ ڕەمزی ئایینی، هەموو ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە، کە لە کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانیدا هەن و جگە لەوەش هەموو ئەو ڕەمزە ئایینیانەی، کە دەماو دەم بە شێوەی بۆماوەیی لە پەیڕەوکارانی ئایینەکە خۆی دەبینرێ، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕەمزەکە ئایینی بوو زۆریش لە مێژوو نزیك بوو، واتە مێژوویيەکی ڕاست و دروست، ئاماژەی بە سەرهەڵدانی دەداو زیاتر لە ڕوانگەی مێژووەوە سەیری ڕەمزە ئایینیەکە دەکرا، ئەوا بە ڕەمزی مێژوویی دادەنرێ، هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی ئایینی بێ، بەڵام ئەگەر هەڵقولاوی دەقە ئایینیەکان بێ و ئایین زیاتر خۆی بە قەڵەمڕەوی ڕەمزەکە بزانێ، ئەو کاتە هەرچەندە لە مێژووش نزیك بێ، یان ئەو دەقانەی، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە مێژوو دانابڕێن، بەڵام هەر بە ڕەمزی ئایینی دادەنرێن.

لە چیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ)دا، (مریەمی عیسا) وەك ڕەمزی پاکیزەیی و بێ تاوانی هێناوە و وێنەی ئافرەتێکی داوێن پاکی بە (مریەمی عیسا) چواندووە:

*"بەڵام پێش ئەوەی بمرێ دەڵێ: (بەو ئەستێرەیەی لێی تکاوم تا ئێستا بەنی ئادەم دەخلی نەکردووم) ئەوانیش دەست بۆ سکەکەی ڕادەکێشن، ئەویش هاوار دەکات و دەڵێ ((بڕۆن لە مریەمی عیسا بپرسن.))*

*دەڵێن هاوارەکە هێندە توندو تیژ بووە لەسەماوە گوێیان لێبووە خەڵکەکەی وێ کوردییان نەزانیوە و لە هاوارەکە حاڵی نەبوون، بەڵام (عیسا و مریەم) یان چەندجار لەبەرەخۆ گوتۆتەوە، دائیرەی ئەمنی ئەو شارەش هەر ئەو ڕۆژە نۆ کەسیان گرتوە کەناویان عیسا و دایکیان مریەم بووە ـــ ل ٩٢"*

هەر لەم چیرۆکەدا ململانێی (شەیتان وئادەم) لە وێنەیەکدا بەرجەستە دەکات و کاریگەری (شەیتان) وەك ڕەمزی خراپە، لەگەڵ (ئادەم) ڕەمزی چاکە، نیشان دەدات، وەك دەڵێ:-

*"دەڵێن پێش ئەوەی شەیتان بە شەیتان بناسرێ، مەرجانی خۆشەویستی دەدەنێ، تا لە دڵی تەواو نەبووی ئادەمی گرێ، مەرجانەکە لە کونە لووتیدا دەشارێتەوە، بەردی*

*ڕەشی خۆپەرستی، بەردی گومان، سۆزی درۆ، جنسی شێواوو سەرەڕۆ، دەنێو دڵی ئادەم دەنێ، هەر بۆیەشە ڕەنگی خوێنی سوورو ئاڵی دوای ڕژانی ڕەش دەبێ... لا ٨٣"*

ئەم وێنەیە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە شەیتان بەر لە شەیتان بوونی فریشتەیەك بووەو دواتر ویستویەتی ئادەم لە خشتە بەرێو تۆوی خراپەی لە دڵدا بچێنێو سەرەنجام ئادەمیزاد بە هۆی شەیتانەوە خراپەی ناسی، ئەمە لە کۆمەڵێك ئایەتی قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکراوە، لەم سۆنگەیەوە (شەیتان) بۆتە ڕەمزی خراپە، لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا دەنووسێ:

" *شەیتانەکانی ناخت بکوژە.. چەند برسین !* لا ٤٥"

هەندێك جار هێنانەوەی ڕەمزەکە لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا دەردەچێو بە هۆی سوود وەرگرتن لە ئایینەکانی تر، وێنە ڕەمزیەکە دەسازێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (پیاوانی مەرمەر یان ئەفسوونی شین) وێنەی لەت لەت کردنو کوشتن، بە کوشتنی (یەهودا)ی دەچوێنێ، کە ڕەمزی خیانەتکردنە لە ئایینی عیسا پێغەمبەر (د.خ). وەك دەڵێ:

"*دەبا شووشەی دڵمان بشکێنن‌و شەقوپەقمان کەن وەك یەهودا بە تەورەوە وەنێومان کەون* لا ٥٧"

ئەم ناوە وەك ڕەمزی ناپاکی لە ئینجیلدا هاتووە، کە دەڵێ: (فدخل الشيطان في يهوذا الذي يدعى الاسخريوطى وهو جملة الاثنى عشر.....) [139:82] ناوی یە هوذا کوڕی سەمعانی ئیسخریۆتی بووە [169:144] و ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆزیش (یەهوذا) بەو کەسە دادەنێن، کە لە دوازدە یاوەرەکە بووەو ناپاکی لە گەڵ عیسا پێغەمبەر (د.خ) کردو خودا عیسای هەڵکێشاوە ئاسمانو یەهودایان لە جیاتی ئەو لە خاچ دا. [416:146]

## ٢-ڕەمزی مێژوویی:

ئامادەبوونی مێژوو وەك كەرەستەیەك لە نێو دەقدا، سیمایەكی دیكەی بەرەو داهێنان چوونی دەقە، لەو چوارچێوەیەی كات ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە پێكهاتەكەو، مێژووش وەرچەرخانی كاتەو هێنانەوەیەتی بۆ ئێستا، لەم ڕووەوە زیندوو ڕاگرتنی مێژوو ڕۆح بە بەرداكردنی دەقە لە چەقبەستوویی ئێستایی دا، گەڕانەوەیە بۆ دۆزینەوەی كەش‌و هەوایەك، كە ئیحا و كاریگەرییەكەی لە دەقدا هەستی پێ دەكرێ، مەزراندنی مێژوو وەك كات، یان وەك كەسایەتی، ڕووداوە گرنگەكان دەق گەرم تر دەكەنەوەو كۆی پرۆسەكەش لە سازاندنی وێنەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم وێنانەش لەوەدا لە چوارچێوەی ڕەمز دەسەنگرێنەوە، كە وزەی مت بوو وەستاوی نێو مێژوو، زیندوو دەكەنەوەو لە بە سەرچوون‌و لە كاركەوتن، بۆ كەرەستەیەكی بزێو و چالاكی دەبەن.

ڕەمزە مێژووییەكان لە ڕەمزە خودییەكان زیاتر دەمامكدارترن، بەو پێیەی بەشێك لە ڕەمزی ئایینی‌و هەروەها ڕەمزی فۆلكۆریش لە چوارچێوەی مێژوودا دەگیرسێتەوە، لە هۆشی وەرگردا نیشانەیەك هەیە بۆ ناساندنەوەیان، واتە مەدلوولی ڕەمزەكە وەك ڕەمزی خودی دروستكراو نییە، بەڵكو گشتی ترەو ئەوەندە هەیە دەشێ ڕەمزەكە جیا لە مەدلوولی یەكەمی، مەدلوولی تری لێ بفامرێتەوە، ئەمەش دەوەستێتە سەر توانای سازاندنی لە نێو پێكهاتەی دەقەكەدا.

بەرجەستەكردنی ڕەمزی مێژوویی لە نێو دەقدا لە چەمكی دەقئاوێزان بوون (التناص) نزیكمان دەكاتەوە، نەك بە ئاوێزان بوونی دەقێك بە دەقێكی تر، بەڵكو ئاوێزان بوونی دەقە بە ماهیەتی مێژوو، خواستنی كەرەستەكانیەتی، پشت بەستنە بە گۆڕانكارییەكانی، ئەمەش لە چوارچێوەی كرۆك‌و مەبەستە تایبەتییەكانی نووسەر خۆی دەنوێنێ، بە واتایەكی تر ڕەمزی مێژوویی دووبارە نووسینەوەی بەشێكی مێژوو نییە، ئەوەندەی بەكارهێنانی كەرەستەی مێژووو دەمامك كردنیەتی بۆ نیشاندانی واقیع بینینی ئێستا، لەبەرئەوە ئەو جۆرە تەمو مژاوییە، مەودای نێوان وەرگرو نووسەر لە لایەك‌و وەرگرو دەق لە لایەكی تر گرژ دەكاتەوەو ڕاڤەو شیكاری

تــەواوی دەق و ئاشــکراکردنی مەبەســتەکان بــۆ وەرگــر دەگەڕێتــەوەو جــۆرە ئیـستاتیکایەك بـە پرۆسـەی نێـوان هـەردووکیان دەدات، داینـەمۆی وەگەرخـەرو خولیابوونی وەرگریش بۆ دەق لە جۆرو چۆنیەتی سازاندنی وێنە ڕەمزییەکەیە، بەو پێیـەی وێنـە بڕبڕەی پـشتی شیعرییەتەو گەشـەکردنی، هێڵـەکانی شـیعرییەتی دەق پتەو دەکات.

چیرۆکی کوردی، لە پاڵ ژانری شیعر بە ڕەمزەوە پەیوەست بووە، بە تایبەتی لـە هـەردوو دەیـەی حـەفتاو هەشتاکان و بـەرەو سـەرووترو لـە حاڵێکدا بـوو، کـە بینـای هونەری چیرۆکی کوردی بەرەو پتەوبوون دەچوو، چیرۆکنووسانیش وەك شاعیرەکان لە هەڵپەی داهێنان دابوون و چەشنی ئاوێنەیەك واقیعیان تۆمار دەکردو لە نێویشیدا بە شێوازێکی هونەری، کە وێنـەی ڕەمزی و ڕەمزە مێژووییەکان باشترین کەرەستەی پێکهاتەی هونەری دەق بوون، چیرۆکیان پەرەپێدا. رەمزە مێژوویەکان پێویستییەك دەیانهێنێتە نێو دەقی چیرۆك، کە خۆی لە کەشی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشنبیری دەبینێتـەوە، بـە تایبـەتی ئەوەنـدەی بـارودۆخی سیاسـی، ڕەمـزی مێـژوویی زینـدوو دەکاتەوە، هیچ بارودۆخی تر بەو شێوەیەو ئەو توانایەی نیە، ئەگەر چی هەموو وێنـە ڕەمزییەکان لـە واقیعـە سیاسیەکەدا پتر گەشـە دەکەن و بواری دەمامکدارکردنی دەق خۆشـترو لادان لــە ئاسـتی دەلالی فـراوانتر دەبـێ و زمـان و دەربـڕین لــە چوارچـێوە ئاساییەکە دەردەچێ و لە ئاستێکی تەواو نائاسایی و شیعرییەتبووندا دەرسکێ.

سەرەتاکانی چیرۆکنووسین لای (جەبار جەمال غەریب) بە سـەردەمێك گرێدراوە، کــە تــەواو لــە دەرهاویــشتەی بارودۆخــە سیاســیەکەدا، پێویــستی ڕەمــز، دەق پێکـدەهێنێ، نیـوەی کۆتـایی دەیـەی هەشـتا و سـەرەتای نەوەتـەکان، بـە شـێوەیەکی گشتی دەربڕین لە نێو دەقدا بە دەمامك دادەپۆشرا، لـە نێویشیدا دەمامکێك، کە بە هـۆی ڕەمـزی مێژوویـیـەوە سـازێندرابوو، ئامـادەبوونی مێـژوو بـوو لـە هـۆش و بـیری نووسەرو مەزراندنی لە نێو کەشی زمانی دەقدا، کە دواجار مەبەست و دەردی نـاخی دڵی لە نێودا دەسەنگرایەوە.

**لە نێو ڕەمزی مێژووییدا، بوونی کەسایەتییەکان لە نێو دەقدا، هەڵگرتنی سەردەمەکەیە بە هەناسەی ئێستاوە، ئامادەبوونی ناسینەوەی کەسێتیەکەیە لە ڕێی دەمامکدانی کەسایەتیەکەی سەردەم، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئەسپی سپی)دا دەڵێ:-**

***"ئاخر جەنابی (شا عەباسی سەفەوی) وەرە با ڕۆژێکت لەسەر ئەو چیایانە ڕۆنێم، ئەگەر لە ترسان و لەسەرمان هەموو خوێنی لەشت نەمەیی دەستەکەی دیشم ببڕە/*** **٢٢٥"**

**شا عەباس ڕەمزە بۆ خوێنمژیی و داگیرکاری، بە واتایەکی تر وەك دەمامکێك بەکارهاتووە داگیرکەرانی ئێستای خاکی کوردستانی پێ شاردۆتەوە، هەر کەسێك بێ، لای ئەو بە (شا عەباس) بانگ دەکرێ.**

**هەر لە نێو ئەو کەسایەتیانەی، کە لە نێو مێژوودا بە ڕەمز دادەنرێ، (موشیر بەگ)ـە، لە نێو ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردیدا بە ڕەمزی ناپاکی دادەنرێ، ناوبراو لە شەڕی (بەردەقارەمان) و شێخ مەحموود لە گەڵ ئینگلیزەکاندا، پشتی ئینگلیزەکانی دژی شێخ گرت، بۆیە لە زۆر دەقی ئەدەبیدا وەك ڕەمزێکی ناپاکی ناوی هاتووە. وەك دەڵێ:**

***"بەردەقارەمان ئەوشۆ هەراسانە (موشیر بەگ) پاڵی لەسەر داوەتەوە و سمێڵی تیسکنی بەسەردا شۆڕکردۆتەوە. ئەڵماس دەربەند دەیەوێ سوور بێتەوە و گڕ بگرێ، گڕ بگرێ و خۆی و موشیر بەگ و دەربەند و دنیا بسووتێنی.... ئەڵماسی دەربەند سوور دەبێتەوە، دەبێتە ساجە پەنگەرێکی گەش، موشیریش دەبێتە تاڵە دووکەڵێکی خەست و لە نێو دەربەندا ون دەبێ..*** **٢٢٥ - ٢٢٦."**

**لە چیرۆکی (شەوی یەڵدا)شدا (حەلاج)* وەك ڕەمزی ستەم لێکراوێك نیشان دراوە و مەدلوولی تری لێ هەڵدەهێنجرێ، بە جۆرێك لێرەدا سیمیۆلۆژیا ڕۆڵ دەبینێ و**

---

* حوسێن کوڕی مەنصوور (ابو مغیث البیضاوی)، بە (حەلاج) ناسراوە، لە (طور) نزیك البیضاء (فارس) لە دایك بووە، فەیلەسوفێکی صۆفی بووە، چەندین ساڵ لە خەڵوەتی سۆفییێتی ماوەتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ (توستری و جونەید)دا، پاشان لەبەر دونیا بەکەم زانینی (زوهد) لە شاراندا گەڕاوە، بە (زەندیق) تاوانبار کراو ٨ساڵ زیندانی کراو ئازاری چەشت، دواتر لە ساڵی (٩٢٢ز) لە بەغدا لە سێدارەدرا، لە دوای خۆی ڕێچکەی

**هەمان کەسایەتی ڕاستەقینەی حەلاج لە هۆش وەرگردا ون دەبێ و هەموو ئەوانەی لەسەر خۆشەویستی ڕاستەقینەو بیروڕاکانیان لە سێدارە دەدرێن، بۆ خۆیان حەلاجی سەردەمی خۆیانن، وەك دەڵێ:**

***"کامتان خوێنی شێخ بە شاقەڵی نەپژاوە.. . کامتان لە کوشتنی (حەلاج)دا بەشداریتان نەکرد.*** **٢٣٣"**

**– وا دەبێ کەسایەتییەکانی نێو مێژوو، شوێن، ڕووداوەکان، ئەگەر وەك ڕەمزیش لە نێو دەقدا بەکارنەیەن، ئەوا لە سازاندنی وێنەیەکی هونەریدا بەشدارن. دەشێ ئەو کەسایەتیانە کەسایەتیی ئەدەبی، یان ئایینی، یان سیاسی ... بن، جا لە مێژووی نەتەوەکە خوازرا بن، یان وەك کاریگەرییەکی دەقئاوێزانانە لە دەقی تردا ئیحایان وەرگرتبێ. بۆ نموونە هێنانەوەی (نالی)، (حەبیبە)، (مەستوورە)، ئاماژە بۆ کاریگەربوون بە شیعری ئەو شاعیرە دەکەن و وەك هێنانەوەی مێژووی ئەو سەردەم و ئامادەبوونی لە دەقدا بۆ بەرژەوەندی وێنە هونەرییەکە سوودی دەبێ، بۆ وێنە لە چیرۆکی (هەنسکی رەش)دا دەڵێ:**

***"تا نیوە شەوێ بە دیار کتێب و وشەوە دانیشت، پەراسوی پشتی (حوجرەکەی) نالی دەژمارد، فەقێ تێك ئالابوون، نالی لە پەنایەکی فرمێسکە شیعری دەڕشتن، ئەو وشانەی تەنیا لە خەیاڵ دا بوون، ئەو گەوهەرانەی پەیکەری ((حەبیبە))ی لێ هەڵدەچنی، ڕۆح و هەناسەی لەو پەیکەرە دەپژان، هەوەسی شێخی هەوەسی نەحلەتی لە خەونێکی چڕدا بەسەر دنیای پەمەیی (مەستوورە)دا هەڵدەڕشت...*** **ل١٠٩".**

**یان وێنەیەکی (گۆران)ی شاعیر بەو جلانەی کە وێنەی پێ گرتووەو ئەو وێنەیە لە خەیاڵی چیرۆکنووس ئامادەبوونی هەیە، گۆران بەم وێنەیە دەناسێتەوە، لە وێنەکەدا تەنیا چاکەتەکە بە رەنگێکی رەشی خەت خەت دیارە، بەڵام بۆ زیاتر**

---

ئەو پەرەی پێدراو هەندێك بە پیرۆزو هەندێکیش بە کافری دەزانن، تەنیا بەرهەمێکی بە زمانی عەرەبی بە ناوی (کتاب الطواسین) لە دوا بە جێ ماوە. [240:199]

**کاریگەربوونی وێنەکە، چیرۆکنووس وێنەی پانتۆڵەکە لە دقەکەدا دەسازێنێ، کە دەبێ هەمان رەنگی چاکەتەکەی هەبێ، وەك دەڵێ:**

***" نیوە شەوەو گۆران لەگەڵ قەڵەمو کاغەز ماندوو دەبێ...((دەستی چەپی)) دەخاتە نێوگیرفانی پانتۆڵە رەشە خەت خەتەکەی، بەنێو بەفردا بە تەنیشت پەیکەرە سپییەکاندا تێدەپەڕێ ..ل٢٣٤"***

**لەنێو کاریگەری دەقئاوێزان بووونددا، هێنانەوەی کەسایەتی نێو دەقە بێگانەکان لە ئەنجامی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی پڕ کاریگەری نێوان چیرۆکنووس وەك خوێنەرێكو دەقە بێگانەکە دێتە کایەوە، مەزراندنەکەش لەنێو دەقی دووەمدا بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ئەدەبی هونەرییە، وەك هێنانەوەی (هیشکلیفو کاثرینا) دوو پاڵەوانەکەی نێو رۆمانی (بەرزاییەکانی ویزرینگ)ی (ئیمیلی برونتی)و (پیرە پیاو)ی نێو رۆمانی (پیرەمێردو دەریا)ی (ئێرنست هەمەنگوای)[*]، تەنیا وەك ناوهێنان، نەك پارچەیەك دەربڕین، ئەمەش هونەرکاری سوود وەرگرتنە بۆ مەزراندنی بەشێوەیەکی هونەریانە لەنێو دەقدا، وەك دەڵێ:**

***"– لەوە دەچێت نیازتان بێ (( هیشکلیفیکی)) کوردی دروست کەن.***

- ***خۆزگە ((کاثرینا)) بوومایە دوای ئەو قەرەجە رەشە دەکەوتمو لەناو تاوڵی سپی گیانیدا وەك فریشتە دەژیام. ل٢٣١"***
- ***" مەبە (هیشکلیفی) رقو تۆڵە... وڵاتی کاثرین.. ئاسوودەیی کاثرین مەشێوێنە. ل٢٣٧"***
- ***" تۆ لەبەر ئەوە نابەزی، لەو پیرە پیاوە بێ هێزترنی. ل١٢٦"***

**چیرۆکی (شەوی یەڵدا)، کە ناوونیشانو دێرە شیعرەکەی سەرەتاو کۆتایی خوازراون، لەنێو دەقەکەشدا زۆرترین رەمزی مێژوویی لەچاو چیرۆکەکانی تری لەخۆیدا هەڵگرتووە.**

---

[*] **ئێرنست هەمێنگوای Hemingway(١٨٩٨– ١٩٦٠) نووسەرێکی ئەمریکاییە، رۆمانەکانی بە شێوازی ریالیزمی دەناسرێنەوە، لەساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. [730:199]**

زۆربەی وشە رەمزییەکان لەنێو دەقی چیرۆکەکاندا، کەشێکی تەمومژ دروست دەکات، ئەم تەمومژیەش وەك بەشێکی دانەبڕاو لە رەمز، رەفتاری لەگەڵدا دەکریٚو دواجار رەهەندە ئاساییەکانی دەق دەگۆڕیٚو نهێنی شیعرییەتیش لە ئاسایی کردنەوەی ئەو تەمومژیە دایە لای وەرگر. ئەمەش نەمری وێنەکە دەسەلمێنیٚو لەسادەیی دووری دەخاتەوەو لەخەیاڵیدا دەمێنێتەوە.

## ٣- وێنەی رەمزی فۆلکلۆری:

وێنەی رەمزی فۆلکلۆری هەموو ئەو کەرەستە کەلەپوورییانە دەگرێتەوە، کە رۆڵیان لە دروستکردنی ئەفسانەو هەقایەتە کۆنەکانو چەمکە میللییەکان...دا هەیەو لەنێو دەقدا بۆ تەمومژکردن، یان شاردنەوەی مەبەست بەکارهاتوون. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیش شوێنێکی بەرچاوی لە پێکهاتەی مێژوویی گەلی کورددا بەرجەستە کردووەو لەو سۆنگەیەوە تێکەڵی دەقە ئەدەبییەکانیش بووە.

نووسەری دەق کاتێك رەمزێك، یان زیاتر بەکاردێنیٚ، دەیەویٚ رەهەندێکی دەروونی تایبەت بە ئەزموونی هەستو سۆزی خۆی بدات، کە زۆربەیان پەیوەستو پەیوەندیدارن بە ئەفسانەو هەقایەتە کۆنەکانو کەسایەتیو هەڵوێستەکان. [35:83]

جا گەڕانەوە بۆ ئەفسانەو هەقایەتو کەلەپوور، بۆ ئەوەیە وەرگر بگەڕێنێتەوە سەردەمە کۆنەکانو گەشتێکی پیٚ بکات، واتە لێك گرێدانی دوو سەردەمی لێك جودایە، بۆ ئەوەی هەڵبەزو دابەز لە رووداوو دەستەواژەو دایەلۆگەکان بکریٚو لەلایەکی تر رەهەندێکی جوانکاریش بە دەقەکە ببەخشیٚ، بەوەی بەشێك لە رەمزو ئاماژە ئەفسانەییەکان بخاتە نێو پێکهاتەی دەقەکە خۆی، جگە لەمەش تا زیاتر گونجانو ئاوێتەبوونەکە بێتە کایەوە، جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان بەشێك لە سیاقی رستەو دەربڕینەکە لەگەڵ رەمزەکە دەسازیٚ، دواجار ئەم پەیوەندییە گەشە بە وێنەی هونەری دەدات.

**دەقە فۆلكلۆرییەكانی كوردی، بەشێكیان لە ئەفسانەدا چڕبوونەتەوەو مۆركێكی تەواو كوردییان بەسەردا دیارە، لەهەمان كاتدا خودی ئەو ئەفسانانەش پەیوەندی لەگەڵ ڕەوانبێژی وەك بنەمای سازاندنی شیعرو هەروەها جوانكارییەكانی شیعرییەتیش دەبەستێ، چونكە ((میتۆلۆژیاكان بنچینەی زمانو ڕەوانبێژیو ئەدەبن)) [61:113]، ئەم پەیوەندیی بەستنەش تەواو لە ڕەهەندی نائاسایی بوونی واتا دێتە كایەوە، بەو پێیەی چ لە هەندێك هونەری ڕەوانبێژیو چ لە ڕەمزو وێنە هونەرییەكاندا، ئەفسانەو هەقایەتو چەمكی فۆلكلۆری لەو چوارچێوەیەدا زیاتر دەڕسكێن، لەم ڕووەوە لەنێو دەقە ئەدەبییەكاندا (كورتە چیرۆك) كەشێكی لەباری بۆ وەرگرتنی ئەو كەرەستانە هەیەو ڕەهەندێكی ئیستاتیكی تایبەت بە دەقەكە دەدات. ((ئەفسانە پێكهاتەیەكی گرنگی زۆر لە دەقەكانی ئەدەبی ڕەمزیو بەتایبەتیش كورتە چیرۆك بووە)) [25:129] لێرەدا نووسەر پەنا بۆ جۆرە خەیاڵێك دەبات، ئەو خەیاڵە جۆرە ڕەمزێك دادەهێنێ، كە ڕوونیو ئاشكرایی مەبەستەكە دەشارێتەوە، كەواتە دەقی ئەدەبی پڕ لە شیعرییەت لە ئەفسانە نزیك دەبێتەوە، هەردووكیان بۆ گوزارشتكردن پەنا بۆ خەیاڵ دەبەن، لەلایەكی تر چیرۆكنووس/ شاعیر هەوڵ دەدات ئەفسانەو دەقی فۆلكلۆری بەكاربێنێ، كە بەهۆیەوە سوود لە مێژووی مرۆڤایەتی وەربگرێ، چونكە ((بەكارهێنانی ڕەمزی ئەفسانەیی لەچامەكاندا {دەق} شتێكی زۆر سروشتییەو مێژووی مرۆڤایەتیو پەرەسەندنەكەی، فەرزی دەكات)). [46:105]**

**وەنەبێ مەزراندنی ئەفسانەو فۆلكلۆر لەنێو دەقدا، تەنیا كاری نووسەرە دێرینەكان بێ، یان سەردەم بۆ ئەفسانەكان تەنیا لە دێریندا بێ، بەڵكو نووسەر پەنا بۆ ئەفسانە دەبات، تا بەشێك لە ڕوونی دەقەكە بشارێتەوەو جۆرە تەمومژییەك بسازێنێ، ئەو تەمومژییەش كە دواتر ڕەمزی لێ دروست دەبێ بۆ چەند مەبەستێكە، لەوانە:**

**١- لەترسی دەستەڵات، ناتوانێ بە ڕوونی دەربڕینەكە ئاشكرا بكات.**

٢– جۆرێك له ئیحا بەخشی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چونکە دەقی پڕ ڕەمزو تەمومژاوی، خوێنــەر دەباتــە حالــەتێکی بیرکردنــەوەو خــەیاڵو تــامو چــێژێکی تایبــەتی پــێ دەبەخشێ.

٣– بۆ ڕەهەندی هونەری دەقەکە، تا دەقەکە جۆرە نوێخوازیو داهێنانی تێدا بێو لە قسەو ئاخاوتنی ئاسایی دوور بکەوێتەوە، بەمەش خوێنەری نموونەیی(شارەزا) ی پێویستە، تا لە دەقەکە بگات، چونکە وشەو دەستەواژەی تازەی بۆ دەخوازێ.

٤– وادەبێ لە میانی هێنانەوەی بیرۆکەیەکی فۆلکلۆریو ئەفسانەییدا، چارەسەرێك بۆ زۆر کێشەی هاوچەرخ دابنێ.

چیرۆکەکانی(نامەکانی ژاکۆن)، بەتایبەتی ئەو دەقانەی لە زووەوە نوسراون، نەك هەر کاریگەری فۆلکلۆریان پێوە دیارە، بەڵکو دەقێك بە تەواوی لە هەقایەتو بەیتی فۆلکلۆری کوردیدا چڕبۆتەوەو بەهەمان کارەکتەر، بەڵام مەبەستی جیاوازو، داپۆشرانی دەمامکداری تێدا بەکارهاتووە.

هێنانەوەی کارەکتەرەکان (خاتوون ئەستی)، (فەرخۆڵە) [*] ، لە چیرۆکی (بەردی مرازان) بەسوود وەرگرتن لە بەیتی فۆلکلۆری، وەك ڕەمزێکی خۆشەویستیو نەمریو کەرامەتداریو، مەزراندنی بەو شێوازە هونەرییە، بە تامو بۆنێکی پڕ تراژیدیو بە هەناسەیەکی شیعرییانەی بەیتو بە لێکگرێدانی ڕووداوەکانی یەك لەدوای یەك، دەقەکەی جوانتر کردووە، کەشێکی تێکەڵ لە ئەفسانەو سیحرو پەرجووی هێناوەتە کایەوە:

"*ئەو هەورە خەمو کەسەری خاتو ئەستیەیە، چەندی چاوەڕێی فەرخۆڵەی دەکرد..*لا١١٨"

گونجاندنەکە بە شێوازی هونەری لەزۆر لاوە پێکەوە پەیوەست بووە، ئەم بەیتە لەشاری (داودێ) ڕوویداوە، نزیك قەڵادزێی زێدی چیرۆکنووس. پێکهاتەکانی ئەم

---

[*] فەرخۆڵە (شێخ فەرخ)، مەزارەکەی لە گوندی (داودێ) یە لە ناوچەی پشدەر، بەدووری ٩ کیلۆمەتر دەکەوێتە بەشی خوارووی ڕۆژهەڵاتی قەڵادزێ.[118:12]

ناوچەیە رۆڵ لە سازاندنی وێنەکانی دەق دەگێڕن، بۆ نموونە (سەیدە غەریبە)، کە مەزاری پیاوچاکێکە لە قەڵادزێ، لەگەڵ پێکهاتە فۆلکلۆریەکە بەندیوار بووە:

*"غەریبی سەرگردی هاوارە، هاوارێك لەچیاو ئاسمانو... لە ڕووحو هەناوی حەمۆکەی هەستاوە... سەیدۆکەی رووتەڵە.. هاوارە..ل١٣٠"*

یان دەڵێ:

*"شاری داودێ وەك ئاسکە کچی سروشت راکشاوە، وەك ڕوبارێکی بە پێچوو سەرمەیووە. ل١١٩"* یان:

*"ماڵ ئاوا داری جووتە برایان، ماڵ ئاوا هەمزۆکەی سەرگردی، ماڵ ئاوا سەیدە غەریبە، غەریبی وڵاتان، ئاگات لەو تولفانەی دەورت بێ... سەیدۆکەی سەرگردی، گردی مرازان، لەوەتەی بەردە شینکەی بەختی مە لە کێلی تۆ ترازاوە، مرازو ویستی مە لێرە دەنێو قوڕی گەوزاوە..ل١٢٩"*

ئەم مەزارە وەك نەریتێکی فۆلکلۆری جێگای بەدەستخستنی مرازو رازو نیازەکان بووەو بەهۆی دیاردەیەکی فۆلکلۆری، کە بەردنووساندنە بە کێلی گۆڕ. ئەم چیرۆکە بە زمانە ناوچەییەکەو بە پێکهاتە فۆلکلۆرییەکانی نێوی، کۆمەڵێك رەمزی سازاندوون، کە دواجار هەموویان نیشاندانی وێنەیەکی هونەرین، کە لەپشت دەقە فۆلکلۆرییەکەدا مەبەستی پڕ واتاو کاریگەرو نوێ، خۆیان شاردۆتەوە.

ئەو هەقایەتانەی لەسەر زاری گیانلەبەران دەگێڕدرێنەوەو شێوەیەکی ئەفسانەییان هەیە، بەرێژەیەکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا دەبینرێن، جگە لە پێدانی بەهای وێنەیەکی رەمزی، کەشێکی ئەفسانەییو سیحری دەسازێنن، لەچیرۆکی (ئەتکی رووح) دا، هەقایەتی (بزنۆکە) وەك هەقایەتێکی ئەفسانەیی دیار، دەخزێتە نێو دەقو بە تەنیا بە ئاماژەکردن، وێنە فۆلکلۆرییەکە گەشە دەکات، وەك دەڵێ:

*"..لەپشت سەری بابی دادەنیشێ، قسەی بۆ دەکا، حەوت جارانی حکایەتی بزنۆکەی بۆ دەگێڕێتەوە...ل١٤٧"*

سـەرنج دەدەیـن زۆربـەی چیرۆکەکان‌و بەتایبـەتی ئەوانـەی پـێش سـاڵی(١٩٩١) نووسـراون، مـۆرکێکی کەلـەپوورو فۆلکلـۆری کوردیـان پێـوە دیـارە، جـا چ بـە تـەوزیفکردنی لـەنێو پێکهاتەکـە بـێ، یـان چ لەشـێوەدا بـە زمـانێکی ناوچـەیی نووسـرابنەوە. بـە دەربڕینێکـی تـر دەتـوانین بڵـێین، چـیرۆکنووس لـە چـیرۆکەکانی سـەرەتایدا، زۆربـەی دەمامـك‌و رەمزەکـانی هـەڵقوڵاوی مێـژووو کەلـەپوورن، واتـە بـە کەرەسـتەی کـۆن‌و ئەفسانەیی، وێنـەی رەمـزی سـازاندووە، بـەڵام لـە چـیرۆکەکانی دواتـری بـە کەرەسـتەی نـوێترو لەبـەر گۆڕانکـاریی بـاری سیاسـی لەسـاڵی(١٩٩١)، گۆڕانکـاری لـە پێکهاتـەی دەقـدا دەکـات‌و بـە کەرەسـتەی نـوێتری بارگـاوی بـوو بـە خەیاڵاوی سەردەم، وێنەی رەمزی نوێتر دروست دەکات‌و دەق لـە چوارچێوەی لادێ‌و کەلەپوورو ئەفسانەی کۆنەوە بەرەو ناخی کۆمەڵگەی شارو شارستانی دەچـێ‌و لـەو چوارچێوەیەدا بینای هونەری دەق پەرەپێدەدا.

بۆیـە ئەگـەر لـە چوارچێوەی سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی دا بـێ، ئـەوا لەسـەرەتادا لـە چیرۆکەکانی (بـەردی مـرازان، ئـەتکی رووح، هەنسکی رەش، شـکانی زێ، تەمـە پیـاو ...) خۆیـان دەنـوێنن‌و دواتـر هـەمان مەبەسـت بـە شـێوازە نوێیەکـە، بـاری سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتی لـە چـیرۆکەکانی (نامـەکانی ژاکـۆن، سـەفەری مـۆر، ئەفسـانەی دوکـەڵ، پیاوانی مەڕمەڕ یان ئەفسوونی شین...) خۆیان دەنوێنن.

واتـە ئـەم دوو کۆمەڵـە چیرۆکە جیـاوازە، شـێوازی سـوود وەرگـرتن لـە ئەفسانەو کەلـەپووری میللیـان جیـاوازە، لـە کۆمەڵـەی یەکەمـدا بـە شـێوازە کۆنەکـە، ئاشـکراتر چـەمکە ئەفـسانەییەکان دەردەکـەون، ئەمـەش بـۆ ئـەوە بـووە لـەڕێی زمـانی ئەفـسانەییەوە، چـڕترین دەربـڕین‌و شـاردراوەترین واتـا بەدەسـتەوە بـدات، کـە سـەردەمەکە وای دەخواسـت. بـەڵام لـە کۆمەڵـەی دووەمـدا بـارودۆخی سیاسـی‌و کۆمەڵایەتییەکە لە چوارچێوەی سوود وەرگرتنێکی کەمدایەو چەمکە فۆلکلۆرییەکانی تێدا کاڵـە، بەڵکو لـەڕێی رەمـزی داهێنـراوو هاوچـەرخەوە، شـێوازێکی زمـانی نیشان دەدات، کە ئەوەی لەباردا هەیە، فرە رەنگ بێ‌و دەنگدانەوەیـەکی جیاواز ببەخشێ، لێـرەدا وەرگـر پابەنـدی رێـسا و کـۆت‌و بەنـدەکانی رەمـز نـابێ، خـۆی بـە مـەودای

تێگەیشتنەکەیەوە لە تەواوی دەق و رەمزو زمانەکەی دەگات، لەم رووەوە دەشێ تێگەیشتنی خوێنەرێك لە خوێنەرێکی تر جودا بێ.

## -شیعرییەتی سیمیۆلۆژیای وێنەی رەوانبێژی

وێنەی رەوانبێژیی کۆن و تازە، پەیوەندییەکی سیمیۆلۆژیانەی لەنێو وشەکاندا هەیە، ئەم پەیوەندییە لە ئەنجامی قورسایی وشەکەو بەهەند تەماشاکردنی و لادان لە پێکهاتەکەی بەرجەستەبووە، وەك ئاشکرایە سیمیۆلۆژیای دەق جۆرە لادانێکی فەرهەنگی دەسازێنێ، بەشێوەیەك دیوی دەرەوەو ناوەوەی وشە، لە پەیوەندییە ئاساییەکەیان تووشی پەل و پۆ هاویشتن دەبێتەوەو لە ڕێڕەوی سروشتی خۆی لادەدات، بەمەش رەهەندەکانی واتا دەگۆڕێن.

دەشێ بە دەربڕینێکی تر بڵێین، لە سیمیۆلۆژیای دەقدا پەیوەندیی نێوان دال و مەدلول، دیارخەرو دیارخراو... هەمان پەیوەندیی سروشتی خۆی نییە، بەڵکو ئەرکێکی تری بۆ زیاد دەبێ، کە بارکردنی واتایە، ئەم بارکردنەش لەلایەن کۆمەڵگە، یان مەبەستی نووسەر، یان سیاقی دەق دەبێ. بۆ نموونە وشەی (غونچە)، وەك دالێك مەدلولەکەی، یان واتا فەرهەنگییەکەی ناوی گوڵێکە، بەڵام ئەو واتایە لە شێوەیەکی تردا دەقی گرتووەو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەم مەدلولەی نامێنێ و بە واتای (دەمی دولبەر) دێ، ئەمەش لەسەر بنچینەیەکی رەوانبێژیی کۆن داهێنراوە، بەهۆی هونەری خواستنەوە سازێندراوە.

بۆیە ئەوەی (سۆسێر) ئاشکرای کرد لەبارەی (دال و مەدلول)، بووە سەرەتایەك بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری سیمیۆلۆژیای دەق، بەجۆرێك سەرەتای بیری سۆسێر لەو مەسەلەیەدا لێکترازانی ئەو پەیوەندییەیە، بۆ نموونە وشەی (گوڵ)، دالێکە بۆ مەدلولێك، کە تەن، یان فۆڕمی گوڵەکە دەگرێتەوە، بەڵام دەشێ مەدلولێکی تری بۆ زیاد بێ، ئەویش کەسێکەو سیفەتی گوڵی دەدرێتە پاڵ. کەواتە لێرەدا کەسەکە دەبێتە مەدلولی دووەم و مەدلوولی یەکەمیش دەبێتە دالی دووەم.

ڕەوانبێژیی کۆن، کە هەریەك لە هونەرەکانی لێکچواندن و خواستن و درکە تێیدا، ڕۆڵێکی گرنگ لە سازاندنی وێنەدا دەگێڕن، پەیوەندی نێوان دال و مەدلولەکانیان پەیوەندییەکی ئاسایی نییە و جۆرە لێك ترازانێك لەنێوان کەرەستەکانیاندا دەبینرێ، هەتا لێکترازانەکە نالۆژیکی تر بێ، سیمیۆلۆژیاکە پتر دەردەکەوێ و لە ئەنجامدا شیعرییەت زیاتر دەبێ، بۆیە لەنێو ڕەوانبێژیی کۆندا بواری ئەوە هەیە، کە نووسەر لەکاتی بەکارهێنانیاندا گۆڕان بەسەر نیشانەی مەدلولەکان بێنێ و ناشیاوییەك لە مەدلولدا بۆ دال دابهێنێ.

بۆ ئەم دیاردەیەش دەتوانین چەند نموونەیەك لە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیی کۆن لە چیرۆکەکانی (جەبار جەمال غەریب) دەستنیشان بکەین. بۆ نموونە لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا دەڵێ:

"*من کەرامەتم لەرزی و بە دەنگێکی نووزەڵە و هەرزەکارانە گوتم*. ل٣٢"

لێرەدا پەیوەندییە نائاساییەکەی نێوان کەرەستەکان لە هونەری (خواستن)ەوە دروستبووە، چونکە کاری (لەرزی)ی بۆ وشەی (کەرامەت) خواستووە، کە لە ڕووی لۆژیکەوە ناگونجێ و پەیوەندییە نیشانەکان بەم شێوە کەوتوونەتەوە:

کەرامەت (نابەرهەست) ⟵ لەرزی (بەرهەست)

کەرامەت بەر هەستەکان ناکەوێ و لەگەڵ وشەیەك ڕێکی خستووە، کە بەر هەستی بینین دەکەوێ، ئەمەش بەهۆی خواستنەوە پاساوەکە هێنراوەتەوە، کە کەرامەتەکە وەك شتێکی بەرهەست لەرزیوە.

-وادەبێ پێچەوانەی نموونەی سەرەوە تەنێك (بەرجەستە) بێ، لەگەڵ نابەرجەستەیەك پەیوەندی بسازێنێ و دواتریش بەهۆی لێکچواندنەوە، پاساوی پەیوەندییان بۆ بدۆزرێتەوە:

بەرجەستە (تەن) ⟵ نابەرجەستە (بەرهەست)

"*ئەمڕۆ شاخ بۆتە بوومەلەرزەیەك و هەستاوەتە سەر پێ*. ل١٩٨"

لێرەدا کاری هەستانە سەر پێ، بۆ بوومەلەرزە ناشێ و لەنێوان شاخ و بوومەلەرزەش پەیوەندییەکی نائاسایی هەیە و یەکەمیان تەنێکی بەرجەستەیە و

ئەویتر نابەرجەستە. بەم شێوەیە هەموو ئەو شێوە نالۆژیکیانەی، کە نائاسایی واتاییان لێ بەرهەم دێ، لە سیمیۆلۆژیادا خۆیان دەبیننەوەو دواجار وێنەیەکی هونەری دەسازێنن.

-وادەبێ درکەش نەگونجانێك لەنێوان کەرەستەکان بسازێنێ، بەڵام بەرهەمهێنانە سیمیۆلۆژیاکە جوانی بە دەق دەبەخشێ و ئەو واتایە لای وەرگرەکە فەرمۆش دەکرێ و واتا درکاوەکە ئاشکرا دەکرێ. بۆ نموونە:

"*ئەو چیا سەخت و رەقانە لە باوەشی کورداندا چەند نەرمن*. .لا٢٢٥"

لەڕووی شێوەوە، دوای ئەوەی پەیوەندیی ئاسایی لەنێوان دالی (چیا)و مەدلوولی (سەخت و رەق) وەك مەدلولێکی تەناسوبی دەسازێ، دال و مەدلولەکە دەبنە دالی دووەم و مەدلولی دووەمیان بۆ زیاد دەکرێ، کە وشەی (نەرم)ـە، ئەمەش لێك ترازانەکە دروست دەکات.

| چیا | سەخت و رەق | نەرم |
| --- | --- | --- |
| دال | مەدلول(١) | مەدلولی (٢) |
| دالی (٢) | | |

وێڕای ئەوەی دوبارە دالی (٢)و مەدلولی (٢) پێکەوە دەبنە دالی (٣)و مەدلوولی (٣) یان، بۆ زیاد دەبێ، کە واتا درکاوەکەیەو درکەیە لە سیفەتی ئازایەتی کورد.

ئەم جۆرە تێکچڕژانەی نێوان دال و مەدلولە نائاساییەکان، گەشە بە وێنەی هونەری دەدەن، تا ژمارەی مەدلولەکانیش زیاتر بێ، کەرەستەکان زیاتر لێك دوور دەکەونەوە، بەتایبەتی لە درکەدا، سەرەڕای پەیوەندیی سیمیۆلۆژیی کەرەستەکان و لێك ترازانیان دووبارە مەدلولی تری لێ زیاد دەبێ، کە لە پێکهاتەی دەقەکەدا نییە، بەڵکو شاردراوەیەو دەبێ وەرگر ئاشکرای بکات.

لە وێنەی رەوانبێژیی نوێشدا، رەمز ئەرکە سیمیۆلۆژیایەکە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، بەو پێیەی رەمزیش وەك درکە، واتایەکی شاردراوەی هەیە. بۆ نموونە:

***"دواتــر ژاکــۆن نووســیبووی: ((وەرە ئــازادم کــە، چــرایەکانی نــاخم یەکــە یەکــە کوژانەوە....)) ل٢٩٧"***

**لێرەدا چرا وەك ڕەمزی ئایندەی گەش و پێشکەوتن و بەرەو بەختەوەری چوون بەکارهاتووە، واتە بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە:**

| دال | مەدلول (١) | مەدلول(٢)، واتای ڕەمزی |
|---|---|---|
| چرا | مۆم (فەرهەنگی) | ئایندەی گەش و بەختەوەری و خۆشەویستی |

**لەچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دا، (گاندی) ، وەك ڕەمزی ئازادیخوازی و خەباتکردن لەپێناو ئازادیدا نیشاندراوە، ئەمەش دەچێتە نێو خانەی ڕەمزی مێژووییەوە:**

***"شـەڕکـەلاکی تـەپیوی ئێمـەی لـە جوانییـەکانی ژاکـۆن جیـاکردبۆوە، شـەڕ هەسـتە مردووەکانی ئێمەی لە پەراسووە دەرپەڕیوەکانی گاندی جیاکردبۆوە..ل٣٧٧"***

**ئەم وێنە ڕەمزییە لە ئەنجامی بینینی وێنەی ڕاستەقینەی گاندی بووە، بۆیە لـەم وەسـفەدا چـڕ بۆتـەوە، هـەر کاتێـك هەسـتەکان لەگـەڵ پەراسـووە دەرپـەڕیوەکانی (گاندی)* ئاوێتە بوون، ئەوا وەك (گاندی) هەستی هەوڵ و کۆششکردنەکان بەردەوام دەبێ، بەڵام لـەم دەقـەدا لێکترازانێکی دەلالی لـە شێوەو واتـادا بـەدی دەکرێ، ئـەویش یەکـەمیان بریتییـە لـە کـەوتنی لاشـەو مردنـی هەسـت، ئـەم پرۆسـەیە شـەڕ**

---

**[*] گاندی (١٨٦٩- ١٩٤٨): ناسراو بە (ماهاتما) فەیلەسووف و خەباتکاری هیندی، خوێندنی مافی لەساڵی ١٨٨٨-١٨٩١ لە لەندەن تەواو کردووە. لەساڵی ١٨٩٣-١٩١٤وەك راوێژکاری یاسایی لە باشووری ئەفریقا کاری کردووە، بە درێژایی ٢٠ ساڵ بەرگری لە هاوڵاتیانی هیند کردووە، کە لەبن ڕەفتارە خراپەکانی ئینگلیز دەیانناڵاند. لەساڵی ١٩١٤ گەرایەوە وڵاتەکەی، سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بۆ رزگابوونی هند بە ریگای ئاشتی لە بن دەستی بێگانان کرد.بۆ گەیشتن بە داوا ڕەواکانی،چەندین جار مانی لەخواردن گرتووە. لەدانوستانەکانی سەربەخۆیی هیند لەساڵی ١٩٤٧ بەشداربووە. ناوی وەك ڕەمزی ئازادی لە هیندو تەواوی جیهان ناسراوە. [503:199]**

سازاندوویەتی، واتە شەڕ سەرەتا لاشەی کەواندووەو هەستەکانی مراندووە، دواتر لاشەی تەپیوی لە جوانی ژاکۆنو هەستە مردووییەکەی لە پەراسووی گاندی جیاکردۆتەوە.

بونیادە سیمیۆلۆژییەکە بەم خشتەیەی خوارەوە ئاشکراتر دەبێ:

| دال | مەدلول (١) | مەدلول (٢) |
|---|---|---|
| کەلاکی تەپیو | لاشە (واتای فەرهەنگی) | بونیادی پێکهاتەی لاشە لە رووی ئازایی و کۆششکردن. |
| هەستی مردوو | هەست(حس) –(واتای فەرهەنگی) | گیانی ناپاکی و دوورکەوتنەوە لە خەبات |
| پەراسووی دەرپەڕیوی گاندی | لاشەی گاندی (فەرهەنگی) | خەباتکارو ئازادیخواز |

هەموو پرۆسەکەش (شەڕ) بەرهەمی هێناوە، بەڵام رەهەندی جوانکاری هەردوو ترازانەکە، لە پەیوەندییەکی رێكو پێك هاتۆتە ئاراوە، کە بریتییە لە پەیوەندی :

١- لێك نزیکییەك، کە خۆی لە پێچەوانەی (دژیەك بوون) دەبینێتەوە، وەك:

کەلاکی تەپیو ⟵ جوانی ژاکۆن.

هەستی مردوو ⟵ پەراسووی دەرپەڕیوی گاندی.

٢- پەیوەندیی کردەکە لە چوارچێوەی پارادۆکس خۆی دەبینێتەوە:

لاشەی ئێمە دادەتەپێ/ لاشەی ژاکۆن جوان دەبێ.

هەستی ئێمە دەمرێو دەرووخێ/ پەراسووی ئازادی گاندی دەردەپەڕێ،

ئەمە هەردوو بونیادەکەیە، کە لە هاوتەریبیو بەرامبەریدا لێك جیا دەبنەوە.

کەواتە ئەم لێکترازانەی نێوان دالو مەدلولی ئاسایی و زیادبوونی مەدلولی تر، لە هەر بەشێکی رەمزدا، وەك لایەنی رەوانبێژیی نوێو ((لە باشترین پێناسەیدا بریتییە

لە وێنە)) [319:110]، بەم جۆرە ئیحایەکی پڕ شیعرییەت لە پێکهاتەی وێنەی دەقدا دێننە کایەوە، کە ئەوە دەسەلمێنن بونیادی سیمیۆلۆژیا نەك هەر لەگەڵ شیعرییەت بالاْ دەکات، بەڵکو بناغەی گەشەکردنی شیعرییەتی دەقیشی لەئەستۆیە.

زیادبوونی ئەم مەدلولانەو دەستنیشانکردنی یەکێکیان بۆ رادەی تێگەیشتنی خوێنەرەکە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە دەشێ ئەم نموونەیەی سەرەوە، مەدلوولەکە لای یەکێك ئایندەی گەش‌و لای یەکێکی تر خۆشەویستی بێ، بەگوێرەی ئەو گونجانەی لەنێوان دەق‌و خوێنەر دروست دەبێ‌و چۆنیەتی ئاوێتەبوونیەتی لەگەڵ دەقەکەو رێژەی پێوە کاریگەربوونی‌و بەرزی پلەی ئیحای هەست‌و سۆزی بۆ دەقەکە، هەڵبژاردنی مەدلولەکە یەکلا دەکەنەوە، چونکە لەو نموونە رەمزییانەی کە پەیوەستن بە سیمیۆلۆژیاوە ((دیاریکردنی ماهیەتی رەمزو حەقیقەتی واتا رەمزییەکە بۆ پێوانە (تقدیر) ی خوێنەرەکە جێدەهێڵدرێ)) [320:110] بۆیە نووسەر لێرەدا هیچ رۆڵێك نابینێ‌و دەشێ خوێنەر بە تێگەیشتنی خۆی مەدلولی رەمزەکان دیاری بکات‌و ئەم پرۆسەیەش بە هەڵە داناندرێ‌و بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرزبوونەوەی شیعرییەتی دەق، لە ئەنجامی ئەو هێزە رۆحییەیە، کە خوێنەر لەگەڵ دەق بەدەستی دەهێنێ‌و دواجار بە تێگەیشتنی خۆی، دەق هەرس دەکات، تا ئەم ئامادەبوونەش لە دەقدا بونی هەبێ، دەق چەقبەستوو نابێ‌و لە هەموو لایەك واتای تری لێ هەڵدەکرێندرێ‌و هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوە دا دەبێ‌و شیعرییەتیش لەو چوارچێوەیەدا هەر زیندووە.

## بنەما دەلالییەکانی شیعرییەتی وێنە هەستییەکان

ئەو وێنانەی بەر هەستەکانی مرۆڤ دەکەون، ئاساییترن لەو وێنانەی کە بەرهەست نین، بۆیە وێنە هەستییەکان، وێنەکان روونترو ئاشکراتر نیشان دەدەن، بەڵام ئەوەندە هەیە جۆرو چۆنیەتی نیشاندانەکان جیاوازن، ئەویش لەو سۆنگەیەی کە نووسەر هونەرکاری لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکان بنوێنێ، بە واتایەکی تر ئەو وێنە هەستیانە شێوەیەکی تەمو مژیو نائاسایی بەرجەستە دەکەن، کاتێك بنەما دەلالییەکانی پێکهاتەکە لێك دەترازێو کەلێن دەکەوێتە نێوان پەیوەندی ئەو کەرەستانەی، کە دواجار وێنە دەسازێنن.

بە هێنانەوەی جۆری هەستەکان، پەیوەندییەکە زیاتر روون دەبێتەوە. هەستەکان بریتین لە:

### ١- هەستی بینین:

هەستی بینین، وێڕای ئەوەی بەهێزترین هەستە بۆ سازاندنی وێنە، لەهەمان کاتدا دەرخستنی حالەتێکی شێوە رەسم/تابلۆیەو جوڵەو جێگیری شێوەکانی دەخاتە پێش چاو.

لە چیرۆکی (بەردی مرازان)دا دەڵێ:

"*دوکەڵ بەسەر باناندا هەڵدێ، سەر لە ماڵان خوار دەکاتەوە، ئەو دوکەڵە شتێکی لە هەناودایە، شتێکی دزی، بیگەنێ، ئەوە دوکەڵی چا لێنان نیە، کەس شیوی لێ نەناوە، پاوانی سنگی مرۆیەك سووتاوە، روحێك، هەناسێك، لە دوکەڵ ئاڵاوە*...ل١١٨"

ئەم هەستی بینینە، هەستێکی سروشتیو ئاسایی نییە، چونکە لەلایەك دوکەڵ جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی، وەك رەمزێك مەدلوولی تر لەخۆیدا هەڵدەگرێ، دواتر رستەکانی (هەڵدێ، سەر خوار دەکاتەوە، شتێکی لە هەناو دایە، دزی، بیگەنێ،...) پەیوەندیی گونجانیان لەگەڵ (دوکەڵ) دا نییەو بنەمای دەلالی کەرەستەکان لێك

ترازاوەو شێوەیەکی سیمیۆلۆژیانەی پڕ شیعرییەتی بە دەقەکە داوە، هەڵبەت ئەمەش دەقەکەو وێنەکە لەچاو وێنەیەکی ئاسایی بە هەستی بینین، گەشترو هونەریتر دەکاتو شیعرییەتی زیاتری پێ دەبەخشێ.

**٢- هەستی بیستن:**

بەهۆی بیستنەوە، وێنەیەك لە مێشکی وەرگر دەسازێ، مەرج نییە تەواو لە وێنە راستەقینەکە بچێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە وێنەیەك، جا بە هەر شێوەیەك بێ، بە گوێرەی پاشخانی بیستنی وەرگرەکە دروست دەبێ.

سەرنج بدە ئەم نموونانە:

"*سوورە چنار بۆ ژانی ئەو دنیایە دەگری*..ل٢٠٠.

"*شاخ وەك هەور دەگرمێنێ*..ل١٩٧"

"*دەنگی خاتوونێ وەك شێلوە ئاو بەسەریدا دەڕژێ*..ل١٣٩"

شیعرییەتی وێنەکە، لە پەیوەندیی نائاسایی (سوورەچنارو گریان)و (شاخو گرماندن)و (دەنگی خاتوونو رژان) دایە، هێزی بیستنی ئەم وێنانەی سەرەوە، لەچاو ئەم نموونەیەی خوارەوە زۆر زیاترە:

"*دەنگی باران خەڵکەکەی بێ دەنگ کردبوو*..ل١٠٨"،

چونکە ئەم نموونەیە وێنەیەکی سادە نیشان دەدات، کە باران دەبارێو لەبەر دەنگی باران، دەنگی خەڵك نابیسترێ، یان بێدەنگن.

**٣- هەستی بۆنکردن:**

نهێنی شیعرییەتی هەستی بۆنکردن، بۆ دروستبوونی وێنە، لەوەدایە کاتێك وەرگر دەقەکە دەخوێنێتەوە، ئەو بۆنەی کە باسکراوە، راستەوخۆ وەرگر هەستی پێ بکاتو لە واقیعەکە نزیك بێتەوە، بەمەش یەکێك لە ئەرکەکانی شیعرییەت جێبەجێ دەبێ، کە بریتییە لە وروژاندنی وەرگرو ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەقدا:

*"من له كادينێكدا دەگریام بۆ شیّو بۆنی میزی ئەسپە یەختەكراوەكانی لێدەهات..ل١٠"*

ئەمە هەستێكی ئاساییە، بۆ بۆنكردن. بەڵام زۆر جار كەشێكی پڕ ترس‌و خەیاڵی لە بەرهەمهێنانی هەستی بۆنكردن دێتە ئاراوە، بەتایبەتیش ئەو كاتەی بۆنەكان، بۆنی سروشتی‌و راستەقینەیی نین، بەڵكو پەیوەندیی كەرەستەكان لە بنەمای دەلالیدا لێك دەترازێن‌و بە ویستی نووسەر دەخرێنە بارێكی تر. بۆ نموونە:

*" بۆنێكی بەسام بەنێو خەڵك وەردەبێ..ل١١٧"*

(بەسام)، كە زیاتر لە ئەنجامی هەستی بینینەوە دروست دەبێ، بۆ هەستی بۆنكردن خوازراوە. (بۆنی بەسام، بۆنی مردن، بۆنی شەڕ...هتد) ئەمانە نیشاندانی واقیعێكن بە پاساوی هەستی بۆنكردن خراونەتە ڕوو.

*" بۆنی روحێكی هیشك‌و هەڵقرچاو هالاوێكی سیحری لە كەللەی دەئاڵێ..ل١٣٩"*

**٤- هەستی چەشتن (تام كردن):**

ئەم هەستە چێژ دەبەخشێ، لە رووی تاڵی‌و شیرینی...هتد.ەوە وێنەكانی پێ جیادەكرێتەوە:

*"بایز ئەو شیرە گەرم‌و خاوو بەڕۆنەی دەمژی..ل١٧٧"*

لەنێو پێكهاتەی دەقدا، تا هەستی چەشتن ئاڵۆزتربێ‌و بۆ مەدلوولی خۆی بەكار نەیەت، دەربڕینەكە تەمومژاوی تر دەبێ‌و نائاسایی واتایی‌و بنەماكانی دەلالی شیعرییەتی وێنەكە زیاتر لێك دەترازێ:

*"من تا تامی پیاو لەوێ بێ كارێكم بە شەراب نییە..ل٥٨"*

لێرەدا تامی سروشتی نەهێنراوە، بەڵكو ئامادەبوونی پیاو لە بۆتەی (تام) دا بەرجەستەكراوە.

*"هەموو لەزەتێكی شلەتێن بەنێو پەنجەكانمدا تێپەڕێ... دەبو ئاوێكی شلەتێن بەهۆشم بینێتەوەو لەگەڵ گەرمی ئاشتم كاتەوە..ل٢١"*

لێرەدا باس لە چەشتنەكە دەكرێ، بەڵام نازاندرێ چ تامێكی هەیە.

زۆر جار هەستەكان ئاوێتەی یەكتر دەكرێن و بەدواییەكتر دا دێن، ئەمەش وێنەكە پتەوتر دەكات، چونكە زیاتر لە هەستێك لە بونیادی وێنە هونەرییەكەدا بەشدارە، نموونەكەی سەرەوە لەپاڵ چەشتن، هەستی بەركەوتن (شلەتێن)یشی هێناوەتەوە.
یان وەك دەڵێ:

"*هەناری شیرین و سوورم دەدزی...*لا٣٥" ،

"*دەنگی چەند فەقێیەكی منداڵ كار دەهات، بەدەنگێكی ناسك وێردیان دەوت، بە دەنگێك وەك شیوەن بكەن، شیوەنێك لە مردن پڕ حوزن و خەفەت تر..*لا٧٣"

" *ئەو شیوەنە سەرەتا رەنگیانی دەگەڵ خۆ برد، دوای بۆن و بینین و دەنگی ماشتنەوە..*٧٣"

**٥- هەستی بەركەوتن ( دەست لێدان ):**

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، كە بەر مرۆڤ دەكەون، لە ڕووی گەرمی یان ساردی، یان نەرمی و رەقی...هتد. بۆ نموونە:

"*دەستی هەردوكیانم گرت، توند ڕام كوشین، دوو دەستی سارد وەك سەهۆڵ..*لا٦١"

"*..گەردنی بە تووك و نەرمی لە سنگی وەكە رۆژی خۆی وەردێنێ، ئەو باڵندە بێ زمانە...*لا١١٩"

لەم نموونانی سەرەوە دەركەوت، كە چیرۆكنووس لە چیرۆكەكانیدا هەوڵی بەكارهێنانی هەموو هەستەكانی داوە و بونیادی كەرەستەی هەستەكانیشی لێك ترازاندووە، بەمەش گەشەیەكی تەواوی بە وێنە هونەرییەكە داوە، هەموو ئەو پرۆسەیەش لەپێناو جوانتر كردن و بەرەو شیعرییەتبوونی دەڕوا.

## شیعرییەتی وێنە لەنێوان پەرجوو و سیحرییوونی دەقدا

وەك ئاشكرایە بونیادی وێنەی هونەری لەسەر خەیاڵ دامەزراوە، بەڵام لە چۆنیەتی و جۆرو سنووری دووری و نزیكی خەیاڵەكە جیاواز دەبێ، بەجۆرێك بە جیاوازی هێزو توانای خەیاڵ، جیاوازی وێنەی لێدەكەوێتەوە.. بەدەربڕینێكی تر دەق لەنێوان راستی و ناڕاستی، خەیاڵ ئامێزی و دوور لە خەیاڵ و، رۆمانسی و نارۆمانسی و، تراژیدی و كۆمیدی...هتد، بونیادێكی گۆڕاوە و هەمیشە لە هەڵبەزو دابەز دایەو بەرجەستەبوونی یەكێك لەم دوانەییانە (ثنائیة)، ئاراستەی دەق بەرەو كەشێكی تارادەیەك جێگیر دەچێ و رێرەوێكی تایبەت وەردەگرێ، بەڵام دەبێ ئەو راستییە بزانین، كە بەهیچ شێوەیەك دەق تەواو لە خەیاڵ، یان تەواو لە واقیع، یان تەواو لە سیحر، یان ئەفسانە نقوم نابێ، بەڵكو بەلایەك لە لایەكاندا دەشكێتەوەو رەگەزی تریش لەخۆی باردەكات.

لەو سۆنگەیەوە دەشێ چوار جۆر لە بونیادی وێنە دەستنیشان بكەین، كە هەریەكەیان لە شوێنی خۆیدا كاریگەرییەكەی بە قەدەر سروشتیی سەرچاوەكەو مەودای كارتێكردنەكە دەبێ، ئەوانیش بریتیین لە:

١- وێنەیەك كە لە سەرچاوەیەكی ئاساییەوە بە یەكێك لە ئامرازەكانی سازاندنی وێنە بەرهەم هاتووەو هیچ زیادەرەویەكی لە رووی واتاوە تێدا نییەو عەقڵی مرۆڤ بە سروشتی دادەنێ، وەك:

"*ئێستا لەنێو دەریادا رادەژێی*...ل٢٢٦"

ئەم وێنەیە وێنەیەكی سرووشتییەو بنچینەیەكی راستەقینەی لەپشتە، بەو پێیەی نزیكییەكی شیاو هەیە، كە كەسەكە وەك چۆن منداڵێك لەنێو بێشكەكەیدا رادەژێ، ئەمیش لەنێو شەپۆڵەكانی دەریا لە هاتن و چوون و راژەنین دایە.

٢- وێنەیەك كە بە ئامرازەكانی رەوانبێژی، یان هەر ئامرازێكی خەیاڵكردن هاتۆتە بەرهەم، ئەگەرچی زیادەڕەوی و نالۆژیكی تێدایە، بەڵام ئەم نالۆژیكی بوونەی واتا،

لەزۆر باردا لەنێو کۆمەڵگەدا بەکاردێ و لەزۆر باری تریشدا لەسەر بنچینەی ڕەوانبێژی و بونیادی باوی وێنەی هونەری دێتە کایەوەو پەیوەندییەك بۆ قایل بوونی هۆشی وەرگر دەدۆزرێتەوە. لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەدا وەرگر لە کەشێکی خەیاڵیدا وێنەکە دەبینێ و لە هێڵێك لە هێڵەکانیدا لەگەڵ واقیع تێکدەکاتەوە. وەك:

*"با لە کەیفان سوور هەڵگەڕا بوو، هەروا خۆی لە دەست و سەرووچاوی سەربازان هەڵدەسوو، پێی وەبەر پێیان دەدان، جا چما ئەوەی بە با دەکرێ بە لەشکرێکی پڕ چەك دەکرێ. ل٧٥"*

لێرەدا وێنەیەك لە هۆشی وەرگر دێتە کایەوە، کە (با) سوور بۆتەوەو خۆی لە دەست و سەرووچاوی سەربازان هەڵدەسوی و لەگەڵیان دەجەنگێ، لە ڕاستیشدا (با) نە ڕەنگی هەیەو نە شێوەشی هەیەو نە ململانێشی پێدەکرێ، بەڵام ئەو سیفەتانە هی مرۆڤن و بۆ (با) خوازراون. ئەمەش نالۆژیکییەك دەسازێنێ، بەرزبوونەوەی ڕادەی ئەم نالۆژیکیەش لە بەکارنەهێنانی ئەو شێوەو وێنەیە دایە لەنێو کۆمەڵگەدا، چونکە زۆر جار وێنەی ناواقیعی و نالۆژیکی لەبەر ئەوەی لەنێو ئاخاوتنی ئاساییدا بەکارهاتوون، بەهای شیعرییەتیان لا نزم بۆتەوە، بەڵام هاوشێوەی ئەم وێنەیەیەی سەرەوە پێشتر لە ئیدیۆم و مەسەلەو پەندەکان و قسەی ئاسایی بەکار نەهاتوون و مۆرکی بنەچەی سازاندنەکە، بۆ نووسەرەکە دەگەڕێتەوە، بۆیە نالۆژیکی بوونەکەی زیاترە. یان وەك لە چیرۆکی (شکانی زێ) دا دەڵێ:

*" ماسی خۆیان لە وردە مووی کونە کەپووی دێ دەخشاند..ل١٧٩"*

ڕاستە وێنەکە لەسەر بنچینەی ڕەوانبێژی هاتۆتە ئارا، بەڵام وێنەیەکی ساوا نییەو وردی و چڕیبەندییەکی لە شێوازی بونیادنانەکە پێوە دیارە، بەشێوەیەکی هونەری دێیەکە لەسەر شێوەی گیانلەبەرێکی پاڵکەوتوو لە خەیاڵی چیرۆکنووس، کەوتۆتە تەنیشت (زێ)، سنووری نێوان گیانلەبەرەکەو زێ، کونە لووتی گیانلەبەرەکەن. وردتر لەبەر هەڵکشانی زێ، مووی نێو کونە کەپووی گیانلەبەرەکە (دێ)، لەگەڵ ئاوی زێ تێکەڵ بوونەو ماسی لێی نزیك دەبنەوە....هتد.

ناڵۆژیکی بوونەکە بەهۆی پەیوەندییەك، لە لێکچواندنێکی ئاسایی نزیك دەبێتەوە، جا ئەو پەیوەندییە بەهۆی لێکچواندن، خواستن، درکە، یان هەر وەسیلەیەکی تر بێ، گرنگ هێلێکی پەیوەندی هەردوکیان بەیەکتر ببەستێتەوە، یان لێکیان نزیك بکاتەوە.

٣- وێنەیەك کە بنچینەیەکی پەرجوو (معجزة) ی هەیە، پەرجووش وەك کردەیەك تایبەتە بە پێغەمبەران، یان دەقێکی ئاسمانی راستی بسەلمێنێو تێیدا پەروەردگار ویستی لەسەر کردەکە هەیەو لە توانای مرۆڤدا نییەو بەپێی بیرو باوەڕە ئاینییەکە عەقڵی وەرگر بڕوای پێدەکاتو لە خەیاڵیدا وێنەکە چالاك دەبێ، ئەم جۆرە وێنانەش لە دەقی ئاسمانیدا بەرچاو دەکەون، یان وا دەبێ نووسەرێك رووداوی پەرجووەکە دەئاخنێتە نێو دەقەکەی خۆیو دووبارە هەمان وێنە، یان وێنەی جیاوازتری لێکچووی شێوە دروست دەکاتو لە خەیاڵی وەرگردا پەرجووەکە چالاکتر دەبێتەوە.

وەك:

" *بە هەموویان، بە هەموو ئاخو کەسەریان دەیانویست بە ((زێیەکی شکاودا)) شلکە گوڵێك، تەنك وەك سێبەری نوور بنێرنە ئەو دیو کەڵەکە وشەکەی، بەڵام کێ تا ئێستا سێبەری نووری هەڵگرتووە؟ بە دەستی کێ وەدێ؟ ئەوە سیحرە، ئەوە ئەفسوسی جوانی مرۆیە، ئەو ئەفسووسە بە کێ دەشکێ؟..*ل١٢٨"

بونیادی ئەم وێنەیە لە ئەنجامی لێکچواندنێك بووە بە (سێبەری نوور)، ئەم چەمکە خۆی کەرەستەیەکی پەرجووییەو هیچ پەیوەندییەکی بە (سیحر)ەوە نییە، ئەگەر چی چیرۆکنووس بە سیحری داناوە، بەڵام هەڵگرتنی سێبەری نوور کاری پەرجوودار یان کەرامەتدارەکانەو لە سەرچاوەیەکی ئاینییەوە هەڵدەقوڵێ، بیری وەرگر لێرەدا بۆ پەرجوو و دەستەڵاتی سەرووی مرۆڤ دەچێ، کە خوداو فریشتەو پێغەمبەرانن. وێڕای ئەمە ئەگەر (شکانی زێ)، یان (زێی شکاو) لە ئیحایەکی پەرجووییەوە سەرچاوەی گرتبێ، ئەوا زیاتر بە لای رووداوەکەی پەڕینەوەی پێغەمبەر مووسا دەشکێتەوە لە رووباری نیلدا، بۆیە بە رووباری نیل دەگوترێ (زێی شکاو).

٤- وێنەیەك کە بنچینەکەی لەسەر پرۆسەیەکی سیحری بێو هیچ رەگەزو سەرچاوەیەکی راستەوخۆی ئایینی لەپشت نەبێ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەم

شێوازی سیحرییەی دەق، دەشێ بە شێوەیەك لە شێوەكان سوود لە پەرجوو و ئەفسانە وەربگرێ، بەڵام وەك خۆی نا، بەڵكو بە شێوەیەكی ناراستەوخۆو سەرچاوەگرتوو لە جۆرە ئیحایەك، هەرچەندە خاڵی لێك جیاكەرەوە لەنێوان هەر سێ جۆردا، تا رادەیەك ئاسان نییە، چونكە یەك رەهەندی سەربەخۆ لەخۆ ناگرن، بەڵكو وەك رێبازێكی نوێ لەگەڵ واقیعو ئەفسانەو ئایین‌و خەوندا خۆیان تێكەڵ دەكەن. وەك (ئەستوریاس) دەڵێ: ((هیچ سنوورو بەربەستێكیش لەنێوان راستی‌و خەون، راستی‌و چیرۆك بینین‌و گومانەكاندا نییە... سیحری خۆرو هەرێمی ئێمە شێوەیەكی دوانە بە چیرۆكەكانمان دەبەخشێ، لەلایەك وەك خەون وانەو لەلایەكی تر واقیعینە)) [368:214].ئەمە تایبەتمەندی چیرۆكەكانی قوتابخانەی ریالیزمی سیحرییە، كە تێیدا دەق هەموو رەگەزەكان بە ئاوێتەیی لەخۆ دەگرن‌و دواجار تەمومژی بەرهەم دێ.

ئەو وێنانەی كە بونیادێكی ئەفسانەییان هەیە، زیاتر لە هەقایەتە كۆنەكاندا بوونیان هەیەو مۆركێكی تایبەتی خۆیان پێوە دیارە، ئەگەرچی ئەفسانە لە نوێوەش دروست دەبێ، چونكە ((هەندێ راستی هەن، كە لە واقیعدا روودەدەن، پاشان دەبنە ئەفسانەو كۆمەڵێك ئەفسانەش هەن، كە دواتر شێوەی راستی وەردەگرن)) [368:214]، بۆیە شێوازی تایبەتی گێڕانەوەی ئەفسانەیی ئاشكرایەو رووداوە سیحرییەكان تا رادەیەك نەگۆڕن‌و وێنەكان سەرچاوەكانیان لێك نزیكەو توانای هێزی شیعرییەتەكە بە زۆری لە چوارچێوەیەك تێناپەڕێ، كە لای زۆربەی نەتەوەكان، كەرەستەی چوارچێوەكان هاوبەش، یان لێك نزیكن.

كەواتە دەقی وێنەی پەرجوویی، ئێستا لە توانای مرۆڤدا نییە بەرهەمی بهێنێ‌و لە رابردووشدا تایبەتی بوونە، بونیادی وێنە ئەفسانەییەكانیش سەرچاوەو بۆن‌و مۆركەكەی ئاشكرایە، بەڵام سیحری بوونەكە لە هەردووكیان سوود وەردەگرێ، ئەگەر چی بە تەنیاش دەتوانێ خۆی نیشان بدات.

بۆ ئەم شێوە دەقانەی چیرۆك، لە چارەگی یەكەمی سەدەی بیستەم، ناوی (ریالیزمی سیحری) بە بەردا براوە. چیرۆكی كوردی دەیەی حەفتاو هەشتاكان بەرەو سەرووتر سوودی لەم تێكەڵ كردنەی واقیعو سیحرو هەروەها پەرجوو ئەفسانە

بینیوە، چونکە زۆر جار واقیع بە خەون نیشاندراوەو بە پێچەوانەوەش بووە. ئەمەش لە بەرژەوەندی رەمزو هێنانەکایەی دەقێکی پڕ تەمو مژ بووە. ((لەم جۆرە بەرهەمانەدا نموونە ریالیستییەکانو خەیاڵو خەونو کەرەستەکانی خەون ئاساو سیحری، لەگەڵ یەکتردا جێگۆڕکێ دەکەنو ئاوێتەی یەکتر دەبن، لەم ئاوێتە بووندا پێکهاتەیەك بەدی دێ، کە لە هیچ یەکێك لە کەرەستەکانی پێکهێنەری خۆی ناچێو تایبەتمەندییەکی سەربەخۆو جیای هەیە)) [366:214] .

بۆ وێنە ئەم نموونەیەی خوارەوە لەنێوان سیحریو ئەفسانەو پەرجوودا، تەواو بەلای سیحری دا دەشکێتەوە:

"*زینوە شاخەکەی مێلکەت لێ بەجێ هێشتبوو هەڵچوو بوو، هەڵتۆقی بوو، ببووە ترۆپك، ببوە لوتکە، هێلکەکەشی بەسەرەوە بووە بەرد، بە ئاستەم پشتی لەسەر گیر نەدەبوو هێند لووس بوو، وردە وردەش بریسکاوێکی سووری چاو مارت لێ دەچۆڕاوە دڵۆپ دڵۆپ لە هەوادا دەمەیی...*ل٢١٠"

سەرنج دەدەین ئەم نموونە لەچاو نموونەکانی تری سەرەوە زیاتر بەرەو سیحری بوون چووە، بەڵام لەم نموونەیەی خوارەوە رەگەزی ئەفسانەیی خۆی بەدیار دەخات، وەك لە چیرۆکی (پیاوانی مەرمەر یان ئەفسوونی شین) دا دەڵێ:

"*سەد ئەفسووس هەرکە بایەکە نامێنێو دەستێکی نادیار ئەو پەنجەرە نادیارە دادەخا، پەردەکانو کووپەی شەرابو پیاوە بۆشناغەکان دەبنەوە مەرمەڕ..*ل٥٩"

تێکەڵبوونەکە لە هێنانەوەی (با)و بوونە مەرمەڕەکە، هەردووکیان لە هاوبەشبوون، یان لێك نزیك بوون، پەیوەندی دەبەستن، شیعرییەتی وێنە سیحرییەکە لەوەدا تەواو دەڕسکێ، کاتێك لە شێوەدا تەواو لە واقیع دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر چی مەبەستی سەرەکیش پەردەپۆشکردنی واقیعەکەیە بەهۆی سازاندنی وێنە سیحرییەکە، لەچوارچێوەی رووداوێك دابێ، کە پەیوەندیی ئاسایی بوونی بە دەگمەن، یان هەر نەبوون بێ. بۆ نموونە:

"*چەندی ئەو رەنگە مەرمەڕە شینە تێکەڵ ئەسپەکەم دەبوو، ئەو رەنگەی سەراپای کۆشکەکەی تەنی بوو، ئەوەندە ئەسپەکەم قورسو هێواش دەبۆوە، پێش ئەوەی*

*بگەمە بەر دەرگای هۆڵی سەما، لەنێوەندی ڕێگا ئەسپەکەم بە تەواوی شین هەڵگەڕاو چەند دەمارێکی سپی بەر زگیان ڕەنگ کرد، چەندم کرد نەجووڵا، دواجار چاوەکانی بوونە مەرمەڕو هومێدم بڕا...*ل٦٣" یان:

"*پەنجە باریکەکانی دوای ئەوەی لە وێنەکە دەهاتنە دەر، بە نەرمی ڕۆن و مێو دەخزێنە نێو مووەکانی سنگم و پێستم وەك مار لە بەرمدا دەکشیێ و لەزەت تا قورگم دەهات...*ل١٣"

راستەوخۆ شێوە سیحرییەکە لە کردە بزێوەکانی (شین هەڵگەڕانی ئەسپ و بوونە مەرمەڕی چاوەکانی و پەنجە هاتنە دەری وێنەیەك و دەست گێڕانی...) دایەو بەلای ئەفسانەدا نەخزیوە.

ئەم شێوە سیحری بوونەی وێنە، لە چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن، پیاوانی مەرمەر یان ئەفسوونی شین، سەفەری مۆر، مەیین٢، مەیین١، ئەفسانەی دووکەڵ) دەردەکەون.

ئەمە نیشاندانی ئەو راستیەیە، کە کاریگەربوون بە قوتابخانەی ریالیزمی سیحری، ئەگەرچی هەر تەنیا بە ئیحا ئامێزیش بیّ، رەنگدانەوەی ئەو شێوازە تایبەتییەی دەقە، کە دەق لە بە سیحری بوونی وێنەدا، شیعرییەتێکی تایبەتی بەخۆی دەدات و هەمەجۆری لە وێنەکان بەرجەستە دەبن و تام و چێژەکان لەو بارەدا خۆیان لە چوارچێوەی داهێنانی وێنەدا دەبیننەوە، کە سروشتێکی نویّ بە دەق دەبەخشن و لە وێنە باوو ئاساییەکانی دوور دەخەنەوە.

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیگەیشتوین، بریتین لە:

-سەرەتاکانی دەقی چیرۆکی کوردی بۆنی شیعرییەتی بەکاڵی تێدا هەست پێدەکرێ، بەلاّم قۆناغی بەرەو کامڵ بوونی شیعرییەتی چیرۆك، کۆتایی نیوەی هەفتاکان و دەیەی هەشتاکان بەرەو سەرووە، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی سیاسی و توانەوەی زمانی ئاساییە لەچوارچێوەی دەقێکی داهێنراو و نووسینی چیرۆك بەهەناسەی شیعرییەوە.

-ئەگەرچی رەگەزەکانی شیعرییەت لەنێو دەقی چیرۆکدا دەبینرێن، بەلاّم هێشتا لەنێو لێکۆڵینەوەی رەخنەی کوردیدا وەك بابەتێکی نوێ و سەردەمیانە نەبۆتە دیاردەیەکی رەخنەیی.

-لە (نامەکانی ژاکۆن)دا، بایەخێکی زۆر بەمۆسیقای ناوەوە دراوە، لەو روانگەوە بنەماکانی دووبارەبوونەوە هەموو شێوەو جۆرەکانی گرتۆتەوە، وێڕای شێوە جیاوازەکانی دووبارەبوونەوەی دەنگی، دووبارەبوونەوەی وشەیی، کۆپلەیی و سەرەتاو کۆتایی، کە بەشێوازێکی تایبەتی دەقەکان دادەنرێن، سیمایەکی شیعرییەتبوونیان بەخشیوە. رێژەی سەدی دووبارەکردنەوەی وشەو دەربڕینەکان لە کۆی چیرۆکەکان ٣,٧١٨٪ وزۆرترین فۆرمی دوبارەبوو لەچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)دایەو رێژەکەی دەگاتە ٧,٢٥٤٪.

-هونەرکاری لەسازاندی هاوسەرواو بەرامبەری و هاوسەنگی و هاوتەریبی، بارێکی نائاساییان بەدەقەکە داوە، ئەمەش لەو روانگەیەی کە لەدەقی ئاسایی و زمانی ئاخاوتنیان دوور گرتووەو رەهەندێکی جوانکاری و مۆسیقایەکی سەرنج راکێشیان پێبەخشیوە، ئەمەش وەك دیاردەیەك، تایبەتمەندی بە شیعرییەتی شێواز داوە. هاوسەروا وەك لایەنێکی گرنگی ریتمی ناوەوە رێژەیەکی زۆری لە پێکهاتەی دەقەکان بەدەست هێناوە، بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی کۆمەڵە چیرۆکەکە رێژەکەی بریتییە

لە ٣٤,٤٦٦٪، زۆرترین ڕێژەش لەچیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) دایەو دەگاتە ٥٤,٧٠٨٪، لەمەدا دەردەکەوێ، کە ڕێژەی هاوسەروا لەچیرۆکەکانی سەرەتا (کۆتایی هەشتاکان) کەمترە، دواتر لەنێوان ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥) گەیشتۆتە لوتکەو لەساڵی(٢٠٠٠) لە هەردوو چیرۆکی (پیاوانی مەرمەڕ یان ئەفسوونی شین، نامەکانی ژاکۆن) وەك چیرۆکی هەشتایەکان کەم بۆتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە چیرۆکنووس لەو ماوەیەدا هێندەی بەقووڵایی زمان شۆڕبۆتەوە، زمانێك کە هەموو خەڵکێك بە ڕادەی تێگەیشتنی خۆی تێیبگات، کەمتر بایەخی بەڕووخسارو سەرواو مۆسیقای ناوەوەی دەق داوە.

-ناونیشانی چیرۆکەکانی (نامەکانی ژاکۆن) بەشی زۆریان لەئاستی پێکهاتەیی واتاییدا، شیعرییەتیان لەخۆدا بەرجەستە کردووەو ئەم ڕێژەی شیعرییەتە ٧٥٪ی ناونیشانەکان دەگرێتەوە.

- سیمایەکی تری شیعرییەتی شێوازی دەقەکان، نووسینی دەقی شیعرییە لەنێو پێکهاتەی چیرۆکەکان، هەموو ئەو شیعرانەی کە بەشێوەی جیاواز لەنێو دەقەکان نووسراون، بە ڕادەیەکی زۆر شیعرییەتیان تێدا سەنگراوەتەوەو کەشێکی لەباریان سازاندووە بۆ پەڕینەوەی شیعرییەت لە شیعرەکانەوە بۆ دەقی چیرۆك، وێڕای ئەوەی شیعرەکانی بەکارهاتوو، شیعرییەتبوونی دەقی چیرۆك وایلێکردوون کە بخولقێن، نەك بەپێچەوانەوە.

-ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی پلەی شیعرییەتودەق دەخاتە بارێکی جوڵاوو لە وەستاوی مەنگی ڕزگاری دەکات،بەشێوەیەکی گشتی هەموو چیرۆکەکان ژمارەی (کار)یان زیاترە لە ژمارەی (ئاوەڵناو)، زۆرترین ڕێژەش لەچیرۆکی (ئەفسانەی دووکەڵ) دایە، کە دەگاتە ٣,٧٨٪.

-بەکارهێنانی ئاوەڵناوی پلە هووشەکاری-حەشوو، کە بەلادانێکی بێ هێز دادەنرێ، بەڵام وەستایی و هونەرکارییەکی لەخۆدا هەڵگرتووەو سیمای شیعرییەتی تێدا بەرجەستە دەبێ، لەزۆربەی چیرۆکەکان دەبینرێ، زۆرترین ڕێژەش لەچیرۆکی (مەیین١)دایەو ڕێژەکەی دەگاتە ٣,١٢٥٪.

- پاش‌وپێشخستنی ئاوەڵناو لە ڕێڕەوە ئاساییەکەی خۆیدا لادان دەسازێنیٚ، لە ئەنجامدا شیعرییەت زیاد دەکات. ئەم دیاردەیەش بە ئاوەڵناوی وەرگەڕاو(مقلوب) دادەنریٚو زۆرترین ڕێژەی لە چیرۆکی (تەمەپیاو) دایەو ڕێژەکەی بریتییە لە ٦٪.

- ڕەنگ پانتاییەکی گەورەی لە پێکهاتەی چیرۆکەکان گرتووە. بەتایبەتی هونەرکارییەك لە چۆنیەتی بەکارهێنانیان دیارە، تەنیا لە ناوونیشانی چیرۆکەکان، ڕێژەی ٢٥٪ی پێکهاتەی ناوونیشانەکانی گرتۆتەوەو ڕۆڵیان لە کاراکردنی شیعرییەت دیارە، ئەمەش گەشەی بە شیعرییەتی ناوونیشان‌و ڕەهەندە نائاساییەکانی واتا داوە، کە دواجار ناوونیشان وەك دەروازەیەك بەهۆی چڕبوونەوەی ڕەگەزی ڕەنگ تێیدا، پەیوەندی نێوان دەق‌و وەرگر خۆشتر دەکات، کە یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی شیعرییەتی دەق.

- هەر سیٚ جۆری وێنەی ڕەوانبێژیی کۆن، لە تەواوی چیرۆکەکان بەکارهاتوون، بەلاٚم ڕێژەکانیان جیاوازە، زۆربەی چیرۆکەکان، کە نزیکەی ڕێژەی ٧٠٪ ی چیرۆکەکان پێك دێنن، وێنەی خواستنیان زیاترە، ئەمەش واتای تەواو چڕبوونەوەی شیعرییەتە لەنێو تەواوی دەقدا، چونکە ئەوەندەی شیعرییەت لە چوارچێوەی وێنەی خواستندا دەرسکیٚ، کەمتر لە وێنەی ڕەگەزەکانی تردا دەبینریٚ، لەلایەکی تر بەهێزترین دەماری شیعرییەت کە دەق بە وەرگر دەبەستێتەوەو ئامادەی دەکات بۆ پراکتیك کردنی تیۆری وەرگرتن، وێنەی خواستنە، کە گەشەترین‌و پڕ شیعرییەترین وێنەیە. ئەو چیرۆکانەی وێنەی لێکچواندنیان زیاترە، ڕێژەکانیان دەگاتە ٢٥٪ ی کۆی چیرۆکەکان، ئەم چیرۆکانە بریتین لە (ئەتکی رووح، تەمەپیاو، گیانی تاشەکان، پاشەراو) کە لە شیعرییەتی وەسفدا چڕ بوونەتەوە. زۆرترین ژمارەی وێنەی درکەییش لە چاو چیرۆکەکانی تر، لە چیرۆکی (هەنسکی ڕەش)دایە، ڕووداوەکانی بەرەو واقیع بینانە چوونەو بەهۆی ڕەمزی درکەییەوە، زووتر وەرگر بەرەو واقیعەکە دەبات.

- چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا هەولی بەکارهێنانی هەموو هەستەکانی داوەو هەموو جۆرەکانی وێنە لەڕووی هەستییەوە (بیستن، بینین، بۆنکردن، چەشتن، دەست

لێدان) له چیرۆکەکاندا بەکارهاتوون، که نیشانەی رەنگاورەنگکردنی دەقە، بەبارگاوی کردنی وێنەوە، هەروەك سەلماندنی هونەرکارییانەی نێو پلەکانی شیعرییەته لە گەشەی وێنەی هونەریدا. هەموو ئەو پرۆسەیەش لەپێناو جوانتر کردن و بەرەو شیعرییەتبوونی دەقە.

- چیرۆکنووس لە نووسینی چیرۆکەکاندا وێنەکانی پەرجوویی، سیحری، ئەفسانەیی... بەکارهێناوە، کە هەریەکەیان لەشوێنی خۆیدا رۆڵ لە سازاندنی گەشەی وێنەی هونەری بە پاڵپشتی خەیاڵ دەبینن، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بەرزبوونەوەی شیعرییەتی شێوازی دەق.

- لەدروستکردنی وێنەدا رەچاوی بەرزبوونەوەی پلەی شیعرییەت لەنێو پێکهاتەی چیرۆکەکان کراوە، ئەمەش لەو روانگەیەی، کە بۆشایی کەوتنە نێوان و لێکترازانی دال و مەدلوول پەرەدەستێنێ و چەمکی هەستی بە ناهەستی و بەرجەستە بە نابەرجەستەو بە پێچەوانەوەو ئەو شێوانەی کە سیمیۆلۆژیای دەق دێننەکایەوە، بە روونی دەبینرێن و سەرەنجام لادان لە بونیادی وێنە بەرجەستە دەبێ و داهێنانێك لە سازاندنەکە دەسازێ، کە گەشەکردنی شیعرییەتی لەسەر وەستاوە.

## بیبلیۆگرافیا

**یەکەم: (بە زمانی کوردی):**

**أ- کتێب**


[١]- ئەدەبو رەخنە، عزیز گەردی، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٧٤ز.

[٢]- ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٦ز.

[٣]- ئەندێشە جوانەکانی رۆح لە چیرۆکی هونەری کوردیدا، رەوف حەسەن، چ١، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥ز.

[٤]- بەدیعو عەرووزی نامی، ملا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا ١٩٩١ز.

[٥]- بەرەو راستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، مەسعود محەمەد، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨ز.

[٦]- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا (١٩٧٠– ١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤ز.

[٧]- بیری رەخنەی هاوچەرخ، کۆمەڵێ وتار، وەرگێرانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١ز.

[٨]- پەخشانە شیعری کوردی (تەکنۆ سیمانتیکی گوتاری شیعر)، د. محەمەد بەکر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤ز.

[٩]- پەخشانی کوردی، عبدالزاق بیمار، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد ١٩٩٨ز.

[١٠]- پەخشانی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر١٩٨٧ز.

[١١]- پێشمەرگە (رۆمان)، د. رەحیمی قازی، چ٣، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨ز.

[١٢]- تحفەی مظفرية بە زمانی كوردی موكری، ئۆسكارمان، پێشەكی و هێنانە سەر رێنووسی كوردی: هێمن موكريانی، چ٢، ئاراس، هەولێر٢٠٠٦ز.
[١٣]- چامەی پەخشان، سۆزان بيرنار، وەرگێڕانی سەلاح محەمەد، كتێبی گيرفان، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ز.
[١٤]- چەند ئاسۆيەكی تری زمانەوانی، پرۆفيسۆر وريا عومەر ئەمين، چ١، ئاراس، هەولێر٢٠٠٤ز.
[١٥]- چيرۆكی كوردی (رەخنەو لێكۆڵينەوە)، سابير رەشيد، كتێبی گيرفان، وەزارەتی رۆشنبيری، هەولێر ٢٠٠٥ز.
[١٦] خوێندنەوەی كتێب (رۆمان و چيرۆك، كوردی بيانی)، جەبار جەمال غەريب، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢ز.
[١٧]- دەقی ئەدەبی، ئەدگار چێژ بەها، د. فوئاد رەشيد، چ١، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧ز.
[١٨]- درەختی ئوزيش پوازی لەخۆيەتی(چيرۆك)، محەمەد رەشيد فەتاح، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٦ز.
[١٩]- ديوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەد شاوێسی ميكايەڵی، لێكۆڵينەوەو لێكدانەوەی مەلا عەبدولكەريمی مدرس و فاتح عبدالكريم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا كەريم، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا ١٩٧٦ز.
[٢٠]- رەخنەی نوێی كوردی، د. كەمال مەعروف، وەزارەتی رۆشنبيری، بەرێوەبەرايەتی بڵاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠٠٧ز.
[21]- رەوانبێژی – بۆ پۆلی دووەمی پەيمانگاكانی مەڵبەندی مامۆستايان، پۆلی پێنجەمی پەيمانگاكانی مامۆستايان، عەزيز گەردی، چ٢، چاپخانەی ارام، بەغدا ٢٠٠٥ز.
[٢٢]- رەوانبێژی لە ئەدەبی كورديدا (جوانكاری)، عەزيز گەردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر١٩٧٥ز.
[٢٣]- رەوانبێژی لە ئەدەبی كورديدا (واتاناسی)، عەزيز گەردی، بەرگی سێيەم، چاپخانەی كاكەی فەلاح، سلێمانی ١٩٧٩ز.

[٢٤]- رووەکەکانی خواوەند (شیعر)، سەباح رەنجدەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦ز.
[٢٥]- رۆمانی کوردی، خوێندنەوەو پرسیار، سابیر رەشید، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧ز.
[٢٦]- سەروا – لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە، د. عەزیز گەردی، چ١، ئاراس، هەولێر ١٩٩٩ز.
[٢٧]- شیعرییەتی خوێندنەوە، ئەدۆنیس، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ ٢٠٠٢ز.
[٢٨]- شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و رەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠١ز.
[٢٩]- شێخی داموس (رۆمان)، جەبار جەمال غەریب، چ١، لە بلاوکراوەکانی رۆژنامەی میدیا، هەولێر٢٠٠٠ز.
[٣٠]- شێوازگەری تیۆری و پراکتیك – ڤەکۆلینەك د بیاڤێ هوزانێ دا، نعمت الله حامد نهێلی، دەزگای سپیرێز، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٧ز.
[٣١]- شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سەلیم رەشید صالح، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٥ز.
[٣٢]- فانتازیای گەڕانەوە– خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی، عەتا قەرەداخی، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧ز.
[٣٣]- کورتەیەك لەبارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، لین ئۆلنبیرند– لیزلی لویس، و: سەلاح عومەر، کتێبی گیرفان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣ز.
[٣٤]- کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، عەزیز گەردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر١٩٩٩ز.
[٣٥]- گەنجینەی بەیتی کوردی، سەرجەمی بەرهەمەکانی قادری فەتاحی زادە، چ١، ئاراس، هەولێر٢٠٠٧ز.

[٣٦]- لەبانیژەی شیعرەوە– بیروراو باری سەرنج، محمود زامدار، کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی(٥)، چاپخانەی جریدة العراق ١٩٨١ز.
[٣٧]- لەخەوما، جەمیل صائب، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، چ٢، ئاراس، هەولێر٢٠٠٨ز.
[٣٨]- مەحوی– بەشێك لە بابەتەكانی ڤیستڤاڵی مەحوی، ئاراس،٢٠٠١ز.
[٣٩]- مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان، ئەحمەد موختار جاف، پێشەكی و لێكۆڵینەوەی د.ئیحسان فوئاد، چ٢، ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨ز.
[٤٠]- مردوویەك ئاگای لەهەمووانە (شیعر)، سەباح رەنجدەر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٨ز.
[٤١]- نامەكانی ژاكۆن (كۆمەڵە چیرۆك) جەبار جەمال غەریب، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٤ز.
[٤٢]- هەڵۆ (كۆمەڵە چیرۆك)، رەووف بێگەرد، دەزگای رۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، چاپخانەی دار الحرية، بغداد ١٩٨٩ز.
[٤٣]- هونەری شیعر، ئەرستۆ، وەرگێرانی لە ئینگلیزی و پێشەكی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، دەزگای چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی ٢٠٠٤ز.

**ب– گۆڤارو رۆژنامەی كوردی:**

[٤٤]- ئازادی شیعر لە دەرەوەی رێنماییەكاندا، نەجات حەمید، گ. (نووسەری نوێ)، ژ(٣٩)، ٢٠٠٧ز.
[٤٥]- ئەزموونی چیرۆكنووسی لەتیف حامید بەرزنجی، سابیر رەشید، گ. (ئاینده)، ژ (٤٩)، ٢٠٠٣ز.
[٤٦]- پێوانەی واتا، هێمن عومەر خۆشناو، گ. (رامان)، ژ (١٢٣)، ٢٠٠٧/٨/٥ز.
[٤٧]- تەوەرەكانی رەمزی شیعری لە رەخنەی ئەدەبی كوردیدا، د. پەرێز صابر، گ. زانكۆ (گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سەلاحەدین)، ژ (٢٥)، حوزەیران ٢٠٠٥ز.

[٤٨]- خەونی شەوێکی هاوین، صلاح شوان، گ. (رۆژی کوردستان)، ژ(٦٥)، شوبات ١٩٨٤ز.
[٤٩]- خەیاڵکردنو وێنەی شیعریو گرفتەکانی جیهانبینی، ئەحمەدی مەلا، گ.(رامان)، ژ (٦٧)، ٢٠٠٢/١/٥ز.
[٥٠]- دەروازەیەك بۆ ئیستاتیکا، هێمن عومەر خۆشناو، گ. (ئاینده)، ژ(٧٥)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ز.
[٥١]- راسته (رەزم) به مانای (ئیقاع) نی یه، محمدی مەلا کەریم، ر. (هاوکاری)، ژ (١٠٩٠)، ٦/٧/ ١٩٨٩ز.
[٥٢]- سەلاح شوان چیرۆکنووسێکی نوێبەخش، سابیر رەشید، گ. (نەوشەفەق)، ژ(٤٧)، ئاب ٢٠٠٧ز.
[٥٣]- شیعرییەت لە دوا وەسوەسەی کریستی کازانتزاکیسدا، زانا خەلیل، گ. (رامان)، ژ (١١٤)، ١/٥/ ٢٠٠٦ز.
[٥٤]- فاتمێ حەفت برایان، ئا: هێمن عومەر خۆشناو، گ. (ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژ (٢٤)، ساڵی٢٠٠٧ز.
[٥٥]- قەیرانو پێکهاتەکانی چیرۆكو هەندێك ئاماژە بۆ ئەزموونی چیرۆك لە ئاستی تەکنیکدا، ئاوات محەمەد، گ. (ئاینده)، ژ(٤٩)، ساڵی ٢٠٠٣ز.
[٥٦]- لە چیرۆکی کوردی رازی نیم، دیدارێك لەگەڵ جەبار جەمال غەریب، گفتوگۆی: مەریوان هەڵەبجەیی، گ. (ئاینده)، ژ(٤٩)، ساڵی ٢٠٠٣ز.
[٥٧]- لە هونەری چیرۆکەوە، کورتە چیرۆك بەرامبەر رۆمانو وێنەی قەڵەمی، رست هیلز، و: سەلاح عومەر، گ. (ئاینده)، ژ(٥٢)، ساڵی ٢٠٠٤ز.

## ج-فەرهەنگ:

[٥٨]- هەنبانە بۆرینە- فرهنگ کردی فارسی، عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٤شمسی.

## د- نامەی ئەکادیمی (ماجستێرو دکتۆرا):

[٥٩]- ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، جەبار ئەحمەد حوسێن، نامەی ماجستێر، کۆلیجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥ز.
[٦٠]- بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی رێبازی فۆرمی (شکلی)، خەسرەو ئەحمەد رەسول، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧ز.
[٦١]- بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز صابر محمد، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٢ز.
[٦٢]- پەیوەندییەکانی نێو دەق، قەیس کاکل تۆفیق، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٣ز.
[٦٣]- رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠- ١٩٩١)، پەخشان سابیر حەمەد، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٢ز.
[٦٤]- شیعرییەتا رۆمانێن (سدقی هروری) ڤەکۆلینەکا شلۆڤەکاری- هونەرییە، ئەمین عەبدولقادر عومەر، نامەی ماجستێر، کۆلیژێ ئاداب، زانکۆی دهۆك، ٢٠٠٧ز.
[٦٥]- شێوازی شیعری جزیری، شعبان شعبان احمد، نامەی ماجستێر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٢ز.
[٦٦]- لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانە لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود (مەم)، طالب محمد احمد، نامەی ماجستیر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣ز.
[٦٧]- لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠- ١٩٨٠)، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٧ز.
[٦٨]- هێما لە چیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور (١٩٦١- ١٩٨٠)، تالیب محەمەد ئەحمەد، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.٢٠٠٠ز.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

**أ- كتێب:**

[٦٩]- اتجاهات القصة المصرية القصيرة، د. سيد حامد النساج، مكتبة الدراسات الأدبية(٧٤)، مطبعة دار المعارف، القاهرة ١٩٧٨م.

[٧٠]- أدونيس والتراث النقدي، عبدالرحيم مراشدة، ط١، دار الكندي للنشر والتوزيع، بيروت ١٩٩٥م.

[٧١]- أساليب الشعرية المعاصرة، د. صلاح فضل، ط١، دار الآداب، بيروت ١٩٩٥م.

[٧٢]- أسرار البلاغة في علم البيان، الإمام عبد القاهر الجرجاني، علق حواشيه السيد محمد رشيد رضا، ط١، دار المعرفة، بيروت ٢٠٠٢م.

[٧٣]- الأسس الجمالية في النقد العربي- عرض وتفسير ومقارنة، د. عزالدين إسماعيل، ط٣، دار الفكر العربي ١٩٧٤م.

[٧٤]- الأسلوب دراسة لغوية إحصائية، د. سعد مصلوح، ط٢، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٨٤م.

[٧٥]- الأسلوب والأسلوبية، بير جيرو، ترجمة: د. منذر عياشي، مكتبة الاهاء القومي، بيروت، (؟).

[٧٦]- الأسلوب والأسلوبية بين العلمانية والأدب الملتزم بالإسلام، د. عدنان علي رضا النحوي، ط١، دار النحوي للنشر والتوزيع، السعودية ١٩٩٩م.

[٧٧]- الأسلوبية الصوتية، د. محمد صالح الضالع، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة ٢٠٠٢م.

[٧٨]- الأسلوبية والأسلوب، د. عبدالسلام المسدي، ط٣، الدار العربية للكتاب، (؟).

[٧٩]- الأسلوبية وتحليل الخطاب، د. منذر عياشي،ط١، مركز الإنماء الحضاري ٢٠٠٢م.

[٨٠]- الاعتراف بالقصة القصيرة، سوزان لوهافر، ترجمة: محمد نجيب لفتة، مراجعة: عزيز حمزة، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٠م.

[٨١]- الأعمال النثرية الكاملة، نازك الملائكة، ج١، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٢م.

[٨٢]- الإنجيل– قراءة شرقية، نخبة من المختصين، ط٦، دار الجيل، بيروت ٢٠٠٤م.
[٨٣]- أنماط من الغموض في الشعر العربي الحر، د. خالد سليمان، مطبعة جامعة اليرموك ١٩٨٧م.
[٨٤]- البحث الدلالي في كتاب سيبويه، د. دلخوش جار الله حسين دزه يى، ط٢، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٦م
[٨٥]- بلاغة الخطاب وعلم النص، د. صلاح فضل، سلسلة عالم المعرفة، مطابع السياسة، الكويت ١٩٩٢م.
[٨٦]- البلاغة والأسلوبية (دراسات أدبية)، د. محمد عبد المطلب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٨٤م.
[٨٧]- البلاغة والأسلوبية– نحو نموذج سيميائي لتحليل النص، هنريش بليش، ترجمة وتقديم وتعليق: د.محمد العمري، أفريقيا الشرق، المغرب،(؟).
[٨٨]- البلاغة والتطبيق، د. أحمد مطلوب و د. كامل حسن البصير، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ١٩٨٢م.
[٨٩]- بناء لغة الشعر، جان كوين، ترجمة: د. أحمد درويش، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة ١٩٩٠م.
[٩٠]- بنية اللغة الشعرية، جان كوهين، ترجمة: د. محمد الولي و محمد العمري، ط١، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، المغرب ١٩٨٦م.
[٩١]- البنيوية وعلم الإشارة، ترنس هوكس، ترجمة: مجيد الماشطة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦م.
[٩٢]- التبئير الفلسفي في الرواية–مقاربة ظاهراتية في تجربة سليم بركات، د. شاهو سعيد، ط١، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية ٢٠٠٧م.
[٩٣]- تطور الأساليب النثرية في الأدب العربي، أنيس المقدسي، ط١، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٨٢م.
[٩٤]- تطور الدلالات اللغوية في شعر محمود درويش، سعيد جبر محمد أبو خضرة، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ٢٠٠١م.

[٩٥]- تقنيات التعبير في شعر نزار قباني، بروين حبيب، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٩٩م.

[٩٦]- ثنائية الشعر والنثر في الفكر النقدي –بحث في المشاكلة والاختلاف، د. أحمد محمد ويس، دمشق ٢٠٠٢م.

[٩٧]- جماليات الأداء الفني– قراءات تحليلية في نصوص أدبية، د. محمد مصطفى أبو شوارب و د. أحمد محمود المصري، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية ٢٠٠٦م.

[٩٨]- جماليات الأسلوب –الصورة الفنية في الأدب العربي، د. فايز الداية، إعادة الطبع، دار الفكر المعاصر، بيروت، دار الفكر، دمشق ٢٠٠٣م.

[٩٩]- جماليات المعنى الشعري التشكيل والتأويل، د. عبدالقادر الرباعي، ط١، وزارة الثقافة، الأردن، عمان ١٩٩٩م.

[١٠٠]- جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، السيد أحمد الهاشمي، دار الفكر للطباعة والنشر ٢٠٠٣م.

[١٠١]- الخطابة، أرسطو، ترجمة: عبد الرحمن بدوي، مطابع الرسالة، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠م.

[١٠٢]- خمسة مداخل الى النقد الأدبي– مقالات معاصرة في النقد، تصنيف: ويليرس. سكوت، ترجمة وتقديم وتعليق: د. عدنان غزوان إسماعيل و جعفر صادق الخليلي، وزارة الثقافة والإعلام، العراق ١٩٨٦م.

[١٠٣]- دراسات في فن القص، د. خليل إبراهيم أبو ذياب، ط١، دار الوفاء لدنيا للطباعة والنشر، الإسكندرية، مصر ٢٠٠٦م.

[١٠٤]- دراسات في نقد الشعر، الياس خوري، ط١، دار ابن رشد، بيروت، لبنان ١٩٧٩م.

[١٠٥]- دراسات نقدية في الأدب الحديث، عزيز السيد جاسم، الهيئة المصرية العامة للكتاب،القاهرة ١٩٩٥م.

[١٠٦]- دراسة فنية في شعر الأمام الشافعي، حكمت صالح، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل ١٩٨٣م.

[١٠٧]- دراسة في لغة الشعر- رؤية نقدية، د. رجاء عيد، منشاة المعارف بالإسكندرية، مصر،(؟)
[١٠٨]- دليل الدراسات الأسلوبية، جوزيف ميشال شريم، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ١٩٨٤م.
[١٠٩]- الرمز الشعري عند الصوفية، د. عاطف جودة نصر، ط١، دار الأندلس و دار الكندي، بيروت ١٩٧٨م.
[١١٠]- السيميائية وفلسفة اللغة، أمبرتو إيكو، ترجمة: د. أحمد الصمعي، ط١، المنظمة العربية للترجمة، بيروت ٢٠٠٥م.
[١١١]- الشعرية، تزفيطان طودوروف، ترجمة: شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، ط٢، دار توبقال، الدار البيضاء ١٩٩٠م.
[١١٢]- شعرية الانزياح- دراسة في شعر محمد على شمس الدين الشعرية، أميمة الرواشدة، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان ٢٠٠٥م.
[١١٣]- شعرية الكتابة والجسد- دراسة حول الوعي الشعري والنقدي، محمد الحرز، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، لبنان ٢٠٠٥م.
[١١٤]- شعرية الكتب والأمكنة- نظم التعبير والتصوير في شعر عبدالله رضوان (قراءة ومنتخبات)، أ. د. محمد صابر عبيد، دار اليازوري ٢٠٠٥م.
[١١٥]- شعرية النص الصوفي في الفتوحات المكية لمحي الدين بن عربي، د.سحر سامي، الهيئة المصرية العامة للكتاب ٢٠٠٥م.
[١١٦]- الشعرية والثقافة- مفهوم الوعي الكتابي وملامحه في الشعر العربي القديم، حسن البنا عزالدين، ط١، مركز الثقافي العربي، دار البيضاء ٢٠٠٣م.
[١١٧]- الشعرية والشاعرية، أيمن اللبدي، ط١، دار الشروق، عمان ٢٠٠٦م.
[١١٨]- الشعرية وقانون الشعر، د. حسن محمد نور الدين، ط٢، دار المواسيم للطباعة والنشر ٢٠٠٥م.
[١١٩]- شكل القصيدة العربية في النقد العربي حتى القرن الثامن الهجري، ط٣، دار المناهل ودار الحرف العربي، بيروت ٢٠٠٤م.

[١٢٠]- الصوت الأخر- الجوهر الحواري للخطاب الأدبي، فاضل ثامر، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٢م.
[١٢١]- الصورة الأدبية، د. مصطفى ناصف، دار الأندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، (؟)
[١٢٢]- الصورة الشعرية، سى دى لويس، ترجمة: د. احمد نصيف الجنابي وآخرون، منشورات الثقافة والإعلام، دار الرشيد للنشر، العراق ١٩٨٢م.
[١٢٣]- عزف على وتر النص الشعري، د. عمر محمد الطالب، منشورات اتحاد كتاب العرب، ٢٠٠٠م.
[١٢٤]- علم الأسلوب مبادئه وإجراءاته، د. صلاح فضل، ط١، دار الشروق، القاهرة ١٩٩٨م.
[١٢٥]- علم الجمال وقراءات النص الفني، د. عفيف البهنسي، دار الشرق للنشر. (؟)
[١٢٦]- علم الدلالة، د. احمد مختار عمر، ط١، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت ١٩٨٢م.
[١٢٧]- علم النص، جوليا كريسطيفا، ترجمة: فريد الزاهبي، مراجعة: عبدالجليل ناظم، ط٢، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب ١٩٩٧م.
[١٢٨]- عناصر تحقيق الدلالة في العربية (دراسة لسانية)، د. صائل رشدي شديد، ط١، دار الأهلية، الأردن ٢٠٠٤م.
[١٢٩]- العناصر الرمزية في القصة القصيرة، د. فاطمة الزهراء، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة ١٩٨٤م.
[١٣٠]- غريق على أرض صلبة (مقالات)، جابريل جارثيا ماركيز، ترجمة: مها السيد عبدالرؤوف، ميريت للنشر والمعلومات، القاهرة ٢٠٠٢م.
[١٣١]- فن الشعر، د. إحسان عباس، ط١، دار الثقافة، بيروت، لبنان ١٩٧١م.
[١٣٢]- فن القصة، د. محمد يوسف نجم، ط١، دار صادر ، بيروت، لبنان١٩٩٦م.
[١٣٣]- فن كتابة القصة القصيرة، د. علي عبد الجليل، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن ٢٠٠٥م.

[١٣٤]- الفـن والأدب، بحـث في الجماليـات والأنـواع الأدبيـة، مثـال عاصـي، ط١، دار الأندلس، بيروت ١٩٦٣م.
[١٣٥]- في الإيقاع الروائي– نحو منهج جديد في دراسة البنية الروائية، د. احمد الزعبي، ط١، دار المناهل، بيروت ١٩٩٥م.
[١٣٦]- في البلاغـة العربيـة والأسـلوبيات اللـسانية– آفـاق جديـدة، د. سـعد عبـدالعزيز مصلوح، مجلس النشر العلمي، الكويت ٢٠٠٣م.
[١٣٧]- في دلالية القصص وشعرية السرد، د. سامي سويدان، ط١، دار الآداب، بيروت ١٩٩١م.
[١٣٨]- في الشعرية، كمال أبو ديب، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت ١٩٨٧م.
[١٣٩]- في محيط النقد الأدبي، د. إبراهيم علي أبو الخشب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥م.
[١٤٠]- في النثـر العربـي وفنـون الكتابـة، د. توفيـق أبـو الـرب، ط٢، دار الأمـل للنـشر والتوزيع، إربد، الأردن، (؟)
[١٤١]- في النقـد الأدبـي الحـديث –منطلقـات وتطبيقـات، د. فـائق مـصطفى و د. عبـد الرضا علي، ط١، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ١٩٨٩م.
[١٤٢]- في نقد الشعر العربي المعاصر– دراسة جمالية، د. رمضان الصباغ، ط١، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الإسكندرية، مصر ٢٠٠٢م.
[١٤٣]- في نقد النثـر وأسـاليبه، إعـداد وترجمـة: د. عـصام الخطيـب، و د. توفيـق عزيـز عبدالله، الموسوعة الصغيرة(٢١٨)، وزارة الثقافة، بغداد ١٩٨٦م.
[١٤٤]- قـراءة صـوفية لأنجيـل يوحنـا، نخبـة مـن المختـصين، ط١، دار الجيـل، بـيروت ٢٠٠٤م.
[١٤٥]- القـصة في الأدب الـسوداني الحـديث، د. محمـد زغلـول سـلام، معهـد البحـوث والدراسات العربية، مصر ١٩٧٠م.
[١٤٦]- قصص القرءان الكريم، د. احمد الكبيسي، ط٢، وزارة الإعلام، بغداد ٢٠٠٢م.

[١٤٧]- قصيدة النثر وتحولات الشعرية العربية، د. محمود إبراهيم الضبع، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، مصر، القاهرة ٢٠٠٣م.
[١٤٨]- قضايا الشعرية، رومان ياكبسون، ترجمة: محمد الولي ومبارك حنون، ط١، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، المغرب ١٩٨٨م.
[١٤٩]- لغة الشعر، أحمد يوسف داود، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دمشق ١٩٨٠م.
[١٥٠]- لغة الشعر العراقي المعاصر، عمران خضر الكبيسي، ط١، دار القلم، بيروت ١٩٨٢م.
[١٥١]- لغة الشعر في القرنين الثاني والثالث الهجريين، د. جمال نجم العبيدي، دار زهران، عمان ٢٠٠٣م.
[١٥٢]- اللغة الشعرية- دراسة في شعر حميد سعيد، محمد كنوني، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد١٩٩٧م.
[١٥٣]- اللغة العليا- النظرية الشعرية، جون كوين، ترجمة: د. احمد درويش، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، القاهرة ١٩٩٥م.
[١٥٤]- اللغة والأسلوب (دراسة)، عدنان بن ذريل، مراجعة وتقديم: حسن حميد، ط٢، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٦م.
[١٥٥]- مختصر المعاني، سعد الدين التفتازاني، مؤسسة دار الفكر، ايران، قم، (؟)
[١٥٦]- مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ترجمة: منذر عياشي، مركز الإنماء الحضاري ١٩٩٣م.
[١٥٧]- مدخل لجامع النص، جيرار جينيت، ترجمة: عبدالرحمن أيوب، مشروع النشر المشترك، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، و دار توبقال للنشر، (؟)
[١٥٨]- مرايا نرسيس- الأنماط النوعية والتشكيلات البنائية لقصيدة السرد الحديثة، د. حاتم الصكر، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ١٩٩٩م.
[١٥٩]- معايير تحليل الأسلوب، ميكائيل ريفاتير، ترجمة وتقديم وتعليقات: د. حميد الحمداني، ط١، منشورات دراسات سال، دار النجاح الجديدة، البيضاء ١٩٩٣م.

[١٦٠]- مفاهيم الشعرية، حسن ناظم، ط١، المركز الثقافي العربي، بيروت ١٩٩٤م.
[١٦١]- مقالة في الروائية، صلاح الدين بوجاه، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ١٩٩٤م.
[١٦٢]- ملامح حداثية في التراث النقدي العربي، د. عاصم "محمدأمين" بني عامر، ط١، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان ٢٠٠٥م.
[١٦٣]- مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ط٥، دار أطلس للنشر والإنتاج، القاهرة ٢٠٠٥م.
[١٦٤]- من قضايا الشعر والنثر في النقد العربي القديم، د. عثمان موافي، مؤسسة الثقافة الجامعية، أسكندرية،(؟)
[١٦٥]- نثر أبي العلاء المعري (دراسة فنية)، د. صلاح رزق، دار غريب، القاهرة ٢٠٠٦م.
[١٦٦]- النثر الفني عند لسان الدين بن الخطيب، د. عبدالحليم حسين الهروط، ط١، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٦م.
[١٦٧]- النص الشعري بين التأصيل والتحليل (دراسة في الشعر العربي الحديث والمعاصر)، د. بوجمعة بوبعيو، ط١، منشورات جامعة قار يونس، بنغازي ١٩٩٨م.
[١٦٨]- نظرية الأدب، رينية ويلك وأوستن وارين، ترجمة: محي الدين صبحي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٨٧م.
[١٦٩]- النظرية الأدبية، جوناثان كالر، ترجمة: رشاد عبدالقادر، وزارة الثقافة في الجمهورية العربية السورية، دمشق، ٢٠٠٤م.
[١٧٠]- نظرية النقد العربي وتطورها الى عصرنا، محي الدين صبحي، ج٢، الدار العربية للكتاب، ليبيا. تونس، ١٩٨٤م.
[١٧١]- النقد الأدبي الحديث، محمد غنيمى هلال، دار العودة، بيروت ١٩٧٣م.
[١٧٢]- النقد الأدبي وقضايا الشكل الموسيقي في الشعر الجديد، علي يونس، الهيئة المصرية العامة للكتاب ١٩٨٥م.

[١٧٣]- النقد التطبيقي والموازنات، د. محمد الصادق عفيفي، مكتبة الخانجي، القاهرة ١٩٧٨م.
[١٧٤]- نقد الشعر، أبو فرج قدامة بن جعفر، تحقيق: كمال مصطفى، مكتبة المثنى، بغداد ١٩٦٣م.
[١٧٥]- النقد العربي وأوهام رواد الحداثة، د. سمير سعيد حجازي، ط١، مؤسسة طيبة للنشر، القاهرة ٢٠٠٥م.

**ب-گۆڤاری عەرەبی:**

[١٧٦]- الأثر اللساني في الدراسات الأدبية، حسن مسكين، مجلة (البحرين الثقافية)، المجلد(١٢)، ع (٤٤)، ابريل ٢٠٠٦م.
[١٧٧]- تاريخ تطور النثر الفني الكردي في العراق، جمشيد الحيدري، مجلة (دراسات كردية)، ع (١)، باريس.
[١٧٨]- ترجمة الاستعارة، بيتر نيومارك، ترجمة: د. رسول الخفاجي، مجلة (الثقافية)، ع(٦٠٥)، بغداد ١٩٨٤م.
[١٧٩]- تشومسكي ومدرسته اللغوية، د. خليل عمايرة، مجلة (الفيصل)، ع (٩٦)، مارس ١٩٨٥م.
[١٨٠]- جماليات الأسلوب في النثر العربي، د. قحطان صالح الفلاح، مجلة (المعرفة)، وزارة الثقافة السورية، ع (٥٢٤)، ايار٢٠٠٧م.
[١٨١]- الشعر التموجي– دراسة مقارنة، أ. د. ظاهر لطيف كريم، د. نيان نوشيروان فؤاد، مجلة (سردم العربي)، ع(١١)، ٢٠٠٦م.
[١٨٢]- الشعرية في نثر نزار قباني، ياسر محمود الأقرع، مجلة (المعرفة)، وزارة الثقافة السورية، ع(٥٢٤)، ايار ٢٠٠٧م.
[١٨٣]- الصورة الشعرية والبلاغة، د. صبحي البستاني، مجلة (افاق عربية)، ع (١٢)، كانون الاول ١٩٨٧م.
[١٨٤]- في شعرية النص القصصي– مقاربة جمالية لأحدى أقاصيص غسان كنفاني، د. سامي سويدان، مجلة (الفكر العربي المعاصر)، ايار حزيران ١٩٩٠م.

[١٨٥]- قصيدة النثر من بودلير حتى أيامنا، سوزان بيرنار، ترجمة: د. زهير مغماس، مجلة (الأقلام)، ع(١١-١٢)، تشرين الثاني- كانون الأول ١٩٩٢م.

**ج- سايتى ئينتەرنێت:**

[١٨٦]- تراسل الأجناس الأدبية في عالم وليد إخلاص القصصي، د. نضال الصالح، مجلة الموقف الأدبي، ع٤٢٨، كانون الأول ٢٠٠٨، موقع اتحاد الكتاب العرب.
www.auw-dom.org
[١٨٧]- تقنية التوازي في الشعر الحديث، د. عشتار داود محمد، مجلة الموقف الأدبي، العددان ٤٢١، أيار ٢٠٠٦م، موقع اتحاد الكتاب العرب. www.auw-dom.org
[١٨٨]- شعرية الخطاب الأدبي، فريدة مولي، مجلة الموقف الأدبي، ع (٤١٤)، ٢٠٠٥م. موقع اتحاد الكتاب العرب. www.auw-dom.org
[١٨٩]- ظاهرة التكرار والنقد الروائي الجديد، نعيمة فرطاس، مجلة أفق الثقافية،١سبتمبر ٢٠٠٦.
www.ofuq.com/t6day/06d43es.-h-?name=ne...le&sid=3262
[١٩٠]- الظاهرة الشعرية العربية- الحضور والغياب (دراسة)، د. حسين خمري، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠١. www.auw-dom.org
[١٩١]- ظواهر أسلوبية في شعر بدوي الجبل (دراسة)، عصام شرتح، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥،www.auw-dom.org
[١٩٢]- في الشعرية العربية، قراءة جديدة في نظرية قديمة، طراد الكبيسى، دراسة من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٤م، موقع www.auw-dom.org
[١٩٣]- القصة القصيرة وظاهرة العنونة- خطاب العناوين في سردية زكريا تامر نموذجا للقراءة، د. خالد حسين حسن، مجلة الموقف الأدبي، العددان(٤٢٢)، حزيران ٢٠٠٦.
www.auw-dom.org
[١٩٤]- النقد التطبيقي للقصة القصيرة في سورية، د. عادل الفريجات، دراسة من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠٢م. www.auw-dom.org

**د-فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا:**

[١٩٥]- الأعلام، قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، خير الدين الزركلى، ج٢، ط٤، دار العلم للملايين ١٩٧٩م.

[١٩٦]- المتقن- معجم مصطلحات اللغوية والأدبية الحديثة (فرنسي- عربي)، د. سمير سعيد حجازي، دار الراتب الجامعية، بيروت، لبنان، (؟).

[١٩٧]- معجم مصطلحات الأدب، مجدي وهبة، بيروت ١٩٧٧م.

[١٩٨]- المعجم المفصل في الأدب، د. محمد التونجي، ج٢، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان ١٩٩٩م.

[١٩٩]- المنجد في الاعلام، مجموعة من الكتاب، ط١٢، (؟).

**هـ-نامەی ئەکادیمی (ماجستێر و دکتۆرا):**

[٢٠٠]- البنية الإيقاعية في شعر الجواهري، مقداد محمد شاكر قاسم، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية،جامعة صلاح الدين ٢٠٠٧م.

[٢٠١]- البنية الشعرية في مسرحيات محي الدين زنكنة (دراسة أسلوبية)، باوه دين كريم مولود، أطروحة دكتورا، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ٢٠٠٦م.

[٢٠٢]- حركة نقد القصة القصيرة في العراق (١٩٦٨- ١٩٨٠م)، حمزة فاضل يوسف، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٨٨م.

[٢٠٣]- دلالات البناء الإيقاعي في الشعر- دراسة مقارنة في الأدب العربي والفارسي والكردي، شاهو سعيد فتح الله، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية. ١٩٩٩م.

[٢٠٤]- الربط وأثره في تماسك النص، نياز محسن عبدالعزيز، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، تشرين الأول ٢٠٠٧م.

[٢٠٥]- شعرية الأسلوب الرؤيوى في خطاب محمود البريكان، طاهر مصطفى على، أطروحة دكتورا، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٥م.

[٢٠٦]- ظاهرة التقابل الدلالي في اللغة العربية، عبدالكريم محمد حافظ العبيدي، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة المستنصرية، ١٩٨٩م.

[٢٠٧]- النثر العراقي موضوعاته واتجاهاته، حسن دخيل عباس الطائي، أطروحة دكتورا، كلية الآداب، جامعة المستنصرية، ١٩٨٩م.

**<u>سێیەم: سەرچاوە بە زمانی فارسی:</u>**

**<u>أ- كتێب:</u>**

[٢٠٨]- انواع ادبی، د. سیروس شمیسا، چ ٧، انتشارات فردوس، چاپخانه رامین، تهران ١٣٧٣.

[٢٠٩]- بیان – با تجدید نظر واضافات، د. سیروس شمیسا، چ٨، انتشارات فردوس، چاپخانه رامین، تهران١٣٧٩.

[٢١٠]- دربارهء أدبیات نقد أدبی، د. خسرو خروشید ورد، ج١، چ٣، انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٧٨.

[٢١١]- ساختار و تأویل متن، بابك احمدی، چ٦، نشر مرکز تهران، ١٣٨٢.

[٢١٢]- سبك شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی، محمد تقی بهار (ملك الشعراء)، ج٢، چ٣، چاپخانه سپهر، تهران ١٣٤٩.

[٢١٣]- شیوه‌های نقد ادبی، دیوید دیچیز، ترجمة: د. غلامحسین یوسفی، محمد تقی صدیقیانی، چ١، انتشارات محمد علی علمی، چاپخانه بهمن، تهران ١٣٦٦.

[٢١٤]- عناصر داستان، جمال میر صادقی، چ٥، تهران ١٣٨٥.

[٢١٥]- مروری بر تاریخ أدب و أدبیات امروز إیران، نظم– شعر، محمد حقوقی، چ٥، نشر قطرة، چاپ كانون ١٣٨٣.

[٢١٦]- مكتبهای أدبی، رضا سید حسینی، ج٢، چ ١١، مؤسسة انتشارات نگاه، تهران ١٣٨١.

[٢١٧]- نگاهی تازه به بدیع، د. سیروس شمیسا، چ ١٢، انتشارات فردوس، چاپخانه رامین، تهران (؟).

**ب- ئینسکلۆپیدیا.**

[٢١٨]- دائرة المعارف مشاهر جهان، ترجمة وتألیف: سروش قربانی، چ١، انتشارات میلاد، تهران ١٣٧٥.

**چوارەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

**فەرهەنگ:**

[٢١٩]-A Dictionary of literary terms, Guddon j.A., penguin books, 1982.

[٢٢٠]-An Encyclopedic Dictionary of language & languages, David crystal, black well publishers. U. S. A 1992.

[٢٢١]-The new Encyclopedia Britannica, volume 1, 1986.

**پێنجەم: دەستنووس:**

[٢٢٢]- زمانی شیعر– روانگەیەکی زمانەوانیو پراگماتیکی. پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح.

**شەشەم: نامە:**

[٢٢٣]- نامەیەکی جەبار جەمال غەریب لە ١١/١٠/ ٢٠٠٨.

# ملخص البحث

هذا البحث الموسوم ب (شعرية النص القصصي الكوردي)، محاولة للكشف عن أسلوب شعرية النص القصصي، في مجموعة قصص تسمى (رسالات ژاكون) للقاص (جبار جمال غريب)، في مضمار منهج الأسلوبية.

وتتكون الرسالة من المقدمة والمدخل وثلاثة فصول مع الخاتمة.

ففي المقدمة تناولت تعريف الموضوع مختصرا وأسباب اختياره وحدوده، وذكر العوائق التي تعرضت طريقه وخطة العمل فيها وأنهيتها ببعض الملاحظات التي تتعلق بقائمة المصادر والمراجع والموضوعات الفنية داخل محتوى الرسالة.

وفي المدخل تناولت تعريف (الشعرية) قديما وحديثا، وعلاقتها بعلوم أخرى، مثل (الجمالية، البلاغة، اللسانية، الأسلوبية، السيميائية) وكذلك بينت العلاقة بين القصة والشعر الغنائي، كمدخل لوجود علاقة بين الشعر والنثر.

وبحثت عن بدائيات ظهور (الشعرية) في النصوص الأدبية الكردية وغيابها كظاهرة نقدية في الدراسات الكردية، وبيان أسباب غيابها، ثم حاولت أن أحدد مقياسا علميا لتحديد الشعرية في النصوص القصصية الكردية.

أما الفصول الثلاثة فقد خصصت الأول للبنية الشعرية في المستوى الإيقاعي الداخلي في النص، وتناولت الكثير من العناصر المكونة للبنية الإيقاعية التي تؤدي إلى ظهور الشعرية، مثل (التكرار، والتحشيد الفونيمى، والتماثل، والتوازي...الخ) بكل أشكالها وأنواعها، وحددت النسبة المئوية للألفاظ والعبارات الإيقاعية المكررة في نصوص (رسالات ژاكۆن) القصصية.

وفي الفصل الثاني تناولت شعرية البنية التركيبية، وقسمتها إلى محورين رئيسيين، وقد خصصت الأول لدراسة شعرية العناوين، وأنواعها ومستواها وأشكالها في قصص

(رسالات ژاكۆن) أما المحور الثاني فجعلت له مبحثين، فتناولت في المبحث الأول شعرية اللغة، وفيها شعرية التعبير والنص الشعري داخل نص القصة، وشعرية النعت وانواعها، وتركزت على أسلوب الإحصاء لتحديد مستوى الشعرية في قصصهم. ودرست في المبحث الثاني شعرية الانزياح في النص القصصي عامة، ومستوى التركيبي الشكلي خاصة، حيث تناولت كل من، شعرية التقديم والتأخير والإيجاز والحذف، ودورهم في تفعيل النص القصصي باتجاه الشعرية.

وتناولت الفصل الثالث شعرية المستوى الدلالي في النص، واخترت الصورة الفنية كعنصر فعال في تكوين بنية الدلالية، وجعلت له مبحثين، فتناولت في المبحث الأول الصورة البلاغية القديمة، إذ درست دور البلاغة القديمة لإعطاء الجمالية للنص، وتركزت على العناصر الثلاثة المهمة (التشبيه، الاستعارة، الكناية) في تكوين شعرية الصورة الفنية، وتحديد نسبتها في النصوص.

وتركزت في المبحث الثاني على الصورة البلاغية الحديثة، التي تتناول دور الصورة بأسلوبها الحديث في الوصول بالنص إلى الشعرية، بما فيها الصورة الرمزية، بأشكالها المتنوعة، وناقشت شعرية السيميائية للصورة البلاغية، وأصول الدلالية لشعرية الصورة الحسية، وشعرية الصورة البلاغية بين إعجاز النص وسحريته.

وفي الخاتمة ذكرت أهم النتائج التي توصلت إليها في هذه الرسالة.

# ABSTRACT

This branding research (poetic of Kurdish text stories) "zhakon's letters" written by jabar Jamal ghareb for example) tries, in many ways, to discover the poetic style in the course of styles method, The study consists of ; preface , introduction, three chapters and conclusion.

The preface includes a brief definition of the article, reasons of choosing it and its borders, exposure of the difficulties it faces, plan of work, and it ends with some observations relating to the list of resources and technical subjects in the content of the study.

In introduction, the researcher studies the definition of ancient and modern poetics, its relation with other sciences, such as; aesthetics, rhetoric, linguistics, stylistics connotation etc… In spite of the presence of relation between story and lyrics, he studies the poetics primitives in the Kurdish literary texts, and the absence of poetics as a critical and rhetorical phenomenon in Kurdish studies.

The first chapter; is about the poetics construction at the internal rhythmic level of the text. It deals with many elements, their types, and it specifies the percentage of the repeated rhythmic utterances and expressions in the narrative text (zhakon's stories).

The second chapter deals with poetics of structural construction. It is divided in to two pivots; the first deals with poetics of title, its types, the level of poetics title in stories

"letters of zhakon". The second pivot consists of two themes; the first theme deals with language poetics. The expression poetics and the poetic text are formed in the text of the story and the poetics of the main parts in speech, including adjective poetics and its types.

Then it concentrates counting stylistic to determine their poetic level. The second theme deals with deviation poetics in the narrative text, generally and at the level of formative construction, particularly it discusses poetics of referring and deferring, abbreviation and ellipsis and their role in activating the text to words the poetics.

The third chapter deals with poetics of semantic in the text. He chooses a technical image as an effective element in forming semantic construction.

It consists of two themes; the first one deals with the ancient rhetoric image, where it studies the role of the ancient rhetoric so as to beautify the text to words poetics. It concentrates on "comparisons, metaphor and antonomasia" in forming technical poetics image and determine their rote in the texts.

The second theme concentrates on the modern rhetorical image which dealt with the role of the image in its new style to get the poetics having the symbolic image in its various forms. It discusses poetics of the rhetorical sensible image, the role of countenance in production of poetics and its image and poetics of the rhetoric image between inimitability of text and its magic.

The conclusion is about the most important results that the research reached.

# پێرستی ناوی کەسەکان


(ئ)

ئادەم /٣١٥،٣١٢،٣١٢،١١٦، ٣١٦
ئالان ڕۆب گریێ/١٣٩
ئای. ئەی. ریچاردز/٧٨
ئەحمەد موختار جاف/ ٦١، ٢١١
ئەدۆنیس/ ٣١
ئەراگۆن/٢٤٥
ئەرستۆ/٣٣،٢٢،٢١، ٢٠٧،١٥٣،٥٢،
٢٩١، ٢٩٢
ئەزرا پاوند/ ٢٦٥،٢٨٠
ئەستوریاس/ ٣٤١
ئەسکەندەر/٢١
ئەکرەم قەرەداخی/ ٢٤٥
ئەمبیرتۆ ئیکۆ/ ٤٣
ئەنوەر قەرەداغی/ ٧١
ئیبراهیم قادر/٦٣
ئێدگار ئالان پۆ/ ٤٢، ٥٦، ١١٣،
ئێرنست هەمەنگوای/ ٣٢٢
ئیڤانکوس/٤٢
ئیمیلی برونتی/ ٣٢١
ابراهیم ناجی/ ٥٦

(ب)

باباتاهیر/٢٠٧
باختین/ ٢٧٧
باسکال/ ٧٣
باشلارد/ ٢٩١
بەلزاک/ ٧٣
بەودوین دی کۆرتنای/٩٢
بوزیمان/
٢٢٩،٢٢٧،٢٢٥،٢٢٤،١٢٣،١١٩
بوفون (جۆرج لویس لیکلیر)/٧٩

(پ)

پانتارۆبل/ ٧٣
پۆل کلۆدیل/ ٥٠
پیر (F.Pire)/ ٣٤
پیر ریڤردی/ ٢٩١
پێیر ژیرۆ/ ٢٤٩

(ت)
ت. س. ئیلیۆت/ ٢٦٥
تۆدۆرۆڤ/ ٢٢، ٣٤، ١٢٨، ٢٤٥
تۆلستۆی/١٦٦
تۆما ئاکوینی/ ٤٣
تالیب محەمەد/ ٦٣
تەفتازانی(مسعود عمر-
سعدالدین)/٢٩٨
ترینۆن (H.Trinon)/ ٣٤
توستری/٣٢٠
تیریThiry / ٢٤٤

(ج)

ج.دیبوا (Jacques Dubois)/ ٣٤
جان کۆهین/٢١، ٢٨، ٣٥، ٣٦، ٥٠،
٦٥،٦٦، ٦٧،٨٦، ٩٠، ٩٦، ١٤٣،
١٦٤، ٢٣٠، ٢٣٧، ٢٤٤
جەبارجەمال غەریب/١٣، ١٥، ٦٧
١٣٩، ١٧٩، ١٩٢، ٢٠١، ٢٢٩، ٢٥٣
٣١٩، ٣٢٩
جەلالەدینی قەزوێنی/ ٢٨٩
جەمشید حەیدەری/ ٦١
جەمیل صائیب/ ٦١،٢١١
جزیری/١٤٤
جولیا کریستیڤا/ ٨٦، ٢٧٦
جونەید/ ٣٢٠

(چ)

چارلز ئۆگدن/ ٢١٥
چارلز بالی/ ٢٤٤، ٢٤٦

(ح)

حاجی/ ٢٩/ ١٣٠
حەبیبە/٣٢٠، ٣٢١
حەلاج/ ٣٢٠

(خ)

خاتوون ئەستی/ ٣٢٥
خەتیبی قەزوێنی/ ٢٨٩
خەلیلی فەراهیدی/ ٤٦، ٧٢

(د)

دی بوس/ ٤٣
دیستۆفسکی/ ٢٧٧
دیکرۆ/ ٢٢

(ژ)

ژیرارد ژینێت/ ٢٢، ١٨٨،

(ر)

ڕۆلاند بارت/٢٢، ٨٨
ڕۆمان جاكۆبسۆن/،٢١ ٢٦،٢٥، ٣٤،
٣٦،٤٣، ٩٠
رابلیه (فرنسو)/٢٢، ١٨٨
رالف فریدمان/ ٥٧
ڕەئوف بێگەرد/ ٢١٥
ڕەحیمی قازی/ ٢١١
ڕەوف حەسەن/ ٧١
رودكی/ ٨٩

(س)

سابیر ڕەشید/ ٦٣، ٢٠١
سان سیمۆن/ ٧٣
سەباح ڕەنجدەر/ ٢٦٦
سەكاكی/٢٨٩
سەلاح شوان/ ٢١٤
سەلیم ڕەشید صالح/ ٦٢
سەیدە غەریبە/ ١٣١، ٣٢٥، ٣٢٦
سپیتزەر/ ٢٤٤
سدقی هرووری/ ١٤
سۆسێر/ ٢٨، ٩٢، ٣٢٨
سیبەوەی/ ٤٦

(ش)

شا عەباسی سەفەوی/ ٣١٩
شەیتان/ ٩٨، ١٠١، ٣١٦
شۆڕ مەحموود/ ١٣٤
شێخ حوسێنی قازی/ ٦٠، ١٥٥
شێخ مەحموود/ ٣١٩

(ص)

صلاح فضل/ ٣٤

(ع)

عەبدولقاهیری جورجانی/ ١٣٦، ٢٦٩
عەتا قەرەداخی/٢١٠
عەزیز گەردی/ ٣٠، ٣١، ١٥٤
عەلائەدین سەجادی/ ١٥٥
عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب/ ١٥٣
عیسا/ ٣١٥، ٣١٦، ٣١٧

(ف)

ف.ئایدلین(F.Edeline)/ ٣٤
فەرخۆڵە (شێخ فەرخ)/١١٢، ٣٢٥

(ڤ)

ڤالیری (پۆل)/ ٢٣، ٩١، ٩٢، ٢٤٤

(ق)

قانیع/ ٢٥
قدامە بن جعفر/ ٤٥

(ك)

کاثرینا/ ٣٢١، ٣٢٢
کلینکانبارغ (J.M.Klinkonberg)/ ٣٤

(گ)

گاپرێل گارسیا مارکیز/ ٧٩
گارگانتوا/ ٧٣
گاندی (ماهاتما)/ ٣٣١، ٣٣٢
گرانجار/ ٢٥٠
گۆران/ ٧١، ٣٢١
گۆگۆڵ– نیکۆلای/ ١٦٦
گۆڵدمان/ ١٨٨

(م)

مالارمێ/ ٣١
مەحوی/ ١٤٤، ٢٠٧
مەرزنگان/ ١٣٤
مەستوورە/١١٥، ٣٢٠، ٣٢١
مەسعوود محەمەد/ ١٦٢
مەلا مەحموودی بایەزیدی/ ١٥٥
مەولەوی/٢٠٧
محەمەد بەکر/ ٢٤،٢٤٥
محەمەد رەشید فەتاح/ ٢١٧
محەمەد مەولوود مەم/ ٦٣
محەمەدی مامڵێ/ ٢١٤
محمود زامدار/ ٨٧
مریەم/ ٣١٥، ٣١٦
موشیر بەگ/ ٣١٩، ٣٢٠
میشال ریڤاتێر/ ٢٤٨
مینقای (P.Minguet)/ ٣٤

(ن)
نادین گوردمیر/ ٥٧
نازك الملائكه/ ٤٤، ٨٥
نالی/ ٢٥، ٢٩،٤٢، ١٠٩، ٢٠٤،١٤٤،١٣٦، ٢٠٥، ٢١٨، ٣٢٠، ٣٢١
نعوم چۆمسكی/ ٣٠
نعیم الیافی/ ٥٣

(هـ)

هیشكلیف/ ٣٢١، ٣٢٢

(و)

ولیام ڤۆلكنەر/ ١٣٨
ولیام وۆردز وۆرس/ ٧٤

(ی)

یەهودا/ ٣١٦، ٣١٧
یوگین راسكین/ ٨٦

## پێرستی ناوی شوێنەکان


(ئ)

ئاراکاتا/ ٧٩
ئەفریقای باشوور/ ٥٧
ئەلمانیا/ ٢٧، ٢٤٤
ئەلیساندریا/ ٤٣
ئەمپرینگۆ/ ٥٧
ئەمریکا/٣٠، ٤٢، ١٣٨، ٢٨٠، ٢٤٨،
٣٢٢
ئیتاڵیا/ ٤٣،
ئینگلتەرا/ ٢٧

(ب)

البیضاء/ ٣٢٠
بەردەقارەمان/ ٣١٩، ٣٢٠
بەریتانیا/ ٧٤
بەسرە/ ٤٦
بەغدا/١٣، ٣٢٠
بەلژیکا/ ٢٤٤
بوستن/ ٤٢،
بولگاریا/ ٢٢، ٢٧٦

(پ)

پۆلۆنیا/ ٤٣
پاریس/ ٢٨، ٨٨، ٢٤٥
پەنسلڤانیا/ ٣٠
پراگ/ ٢١، ٢٥، ٦٦
پشدەر/ ١١٠، ١١٩، ١٦١، ٣٢٥

(ت)

تەرتووس/ ٣١
تەفتازان/ ٢٩٨
ترانسوال/ ٥٧
توەسووران/ ١٦١

(ج)

جەلكان/ ١٦١
جنێڤ/ ٢٨
جورجان/ ١٣٦، ١٤٥، ٢٦٩

(خ)

خوراسان/ ٢٩٨

(د)

داودیٚ/ ١٠٧، ٣٢٥
دەربەند/ ١٣٣، ٣٢٠
دهۆك/ ١٤
دووگۆمان/ ١٦١
دیمەشق/ ٢٨٩

(ر)

رەمكان/ ١٦١
رووسیا/ ٢١، ٢٦، ١٦٦

(ز)

زەنگلاٚن/ ١٦١

(س)

سەمەرقەند/ ٢٩٨
سلێمانی/ ١٣، ٢١٣
سنە/ ٢١٣
سوریا/ ٣١
سویسرا/ ٢٨، ٢٤٤

(ط)

طور/ ٣٢٠

(ف)

فارس/ ٣٢٠
فەرەنسا/ ٢١، ٢٢،٢٣، ٢٦، ٢٧، ٣١، ٧٣، ١٣٩، ١٨٨، ٢٤٤، ٢٥٠، ٢٩١.
فیلادلفیا/ ٣٠

(ق)

قەصابین/ ٣١
قەلأدزێ/ ١٣، ٣٢٥

(ك)

کامبرلند/ ٧٤
كۆلۆمبیا/ ٧٩، ٢٤٨

(ل)

لازقییە/ ٣١
لەندەن/ ٣٣١
لێنینگراد/ ٩٢

(م)

ماخۆبزنان/ ١٦١
مارینباد/ ٢٣٩
مەمکان/ ١٦١
موسڵ/ ٢٨٩
مۆسکۆ/ ٢١، ١٦٦
میسر/ ٢٨٩

(ھ)

ھیند/ ٣٣١

(و)

وارشۆ/ ٩٢

**تێبینی:**

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرەو بەناوی((چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا)) بوو. بەسەرپەرشتی (پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان) پێشکەشی بەشی کوردیی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوەو لە ٢٠٠٨/١٢/٤ لە هۆڵی (عبدالحمید یعقوب) لە کۆلیجی زمان، تاوتوێ کراوە.